**ئەکرەمی میهرداد**

# ناسیۆنالیزم

## (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)

**٢٠٠٦**

**مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)**
**سلێمانی ـ گەرەکی ئاشتی ـ ١٠٤**
**شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢**
**ژ.خانوو ـ ٦٢**

www.hoshyari.org
mbh@puknet.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)
* **ناوی نوسەر:** ئەکرەمی میهرداد
* **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال
* تایپ: هەرێم جەزا، شاناز رەمزی، لیزان سامی
* **سەرپەرشتیار:** عوسمان حەسەن شاکر
* **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
* **ژمارەی سپاردن:** (٩٢٦) ساڵی ٢٠٠٦

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٦

لە درەختی چەماوەی مرۆڤایەتی هیچ لقێکی راست ناڕوێت

(ئیمانۆیل کانت) .....

..ناسیۆنالیزمیش یەکێکە لەچڵەکانی ئەو درەختە

(ئایزایا بەرلین).

# پێڕست


| ناوەڕۆك | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ٧ |
| نەتەوەو نەتەوایەتی (پرسە گشتی‌یەكان) | ٩ |
| پەڕینەوە بۆ سەردەمی نەتەوایەتی | ٤١ |
| ڕەوایی نەتەوەیی بوون | ٦٧ |
| نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی | ٩٥ |
| ناسیۆنالیزم وەكو بەشێك لەزانستی مرۆڤایەتی | ٢٠٥ |
| نەتەوایەتی‌و پۆست مۆدێرنیزم | ٢٨٥ |

# پێشەکی

لەساڵی ١٩٩٩ لەسەر داوای خۆم پەیمانگای کادێرانی(ی. ن. ك)و بەرپرسی بەشی روونـاکبیری مەکتەبی رێکخستن رێگایان دام کە لەو پەیمانگایە دەرسی نەتەوەو نەتەوایەتی لەخولەکانی کادێراندا بلێمەوە. ئەم کارەی من هەولێك بوو، بۆ ئەوەی بە کەنارێك بگەمو لەدەریای گومانو پرسیار لەمارکسیزم رزگارم بێت کە نزیکەی بیستو دووساڵ بوو تیا دەهاتمو تووشی شکستو هەستانەوە دەبووم. پاشان لەخودی ئەو کارو هەڵوێستەدا، دیسان جارێکی دیکە لەگرنگیو مەزنی مارکسیزم دڵنیابوومەوە، سەرەڕای گومانو پرسیارەکانی هەتا ئێستام، لەو کاروانەدا رێوان بووم. لەدوای ئاشنا بوونم بە دیدگا فرەو جیاوازەکانی ناو نەتەوایەتیو خەریك بوونم بە خوێندنەوەی دەقو دیدگاکانی مۆدێرنیزمو پۆست مۆدێرنیزم، جارێکی دیکە گرنگیو کاریگەری مارکسیزم، ناسیۆنالیزمو پۆست مۆدێرنیزم ... هتد وایان کرد کە ئەم کتێبە هەولێکی فراوانو فرەبێت بۆ ئاشنابوون بە نەتەوەو نەتەوایەتی.

من هەوڵم داوە زۆربەی دیدگاو بیروباوەڕەکان بۆ ناسینو تێگەیشتنی ناسیۆنالیزم لەم کتێبەدا بخەمە بەرباسو لێکۆڵینەوەو ناشڵێم کە لەهەموویان تێگەیشتنی تەواو بە ئاکام گەیشتووم باسکردووە، بەڵام سەرەنجام دەبێت هەوڵ بدەمو بەردەوام بم. دەشزانمو خۆم لەهەموو کەس باشتر دەزانم کە هەوڵەکەی من بێ ڕەخنەو کەمایەسی نییەو ئامادەم بۆ دیدگاو ڕەخنەکانی روناکبیرانو شارەزایانیو کەسانی دیکە. بەشی پۆست مۆدێرنیزم، هەولێکی سەرەتاییە لەم نێوانەداو دەمەوێت ئەو باسە لەئاییندەیەکی نزیکدا وەکو بەرهەمێکی سەربەخۆ بنووسمو لێکۆڵینەوەو باسی فراوانتر بۆ خوێنەرانو نەوەی نوێ پێشکەش بکەم.





لەئامادەکردنو چاپکردنی ئەم کتێبەدا من قەرزاری زۆر کەسمو بەرێوەبەرانی پەیمانگای کادێران یەکەم کەس بوون کە ئامێزیان کردەوە بۆ ئەو دەرسانەو زۆر بە میهربانیەوەو هەتا ئێستا لەگەڵ ئەو بابەتەدا لەپەیمانگاکەی خۆیان هەڵوێستیان نواندوەو هەروەها کادێرانو ئەو کەسانەی کە لەدەرسەکاندا ئامادەبوون زۆر بە پەرۆشەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردووە. هەروەها من زۆر خۆم بە قەرزاری مەکتەبی بیروهۆشیاریو ئەندامانی مەکتەبو کارمەندانی دەزانم کە زۆر پێیمەوە ماندووبوونو هیوادارم نموونەیان زۆر بێت، بە تایبەتی کاك (عوسمان حەسەن شاکر)و هاورێیانی بەشی کۆمپیوتەرو هونەری کە لەهەموو کاتەکاندا زۆر بە پەرۆشو دۆستانە لەگەڵ ئەم کتێبەو لەگەڵ بەندە مامەڵەیان کردووەو من هەتا دەمێنێم سوپاسگوزاری ئەوانم.

# نەتەوەو نەتەوایەتی

## پرسە گشتییەکان

بوونی نەتەوەکانو جیابوونەوەیان لەیەکتری لە ڕاستیدا ئەگەر بە وردی چاوی لێ بکەین وەکو ئەفسانەیەك دێتە بەرچاو. بۆچوونی مسیۆلۆژیو دینی وادەڕوانێت کەبوونی نەتەوەکان وەکو ڕێگایەکی سروشتی بۆ دابەش بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خودا بەجیهانی بەخشیووەو مێژووی ئەو جیابوونەوەیە نازانرێتو نەتەوەکان بەڕادەی کۆنیی مێژوو کۆنن.

نەتەوە بەمانای"چیبوون"ولەنیازی سروشتی مرۆڤ بەمەبەستی ناساندنو جیاکردنەوەی خۆیان لەوانی دی سەرچاوەی گرتووە. هەستی "نەتەوەیی بوون" یان سەر بەشتێك بوون لەبونیادی خودی مرۆڤەوە پەیدادەبێتو وەکویەکێك لەپێداویستییە گرنگەکانی خۆی دەخاتە بەچاو. یەکەمین هەنگاوی پەیداکردنی ناسنامە وا دەکات کە مرۆڤ بکەوێتە هەوڵ دان بۆ پەیداکردنی زانیاریو شارەزایی لەبارەی"چی بوون؟"ی خۆیو پاشان "چیبوون"ی خێزانەکەی،خێڵەکەی، شارەکەیو" نەتەوەکەی".بۆ ئەم مەبەستە "ئاگایی"و"هۆشیاری" وەکو پێداویستیو نیازێکی گرنگ خۆیان دەنوێنن. ئاگاییو هۆشیاری بەکۆمەڵ پاشان وەکو دیاریدەیەکی گرنگی هەرنەتەوەیەك، کەلە هەر ڕەوشو بارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری دابێت دەردەکەوێت. بۆ نموونە هۆشیاریو ئاگایی نەتەوەی کورد سەرەڕای داگیرکردنو پارچە پارچەکردن ئەوەیە کە بە هەرنرخێك بێت کورد بەکوردی مایەوەو[1] وەکو ئەوانی دیکەی لێ نەهاتو نەبووە تورك، فارس یان عەرەب. بەشێك لەبیریارانو ڕووناکبیرانی بواری زانستە سیاسیەکان،





زانستە کۆمەڵایەتیو جوگرافیاناسەکان چەند بنەمایەکی تایبەت بە پێکهێنەرەکانی نەتەوە دادەنێن: جوگرافیاناسەکان((خاکی هاوبەش)) و ((مێژووی هاوبەش)) بەسەرچاوە دادەنێن. زانستی کۆمەڵایەتی( زمانی هاوبەش، ئایینی هاوبەشو فەرهەنگی هاوبەش) دەکەنە بناغەی نەتەوەی بوونو پاشان زانستی سیاسیش پشت بە (بونیادی سیاسی هاوبەش، گەل، کۆمەڵی مەدەنی) دەبەستێت بۆ ناساندنی نەتەوەکان. ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە لەهەموو ئەمانەو کۆبوونەوەی دەستەڵاتەکانی ناوکۆمەڵو هەوڵدان بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەركو مافەکانی تاکەکانی میللەتو سنوری دەسەڵاتی هەریەکێك لەئامادەییو دەسەڵاتەکانی وەکو" جێبەجێ کردن"،"یاسادانان"،"دادوەری"و دەسەڵاتی چوارەمی ڕای گشتی لەدەستورێکدا کەلەلایەن ڕیفراندۆمێکی گشتی ئەو میللەتە یان ئەو نەتەوەیە ڕای بۆ درابێت، دەبێتە باشترین بەرجەستەکردنی"ناسنامەی نەتەوەیی"و باشترین سەرچاوەو بناغە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەکان لەیەکتریو لێرەشەوە"کۆمەڵی مەدەنی"و" دیموکراسی" یش بەوپەڕی تواناوە خۆی ئەدرەخشێنێت. دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە"ناسنامەی نەتەوەیی" دیاریدەیەکی پێك هاتووە لەم توخمانەو چەندین توخمی وەکو"کەلتوری هاوبەش"، "ئەدەبوهونەر"و دابو نەریتی کۆمەڵایەتی ئەومیللەتە. هاوچەرخ بوونو مۆدێرنیزم یەکێکی دیکەیە لەو توخمانەی کەلەم زەمینەیەدا هاوبەشی دەکاتو دەتوانرێت هاوکارییەکی زۆرباش بەگەشەپێدانو"بەردەوام" بوونی ئەو پێناسەیە بکات. مۆدێرنیزم دەتوانێت بەهێنانی چەمکی نوێونوێ تر کەهۆکاری"گەشەکردن"و"بەردەوامی" ئەو ناسنامەیەیە کۆمەکی باش بکات. پێناسەی پێك هاتوو لەچەندین پایەی کەباسمان کردن دەتوانێت" یەکێتی لەهەموان" داو"هەموان لەیەکێتی"دا بەرجەستە بکات.

بێ گومان، باشترین بەرجەستەبوونی "پێناسە"و جیابوونەوەی نەتەوەکان لەیەکتری، کاتێك دەبێت کەمەودای دەسەڵاتی جوگرافیای سیاسی، ئاشکرابێتو چۆنیەتی

پەیدابوون و بەردەوام بوونی بارودۆخی "مانەوە" و هەستی "چی بوون؟" و پەیوەندیبوون بۆ ئەو چوارچێوە جوگرافی، فەرهەنگی و مرۆڤایەتییە بەیان دەکات. بەم شێوەیە کاتێک نەتەوەیەک، میللەتێک یان ولاتێک، سەرەڕای ئەوەیش کەوەکوئەوانی دیکە نییە، دەکرێت بڵێین زیندووەو سەربەخۆیە، کەکەسایەتی نەتەوەیی سەربەخۆی هەبێت لەهەموو ئەو زەمینانەی کەباسمان کردن. کەسایەتی و پێناسەی هەر نەتەوەیەک کاتێک مانای ڕاستەقینەی خۆی پەیدادەکات یان بڵێین دەکەوێتە بارێکی بابەتی یەوە کەچۆنیەتی کارکردی ئەو توخمە پێک هێنەرانەی کەباسمان کردن لەئاستێکی ڕەسمی و میللیدا کاری خۆیان بکەن[٢].

بۆ ئەوەی بتوانین لەمێژووی ئەم دووسەدەیەی دوایی جیهان تێبگەین ، پێویستە شارەزاییمان لەزاراوەی"نەتەوە" و ئەو چەمکانەی کەپەیوەندییان پێوەی هەیە، هەبێت.ئەم تێگەیشتنە مەبەست لەوەیە کەسەدەی نۆزدەو بیست بوونەتە سەدەی بنیات نانی نەتەوەکان[٣]. هەندێک لەپسپۆڕانی پرسی نەتەوایەتی پێیان وایە کەهەبوونی نەتەوەکان بەڕادەی مێژوو کۆنەو هەندێکی دیکەیان، بەتایبەتی ڕووناکبیران و پسپۆڕانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و لیبراڵی لەسەر ئەوە هاوڕان کەدۆزی نەتەوەکان، وەکو ئەو تێگەیشتنەی یەکەم نییەو بەڵکو وەکو دەرکەوتەیەکی ئابوری-سیاسی-کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکەن.

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی لەبوونی نەتەوەکان و سیفەتەکانیان و پێکهێنەرەکانیان و مێژوویان تێبگەین، پێویست دەکات لەپێشەوە لەوە بکۆڵینەوە کەنەتەوە چییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کەتوخمی پێکهێنەروجیاکەرەوەی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی پێویست و سەرەکیە لەپێناوبوونی کۆمەڵایەتی ئەم یان ئەو کۆمەڵە دیاری کراوە، تەنانەت بۆناسینی ناسنامەی کۆمەڵایەتی دانیشتوانیش پێداویستییەکی گرنگە. سەرەڕای ئەم بۆچوونەش کە لە ڕاستیدا تاکە ڕێگای تێگەیشتنی بوون و جیاوازی نێوان نەتەوەکانە بۆ خۆی یەکێکە لەکارە ئاڵۆزوگرانەکانی سەر ڕێگای تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لەم زەمینەیەدا. چونکە





دۆزینەوەو دیاری کردنی ئەو پێکهێنەرانەی کەپێویستن بۆ بوونی نەتەوەیەک، هەر واکارێکی ئاسان نییەو جیاکردنەوەی نەتەوەکان بەپێی ئەو چەمکە کارێکی ئاڵۆزە.بەڵام ناچارین هەرلێرەوە دەست پێبکەین، واتە دەبێ سەرەتا لەوە تێ بگەین کە توخمە سەرەکیەکانی بوونی نەتەوەیەک، یان نەتەوەکان چین و ئەم توخمانە لەڕێرەوی مێژوودا چ کاریگەرییەکیان کردۆتە سەربوونی نەتەوەکان و لەدوایشدا چ کاریگەرییەکیان کردۆتە سەر دیاردەی نەتەوایەتی nationalism . بۆ ئەوەی بەباشی و بەزانستی لەبوونی نەتەوەکان، جیاوازی نێوانیان و گەشەکردنیان تێبگەین دەبێت سەرەتا بتوانین میتۆدێک"ڕێبازێک" بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم پرسە شارەزابین و بۆ تاوتوێ کردنی نەتەوەو نەتەوایەتی.بۆ ئەم مەبەستە وای بەباش دەزانم کەئاماژە بدەم بەچەند خاڵێکی گرنگ، لەم ڕێبازەدا method.

١ــ ئەگەر ئێمە واتێبگەین کەنەتەوەکان ، وەکو دەرکەوتەیەکی سیاسی، ئابوری وکۆمەڵایەتی و لەئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویدا کەهەموو ئەو ڕەوشانە(واتە ئابوری،سیاسی وکۆمەڵایەتی) کاریان تێکردووە، پەیدابوون، ئەوا ئەو کاتەش لەوەتێ دەگەین کەبوونی نەتەوایەتی nationhood،بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بەکورتی دیاردەی ناسیونالیزم چۆن پەیدابووەو چۆن وەکو ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی کاریگەری خۆی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی داناوە.

٢ـ پسپۆڕان و زانستکارانی بواری ناسیونالیزم لەسەرەتاوە لەهەوڵی ئەوە دابوون کەبوون و کاریگەری پێکهێنەرە بابەتییەکانی بوونی نەتەوەیەک یان نەتەوەیی بوون، بۆ لێکۆڵینەوەی هۆکاری ئەوەی کەچەندین کۆمەڵی جیاواز بوونەتە نەتەوەی جیاواز. ئەو پسپۆڕانە پشتیان بەوە بەستووە کەپێکهێنەرەکانی نەتەوە وەکو زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش،مێژووو ڕەوشی فەرهەنگی هاوبەش کاریگەری گەورەیان کردۆتە سەرجیاکردنەوەی نەتەوەکان لەیەکتری. تەنانەت زۆر جار ئەم توخمانە یان یەکێک لەو توخمە پێکهێنەرانە لەناو ئەومیللەت و کۆمەڵانەی کەنزیکایەتی یان پتەوبووە، بووەتە

هۆی جیابوونەوەیان بۆ نەتەوەی جیاجیا، بۆ نموونە جیابوونەوەی میللەتانی ئاری بۆ کورد، فارس، بلوچ‌وئەفغانی یان جیابوونەوەی میللەتانی جەرمانی بۆ ئینگلیز، ئەڵمانی، دانمارکی‌و هۆلەندی. لەم زەمینەیەدا تائێستا لێکۆڵینەوەکەی یوسف ستالین کەدەڵێت:"نەتەوە پێك هاتووە لەچوارچێوەیەکی جێگیر کە لە ڕێڕەوی مێژوویی خۆیدا لەزمان، خاك، ژیانی ئابووری‌و پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەلەڕەوشی فەرهەنگی داخۆی دەنوێنێت، گەشەی کردووە"[٤] لەهەموو لێکۆڵینەوەکانی دیکە گشتی تروهەمەلایەنترە.

٣ـ خاڵێکی دیکەی سەرەکی لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی بوون‌و جیابوونەوەی نەتەوەکان ئەوەیە کەجیاکردنەوەی هەر"نەتەوەیەك" بەپێی ئەم توخمە بابەتیانە لاواز دەبێت‌و جێگای ڕەخنە گرتنە، ئەگەر بێتو ئەو"نەتەوەیە" بەشێوازی دیکەو بەشێوەی بەردەوام خۆی نەسەلێنێت. بەم شێوەیە پەنامان بردە بەرپێناسەی خودی"ذاتي" نەتەوەکان بۆ سەلماندن‌و بەردەوام بوونیان، واتە تەنها بەپێناسەی بابەتی وەکو گەشەکردنی مێژوویی، زمان، خاك، ئابووری هاوبەش‌و ڕەوشی کەلتوری، ناتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆشن‌و هەمەلایەنە بدات بەپرسی نەتەوایەتی. بۆ ئەم مەبەستە واتە پێناسەی زاتی بەدوو بیروباوەڕ ئاشنادەبین. ئەرنست ڕینان دەڵێت"نەتەوە ڕیفراندومێکی-دەنگدان-گشتی‌و بەردەوامە"[٥] ،بەڵام سۆسیالیستە نەمساوییەکان واتێ دەگەن کەبوونی نەتەوەکان بەندە بەبوونی پێداویستی"الحاجات"نەتەوەکان‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوەو لێکۆڵینەوەیەکی ئیرادەگەری voluntaristلەنەتەوەو نەتەوەیی بوون بەیان دەکەن[٦] .

٤ـ تێگەیشتنی هەردوو ڕوانینەکە، واتە ڕوانینی بابەتی‌و ڕوانینی خودی دەتوانێت دەروازەیەکی ئاوەڵا بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی بکاتەوەو دەمان گەیەنێتە یەکێکی دیکە لەپێکهێنەرەکانی بوونی نەتەوەو نەتەوایەتی، کەئەویش هۆشیاری‌و ئاگایی نەتەوەییەو سەرەنجام سەربە نەتەوەبوونی لێ سەوز دەبێت واتە "انتماء القومي". تاکەکانی ئەو کۆمەڵەو پرسی قەوارەی نەتەوایەتی‌و بزووتنەوەی نەتەوەییش هەرلێرەوە





دەتوانرێت لێ ی بکۆڵێرێتەوە. بەم شێوەیە نابێت وابزانین کەنەتەوایەتی هەر تەنها بەیەکێك لەو توخمانە(بابەتی‌وخودی) دەتوانرێت لێك بدرێتەوە.

٥ـ وێڕای ئەم تێگەیشتنە زانستی، مێژوویی‌و هەمەلایەنە، بەڵام خەڵکانێك یان کۆمەڵێك هەیە کەخۆیان وەکو یەهوود دەناسێنن‌وخاوەنی هیچ کام لەم توخمە بابەتیانەی نەتەوە نین، بەڵام توانیویانە لەسەر پایەی دین‌و بڕوای هاوبەش، دەوڵەتێکی نەتەوەیی-دینی بەهێز پێك بهێنن.

٦ـ بەم شێوەیە دەگەینە بڕوایەکی دیکە لەسەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم ئەویش ئەوەیە کەئەم چەمکە تەنها بەشێك نییە لەپەیامێکی فەلسەفی دابڕاو لەگۆڕانکارییە مێژووییەکان، بەڵکو لەناو کۆمەڵ، مێژوو ومرۆڤەکاندا ڕەگی داکوتاوەو تەنهاش بەم شێوەیە دەتوانین لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستی‌و مێژوویی لەسەر ئەم ڕاستیانە بنیات بنێین. بۆ لێکدانەوەی ئەم پرسە دەبێت هەموو پێکهێنەرە بابەتییەکان، ئامادەییە زاتییەکان، گۆڕانکارییە مێژوویی‌و کاریگەری ڕەوتی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم مەسەلەیە شارەزابین‌و بیان ناسین. بۆلێکدانەوەی"پرسی نەتەوایەتی" نابێت تەنها لەچەمکی نەتەوە یان "نەتەوەیی بوون" دەست پێ‌بکەین، بەڵکو دەبێت لەڕاستی واقعی مێژوویيدا پرۆسەی بوونە نەتەوەnation hood وبزووتنەوەی نەتەوەکان هەڵبسەنگێنین.هەرچەندە هەندێك لەزانایان، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆچوونی لیبرالی‌و پراگماتیان هەیە وادەڕوانن پرسی نەتەوایەتی کە"هەردوو چوارچێوەی سیاسی‌و نەتەوایەتی یان چوارچێوەی دەوڵەتی"ئیداری"ونەتەوایەتی دەبێت جووت بن‌و هەموو ئەوچوارچێوانەی دیکە بێجگە لەدەوڵەت" ناتوانێت دەربڕینێکی کاریگەر بێت بۆ نەتەوایەتی"[٧] ، بەڵام ناچاردەبین، هەروەکو چۆن هەموو توخمە بابەتییەکان، هەوڵ دانە زاتییەکان‌و گۆڕانکارییە مێژووییەکانمان لەبەر چاوگرت بۆ بە دواداچوونی ڕێڕەوی دروست بوونی نەتەوەکان، ئاواش دەبێت هەموو ڕوانگە فەلسەفی-سیاسی‌و بیروباوەڕە جیاوازەکان لەسەر پرسی

نەتەوایەتی بناسین‌و شارەزابین، ئەوسا دەتوانین کەلێکۆڵینەوەیەکی زانستی، سیاسی،مێژوویی‌وهەمەلایەنە لەم زەوینەیەدا بنیات بنێین.

تا ئێستا لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ دواین، کەئەوانیش بناغەی بوونی نەتەوەکان‌و بنیات نانی ڕێبازێك بۆ لێکۆڵینەوەی نەتەوایەتی، بەلام لەڕاستیدا ئەوەی کەقسەی یەکلایی کەرەوە و پەیگیر"حاسم" دەکات‌و چارەنووسەکەش لەسەرئەنجامدا هەرپەیوەندی بەوەوە هەیە، وێڕای بناغەکان‌و ڕێبازەکانی لێکدانەوە، مەسەلەی هێزو دەسەلاتی نەتەوەیە، واتەبوونی چوارچێوەیەکی جوگرافی، سیاسی‌و دەوڵەتییە کەپرسەکە لەبەرژەوەندی ئەونەتەوە دیاری کراوە ساغ دەکاتەوە.بۆیە دەبێت بۆچارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی بوون، هەر وەکو لیبرالیەکان‌و زانایانی ڕۆژئاوا دەڵێن، دەوڵەت‌و قەوارەی نەتەوایەتی، بەتایبەتی لەم سەردەمی هێزەدا"عصرالقوة"بکەینە ڕێبازی چارەنووس ساز لەم زەمینەیەدا.وە هەر لێرەوە دەبێت لەوەتێ بگەین کەنەتەوەکان نین دەوڵەت‌وناسیونالیزم بنیات دەنێن، بەڵکو بەتەواوی بەپێچەوانەوە، واتە بوونی نەتەوایەتی‌و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کاتێك دەتوانرێت باشترین پێناسەبکرێت کە لەچوارچێوەیەکی سیاسی، کۆمەلایەتی‌و ئابووری دیاری کراودا واتە"دەوڵەت" خۆی بنەخشێنێت[٨]





## نەتەوە، شۆڕش‌ودەوڵەت

چەمکی نەتەوە بەمانای سیاسی نوێ، چەمکێکی زۆر تازەیەو مانای تێگەیشتنی یەکێتی سیاسی‌و سەربەخۆیی دەبەخشێت. بۆ ئەوەی باش لەنوێ بوونی ئەم زاراوەیە تێ بگەین‌و باشترین ڕێگا بۆ لێکدانەوەی ئەوەیە بەڕێبازی ئەوانەدا بڕۆین کەخاوەنی دیدێکی کۆمەلایەتی‌وسیاسی تایبەتی بوون لەم زەمینەیەداو بەتایبەتی لەسەردەمی شۆڕشەکانی ئەوروپای سالانی ١٨٣٠ بەدواوە. لێکدانەوەی مێژوویی نەتەوە کاتێك ئاسان دەبێت کە بە ڕێرەوی بزووتنەوە سیاسی‌و کۆمەلایەتییەکانی نەتەوەکاندا بڕۆین‌وئەوکاتە زۆر باش لەوە تێدەگەین کەئەم زاراوەیە چ پێشکەوتنێکی سیاسی، کۆمەلایەتی‌و مێژوویی بەخۆوە بینیوە. مانای سەرەکی"نەتەوە" لەو سەردەمە بەدواوە لێکدانەوەیەکی سیاسی بەخۆوە دەبینێ‌و بەهەمان مانای"گەل"و"دەوڵەت"دێت‌و بەپێی تێگەیشتنی هەردووشۆڕشی ئەمریکی‌وفەرەنسی نەتەوە دەبێتە یەکەیەك بۆ پێکەوە بەستنی"دەوڵەت-گەل" یان پێك هێنانی "دەوڵەتی نەتەوەیی".

لەدوای پێك هاتنی دەوڵەتەکانی فەرەنسا، بەریتانیاوئەمریکا زاراوەی"نەتەوە" دەبێتە یەکەیەکی جیانەکراوەی بەرژەوەندییەکانی گەل، دەوڵەت و"نیشتمان". نەتەوە لەم مێژووە بەدواوە تەنها ئەوە نییە کەکۆمەلێك پێکهێنەروتوخمی بنەڕەتی‌و سەرەکی هەبێت وەکو زمان، خاك، مێژووی هاوبەش،کەلتووری هاوبەش بەڵکو دەبێتە یەکەیەکی "چوارچێوەیەکی" پتەو بۆ پێکەوە بەستنی هەموو ئەمانە لەگەڵ دەسەلاتی سیاسیداو هاونیشتمانانی هەرنەتەوەیەك دەخوازن کە لەسایەی یەك حکومەت دا ژیان بەسەربەرن‌و تەنانەت لەوەش زیاتر خۆیان هەوڵ دەدەن کە ئەو حکومەتە پێك بهێنن [٩]

لەم ڕێرەوە مێژووییەداو بەپێی ئەم پێشکەوتنە کۆمەلایەتییە کە ئەم زاراوەیە بەخۆوەی بینیوە، دەبینین هاوکێشەی نەتەوە = دەوڵەت = گەل‌و بەتایبەتی ئەو گەلانەی

کەخاوەنی دەسەلاَتن‌ونەتەوەکەیان بەخاکەکەیانەوە بەستووە، دەبێتە بونیادو تێگەیشتنی گەوهەری دەوڵەتەکان‌و دەبینین کە زۆرێك لەدەوڵەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەسەربناغەی ئەم پرەنسیپە پێك هاتوون‌ودەبێتە بەرئەنجامێکی پێویستی چارەنووسی نەتەوەیی. بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین ڕستەیەك لەراگەیاندنی مافەگشتییەکانی فەرەنسی ساڵی ١٧٩٥ بهێنینەوە:

"هەمووگەلێکی سەربەخۆو خاوەن دەسەلاَت، ژمارەی دانیشتوان‌و پێوانەی خاکەکەی هەرچەندێك بێت، ئەم دەسەلاَت‌و چوارچێوەیە پیرۆزو سروشتی‌و بەرهەقە".[١٠] لەپاش ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە چەمکی"نەتەوە"،"گەل" بەبیروڕای پییر ڤیلار[١١] ئاشنا دەبین کە دەڵێت"ئەوەی نەتەوە-گەل جیادەکاتەوەوماناکەی بەرجەستە دەکات ئەوەیە کەنوێنەری بەرژەوەندی گشتییە لەبەرامبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا" ئەمەش هەمان بیروباوەڕی ئەمریکییەکانە لەسەر پرسی نەتەوە بەتایبەتی لەسالاَنی ١٨٠٠ بەدواوە. بۆ ئەم مەبەستە واتا بیروڕای ئەمریکییەکان لەسەر پرسی نەتەوەو دەوڵەت وای بەچاك دەزانم بچینە لای زبگینۆ بریژنیسکی کەدەڵێت:" پێویستە شێوەیەکی دەستوری دابنرێت بۆ خەڵکانێك کەخۆیان وەکو نەتەوە پێناسە دەکەن"[١٢] .

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەپێویستی دەزانم کە ئاوڕێك لەبەشی یەکەمی باسەکەمان بدەینەوەو بپرسین، ئایا لەم سەردەمە بەدواوە واتە سەردەمی شۆڕش‌و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ١٨٣٠-١٨٨٠ ی ئەمریکی‌و ئەوروپا، دەتوانین بوون‌و مانەوەی نەتەوەکان ببەستینەوە بەپێکهێنەرەکانی نەتەوەوە، یان ئەوەی هێزو دەسەلاَتی سیاسی‌و سەرەنجام دەوڵەتە کە شێوەیەکی ڕەسمی‌ونێو دەوڵەتی دەدات بەچوارچێوەو یەکەکانی"نەتەوە" .. لەئەمریکاو ئەوروپادا بێجگە لەخاك‌وسنوری جوگرافیای سیاسی هیچکام لەپێك هێنەرەکان نەیان توانیوە کەکاریگەری گەورە بکەنە سەر پێك هێنانی دەوڵەتەکانی سەدەی نۆزدەهەم(ئەم ڕایە ئەڵمانیاوئیتالیا ناگرێتەوە). بەلاَم سەبارەت بەو نەتەوانەی کە تائێستا دەوڵەتیان نییە non-state تۆخمەکانی





پێکهێنانی نەتەوە بێ گومان کاریگەری تەوایان لەسەر بوون‌و بەردەوام بوونی ئەو نەتەوانە هەیەو هەرئەوانیش دەتوانن ئەو نەتەوە یان ئەو گەلە لەحاڵەتی شۆڕشگێری بەردەوامدا بهێڵنەوەو وەکو یەکەیەکی لێك دانەبڕاو ئەو نەتەوانە بپارێزن.

لەدوای باسکردنی ئەم دوو ڕەوشە لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی، واتە لەپاش دروست بوونی چوارچێوەی نەتەوە=گەل=دەوڵەت یان ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان نییە دەگەینە دوو بۆچوونی ١-دیموکراتی شۆڕشگێرو ٢-بۆچوونی دەوڵەتی بۆ شی کردنەوەی هەردوو قۆناغەکەی دۆزی نەتەوەیی لەپێش‌و دوای سەدەی نۆزدەهەم(سەدەی پێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی) ، هاوکێشەی نەتەوە=دەوڵەت=گەل بەسەر هەردوو حاڵەتەکەدا جێبەجێ دەبێت. سەبارەت بە بۆچوونی یەکەم ئەوان پێیان وایە کە هاونیشتمانان-گەلی خاوەن دەسەلاَت دەبێتە تەوەری پرسەکەو هەموو چارەنووسەکە دەبەستنەوە بەمافەکانی دانیشتوانەوە، دیارە لێرەوە کاریگەری پێك هێنەرەکانی ئەو دانیشتوانانە "گەل" دەردەکەوێت‌و بوونی دەسەلاَتی نەتەوەیی=گەلی"میللی"یش دەتوانێت بەدەوری خۆی کاریگەری گەورە بکاتە سەرچارەنووسەکە بەگشتی. بەلاَم بەڕای بۆچوونی دووەم، واتا بۆچوونی دەوڵەتی پێك هێنانی قەوارەی سیاسی کەئەو چوارچێوەیە "سنورەکان" لەبێگانەکان جیابکاتەوە دەکاتە تەوەرەی سەرەکی. بەهەر حاڵ نابێت ئەوەمان لەبیرنەبێت کە دەوڵەتەکان بەهەر شێوەیەك پێك هاتبن کاری سەرەکیان ئەوەیە کە قورسایی‌و بەرژەوندی دانیشتوانی ولاَت=دەوڵەت لەبەرچاوبگرن.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بۆ چوونانەو تێگەیشتنی هەمەلایەنەی دۆزی نەتەوەیی بەپێویستی دەزانین کەسەرەتای پەیدابوونی کێشەی نەتەوەکان لەسالاَنی شۆڕشی ئەوروپی١٨٣٠ -١٨٨٠ کە تاڕادەیەکی زۆر جێگیری سیاسی لەسەر بناغەی نەتەوەیی بوون بەبالاَی ئەوروپادا بڕا، بەرچاوبگرین:

١-پرسی نەتەوەیی بوون نەبووە هۆکارێکی کاریگەر بۆپێك هێنانی دەوڵەت، بەڵکو دەسەلاَت‌و هێزو بەرژەوەندی ئابوری‌وسیاسی بووە سەرچاوەیەك بۆ پێك هێنانی

دەوڵەتەکانی ڕوسیا، بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنساونەمسا-مەجەر. لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا بوونی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی لەسەر ئەم بناغەیە، دەبێتە دیاردەیەکی ڕاستو کاریگەر لەسەر چارەنووسی ناوچەکە بەگشتی.

٢-وڵاتانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا وەکو دوو دەوڵەتی نەتەوەییو بەتەواوی پێك هێنەرە نەتەوەیی کانەوە پێك هاتن.

٣-دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا لەرۆژئاوا، بەلـژیك تا رۆژهەڵاتی ئەوروپا(یۆنان، سربستان، رۆمانیاو بولگاریا) وەکو چەند دەوڵەتێکی نەتەوەییو لەئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسیەکان بەتایبەتی شکستی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا پێك هاتن.لە دوای شکستی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەجەنگی یەکەمی جیهاندا چەندین قەوارەی نەتەوەیی تورکیا دوای ساڵانی ١٩٢٣ ،ئێران لەدوای بزووتنەوەی رەزا خان، ئەفغانستانو وڵاتە عەرەبیەکانیش بەم سنورانەی ئێستایانەوە کەوتنە ژێر دەستی ئینتدابی بەریتانیو فەرەنسە.

٤-ڕوودانی شۆڕشە نەتەوەییەکانی پۆڵۆنیا کەداوای ئەوەیان دەکرد ئەوەی خۆیان بەخاکی خۆیانیان دەزانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەچوارچێوەدا دابمەزرێنن. پۆڵۆنیا لەنێوان سێ هێزی گەورەی روسیا، ئەڵمانیاونەمسادا دابەشکرابوو. لەدوای ئینتدابی بەریتانیوفەرنسی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوین دا کوردیش دابەشکرا بەسەرچوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریاداو ڕوودانی شۆڕشەکانی کوردستان بۆ نەمانی ئەو دابەشکردنەو پێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد تائێستا بەردەوامە.

بەم شێوەیە، ئەوە رۆشن دەبێتەوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لە ئەوروپادا، کەکام بەشە لەدانیشتونی ئەوروپا دەتوانرێت وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ جیابکرێتەوە لەوانی دیکە، یان کامیان لەسەر بناغەی نەتەوەیی بوون جا ئایا دەوڵەت بێت یان هەرچوارچێوەیەکی سیاسی دان پیانراو، دەتوانرێت چاوی لێ بکرێت یان کام لەودەوڵەتانەی کەهەن وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی دەناسێنرێت.





پاش ئەوەی لەم مەسەلەیە دەبینەوە، واتە مەسەلەی لێکدانەوەی ڕەوشە جیاوازەکانی وڵاتەکان، دەوڵەتەکانو نەتەوەکان، دەبێت باس لەهۆکارێکی زۆر گرنگو کاریگەر لەسەرکێشەی نەتەوایەتی، کەئەویش هۆکاری ئابووریەو بەتایبەتیش لەسەر ئاستی جیهانی global و بە هەرسێ پێکهێنەرە کاریگەرەکەی سەدەی نۆزدەهەم کەئەوانیش پیشەسازی بەریتانی، ئابووری ئەمریکیو سەرمایەداری ئەڵمانی دێنە مەیدانی کاریگەریو دەبنە گەورەترین هۆکاری ڕەوشی ئەو کاتەی ئەمریکاو ئەوروپاو جیهان. پرسی سەرەکی لەم هەل ومەرجەدا ئەوەیە کەئەم کاریگەرییە نەتەوەییانە(بەریتانی،ئەمریکیو ئەڵمانی) دەبنە هۆیەکی گرنگ بۆ تێپەڕبوون لەم چوارچێوەیە نەتەوەییانەو کارێکی وادەکەن کە ڕەوشێکی جیهانی بکرێتە بەری هەموو کێشەکانی سەردەمودیاردەی ئیمپریالیزمیش وەکو گەورەترین کاریگەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو هەموو سەدەی بیست سەرەتاکانی هەر لەم هێزو دەسەڵاتە نەتەوەییانەوە دەست پێدەکات. لەم سەردەمەدا زاراوەیەکی دیکەی سیاسی کەپەیوەندی دارە بەدۆزی نەتەوایەتییەوە پەیدا دەبێت، ئەویش زاراوەی"سامانی نەتەوایەتی"و"ئابووری نەتەوایەتی"یەو لەڕێگای ئەمانیشەوە چوارچێوەیەکی ئابووری دیاری کراوی هەرنەتەوەیەك واتا"بازار" پەیدا دەبێتو دەبێتە بەشێك لەبازاڕی جیهانی.

مایکل شیفالییری بەبیروباوەڕ سان سیمۆنی کەمامۆستای ئابووری سیاسیە لە"کۆلیج دوفرانس" دەڵێت:"ئێمە ناچارین کەگرنگی بدەین بەئابووری جیهانیو بەرژەوەندی گشتی هەموو وڵاتان لەبەرچاوبگرین. هەرچەندە ئەمە بەومانایە نییە کەرەوشی تایبەتی ئابووری وڵاتی خۆمان گرنگی پێنەدەین" (١٣)پرسی سەرەکیوتوانای کاریگەری هەریەکێك لەوڵاتەکان، نەتەوەکانو دەوڵەتەکان لەم مەیدانەدا دەردەکەوێتو هەردەوڵەتێك ئەگەر بیەوێت وەکو یەکەیەکی کاریگەر دەوری هەبێت لەدنیای ئەمڕۆدا دەبێت توانای ئابووری بەجۆرێك بێت کەبتوانێت کێشەی خۆیو جێگای خۆی بەرەوپێشەوە بەرێت. لەدوای کارتێکردنی ڕەوشی ئابووری لەسەر پرسی نەتەوەکان،

کێشەی گرنگ دەبێتە کێشەی ئابوریو توانای ئابوری تەنانەت بۆچوونی وا دەردەکەوێت کەدەڵێت:"دابەش بوونی مرۆڤایەتی بۆ چەندەها نەتەوەی جیاواز لەجەوهەردا دابەش بوونێکی ئابوورییە"[١٤] چونکە بوونی دەوڵەتی-نەتەوەیی دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ پەیدابوونی چوارچێوەی تایبەتی ئابوریو سەرمایەداری.





## پێک هێنەرە میللییەکانی نەتەوایەتی*

لەمێژووی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست"نەتەوەیی بوون" یان"نیشتمانی بوون" بەهێزێکی زۆرەوە خۆیان سەپاندووە. دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی ئەم ڕەوشەو بەو هێزەوە دەرکەوتووە؟ دەردەکەوێت کە نەتەوەی نوێ، چ وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی یان نەتەوەی بێ دەوڵەت، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان ببنەخاوەن چوارچێوەو دەوڵەتی ڕەسمیو ئەمەش پرسی ئەم دووسەدەیەی دوایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەنەخشێنێت. سەبارەت بەم بابەتە نموونەیەك لە مێژووی یەهوود باس بکەین، ئەویش ئەوەیە کەئەم کۆمەڵەی مرۆڤایەتی بۆ ماوەی زیاتر لەدوو هەزار ساڵ واتە لە دوای ئەنفالی بابلییەوە بەدنیادا پەرشو بڵاوکرانو بەهیچ شێوەیەكو تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش وازیان لەناسنامەی خۆیان نەهێناو هەموو پێك هێنەرەکانی خۆیان(کە لێیان زەوت کرا) لەناوخۆیاندا پاراستیانو لەناخیاندا هەڵیان گرت. ئەو میللەتە بەردەوامو لەهەرکوێیەك بووبن وەکو نەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ لەوانی دیکەو هەندێك جاریش دیار"متمیز" لەناو میللەتانی دیکەدا ماونەتەوە. لەومێژووە بەدواوە"دوای ئەنفالی بابلی" هەمیشە لەبیری ئەوەدا بوون ببن بەخاوەنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیانو لەو جێگایەی کەخۆیان بەخاکی پیرۆزی باپیرانیان دایان دەنا، تائەو کاتەی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا توانییان لەبەر ڕۆشنایی ناسیۆنالیزمی ئەورووپیدا" نەتەوەیی بوون"ی خۆیان بنیات بنێنەوەو پاشان لەناوەڕاستی سەدەی بیست دا بگەڕێنەوە بۆ خاکی پیرۆزو دەوڵەتی نەتەوەییو دینی خۆیان دروست بکەنەوە. دیارە ئەم نموونەیەمان لەبەرئەوە هێنایەوە، چونکە گرانترینو ئاڵۆزترین کێشەی نەتەوەیی دنیای لەخۆدا بەرجەستە کردووە، کە ئەویش ئەوەیە نەتەوەیەك نەخاوەنی خاکی

هاوبەش"نەزمانی هاوبەش، نەکەلتورو مێژووی هاوبەش، بەڵکو هەر تەنها بەهۆی دینی هاوبەشو دەسەڵاتو ئیرادەی هاوبەشەوە دەوڵەتێکی نەتەوەیی-دینی بەهێز دابمەزرێنن.

ئەوەی وادەکات کەمیللەتێك یان (وەکو نموونەی یەهوود چەندین کۆڕوکۆمەڵی پەرتوبڵاو) ئەم کۆبوونەوەیەی هەبێت بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، ئێمە ناوی دەنێین پێك هێنەرە میللییەکانی نەتەوە، کەباشترین دەربڕینیشە بۆ"ناسنامەی نەتەوەیی". کەواتە پێك هێنەرە میللیەکانی نەتەوە کامانەن؟ بەووردبوونەوە لەنموونەی یەهود دەردەکەوێت کەزۆر زەحمەتە بەئاسانی بتوانرێت ئەو توخمانە دەست نیشان بکرێت، بەڵکو لەلای هەرمیللەتێك، دەوڵەتێك یان وڵاتێك یەکێك یان زیاتر لەپێك هێنەرەکان دەبێتە(دەکرێتە) تەوەری پرسەکەو شوێنی کۆکردەوەی هێزو بیروباوەڕی جەماوەری بۆ دامەزراندنی نەتەوە=دەوڵەت=گەل=نیشتمان

## پێك هێنەری یەکەم: زمان

ئایا زمان لەجەوهەردا ئەوەنییە کە نەتەوەیەك لەوی دیکە جیادەکاتەوە؟ ئەوە نییە کە"ئێمە" لە "ئەوان"جیادەکاتەوە، یان کۆمەڵگا مرۆڤایەتییە پێشکەوتووەکان لەکۆمەڵە سەرەتاییەکان جیادەکاتەوە؟ تەنانەت بالەوەش زیاتر بڕۆین، ئایا زمان ئەو هۆکارەنییە کە میللەتانی ناویەك کۆمەڵە زمان (ئاری، جەرمانی، سلاڤیولاتینی) لەیەکتری جیادەکاتەوە؟ بێگومان زمان، بەتایبەتی زمانی نەتەوە یان زمانی ئەدەبیو ڕەسمی هیچ نەتەوەیەك بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی چەندین پرۆسەی مێژوویيو دەسەڵاتدارێتیدا هاتۆتەکایەوە. واتە لەپێشدا زمانی هەر میللەتێك وەکو هەمووان دەزانین لەچەندین شێوەزمانیDialect ناوئەو زمانە پێك هاتووەو پاشان لەئەنجامی پێداویستی مێژووییدا یەکێك یان زیاتر لەو شێوە زمانانە بوونەتە بناغەیەك بۆ پێك هێنانی زمانیی یەکگرتووی نەتەوە. بەڵام ئەوەی کە مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە دەسەڵاتو دەوڵەتی نەتەوەییە کە بەئیرادەی هۆشیارانەو بەمەبەستی یەك بوون، یەکێك یان لەکۆی شێوەی زمانەکان زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبیو ڕەسمی بۆ وڵات پێك





دەهێنێت. بەپێویستی دەزانم سەبارەت بەکاریگەری زمان لەسەر پرسی نەتەوەیی بوون، دوو نموونەی ئاشکرا باس بکەین. یەکەمیان، دۆزی نەتەوەی ئەلبانە، کە بەهۆی دینەوە بۆ سێبەش دابەش کراون (ئەرسەدۆکس، کاسۆلیكو ئیسلام) بۆیە پێشڕەوانو ڕابەرانی نەتەوەی ئەلبانی زمانیان کردە هۆکاری کاریگەری یەك بوونی میللەتەکەیان چونکە هیچ کام لەبەشە دینییەکانی ئەلبانیا لەسەر زمانی ئەلبانی ناکۆك نەبوون، بەم بۆنەیەوە نەعیم فیراشیری(١٨٤٦-١٩٠٠) یەکێك لە رابەرە سیاسیەکانی ئەلبانیا دەڵێت: "ئێمە هەموومان لە یەك رەگەزەوە پەیدابووین، خاوەنی یەك بنەماڵین، ئێمە یەك خوێنو یەك زمانمان هەیە"[١٥]. دووەمیان، دۆزی مەسەلەی کوردە، کورد لەنێوان چوار دەوڵەتی (تورکیا، ئێران، عێراقو سوریا) دا دابەشکراوە، بەڵام زمانی کوردی سەرەڕای بوونی سێ شێوە زمانی گەورەی (گۆرانی، کرمانجی ناوەڕاستو کرمانجی ژوروو) بووەتە یەکێك لەپێك هێنەرە کاریگەرو جیاکەرەوەکانی کورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا. بەڵام ئەگەر کورد خاوەن دەسەڵاتو دەوڵەتێکی هاوبەشو یەکگرتوو بوایە،بێ گومان هەوڵی بەدی هێنانی زمانی ڕەسمیو ئەدەبی یەکگرتووی دەدا.

هەوڵ دان بۆ ئەوەی زمان بکرێتە یەکێك لەتوخمە بەهێزەکانی پرسی نەتەوەیی بوون کارێکی زۆر گرنگەو بۆ خۆی دەسەڵاتو توانای زۆری دەوێت. بۆ نموونە زمانی عیبری نوێ، زمانێکی تازە دروست کراوەو بۆ مەبەستی دەوڵەتی یەهودیو زۆر کەم لەو زمانە عیبرییە میسۆلۆجییە دەچێت کە لە تەوراتدا باسکراوە[١٦]. واتە زمانی نەتەوەیی یان زمانی یەکگرتوو لەسەر بناغە سەرەتاییەکانی کەلتورو عەقڵی نەتەوەیی ناتوانرێت بنیات بنرێت، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی ئیرادەگەری لە کۆبوونەوەی فۆرمو ناوەرۆکە سەرەکيو زاڵەکانی شێوە زمانەکانی ئەو میللەتە پێك بهێنرێتو بەهۆی توانای ئەدەبو هونەری نوێی ئەو میللەتەوە بکرێتە زمانێکی ستاندارد. ئەمێنێتەوە ئەوەی کە کام لەو شێوە زمانانە دەکرێتە چوارچێوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زمانی یەکگرتوو، لە ڕاستیدا ئەمەیان کێشەیەکی گەورە نییەو ڕێکەوتن لەسەر ڕێزمانو ڕێنووسو ئیدیۆمەکان کاری

پسپۆڕانی ئەو مەیدانەیەو هەر ئەوەندە بەسە لەسەر ئاستی دەسەڵاتو نەتەوەدا خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم مەسەلەیە هەبێت.

مێژووی هەموو زمانە ئەوروپییەکان دڵنیایی لە وەدەکەنەوە کە ئەم پێك هێنانە لەلای هەموو وولاتەکان هەروابووە. بۆ نموونە زمانی بولگاری ئەدەبی لەسەر بنەمای زمانی بولگاری رۆژئاوا پێك هێنراوە، ئۆکرانی بەهۆی شێوە زمانی باشوری خۆرهەلاتی ئەو ولاتە، زمانی ئینگلیزی بەهۆی زمانی شکسپیرو شاری لەندەن، زمانی ئەڵمانی بەهۆی نووسینەکانی گۆتە، فیختەوە[١٧].

پێویست بوونی زمانی ئەدەبی وەکو توخمێکی سەرەکی پێك هێنانی میللی نەتەوەکان، دەبێتە بناغەیەك بۆ ناسنامەی نوێی نەتەوەو بنەمایەك بۆ بنیات نانەوەی کەلتوری ئەو نەتەوەیەش. هەرچەندە زمان بەتەنیا نابێتە هۆکاری سەرەکی پێك هێنانی کەلتوری نەتەوەیی. زمانی ئەدەبی لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆیەك بۆ تێکەلاوبوونو یەك بوونی نەتەوەیی، کە بەسێ شێوەی سەرەکی ئەم یەك بوونە خۆی دەنوێنێت:

ا- ئەم زمانە ئەدەبییە دەتوانێت کۆمەڵێك(زەمینەیەك) بۆ ئەم بەشە لەپسپۆرانی بواری ئەدەبی، ئیداریو فەرهەنگی فەراهەم بکاتو لەپانتاییەکی فراوانو ڕەسمیدا ئەو زمانە فەرهەنگییە بکاتە بنەمایەك بۆ یەك بوونی زمانو پێداویستییەکانی دارشتنی بناغەکانی کەلتووری نەتەوەییو تەنانەت دەتوانرێت چەندین دەزگاو ناوەندو کۆڕوکۆمەڵی تایبەتیو پسپۆڕی لەزەمینەکانی ئەدەب، هونەر، دین، کەلتوور، ئابووریوسیاسیدا لە پەیوەند بە مەسەلەی زمانەوە پێك بهێنێت.

ب- ئەم زمانە ئەدەبییە لەپەیوەندی خۆیدا لەگەڵ فۆلکلۆرو ئەدەبو هونەری ناوچەکانی ئەو نەتەوەیەدا دەتوانێت بناغەیەکی بەهێزیش بۆ نزیك کردنەوەی هەستەکان، فۆلکلۆرو تەنانەت دابو نەریتەکانیش بنیات بنێت. لەپەیوەندی بە زمانی کوردیو کەلتوری کوردییەوە، زمانی یەکگرتوو دەتوانێت بەیتو فۆلکلۆرولاوكو گۆرانییە میللییەکانی ناوچەکانو شێوە زمانەکانی هەرسێ بەشەکەی کوردستان





(گۆران، کرمانجی ناوەڕاستو کرمانجی ژوروو) بەیەکەوە ببەستێتو سەرەتاو بناغەیەکی هاوبەش بۆ ئەم سامانە نەتەوەییە بهێنێتە دی.

ج- زمانی ڕەسمی یان زمانی ڕووناکبیری دەسەڵاتو پسپۆڕان دەبێتە هۆیەکی کاریگەر کە زمانی ئەو وڵاتە بکرێتە زمانی خوێندنی باڵای پەیمانگاو زانکۆکانو بتوانرێت زمانی تایبەت بەئیدارەو دەسەڵاتی حکومەتیش دروست بکات.

## پێك هێنەری دووەم، نەژادوفەرهەنگ ethnicity

نەژاد بەمانای هێرۆدۆتی توانیویەتیو دەتوانێت کە ببێتە بناغەیەك بۆ پێکەوە بەستنی کۆمەڵ کە لە چەندین ناوچەی فراواندا دەژینو تەنانەت لەوانەشە زۆر پەرتو بلاوبنو نەشیان توانیبێت ببنە خاوەنی حکومەتودەسەڵاتی هاوبەش وەکو کورد، باسك، ئەرمەنو بەلووچ[١٨]. هەرچەندە ئەم پێکهێنەرە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەپێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێوە نییە، بەڵام هەرنەتەوەیەك بەبێ بوونی ئەم پێکهێنەرە بنەڕەتییە بوونو سەربەخۆبوونی دەبێتە شوێنی گومان. کەواتە، نەژاد وەکو پێکهێنەرێکی گرنگی نەتەوەیی چییە؟ نزیکایەتیو خزمایەتی، یەك ڕەسەنیو پەیوەندی خوێن، ئەوشتانەن کەنەژادیان پێ‌لێك دەدرێتەوەو ئەمەیش دەبێتە یەکێك لەبناغە پتەوەکانی ناسیونالیزم. فەرهەنگی نەتەوەیی لەڕێگای خوێندنو زانستەوە ناتوانرێت لێك بدرێتەوەو بەدەست بهێنرێت، بەڵکو کەلتور "فەرهەنگ" وەکو بەشێکی گرنگ لە بوونو بەردەوام بوونی ئەونەتەوەیە بەردەوام خۆی دەسەپێنێتو بەپێش کەوتنودواکەوتنی ئەو میللەتە کاریگەری دەبێت، تەنانەت زۆرجاریش فەرهەنگ Cand[٨] "چاند" دەتوانێت کاریگەری گەورە بکاتە سەر تەواوی ژیانی ڕووناکبیریو خوێندەواری وڵاتو میللەت. نموونەی زۆر بەرچاویش لەسەر ئەمە کەلتورو نەریتی ناوچەی ئەهلی هەق هەرچەندە لەلایەن زمانی فارسییەوە گەلێك کاریگەری گەورەی لەسەر زمانی ئەوان( لوڕی بەشێکە لەزمانی گۆرانی) داناوە، بەڵام ئەوان توانیویانە کە تایبەتمەندییەکانی

خۆیان لە هەموو مەیدانەکاندا( ئەدەبو هونەر، دین، ڕووناکبیری) بپارێزنو بەرەو پێشەوەی بەرنو تەنانەت زۆر چاکیش توانیویانە کاریگەری گەورە بکەنە سەر ئەدەبو هونەری فارسیو ناوچەکانی دیکەی کوردستان[١٩].

نەژاد دەتوانێتو توانیویەتی کاریگەری گەورەش لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئەو میللەتەو تەنانەت لەسەر یاساو دەستورو ڕێو ڕەسمە کۆمەڵایەتیو حکومەتیەکانیش دابنێتو پسپۆڕانی بواری یاسا دەڵێن، بەشێك لەسەرچاوەکانی دارشتنی دەستوور لەنەژادو نەریتی ئەو میللەتەوە سەرچاوە دەگرێت. پاشان نەژاد لەپەیدابوونو پێشکەوتنیوتارو پەیامی دینی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا دەورێکی لەرادەبەدەر دەبینێتو بەشێکی زۆری میسۆلۆژیاو دین تەنها بەهۆی نەژادەوە، دەتوانرێت لێك بدرێتەوە. وەکو لەسەرەتاوە باسمان کرد، پێك هێنانی دەوڵەتی نوێی نەتەوەکان هیچ پەیوەندییەکی بەنەژادەوە نییە، واتە نەژاد نابێتە بناغەیەك بۆ پێك هێنانی هیچ دەوڵەتێك، بەڵام دەوڵەت بەدەوری خۆی دەتوانێت لەپتەوبوونو هاوئاهەنگ بوونی نەژادی دا هۆکارێکی بەهێز بێت و ئەو میللەتە یان ئەو وڵاتە بەرەوهاوتا بوونی نەژادی بەرێت.

بەڵام نەژاد بەتەنیاو جیا لەفەرهەنگ، مێژووو کەلەپوری هەرمیللەتێك ناتوانێت ببێتە هۆیەکی کاریگەری پرسی نەتەوەیی، یان بەشێوەیەکی دیکە نەژاد کاتێك دەتوانرێت پێناسەیەکی باش بکرێت کەئەم سێ توخمە گرنگەی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە، ئەگینا نەژاد وەکو جیاوازی بایۆلۆجیو خوێنی ناتوانێت دەوری پەیگیر ببینێت.

### پێك هێنەری سێیەم: خاكو سەرزەمینی هاوبەش

بێ گومان، خاك یەکێکە لەهۆیەکانی بوونو مانەوەی نەتەوەکان. ئەگەر خاك نەبێت هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت هۆیەکانی دیکەی بوونو مانەوەی بپارێزێتو بەرەوپێشەوەی بەرێت. یان ئەگەر خاك نەبێت تەنانەت پرسی نەتەوەیی بوونیش کارێکی گران دەبێتو





زەحمەتە بتوانین بڵێین کەنەتەوەیەك بەبێ خاك بوونی هەیە( تەنها نەتەوەی یەهوود نەبێت، هەروەکو پێشتر باسمان کرد. یەهود بەبێ بوونی توخمەکانی نەتەوەیی بوون، بێجگە لەهۆکاری دینیو دەسەڵاتو ئیرادەی ماڵی توانیان دەوڵەتی بەهێزی نەتەوەیی خۆیان دابمەزرێنن). کوردیش وەکو میللەتێکی گەورەی دابەش کراوی نێوان چوار دەوڵەتو خاوەنی خاكو سەرزەمینێکی گەورە داگیرکراوە، بەڵام ئەم میللەتە لەسەربەشی زۆری خاکی خۆیو بەپاراستنی زۆربەی توخمەکانی بوونی خۆیەوە ماوەتەوەو وێڕای ئەوەش توانیویەتی بەشی زۆری کەلتوورو دابو نەریتی تایبەتی خۆی بپارێزێت. مانەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی بووەتەهۆی ئەوەی کەزمانی کوردی نەك لەلایەن زمانی عەرەبیو تورکییەوە پاشەکشەی پێنەکراوە، بەڵکو لەبەرامبەر زمانی فارسیشیدا توانیویەتی تایبەتمەندییەکانی خۆی بپارێزێت. لەڕاستیدا ئەم پەیوەندییە دووسەرەیە، واتە پاراستنو مانەوەی خاکی نەتەوەیی بووەتە هۆیەك بۆ پاراستنو مانەوەی پێکهێنەرەکانی دیکە، دیارە ئەم پەیوەندییە بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. میللەتی ئاشوری بەهۆی لەدەست دانی خاکەکەیەوەو بڵاوبوونەوە یان بەتەواوی ناوچەکەدا( بەشی ژورووی ڕۆژهەڵاتی ناوین) نەیتوانی تایبەتمەندییەکانو توخمەکانی دیکەی مانەوەوبەردەوام بوونی خۆی بپارێزێتو ئێستاش لەبەردەم چارەنوسێکی وەهادان کەتەنانەت وەکو میللەتێکی جیاوازو سەربەخۆ گومان لەبوونیان دەکرێت.

بەڵام مەسەلەی سەرەکیوچارەنووس ساز، لەسەر پرسی خاكو سەرزەمینی نەتەوەیی،بونی دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسیو قەڵەمڕەوی جوگرافی-سیاسیو سنووری ڕەسمی نێو دەوڵەتییە بۆ پاراستنوبەردەوام بوونی چوارچێوەو سنوری نەتەوەو تەنانەت بوونی خودی نەتەوەش.

### چوارەم: پەیوەندی نێوان دین و نەتەوەیی بوون

ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی بەهێزەو کاتێکیش ئەم هێزە دەردەکەوێت کەنەتەوایەتی ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی‌وسەربەدین بوون یان بەرێبازێکی دینی بوون دەبێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر جیابوونەوەو سەربەخۆبوونی ئەو نەتەوەیە. لەوانەیە ڕابەران‌و پێشڕەوانی بزوتنەوەی نەتەوەکان بەوڕادەیە نەکەوتبنە ژێر کاریگەری دینەوە، بەڵام کاتێك کەبزووتنەوە کە بەهێز دەبێت یان دەتوانێت دەوڵەت پێك بهێنێت، ئەوسا پرسی دینی دەبێتە یەکێك لەهۆکارە کاریگەرەکان. بۆ نموونە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی(١٥٠١ –١٧٢٢) ومەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام. ئەگەرئێرانی‌یەکان، واتە دەسەڵاتدارانی ئێران، ڕوویان نەکردایەتە مەزهەبی شیعەو ئەگەر شاائسماعیلی سەفەوی ئەو مەزهەبەی بەدینی ڕەسمی ئێران ڕانەگەیەندایە، ئەوا ئێستا ئەمڕۆ ئەگەری وڵاتێك یان چوارچێوەیەکی سیاسی سەربەخۆ بەناوی ئێران‌و بەم تایبەتمەندییانەی ئێستاوە، بوونی نەدەبوو[٢٠]. یان دەوڵەتی سوری‌و مەزهەبی عەلەوی. ئەگەر بەوردی تەماشای مەسەلەی ئێرلەندی بکەین بەتەواوی دەبینین کە هۆکاری دینی(لەڕاستیدا هۆکاری مەزهەبی) دەورێکی لەڕادەبەدەر گەورە دەبینێت، چونکە ئەو ئێرلەندییانەی کەسەر بەمەزهەبی پرۆتستانتن، واتە هەمان مەزهەبی بەریتانیەکان" داوای یەکێتی دەکەن لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام ئەوانەی سەر بە مەزهەبی کاسۆلیکین داوای جیابوونەوە دەکەن( سوپای کۆماری خواز IRAو ڕێکخراوی شین فین"ئێمە خۆمان") نوێنەری ئەم بەشەی ئێرلەندییەکانن.

هەرچەندە دین، بەتایبەتی دینە گەورەکان وەکو ئیسلام، مەسیحی‌و بوزایی دیینی میللەتێکی دیاری کراونین‌و توانیویانە سنوری نەتەوەکان ببەزێنن، بەڵام نەتەوەکانیش توانیویانە لە ڕێگای مەزهەبەکان‌و لێکدانەوەی جیاوازەوە کاریگەری خۆیان لەسەر دین بەجێ‌بهێڵن. ئەگەر تەماشای دینی مەسیحی بکەین بەسێ مەزهەبە سەرەکیەکەوە( ئەرسەدۆکس، کاسۆلیك‌وپرۆتستانت) بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری ڕەوشی





سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نەتەوەکان‌و بەرژەوەندی هێزە دەوڵەتیەکانیش لەسەر ئەم دینە گەلێك زۆرە. دابەش بوونی ئەوروپا بەسێ بەشی دینی ڕۆژهەڵاتی زۆربە ئەرسەدۆکس، ناوەڕاستی کاسیۆلیك‌و ڕۆژئاوای بەزۆری پرۆتستانتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەپەیدابوون یان ڕاستتر پێك هێنانی دینی نەژادی دەبێتە مەسەلەیەکی واقعی سیاسی‌و خۆسەپێنەر. ئەگەر بەوردی تەماشای ناوەڕۆکی دینی ئێرانی( بەهەردوبەشی کوردی‌و فارسی‌یەوە) بکەین یەك مەسەلەی گرنگ دەبینین، ئەویش ئەوەیە کەناوەڕۆکی دینی ئەو وڵاتە( زەردەشتی، ئەهلی هەق، شیعەی دوانزە ئیمام‌و تەسەوف) هەمان ناوەڕۆکی دینی( میهروزەردەشت) واتە( مرۆڤی-خودایی)و فەرهەنگی مرۆڤ گەرایی ئاریایی یە[٢١]، بەڵام بەدەربڕینی ئیسلامی، وەکو دینی نەژادی ئێرانی ماوەتەوەو وڵات‌و دەوڵەتی ئێرانیش بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوون ئەم پرسەدینییە بپارێزن‌و بەردەوامی بکەن.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لەپرسی ئایینی دا هەیە، کەئەویش ئەوەیە هەندێك لەمیللەتان بەهۆی جیاوازی دینی‌یانەوە بوونەتە دوومیللەتی جیاواز، وەکو جیاوازی نێوان سرب‌و کرواتەکان، لە کاتێکدا کەهەردوکیان سەربەیەك نەژادو کەلتوری سلاڤین. سربەکان بەهۆی مەزهەبی ئەرسەدۆکسی‌یەوە لەکرواتە کاسۆلیکەکان جیابوونەتەوەو تاڕادەی جیابوونەوەی ڕێزمان‌و ڕێنووسی زمانیش(سربی بەپیتی سیریلی یان سلاڤی دەنووسن)و(کرواتەکان بە حەرفی لاتینی)[٢٢]. تەنانەت کرواتەکان بەرەو ئەوەدەچن لە کۆمەڵەی زمانی سلاڤیەوە بپەڕنەوە بۆ ناوخێزانی زمانە لاتینییەکان( ئیتالی، فەرەنسی، ئیسپانی، ڕۆمانی‌و پورتوگالی).

سەرەنجام پرسی دینی‌و نەتەوەیی دەبێتە یەکەیەکی پێکەوە گرێ دراوو زۆر جاریش چارەسەرکراو لەلایەن دەسەڵات‌و دەوڵەتی نەتەوەکانەوە بۆ یەك بوون‌وهاوئاهەنگ بوونی سەرچاوەکانی بوون‌و مانەوەی ئەونەتەوە، وڵات‌و دەوڵەتە.

**پێنجەم: ناسنامەی نەتەوەیی "نەتەوەیی بوون" ،هاو وولاتی  و هاونیشتمانی بوون** Patriotism

ئەوەی کەمرۆڤ بەنەتەوەوە دەبەستێت، سەرەڕای بوونی هۆیەکانی نەتەوە بوون، کەدیارە ئەم هۆیانە بوونو مانەوەیان بەتەواوی بەبوونی مرۆڤەکانەوە" گەل" بەندە، ئەگینا زمان، خاك، کەلتوور، نەژادو دینی هاوبەش بەبێ هێزو ئیرادەی گەل ناتوانێت دەورێکی کاریگەر لەسەر بوونو مانەوەی نەتەوەکان ببینێت.کۆکردنەوەی هەموو ئەم پێکهێنەرانە تەنها لەمرۆڤەکاندا ماناوهێز پەیدادەکاتو بەمەش دەوترێت هەستی نەتەوەیی بوون، ناسنامەی نەتەوەییو هاونیشتمانی بوون. ئاشکرایە کەئەم هەستە بەبێ بوونی دەسەلاتی سیاسیودەولەتیش هەیەو دەتوانێت کاریگەری خۆی لەسەر نەتەوە بەجێ بهێلێت، نمونەی کورد. بەلام ئەوەی کەهێزو توانای فراوان دەدات بەم سەربەنەتەوەیی بوونەو دەیکاتە هێزێکی بەردەوامو گەشەکردووو لەمەیداندا ڕاوەستاو، بوونی دەسەلاتی سیاسیو دەولەتە، بەم شێوەیە دەگەینە گرنگترین پێکهێنەری بەهێزی نەتەوە کەدەسەلاتی سیاسیو دەولەتە.





## کاریگەری دەولەت لەسەر نەتەوەکان

لەم بەشەدا لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەڕۆینو دەبینە میوانی ئەوانەی کە لە دوای شۆرشی ١٧٨٩ ی فەرەنسادا، دەسەلاتی دەولەتو ولاتەکانیان بەدەستەوە بووەو بوونەتە سەرداری پرسی نەتەوەو نەتەوایەتی.

دەولەتی نوێی دوای شۆرشی فەرەنسیو پاش ئەوەی بە چەندین ڕێگای جیاواز شێوەی ڕێکخراوو یاسایی وەرگرت، لەلایەن میرنشینە ئەوروپیەکانی سەدەی شازدەو هەڤدە زەمینەی بۆ سازکرابوو. واتە دەولەتی یاساییو ڕێکخراوەی خاوەن دامو دەزگاکانی بەرێوەبردن، یاساییو دادوەری بە تەواوی شتێکی نوێیەو مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ١٩و سەدەکانی پێشوو بە حوکمو دەسەلاتی میراتیو هەرێمەکان دەناسرێتەوە. ئەم هەرێمانە لەگەلّ هەرێمەکانی دیکەوە بە هۆی سنوورە ئاشکراو دیارەکانەوە(چیاکان، رووبارەکان، دەریاچەو دەریاکان، بیابانەکان... هتد) لە یەکتری جیادەکرانەوەو دەسەلاتێکی پێکهاتوو لە هێزو توانای خێلێك، بنەمالەیەك یان خێزانێك هیچ سیفەتێکی نەتەوەیی جیاوازیان لەگەلّ ئەوانی دیکەی دەوروبەریدا نەبووە. بۆ نموونە دەسەلاتی فلورەنسای ئیتالی لەگەلّ دەسەلاتی شارو هەرێمەکانی دیکەی ئیتالیادا جیاوازی نەتەوەیی بەرچاوی نەبووە، ئەوەی جیاوازی سەرەکیو بنەڕەتی ئەم هەرێمە لەگەل هەرێمەکانی دیکەدا بووە، ئەوە بووە کە ئەم (فلورەنسا) لەوانی دیکە بە هێزتر بووە. یان نموونەو هێزی دەسەلاتی پروسیایە لەگەلّ هەرێمەکانی دیکەی ئەلمانیای پێش ١٨٧١ز.

لە دوای شۆڕشی فەرەنساو دروست بوونی دەولەتەکان لە سەر بناغەی نەتەوەییو یەکێتیو یەکگرتنەوەی هەرێمەکان لە ژێر سایەو دەسەلاتی یەك حکومەتو دەولەتی نەتەوەیی داو دەسەلاتی ئەم دەولەتە توانی بگاتە دوورترین هەرێمو دێهاتەکانی ئەو

وولاّته.له ماوەی سەدەی نۆزدەدا گەیشتنو دەسەلاّتی دەولّەت بۆ هەموو هەرێمەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانو ڕێكوپێك گەشەی کردو، هاوولاّتیان لە هەر کوێیەکی ئەو دەولّەته بوونایە نەیان دەتوانی بەدەر لە دەسەلاّتی دامو دەزگاو دەستو پێوەندەکانی دەولّەت ژیان بەسەر بەرن، لە ڕێگای خوێندن، ڕێگاوبان، خزمەتی سەربازی، کارە خزمەت گوزاریەکان، کارو فرمانەکانی هاوولاّتیان بە بوونو بەرژەوەندی دەولّەتەوە دەبەسترانەوە. پەیوەندی توندوتۆلّو بەردەوامی هاوولاّتیان لەگەل دەولّەتدا دوو پرسی زۆر گرنگی هێنایە مەیدانەوەو دەولّەت بۆ چارەسەرکردنو بەرەوپێش بردنیان کەوتە قۆناغێکی نوێوە لە ژیانی خۆیدا.

ا-پرسی یەکەم: دەربارەی ڕێگای هونەریو تەکنیکی بەڕێوەبردنو چاك کردنو بەرەوپێش بردنی ڕێگاکانی حوکمو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ولاّت، هەولّ دان بۆ هێنانەدی ڕێگایەکی جەماوەری ترو گونجاو تر بۆ بە هێزکردنو پەرەپێدانی دەولّەتو ولاّت. بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی دانیشتوان لە دیاری کردنی چارەنووسی جۆرو ناوەرۆکی دەسەلاّتدا، یەکێك بوو لە گەورەترین وەرچەرخانەکانی پرسی هاوولاّتیانو دەولّەت. هەموو هاوولاّتیەك بەبێ جیاوازی لەرەگەزوتەمەن دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بەحکومەتو حکومەتیش ناچار دەبێت لە داواکاریو بەرژەوەندییەکانی دانیشتوان بچێتە پێشەوەو بوونی ئەوان لە بەرچاوبگرێت. هەلّبژاردنی گشتی جەماوەری، ڕیفراندۆمەکان بۆ دیاری کردنی شێوەو دامو دەزگاکانی دەسەلاّت، دەستوورو یاساکان گەورەترین گۆڕانکاری ئەم دوو سەدەیەی دواییو بەرادەیەك ئەم مەسەلەیە چۆتە پێشەوە کە جیاکردنەوەی دەسەلاّتو هاوولاّتیان کارێکی هەروا ئاسان نییە، لە کاتێکدا جیاوازیو جیاکردنەوەی دەسەلاّتی میرایەتیو هەرێمەکان لەگەلّ"ڕەعیەتەکانی" ئەو هەرێمەدا هەموو کاتێك دەتوانرا بەڕێوەبرێ. واتە بەدی هێنانی زاراوەی"هاوولاّتی" "هاونیشتمانی" لەگەلّ پەیدابوونی دەولّەتی نوێی دیموکراتی دا هاو کات بووە.





ب-پرسی دووەم: پرسی"نیشتمانی بوون"و پارێزگاری لە وولاّتو "ولاّت پارێزی" لە دوای سەردەمی دیموکراتیو هەلّبژاردنو دیاری کردنی شێوەو چارەنووسی دەسەلاّتو دەولّەت لە لایەن جەماوەرەوە هۆیەکی دیکەی زیاد کرد بۆ پێکهێنەرەکانی نەتەوە= دەولّەت= گەل کە ئەویش پرسی نیشتمانی بوونو پارێزگاریيە لە دەولّەتو ولاّت. پێش ئەم مێژووە مرۆڤەکان، جەماوەر بە میرایەتیو هەرێمەکان دەناسرانەوە. لەلای کورد بابانەکان، سۆرانەکان، ئەردەلاّنەکان، بۆتانەکان... هتد، نەك کوردەکانو کوردستانیيەکان. لە لای ئەلّمانەکان پرۆسییەکان، سەکسۆنییەکان، کۆلّۆنییەکان، نەك ئەلّمانەکانو خەلّکی ئەلّمانیا. ناساندنی مرۆڤەکان، میللەتەکانو نەتەوەکان بە سنوورو چوارچێوەی دەولّەتی ناسراوو ڕەسمی بەرەو پێشەوە چوونێکی گرنگی لەم زەمینەیەدا هێنایەدی. پێکەوە بەستنی هەردوو مەسەلەی بەشداری کردنی جەماوەر لە دیاری کردنی شێوەو چارەنووسی دەولّەت و نیشتمانی بوونو ولاّت پارێزی قۆناغێکی گرنگو چارەنووس ساز لە پرس نەتەوەو دەسەلاّت دا بهێننەدیو زاراوەکانی"دیموکراتی بوون"و"هەلّبژاردن"و حکومەتی خەلّكو نەتەوە بۆ فەرهەنگی نەتەوەکان زیاد بکەن. لە دوای پێك هاتنی دەولّەتی نەتەوەییو گەشەکردنی بەرەو دیموکراتی بوون،پێکهێنەری نیشتمانی بوون لە سەر بنەمای دەولّەت بووە بەهێزترینو کاریگەرترین پێکهێنەری نەتەوەکانو توانی لە هەموو پێکهێنەرەکانی دیکەی نەتەوە کاریگەری زیاتری هەبێتو تەنانەت بتوانێت کارێکی وا بکات کە ئەو هۆکارانە بەهێزترو فراوان تر بکاتو زەمینەی جەماوەریو نیشتمانی بوون بۆ ئەو کاریگەرانە زیاد بکات.

هەر بە هۆی نیشتمانی بوون Patriotism دەولّەتی سەردەمی شۆڕشو لیبرالیزمو نەتەوایەتیو دیموکراتی دەیتوانی بمێنێتەوەو بەردەوام بەرەوپێشەوە بچێتو تەنانەت بتوانێت لە جەنگەکانیشدا پارێزگاری لە خۆی بکات. نیشتمانی بوون لە دوای ئەم مێژووە بە جۆرێك بەهێزو پیرۆز ببو کە وەك جان جاك روسۆ دەلّێ بە "دینی

شارستانی" ناوبریَت و ببیَتە یەکیَك لە بەهیَزترین و فراوانترین زەمینەی مانەوەو بەهیَزبوونی نەتەوە= دەولّەت= گەل.

کاریگەری دەولّەت لەسەر خاك و زمان، وەکو دوو پیَکهیَنەری گرنگی نەتەوەکان لە ریَرەوی پەیدابوون و بەهیَز بوونی دەولّەتەکاندا، بەردەوام ئاشکرا بووە. بۆ نموونە ئەوە چیە کە خاکی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تەنیشتی جیا دەکاتەوە، بیَجگە لە دەسەلاّتی دەولّەت، سنوورو قەلّەمرەوی جوگرافی ئەو دەسەلاّتە سیاسییەی نەتەوە نەبیَت. وەهەروەها کاریگەری دەولّەت لە سەر زمان بە ئاقاری یەك بوون و هاوتابوونی زمانی تەواوی پارچەکان و هەریَمەکان و یەکگرتنی شیَوە زمانەکانە لە بۆتەی یەك زمانی ئەدەبی_رەسمی یەکگرتوودا.

دیموکراتی بوونی دەولّەت و بوونی دانیشتوان لە رەعیەتەوە بە هاوولاّتی، دەبیَتە هۆی بەرهەم هیَنانی هۆشیاری میللی لە نیَو جەماوەردا، کە لە هۆشیاری نەتەوەیی بوون، سەر بە زمان بوون و خاك بوونیش گرنگترە تەنانەت لە هەستی ئایینی و مەزهەبیش گەورەترە. چونکە لیَرە بە دواوە ولاّت و تواناکانی دەبن بە بە شیَك لە خەلّك و بەرژەوەندی خەلّك و ولاّت جیاناکریَتەوەو لیَرەوە شانازی نیشتمانی و خۆشەویستی خاك، زمان و ئالاّو خۆفیداکردن لە پیَناوی ئەو بە هایانەدا دەبیَتە ئەرکیَکی نیشتمانی و پیرۆز. لەمەش گرنگتر جیابوونەوەی هاوولاّتیانی "ئیَمە" لەگەلّ "ئەوان" مانایەکی واقیعی و رۆژانە پەیدا دەکات و بەم بۆنەیەوە تۆمسبۆن دەلّیَت:"خەلّکی ئینگلیزی بە ئازادی لە دایك دەبیَت، کە ئەمەش هیَماو شانازییە بۆ میَژوویی بوونی ئازادی و دیموکراتی لە بەریتانیادا (اریك هوبزباوم_الامم والنزعه القومیه ص٩٣ ) بۆ سەلماندنی زیاتری ئەم مەسەلەیەو پەیوەست بە ولاّت و نیشتمانەوە، تەنانەت بزووتنەوە چینایە تیەکانیش نەیان دەتوانی لە پرسی نیشتمانی بوون بیَ هەلّویَست بن یان دژ بن. زۆربەی زۆری ئەو بزوتنەوانە لە پالّ داواکارییە گشتییەکانی جەماوەردا وەك چاك کردنی هەلومەرجی کارکردن، کەم کردنەوەی سەعاتی کار، زیادکردنی کریَ و چاك کردن و فراوان کردنی





رای گشتی، یەکیَك لە سیفەتە بەردەوامەکانیان نیشتمانی بوون و سەربە ولاّت بوونە نموونەی ئەمانەیش بزوتنەوەی یەعقوبییەکانی فەرەنساو شارتییەکانی بەریتانیاو تەنانەت بەشیَکی زۆری بزووتنەوە سۆسیالسیتیەکانی سەر بە مارکسیزمیش.

یەکیَکی دیکە لە کاریگەرییەکانی دەولّەت لە سەر پرسی نەتەوەو نیشتمان، پەیوەندییە ئابوریەکانە. بەبیَ بوونی دەسەلاّتی سیاسی و دەولّەتی ناوەندی قسەکردن لە بازاری هاوبەش و ئابوری هاوبەش کاریَکی مەحالّە یان هیچ نەبیَت گرانە. مەبەست لەوەیە، لەوانەیە نەتەوەیەك وەکو نەتەوەی کورد پیَش ئەوەی خاوەنی دەولّەت بیَت بتوانیَت هەندیَك رەوشی ئابوری"لاواز" لە سەر ئاستی نەتەوە بەریَوەبەریَت و بتوانیَت ژیانیَکی ئابوری هاوبەشی لاوازو بازاری هاوبەش و گوزەرانی هاوبەشیش بهیَنیَتە دی، بەلاّم ئەوەی کە ئەم بە هیَزو هاوتا"منسجم" دەکات لە سەر تاسەری ناوچەکانی نەتەوەدا، تەنها دەسەلاّتی سیاسی و ئابووری دەولّەتە. دەولّەت لەریَگای پاراستنی سنورەکانەوە، بە هۆی بریارو یاسا ئابورییەکانەوە، بە هۆی ریَکخستنی کەنالّی ئابووری(واتە ریَکخستنی هۆیەکانی بەرهەم هیَنان زەوی، سەرمایە، هیَزی کارکردن و بەرنامە ریَژی ئابووری) وە دەتوانیَت هەموو هۆیەکانی بوونی بازار، نرخ"بەهاکان"، راگرتنی ژیانی هاوبەشی ئابووری، یەکیَکی دیکە لە بەهیَزترین هۆیەکانی گەشە کردن و ماناوەی نەتەوە= دەولّەت= گەل بخاتە فەرهەنگ و زەمینەی نەتەوەوە. لیَرە بە دواوە دەتوانین بە تەواوی زاراوەی گەل"الشعب" تیَ بگەین. چونکە گەل هەمان نەتەوەی کارتیَکراوە لە لایەن دەسەلاّتی سیاسی و ئابوریەوە، واتە نەتەوە دوای بوونی دەولّەت و بازارو ئابوری هاوبەشەوە، دەبیَتە گەل، گەلیش هەمان نەتەوەیە بە پیَناسەی سیاسی- ئابوری.

دەولّەت لە ریَگای ئەو دەسەلاّتانەی کە باسمان کردن، دەسەلاّتی سیاسی و ئابوری و نەتەوەیی دەبیَت کاریَکی دیکەی گرنگ بکات ئەویش هەولّ دانە بۆ نزیك کردنەوەو هاوتا کردنی ناوچەکان و رەوشی نەژادی و کەلتووری ولاّت. یەکەمین کار لەم زەمینەیەدا

لە ڕێگای پەروەردەو فێرکردنی خوێندنگاکانەوە دەبێت. کردنـەوەی دامو دەزگـای رەسمـی بۆ گرنگی دان بە کەلتورو کەلەپورو داب‌و نەریتە باشەکانی نەتـەوە. ئـەم کـارە هـەر لـە خوێندنی سەرەتاییەوە تا دەگاتە پەیمانگاو زانکۆکان‌و تا دەگاتە خوێندنی باڵاو پسپۆری دەبێتە کارێکی بەردەوامی دەوڵەت‌و لەم ڕێگەیەشەوە یەکێکی دیکە لە پێکهێنـەرەکانی نەتەوە( نەژاد- کەلتور) بەرەو بەهێز بوون‌و فراوان بوون‌و هاوتا بـوون دەچـێت لـە سـەر ئاستی نەتەوە= دەوڵەت= گەل.





## پەراوێزو سەرچاوەکان

(١) ی، ئـی، فاسـیلیەڤا-کوردسـتانی خـوارووی ڕۆژهـەڵات، لەسـەدەی حەڤـدەوە تاسەرەتای سەدەی نۆزدە.وەرگێڕانی د.ڕەشادمیران- هەولێر١٩٩٧

(٢) د.پەیروز مجتهدزادە، هویت ایرانی دراستانه سده بیست‌ویکم، **مجلة اطلاعات سیاسی- اقتصادی شماره ١٢٩-١٣٠ ل١٢٤**

(٣)**والتـــر بـــاگهوت، الفیزیـــاء والـــسیاسة .لنـــدن ص٢٠** Nation-biulding.

(٤)**جوزیف ستالین: المارکسیة والمسالة القومیة والکولونیالیة ، ١٩١٢ ص٨**

(٥)**ارنست رینان،ماهي الامة؟ وەرگیراو لە کتێبی: الامم والنزعة القومیة، اریك هوبسباوم، ص١٣ .**

(٦) **اوتوباور: المسالة القومیة والاشتراکیة–الدیموقراطیة ١٩٢٤ .**

(٧) **اریك هوبسباوم، الامم والنزعة القومیة. ص١٦**

(٨) بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئـەم بابەتـە ئـەم دوو ووتەیـەی دوو زانـاو تێکۆشـەری پرسی نەتەوایەتی پیشان دەدەین:

ماسیمو دازیلیو: ئێمە ئیتالیامـان دروسـت کـرد، ئێـستاش دەبێـت ئیتالیاییـەکان بنیات بنێین.

کولونال بیلسودیسکی (رزگاری بەخشی پۆڵۆنیا):

دەوڵەت دەتوانێت نەتەوە دروست بکات، نەك بەپێچەوانەوە.

بڕوانە. **الامم والنزعة القومیة**، اریك هوبسباوم"هوبزباوم"

٩-جون ستیوارت میل:نظریة المعرفة والحریة والحکومة النیابیة ص٣٩٥

١٠-لوسیان جوم: الخطاب الیعقوبی والدیمقراطیة، باریس ١٩٨٩ ص٤٠٧

١١-اریك هوبزباوم: الامم والنزعة القومیة.

١٢-کوردستانی نوێ، ژمارە ١٨٦٩ ل٢ ،٥/٧/١٩٩٩ پرسیارێك لەناوبراو لەبارەی ئەگەری بەرپابوونی دەوڵەتی کوردی لەباکوری عێراق دا.

١٣-اریك هوبزباوم: عصر الثورة ١٧٨٩-١٨٤٨، لندن ١٩٦٢، ص٩١

١٤-مولیناری: موسوعة العلوم السیاسیة، الامم في الاقتصاد السیاسي.

*بۆ شی کردنەوەی زیاتری ئەم ڕستەیە پێك هێنەرە میللیەکانی نەتەوایەتی، دەڵێین کەئەم توخمە پێك هێنەرانە تەنها لەحاڵەتی بەردەوام بوونو گەشەکردندا واتە (گۆڕان) دەتوانن ماناو هێزپەیدا بکەنو کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی نەتەوەکان هەبێت، چونکە ئەمان وەکو هۆکارێکی نەگۆڕ ناتوانن کاربکەنو بۆیەش ووشەی میللیمان بۆ ئەو توخمانە زیادکردووە، تائەو هێزو مانایانە لەخۆیاندا کۆبکەنەوە.

١٥.ئەریك هۆبسباوم، الامم والنزعة القومیة ص٥٩

١٦.اریك هۆبسباوم، هەمان سەرچاوە ص٦١

١٧.هەمان سەرچاوە، ص٦٣

١٨.هەمان سەرچاوە، ص٦٥

١٩.محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، بەغداد ١٩٨٤

٢٠.د. پیروز مجتهد زادە، هویت ایرانی در استانە سدە بیست ویکم، مجلة اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شمارە ١٢٩-١٣٠

٢١.هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٢.اریك هوبسباوم، الامم والنزعة القومیة ص٦٩

## پەڕینەوە بۆ سەردەمی نەتەوایەتی

بۆ ئەوەی بتوانین لە هەڵسەنگاندنی پرسەکانی ئێستادا (کە نەتەوایەتی پرسێکی بەهێزی ئەم سەردەمەیە) سەرکەوتوو بین. پێویستمان بە ڕێبازێك (میتۆد) دەبێت بۆ ناسینو لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردەیە. ئەو ڕێبازە دەتوانێت سەرەتایەکی باش بێت بۆ شارەزابوونی هەموو لایەنەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگی ئەو پرسەو پاشان هەر گۆڕانو پێشکەوتنێك یان (وەرچەرخاندنێك !) بەسەر ئەو پرسەدا بێت، دەبێت ئەو ڕێبازە پێی ڕابگاتو دوا نەکەوێت لە کاروانی ئەو پێشکەوتنە. بۆئەوەی بەڕاستی ببینە خاوەن دیدو ڕوانگەیەکی تەواو زانستیو هاوچەرخ سەبارەت بە نەتەوەو نەتەوایەتی، دەبێت بزانین کە مێژووی ئەو دیاردەیە چۆنەو لەو مێژووەدا ئەو تەواوکاریو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتووە شارەزابین، چونکە مێژوو پرۆسەی دروست بوونو هەڵبژاردنو دووبارە دروست بوونو هەڵبژاردنەو بۆیە دەبێت ئێمە بەرێگای پرۆسەی دروست بوونو هەڵبژاردنی نەتەوەکاندا بڕۆینو ئەوسا تێ دەگەین کە سەردەمەکانی نەتەوە، سەردەمی سروشتی، سەردەمی مێژوویيو سەردەمی نەتەوەی خاوەن هێزو دەسەڵات چ مانایەك دەگەیەنیو لەهەر یەکێك لەسەردەمەکاندا پرۆسەی دروست بوونو هەڵبژاردنو دووبارە پێك هاتنو هەڵبژاردنی نەتەوەکان بە کوێ دەگاتو ئێمەش لەو گۆڕانکارییانەدا دەبینە خاوەنی چ دیدو ڕێبازێك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پرسە؟

یەکەمین زاراوە لە فەرهەنگی نەتەوایەتیدا، هەر وەکو زۆربەی ئەسنۆلۆجیست (نەژادناس)و ئەسنۆگرافیەکان١ باسی دەکەن، زاراوەی نەژادە (Ethnos) کە زاراوەیەکی گریکییەو بەم شێوەیە پێناسە کراوە: Ethnos (نەژاد) کۆمەڵە خەڵکێکن





کە لە مێژوویەکدا لەسەر خاکێك جێگیربوونو خاوەنی چەندین تایبەتمەندی هاوبەشن لە زمان، فەرهەنگ، ڕەوشی سایکۆلۆژیو ئابوریو هۆشیاری دەربارەی خۆیان. دیارە ئەم پێناسەیە (پێناسەیەکی) گشتییەو مەرج نییە هەموو نەژادەکان دروست هەموو ئەو سیفاتانەیان تێدابێتو یان لە هەموو قۆناغەکاندا (ئەو نەژادە) بەو شێوەیە بێت. بۆ ئەوەی باشتر لەوە شارەزابین، دەبێت بزانین قۆناغەکانی گەشەکردنی نەژاد کامانەن.

### قۆناغی یەکەم، سەردەمی خێڵ (هۆز):

- پەیوەندی سەرەکی بۆ پێك هێنانی خێڵ، پەیوەندی خوێنو خزمایەتییە، کە دیارە ئەو خێڵە لە چەندین خێزانی هاوخوێنی یەکتر دروست بووەو کۆبوونەتەوە.
- نەبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتیو چینایەتی. واتە ئەم قۆناغەی نەژاد هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی کۆمۆنەی سەرەتاییو قۆناغی کۆکردنەوەی بەروبومی درختەکانو ڕاوو تەنانەت بەشێك لە ئەسنۆگرافیەکان دەڵێن کە ئەم سەردەمە نەبوونی دابەش کردنی کاریش بەرچاو دەکەوێتو هەر بۆیە تەما شادەکەین کە جیاوازی کۆمەڵایەتی، بەدی ناکرێت.
- خێڵ، دەبێت هۆیەکیان هەبێت بۆ پەیوەندیو لێك تێگەیشتنیان، واتا پەیدابوونی زمان، کە زمان هەم ئامرازی پەیوەندی نێوان تاکەکانو هەم هۆیەکیشە بۆ بیرکردنەوە[٢]. زانای گەورەی ئەڵمانی هیگل دەڵێت: "پەیدابوونی زمانو نەژادەکان زۆر لە مێژوو کۆنترەو لەگەڵ سەردەمی ئەفسانەکاندا (میسۆلۆژیا) پەیدابووە"[٣]. لێرەدا ئاماژەیەکی گەلێك گرنگمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەویش ئەوەیە، یەکێك لە کۆڵەکە گرنگەکانی نەتەوایەتی سەردەمی ئێستاش کە زمانە، پەیدابوونەکەی زۆر کۆنەو تەنانەت لەپێش مێژوودا هاتۆتەکایەوەو بەو بۆنەیەوە بڕوای وا هەیە کە دەڵێت: "بوونی نەتەوەکان بەرادەی مێژوو کۆنە"[٤]، یان بڕوای پێچەوانەی کە دەڵێت: "نەتەوە پێکهاتەی ئابوری، کۆمەڵایەتیو سیاسی سەردەمی سەرمایەدارییە

(پیشەسازی)"[٥]. من ئەو دوو نمونەیەم بۆیە هێنایەوە، بۆ ئەوەی پیشانی بدەم کە خۆبەستنەوە بەیەکێك لە پێناسەکانەوە دەبێتە کارێکی کەمو لاواز، چونکە وەکو زانیمان بەشێك لەسەرچاوەو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکان زۆر لەسەرمایەداری، دەرەبەگایەتیو تەنانەت کۆیلایەتیش کۆنترن، بۆیە ناکرێت نەتەوەکان تەنها بە پێکهاتەی (دیاردەی) سەردەمی پیشەسازیو سەرمایەداری لێك بدرێتەوە، هەروەها پەیدابوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیش کە سەرەتاکەی بە بزووتنەوەی زیندووکردنەوەی زمانە نەتەوەییەکان لەبەرامبەر زمانی دینیدا دەستی پێکرد هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی چینی سێیەم (بۆرژوازی)و پەیدابوونی سەرمایەداری. با زیاتر.

- کەمی یان زۆری دانیشتوان کارناکاتە سەر ناوەرۆکی هۆزایەتی. لەوانەیە هۆزێك لە ملیۆنەها کەس تێپەڕ بکاتو هۆزێك چەند هەزارێك یان چەند سەدێك بێت.
- ڕەوشی فەرهەنگیو سەرخانی فکری ئەم قۆناغە دووپێك هێنەرو سەرچاوەی گرنگی هەیە، کە یەکەمیان داب نەریتی ئەو خێڵەیەو دووەمیان ئەفسانەکانە کە هەردوو کێشیان لە سروشتو گوزەرانی خۆیانەوە پەیدابووەو واتە هێشتا مرۆڤ لەم قۆناغەدا لە سروشت جیانەبۆتەوەو سروشت بەتەواوی کاریگەرو بەهێزە لەسەربوونو پێك هاتنی ئەو نەژادە. (سەردەمی سروشتی نەژاد"خێڵ").
- لەوانەیە ئەو خێڵە (یان خێڵەکان) بتوانن دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان بنیات بنێنو خێڵ دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ پەیدابوونی دەسەڵاتو ڕەوایی شاهۆزەکان "ملوك الطوائف"، یەکەمین کۆبوونەوەی خێڵو یەکەمین پێك هاتنی گوندەکانو دەسەڵاتەکان پەیدا دەبێت هەرچەندە لەم سەردەمەدا خاك ناتوانێت ببێتە (سەرچاوەیەکی بەهێز) بۆ پێك هاتنی نەژادەکان، چونکە لەوانەیە زۆربەی خێڵەکان کۆچەر بنو هێرشو داگیرکردنی خێڵەکانیش بۆ سەر یەکتری ناهێڵێت جێگیربوونێك لەسەر خاك، سەربگرێت.





- ئەم قۆناغە، قۆناغێکی ناجێگیرە، بەدوو مانا، یەکەمیان دەبێت خێڵ بەرەو قۆناغی ئایندە هەنگاو بنێتو دووەمیان زۆر لە خێڵەکان دابەش دەبن بۆ چەند نەژادێکی جیاواز یان چەند نەژادێکی جیاواز یەکدەگرن بۆ پێك هێنانی نەژادێکی دیکە یان خێڵێکی بەهێز تر.

ئەو ناوانەی کە لەم سەردەمەدا بەرچاومان دەکەوێتو لەوکاتەدا لە کوردستاندا ژیاوون ئەمانەیە: گۆتییەکان، لۆلۆییەکان، سکاییەکان، میهرییەکان، خۆرییەکان، هیتییەکان، ئیلامییەکان. لەم سەردەمەدا ڕەوشی فەرهەنگی وڵاتی ئێمە لە ئەفسانەکاندا ماوەتەوەو ئەم ئاماژانەمان بەرچاو دەکەوێت لە ناوچەی کوردستانی ناوەندو خۆرهەلاتدا خواوەندی (کەل ئاهورا) خواوەندی زاناییو ڕوناکی پەرستراوە کە ناوی کەڵهورەکان لەمەوە ماوەتەوە. لە باکوری خۆرهەڵاتی کوردستان لە (ورمێ) بابە ئاسمان پەرستراوەو دایە زەوی لە باشوری کوردستان. واتە قۆناغی خێڵ کە سەردەمی بەهێزی ئەفسانەکانە، بوونی چەند خواوەندێك- تعدد الآلهة Poly theism بەرچاو دەکەوێت.

**قۆناغی دووەم، قۆناغی میللەت (الاقوام):**

- پەیدابوونی میللەت لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند خێڵێکدا وەکو بەرەنجامی یەکێتیو بەرژەوەندی هاوبەش یان لە ترسی دوژمنی هاوبەش. لە کوردستاندا یەکگرتنی گۆتیو لۆلۆییو بۆ پێك هێنانی میللەتو دەوڵەتی (ماننا)و پاشان یەکگرتنی (سکایی، میهری، ماناو مادو خێڵەکانی دیکەی زاگرۆس) بۆ پێك هێنانی میللەتی مادو دەوڵەتی میدیا.
- پەیدابوونی پەیوەندی هەرێمایەتیو ناوچەیی (خاك) لە جیاتی پەیوەندی خوێنو خزمایەتی. لێرەدا (خاك) دەبێتە سەرچاوەو پێك هێنەرێکی گرنگی پەیدابوونی قۆناغی نوێی نەژاد. شارەکان بنیات دەنرێتو ئەم سەردەمە دەبێتە سەردەمی

دەسەڵاتی (دەوڵەتی-شار). لە وڵاتی کوردستان، یەکەمین شارو یەکەمین دەوڵەتی شار، دەوڵەتی هەمەدان بوو، لەلای عەرەبەکان دەوڵەتی مەدینە (یەسروب)، یۆنانییەکان دەوڵەتی ئەسیناو لەلای یەهودەکان دەوڵەتی ئیسرائیل (ئۆرشەلیم)و ئاشورییەکان دەوڵەتی (نەینەوا).

- دەرکەوتنی جیاوازی کۆمەڵایەتیو چینایەتی. ئەم قۆناغەی نەژاد، قۆناغی سەردەمی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتیە، ئەوەی کە مێژووی زانراو (نووسراو) بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەم قۆناغە تا ئێستا گەورەترینو درێژترین قۆناغەکانی نەژادە. پەیدابوونی گرنگی خاك، پەیدابوونی جیاوازی ئابوریو دەسەڵاتی ناوچەییو دامەزراندنی شارە (سیاسییەکان) کە دەبێتە مەڵبەندی هەموو کاروبارەکانی دەوڵەت، پێویستی بەیەکگرتنی زمانیو فەرهەنگی هەیە بۆیە دەبینین:
- پەیدابوونی زمانی هاوبەش، زمانی رەسمیو دەسەڵات کە زمانی گەورەترینو بەهێزترین خێڵەو زمانی خێڵەکانی دیکەش دەبێتە شێوە زمان (زاراوەکان). پەیدابوونی رەوشی فەرهەنگیو دینی یەکگرتوو، سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی- **التوحید** Mono theism-و بەهێزبوونی دینەکانو کۆبوونەوەی میللەتان لەدەوری دەسەڵاتو دینەکان (دەوڵەتی شار). نموونە، کۆبوونەوەی یەهودەکان لەدەوری دینی ئیسرائیل، کۆبوونەوەی ئەسیناو یۆنانییەکان لە دەوری گەورەی خواوەندەکان (thios)، کۆبوونەوەی کوردەکان (میدیا) لەدەوری دینی زەردەشتی، کۆبوونەوەی خێڵە عەرەبەکان لەدەوری دینی ئیسلام. ئەم سەردەمە هەروەکو مارکس دەڵێت:

"یەکێتیو بەرژەوەندیو دەسەڵاتی هاوبەش لەسەر زەوی پێویستی بەرەنگدانەوەیەکی دینی دەبێت، کە ئەویش یەکێتیو یەکبوونی خودایە لە ئاسمان"[٦].

- ئەم سەردەمە، دوو سەرچاوەی بەهێزو گرنگ بۆ رەوایی دەسەڵاتەکانو دەوڵەتەکان پەیدادەبێت، یەکەمیان سەرچاوەی دینو رەواییو پیرۆزی پشتیوانی دینەکانە بۆ





دەسەڵاتەکانو تەنانەت بەهۆی هێزی دەوڵەتەوە زمانی دینی دەبێتە زمانی دەسەڵاتو زمانی میللەتەکان. زمانی گۆرانەکان (ماگەکانی دینی زەردەشتی) دەبێتە زمانی بەشی هەرەزۆری وڵاتی میدیا، زمانی تەورات دەبێتە زمانی یەهود، زمانی قورئان دەبێتە زمانی عەرەبەکان، بەڵام زمانی رۆمانی دەبێتە زمانی کەنیسەی رۆمانی (کاسۆلیکی)و لەریگای ئەویشەوە دەبێتە زمانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی هەتا سەرهەڵدانی رێنیسانسو بەهێزبوونی زمانە نیشتمانیو ناوچەییەکان. دووەمیان پەیدابوونی بنەماڵە بەهێزەکانو دەسەڵاتدارەکانە کە پاشان دەبێتە سەرچاوەیەكو رەواییەك بۆ دەسەڵاتە پشتاو پشتەکانو پادشاییەکان. ئەم رەوشە بەردەوام دەبێت لە هەردوو سەردەمی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتیو هەتا سەرهەڵدانی چینی ناوەند (بۆرژوازی)و پەیدابوونی سەرچاوەیەکی دیکەو بەهێز تر بۆ دەسەڵاتو رەوایی کە ئەویش نەتەوەکانو دانیشتوانەکانو لێرەوە نەتەوایەتی پێ دەنێتە سەردەمی بەهێزو جێگیرو بەردەوامی خۆی هەتا ئێستا.

- لەم سەردەمەدا، سەردەمی میللەتەکان، واتە سەردەمی کۆیلایەتیو دەرەبەگایەتی، بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین سەردەمی ئیمپراتۆریەکانە، کە ئەویش دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی بەهێز(یان چەند بنەماڵەیەکی بەهێز) بە پشتیوانی دینو مەزهەبەکان دەتوانێت بەشێکی زۆری وڵاتانو ناوچەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتو قەڵەمرەوی خۆیەوە، جالەوانەیە هەندێك لە میللەتەکان کە بەشێکن لە دەسەڵات، میرنشینی ناوچەیی بۆ خۆیان پێك بێنن، کە دیسان ئەوانیش بە پشتیوانی بنەماڵەو دینەکان (مەزهەبەکان) دەتوانن دەسەڵاتی پشتاوپشت بەدەست بهێنن. نموونەی ئیمپراتۆریاکان، یۆنانی، رۆمانی، میدیا، هەخامەنشی، ساسانی، ئیسلامی (ئەمەوی، عەباسی، سەفەویوعوسمانی)، ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ (نەمسا- مەجەر)، نموونەی ئەمارەتەکان(شەدادی، رەوادی، مەروانی (دۆستەکی)، بەرزیکانی، ئەردەلانی، بۆتان، بابان، سۆرانو بەهدینان لە وڵاتی کورداندا)و بوونی

دۆقیەو دەسەڵاتەکانی سربیا، چیکیا، سلۆفاکیا، پۆڵۆنیاو پروسیاو سەکسۆنیاو کۆڵۆنیا لە ولاتانی ئەوروپا کە لەناو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریاکانی روسیا، هابسبۆرگو ئیسپانیادا وەکو ئەمارەتەکانی لای خۆمان، دەسەڵاتیان هەبوو.

- یەکێکی دیکە لە سیفاتو تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە بەشی زۆری دەسەڵاتو ئیمپراتۆریەکان لەوانەیە سەر بەو میللەتو وڵاتە نەبن، لە ئێران دا لەدوای داگیرکردنی عەرەبی ئیسلامییەوە زۆربەی دەسەلاتەکان (بێجگە لە دەسەڵاتی زەندیەکان) هیچیان ئێرانیو فارس نەبوونو بەشی هەرە زۆریان تورکو تورانی بوون. دەسەڵاتی ئال رۆمانوف لەروسیا روسی نەبوونو هیچ کاتێك لەنێو خۆیان دا بە روسی نەدواون (بە فەرەنسی قسەیان کردووە)، تائێستا ئاشکرانەبووە کە دەسەڵاتی ئال بۆربۆنی فەرەنسا فەرەنسی بوون یان نا، دەسەڵاتی بریتانیای مەزن لەسەدەی یانزە تا سەدەی حەڤدە سەر بە میللەتو وڵاتی بەریتانیا نەبوون[٧]. پاشان بەڕێوەبەرانو فەرمانبەرانی دەسەڵاتیش هەر بەو شێوەیەو تەنانەت سوپاو لەشکرەکانیش تێکەڵاو بوون لە میللەتانی جیاواز، چونکە ئیمپراتۆریاکان پێویستییان بە هەرچی زیاتر هێزی داگیرکردن هەبوو.

ئەم سەردەمو قۆناغە، دیسان یەکێتییەکی ناجێگیرە، هەربەهۆی ئەوەی کە تەواوبوونی ئەم یەکبوونە تەنها لە قۆناغی ئایندەدا، کە قۆناغی نەتەوەیە، بەرەو پێگەیشتنو جێگیربوون دەچێت، یان لەوانەیە ئەو میللەتە (ئەو قۆناغە) بەرەو نەمان بچێت هەروەکو چۆن ئاشوریەکان بەرەو نەمان چوون لەکاتێکدا کە خاوەنی بەهێزترین میللەتو دەوڵەتی باکوری خۆرهەڵاتی ناوەراست بوون، یان چۆن یۆنان لەدوای داگیرکردنی ئەسینا لەلایەن بەربەرەکانەوە بەرەو لاوازیو نەمان چوون، کوردەکان (میدیا) هەر بەو شێوەیە، میللەتو دەسەڵاتی یەهودو ئۆرشەلیم بەدنیادا تەفروتوناکرانو هەموو سەرچاوەو جێگیربوونێکیان لێ سەندن. یان لەوانەیە نەژادێك دابەش ببێت بۆ چەند نەژادێکی دیکەو چەند نەتەوەیەکی دیکە، هەروەکو چۆن روسەکان





(وشەی روس بەمانای رەسەن یان نەژاد بەکاردێت، ئێستاش وشەی Race لە زمانە ئەوروپییەکاندا بۆ نەژاد بەکاردێت) بوونە سەرچاوە بۆ پێك هاتنی (روس، ئۆکراین، جیۆرجی، بیلۆروس، لاتفی، ئیستۆنی، مۆلدافیو پۆڵۆنی). یان چەند میللەتێك یەکدەگرن بۆ پێك هاتنی نەتەوەیەکی دیکە (یەکگرتنی جاویو مادۆریو ساندی بۆ پێك هاتنی نەتەوەی ئیندۆنیسیا) یان یەکگرتنی نەژادیو ناسنامەیی میدیاو کۆردۆئین بۆ سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد.

**قۆناغی سێیەم، سەردەمی نەتەوە** (Nation).

لە ئەنجامی گەشەکردنو بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکانو سەرهەڵدانی چینی ناوەند (بۆرژوازی)و پەیدابوونی سەرمایەداری هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی نەتەوەدا. چینی سەرمایەداری، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایەو یەکگرتنی ئەم سەرمایەیە لەگەڵ پیشەوەریدا (مانیفاکتۆرەو پەیدابوونی شۆڕشی پیشەسازیو شۆڕشی زانستیو ئاشکرابوونی هێزی هەڵم) چینێکی جیاواز لە دەرەبەگو لەرەعیەت (جوتیار) پەیدابوو، واتە چینێك کە بەشدارنییە لە پەیوەندی ئابوری سەرەکی قۆناغدا (دەرەبەگەکان باجی زەوییان دەسەند، جوتیارەکان باجیان دەدا) ئەمان هیچکام لەو دوو چینە نەبوون، ژیانو مانەوەو بەهێزبوونو دەوڵەمەندبوون یان لە دەرەوەو سەربەخۆ لەو پەیوەندییە بەردەوام دەبوو. ئەم چینە لەگەڵ بەهێزبوونی، پێویستی بە دەسەلاتو دەوڵەت هەبوو، دەرەبەگەکانیش لە دژی ئەوان کاریان دەکرد، یان دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی رێگرێکی گەورە بوو لەبەردەم دەسەڵاتی چینی تازە پێگەیشتوودا. هەروەکو باسمان کرد لە قۆناغی دووەمدا سەرچاوەی رەواییو دەسەڵاتی دەرەبەگو ئیمپراتۆریاکان، دوان بوو یەکەمیان دەسەڵاتی بنەماڵەکانو دووەمیان دەسەڵاتی دینو مەزهەبەکان (لە ئەوروپا کەنیسەی رومانی (کاسۆلیکی)، لە روسیا کەنیسەی ئەرسەدۆکس، لە ئێران مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمام، لەلای عەرەبو

تورك مەزهەبی سوننە، لە كوردستانی باشور (بابان) تەریقەی تەسەوفی قادری) دیارە چینی نویّ هیچ كام لەم دوو سەرچاوەی پیرۆزیو رەوایی نییە بۆ دەسەلآت،تاكە سەرچاوەیەك بۆ دەسەلآتی ئەم چینە دەبێتە دەسەلآتێكی بەهێز تر لەو دوانە، هەر چەندە تا ئەم سەردەمە هیچ هێزێكی پێ روا نەبینراوە، كە ئەویش هێزو سەرچاوەی خەلّكو دانیشتوانەو لێرە بەدواوە وتارەكان رووی دەكرێتە خەلّك، خەلّك هاندەدرێت بۆ شۆڕشو دەسەلآتو بەپێی سروشتی خەلّكیش دەبێت زمانی ئەوان بكرێتە زمانی وتارو نووسینو لێكۆلّینەوەو بەكورتی بكرێتە زمانی(سیاسەت)، كە تا ئەو كاتە زمانی كەنیسەكانو مزگەوتەكان دەسەلآتی هەبوو وە زمانی رەسمیو دەسەلآت بوو. زمانی لاتینی (رۆمانی) لە ئەوروپا بە زمانی هەق ناسراو بوو كە بێگومان زمانی هەموو دەسەلآتەكان بوو. لەم سەردەمەدا نووسەران، هونەرمەندان، مێژوونوسەكانو سیاسەت مەداران پەنایان بردە بەر، زمانی دانیشتوانو كردیانە سەنگەرێك لەدژی زمانی كەنیسەو دەسەلآت (كە دوانەیەكی یەكگرتوو بوون لەدژی خەلّك)و یەكەمین گرنگی دان بە یەكەمینو جەماوەری ترینو بەهێزترین سەرچاوەی نەتەوەكان كە (زمانە) پەیدابوو، دیسانو سەرلەنوێ زمانی میللەتان ژیانەوەو بوون بە زمانی نوسینو زمانی هەموو خەلّكی شۆڕشگێڕو راپەڕیو لەدژی دەسەلآتی دەرەبەگو ئیمپراتۆریاكان.

یەكێكی دیكە لە كارەكانی سەردەمی رێنیسانسو پێداویستییەكانی بزووتنەوەی خەلّكو دژی دەسەلآتی كەنیسەو دەرەبەگەكان، هەولّ دان بوو بۆ بەدی هێنانی ریفۆرمی دینی (الاصلاح الدینی)، ئەویش بەوەی كە دەبێ دەستی دەلآلّو ئەو كەسانەی كە بانگەوازی ئەوەیان دەكرد كە نوێنەری خودانو ئەمان دەتوانن، خەلّك لە خوداو لە بەهەشت نزیك بكەنەوەو پسولّەی لێ بوردنیان (صكوك الغفران) دەفرۆشتو دەیان وت بەو پسولآنەی ئەوان دەچنە بەهەشت، بەلآم چینی نوێو بزوتنەوەی نوێ لەدژی ئەم دەسەلآتو هێزە توانی بە قازانجی بەشی هەرە زۆری خەلّكو دانیشتوان ئالّوگۆرێك لە دین دا بەدی بهێنێتو دەیان ووت كە هەموو كەسێك بەهۆی هێزو داناییو بڕوای





خۆیەوە دەتوانێت زیاتر لەخودا نزیك ببێتەوەو پەیوەندی نێوان خوداو خەلّك پێویستی بە ناوەنجیو دەلآلّ نییە، هەر كەسێك كە سەر بە هەر چینو توێژو ناوچەیەك بێت، دەتوانێت ببێتە خاوەن ئیمان، زاناییو شارەزایی لە دین دا پێویستی بە هیچ كەسێك نییە لەنێوان خۆیو لەنێوان خودادا. بەم شێوەیە ئایینی پرۆتستانتی لەناو دینی مەسیحیدا سەری هەلّداو بووە سەرەتایەك بۆ بانگەوازی ریفۆرمی دینیو دیسان گێڕانەوەی پیرۆزی رەوایی دینی بۆ زۆربەی خەلّكو دانیشتوان كە چەندین سەدە بوو لەلایەن دەسەلآتدارانی دینیو بنەمالّە (بەناو پیرۆز)و دەسەلآتدارەكانەوە زەوت كرابوو. بەم شێوەیە سەرچاوەیەكی بەهێزو كاریگەری پیرۆزیو رەوایی كەوتەوە دەستی خەلّكو دانیشتوانو بە هەمان هێزیش خەلّكو دانیشتوان بوونە سەرچاوەی هێزو رەوایی بۆ دەسەلآتی ئایندەو دەسەلآتی دیموكراتی(دەسەلآتی خەلّك).

لە كوردستاندا لە سالّی (١٨١١) بەدواوەو لە سەردەمی دسەلآتی میرنشینی بابانـدا، ریفۆرمێكی ئایینی لەسەردەستی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بە ناوی رێبازی (تەریقەت) نەقشبەندی سەری هەلّداو ئەو رێبازە بانگەوازی ئەوەی دەكرد كە ئەوە هیچ نییە كەسانو لایەنێك سەر بە (أهل البیت)نو دەلّێن ئێمە نەوەی پێغەمبەرو سەر بە ناوەندی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامین، هەر كەسەو لەهەر كوێ هەیە، سەر بەو ناوەندەیە یان نا، خاوەنی (شجرة الانساب)ن یان نا، دەتوانێت خاوەن باوەڕبێتو پیرۆزورەوا بێتو بتوانێت پەیوەندی لەگەلّ خودای خۆی لەرێگای داناییو زاناییو (اجتهاد)ی خۆیەوە، پەیدابكاتو تەنانەت ببێتە شێخێكی شارەزاو بەدەسەلآتیش لەدین دا. مرۆڤ دەتوانێت لەرێگای "شەریعەت"و "تەریقەت"، "مەعریفەت"ەوە بگاتە (حەقیقەت)، بەم جۆرە دیسان هێزورەوایی گەڕایەوە ناو خەلّكو بۆ كوردیش، ئەمە بووە پرۆژەیەكو وتارێكی بەهێزی دینیو نەتەوەیی، كە ئەویش ئەوەیە لە دەرەوەی نەتەوەكە بۆ پیرۆزیو رەوایی مەگەڕێنو بەلّكو ئەم نەتەوەیەش دەتوانێت جارێكی دیكە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دەرەوەی خۆی بێت، دەتوانێت لەخودای خۆی نزیك بێتەوە. ئایینی ئەهلی

هەق (کاکەیی)، ئێزیدی، عەلەوی‌و شابەك‌و دروزەکانیش هەر بەو شێوەیە دەڵێن کە ئێمە ئەهلی هەق‌و ئەهلی یەزدان‌و خوداین‌و خۆمان‌و تەنها بەهۆی خۆمانەوە دەتوانین خاوەنی هێزو پیرۆزی‌و رەوایی بین‌و بگەینەلای خودا. دۆرکهایم زۆر چاك ئەوەی باس کردووە کە دەڵێت"لەم سەردەمەدا نەتەوەکان لە پەرستنی دینیدا راستەخۆ خۆیان‌و هێزەکانی خۆیان دەپەرستن لەکاتێکدا لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی نەتەوەییدا، وێنە نارۆشن‌و شێواوەکانی خۆیان دەپەرست"[8]

بەدی هێنان‌و بەهێزکردنی زمانە نیشتمانییەکان‌و سەرهەڵدانی ریفۆرمی دینی بە قازانجی نەتەوەکان، بەر ئەنجامێکی گرنگی بەدەست هێنا کە ئەویش سەرهەڵدانەوەو بەهێز بوونەوەی فەرهەنگی نیشتمانی‌و ناوچەکانی ئەو میلەتانە بوو، لە کاتێکدا پێش ئەم سەردەمە فەرهەنگی زاڵ‌و بەهێز لەناو خەڵکدا لەرێگای دەسەڵات‌و دینەوە، چوارچێوە درابوو بە فەرهەنگی دینی‌و مەزهەبی‌و زۆر جاریش ئەو فەرهەنگە هیچ پەیوەندی بەو دانیشتوان‌و میللەتانەوە نەبووە، هەروەکو لەناوکوردا گەلێك ئاماژەی لەو جۆرەمان بەرچاوە دەکەوێت. کارێکی تری گرنگ، کە سەرهەڵدان‌و شۆڕشی نوێ‌و پێداویستی‌یەکانی ئەم قۆناغ‌و سەردەمە دەیهێنێتە ئاراوە، فەرهەنگی شارستانی‌و نیشتمانی‌و مەسەلەی مافەکانی خەڵکە کە تا ئەوکاتە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی‌و دینییەوە زەوت کرابوو، دانیشتوان (یان بەراستی رەعیەت) خاوەنی هیچ مافێکی مەدەنی، یاسایی‌و نیشتمانی نەبوون. شۆڕشی چینی نوێ لەبەرئەوەی خۆی لەناو خەڵکەوە هاتبوو، بۆیە هەموو سەرچاوەو هێزوپیرۆزی‌یەکانی خەڵکی کردە سەرچاوەی هێزو رەوایی خۆی، بۆیە دەبینین بزووتنەوەی ژیانەوەی زمانە نیشتمانییەکان، بزوتنەوەی ریفۆرمی دینی‌و فەرهەنگی‌و پاشان بەهێزبوونی بزووتنەوەی داواکاری مافەکانی خەڵك پێ بەپێ‌ی یەك هەنگاو دەنێن‌و یەك ئەوی تر تەواو دەکات. بزووتنەوەکانی ئازادی‌و رزگاری خەڵك (لیبرالیزم)و بەدی هاتن‌و شکڵ گرتنی جولانەوەی دیموکراتی‌و چرۆکردن‌و دەرکەوتنی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی (سۆسیالیستی) لە پاڵ بزووتنەوەی





میللەتان بۆ رزگاربوون لەدەستی چەوسێنەری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریاو پاشاکان لە سەردەمانێکی نزیك لەیەك دەرکەوتن بەڵام بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌و نەتەوەکان بۆ ئازادی‌و بەدەست هێنانی یەکێتی‌و رزگاری نەتەوەیی بەدرێژایی هەر سێ بزووتنەوەکە بەردەوام‌و کاریگەر بوو[9] هەتا ئەم رۆژانەی ئێستا.

بزووتنەوەی ئازادی، رزگاری‌و بەدەست هێنانی مافەکان، بزووتنەوەی هەموو خەڵکی‌و لەناو جەماوەری بەرینی دانیشتواندا سەری هەڵدا، هەربۆیەش هەموو هێزەکان‌و سەرچاوەکانی خەڵك لە زمان، فەرهەنگ، مافەکان، داب‌ونەریت‌و بیروبڕواکانی خەڵك لە ناوچە، شارو لادێ‌و گەڕەکەکانەوە بازیدایە ناو نوسراوو کتێب‌و بڵاوکراوەکان‌و بووە سەنگەرێکی بەهێزی ئازادی‌و دیموکراسی لەدژی پاشماوەکانی دەسەڵاتی بنەماڵە دەرەبەگەکان‌و خورافەو وەهمی کەنیسەو کاهن‌و مەلاکان‌و لێرە بەدواوە فەرهەنگێکی شارستانی‌و دنیایی‌و سکولار سەرهەڵدەداو دەبێتە دورنمای کاری بزووتنەوەکانی ئازادی خواز، نیشتمان پەروەر، رزگاری بەخش‌و مرۆڤ دۆست‌و تەنانەت سۆسیالیست‌و یەکسانی خوازەکان[10]. بزوتنەوەی میللەتان بۆ رزگاری دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ پێکەوەبەستنی هەموو ئازادی خوازان‌و داکۆکی کەران لە مافەکانی خەڵك، بۆیە بەرێکەوت نییە کە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ لە پاڵ ئەرکی نیشتمانی‌و نەتەوەییدا بەرگری کردن بوو لە مافەکانی خەڵك‌و یەکەمین بەڵگەنامەی مافە گشتییەکانی خەڵك لە ساڵی ١٧٩٥ دا وەکو بەرئەنجامێکی سروشتی‌و پەیامی ئەو شۆڕشە لە دایك دەبێت‌و دەکرێتە سەنگەری بەهێزو پتەوی ئازادی خوازان بۆ تەواوی مافەکانی خەڵك‌و هەر بەو بۆنەوە لە بەڵگەنامەی مافە گشتییەکانی ساڵی ١٧٩٥دا دەڵێت"هەر میللەتێك ژمارەی دانیشتوان‌و پێوانەی خاکەکەی هەر چەند بێت مافی ئەو میللەتە بۆ وڵاتی سەربەخۆو دەسەڵاتی نەتەوەیی، سروشتی‌و پیرۆزو بەرهەقە"[11].

لەم قۆناغەداو بۆ یەکەمین جار، سەرچاوەی هێزو دەسەلاَت دەدرێتەوە بە خەڵكو میللەتو دانیشتوان دەبنە هێزێك بۆ بەدی هێنانو سەرهەڵدانی دەسەلاَتەکانو دەوڵەتەکان لێرە بەدواوە پەیدابوونی دەوڵەتی-نەتەوە سەرهەڵدەداتو هەموو سەرچاوەکانی دیکەی هێزورەوایی دەسەلاَتەکانی پێشوو، وەکو بنەماڵە، دین، ئیمپراتۆریاکانو میرنشینو دۆقیەکان رەوایی لەدەست دەداتو دەبێتە بەشێك لەرابردوو. نەتەوەکان دەبنە سەرچاوە بۆ بەرەسمی ناسینو پیرۆزیو رەوایی ئەو دەسەلاَتانەی کە دەتوانن ببنە دەربڕینێکی باشو کاریگەر بۆ نەتەوەکانو ئەو بیروباوەڕانە پەیدا دەبن کە دەڵێت بۆ هەر نەتەوەیەك دەبێت دەوڵەتێك هەبێت، یان دەوڵەت نەخشاندنی رۆحی رەهاو بەرزی نەتەوەکانە[12]. بەلاَم ئەو ولاَتانەی کە چەند نەتەویەکی تیادا دەژی، تیۆری دانیشتوان سەرچاوەی رەواییو هێزی دەوڵەتە، واتە دەبێت دەوڵەت بوونی هەموو نەژادو نەتەوەکانو تەنانەت تایەفەو ئایینەکانیش لەبەرچاو بگرێت، دەوڵەت بەورادەیەی کە بەرپرسیارە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دانیشتوان، دەبێت هەر بەو ئەندازەیەش "سەربەخۆبێت لە دانیشتوان"[13] واتە دەبێت لایەنگیری لە کەسێك نەکات لەدژی ئەوی تر، یان لە نەتەوەیەك لە بەرامبەر نەتەوەیەکی دیکە، دینێك لە بەرامبەر ئەوی تر، هەر بۆیە لەم سەردەمەدا جیایی دین لە دەوڵەت پەیدا دەبێتو دین نابێتە سەرچاوە بۆ دەوڵەتو دەوڵەتیش خاوەندارێتی لەدینێکی دیاری کراو ناکات، هەر چەندە هەروەکو باسمان کرد، نەتەوەکان کاریگەری خۆیان لەناو دینە کاندا بەجێ دەهێڵنو لەم سەردەمەدا دینی ژیاری یان دینی نەژادی[14] پەیدا دەبێتو گیانی میللەتان (هەروەکو فریدریك بارت)، رۆژهەلاَت ناسو کوردناس، دەڵێت (Ethos) دەست دەکات بەکاریگەری لەدینەکان لەبەرخاتری بەرژەوەندی ئەو نەتەوانە گۆڕانکاری لەدینەکاندا روودەدات.

لەم قۆناغەدا، بەشی زۆری دەوڵەتانی دنیا، بەپێی پرەنسیپی نەتەوەیی گۆڕانیان بەسەردا دێت، دەوڵەتانی هێز(دەوڵەتە مێژووییەکان) لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕەکانی دوای





١٧٨٩ دەبنە دەوڵەتی نەتەوەیی. نەتەوەکانی کەتا ئەو کاتە دابەش کراوو پارچە پارچەبوون، یەکێتیو یەکبوونی نەتەوەیی بنیات دەنێن وەکو دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا ١٨٧١، دەوڵەتی ئیتالیا١٨٦١ واتە دەبنە دەوڵەتی نەتەوەییو ئەو نەتەوانەی کەتا ئەو کاتە نەیانتوانیبوو، دەسەلاَتو دەوڵەتی خۆیان پێك بهێنن دەستیان کرد بە هەلاَیسانی شۆڕشی رزگاری نەتەوەییو بەم جۆرە سەرتاپای دنیا بەپێی (نەتەوەیی بوون) رسکاو سەلەنوێ ئارایشتی خۆی دایەوەو بەرگێکی نوێی نیشتمانیو نەتەوەیی کردە بەری خۆی[15].

دەوڵەتی نەتەوەکان، بۆئەوەی چاکترو باشتر کارەکانی بەڕێوەبەرێت، سەرلەنوێ دنیایەکی تازە بۆ نەتەوەو دانیشتوان ئاوا بکات، دەبێت لە چەندین رێگاوە بتوانێت کە خزمەتی گەورە بە زمان، فەرهەنگ، ئابووریو مافەکانی خەڵك بکاتو سەرەنجام لەو رێگایانەوە دیموکراسیو دەسەلاَتی خەڵكو یەکێتی نەتەوەییو نیشتمانو بەدی هێنانی گەلێکی (هاوتا) وەکو ئاکامی دەسەلاَتی نەتەوەیی، بەهێز دەبێت.

دەوڵەت دەبێت گرنگی بەزمان بداتو لەرێگای دەسەلاَتی دەوڵەتەوەو لەم رێگایانەوە زمانی یەکگرتوو، زمانی رەسمی، زمانی نەتەوەیی، زمانی ئەدەبیو ستاندارد دێتە کایەوە. یەکەم، دەبێت دەوڵەت هەوڵ بدات بۆ بەدی هێنانو دروست کردنی ئەو زمانە، یان بەوەی شێوەزاری (زاراوە) یەکێك لەناوچەکان کە زۆرترینو بەهێزترین کارە ئەدەبیو سیاسیو هونەریو مێژووییەکانی ئەو نەتەوەیەی پێ نووسرابێت بکاتە زمانی رەسمی، واتە دەبێت بە ئیرادە ئەو زمانە بکاتە زمانی یەکگرتووو پاشان لە هەموو شێوەزارەکانی دیکە یارمەتی ئەو زمانە دروست کراوە بدەن، بە کورتی زمانی هیچ نەتەوەیەك (زمانی ستاندارد) نییە کە بەهۆی دەسەلاَتی دەوڵەتەوە دروست نەکرابێتو واتا نابێت چاوەڕوانی ئەوەبین کە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو زمانە (ئەدەبییە) لە دایك ببێتو بەڵکو زمانێکە تەنها بە ئیرادەی دەسەلاَت، پێك دەهێنرێت. دووەم، دەوڵەت لەرێگای بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیەوە دەتوانێت زمانی ئیدارەو بیرۆکراسی یان (زمانی

دەسەڵات) دروست بکاتو بەپێی سروشتی پێداویستییەکانی خەڵك دەبێت هەموو رۆژێك بەکاری بهێنن، لەرێگای پەروەردەو فێرکردن ئەو زمانە دەکرێتە زمانی هەمووانو هەموو نەوەکان هەر لە باخچەکانی ساوایان، سەرەتایی تا خوێندنی ناوەندیوئامادەیی لەو پرۆسەیەدا بەشداردەبنو فێری ئەو زمانە دەبنو بەکاری دەهێنن. ئەو زمانە دەبێ بکرێتە زمانی خوێندنی باڵاو پسپۆریو زمانی فیکرو زانست کە بێ گومان دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە ئەو کارەبکرێت، پاشان دەبێت لەرێگای ئەدەبو هونەرو فەرهەنگەوە بکرێتە زمانی ئەفراندنو بەرهەمە گەورە ئەدەبیو هونەریو فەرهەنگییەکانو تەنانەت دیسانو سەلەنوێ چاو بە فەرهەنگی ناوچەو هەرێمەکاندا دەخشێندرێتەوەو دەست دەکرێت بە بژارکردنی فەرهەنگی نەتەوەو ئەوەی کە بە قازانجی دەوڵەتو نەتەوەیە دەهێڵدرێتەوەو پێش دەخرێتو ئەوەی کە لە دژی ئەو وڵاتەیە فڕێ دەدرێتە دەرەوە. دیارە هەروەکو لە قۆناغی دووەمدا باسمان کرد، بەهۆی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەکانو دەرەبەگایەتییەوە زۆربەی میللەتان تووشی داگیرکاریو وێران کردن بوون، کە ئەویش بووەتە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی بێگانە بێتە ناو فەرهەنگی میللەتانەوە، هەروەکو چۆن داگیرکاری عەرەبە ئیسلامییەکان کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر فەرهەنگو دینی کوردی. بەهەر حاڵ لەرێگای دەسەڵاتی نەتەوەو زمانی یەکگرتووەوە بە قازانجی نەتەوەکە دەبێت فەرهەنگو دابو نەریتو تەنانەت دینەکانیش دەسکاری بکرێنو بژاربکرێن، هەروەکو ئەرنست گیلنەر دەڵێت: "ئەگەر فەرهەنگی میللەتان گوڵو گژوگیای دەشتو دەربێت، ئەوا فەرهەنگی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دەبێتە باخچەیەکی رازاوەی دەسکاری کراو"[١٦].

دەوڵەت بۆئەوەی بتوانێت، بەباشترینو گونجاوترین کارە ئیدارییەکانی خۆی بەرێوە بەرێت دەبێت پەنا بەرێت بۆ خەڵكو بۆ ناوچەکان بۆئەوەی کارەکانی بۆ رابپەرێننو بوونی ئابووری بازاریشو یەکخستنی بازارو ژیانی ئابووریش لەم مەیدانەدا هاوکارییەکی باش دەکات. دەوڵەتی سەردەمی پێشوو (دەرەبەگایەتی) هەموو کارو





بارەکانی لە تەنها شارێکدا یان زۆرجار لە تەنها قەڵایەکدا بەرێوەدەبرد، هەموو ئەو کارانەی کە لە ناوچەکاندا لەرێگای دەوڵەتو بۆ دەوڵەت ئەنجام ئەدرا پەیوەندی بەسەربازگیریو کۆکردنەوەی باجو سەرانەکانەوە هەبوو، دەوڵەت هیچ کارێکی نەدەکرد بۆ دروست کردنی قوتابخانەکان، رێگاو بانەکان، نەخۆشخانەکانو دامو دەزگای بەرێوەبردنو خزمەت گوزاریو تەنانەت ئەم دامەزراوانە هیچیان لەناوچەکاندا نەبوو، بۆیە هەقی خۆیەتی بڵێین کە دانیشتوان هاووڵاتیو هاونیشتمانی نەبوون، بەڵکو رەعیەت بوونو بێبەش بوون لە هەموو مافێکی یاسایی، شارستانیو نیشتمانی. بەڵام پاش ئەوەی کە دەبێت دەوڵەت بۆ پێك هێنانی یەکێتی نەتەوەییو بەهێزکردنی سەرچاوەی هێزو رەوایی دەسەڵاتەکەی، رێگاوبانەکان دروست بکات، خوێندنگاو نەخۆشخانەو زانکۆو پەیمانگاو دامو دەزگای بەرێوەبەرایەتیو خزمەت گوزاری بەدی بهێنێو کاروبارەکانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکاندا بگەیەنێتە ناوچەو هەرێمەکانو بۆیە پێویستی بە بەشداری کردنی هاووڵاتیان دەبێت لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانیداو پەیدابوونی دیموکراتیو دەسەڵاتی خەڵك هاوکات دەبێت لەگەڵ پەیدابوونی یەکێتی نەتەوەیی ناوچەو هەرێمەکانو هەریەکە لەم دوو دیاردەیە (دیموکراتیو نەتەوەیی بوون) کاردەکەنە سەرئەوی تر. پەیدابوونی بازاڕی یەکگرتوو نیشتمانیو ئابوری ئازاد، کە هەموان بتوانن چالاکی تیادا بکەن ئەویش بەدەوری خۆی کاردەکاتە سەر هەدوو دیاردەی دیموکراتیو نەتەوایەتیو لەم سەردەمە بەدواوە خەڵك دەبێتە هاووڵاتیو هاونیشتمانی خاوەن ئەركو مافو ئاڵاو خۆفیداکردنو نیشتمان پەروەریو وڵات پارێزیش وەکو دیاردەیەکی بەهێز دەردەکەوێتو دەوڵەت دەتوانێت دیسانو سەرلەنوێ نەتەوە دروست بکاتەوەو هەروەکو چۆن نەتەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ بوونی دەوڵەت.

پەیدابوونی هۆشیاری نەتەوەییو هۆشیاری زانستیو بزووتنەوەی فیکریو فەرهەنگی بەهێز بۆ بەدی هێنانی مافەکانی خەڵكو دانیشتوانو بەهێزبوونی بزووتنەوە ئازادی خوازو یەکسانی خوازەکانی نێوان میللەتانو چینەکانو رەگەزەکان (ئافرەتوپیاو)و

سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سکولارو هاوچەرخ بۆ ئازادی تاکەکانو ئازادی میللەتانو هەموو ئەمانەش لەناو چوارچێوەیەکدا دەبێت کە بتوانێت مەرجە یاسایی، کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکانی ئەو ئازادیو رزگارییە بەدی بێنێت کە ئەویش یان دەوڵەتی نوێی نەتەوەکان یان بزووتنەوەی نەتەوەکانە بۆ ئازادی. هەر بەوبۆنەیەوە، جان جاك رۆسۆ دەڵێت: "نیشتمانی بوون دینی ئازادییە یان دینی شارستانییە"[١٧].

لەناوچوونی حاڵەتی ناپتەویو پەرتەوازەییو پەیدابونی قۆناغێکی جێگیرو بەردەوام بۆ نەتەوە (نەژاد)، چونکە هەموو سەرچاوەکانی ئەو نەتەوەیە بە ئیرادەو بە هۆشیارییەوە، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو هەمیشەو بەردەوام چاك دەکرێنو بەرەو پێش دەبرێنو ئەوانیش (سەرچاوەکان) دەبنە پێك هێنەری بەهێزو بەردەوامی نەتەوەو دیسان دروست کردنو پتەوکردنو جێگیرکردنی نەتەوەکان. بەڵام ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان نییە، بزووتنەوەی سیاسی ئەو نەتەوانە بەو کارە هەڵدەسێت هەر چەندە کاریگەرییەکەی وەکو هی دەوڵەت نییە. ئەم قۆناغە وەکو قۆناغەکانی دیکە هەڵناوەشێتەوەو بچێتە قۆناغێکی دیکەوە، هەرچەندە ئێستا بۆچوونی جیهانگیریو گوندی گەردوونیو نێونەتەوەیش هەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە نایەتەدی بەبێ گەورەکردنو بە هەندگرتنی نەتەوەکانو ناسنامەکان. وەلەم قۆناغەدا، نەتەوەیەك دابەش نابێت بۆ چەندین نەتەوەی دیکە، یان نەتەوەیەك ببێتە نەتەوەیەکی دیکە، لەوانەیە چەند نەتەوەیەك بتوانن لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی دیموکراتیو هەبوونی مافو یەکسانی نێوانیان ببنە گەلێکی بەهێزو پتەوی دیکە، وەکو ئەمریکاو سویسرا، بەڵام لێرەشدا دەبێت مافی نەتەوەو ئەسنیکە جیاوازەکان لەبەرچاو بگیرێتو رێزی بۆ دابنرێت، واتا هەردەبێت ئەو سەرچاوەو پێك هێنەرو ناسنامەی ئەو نەتەوانە بپارێزرێتو بەرەو پێشەوە ببرێتو سەرەنجام نابێت وا بیربکرێتەوە، کە بۆبوونی گەلێك لە چەند نەتەوەیەك بە نەمانو توانەوەی نەتەوەکان پەیدا بکرێت بۆ سەلماندنی ئەمە، گەلێك نموونەی بەرچاومان هەیە، عێراق، ئێران، تورکیا... هتد هیچیان نەیان توانی بەزۆر گەلێکی دیکە لەو نەتەوانە





بەدی بهێنن، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتیش نین (لەسەردەمی نەتەوەدا) لە ناوناچنو جێگیرییان لەدەست ناچێتو هەر دەمێننەوە.

تائێرە توانیمان بەشی یەکەمی مەبەستەکەمان، واتا شارەزابوونی مێژووی دەرکەوتنو دروست بوونو بەهێزبوونی نەژادەکان (خێڵ، میللەتو نەتەوە) بەدەست بێنینو دەست دەکەین بۆبەدی هێنانو تێگەیشتنی رێبازێك بۆ لێکدانەوەی پرسی نەتەوەو نەتەوایەتی، کە دەبێتە هۆیەك بۆ تەواو ناسینو ئاشکراکردنی ئەو دیاردەیە.

## رێبازی لێکۆڵینەوەی پرسی نەتەوەو نەتەوایەتی (Method)

١. پاش ئەوەی توانیمان مێژووی نەژادەکانو گەشەکردنیانو جێگیربوونیان شارەزابین، بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوەکان دیاردەیەکی مێژووییینو لە ئەنجامی گەلێك گۆڕانکاری ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا دەرکەوتنو بەردەوام بوونو گەشەیان کردووە. واتە نەتەوە هەر لەسەرەتای مێژوو وەوە نەبووە، بەڵکو لەپێشدا خێڵو پاشان میللەتو ئنجا نەتەوەکان دەرکەوتونو لەو ماوانەشدا گەلێك گۆڕانی گەورە بەسەر نەژادەکاندا هاتووەو نەژادەکانیش توانیویانە گەلێك کاریگەری بەرچاو لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی بکەن.

٢. نەتەوەکان لەمێژووی مانەوەیان دا خاوەنی گەلێك سەرچاوەن کە دەتوانن خودی نەژادو نەتەوەکان پێك بهێننو پاشان ببنە کۆڵەکەو تایبەتمەندی بەهێز بۆ بەردەوام بوونی نەتەوەکانو جێگیربوونیانو بۆیە سەرەنجام نەتەوە دەبێتە، چوارچێوەیەکی جێگیرو بەردەوام کە لە مێژووی گەشەکردنیدا خاوەنی زمان، خاك، فەرهەنگ، ناسنامەو ژیانی ئابووریو دەسەڵاتی نەتەوەییە. بەڵام مەرج نییە ئەگەر یەکێك لەوپێك هێنەرانە نەبوو یان لاواز بوو، ئەو نەژادە لە نەتەوەیی بوون بکەوێت، چونکە نەتەوە دەتوانێت لە پێك هێنەرەکانی دیکەدا هەقی ئەوە بکاتەوە.

٣. بەڵام ئەم ئەو دوو لێکۆڵینەوەی پێشوو، دەتوانن ببنە دوو هۆی بابەتیو دوو تێگەیشتنی بابەتی بۆ بوونی نەتەوەکان. ئەگەر ئێمە تەنها پشت بەو لێکۆڵینەوانە ببەستین ناتوانین شارەزابوونێکی باشو هاوچەرخ لەودیاردەیە شارەزابین، یان شارەزابوونەکەمان، لاوازو کەمو کورت دەبێت، بۆیە دەبێت تێگەیشتنو لێکدانەوەی خودێتی بۆ نەتەوەکان زیادبکەینو خۆسەلماندنی بەردەوامی نەتەوەکان وەکو بەشێك لە ڕێبازی تێگەیشتنی ئەو پرسە شارەزابین. بەم بۆنەیەوە، ئەرنست رینان دەڵێت: "نەتەوە دەنگدانێکی بەردەوامو هەمیشەیە"[١٨] و بیروباوەری سۆسیالیستیو بەتایبەتی ئۆتۆباوری نەمسایی دەڵێت: "نەتەوە یانی بەدی هێنانی پێداویستییەکانی جەماوەری خەڵكو بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی"[١٩]. ئەو نەتەوانەی کەتوانیویانە دەوڵەت بەدەست بێنن، بێ گومان توانیویانە خۆسەلماندنێکی زاتی بەهێز دروست بکەنو ئەوانەی کەنەیان توانیوە دەوڵەت بەدی بهێنن یان بەرەو نەمان چوون یان زۆر لاوازبوون، وەکو ئاشووریو ئەرمەنەکانی تورکیا، بەڵام نەتەوەی کورد بەهۆی بوونی بەردەوامی بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوە توانیویەتی هەمیشە دەنگ بەخۆی بداتو خۆی بسەلێنێو.

٤. کۆکردنەوەی هەردوو باری بابەتیو خودی، دەتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی باش بێت بۆ پەیدابوونی دیاردەی "نەتەوەیی بوون"و"ناسنامەی نەتەوەیی". بۆ تێگەیشتنی ئەم دوانە (بابەتی بوونو خودی بوونی نەتەوەکان) پێویستمان بەوە دەبێت کە هەموو لایەنە بەهێزو لاوازەکانی نەتەوەکان شارەزابینو ئنجا تێدەگەین کە بۆچی نەتەوەیەك، یەکێك یان دوان لەپێك هێنەرەکانی دەکاتە سەرچاوەی بەهێزو پێك هێنەری مەزنی مانەوەو بەردەوامو چارەنووس سازی خۆی، هەروەکو چۆن یەهوود، پاش ئەوەی کە زۆربەی سەرچاوەو پێك هێنەرەکان یان لێ زەوت کردنو بەهەرچوارلای دنیادا پەرتەوازەیان کردن، ئەوان واتە (یەهود) ناچار بوون ئەو سەرچاوانە بکەنە پێك هێنەری بەهێزو سەرچاوەی کۆکردنەوەی هێزی خۆیان، کەبۆیان رزگارکراوە. یەهودەکان بەهۆی دینی نەژادی (دینی بەنی ئیسرائیل)و دەسەڵاتیماڵی خۆیانەوە توانیان، پرۆژەی نەتەوەیی





خۆیانو خۆسەلماندنو بەهێزبوونی خۆیان جارێکی دیکە بەدەست بێننەوەو پاشان لەبەر ڕۆشنایی ناسیۆنالیزمی ئەورووپیدا، بزووتنەوەی نەتەوەی خۆیان بنیات بنێنەوەو سەرەنجام بتوانن کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشیان دروست بکەنەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە رەوشی دنیاو ویستی هێزە گەورەکانی جیهان یارمەتی دەربوو بۆ دیسان خۆسەلماندنی ئەوان. بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە تەنها بەهۆی ناسینی مێژووی ئەو نەتەوەیەو شارەزابوونی هەموو رەوشە بابەتیو خودیو نێودەوڵەتیەکانەوە، دەتوانین باشتر لەو پرسە تێبگەین.

ئێران، پاش ئەوەی لەلایەن عەرەبە ئیسلامەکانەوە داگیرکراو دەوڵەتی ساسانی روخێندرا، زۆرکەم لەلایەن ئێرانیەکانەوە حوکم کراوە، تەنها لەسەردەمی زەندییەکانو سەردەمی پەهلەوی نەبێت ئێران بەدەستی ئێرانو فارسەکانەوە نەبووە. پاشان ئێران وڵاتێکی فرەنەژادە (هەرچەندە بەشی زۆریان سەر بەنەژادی ئارییایین)و فارس نەیدەتوانی تەنها بە پشت بەستن بەخۆی بتوانێت پرۆژەی (نەتەوەیی بوون)ی خۆی بنیات بنێتەوە، بۆیە یەکەمین سەرچاوەو کۆڵەکەی ئەو پێك هاتنە بووە نەژادی ئارییایی (ئێرانی). ئێرانییەکان لەرێگەی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامەوە، توانییان جارێکی دیکە رۆحی میللی خۆیانو کاریگەریی ئێرانی بخەنەوە ناو ئیسلامو ئیسلام بە بەرژەوەندی خۆیان بگۆڕنو بتوانن بەهۆی ئەو ئایینەوە جارێکی دیکە لە ساڵی (١٥٠١) بەدواوە خۆیان لە عەرەبە ئیسلامەکانو ئیمپراتۆریای عوسمانی سونی جیابکەنەوە. ئەگەر شا ئیسماعیل سەفەویو ئێرانییەکان مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیان نەکردایەتە، دینی رەسمی ئێرانی ئێستا شتێك نەدەبوو بەناوی ئێرانەوە، کە بتوانێت بەم تایبەتمەندییانەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی سوننی خۆی بگرێتو بەردەوام بێت[٢٠]. بەم جۆرە لەوەدەگەین، کەپێك هێنەری گرنگی نەتەوەکان، واتە هۆشیاری دەربارەی خۆیان، دەتوانێت چ کاریگەرییەکی باش لەسەر ئایندەی نەتەوەکان بکاتو کەم نەژادو نەتەوە هەیە کە لەمێژوودا ئەو پێك هێنەرە گرنگەی بۆ خۆی نەپاراستبێت. ئێرانییەکان،

پاشان فەرهەنگی ئێرانو شارستانیو ئەدەبو هونەری ئێرانیشیان کردە سەرچاوەیەك بۆ بۆژاندنەوەی پرۆژەی نەتەوەیی بوون، چونکە ئەویش یەکێکە لەو پێك هێنەرانەی کە بە درێژایی مێژوو یارمەتیو کۆمەکی زۆری بەبوونی ئێرانو مانەوەی کردووە.

بەڵام، لەلای کورد، یەکێك یان چەند سەرچاوەیەك نابینرێت کە کرابێتە پێك هێنەری پرۆژەی نەتەوەیی بوون، یان باشتر روونی بکەینەوە یەکێك لەو سەرچاوانە نەکراوەتە کۆڵەکەی بەهێزی نەتەوەیی بوون، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا بەهێزییەکی لە رادەبەدەرو مانەوەیەکی سەیروسەمەرە لەلای کورد دەبینین، چونکە کورد نەیتوانیوە دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی پێك بێنێتو بەڵام وێڕای ئەمەش وەکو نەتەوەو نەژادێکی سەربەخۆ ماوەتەوە. کورد توانیویەتی، هەموو سەرچاوەکانی خۆی بپارێزێت، یان نەتەوەیی بوونی کورد "کوردبوون" لە هەموو سەرچاوەکاندا بەدی دەکرێتو هەموو پێك هێنەرەکانی کورد بوون وەکو زمان، خاك، فەرهەنگ، پەیوەندی نێوان دینو نەتەوە، ژیانی ئابووریو تەنانەت دەسەڵاتی نەتەوەییش تائێستا کوردبوونیان تێدا ماوەتەوەو تارادەیەکی زۆر کورد توانیویەتی بیان پارێزێت. زمانی کوردی، وێڕای بوونی چوار شێوەزمان (زاراوە)ی (لوڕی، گۆرانی، کرمانجی ناوەراستو کرمانجی باکوور) هەموویان خۆیان بە بەشێك لە زمانی کوردی دەزاننو پێیان وانییە کە سەر بە زمانێکی دیکەن. زمانی لوڕی هەر چەندە زۆر نزیکە لە زمانی فارسییەوە، بەڵام بەشێکی زۆری لوڕەکان خۆیان تائێستا بەکورد دەزاننو دیارە بەشێکی کەمیان کە بەختیارین خۆیان نەبەکوردو نە بەفارس نازانن، ئەوان دەڵێن لوڕین[٢١]. ئەم راستییە، تەنانەت غەیری کوردیش سەلماندویانە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە ئەو زاراوانە خۆیان بە کوردی دەزانن، کوردبوون ناتوانێت بە هێشتنەوەی ئەم (رەوشە) بەهێز بێت، چونکە کەقسە دێتە سەر زمان (لەکاتی ئێستا) دەبێت باسی زمانی یەکگرتوو، نەتەوەیی، ئەدەبی، رەسمیو ستاندارد بکەین، کە ئەویش هەروەکو باسمان کرد تەنهاو تەنها بەدەسەڵاتو دەوڵەتی نەتەوەیی بەدی دەهێنرێت. بەم شێوەیە دەبێ وا بڵێین کە کورد زۆر





چاك توانیویەتی زمانی سەربەخۆی خۆی بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیوە لەکۆی شێوە زمانەکان، زمانێکی نوێو نەتەوەیی گشتی دروست بکات. زمانی کوردی نەك لەبەرامبەر زمانی عەرەبیو تورکیدا توانیویەتی خۆی بپارێزێت، بەڵکو لەبەرامبەر زمانی فارسیدا، کە لە هەمان نەژادی ئارییە، دیسان تایبەتمەندیو سەربەخۆی خۆی بپارێزێتو کورد لەزەمینەی زمان دا، بەکوردی بمێنێتەوەو زمانی ئەوانی دیکە بەکارنەهێنێت.

کورد، سەرەڕای داگیرکردنو دابەش کردنی خاکەکەی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوەو وێڕای نەبوونی دەسەڵاتی نەتەوەیی، بەڵام توانیویەتی لەسەر بەشی زۆری خاکەکەی خۆی بمێنێتەوەو تەنانەت کوردەکانی دەرەوەی کوردستان (لەخوراسان، ئەنکارا، ئەستەمبوڵو لوبنان) توانیویانە کوردبوونی خۆیان بپارێزنو وەکو نەژادێکی سەربەخۆو جیاواز لەو نەژادانەی لەگەڵیان دەژین دەربکەون. کورد توانیویەتی گرنگترینو بەهێزترین سەرچاوەو تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی کە خاکە بپارێزێتو تائێستاش خاكو وڵاتی کوردان، نەك لەلایەن کوردەوە بەڵکو لەلایەن غەیری کوردیشەوە، هەر بە کوردستان ناو دەبرێت. بەڵام کورد، نەیتوانیوە بە پێوەری ئێستای دنیا، سەبارەت بە خاك، بگات کە ئەویش ئەوەیە کە باشترین خاوەندارێتی لە خاك ئەوەیە کە سنورێکی رەسمیو نێودەوڵەتی، ئەو خاکە بکاتە خاکی ئەو نەتەوەیە. بەم شێوەیە کورد توانیویەتی بەشێکی زۆری خاکەکەی خۆی بپارێزێت، بەڵام نەیتوانیوە خاکێکی رەسمیو دەورەدراو بەدەسەڵاتو سنووری نێو دەوڵەتی بۆ خۆی بپارێزێت، کە ئەمیش تەنها بەدەسەڵاتی دەوڵەت دەکرێت.

کورد توانیویەتی لەبواری فەرهەنگو بیرکردنەوەی ئەدەبیو هونەریوتەنانەت پاراستنی رەمزو وەهمە نەژادییەکانیش دا، وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیالەوانی دیکە بمێنێتەوەو بەشێکی زۆری فەرهەنگی کوردی تائێستا بەکوردی ماوەتەوەو تەنانەت فۆلکلۆرو داستانو ئەدەبی هونەری ناوچەی لوڕستان کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە

سەر فەرهەنگی فارسیو فەرهەنگی باکوری کوردستانیش بەو شێوەیە گەلێك کاری لە فەرهەنگی تورکی کردووە. بەڵام دیسان هەر بەو شێوەیە، کورد توانیویەتی بەشی زۆری فەرهەنگی خۆی بپارێزێتو بەردەوامی بکات لەکاتێکدا نەیتوانیوە فەرهەنگێکی بژارکراوو چاك کراوو هەڵبژاردراوو یەکگرتوو بە قازانجی نەتەوە، بەدی بهێنێت، کە ئەمیش دیسان هەر بە دەوڵەتو دەسەڵاتی نەتەوەیی دەکرێت.

دینی کورد، یان کاریگەری کورد لەناو دیندا، یەکێکە لە مەسەلە گەورەکانو سەرسوڕهێنەرەکانی کورد. کورد پاش ئەوەی بە زۆرو بەداگیرکردن کرایە ئیسلام، جارێکی دیکە هەوڵی دایەوە کە ناوەڕۆکی دینی زەردەشتی لەناو ئایینەکاندا (من ووشەی ئایین بۆ مەزهەب بەکاردەهێنم، کە ووشەیەکی ئاڤێستاییە بەمانای (ڕێباز، پەیڕەو یاسا) هاتووە ووشەی دینیش هەربۆ دین بەکاردەهێنم، کە ئەویش ئاڤێستاییە کە بەشێوەی (دەئینە) هاتووە) بەدەست بێنێتەوە. ئایینەکانی ئەهلی هەق(کاکەیی)، تەسەوف، ئێزیدی، عەلەوی، شەبەك (شابەك)، درووزی، سارلّی هەموویان هەمان ناوەرۆکی ئایینی یەزدانی[22] و مرۆڤی-خودایی[23] کە ناوەرۆکی سەرەکی دینی زەردەشتییە لەناو دینی ئیسلامدا جێگا بکەنەوەو جارێکی دیکە، کورد بتوانێت، رۆحی نەتەوەیی (Ethos) هەروەکو فریدریك بارت، ناوی لێ ناوە یان هیگڵ پێی دەڵێت رۆحی رەهای نەتەوە[24]، بەرهەم بهێنێتەوەو لەرێگای ئەویشەوە خۆ ئاگاییو هۆشیاری کوردی، لەدین دا بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکە وەکو چەکێکی کاریگەر بەکاربهێنێت. دیسان دەبێت جارێکی دیکە ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە کە کورد توانیویەتی کاریگەری نەتەوەیی خۆی لەسەر دین دروست بکات، بەڵام نەیتوانیوە دین بەکارهێنێت بۆ پێك هێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی، بەورادەیەی کە لایەنگیری لە بۆچوونی یەکەم دەکەین دەبێت بەو ئەندازەیەش رەخنە لە هەلومەرجی دووەم بگرین.





راستە کورد، نەیتوانیوە، دەسەڵاتو دەوڵەتی نەتەوەیی بەردەوام پێك بێنێت، بەڵام هەرچەندی بۆ کرابێت هەوڵی داوە بۆ دروست کردنی ئەو دەسەڵاتانەو مێژووی کوردیش گەواهی ئەوە دەدەن.

٥. بەم جۆرە، دەگەینە گرنگترین بەشو رەوایی هەقیقەتی نەتەوەو نەتەوایەتی، کە ئەویش دەوڵەتی نەتەوەیە. بەبی بوونی دەوڵەت لێکۆڵینەوەی نەتەوایەتی دەبێتە شتێکی لاوازو کەمو کورتو ناتوانین هەموو لایەنەکانو یەکێتی ئەو نەتەوەیە شارەزا بین، تەنها بە بوونی دەوڵەت نەبێت. لەوانەیە نەتەوەیەك (وەکو کورد) بتوانێت نەتەوەیی بوونو جێگیربوونو پێك هێنەرەکانی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، بەڵام دیسان ئەو رەوشە هەر بەلاوازی دەمێنێتەوەو ناتوانێت (بەبێ بوونی دەوڵەت) بگاتە ئاستی پێوەرەکانی ئێستای دنیاو ببێتە نەتەوەی رەسمی، بە سروشتی حاڵیش بەشێکی زۆری نەتەوەیی بوونیش ناتوانێت کاریگەری خۆی بکات، هەر چەندە ئەو نەتەوەیە توانیبێتی خۆی وەکو نەژادێکی جیاوازو سەربەخۆ بپارێزێت.

## پەراوێزەکان

[١] د. مجيد حميد عارف، اثنوگرافياشعوب العالم، ١٩٨٩ بغداد.

[٢] د. نورى جعفر، اللغة والفكر، ١٩٧١، الرباط.

[٣] هيغل، العالم الشرقي. ترجمة د. امام عبد الفتاح ١٩٨٤ بيروت.

[٤] اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية، بيروت ١٩٩٩

[٥] اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية، بيروت ١٩٩٩

[٦] ئەم ووتەی مارکس لە کتێبی، ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لە کوردستان، د. ڕەشاد میران، چاپی سوید ١٩٩٣، وەرگیراوە.

[٧] القومية مرض العصر أم خلاصه؟ مجموعة من الباحثين المختصين، دار الساقى ١٩٩٥.

[٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٩] رينيه ريمون، مدخل الى التاريخ المعاصر، الجزء الثاني. حركة القوميات

[١٠] اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية، بيروت ١٩٩٩.

[١١] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[٢] برتران بادی-بيار بيرنبوم، سوسيولوجيا الدولة، مركز الانماء القومي، بيروت.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشووی.

[٤] د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی سوید ١٩٩٣.

[٥] تەنانەت بزووتنەوە چینایەتییەکانیش نەیان دەتوانی لەبەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەییو مافی نەتەوەکان بۆ ڕزگاری بێ وەڵام بن، هەر بەو بۆنەیەوە پێک هاتنی ئەنترناسیۆنالی یەکەم، ئەنترناسیۆنالی کرێکاران لە ساڵی ١٨٦٤ لە لەندەن لە ئەنجامی کۆبوونەوەی وەفدی کرێکاران، ئازادی





خوازانو نوێنەرانی نەتەوە ژێر دەستەکان بۆ پشتیوانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی دابەشکراوی پۆڵۆنیادا، دامەزرا.

[٦] أرنست غيلنر، الانتقال الى عصر القومية. مجلة النهج العدد ١٩، صيف ١٩٩٩، ص ٣٣-٤٦

[٧] اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية،بيروت ١٩٩٩.

[٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٩] هەمان سەرچاوە پێشوو.

[٢٠] د. پيروز مجتهدزاده، هويت ايرانى در آستانه سده بيست ويكم، مجلة اطلاعات سياسى- اقتصادى، شماره ١٢٩-١٣٠

[٢١] بەپێی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٨٥ ئەم بۆچوونە باس کراوە، بڕوانە د. مجيد حميد عارف، اثنوگرافيا شعوب العالم، ١٩٨٩ بغداد.

[٢٢] د. میهرداد ئیزەدی، ئاینو تایفە یەزدانییەکان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە٢٧.

[٢٣] د. پیرۆز مجتهد زادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٤] هيگل، اصول فلسفه الحق، ترجمه د. امام عبد الفتاح امام، بيروت ١٩٨٤.

## رەوایی نەتەوەیی بوون

"ئەگەر بە وردی تەماشای نەتەوەیی بوون بکەین و بەتایبەت لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم، پێشڕەویی سەرکەوتووی ئەم دیاردەیە دەبینین کە بەشێوەی ئاشکرا هەموو جیهانی گرتۆتەوە. چونکە دەبینین هەموو دەوڵەتانی گۆی زەوی بوونەتە (نەتەوەی) رەسمی، هەروەها بزووتنەوەکانی ئازادیخوازیش هەوڵی ئەوە دەدەن کە هەرچی زیاتر "دۆخی نەتەوەیی بوون" بە خۆوە بگرن. هەموو ئەو پشێویانەی کە "سیفەتی نەتەوایەتیان" هەیە، بوونەتە هۆی لەرزاندنی کۆنترین دەوڵەتەکانی نەتەوە لە ئورووپا وەکو ئیسپانیا، فەرانسە، بریتانیا و تا رادەیەکیش سویسرا. رژێمە سۆسیالیستیەکانی رۆژهەڵات و دەوڵەتانی جیهانی سێهەم کە لە چنگی ئیمپریالیزم رزگار بوون و تەنانەت یەکێتیە تازەکانی جیهانیش بێبەش نەبوون لە کاریگەری نەتەوایەتی".[١] دیاردەی نەتەوەیی بوون، یەکێکە لە دیاردە گرنگ و کاریگەرەکانی ئەم دوو سەدەیەی دوایی جیهان، واتە سەدەی نۆزدە و بیست، تەنانەت هەر وەکوو نووسەر و مێژوونووسی ناوداری بریتانیایی (ئێریك هابزبام) دەڵێت: "ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمیش (بەرەو پێشەوە چوونی سەرکەوتوانەی) دیاردەی (نەتەوەیی بوون) بەرچاو دەکەوێت. سەدەی نۆزدە و بیست سەدەی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی لیبرالیزم، دیموکراسی وسۆسیالیزم بووە. سەدەی نۆزدە، سەدەی دەرکەوتن و گەشە و پێشڕەوی هەر یەکێك لەو سێ بزووتنەوەیە بووە کە یەك لە دوای یەك هاتوون و کاریگەریان هەبووە، بەڵام بزاڤەکانی نەتەوایەتی شان بە شانی هەر سێکیان بەردەوام لە دەرکەوتن و گەشە و پێشڕەویدا بووە و هاوچەرخی هەر سێکیان بووە بە بێ پسانەوە.





### یەکەم

نەتەوە وەکو واقیع و راستی بە رادەی مێژوو کۆنە و تەنانەت هەندێك بیر و باوەڕ هەیە کە دەڵێت لە مێژووش کۆنترە. زانا و فەیلەسووفی سیاسی ئەڵمانی "هێگل" دەڵێت: "دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زمان و پەیدابوونی نەژادەکان دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی مێژوو. نەژادەکان لە رووی کاتەوە لەگەڵ ئەفسانەکاندا یەك دەگرنەوە، ئەوەی کە ئەفسانە بێت دەکەوێتە پێش مێژوو".[٢] بەڵام نەتەوە وەکوو هەست و بیر و باوەڕ و بزووتنەوەکان راستیەکی هەڵقوڵاوی شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٧٨٩ بە دواوەیە. ئەمەش بەو مانایە نیە کە ئەو شۆڕشە نەتەوەی لە هیچەوە ئەفراندووە. شۆڕشی فەرانسە و شۆڕشەکانی دیکەی بۆرژوازی و کاریگەری گۆڕانکاریەکانی سەدەی نۆزدە بەردەوام نەتەوەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی دروست و نوێ کردۆتەوە. بزووتنەوەی نەتەوەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لە پێشدا بەهۆی کاری نووسەران و بیرمەندان بووە کە ئەوان بەشداریەکی گەورەیان کردووە لە ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی. بەهۆی زانایانی زمانەوە دیسان زمانی نەتەوەکان ژیایەوە و سەر لە نوێ بژاریان کرد و دروستیان کردەوە، هەروەکوو چۆن پەیکەر تاشێك بەوپەڕی زانایی و سەلیقەی خۆیەوە پەیکەرەکان دروست دەکات. یان بەهۆی مێژوونووسەکانەوە کە هەوڵی بیرهێنانەوەی رابردووی نەژاد و سەروەریەکانیان دەدا. فەیلەسووفە سیاسیەکانیش لە هەوڵی ئەوە دابوون کە بیر و باوەڕی نەتەوایەتی لە ناو رژێمە سیاسیەکاندا جێگا بکەنەوە".[٣]

بەم شێوەیە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئاستی رەسمی و خەڵکیدا هەتا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوو کە دەبووە هێزی کاریگەر و رێگای لێ نەدەگیرا. پاشان بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکان تێکەڵی نەتەوایەتی دەبوون. بەرژەوەندی ئابووری کە جاران لە سنوورەکانی دەرەبەگایەتی و ناوچەیی دەرباز نەدەبوو، بەرەو بەرژەوەندیی گشتی سەرانسەری وڵات و دەوڵەت دەچوو کە لەگەڵ بزاڤی نەتەوەکاندا جووت دەبوو. بزووتنەوەی نەتەوەکان لەسەر هەموو ئاستەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی،

فەرهەنگی و تەنانەت سایکۆلۆژی و دینیش هەروا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوون و دەبوونە هێزی گەورە و کاریگەر لە دنیادا.

ئەگەرچی نەژاد و زمانەکان (کە رەسەنی هەموو نەتەوەکانن) گەلێك کۆنن و تەنانەت کەوتوونەتە پێش مێژوو، بەڵام دیاردەی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی نەتەوەکان و هەوڵی نەتەوەکان بۆ هاوئاهەنگ کردن یان جووت بوونی رەوشی نەژادی و نەتەوەیی لەگەڵ رەوشی سیاسی و ئابووری دیاردەیەکی تازەن و کاریگەری گۆڕانکاری و شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە و بیست هۆکارگەلێکی گرنگن لە دیاریکردن و نەخشاندنی پێکهاتەکان و سنوورەکانی. دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە باسی ئەوە بکەین کە نەتەوە و نەتەوایەتی لەم دوو سەدەی دواییدا دیسان و سەرلەنوێ دروست و نوێ کراونەتەوە. لێکۆڵینەوە لە قۆناغەکانی نەتەوە تا سەرئەنجام پەیدابوونی دەوڵەتەکانی نەتەوە و نیشتمان ئەویش بابەتێکی گرنگە و جێگای پرس و وەڵام و جیاوازیە لە نێوان بیرمەندان و شارەزایانی نەتەوایەتیدا. ئەم وەڵام و پرسانە لە روانگەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت و زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان چەندین تیۆر و تێزی جیاوازیان بۆ پەیدابوونی چوارچێوە و دەوڵەتی نەتەوەکان بەرهەم هێناوە. تیۆری مارکسیزم سەرهەڵدان و پەیدابوونی نەتەوەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرمایەداری بەهۆی یەکگرتنی بازار و گەشەکردنی پیشەسازیەوە. تیۆری لیبرالیزم پەیدابوونی نەتەوەکان بە گۆڕانی کۆمەڵ و کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی دەناسێنێت. بەڵام سۆسیۆلۆژیای مودێرن دەوڵەتی نەتەوەیی یان نیشتمانی وەکوو شێوەی نوێ بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبینێت.[٤]

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی نەتەوەکان یان کۆمەڵگاکان بۆ بنیات نانی دەوڵەتی نیشتمانی یان نەتەوەیی، سێ قۆناغی گرنگیان بڕیوە کە ئەمانەن:

١) قۆناغی سروشتی نەتەوەکان و پەیدابوونی زمان و دەرکەوتنی نەژادەکان.





٢) قۆناغی مێژوویی و گەشەی ئەو نەتەوانە لە حاڵەتی سەرەتایی و دەرەبەگایەتی بۆ سەردەمی سەرمایەداری.

٣) قۆناغی نەتەوەی هێز و دەسەڵاتدار و پەیدابوونی چوارچێوە سیاسیەکان بە ناوی دەوڵەتی نەتەوە یان نیشتمان. روانگەی (مێژوویی_سیاسی) سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی نەتەوایەتی، لێکدانەوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم بیر و باوەڕە وا دەزانێت کە نەژاد و نەتەوەکان بۆ بەرپاکردنی بزاڤی نەتەوایەتی و پێکهێنانی دەوڵەتەکانی نەتەوە و نیشتمان بەم سەردەمانەدا رۆیشتووە:

١) قۆناغی پەیدابوون و خەملینی فەرهەنگی نەتەوەیی، کە مەرج نیە ناوەرۆکی سیاسی تایبەتی یان دیاریکراوی هەبێت.

٢) هەندێك لە نوێنەران و پێشڕەوانی بیری نەتەوەیی سیاسی و سەرەتاکانی هەوڵە سیاسیەکان دەبنە نوێنەر و قسەکەری دیاردەی ناسیۆنالیزم.

٣) قۆناغی جەماوەری بوونی بەرنامە سیاسی و نەتەوەییەکان و پەیدابوون و بەهێز بوونی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی قەوارەی نەتەوایەتی و پێکهێنانی دەوڵەتی گونجاو لەگەڵ فەرهەنگ و رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی نەتەوە.[٥]

ئەسنۆگراف و نەژادناس و مێژوونوسەکان باوەڕیان وایە کە نەژادەکان بە سێ قۆناغدا گەیشتوونەتە رەوشی ئێستای دەوڵەتی نەتەوە یان نیشتمان کە ئەو سێ قۆناغەش ئەمانەن: خێڵ (هۆز)، میللەت (القوم) و نەتەوەکان (الامم).[٦] نەتەوە بەرهەمی گەشە کردن و بەهێزبوونی پەیوەندیە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانە و پەیدابوون و گەشەکردنی سەرمایەداریو (دیموکراسی) هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوەدا. یان هەندێك وا بیر دەکەنەوە کە نەتەوە جمکی (Twin) دیموکراسیە و نەتەوایەتی و دیموکراسی بە یەك هەژانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە دایك بوون. پەیدابوونی هۆشیاری نەتەوەیی و هۆشیاری سیاسی و

فەرهەنگی و پەیبردن بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی هاوولاتیان دەبێتە سەرخانێکی گونجاو بۆ هەلومەرجی دیموکراسیانەی نەتەوە و نیشتمان. بەلام ئەو نەتەوانەی کە سنووره نێودەولەتیەکان جیایان دەکاتەوە، زۆربەی کات ئەوانەن کە لە سەرەتاوە لە چەند قەوارە (کیان) و دەسەلاتی پەرت و جیا دروست بوون (وەکوو کورد) یان دیسان هەر وەکوو کورد نەیانتوانیوە پرۆژەی یەکبوونی نەتەوەیی و دروستکردنی دەولەتی نیشتمانی بەدی بهێنن. نەتەوەی وا هەیە وەکوو (رووس) کە دەبێتە سەرچاوە بۆ دروست بوونی چەند نەتەوە و قەوارەی دیکە وەکوو (ئۆکراین، بیلۆرووس، گورجستان و روسیەی ئێستا). جاری واش هەیە چەند میللەت و کۆمەلی جیاجیا توانیویانە نەتەوە و گەل و قەوارەیەکی دیکەی نوێ پێك بهێنن، وەکوو ئەندۆنیزی کە لە میللەتانی جاوی، سەندی و مادۆری پێکهاتووە. یان فیلیپین کە لە میللەتانی تاگالی، فیسایی و ئیلۆگی دروست بووە. کاریگەری دینی لەسەر نەتەوەکان کە پێی دەلێن (ئیسنۆدینی) هۆکارێکی دیکەیە بۆ دروست بوون و جیابوونەوەی نەتەوەکان وەکوو کاریگەری دینی بوودایی بۆ پێکهێنان و جیابوونەوەی (تبت) لە چین یان (بۆرما) لە هیندستان. کاریگەری دینی ئیسلام بۆ جیابوونەوەی پاکستان و بەنگلادیش لە هیندستان. کاریگەری دەولەت و قەوارەی سیاسی بۆ دروست بوون و جیابوونەوەی گەل و نەتەوەکان لە یەکتری وەکوو جیابوونەوەی هولەند لە فلاماندی (بلژیك)، جیابوونەوەی ئوتریش لە ئالمان یان جیابوونەوەی گەلانی عەرەب و ئەمریکای لاتین لە یەکتری. بەم شێوەیە لە ئێستای دنیادا زیاتر لە سێهەزار نەتەوە لەسەر زەوی دەژین کە بەسەر ٢٦٤ زمان و ١٩٢ ولاتدا دابەشبوون.

لە هەمو ئەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پەیدابوونی نەتەوەیی بوون و سەرکەوتنی رەوایی دەولەت لەسەر بنەمای نیشتمان و نەتەوە، بە زۆر رێگا و شێوە پەیدابووە و کاریگەری نواندووە. ئەگەرچی شێوازی کلاسیکی (یان ئورووپایی و ئامریکایی) بۆ دەولەتی نەتەوە و نیشتمان تا ئێستا وەکوو روانگەیەکی زال یان باو چاوی لێدەکرێت،





کە ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە دیاردەی نەتەوەیی بوون یان هاونیشتمانی و هاوولاتی (وەکوو هێزەکانی ئازادی دژ بە دەسەلاتی ئیمپراتۆر و میرنشینی سەردەمی دەرەبەگایەتی) دەبنە سەرخانی پێویست یان فەرهەنگ و ناسنامەی دیموکراسی. دیموکراسیش کە لە سێ ئاستی (عەقلانیەت) سیستم، ناسنامە، (فەرهەنگ) و دەسەلاتی ئازادیدا کار دەکات، نەتەوایەتی یان هاوولاتی بوون دەکاتە سەرخانی فەرهەنگی (کلتووری) خۆی. بەلام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە زۆر هۆکار و رێگای دیکەی سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگی هەیە بۆ دروست بوونی دەولەتە تازەکان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و نیشتمانی.

### دووهەم

رەوایی نەتەوەکان یان رەوایی پێکهێنانی دیاردەی نەتەوایەتی و دروست بوونی دەولەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە تەنها لە رەوشی مێژوویی و سیاسی و ئابووریدا مانا پەیدا ناکات، بەلکو دەبێت بچینە ئاستەکانی دیکە و روانگە و بیر و باوەڕەکان سەبارەت بەو دیاردە گرنگە شارەزا بین. ناسین و لێکدانەوەی دیدگا و فەلسەفەکان بۆ ئەم دیاردەیە بەشێك یان چەند بەشێك لەو رەوایی بوونە پەیدا دەکەن و ئەو بیر و باوەڕانە پێمان دەلێن کە ئەم دیاردەیە بە چ رێگایەك باسکراوە یان لە چ روانگە و بەرژەوەندیەك رەوایی دراوەتێ. کورتەی دیدگا جیاوازەکان و تیۆریەکان سەبارەت بە نەتەوایەتی تێگەیشتنی فرە و هەمە لایەنەمان بۆ دەردەخات، ئەگەرچی ئەو فرەییە لە تێگەیشتن بەرامبەر بە خودی دیاردەیەکیش بێت. وتە بەناوبانگەکەی هابرماس کە دەلێ: "گفتوگۆی بیر و باوەڕەکان ئاست و هەولێکی گرنگە بۆ نزیك بوونەوە لە راستی یان تێگەیشتن لە دیاردە و پرسی مەبەست". لێکدانەوەی فرەیی دەبێتە ئاستێکی گرنگ بۆ زیاتر دەرکەوتنی رەوایی ئەو دیاردەیە، واتە ناسینی هەمەلایەنە رێگا ئاسان دەکات بۆ رەوایی بوونی دیاردەی شوێنی مەبەست کە نەتەوایەتیە. ئێستاش دەچینە لای شارەزایان

و بیرمەندانی جیهان، با بزانین ئەوان چۆن بیر لە ڕەوایی بوونی نەتەوە و نەتەوایەتی دەکەنەوە:

- نەتەوەکان بە ڕادەی مێژوو، کۆنن. (والتەر باگهۆت)[٨]
- نەتەوە بە مانای چی بوون (ماهیەت) و لە نیازی سروشتی مرۆڤ بە مەبەستی ناساندن و جیاکردنەوەی خۆیان لەوانی دیکە سەرچاوەی گرتووە.[٩]
- نەتەوە پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی جێگیر کە لە ڕەوتی مێژوویی‌دا لە زمان، خاك، ژیانی ئابووری و ڕەوشی فەرهەنگی و دەسەڵاتی هاوبەشدا خۆی دەنوێنێ و گەشەی کردووە.(ستالین)[١٠]
- نەتەوە دەنگدانێکی ڕۆژانە (بەردەوام) و هەمیشەیە.(ئەرنست رینان).[١١]
- نەتەوە مانای پێداویستی نەتەوەکان و بزووتنەوەی نەتەوایەتیە، نەتەوە بە بێ بزووتنەوەی نەتەوەیی نابێت.(ئۆتۆ باڤێر).[١٢]
- نەتەوە بریتی نیە لە چەند چەمك و پەیامی فەلسەفی دابڕاو لە ژیان، بەڵکوو نەتەوەیی بوون خودی هەموو ژیانی ئەو نەتەوانەیە.(ئەریك هابزبام)[١٣]
- نەتەوە پێکهاتووە لە هەردوو چوارچێوەی سیاسی (دەستووری) و نەتەوایەتی (فەرهەنگی) یان چوارچێوەی دەوڵەتی و نەتەوایەتی دەبێت جووت بن. هەموو چوارچێوەکانی دیکە جگە لە دەوڵەت ناتوانێت دەربڕینی کاریگەر بێت بۆ نەتەوایەتی.(لێکدانەوەی پراگماتیستی ڕۆژئاوایی).[١٤]
- نەتەوەکان نەتەوایەتی و دەوڵەت پێك ناهێنن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. ئێمە ئیتالیامان دروست کرد، ئێستاش دەبێت ئیتالیاییەکان بنیات بنێین.(ماسیمۆ دازیلیۆ).
- دەوڵەت دەتوانێت نەتەوە دروست بکات، نەك بە پێچەوانەوە.(کولونال بیلسودیسکی).[١٥]





- نەتەوە=دەوڵەت=گەل=نیشتمان، نەتەوە مانای یەکێتی سیاسی و سەربەخۆیی.(تێگەیشتنی شۆڕشی ئەمریکا و فەرانسە لە نەتەوە).[١٦]
- نەتەوە بە تەنها ئەوە نیە کە کۆمەڵێك پێکهێنەر و توخمی سەرەکی هەبێت وەکوو (زمان، خاك، فەرهەنگ، مێژوو، ئابووری)، بەڵکوو دەبێتە یەکەیەکی (چوارچێوەیەکی) پتەو بۆ پێکەوە بەستنی هەموو ئەمانە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دەستووری.(جۆن ستیوارت میل).[١٧]
- هەموو گەلێکی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، ژمارەی دانیشتوان و پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، ئەم دەسەڵات و چوارچێوەیە سروشتی و پیرۆز و بەرهەقە.(ڕاگەیاندنی مافە گشتیەکانی شۆڕشی فەرانسە).[١٨]
- نەتەوە نوێنەری بەرژەوەندی گشتیە لە بەرامبەر کۆی بەرژەوەندیە تایبەتیەکاندا.(پیەر فیلار).[١٩]
- دابەشبوونی مرۆڤایەتی بۆ چەندەها نەتەوەی جیاواز لە گەوهەردا دابەشبوونێکی ئابووریە.(مۆلیناری).[٢٠]
- نیشتمانی بوون و نەتەوایەتی، دینی شارستانیە یان ئایینی ئازادیە.(ژان ژاك ڕۆسۆ).[٢١]
- پێویستە شێوەیەکی دەستووری دابنرێت بۆ خەڵکانێك کە خۆیان وەکوو نەتەوە دەناسێنن.(زبگنیۆ بریجینسکی).[٢٢]
- دەوڵەتی نەتەوەیی نەخشاندنی ڕۆحی ئەخلاقیە.(هێگل).[٢٣]
- دەوڵەت نەخشاندنی یاسایی هەر نەتەوەیەکە.(ئاسیمان).[٢٤]
- نەتەوە بریتیە لە ئیرادە و فەرهەنگ.(ئەرنست گیلنەر).[٢٥]
- نەتەوە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمی پیشەسازی و سەرمایەداریە.(مارکسیزم).[٢٦]

- پێکهاتنی نەتەوەکان لە ئەنجامی گۆڕانی سەردەمی کشتوکاڵی بۆ سەردەمی پیشەسازی.(تیۆری پیشەسازی).[٢٧]
- دەوڵەتی نەتەوەیی چوارچێوەی هەرە تازەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیە.(سۆسیۆلۆژیای مودێرن).[٢٨]
- پەیوەندی نزیکایەتی نێوان دین و نەتەوەیی بوون (دوو دیاردەی نەمری) و سیحری نەتەوەیی بوون ئەوەیە کە ڕێکەوت دەکاتە چارەنووسێکی نەمر. بۆیە تەنها نەتەوایەتی توانی جێگای دین بگرێتەوە.(بێنێدیکت ئەندرسۆن).[٢٩]
- بە ڕێکەوت من لە فەرانسە لە دایك بووم، بەڵام فەرانسە نەمرە.(ڕیجی دۆبریە)
- نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیە کە ئەستەمە بتوانرێ پەی بە هەموو لایەنەکانی ببرێ. پێکهاتەیەکە کە هەرگیز ناتوانرێ یاساکانی خۆی بە ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ناسنامەی دیاریکراو بگۆڕێت. نەتەوە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە کە بەردەوام و بێوچان خۆی دەگۆڕێت، کە لە ڕەوشی جیاوازدا بایەخ و گرنگی جیاوازی هەیە.(کارل کاوتسکی).[٣٠]

سەرەنجام بۆمان دەرئەکەوێت کە نەتەوەیی بوون چەندین لێکدانەوەی هەمەلایەنە و جیاواز بە خۆوە دەگرێت، واتە دەبێت نەتەوایەتی لە هەموو لایەنێکەوە لێك بدرێتەوە و هەموو بناغەکان و توخمەکانی نەتەوایەتی سەبارەت بە نەتەوەیی بوون حسابیان بۆ بکرێت و پاشان دیدگا جیاوازەکان لەروانگەی بیروباوەڕی جیاوازەوە گەلێك لایەنی نەتەوایەتیمان بۆ دەردەخات و راستینەی نەتەوە و نەتەوەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت. هێگل زانای گەورە و فەیلەسووفی سیاسی ئاڵمانی سەبارەت بە ڕەوایی و هەق دەڵێت: "ڕۆحی بابەتی، کە پرسی سەرەکی زانستی فەلسەفەی هەقە، مەبەستم ئەو بیرە گشتیەی هەقە کە لە هەمان کاتدا دەبێت بەدی بێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە بیری گشتی هەقیش هەر هەمان عەقڵ و سروشتی عەقڵانی بیرە".[٣١] واتە فەلسەفەی هەق و ڕەوایی بوون بریتیە





لە بیری عەقڵانی سەبارەت بە خودی هەق و سروشتی عەقڵانی هەق و لە هەمان کاتدا دەبێت توانای بەدیهاتن و جێبەجێ کردنی هەبێت. هەر لەم روانگەیەوە ئەگەر نەتەوە و نەتەوایەتی بخەینە بەر پێوەری هەق و ڕەوایی و هەقانیەتی لێك بدەینەوە، دەبێت ئەوە بزانین کە یەکەم جار بیرێکی ژیر و لێکدانەوەیەکی راست و ڕۆشنمان هەبێت سەبارەت بە بیری نەتەوەیی و دووهەم جاریش دەبێت ئەو دیاردەیە یان ئەو (بیرە ژیرە) توانای بەدیهاتنی هەبێت، واتە بۆ هێنانەدی و جێبەجێ بوونیش دەبێت توانایەك لە ناو نەتەوە و ڕێکەوتنێك لە ناو (نەتەوایەتیدا) هەبێت. کە ئەمەش مانای ئیرادە دەگەیەنێت بۆ سەرکەوتنی ئەو هەقە. هەر بۆ ئەم مەبەستەشە کە ئێرنست گیلنەر دەڵێ: "نەتەوە ئیرادە و فەرهەنگە". ئیرادە و ڕێکەوتنیش لەسەر بنەمای بابەتی (فەرهەنگ یان نەتەوە) دەبێتە ئامانجی مرۆڤەکان بۆ هێنانە دی چوارچێوەیەکی عەقڵانی خاوەن ناسنامەی مێژوویی یان گشتی هەر بۆیەش هێگل دەڵێ: "ئامانجی عەقڵانی مرۆڤ ئەوەیە لە دەوڵەتێك (سیستم)دا بژی. ئەگەر مرۆڤ دەوڵەتی دەست نەکەوێت، بۆیە عەقڵ ناچار دەبێت هەر زوو ئەو دەوڵەتە لە مێشکی خۆیدا دابمەزرێنێ".[٣٢] هەر لێرەوە ئەو بیر و ئیرادەیەی کە مرۆڤ دەستی دەگاتێ، تەنها لە ئاستی بابەتی بووندا نامێنێتەوە و بەڵکوو دەشبێتە هێزێکی خودیی (زاتی) مرۆڤ و نەتەوە. واتە هەق و ڕەوایی تەنها بەند نیە بە بناغەی بابەتیەوە (کە دەبێ هەبێت)، بەڵکوو بەندە بە عەقڵ و لێکدانەوە و ئیرادەی خودەکانەوە بۆ دامەزراندنی جیهان و چوارچێوەیەکی دڵخواز و عاقڵ. بەدیهاتنی هەق و ڕەوایی نەتەوەی کورد هەر بەند نیە بە ڕەوشی بابەتی بوونی کورد، وەکوو زەمینەیەکی مێژوویی و فەرهەنگی و نەژادی کورد بۆ جیاوازی لە نەتەوەکانی دیکە، بەڵکوو هۆکاری بڕیاردەر ئەوەیە کە تا چەند عەقڵ و لێکدانەوە و ئیرادەی خودی نەتەوەی کورد ئەو هەلومەرجە بابەتیە دەکاتە ژیان و چوارچێوەیەکی عاقڵ و دڵخواز. بۆ ئەم مەبەستە هێگل کە فەیلەسووفێکی سیاسی و تیۆریسیەنێکی نەتەوایەتیە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە دەڵێت: "ئەو یاسایانەی کە لەناو نەتەوەکاندا کار ئەکەن، گرنگی ئەوتۆیان نیە، بێجگە لە

هۆشیاری نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە، پاشان هەموو لێکدانەوە و بیروباوەڕەکان سەبارەت بە هەق لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت".(٣٣) سەرەنجام لە رەوتی مێژوویی و گۆڕانکاریەکاندا و لەبەر تیشکی لێکدانەوەی بیروباوەڕەکان دەربارەی نەتەوایەتی، یەك راستی گەورەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە رەوایی و هەق بوونی نەتەوەکان، سەرەڕای بوونی هەلومەرجی بابەتی و گۆڕانکاریەکانی دنیا کە لەسەر هەلومەرجی نەتەوەکان کاریگەرن، بەڵام رەوایی هەر نەتەوەیەك بەندە بە کاریگەری و لێهاتوویی خودی ئەو نەتەوەیە بۆ پێکهێنانی چوارچێوە و دەوڵەتی دڵخوازی خۆی.

## سێهەم

تا ئێستا چەند جارێك باسی هەق و رەواییمان کرد و ئاماژەمان بەوەدا کە بناغەی بابەتی هەق و رەوایی لەناو خودی نەتەوەکاندایە، بەڵام بۆ هێنانەدی و بەرجەستەبوون و کارپێکردنی ئەو رەواییە دەبێت عەقڵ و ئیرادەی خودی نەتەوە کارا و کاریگەر بێت. بۆ ئەوەی بتوانین لە چەمکی (هەق) و (رەوایی) تێبگەین، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی، سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ زانینی کاریگەری و گرنگی ئەو دیاردەیە لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی. بۆ چاکتر شارەزابوون دەبێ بزانین کە پەیدابوون و کاریگەری هەق و رەوایی لە سەردەمە مێژوویی و ساتە فەلسەفیەکاندا چۆن بووە.

### سەردەمی یەکەم (ساتی یەکەم):

بەدەست هێنانی بیر، هێز و رەوایی، کە بابەتی ئەم زانستە فەلسەفیە سیاسیە بریتیە لە بیری هەق، واتە بیرکردنەوەی گشتی سەبارەت بە مافەکان و هاتنەدی و کاریگەرییان. بیرکردنەوەی گشتی بۆ هەق بریتیە لە خودی عەقڵ و سروشتی عەقڵانی ئەو بابەتە، یان دەتوانین بەشێوەیەکی روونتر بڵێین کە بابەتی هەق و رەوایی بیرێکی ژیرانەیە سەبارەت بە بەدیهاتنی ئەو عەقڵە دەربارەی هەق.





ئەوکاتەی کە مرۆڤ بیری کردەوە و بڕیاریدا کە مافەکانی خۆی لە سروشت و کۆمەڵ بەدەست بهێنێ، ئەو کاتەی مرۆڤ بەرهەمی درەختەکانی خوارد و ئاژەڵەکانی راو کرد، خانووی دروست کرد بۆ ژیان، خێزانی پێکەوە نا. لە کۆی چەند خێزانێك خێڵیان دروستکرد، لە یەکگرتن و هاوبەرژەوەندیی چەند خێڵێك میللەتیان ئەفراند و لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو میللەت، دوو ناوچە و چەند میرنشینێك یان زیاتر نەتەوەیان پێکهێنا. بەهۆی هەموو ئەمانەوە مرۆڤ توانی کاریگەری بکاتە سەر سروشت، کۆمەڵ و مێژوو، توانی بیرکردنەوەی سەبارەت بە ژیان و مافەکانی و هەلومەرجی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بکاتە هۆکارێکی گرنگ بۆ خۆ سەلماندن و توانی خۆی لە یاسا سروشتی و کوێرەکانی سروشت جیا بکاتەوە و تەنانەت توانی کاریگەریش لەسەر خودی سروشت دابنێ و سروشت و کۆمەڵ و مێژووش بە قازانجی خۆی بگۆڕێت.

بەم شێوەیە لە سەردەمی یەکەمدا (یان بە تێڕوانینی فەلسەفی لە ساتی یەکەمدا) خۆی سەلماند و کاریگەری لەسەر سروشت و کۆمەڵگا و مێژوو دانا و بەدەستی خۆی مافەکانی خۆی سەند و ژیانێکی شایستەی بۆخۆی پەیدا کرد. بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ (و نەتەوە و کۆمەڵگاکان) سەبارەت بە مافەکان و سروشتی عەقڵانی بە مافەکان بەخشی و بەم شێوەیە هەق یان رەوایی لەناو سروشت و کۆمەڵ و مێژوودا دەرهێنا و کردیە هێز و تایبەتمەندی خودی خۆی یان بە وتەی هێگل (رۆحی خودی) بەرهەم هێنا و راستەوخۆ توانی خۆی لە سروشت یان هەلومەرجی بابەتی جیا بکاتەوە و وەکوو (خودێکی سەربەخۆ) دەربکەوێت و ببێتە خاوەنی رەهەند و سنوورەکانی خۆی. واتە سەردەمی یەکەم، سەردەمی بە دەست هێنانی خود و بیرکردنەوەی عەقڵانی و خاوەن ماف و کاریگەریە بۆ (خود).

### سەردەمی دووهەم (ساتی دووهەم):

وێڕای ئەوەی کە خود توانی خۆی و مافەکان و بیرکردنەوەی ژیرانە لە سروشت و کۆمەڵ و مێژوو (هەلومەرجی بابەتی) جیابکاتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت

که سروشت و کۆمەڵ و مێژوو که سەرچاوە یان زەمینەی بەدیهاتنی ئەو خودە کاریگەرەیە، وەکوو (بابەت)ێکی سەربەخۆ و هێزێکی کاریگەر لەسەر (خود) هەر دەمێنێتەوە. هەروەکوو چۆن خودەکان رەوایی خۆیان بەدەستهێنا، بە هەمان شێوەش (بابەت) دەتوانێ کاریگەری گەورەی لەسەر مرۆڤ و هێزەکان و بیرەکان هەبێت. ئەو بەرهەمانەی که مرۆڤ بە دەستی هێنا لە (خود، هەق، بیر و رەوایی) ئەوانیش سەرەڕای ئەوەی کاریگەریان لەسەر خودی مرۆڤی خاوەن ئەو شتانە هەیە و کاریگەری بابەتیشیان (دەرەکی) لەسەر مرۆڤەکانی دی و لەسەر کۆمەڵیش هەیە. واتە بەدەست هێنانی بیر، هێز، ئیرادە و رێکخستنی کۆمەڵایەتی (خێزان، خێڵ، نەتەوە، دابەشکردنی کار و دەسەڵات) هەرچەندە بەرهەمی خوودی مرۆڤە و لە ئەنجامی پێداویستیەکانی خودی مرۆڤەوە بەرهەم دێت، بەڵام ئەم بەرهەمانەش کاریگەری بابەتییان لەسەر خودی مرۆڤ و ئەوانی دیکەش دەبێت. کاتێك کەسێك دەیەوێت خێزان پێك بهێنێ، یەکەم شت لەبەر ئەوەیە که ئەو کەسە پێویستی بەو ئاڵوگۆڕە هەیە، بەڵام هەر ئەوەندەی خێزانەکەی پێکهێنا ئەو رەوشە تازەیە یان هەلومەرجی بەرهەم هێنراو کاریگەری دەرەکی (بابەتی) دەبێت لەسەر هەردوو کەسی پێکهێنەری خێزانەکە (ژن و پیاو). ئەم کاریگەریە لە هەر دوو کەسەکەوە لەسەر یەکتری دەبێت، سەرەڕای کاریگەری پێداویستیە مادی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی خێزان لەسەر ئەو خودانە. خێزان که بەرهەمی پێداویستیەکانی (خودە)، بەڵام هەر لە یەکەمین ساتی پێکهێنانیەوە دەکەوێتە ئەوەی که کاریگەری بابەتی بکاتە سەر ئەوانەی که پێکیان هێناوە، کاریگەریی بابەتیش واتە ئەو کارلێکەیە که لە سەروو هێز و ویست و ئیرادەی مرۆڤەوە بێت. بیریش هەر بەو شێوەیە کاریگەری هەیە. بیر بەرهەمی ژیان و پێداویستی مرۆڤەکانە بۆ بەرێچوونیان، بەڵام هەر لە ساتی پەیدابوونیەوە کاریگەری بابەتی لەسەر خودی مرۆڤی خاوەن بیر و ئەوانی دیکەش دەبێت. دامودەزگاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و هەموو مێژووی





مرۆڤایەتیش بەرهەمی بیر و هێز و ئیرادەی (خودن)، بەڵام کاریگەری فراوانیان لەسەر ئەو خودانەش هەیە که ئەو بەرهەمانەیان ئەفراندووە.

بەم شێوەیە ئەم بەرهەمانە، بیرانە، هێز و خودانە، دیسان دابەش دەبێت بۆ (خود) و بۆ (بابەت) و دەبێتە پێداویستیەکی هۆشیارانە که دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی (زانست و فەلسەفە) و مێژووش یەکێك دەبێت لە بەرهەمەکانی و پاشان هۆشیاری سەبارەت بەو زانست و فەلسەفە و مێژووە دەگاتە پلە باڵاکانی دیکەی عەقڵ وەکوو (مەعریفە، میتۆد و ئیرادە). مارکسیزم بەم سەردەمە و بەم ساتە فەلسەفیە دەڵێت (بوونی مادی)، بەڵام هێگل ناوی دەنێ بە (رۆحی بابەتی).

بوونی مادی یان رۆحی بابەتی که لە کاریگەری خود و بابەت لەسەر یەکتری پێکهاتووە، کاریگەری لە جیهانی دەرەوەی خۆی دەکات. جیهانی دەرەوەش مەبەست لە بونیاد و بیر و باوەڕەکانی مرۆڤە لەسەر کۆمەڵ و دەوروبەر و پێداویستیەکانی که لە دەزگا و دامەزراوەکان و رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دەرئەکەوێت که ئەمانەش بریتین لە زمان، فەرهەنگ، خێزان، یاسا، کۆمەڵ، دەسەڵات، ئەرك و مافەکان، ئاکارەکان (الاخلاق) و گشت پەیوەندیەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی.

### سەردەمی سێهەم (ساتی سێهەم):

کۆبوونەوە و کارلێکردنی هەردوو خود و بابەت، یان رۆحی خود و رۆحی بابەتی هەر لەسەر ئاستی مرۆڤە کاریگەرەکان خاوەندارەکان نامێنێتەوە، بەڵکوو وەکوو باسمان کرد، لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تەنانەت سروشت و مێژووش دەبێت. چونکە مرۆڤ توانیویەتی و ئەوەندەی بۆی کرابێت دەستکاری سروشت و مێژووش بە قازانجی خۆی بکات، بەڵام دیسان و سەرەڕای بوونی هێزی کاریگەری خود و خودەکان، هەر ناچار دەبێت که پێویستی بە رەوشی بابەتی هەبێت، جا یان ئەو بابەتی بوونە خودی کۆمەڵ و سروشتە یان هەروەکوو ئاماژەمان پێدا کاریگەری بابەتیانە یان دەرەکیانەی (سەبارەت بە خود) هێزەکانی مرۆڤە. بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەبرێتە بەر یەکگرتنی رەوایی و هێزی

خودی لەگەڵ ڕەوایی و هێزی بابەتی و لێرە بەدواوە گەلێك بەرهەمی گرنگی مێژوو، زانین و ئیرادە لە کاروانی مرۆڤایەتیدا پەیدا دەبێت کە ئەوانیش (ئەفسانە، دین، فەرهەنگ، نەژاد)ەکانن لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا دوای پێشکەوتنی شارستانی ئەو هەلومەرجە زیاتر هێز پەیدا دەکات و ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی و زانستی و هۆشیاری زیاتر دەرەخسێنێ و دیاردەی نەتەوایەتی یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەم سەردەمە مێژووییە. لە سەرەدەمە کۆنەکاندا و لە پەرستنی ئەفسانەیی و دینیدا مرۆڤ ئەو وێنانەی دەپەرست کە تێکەڵاو بوون لە وێنە و سیفەتەکانی خۆی لەگەڵ وێنە و سیفەتەکانی سروشت و ئەو هێزانەی کە مرۆڤ پێیان نەدەوێرا. بۆیە تەماشا دەکەیت کە خودای پێکهێنا. بەڵام لە سەردەمی پێشکەوتندا مرۆڤ دروست وێنە و سیفاتە ڕاستەوخۆکانی خۆی دەپەرستێ و توانی ئەو وێنە و سنوورانەی کە جاران خۆی لەوان بە کەمتر دەزانی لەخۆیدا بەرجەستە بکات و هەندێك جار تێشی دەپەڕاند (وەکوو دەوری مرۆڤ لە زانستدا). ئەمیل دۆرکهایم زۆر ڕێك و جوان باسی ئەمە دەکات و دەڵێت: مرۆڤی ئێستا ڕاستەوخۆ خۆی دەپەرستێ. مرۆڤ لە ڕێگای نەتەوایەتی و نیشتمانی بوونەوە ڕەهەندە مێژوویی و ئێستاییەکانی خۆی کردۆتە فەرهەنگ و لە جێگای دین داینراون (نەتەوایەتی ئایینی سەردەمی شارستانیە_ڕۆسۆ) و لە ڕێگای ماف و ئازادیەکانیشەوە ڕاستەوخۆ سنوورەکانی خودی خۆی کردۆتە ڕێبازی ژیان.

بەڵام سەرەڕای بەدیهاتنی ئەم هێزانە و کاریگەری ڕێکەوتن و یەکگرتنی هەلومەرجی خودی و بنەمای بابەتی، تەماشا دەکەین کە مرۆڤ بە تەنها ناتوانێت هێزەکانی خۆی، سنوورەکانی خۆی و ڕاستی و ماف و ڕەواییەکانی خۆی بەدی بهێنێت و لە بەرامبەریشدا هێزەکانی دیکە هەر بەوجۆرە پێویستیان بە کاریگەری و ڕێکەوتن هەیە، جا ئەو هێزانە مرۆڤەکانی دیکە بن، یان چینەکانی دیکە یان کۆمەڵ و نەتەوەکانی دیکەن. لە سەردەمی بەهێزبوونی هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیەکاندا ڕەوایی تەنها بەند نیە بە تەنها لایەنێك، بەڵکوو پێویستە بۆ ئەوەی





بیرکردنەوە و هێز و ڕەوایی بگاتە ئەنجامی دڵخواز و پێشکەوتووی مرۆڤایەتی، ساتی چوارەم یان سەردەمی چوارەم بێتەدی. بەمجۆرە سەردەمی سێهەم دەبێتە سەردەمی بەرامبەر بوون یان کاریگەری ڕەواییەکان و یەکگرتنەکان (لە نێوان هەر دوو حاڵەتی خودی و بابەتی) لە بەرامبەر یەکتردا. واتە ڕاوەستانی چینەکان یان دینەکان یان کۆمەڵگا و نەتەوەکان لە بەرامبەر یەکتری.

سەردەمی سێهەم سەبارەت بە دیاردەی نەتەوایەتی بەمجۆرەی لێدێت: ئەگەر نەتەوایەتی یان هەوڵەکانی نەتەوەیی بوون بۆ چارەسەری پرسی نەتەوە وەکوو (خودێك) چاو لێ بکەین و ڕەوشی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵ و نەتەوە وەکوو (بابەت) سەیر بکەین. سەردەمی یەکەم دەبێتە ئەوەی کە خودێتی نەتەوە پەیدا ببێت لە ئەنجامی هەوڵەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوشی گشتی یان بابەتی بوونی نەتەوە دادەنێت. واتە نەتەوە وەکو دەنگدان یان ئیرادە و هەوڵێك تەماشا بکەین بۆ پەیدابوونی خودێتی. بەڵام هەلومەرجی گشتی و بابەتی بێدەنگ نیە ئەویش کاریگەری پێچەوانە یان بەرامبەری دەبێ (کە هێگل ناوی دەنێ ساتی دووهەم بۆ ڕەوایی). ساتی سێهەمیش دەبێتە ڕێکەوتن و کارلێکی هەردوو ئاستی خودی و بابەتی لە ناو نەتەوە و کۆمەڵگادا. ئالێن تۆرین کۆمەڵناس و بیرمەندی پۆست مارکسیزم ئەم باسە لە کتێبی (ڕەخنە لە مودێرنیتە)دا بەم شێوەیە باسدەکات و ئەریك هابزبامیش لەگەل ئەو هاوڕایە: "ڕەوشی بابەتی نەتەوە و هەلومەرجی گشتی سەرچاوەیەکە بۆ پەیدابوونی نەتەوایەتی و هەوڵەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ساغکردنەوەی قەوارەی نەتەوە بۆ جووت بوونی حاڵەتی سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەلومەرجی نەژادی و نەتەوەیی (یان هاوولاتی). بەڵام هەروەکوو چۆن نەتەوە سەرچاوە و زەمینەی نەتەوایەتیە، هەر بەو شێوەیەش نەتەوایەتی دیسان و سەرلەنوێ نەتەوە و کۆمەڵگا دروست و نوێ دەکاتەوە".[٣٤]

## سەردەمی چوارەم (ساتی چوارەم):

ڕێکەوتنی نێوان (خود) و (بابەت) بە تەنها ناتوانێ لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەر بێت. لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی بەهێزی و ڕەوایی گەورەی نێوان خودەکانە، واتە گەلێك خودی بەهێز و خاوەن دەسەڵات پەیدا بوون کە کاریگەری خودی و بابەتییان (دەرەکی) لەسەر خۆیان و ئەوانی دیکە هەیە. جا یان ئەوەتا ئەو کاریگەرە دەبێتە سڕینەوە و لەناوبردنی خودەکانی دیکە لە لایەن یەکێك لە هێزەکانەوە، هەروەکوو چۆن بەردەوام هێزەکان و خودەکانی داگیرکەری کوردستان دانیان بە بوون و ڕەوایی کورددا نەناوە و هەوڵی لەناو بردنیان داوە، لە بەرامبەریشدا خودی کوردی و خەباتی چەکداری کوردستان دروشمی ڕووخانی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کردبووە ئامانجی خۆی. واتە کاردانەوەی کوردیش لە ئاراستەی لەناوبردنی خودەکانی بەرامبەر بووە (ئەگەر بۆی کرابێت!). ئامانجی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە سەردەمی چوارەم کە سەردەمی خوێندنەوە و پەسندکردنی ڕەواییەکانی دیکەیە (لە هەر دوو ئاستی خودی و بابەتی). واتە ئێمە هەر چۆن بۆ خۆمان و لەکاروانی پەیداکردنی خودی گشتی و تایبەتیدا لەگەڵ هەلومەرجی بابەتیدا لە کار و ڕێکەوتنندا بووین، هەر بەوجۆرەش دەبێت ئەوە بۆ کەسانی دیکەش پەسند بکەین. دەبێت لەمەش فراوانتر مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بکەین بەوەی کە تەنها خوێندنەوەی بوون و ڕەوایی بەرامبەر بەس نیە بۆ بنیات نانی سەردەمێکی نوێ لە ژیان و جیهانێکی پەیوەندیدار و شایستە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە و بەهرەمەندبوونی هەموو هەق و ڕەواییەکان لە بەرهەم و پێشکەوتنەکانی جیهان و سەرەنجام سەردەمی چوارەم یان ئاستی فەلسەفی چوارەم بۆ تێگەیشتنی ڕەوایی و هەقی نەتەوەکان و کۆمەڵگا و وڵاتەکان دەبێتە پەیوەندی و کاریگەری هەر وەکوو کۆمەڵناس و فەیلەسووفی سیاسی بریتانیایی ئەنتۆنی گیدنز ناوی لێ دەنێت.





### چوارەم

لە دوای ناسین و شارەزابوون لە دیاردەی نەتەوایەتی و ڕێگا و مێژووەکانی دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوە و نیشتمان و فرەیی و جیاوازی ئەو ڕێگا و مێژووانە. پاش باسکردنی کورتەیەك لە دیدگا و بیر وباوەڕە سیاسی و فەلسەفیەکان سەبارەت بە ڕەوایی نەتەوەیی بوون، لە دوای ئەوەی بە شێوەیەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی سەردەمە مێژوویی و ساتە فەلسەفیەکانی پەیدابوونی هەق و ڕەواییمان ناسی، ئێستا پێویستمان بەوە دەبێ کە بزانین چۆن نەتەوە و نەتەوایەتی، یان ڕەوایی بوونی دامەزراندنی دەوڵەت و قەوارە سیاسیەکان لەسەر بنەمای نەتەوە یان نیشتمان لە کاروانی مرۆڤایەتیدا و لە ڕەهەندی فرەیی و جیاوازیدا پیادە کراون ولە ئایندەشدا ئەو دیاردە کاریگەرەی مرۆڤایەتی چۆن بەردەوامی بەخۆی و بە ڕەوابوونەکەی دەدات، بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا و وڵاتەکان لە جیهاندا. یان دەتوانین پرسیارەکە بەجۆرێکی دیکە بکەین و بڵێین ئایا نەتەوایەتی دەتوانێ وڵامدەرەوە یان بەشێك لە وڵامەکانی پرس و کێشەکانی ئێستا و ئایندەی مرۆڤایەتی لە خۆیدا پەیدا بکات. باشترین کار ئەوەیە کە دیاردەی نەتەوایەتی و ڕەوایی سنوورەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون لەگەڵ ڕەهەندەکانی ئێستای مرۆڤایەتی هاوچەرخدا بەراورد بکەم.

یەکێك لە پرسە گرنگ و کاریگەرەکانی مرۆڤی هاوچەرخ مەسەلەی ناسین و شارەزا بوونیەتی لە دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیانی خۆی. واتە چۆنیەتی ناسین، یان ڕێباز و میتۆدێك بۆ تێڕوانین و شارەزا بوون لە شتەکان بەردەوام یەکێکە لە کێشە گرنگ و ئاڵۆزەکانی مرۆڤ. ئەگەر زمان و نەژادەکان هێندە کۆن بن و پەیدا بوون و بڵاوبوونەوەیان لە پێش مێژووشدا بێت، کەواتە یەکێك لە هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بە هۆی زمانەوە خۆی بناسێت و بەهۆی نەژادیشەوە خۆی لە کۆمەڵگاکانی دیکە جیا بکاتەوە. بەڵام تەنها بەهۆی ناسینەکانی زمان و جیابوونەوەی نەژادەکان ناتوانین هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی ژیانمان شارەزا بین، بەڵکوو دەبێت ناسینی زمان و

نەژادمان فراوان بکەین بۆ زیاتر لە توخمێك، ئاستێك یان سەردەم و دیدگایەك. ئەوەی کە من دەمەوێ لەم بەشەدا سەبارەت بە ڕەوایی نەتەوەیی باسی بکەم، ئەوەیە ئایا دەتوانین ڕازێك، ڕێبازێك یان میتۆد و جیهان بینیەك بۆ ناسینی نەژاد و نەتەوەکان پەیدا بکەین؟ ئایا دەتوانین بەو هۆکارانە چاکتر و زانستیتر لە ڕاستینەی نەتەوەکان و ڕەوایی ئەوان تێبگەین؟ ئایا دەتوانین بەهۆی ئەو چاکتر ناسینەوە، ئەو دیدگایە بکەینە سەرەتا و ڕێبازێك بۆ ناسینی دیاردەکانی دیکەی ژیانمان؟ سەرەنجام چاکترین شت ئەوەیە کە شێوەی تێگەیشتنی خۆم بە یارمەتی زانست و فکر و فەلسەفەکان ڕۆشنتر بەیان بکەم و وڵامی ئەو پرسیارانەش بدەمەوە.

٤-١

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە نەتەوە بە مانای چیبوون (ماهیەت) و لە نیازی سروشتی مرۆڤ بە مەبەستی ناساندن و جیاکردنەوەی خۆیان لەوانی دیکە سەرچاوەی گرتبێ [٣٦]، کەواتە یەکەمین ئاستی تێگەیشتن لە نەتەوەیی بوون ئەوەیە کە خەڵکانێك هەن دەیانەوێ جیاواز بن لەوانی دیکە و لە هەوڵی سەربەخۆبوون دان. هەر نەژاد و نەتەوەیەك خاوەنی ماهیەت و (چی بوون)ی خۆیەتی و دەیەوێ لەو ڕێگایەوە جیاوازی و سەربەخۆ بوونی خۆیان بسەلمێنن. هەر کە باسی نەتەوایەتی و نیشتمانی بوون دەکرێت یەکسەر لەگەڵ چەمك و تێگەیشتنی ناسنامەی جیاواز و سەربەخۆ ئاشنا دەبین و نەتەوەکان لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانیان دەیانەوێ هەلومەرجی سایسی و ئابووری لەگەڵ ڕەوشی سەربەخۆیی خۆیاندا جووت بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی هاوچەرخی خۆیان دامەزرێنن.

سۆسیۆلۆژیای مودێرنیش پێمان دەڵێ کە دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی (واتە دەوڵەتی جیاواز و سەربەخۆ لەوانی دیکە) شێوەی هەرە پێشکەوتووی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیە. ئەگەر دەوڵەت و وڵاتانی دیموکراسی تەماشا بکەین دەبینین لە سێ ئاستادا ئەم سیستمانە پەیدا دەبن و مانای نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی





بەرهەم دەهێنن، کە ئەوانیش: دەسەڵاتی عەقڵ (عەقلانیەت) کە بەرهەم هێنەری سیستم، ڕێکخستنی یاسایی، هەڵبژاردن و بەرهەم هێنانی گشتێکی پێشکەوتوو و عاقڵە. دەسەڵاتی ئازادی کە بەرهەم هێنەری ماف و ئازادیەکانە کە بە مافەکانی تاك و جیاوازی و فرەیی ناسنامە و بۆچوونەکانەوە. دەسەڵاتی سێهەمیش دەسەڵاتی ناسنامە و فەرهەنگە کە لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی و هاووڵاتیدا کولتوور و ناسنامەی دەوڵەت و تاك لە سەردەمی دیموکراسیدا دەنەخشێنێ.[٣٧] بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ناسنامە و فەرهەنگی دەوڵەتی نوێ و مودێرن ناکۆك نیە لەگەڵ ڕەوایی نەتەوەیی بوون و ناسنامەی نیشتمانی و هاووڵاتی. هەروەکوو چۆن یەکێك لە ئاستە گرنگەکانی پیادەبوون و سەلماندنی ڕەوایی نەتەوەیی بوون مافی جیاوازی و سەربەخۆییە، هەر بەوجۆرەش یەکێك لە مافە سروشتیەکانی مرۆڤ هەر بەوجۆرەیە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بەیاننامەی (مافەکانی تاك و سەربەخۆیی) شۆڕشی ئامریکا لە ساڵی ١٧٧٦ کە بە بەیاننامەی فیلادلفیا ناسراوە، مافەکانی تاك و سەربەخۆیی ئامریکای لە چنگی داگیرکاریی بریتانیا و خاوەن کۆیلە و دەرەبەگەکانی باشووری وڵات بە یەکەوە بەستۆتەوە. واتە هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ و تاك کە خەڵك دەکاتە هاووڵاتی، تەنها لە چوارچێوەیەکی سەروەری نیشتمان و وڵاتدا دەبێت نەك لە داگیرکاری و پاشکۆبوونی نەتەوە و نیشتمان بە دەستی داگیرکەرانەوە. هەر بەو شێوەیەش بەیاننامەی شۆڕشی فەرانسە لە ٢٨ی ئاگۆستی ١٧٨٩دا پێی دەوترێت (مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی). ئێستا بە باشی بۆمان دەرئەکەوێت کە سەربەخۆیی و سەروەری ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی یەکەمین ڕێگای کاریگەرە هەم بۆ ناسینی نەتەوەکان و هەم بۆ پیادەکردنی ڕەوایی بوون و جیاوازی ئەوان.

٤-٢

دووهەمین ئاستی تێگەیشتن لە نەتەوە و ڕەوایی بوونی نەتەوەکان ئەوەیە کە ئەم دیاردەیەش وەکوو مرۆڤ و دیاردەکانی دیکەی مرۆڤایەتی (دیاردە و دەرکەوتەیەکی

پەیوەندیدارە). واتە نەتەوە سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارێکە بۆ ناسنامە و سەربەخۆیی کۆمەڵگایەك لەوانی دیکە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ جیهان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا، بەتایبەت ئەو نەتەوە و کۆمەڵانەی کە لە نزیکی ئەو دەژین، پەیوەندیدارە. نەتەوەکانی کورد، فارس، ئەفغانی، پاکستانی و هیندوستانی نزیکایەتی و پەیوەندی و بەشداری زۆریان لە مێژوودا لە هەموو ئاستەکانی زمان و فەرهەنگ و ئایین و هەلومەرجی ئابووری و سیاسیدا هەیە.

زۆربەی جار نەتەوەیەك یان نەژادێك بۆتە سەرچاوە بۆ دروست بوون و جیابوونەوەی نەتەوە و کۆمەڵگاکانی دیکە لەو. وەکوو دابەش بوونی ئاریاییەکان بۆ کورد، فارس و پشتۆ، یان دابەش بوونی عەرەبەکان بۆ چەند وڵات و قەوارەی جیاواز. یان زمانی هاوبەشی ئیسپانیایی لە نێوان وڵات و نەتەوەکانی ئەمریکای لاتین، کە لە راستیدا هیچیان ئیسپانیایی نین. بەم شێوەیە نەتەوەیەك نیە لە دنیادا کە لەگەڵ کۆمەڵ و نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیدا پەیوەندیدار و بەشدار نەبێت لە زۆرێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی نەتەوایەتیدا کە (زمان، خاك، فەرهەنگ، ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی)ە.

ئەمەش بەو مانایە نیە کە مادام نەتەوەکان و کۆمەڵگاکان پەیوەندیدارن و نزیکایەتی و بەشدارییان لەگەڵ یەکتری هەیە، کە یەکێك وڵات و سەروەری ئەوانی دیکە داگیر بکات، وەکوو چۆن رووسیەی شوورەوی وڵاتانی ناو ئیمپراتۆریەتی سیزاری و شوورەوی داگیر کردبوو. یان چەند وڵات و نەتەوەیەك یەکێك لە نەتەوەکانی نێوان خۆیان داگیر بکەن، وەکوو چۆن دەوڵەتانی تورك و ئێران و عیراق و سووریە، وڵات و سەروەری وسەربەخۆیی کوردستانیان داگیر و پارچەپارچە کردووە. چەمکی پەیوەندی لە نێوان دوو قەوارە و وڵات و نەتەوەی خاوەن سەروەری و سەربەخۆدا دەبێت، نەك بەو مانایە کە بەهێزەکەیان ئەوی دیکە بکاتە پاشکۆی خۆی. هەوڵدان بۆ ئەوەی وڵات و نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆ بکرێتە پاشکۆی وڵات و نەتەوەیەکی دیکە لە چەمکی پەیوەندی و





بەشداری دەترازێت و دەبێتە چەمکی توانەوەی نەتەوایەتی (ئاسیمیلاسیۆن Assimilation).

٣-٤

ئاستی سێهەمی ناسینی نەتەوە و رەوایی نەتەوەیی بوون ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی نەتەوە ناسنامە و ماهیەتی سەربەخۆ و پەیوەندیدارە، لە هەمان کاتدا دیاردەیەکە کە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی جیاوازیە. واتە نەتەوە لە لایەکەوە هۆکارێکە بۆ جیاوازی و سەربەخۆیی نەژاد و کۆمەڵگاکان و لە لایەکی دیکەشەوە بۆخۆی لەناو خودی ئەو نەژاد و نەتەوەیەشدا مرۆڤەکان لە یەك جیاوازن. هەروەکوو چۆن مرۆڤ و مرۆڤایەتی پڕە لە جیاوازی مانا و مەبەستەکان، هەر بەو شێوەیەش دەبێت لە ناو وڵات و نەتەوەیەکدا جیاوازی تاك و ناسنامە و تایەفە و فەرهەنگ و ناوچەکان لەبەرچاو بگیرێ. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت حاڵەتی چون یەکی نەژادی و نەتەوەیی فراوانتر بکرێت بۆ حاڵەتی فرەیی نیشتمانی و هاوولاتی کە دەبێتە رەهەندی فەرهەنگی یان سەرخانی کولتووری دیموکراسی. چونکە تەنها کەمایەتیەکی زۆر کەم لە وڵاتەکان تەنها یەك نەتەوە و نەژادی تیادا دەژی. لە هەموو ئورووپادا تەنها ئاڵمان یەك نەتەوەی تیا دەژی [٣٨] و هەموو وڵاتەکانی دیکە زیاتر لە نەتەوە و نەژاد و ناسنامەیەکی تیا دەژی. کاتێك شۆڕشی ئامریکا و سەربەخۆیی ئامریکا بەدیهات، کۆمەڵگای ئامریکایی تەنها نەژادێکی تیا نەدەژیا، بەڵکوو چەندین ناسنامە، نەژاد و ئایینی تیا دەژیا. هەر بەو شێوەیەش فەرانسە لەساڵی شۆڕشی ١٧٨٩ کەمتر لە نیوەی فەرانسە بە زمانی فەرانسەیی دەدوان. بۆیە ئەم دوو وڵاتە چارەسەری نیشتمانی و هاوولاتیان کردە رێگایەك بۆ هێنانەدی رەوایی دیموکراسی و مافەکان، واتە هەموو نەژاد و نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕەکان مافی جیاوازی و سەربەخۆییان لە وڵاتدا هەیە بە بێ ئەوەی هیچ کام لەم ناسنامانە بکرێتە فەرهەنگی گشتی وڵات، بەڵکوو فەرهەنگی گشتی کرایە ناسنامەیەکی بێ لایەن لەسەر بناغەی ئەرك و ماف و ئازادیەکانی هاوولاتیان. دەوڵەتیش لایەنگری لە هیچ کام لەو

ناسنامانە ناکات لە دژی ئەوانی دیکە و تەنانەت نابێت ئیمتیاز بۆ هیچ کامیان پەسند بکرێت، بەڵام هەموویان مافی پەیڕەوی و پیادەکردنی رەهەند و سنوورەکانی خۆیان هەیە. بەم شێوەیە دەرئەکەوێ کە نەتەوە، نیشتمان و وڵات ئەگەر هۆکار یان چوارچێوەیەکن بۆ جیاوازی، سەرەوەری و سەربەخۆیی، هەر بەو پێیەش دەبێت ئەو مافانە بۆ تاکەکان و ناسنامەکانی ناو خودی ئەو چوارچێوەیەش پەسند بکرێت. ئەمەش دەبێتە یەکێك لە رێگا گرنگەکانی رەوایی بوونی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون لە روانگەی ماف و ئازادی و فرەیی و جیاوازی مرۆڤی ئەم سەردەمە.

٤-٤

دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی زمان و پەیدابوونی نەژادەکان دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی مێژوو. نەژادەکان لە رووی کاتەوە لەگەڵ ئەفسانەکاندا یەك دەگرنەوە، ئەوەی کە ئەفسانە بێت دەکەوێتە پێش مێژوو[٣٩]. چونکە زمان و نەژادەکان زۆر کۆنن و مێژووی پەیدابوونی کۆنترە لە هەموو دیاردەکان، هەر بۆیە کە ئەو راستیە راستی و بونیادێکی مێژوویی زۆر کۆنە و ئاستی بونیادین و مێژوویی بوون دەبێتە ئاستی چوارەم، یان رەوشی چوارەمی دیاردەی رەوایی یان بوونی نەتەوەکان. مەبەستمان لەوەیە کە نەتەوە و نەژادەکان بونیاد و مێژوویەکی هێندە کۆنن ئێمە لە ئێستادا دەژین بووینە بەرهەمی ئەو بونیاد و مێژووە و پابەندبوون یان خۆناسینمان بە فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەیی کاری ئێستامان نیە و لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە. ئێمە هیچمان نەتەوەیی بوون یان ناسنامەی فەرهەنگی خۆمانمان دیاری نەکردووە، بەڵکوو ئەو ناسنامە بونیادی و مێژوویی و زۆر جار (ئەفسانەییە) ئێمەی کردۆتە کورد، فارس، یان ئامریکایی. بەم شێوەیە ئەگەرچی هەر یەکێك لە ئێمە بە رێکەوت سەر بە نەژاد و نەتەوەیەکە، بەڵام ئەو نەژاد و نەتەوەیە نەمر و هەتاهەتاییە، هەروەکوو ریجی دۆبریە دەڵێت: "من بە رێکەوت فەرانسەییم، بەڵام فەرانسە نەمرە". نەتەوەیی بوون وەکوو دیاردەیەکی نەمر رێکەوت دەکاتە چارەنووس بۆ مرۆڤەکان، یان دەبێتە ئایینی





سەردەمی پێشکەوتن و شارستانی. کەواتە ئەو بونیاد و مێژووە نەمرە بکەرە و مرۆڤەکانیش دەبنە بەرکار.

کاتێك کە دەمانەوێ لە سەردەمی یەکەم و ساتی یەکەمی فەلسەفی رەوایی بوون (بە پەیڕەوی لە هێگل) دەست بکەین بە کاری خودی بۆ بنیات نان و گەشانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی یان سەربەخۆیی سەروەریمان، هەر ئەو کاتە تێدەگەین کە بناغەیەك یان زەمینەیەك یان بابەتی بوونێك (عینیت) هەیە و دەبێ پەیڕەوی لێ بکەین. کاتێك کە دەمانەوێ ناسنامەی فەرهەنگیمان لە زەمینەکانی زمان، داب‌ونەریت و هەندێك جاریش ئایینی پەیدا بکەین بە ئاشکرا دەرئەکەوێ کە پەیڕەوی لە بونیاد و مێژووی رابردوو دەکەین و دەمانەوێ لەو رابردووە بەردەوامی ئێستامان پەیدا بکەین. دابەش بوونی مرۆڤەکان بۆ ناسنامە، فەرهەنگ و ئایینی جیاواز، کاری ئێستا نیە و هی رابردووە، ئەم راستیە پێمان دەڵێ کە ئێمە بەدەر نین لە کاریگەری بونیاد و مێژووی رابردوو.

٤-٥

بەڵام هەرچەندە نەتەوە بونیادێکی پێش وەختە و ئەو ئێمە بەکار دەهێنێ و ئێمە پەیڕەو لەو رابردووە دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەتوانین و بەشداری و دەستکاری تازەی زمان و نەژاد و نەتەوەکان بکەین و ئێمە لەبەر کارەوە (Object) ببینە بکەر (Subject). هەر چۆن زمانەکان لەسەر دەستی مرۆڤ زۆر گۆڕانکاری گەورەیان بینیوە، هەر بەو شێوەیەش مرۆڤی هاوچەرخ توانیویەتی ماف و ئازادی و جیاوازی خۆی لەناو فەرهەنگێکی یەکسان و چون یەکدا پەیدا بکات. بەرهەمی نوێی مرۆڤ بۆ تازەکردنەوەی زمان و نەتەوەکان لە هەموو توخم و بونیاد و دەلالەتەکاندا لە فەلسەفە و سیاسەت و ئەدەب و هونەر و زانستدا رەنگی داوەتەوە. مرۆڤ بەهۆی هەوڵەکانی زانست و فەلسەفەوە توانیویەتی هەم نەتەوەکان تازە بکاتەوە و هەم جێگای مرۆڤی هاوچەرخ و خاوەن ناسنامەی گۆڕاو و کۆچەریش لەوێدا بکاتەوە و بەم شێوەیە ببێتە بکەرێکی

هاوچەرخ لەناو بونیاد و مێژوویەکی کۆندا. هەر بەو بۆنەیەوە یەکێك لە کۆمەڵناس و زاناکانی بواری نەتەوایەتی کە ئەرنست گیلنەرە لە کتێبی (نەتەوە و نەتەوایەتی)دا دەڵێت: "فەرهەنگی نەتەوەکان وەکوو گوڵ و گژ و گیای دەشت و کێوەکانە، بەڵام فەرهەنگی نەتەوەی دەسەڵاتدار باخچەیەکی رازاوەی دەستکاری کراوە". یان ئالێن تۆرین دەڵێت: "ئەگەر نەتەوە سەرچاوە و زەمینە بێت بۆ نەتەوایەتی، بەڵام نەتەوایەتی و دەسەڵاتی ناو نەتەوەکان (کە مرۆڤەکانە) دیسان و سەرلەنوێ نەتەوەکانی دروست و نوێ کردۆتەوە".(٤٠)

٤-٦

ژاك دریدای فەیلەسووفی فەرانسەیی بونیاد شکێن و کرانەوەی بونیادەکان دەڵێت: "لە هەموو بوون و بونیادێکی ژیان و مەعریفی و فەلسەفیدا کەلێنێك بۆ نەزانین و نەتوانین هەیە، کە نابێتە مایەی گرفت بەڵکوو هۆکارێکە بۆ کرانەوە. ئەم وتەیەی دریدا کە لە کتێبی (تارمایی مارکس)دا هەیە و مەبەستی لەوەیە کە لە هەموو بوون و رەهەندەکانی مرۆڤدا نەزانین و نەتوانین هەیە و نەتەوەش وەکوو یەکێك لە بوون و بونیادەکان و فەرهەنگیش وەکو سەرخانی ئەو بونیادە کەلێن یان بۆشایی نەزانین و نەتوانینی تێدایە. هەروەکوو چۆن بەهۆی زمانی هەتا ئێستاوە ناتوانین مانا و مەبەستی نوێ پەیدا بکەین، هەر بەو شێوەیەش فەرهەنگی رابردوو یان بونیادی مێژووییمان وڵامدەرەوەی پێداویستی و رەهەندەکانی تازەی ژیانمان نابێت. زمانی مێژوویی و بونیادی نەتەوەیی و فەرهەنگی کۆن بە هەوڵ و مانا و مەبەستەکانی ئێستای مرۆڤ راناگات و هەر بۆیە دەبێت لەو بونیاد و مێژووە کۆنە دەرباز بین و هەوڵی تازە بۆ نوێکردنەوە (Neology)ی هەموو شتەکان بە رەنج بدەین. ئاستی نوێکردنەوە دەبێتە ئاستی شەشەم و وڵامدانەوە بە نەزانین و نەتوانینەکانی بونیاد و مێژووی رابردوو.

رەهەندی کات و کاتەکانی گۆڕان و گەشەکردنی نەژاد و نەتەوەکان ئاستێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە هەموو بیر، بوون و بونیادێکی مرۆڤایەتی هەر بەو پێیەی





ئاستێکی کاریگەرە لە گەشەکردنی نەتەوایەتی بۆ هاووڵاتی بوون و دەوڵەتی نیشتمانی و بێگومان ئەم ئاستەش سەربەخۆ نیە لە کاریگەری گرنگی ئێستای جیهان کە (جیهانگیری)یە. جیهانگەرایی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بونیادی هەموو نەتەوەکان هەیە و...هتد.

ئێمە بەهۆی ناسینی ئاستە فرە و جیاوازەکانی نەتەوەکانەوە باشتر لە راستینەی دیاردەی نەتەوەیی بوون تێدەگەین و لەو رەهەند و ئاستانەشدا بە گەشەکردن و بەرەو پێشەوەچوونی نەتەوەکان شاد دەبین. ئەو ئاستانە کە هۆکاری گرنگن بۆ ناسینی رەوایی نەتەوەیی بوون دەکرێت بکرێنە ئاست و رەهەندی کاریگەریش بۆ ناسین و شارەزابوون لە هەموو بونیاد و دیاردەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤایەتی و ئەو رەهەندانە دەبنە وێستگەکانی ژیانی داهاتووشمان کە ئەمانەن:

ماهیەت و چیبوون (سەربەخۆیی)، پەیوەندی و بەشداری، جیاوازی، بونیاد و مێژوو، نوێکردنەوەی بونیاد و مێژوو، نەزانین و نەتوانین، گۆڕان و کاریگەریەکانی زەمەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. اريك هوبزبام، النزعة القومية اواخر القرن العشرين، بروانە کتێبی (القوميه مرض العصر أم خلاصه؟) دارالساقی، بيروت ١٩٩٥. ص٤٣.

٢. هيغل، العالم الشرقی. ترجمة د.امام عبدالفتاح امام. دارالتنوير. بيروت ١٩٨٤. ص٩.

٣. رينيه ريمون، مدخل الی التاريخ المعاصر. الجزء الثانی. ص ٢٣٨.

٤. فالح عبدالجبار، القومية مرض العصر أم خلاصه؟ دارالساقی، ص٥.

٥. اريك هوبزبام، الامم و النزعة القومية. ترجمة عدنان حسين، دارالمدی ١٩٩٩.

٦. بۆ شارەزابونی زياتر لەم بارەوە بڕوانە: د. مجيد حميد عارف، اثنوگرافيا شعوب العالم، جامعه بغداد ١٩٨٩. ئەکرەم میهرداد، سەردەمی نەتەوايەتی، گۆڤاری ڕێبازی نوێ (ی.ن.ك) ژمارە ٢١.

٧. د. مجيد حميد عارف، اثنوگرافيا شعوب العالم، جامعه بغداد ١٩٨٩.

٨. اريك هوبزبام، الامم و النزعة القومية. ترجمة عدنان حسين، دارالمدی ١٩٩٩.

٩. د. پيروز مجتهدزاده، هويت ايرانی در آستانه سده بيست و يكم، مجله اطلاعات سياسی اقتصادی شماره (١٢٩-١٣٠).







١٠و١١و١٢و١٣و١٤و١٥و١٦و١٧و١٨و١٩و٢٠. اريك هوبزبام، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٢. چاوپێکەوتنی زبگنیۆ بریجینسکی سەبارەت بە رەوشی کوردستانی عیراق. رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٨٩٦.

٢٣. هيغل اصول فلسفه الحق. ترجمه د. امام عبدالفتاح امام، دارالتنوير ١٩٨٤ بيروت.

٢٤. د.عادل زغبوب، الدوله الاتحاديه. دارالمسيره ١٩٧٩، لبنان. ص١٩.

٢٥و٢٦و٢٧و٢٨و٢٩. القومية مرض العصر أم خلاصه؟ تأليف مجموعة من الباحثين المختصين، دارالساقی ١٩٩٥.

٣٠. کریس هاربن، سەرهەڵدانەوەی بیری نەتەوەیی. وەرگێڕانی عوسمان حەسەن شاکر، سلێمانی ١٩٩٩.

٣١. هيغل، اصول فلسفه الحق. ترجمه د. امام عبدالفتاح امام، دارالتنوير ١٩٨٤ بيروت.

٣٢ ه.س.پ ص١٠

٣٣. ه.س.پ ص٣٠٧

٣٤. الان تورين، ما هی الديمقراطية؟ (حكم الاكثرية أم ضمانات الاقلية؟) دارالساقی بيروت ١٩٩٥.

٣٨. کارل پۆپەر، وانەی ئەم سەدەیە. وەرگێڕانی بۆ کوردی، شۆڕش جوانڕۆیی. بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ١٩٩٩.

٣٩. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢

٤٠. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٣٤

## نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی

لەم جیهانەی ئێستادا دەوڵەتی نەتەوەیی یەکەیەکی سیاسی ئاشکراو بەرجەستەیە، بەڵام هەمیشەو لەمێژوودا یەکە سیاسیەکان یان دەوڵەتەکانی دنیا بەو جۆرە نەبوون. کۆمەڵگاکانی خێڵایەتی، دەوڵەتی شارەکان، ئیمپراتۆریاو میرنشینەکان یان دەسەڵاتەکانی فیۆداڵی کە لەسەر بنەمایەکی دیکە، کە جیاوازە لەبنەمای دەوڵەتی نەتەوەو دەوڵەتی نیشتمانی، ڕێکخرابوونو پابەندەیی سیاسی ئەوان لەسەر دوو بناغەی بنەماڵەی دەسەڵاتدارو ڕەوایی ئایینی دامەزرابوون. سەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ پایەی دەوڵەتی نەتەوەیی یان نیشتمانی ڕاستیەکی هەمیشەیی نەبووەو بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەگەڵ هاتنی سەرمایەداریو دیموکراسیدا پەیدابووە. لەئەوروپا تا ساڵی ١٩١٨ دەوڵەتی چەند نەتەوەیی ـ پادشایی هابسبۆرگ ـ ئەو هێزە بوو کە بەشی هەرە زۆری ئەوروپای حوکم دەکردو نەتەوەکانی دیکەی وابەستەی خۆی کردبوو. لەکاتێکدا ئیمپراتۆریای بەریتانیاو فەرەنسا تا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم سەربەخۆیی نەتەوەییان لەنەتەوەکانی دیکەی زۆربەی شوێنەکانی دنیا داگیرکردبوو. ((ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەکان لەساڵی ١٩١٩ هەتا ١٩٣٩ هەرگیز لەپەنجاو چوار دەوڵەت زیاتر نەبوو لەکاتێکدا ئێستا نزیکەی دوو سەد دەوڵەتی مۆدێرن یان نەتەوەیی ئەندامن لەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان))[(١)].

پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتیو ناسیۆنالیزم بەپلەی یەکەم پەیوەندارە بەپرسی دەسەڵاتو دەوڵەتی مۆدێرنەوەو ئەم پەیوەندییەش لەمێژووی دوو سەد ساڵەی دواییدا لەدوو ڕێگاوە پەیدابووە. ڕێگای یەکەم، بەهۆی سەرهەڵدانی چینی ناوەند یان چینی





سێهەمەوە بووە لەکۆتاییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتیداو دەوڵەتەکانی بەریتانیا، ئەمریکاو فەرەنساو بەهۆی سەرهەڵدانو بەهێزبوونی چینی سێهەمو بەکارهێنانی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی لەلایەن ئەوان توانیان پەیوەندی نێوان بیروباوەڕی (ئازادی)، (هاووڵاتی)و (دەسەڵاتی نیشتمانی) پێکەوە لەناو دەوڵەتی مۆدێرندا یەکانگیر بکەن. لێکۆڵیارانو تیۆرمەندانی ناسیۆنالیزم ئەو شێوەیە لەپەیوەندی نێوان مۆدێرنیتیو نەتەوایەتی ناودەنێن (نەتەوەی سیاسی یان هێنانەدی مۆدێرنیەتی سیاسی)[(٢)]. نەتەوایەتی بەدیهاتوو لەڕێگای مۆدێرنیتی سیاسیەوە لەسەرەتاوە توانی وەکو بزوتنەوەیەکی چینایەتی لەدژی دەرەبەگایەتیو دەسەلاتی کۆنی بنەماڵەو ڕەوایی ئایینی، ((خەباتی گشتی خۆی بۆ هێنانەدی دیموکراسی بەڕۆشنترین شێوەی لەشۆڕشی ئەمریکا ساڵی ١٧٧٦ بەرابەرایەتی هەندێك لەبیریارانو سیاسەتمەداران بۆ هێنانەدی ((یەکەمین نەتەوەی نوێ)) (First New Nation)و شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ ئاشکرا بکات کە هاوکات توانیان مۆدێلێکی تازە لەسیستەمی سیاسی بۆ دەسەڵاتو مافەکانو هاووڵاتیان بەدی بهێنن))[(٣)].

ڕێگای دووەم: بەڵام لەلای ئەو میللەتانەی کە هەلومەرجی ئابوورییان دواکەوتوو بوو چینی سێهەمیش لاوازو بێ دەسەڵات یان لەقۆناغی کۆرپەییدا بوون، وەکو ئەڵمان، ئیتالیاو نەتەوەکانی سلاڤی کە لەنێوانیاندا ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گشتی لەزەمینەی نەژادیو فەرهەنگیدا سەریهەڵدا، دیسان لەم کاروانەشدا بەبەهێزبوونی چینی سێهەمو بەتێپەڕبوونی کاتو سەردەم بێداری فەرهەنگیو نەژادی ئاوێزان دەبێت لەگەڵ بێداری سیاسیو چینایەتیداو سەرئەنجام ناسیۆنالیزم دەستی دەگاتە مۆدێرن بوون یان دەچێتە سەر ڕێگای پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن.

کاروانی مۆدێرن سازیو پێکهێنانی دەوڵەتی نوێو پەیوەندی ناسیۆنالیزم لەگەڵ هەردووکیان ئەگەرچی لەڕێگای ئەو دوو ئاڵوگۆڕە گرنگەی سەرەوە بوو، بەڵام مێژووی ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی نوێ لەقۆناغە جیاوازەکانداو لەلای نەتەوەکانی دیکە جۆرێك

لەڕوانگەو دیدگای وامان دەدەنێ کە زیاتر کانالّو پەیوەندیەکانی نێوان مۆدێرنیتیو نەتەوایەتی شارەزابین. هەروەها پێویستە ئەوەش بلّێین کە مێژووە جیاوازەکانی ئەزموونی نەتەوایەتیو دەولّەتی مۆدێرنی ولاّتو نەتەوە جیاوازەکان ئەوەشمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، کە بۆچی ناسیۆنالیزمو دەولّەتی مۆدێرن لەلایەن هەموو بیروباوەڕەکانی لیبرالیزم، دیموکراسی، نەژادپەرستی ڕاست ڕەوانەو سۆسیالیزمو مارکسیزمەوە گرنگی پێدراوەو هەموو ئەو بیروباوەڕانە بەجۆرێكو لەهەندێك لەولاّتاندا ڕابەرایەتی بزوتنەوەی مۆدێرنیتی کردنی ناسیۆنالیزمیان لەئەستۆ بووە. بۆ چاکتر ڕۆشن کردنەوە، وا بەباشی دەزانم مۆدێلو شێوازەکانی نەتەوایەتیو مۆدێرن سازی لەسەردەمو ولاّتە جیاوازەکاندا بەخالّ باس بکەم:

١. یەکەمین سەرەتای پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو دەولّەتی مۆدێرن دەکەوێتە ئەستۆی چینی سێهەمو لەڕێگای بیروباوەڕی لیبرالیو دیموکراسیەوە دەگاتە ئەنجام. شۆڕشی ئەمریکای خاوەن بەیاننامەی فیلادلفیا ١٧٧٦ کە بەناوی (سەربەخۆیی تاكو نیشتمان)و شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ی خاوەن (بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤو هاوولاّتی) نموونەی کلاسیکی دروستکردنی دەولّەتی مۆدێرنە لەسەر پایەکانی (دیموکراسی)، (هاوولاّتی)و (دەسەلاّتی نیشتمانی).

٢. هەردوو دەولّەتی نەتەوەیی ئیتالیا (١٨٦١)و (ئەلّمانیا ١٨٧١)و کارکردنی ڕابەرانی سیاسی هەردوو ولاّت بۆ دروستکردنو یەکانگیرکردنی ناوچەکان لەدەولّەتێکی نوێداو سازکردنی بنەمای فەرهەنگیو نەژادی (نە سیاسیو ئابووری) دەبنە دوو نموونەی بەرجەستە لەدروستکردنی دەولّەتی نەتەوەیدا. لەکاتێکدا کە دەولّەتی ئەمریکاو فەرەنسا دوو دەولّەتی نیشتمانیو هاوولاّتین، نەك دوو دەولّەتی نەتەوەیی.

نەتەوەیی بوونی دەولّەتی ئالّمانو ئیتالیا سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان بوونە دوو نموونەی دەولّەتی نەژادیو نەتەوەیی، بەلاّم لەئەلّمانیا لەسەر دەستی بالّی ڕاستی بۆرژوازی تازە پێگەیشتووی نەژادپەرستو توندڕەوی نەتەوەیی بوو، لەکاتێکدا یەکبوونی





ولاّتو دروستکردنی دەولّەتی ئیتالیا لەسەردەستی لیبرالیزمو بالّی چەپی بۆرژوازیو تاڕادەیەکیش کەسانی نزیك لەچەپو سۆسیالیزمی وەکو (ماتزینی) (گاریبالدی)و (کافور).

٣. لەزۆربەی ئەو ولاّتانەی کە وابەستەو داگیرکراو بوون لەلایەن ئیمپراتۆریای نەمسا ـ مەجەرو حوکمڕانی بنەمالّەی هابسبۆرگ، واتە ولاّتانی وەکو پۆلۆنیا، بولّگاریا، چیك، سلۆفاكو میللەتانی دیکەی سلاڤ کە هەندێکیان لەژێر دەسەلاّتی ڕوسیاو هەندێکیان لەچنگی دەسەلاّتی هابسبۆرگدا بوون، بزوتنەوەی نەتەوایەتی یان نیشتمانی هاوپەیمانی بەهێزی هەبوو لەگەلّ بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستیدا. بزوتنەوەکانی کرێکاریو سۆسیالیستی بەڕابەرایەتی پەیڕەوانی مارکسو سۆسیالیستەکانی نەمسا (کە بەئاسترۆ مارکسیست ناسراون) ناوەڕۆکی دیموکراتیكو ڕزگاری خوازییان لەو نەتەوانەدا دەبینی کە دەیانویست لەژێردەستی کۆنەپەرستی ڕوسیاو هابسبۆرگ ڕزگارییان بێت. بیروباوەڕی مارکسو سۆسیالیستەکانی نەمسا (بەتایبەتی ئۆتۆباوەرو کارل رینەر) زۆر باش هۆشیار بوون لەوەی کە ڕزگاربوونی نەتەوەکان لەدەستی کۆنەپەرستی ئەوروپا (ڕوسیاو نەمسا ـ مەجەر)و دروست بوونی دەولّەتی نەتەوەیی یان نیشتمانیو ناوەڕۆکی دیموکراسیو ئازادی ئەو بزوتنەوانە دەبنە هاوپەیمانی چینی کرێکار. تیۆرەکانی مارکسیستی دەربارەی ناسیۆنالیزمو پەیوەندی نێوان سەرهەلّدانی بۆرژوازیو پێکهێنانی دەولّەتی نەتەوەیی بەتوندی پشتیوانی دەکەنو بۆ ئەم مەبەستە (ئۆتۆ باوەر) یەکێك لەڕابەرە ناودارەکانی سۆسیالیزمی نەمسایی دەلّێت: ((هەر سیستەمێکی ئابووری نوێ شێواز گەلی نوێی دەستووری ولاّتو دەولّەتو یاسای تازە بۆ هێنانەدی پێکهاتە سیاسیە نوێیەکان بەدی دەهێنێ. لەگەلّ گەشەی سەرمایەداری بەرهەم هێنانی کۆمەلاّیەتیو فراوانبوونی بەشداری فەرهەنگی نیشتمانی، پەیوەست بوون بەیەکێتی نەتەوەیی لەسەر بناغەی فێرکردنو پەروەردەی نەتەوەیی هەتا دێت بەرەو خواستی جیابوونەوە لەئیمپراتۆریا کۆنەکان بەهێز دەبێت. هەولّی نەتەوەکان بۆ

پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوکاتە لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریو بەهێزبوونی دیموکراسیداو هەتا بێت دەسەلاتو قەڵەمڕەوی کۆنەپەرستانەی ئیمپراتۆریاکان لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوەو دەوڵەتی نوێ لەسەر بناغەی نەتەوەو نیشتمان لەجێگایان پێك دێت)). شکستی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ لەئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم دەبێتە زەمینەیەك بۆ دروست بوونی دەوڵەتەکانی نەتەوەیی لەئەوروپای ناوەڕاستو خۆرهەلات، کە گرنگترینیان یەکگرتنەوەی هەرسێ پارچەکەی پۆڵۆنیاو دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەییو نیشتمانی پۆڵۆنیا بوو لەساڵی ١٩١٨.

هاوکات لەگەڵ هەڵوێستی بزوتنەوەی کرێکاریو سۆسیالیستی وەکو هاوپەیمانی ناسیۆنالیزم بۆ دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرن، رابەرانو تیۆرسازانی مارکسیست لەوەش ئاگاداربوون کە ناسیۆنالیزمو دەوڵەتەکەی هەتا بێت بەرەو راست دەڕۆنو ناوەڕۆکی سیاسی سۆسیالیستیو کرێکاری لەخۆیان دەکەنەوەو هەر بۆ ئەو مەبەستە دیسان (ئۆتۆ باوەر) دەڵێت: ((لەلای من، چیدیکە مێژوو رەنگدانەوەی خەباتی نەتەوەکان نییە، لەبەرامبەردا خودی نەتەوە وەکو رەنگدانەوەی خەباتی مێژوویی سەردەمێك خۆی دەنوێنێ. چونکە نەتەوە تەنها لەخەسڵەتی نەتەوەییو نەتەوەیی بوونی تاکەکانیدا مانا پەیدا دەکات، بەڵام نەتەوەیی بوونی تاك تەنها یەك لایەنی دیاریکردنی ئەوە لەلایەن مێژووی کۆمەڵگاوە کە بەهۆی گەشەو فراوانبوونی هەلومەرجو تەکنیکی کارەوە دەبێت))[٤].

٤. پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو پیشەسازی یا مۆدێرن سازی لەهەموان باشتر لەلای (ئەرنست گیلنەر)[٥] بەڕۆشنترین شێوە دەرئەکەوێ. ئەرنست گیلنەر وەکو هەموو تیۆرەکانی مارکسیزم دەربارەی نەتەوایەتی بڕوای وایە کە ((هەروەکو چۆن شەپۆلی پیشەسازیو نوێ سازی بەرەو پێشەوە دەڕوات هەر بەو شێوەیە یەکە سیاسیەکانی پێشین کە زۆربەیان بچووكو پەراکەندەبوون بەرەو یەکگرتنو ناوەندێتی دەڕۆن (ئەڵمان،





ئیتالیاو پۆڵەندا)، یان ئەوانەی گەورەو بەربڵاوو نامەرکەزی بوون لەبەریەك هەڵدەوەشێنەوە (هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای نەمسا ـ مەجەر)).

٥. گۆڕانکارییەکانی ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی نوێی ئەمریکاو ئەوروپایی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەرەو ئیمپریالیزمو پەل هاویشتنو داگیرکردنی ولاتاندا، دوو مەبەستی لەخۆیدا پەیدا کردبوو یەکەمیان ئەوەبوو، لەڕێگای بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستی هەردوو ئیمپریالیزمی بەریتانیو فەرەنسیو بەهۆی سیاسەتی (ماندێتی)و سەرپەرشتی کردنی دنیا لەڕێگای کۆمەڵەی نەتەوەکان، بیروباوەڕی ناسیۆنالیستیو دەوڵەتی نوێی نیشتمانو نەتەوە هەموو دنیای گرتەوەو، دووەمیان ئەوەبوو کە هەتا دەهات ناوەڕۆکی دیموکراتیك، شۆڕشگێڕانەی یەکگرتنی نەتەوەیی، ئازادیو سەربەخۆییو سەروەری نەتەوەکان بەرەو لاوازیو کۆتایی دەچوو. لەشوێنی ئەمانەشدا دیدگای دەسەلاتی نەتەوەیی لەودیوی سنورەکانەوە بەشێوەی (ئیمپریالیزمی نەتەوە) لەلایەن چینی دەسەلاتدارەوە فراوانتر دەبوو، کە هەتا دەهات بەرەو توندوتیژیو جەنگو داگیرکردنو زەوت کردنی ئازادیو سەربەخۆییو سەروەری نەتەوەکانی دیکە ئەنجامی هەبوو.

٦. لەسەدەی بیستەمداو بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم بزوتنەوەی نەتەوەکان لەدەوری ئامانجی سەربەخۆیی لەدژی دەسەلاتو حکومەتی ئیمپریالیستی بەرەو فراوانبوون دەچوو. هەروەکو چۆن لەدوای جەنگی یەکەمو شکستی ئاڵمانو نەمساو دەوڵەتی عوسمانی چەندین دەوڵەتی نوێو نەتەوەیی پەیدابوون هەر بەو شێوەیە لەدوای جەنگی دووەمیش زۆرێك لەو دەوڵەتە مۆدێرنانە لەسەر بناغەی نیشتمانو نەتەوە دروستکران. ئەو زەمینەیەی کە ئەم بزاڤو دەوڵەتانەی تیا دروست بوو زەمینەی ئابووری جیهانی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم بوو. لەم بزاڤانەدا دوو جۆر بیروباوەڕ توانیان سەرکردایەتی بزاڤی نەتەوەیی بۆ پێکهێنانی سەروەریو سەربەخۆیی لەدەوڵەتی نوێدا لەئەستۆ بگرن، ئەوانیش چەپ (سۆسیالیستەکان)و بۆرژوازی نیشتمانی بوون.

لەهەمووشیان گرنگتر بزوتنەوەو دەوڵەتی نوێی چین بوو کە هەردوو بزاڤەکە بەرابەرایەتی جۆرێکی تایبەت لەسۆسیالیزمی چینی بەسەرکەوتن گەیشت.

بەهۆی جۆرەکانی ناسیۆنالیزمو هەوڵەکان بۆ پیادەکردنی بڕوای سەرەکی نەتەوایەتی (سەربەخۆییو سەروەری) یان (جووت بوونی رەوشی فەرهەنگیو نەژادی لەگەڵ هەلومەرجو یەکەی سیاسی ـ گیلنەر) لەڕێگای پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن (نەتەوە یان نیشتمان) ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە لەسەر ئاستی بزاڤو دەوڵەتیش ناسیۆنالیزمو رژێمەکانی جۆراوجۆرن. ((لەئەمریکای لاتین دووەمین شەپۆلی ناسیۆنالیزم، کە میراتگری ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە دەیویست بزاڤی سەربەخۆیی خوازی لەدژی ئیمپراتۆرە کۆنەکانی ئیسپانیاو پورتوگال لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بەدی بهێنێ، لەکاتی ئێستادا لەدژی دەسەڵاتو هەژموونی ئابووری ئەمریکا لەو کیشوەرەدا بەڕێوەیەو لەگەڵ بزاڤەکانی چەپو سۆسیالیستو ریفۆرم خوازدا لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوخۆو رەسمی کە نوێنەرانی سەربازیو خاوەنی زەویەکانو مەلاکەکانن ئێستا ناسیۆنالیزم بەو شێوەیە درێژە بەژیانی خۆی دەدات))[٦]

لەهیندستان، حیزبی کۆنگرە ئەگەرچی باڵێکی بەهێزی سۆسیالیستی تێدایە بەڵام لەبناغەدا بزاڤێکی سەربەخۆیی خوازی چینی ناوەندە لەدوای داگیرکردنی بەریتانیاو رزگاربوونی هیندستانو دابەشکردنی هیندستان بۆ (هندو پاکستان)و جیاکردنەوەی بەشێك لەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی سەربازیو خاوەن زەویەکانی ناوچەکانی ئیسلام نشین، لەهیندستاندا رژێمێکی لیبرالو دیموکراتی وەها پێکهات کە هەم هەموو نوێنەرانی چەپو راستو ناوەندی تێدابوو، هەم بۆ خۆشی توانی مۆدێلێك لەنەتەوایەتیو دیموکراسیش بەدی بهێنێ. بەڵام گەلانی عەرەب[٧] کە هەموویان بیرکردنەوەی تەواوی ناسیۆنالیستیان هەیەو لەباری ئایدیۆلۆژییەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەیارمەتی ئیسلامیزمەکەیان کراوەتە ناسیۆنالیزمێکی پەرگیرو فراوان خوازو زۆر جاریش نەژادپەرستی ئاشکرا.





ئەگەرچی لەسەردەمی مۆدێرنداو ناسیۆنالیزمو پێکهێنانی دەوڵەتەکانی نەتەوەیی لەڕێگای گەشەی دەسەڵاتی ناوخۆو نیشتمانیەوە بەئاکام دەگات، بەڵام هێشتا هەندێك لەنەتەوەکان نەیانتوانیوە دەوڵەتی مۆدێرن (نیشتمانو نەتەوەیی) پێك بهێننو سەرئەنجام پەیوەندی ئەوان لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی پەیوەندییەکی لاوازو ناڕاستەوخۆیە، یان باشتر بڵێین کە مۆدێرنیتەی سیاسی بۆ ئەوان بەهۆی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی کە وابەستەی کردوون، بۆتە جۆرێك لەنامۆییو ئاستەنگی سیاسی بەهێز بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرەکی مۆدێرنیزمی سیاسی نەتەوەیی کە ئەویش (سەربەخۆییو سەروەرییە)، یان (دیموکراسی، هاووڵاتیو دەسەڵاتی نیشتمانی)ە.

سەرئەنجام دەبێت پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیتی بەشێوەیەك بەیان بکرێت کە گۆڕانکارییە سەرەکیە هاوبەشەکانی نێوان هەردووکیان رۆشن بکرێتەوەو بەمجۆرە:

A ـ ئەم شێوە تازەیەی دەوڵەت، ژینگەو زەمینەیەکی زۆر گونجاوە بۆ گەشەی سەرمایەداری. رژێمی سیاسیو مۆدێرنی جێگیرو رێکخراو خاوەنی دەستوورو یاسای عەقلانیو کارای وەهایە کە دەتوانێت رەوشی خاوەندارێتیو ئازادیو پایەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بهێنێتەدی، هەموو ئەمانەش بەهۆی دەسەڵاتی سیاسیو بۆرژوازییەوە دەبێت.

B ـ پەیوەندی دەوڵەتی مۆدێرنو گەشەی سەرمایەداری لەڕوانگەی زیادبوونی سامانو کەڵەکەی سەرمایەوە بەشێوەیەکی بەرچاوو کاراو کاریگەرە. ئەم زەمینەیە وایکرد کە تەواوی وڵاتەکان لەدوای مۆدێرن سازیو دەوڵەتی مۆدێرنەوە لەئاستەنگی دواکەوتوییو گۆشەگیری ئابووری دەربازبنو بەرەو گەشەو کرانەوەی سیاسیو ئابووری بڕۆن.

C ـ فەرمانڕەوایانی نەتەوە مۆدێرنەکان، بەهەر شێوەیەك کە دەسەڵاتیان بەدەست هێنابێ، ناچارن کە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بەهێز بکەنو پابەندی نەتەوەییو ناسنامەی گشتی بکەنە فەرهەنگی هەمووان. ئەو فەرهەنگەی کە ئێستا لەتەواوی وڵاتانی مۆدێرندا زاڵو گشتییە، لەڕێگای دەسەڵاتەکانی ئابووری، سیاسی،

کۆمەڵایەتیدا کراوەتە کایەیەکی گشتیو نەریتی. سەرئەنجام دەوڵەتی مۆدێرنو ناسیۆنالیزمەکەی توانیویانە مۆدێلی دڵخوازی خۆیان لەدەسەلاتو کۆنترۆڵو ناسنامەی گشتی بەسەر هەمووواندا زاڵ بکەن.

یەکێك لەپەیامو بنەما گرنگەکانی هەردوو شۆڕشی ئەمریکاو فەرەنسا لەڕاگەیاندنی گشتی هەردوو شۆڕشداو لەساڵانی ١٧٧٦و ١٧٨٩دا ئاشکرا کردنی ئەو بنەمایە بوو کە دەڵێت: هەر نەتەوەیەکی سەربەخۆ، ژمارەی دانیشتوانیو پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، مافی ئەم نەتەوەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ سروشتیو پیرۆزو بەرهەقە.[٨] ئەم پەیامە لەباری مێژوویيو ناوەڕۆکی سیاسییەوە دەبێتە سەردەمی وەرچەرخان لەبنیاتی دەوڵەتەکاندا. لەم مێژووە بەدواوە هەر نەتەوەیەك دەخوازێ کە بنەماکانی (سەربەخۆیی)و (سەروەری) بکاتە کۆڵەکەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو سەرئەنجام هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگ کردنی رەوشی نەتەوەیی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی دەوڵەت دەبێتە ئامانجی بەرزو ئایدیاڵی ناسیۆنالیزم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیاری گرنگ ئەوە دەبێت کە ئایا ناسیۆنالیزم دەیەوێ دەوڵەتی مۆدێرن یان دەوڵەتی پێش مۆدێرن دامەزرێنێ. پرسیار دەربارەی پەیوەندی نێوان هەلومەرجو راستەقینەی نەتەوەیی لەگەڵ مۆدێرنیتی سیاسی ـ واتە جودایی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگای مەدەنی ـ لەڕوانگەی ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی مۆدێرندا بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئەگەرچی ئەم پرسیارە دوو وەڵامی دەبێت یان دوو بەشە، واتە پەیوەندی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی لەلایەكو پەیوەندی نێوان فەرهەنگی دەوڵەتی مۆدێرن (نەتەوایەتیو نیشتمانی) لەگەڵ مافو ئازادی هاوولاتیانو هەلومەرجی کۆمەڵگای مەدەنی. لایەنی یەکەمی پرسیارەکە لەم بەشەدا وەڵام دەدەمەوەو رووەکەی دیکەش هەڵدەگرم بۆ بەشەکانی دیکەی ئەم باسە.

ئاستەنگی یەکەم لەدەوڵەتی مۆدێرندا لەو لایەنەوە پەیدا دەبێت کە دەوڵەتەکانی نەتەوەییو مۆدێرن پەیڕەوی ناکەن لەبنەمای پابەندبوون بەبیروباوەڕی تاکێتیو





سەروەریو سەربەخۆیی تاك، بەڵکو تەواوی ئەم دەوڵەتانە بەشێوەی نوێو گونجاو تر دەیانەوێ ناسنامەو پابەندبوونی جەمعی (واتە نەتەوە) بکەنە فەرهەنگی گشتی دەوڵەتو ولات. لایەنێکی دیکە لەپەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیتیدا پەیوەندی بەخودی بونیادی مۆدێرنی ئەم دەوڵەتەوە هەیە. یان دەتوانین پرسەکە بەو جۆرە باس بکەین کە ئایا نەتەوەو دەوڵەتی مۆدێرن لەگەڵ یەکدا جیاوازن، یان چوون یەکن؟ ئایا نەتەوە دەبێتە مەرجی بوونی دەوڵەتی مۆدێرن یان بەپێچەوانەوە دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانێ نەتەوە دروست بکات، یان وێرانی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بەڕۆشن کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان مۆدێرنیتی سیاسیو راستینەی رەوشی نەتەوەکان هەیە. پێش لەوەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت تاڕادەی مومکینو پەسەندکراو لەلایەن زۆربەوە خودی نەتەوە بەڕۆشنی پێناسە بکەین: ((لەڕاستیدا دوو شێوەیسەرەکی هەیە بۆ تێگەیشتن لەنەتەوە یان دەتوانین بڵێین بەدوو شێوە نەتەوە پێکدێت: یەکەمیان نەتەوەی نەژادی ـ فەرهەنگيو دووەمیشیان نەتەوەی سیاسییە. هەرچەندە هەندێك بەو بەهانەیەی کە سنووری نێوان ئەم دوو شێوەیە هەمیشە رۆشن نییە، دەخوازن کە ئەم جیاکارییە رەها بکرێتو وازی لێ بهێنن، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە بەهای گرنگو کاریگەری هەیە. بەهۆی ئەم تێگەیشتنە رێژەیيو جیاکردنەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە نەتەوەی نەژادی ـ فەرهەنگی دەتوانێ بەهای گرنگی هەبێتو لەو باوەڕەدا بێت کە ناچارە تایبەتمەندی سیاسی هەبێتو ئەم خواستەش وای لێ بکات شێوەی دەوڵەت بەخۆوە بگرێت))[٩]. لەڕاستیدا هەردوو شێوەکەی تێگەیشتن لەنەتەوە هەریەك بەجۆرێك دووچاری کەمایەتيو نادیدەگرتنی راستيو گەشەی نەتەوەکانو تەنها بەپەیوەندیو کاریگەری نێوان هەردوو روانگەکەو روانگەی دیکەش دەتوانین بەرئەنجامێکی پەسەندو گشتی بۆ رەوشی نەتەوایەتيو مۆدێرنیتی پەیدا بکەین. بەڵام بۆ چاکتر تێگەیشتن پێویستمان بەوە دەبێت کە رێگاکانی پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیتی سیاسی یەك بەیەك باسو شیکردنەوە بکەین.

### ١. نەتەوەی نەژادیو فەرهەنگی

دیدگای (نەتەوەی نەژادیو فەرهەنگی) بەکۆمەڵێك توخمی سروشتیو مێژوویی نەتەوە دەناسێنیو ئەم توخمانەش (خاك، نەژاد، فەرهەنگ، زمانو ئایین)ن. ئەم توخمانە لەنێوان هەموو تاکەکانی یەك نەتەوەداو لەپەیوەندی بەهێزو رۆژانەدا دەبنە هێزی کاریگەری ئەو میللەتانە. ئەم توخمانە بەرئەنجامێکی مێژوویيو بابەتین کە تاکەکان هەر لەسەرەتای بوونیانەوە بەشێوەیەکی گشتیو نەریتیو ناچاری لەو رەوشانەدا دەژینو چوارچێوەیەك بۆ (هەمووستان)ێك پەیدا دەکەن.

بەبڕوای ئەم روانگەیە لەبەرئەوەی نەتەوە بەرئەنجامی سروشتو مێژووە نەك بەرئەنجامی ویستو خواستی تاکەکان یان کۆمەڵەکان، تەنانەت نەتەوە پێش لەوانیش هەرهەبووەو نەتەوەیە کە دەستنیشانی رەوشی تاکەکانو هەموان دەکات نەك بەپێچەوانەوە. نەتەوە، بوونو ناسنامەی هەموان دەنەخشێنیو هەربۆیەش رەوشی گشتی نەتەوە لەبوونو رەوشی تاکەکان گرنگترەو تاك تەنها وەکو بەشێك لەگشتی نەتەوە بوونو کاریگەری دەبێتو هەموان پاشکۆو وابەستەن بەنەتەوەوە. ئەو روانگەیەی کە لایەنگرانی ئەم دیدە بۆ نەتەوە پەسەند دەکەن واتە (سەروەریو سەربەخۆیی) تەنها مەبەستیان لەڕەوشی گشتی نەتەوەیەو سەربەستیو سەربەخۆیی بۆ تاکەکان هیچ گرنگیو بەهایەکی نابێتو دەبێت تاکەکان لەپێناوی سەروەریو سەربەخۆیی نەتەوەدا بەخت بکرێنو گیان ببەخشن.

دیدگای نەتەوەی نەژادی ـ فەرهەنگی هەلومەرجی نەتەوەییو نەژادی خۆیان لەهەموان چاکترو پاکژتر دەبینینو روانگەی نەژادی بەسەر هەموو روانگەکانی دیکە زاڵ دەبێو تەنانەت لەبەرامبەر نەژادو فەرهەنگەکانی دیکەش هەر بەو جۆرە دەڕوانینو ئەوانیان لەخۆیان پێ کەمترو دواکەوتووترو نارەسەن ترە. هەروەها هەمان ئەو بڕوایەی کە سەبارەت بەنەتەوەیەك هەیانە بۆ کەسانو تاکەکانی ئەو نەتەوانەش وا بیردەکەنەوەو





ئەم دیدگایە هەتا بێت نەژادپەرستو راسیزم بەرهەم دێنێتو هاوکات دەبێت لەگەڵ دیدگای توندوتیژیو راستڕەوی دژی بیروباوەڕو نەتەوەو نەژادەکانی دیکە.

بیروباوەڕی نەژادی ـ فەرهەنگی بوونی نەتەوە لەسەرووی مێژووش دەبینیو وەرچەرخانو گۆڕانکارییەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەمێژوودا بەچاوی سەرنج تەماشا ناکاتو دیدگایەکی نەگۆڕو میتافیزیکی بۆ نەتەوە بنیات دەنێ. لەلای ئەوان ئەگەر نەتەوە حاڵەتی نەژادی بەخۆوە بگرێ دەتوانێ ئەو دارابوونەی لەنەژاد بکاتە زەمینەو سەرچاوەیەك بۆ هەموو گۆڕانکاریو وەرچەرخانەکانی مێژوو. ئەگەر رەوشی فەرهەنگی (زمان یان دین)ی هەبێت، دیسان هەر بەو هۆیەوە دەتوانێ دەستی بگاتە پێکهاتەکانی دیکەو سەرئەنجام دەسەڵاتو دەوڵەتیش هەر بەو هۆیەوە پەیدا دەکات.

ئێستا با پرسیاری مەبەست لەو رەوشەی نەتەوەی (نەژادی ـ فەرهەنگی) بکەین سەبارەت بەپەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتو زۆر بەرۆشنی لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرندا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وابەستەیە بەدوو پرسیارو دوو وەڵامی جیاواز. لەراستیدا لایەنگرانی ئەم دیدگایە نەتەوەی نەژادی ـ فەرهەنگی بالاتر لەدەوڵەت دەبینینو دەوڵەت دەکەنە پاشکۆی نەتەوە، بەڵام خۆیان ناخەنە رەخنەو جیاوازی لەبەرامبەر دەوڵەتو تەنانەت خوازیاری پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەن. تاکە دیدگای ئەمانیش بۆ پێکهێنانی دەوڵەت دەوڵەتی ـ نەتەوەییە، نەك دەوڵەتی مۆدێرنی هاوولاتی یان دەوڵەتی ئازادو دیموکراسی. سەرئەنجام دیدگای نەژادی ـ فەرهەنگی دەکەوێتە بەرامبەرو دژ لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی، چونکە دەوڵەتی مۆدێرن کاتێك کە لەبەرامبەر مافەکانی تاكو هاوولاتیان هەڵوێستی دەنوێنێ، دەبێ ماف، ئازادی، سەروەریو سەربەخۆیی ئەوان بکاتە زەمینەو بەهانەی بوونی خۆیو فەرهەنگو ناسنامەی گشتی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە ناسنامەی هاوولاتی، نەك نەژادیو نەتەوەیی. دیدگای نەتەوەیی فەرهەنگی ـ نەژادی تەنها لەناسنامەو پابەندبوونی نەژادیو نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ تاكو

کۆمەڵەکاندا دەکات، نەك لەگەڵ ماف‌و ئازادییەکانی ئەو تاك‌و کۆمەڵانەدا. سەرئەنجام دیدگای فەرهەنگی ـ نەژادی دەکەوێتە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی‌و رەوشێکی ناساز لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵە مەدەنییە بەخۆوە دەگرێ‌و ئەمەش بەمانای نامۆدێرن بوون‌و ناشارستانی بوون دەبێت. بۆ چاکتر رۆشن کردنەوەی ئەم تایبەتمەندی‌و ئاکارانە پێویستمان دەبێت کە ئەو دیدگاو تیۆرانەی کە لایەنگری ئەم بیرکردنەوەیە زیاتر رۆشن‌و شیکردنەوە بکەین:

### أـ هەڵوێستی هێردەرو فیختە :

هێردەر (١٧٤٤ ـ ١٨٠٣) یەکەمین کەس بوو کە تێگەیشتنی فەرهەنگی بۆ نەتەوە پێشنیاز کردو بەتایبەتیش دەربارەی نەتەوەی ئەڵمان ئەمەی بەڕاست دەزانی. بەدیدی ئەو، نەتەوە تایبەتمەندییەکی ئەندامووارەو سروشتی وەهای هەیە کە لەگەڵ ژیانی تاك‌و خێزانەکاندا ئاوێتە بووەو ئەمەش وادەکات سروشتی جیاکەرەوەو تایبەتی خۆی بەهۆی زمان‌و فەرهەنگەوە بناسێنێ. هێردەر هەمیشە باسی (نەتەوەی فەرهەنگی) (Culture Nation) دەکردو گرنگی زمانی لەژیانی نەتەوەیەك بەرجەستە دەکردو نەتەوەی دەکردە متمانەیەکی والاو بڵندتر لەدەوڵەت‌و رژێمە سیاسیەکان. بەهای بالاتری نەتەوە (وەکو هەمووستانێکی سروشتی‌و فەرهەنگی) لەدەوڵەت دەکاتە ئەو سروشت‌و زەمینەیەی کە دەتوانێ‌و توانیویەتی چەندین سەردەمی سیاسی‌و دەوڵەتی بەخۆوە بگرێت‌و سەرئەنجام ویست‌و خواستی نەتەوە بڵندتر دەبێت لەدەسەڵاتی دەوڵەت. هەرچەندە هێردەر لەنێوان نەتەوەکان‌و خواستی نەتەوەیی ئەوان ناکۆکی‌و دژایەتی نابینێ‌و لەو باوەڕەدایە کە هەر نەتەوەیەك دەتوانێ بەپێی خواست‌و ئامادەییەکانی خۆی ئازادانە بێتە مەیدان، بەڵام جیاوازی‌و نایەکسانی نێوان نەتەوەکان‌و هەوڵی ئەوان بۆ هاتنەدی هیواکانیان باس دەکات‌و بەتایبەتیش بالاتربوونی نەتەوەی ئەڵمان لەوانی دیکە لەلای ئەو زۆر ئاشکراو بەرچاوە[١٠].





ئەگەر بوونی نەتەوەو فەرهەنگ‌و نەژادەکەی وەکو (هەمووستان)ێکی گشتی چاو لێ بکەین، بەڵام چۆن دەتوانین کە راستینەی پێکهێنانی ئەو (هەمووستان)ە لەڕێگای دەسەڵات‌و دەوڵەتەوە لەبەرچاو نەگرین. دەوڵەتی نوێ یان دەوڵەتی مۆدێرن (نەتەوەو نیشتمان) بەهۆی سیاسەت، ئابووری، فەرهەنگ‌و کاروباری رەسمی دەتوانێ زیاتر فەرهەنگ‌و حاڵەتی گشتی بسازێنێ‌و خەڵك زیاتر لەیەکتر نزیك بکاتەوە لەو (هەمووستان)ەدا. دەوڵەتی نوێ هەروەکو چۆن لەڕێگای ناسنامەی گشتی‌و فەرهەنگی نەتەوەیی‌و نیشتمانی تاکەکان‌و کۆمەڵەکان لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، هەر بەو شێوەیەش لەڕێگای ماف‌و ئازادی‌و کۆمەڵی مەدەنیەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات. هەر چۆن بێت مۆدێرنیتی سیاسی‌و نەتەوەیی دەتوانێ کاریگەری لەڕادەبەدەر بکاتە سەر هەلومەرجی فەرهەنگی‌و نەژادی نەتەوەکان. کەمایەسی دیدگای هێردەرو ئەوانی دیکە لەوەدایە کە نەتەوە تەنها بەهۆی رەوش‌و تایبەتمەندی مێژوویی‌و فەرهەنگیەوە دەناسێنن، واتە دیدگایەکی وەستاوە لەڕابردووداو ئێستاو ئایندەی نەتەوەو بەتایبەتیش نەتەوەی سیاسی لەبەرچاو ناگرن.

فیختە (١٧٦٢ ـ ١٨١٤) هەروەکو هێردەر دیدگاو هەڵوێستی فەرهەنگی دەکاتە پێوەری سەرەکی بۆ تێگەیشتن لەنەتەوەو بەڵام ئەم بەشێوەیەکی زۆر نەژادپەرستانە تەنها ئەمە بۆ نەتەوەی ئەڵمان بەکاردەهێنێ، هەرچەندە ئەو زیاتر دەربارەی خەڵك (Volk) دەدوێ‌و هاوبەهای دەکات لەگەڵ نەتەوەدا. سەرئەنجام ئەو دەبێتە ((قسەکەری زێڕین دەمانی نەتەوەپەرست‌و لەبیرکردنەوەی فەلسەفی خۆیدا دەکەوێتە ستایشی شکۆمەندی فەرهەنگی ئاڵمانی)) فیختە کە ئەنجامەکانی خۆی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لەدیدگایەکی تەواو تەوەهوم‌و ئەفسانەیی پەیدا دەکات دەڵێت ئەڵمانەکان نەژادی پاکژو رەسەنن‌و نەتەوەکانی دیکە تێکەڵاون‌و بۆیە کە ((تەواوی دنیا، جگە لەئەڵمان بەرەو نەمان‌و وێرانی دەچێت‌و تەنها ئەڵمانەکانن دەتوانن کە مەشخەڵی شارستانی بەرەو پێش بەرن)) فەلسەفەی فیختە رێگاخۆشکەرە بۆ بیروباوەڕی راستی ((نەژادی فەرمانڕەوا))ی

هیگڵو دیدگای نامەعقولی ((باڵا مرۆڤ))ی نیچەو بیروباوەڕی نەژادپەرستو کۆنەخوازی ((ئاڵمان باڵاترە لەهەمووان)) کە لەلایەن هیتلەرو نازیزمەوە کرایە دروشمی سەرەکی[11].

پێناسەی فیختە بۆ نەتەوە بەمانای والاّی زاراوەکە ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە لەکۆمەڵگا پێکەوە دەژینو خۆیان لەبارەی مادیو مەعنەوییەوە سەرلەنوێ بەرهەم دێننەوە. بەڵام ئەم مرۆڤانەپەیڕەوی یاسای تایبەتیو ئیلاهیەت لەسەر بناغەی ئەم یاسایە لەو کۆمەڵە پەروەردەو گەشەکردنە دەبێتە خەسڵەتی نەتەوە. یاسای تایبەتی نەتەوە سروشتی (ئیلاهی) یان مەینەوی نەمرو جاویدان بەنەتەوە دەبەخشێ. تایبەتمەندی نەتەوەیی نەتەوەیەك بەپەیڕەوکردنی ئەم یاسایە بەئەنجام دەگاتو سەرئەنجام نەتەوە (بەتایبەتیش ئەڵمان) وەکو کۆمەڵێك یاسای مەینەویو نەمر پێناسە دەکات. تاك تەنها لەڕێگای نەتەوەوە بوونی هەیەو نەمریو بەردەوامی نەتەوە سەرچاوەی بوونی تاکە. هەروەکو چۆن نەتەوە (ئاڵمان) نەتەوەیەکی نەمرەو بەئەندامەکانیشی (نەمری کەسایەتی) دەبەخشێ، هەربۆیەش دەبێ تاك لەڕێگای نەتەوە گیانی بەخت بکات[12].

هەروەها لەلای فیختە، نەتەوە لەدەوڵەت گرنگترو باڵاترەو بەدیاری کردنی ئامانجی والاّ ڕێگا بۆ دەوڵەت دەکاتەوە: ((عیشق بۆ نیشتمان وەکو توانایەکی فراوان، نەمرو سەربەخۆ وادەکات کە دەوڵەت بەڕێوەبەرێ))[13] و یەکەمین ئەرکی دەوڵەت دابینکردنی ئاسایشی گشتییەو ئەم ئامانجەش بێگومان بەسنووردارکردنی ئازادی سروشتی تاك بەڕێوە دەچێ. سەرئەنجام دەوڵەت تەنها هۆکارێکە لەخزمەتی نەتەوە، وە ڕێگایەکە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی باڵا کە چوون یەك کردنی هەموانە لەبۆتەی نیشتمانو نەتەوەدا. ئەم دیدگایە دەوڵەتو نەتەوە لەیەك جیا دەکاتەوەو هەموو کارو ئامانجەکانی دەوڵەت تەنها لەپێناوی هیوا باڵاکانی نەتەوەدا مانای دەبێتو هەربۆیە ئەرکی نەتەوەییو فەرهەنگی دەبێتە ئەرکی یەکەمو پیرۆزی دەوڵەتو تاك بۆ بەرز ڕاگرتنی بەها باڵاکانی نەتەوە (بەتایبەتیش ئەڵمان).





ئەم هەڵوێستە فەرهەنگیو نەژادییە لەنەتەوە یان (خەڵك) هەروەکو دیدگای هێردەر بەتەواوی بێگانەیە بەرامبەر بەبوونو ئەرکی مۆدێرنیتەی سیاسیو ئیمتیاز دان بەنەتەوە لەبەرامبەر دەوڵەت، تاكو کۆمەڵگای مەدەنی، دوو ئەنجامی ئاشکراو کاریگەری دەبێ: یەکەم، تاك لەڕاستیدا لەبوونی تایبەتیو سەربەخۆی خۆی خودان نییەو دەبێت لەخزمەتی نەتەوەو نیشتماندا بێتو تاك تەنها لەنەتەوەداو بەهۆی نەتەوەوە بوونو ناسنامەی دەبێت. دووەم، دەوڵەت لەنەتەوە جیا دەکرێتەوەو دەبێتە پاشکۆو خزمەتکاری بەها باڵاکانی نەتەوەو فەرهەنگ. هەربۆیە نەتەوە فراوانترو گرنگتر دەبێت لەدەوڵەتو دەبێتە ڕێنماو پێشڕەوی دەوڵەتو کۆمەڵگا. واتە رابوردوو، مێژوو، سروشتی فەرهەنگیو نەتەوەیی بەڕێنمایی بیروباوەڕی نەژادپەرستی ئایدیالی دەبێتە سەرکردەو پێشڕەوی ئێستاو ئاینده. مافو ئازادیو سیاسەتو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەکەوێتە خزمەتی بەهاکانی سروشتو فەرهەنگو ئایدیا پێش وەختەکانو دەوڵەت لەئەرکی سەرەکی خۆی کە مۆدێرنەی سیاسیو خزمەت کردنی تاکەکان بەرەو مافو ئازادیەکان رادەگیرێو دەخرێتە خزمەتی ئەفسانەو رابردووی فەرهەنگی.

### ب ـ فریدریك ماینکە (نەتەوەی فەرهەنگی لەبەرامبەر "نەتەوەی دەوڵەتی"دا):

فریدریك ماینکە (١٨٦٢ ـ ١٩٥٤) مێژوونووسو پرۆفیسۆر لەستراسبۆرگو فرایبۆرگو بەرلین. ساڵی ١٩٠٨ سەرەکی ترین بەرهەمی خۆی لەژێر ناوی (نیشتمانی جیهانیو دەوڵەتی نەتەوەیی)دا بلاّوکردەوە، بەبڕوای ئەو نەتەوەی فەرهەنگی (بەتایبەتی ئەڵمان) دەخاتە بەرامبەر (نەتەوەی دەوڵەتی) وەکو ئەمریکا، فەرەنساو بەریتانیا. وێڕای ئەوەی کە جەختی لەوە دەکرد کە جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە لەنەتەوە بەتەواوی ڕۆشنو مومکین نییەو نەتەوەی کەلتوریو نەتەوەی دەوڵەتی دەتوانن لەیەکدا ئاوێتە بن، بەڵام سەرەنجام دەڵێت:

((نەتەوەکان لەیەکەم نیگادا، کۆمەڵێکی گەورەو بەهێزی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکانن کە لەڕوانگەی مێژووییەوە لەئەنجامی پڕۆسەیەکی درێژماوەدا سەریان هەڵداوەو بەشێوەی بەردەوامو نەبڕاوە لەگۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕدان.. شوێنی ژیانی هاوبەش، پێکهاتەی هاوبەشیو هاوشێوەی خوێنو نەژاد، زمانی هاوبەش، ژیانی مەینەوی هاوبەش، چوارچێوەی دەوڵەتی هاوبەش یان فیدراسیۆنێك لەدەوڵەتە هاوڕەگەزەکان - هەموو ئەمانە دەتوانن بنەما یان تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەك بن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر کام لەنەتەوەکان بۆئەوەی بەنەتەوە بناسرێنەوە دەبێ هەموو ئەو هاوبەشانەیان هەبێ. ئەوەی دەبێ لەناو خۆیاندا هەیانبێ، ناوکێکی سروشتیە کە بەهۆی پەیوەندی خوێنیەوە پێکهاتووە... دەتوانرێ نەتەوەکان بەنەتەوەی کلتوریو نەتەوەی دەوڵەتی دابەش بکرێن. دەستەی یەکەم لەسەر بناغەی خاوەندارێتیو پێشینەی فەرهەنگی ئەزموونکراوی هاوبەش دامەزراوەو گروپی دووهەم بەتایبەتی لەسەر بنەمای هێزی یەکخەری مێژوویی سیاسی هاوبەشو یاسای بنەڕەتی. زمانی گشتی ئەدەبیاتو ئاینی هاوبەش کاراترین کاڵا فەرهەنگیەکانن کەنەتەوەیەکی فەرهەنگی دروست دەکەنو رایدەگرن... بەڵام نموونەی زیاتریش هەن کە لەواندا کاریگەریو بەرژەوەندییە سیاسیەکان لەخزمەتی پێکهاتنی زمانو ئەدەبیاتی هاوبەشدا بوونو لەهەندێك نموونەی دیکەدا هەر لەبنەڕەتەوە ئەم فاکتەرانە زمانو ئەدەبیاتی هاوبەشیان دروست کردووە. هەروەها پەیوەندی نێوان دینو دەوڵەتو نەتەوەش زۆرجار پەیوەندییەکی چڕو کاریگەرە... هەربۆیە ناتوانین نەتەوەی کولتوریو نەتەوەی دەوڵەتی بەتەواوی لەیەك جیا بکەینەوە. ئەم کارە لەدەرەوەش ناتوانین بکەین، چونکە لەچوارچێوەی نەتەوەیەکی دەوڵەتی راستەقینەدا - هەروەك نموونەی سویسرا - هاووڵاتیان دەتوانن لەنەتەوەی فەرهەنگی جۆراوجۆردا بژین. بەڵام لەلایەکی دیکە نەتەوەیەکی چوونیەکی فەرهەنگی - هەروەك نموونەی گەورەی ئەڵمان - نەتەوەی دەوڵەتی جۆراوجۆر پێك بهێنن[١٤].





دیدگاکانی ماینکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم پیاوە دیدگایەکی سیاسی لیبراڵی هەبووەو بەتوندی نەیاری (ناسیۆنال - سۆسیالیزم)و فاشیزمی ئەڵمانی بووەو دوای شەڕی دووەمی جیهانی یەکەم سەرۆکی زانکۆی ئازادبوو لەبەرلین.

### ج - ناسیۆنالیزمی فەرەنسی لە (باریس تا بەرەی نەتەوەیی)[١٥]

هەڵوێستی نەژادی - فەرهەنگی لەنەتەوە تەنها لەدنیای جەرمانیدا تەسك نابێتەوە، بەڵکو لەفەرەنساش بەشێوەی جیاواز ئەو دیدگایانە بەرچاو دەکەون. هۆکاری جیاوازی دیدگای فەرەنسی سەبارەت بەنەتەوەی نەژادی - فەرهەنگی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشەی نەتەوایەتی کەمتر لەئەڵمانو (نەمسا - مەجەر) لەو ولاتەدا هەبووە. شۆڕشی فەرەنسیو بنیات نانی نەتەوەی دەوڵەتی یان دەوڵەتی هاووڵاتی هۆکارێکی زۆر بەهێزو کاریگەرە بۆئەوەی کە دیدگای نەژادی - فەرهەنگیو نەتەوەی فراوانتر لەدەوڵەت لەوێدا چالاكو کاریگەر نەبێت. هۆکاری دیکەش ئەوەیە کە نەبوونی چەند نەتەوەیەك لەفەرنسادا و چوونیەکی فەرەنسا لەباری نەژادییەوە کارێکی وەهای کردووە کە ئەو کێشە نەژادیو فەرهەنگیە لەوێدا سەرهەڵنەداتو نەبێتە میتۆدو دیدگا بۆ تێگەیشتن لەنەتەوەو سەرئەنجام دیدگای مۆدێرنیتی سیاسیو نەتەوەی دەوڵەتی لەفەرەنسادا باڵا دەستو باو بووە.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەڵوێستی ئەڵمانی بۆ نەتەوە لەسەرەتاو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا تاڕادەیەك ئیلهام بەخشی ناسیۆنالیزمی نەژادی بووە لەفەرەنسا. دوو بیرمەندی سەرەکی ئەم رەوتە مۆریس باریس (١٨٦٢ - ١٩٢٣)و شارل مۆراس (١٨٦٨ - ١٩٥٢) دیدگای نەژادیو فەرهەنگیان بۆ نەتەوە پەسەند کردو لەلای ئەوان لایەنی سروشتیو مێژوویی نەتەوە دروستو بەرجەستە دەکات. لەدیدی باریسدا، نەتەوە میراتێکە لەڕابوردوو، نەتەوە بەرهەمو پێکهاتەی (خاكو مردووەکانە) واتە بەرئەنجامی جوگرافیاو مێژووە. نەتەوە بەسەرزەمینو شوێنی نیشتەجێ دیاری دەکرێت کە پێویستە

پارێزگاری لێ بکرێت‌و هەر بەشێك لەو خاك‌و نیشتمانە لەدەست بچێت (وەکو کێشەی ئەلزاس‌و لۆرین لەو سەردەمەدا) دەبێت بەخەبات‌و تێکۆشان بسەندرێتەوە. ئەگەرچی نەتەوە بەرهەمی رابردووە بەڵام دەبێت ئەو مێژووە بەرز رابگیرێت‌و لایەنی نەمری پێ بدرێت. سەرئەنجام نەتەوە دەبێتە دیاردەیەکی بابەتی‌و مێژوویی کە پێویستە وەفادارپین لەبەرامبەری‌و لەهەوڵی بەردەوام بوونیدا بین. تاك لەسایەی بوونی نەتەوەدا هەیەو هەر بەهۆی ئەویشەوە دەتوانێ بەردەوام‌و بەرخوردار بێت. لەڕاستیدا تاك بەشێکە لەگشت‌و نەتەوە لەتاك مەزنترو باڵاترەو حەقیقەتی نەتەوەیی دەتوانێ کاریگەر بێت لەبوون‌و بەردەوامی تاکەکاندا.

بڕوای شارل مۆراس کە زۆر نزیکە لەدیدگاکانی باریس: نەتەوە هەلی ژیان‌و بەردەوامی رێکخستن بەفراوانترین‌و باشترین شێوە بۆ تاکەکان لەهەمووستانێکدا دەڕەخسێنێ، لەبەرئەوە نەتەوە بەهایەکی سیاسی والاو پیرۆز بەخۆوە دەگرێ. مۆراس تایبەتمەندی سروشتی‌و مێژوویی نەتەوە وا تەسك دەکاتەوە کە نزیکی دەکاتەوە لەپێکهاتەی خێزان. لەو باوەڕەدایە کە نەتەوە پەیوەندی بەهەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکانەوە نییە بەڵکو دەستکەوتی سروشت‌و مێژووەو نەتەوە دەکاتە دیاردەیەکی سەربەخۆ لەهەڵبژاردنی ویست‌و ئازادانەی تاك‌و دەڵێت فەرەنسایی بوون پەیوەندی بەخواستی ئێمەوە نییەو ئێمە لەسروشت‌و لەدایك بوونەوە هەر فەرەنسین. مۆراس زاراوەی Nation نزیك دەکاتەوە لەزاراوەکانی Natus و Natio کە بەمانای ناوچەی ژیان‌و شوێنی لەدایك بوون یان زادگا دێن.

ئەگەر بارس‌و مۆراس بەپێچەوانەی دیدگاو تیۆرەکانی ئەڵمان، پرسی پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەتیان نەخستۆتە بەرباسان لەبەرئەوە بوو کە لەبنەڕەتدا مەسەلەی دەوڵەت لەفەرەنسادا کێشەی گەورە نەبووو ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی یەکەم، ئەوەیە کە دەوڵەتی فەرەنسا لەدوای شۆڕشی ١٧٨٩ هەتا دەهات بەرەو دەوڵەتی نیشتمان‌و نەتەوە هەنگاوی دەناو لەم زەمینەیەشدا هیچ رێگرێکی دەرەکی‌و ناوخۆ





لەگۆڕێدا نەبووە. دووەم، نەتەوەو دەوڵەتی فەرەنسا لەڕەوشی سازگاری وەهادابوون کە هەردووکیان یەك ناسنامەیان هەبووە. دیدگای هەردوو تیۆرسینی نەتەوەی فەرهەنگی ـ نەژادی لەفەرەنسا هەروەکو ئەڵمانەکان لەبەرامبەر مۆدێرنیتەی سیاسیدا ئەوەبوو کە ئەوان ناکۆك بوون لەتێگەیشتنی نەتەوە سەبارەت بەپەیوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتیداو بەتایبەتیش لەو زەمینەیەدا کە پەیوەندی بەڕەوشی تاك‌و هاوولاتی‌و ماف‌و ئازادییەکان هەبووە. بڕوای ئەوان هەروەکو باسمان کرد روانگەی نەتەوەیی‌و نەژادییە بۆ لێکۆڵینەوەی بوون‌و بەردەوامی تاك‌و هاوولاتیان. ئەمان نەتەوە وەکو (هەمووستان)ێکی سروشتی‌و فەرهەنگی وەها دەبینین کە هیچ پەیوەندییەکی بەمۆدێرنیتەی سیاسیەوە نییەو تەنانەت سەربەخۆو باڵاتریشە لەدەوڵەتانی مۆدێرن. هەروەها بڕوایان وایە کە دەوڵەت‌و کۆمەڵگای مەدەنی لێك جیاوازنین‌و هەردووکیان لەبۆتەی گشتی‌و هەمووستانی نەتەوەییدا دەبنە پلە دوو لەبەرامبەر رەوش‌و راستینەی نەتەوە. ئەمان هێندە لەم زەمینەیەدا توندڕەوی دەکەن‌و دەبنە ناکۆك‌و دژ لەگەڵ حاڵەتی هاوولاتی‌و مۆدێرنیتەی سیاسی‌و رەت کردنەوەی دەوڵەتی مۆدێرن‌و کۆماری‌و پارلەمانی‌و پێشنیازی دیسان گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی پێش مۆدێرن‌و پادشایی دەخەنە روو.

ئەم هەڵوێستە نەژادی‌و فەرهەنگییە بۆ نەتەوەو دژایەتی کردنی مۆدێرنیتەی سیاسی بەقووڵی دەبێتە ئیلهام بەخشی رژێمی (فیشی)و ئەم رژێمە بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ کار بۆ ئەم دیدگاو ئامانجانە دەکات. رژێمی فیشی پێشکەوتن‌و باڵاتری نەتەوە لەبەرامبەر تاکدا رادەگەیەنێ‌و لەو بڕوایەدابوو کە دەبێ (شۆڕشی نەتەوەیی) سەرلەنوێ بەرپا بکرێت‌و بانگەوازی پارێزگاری‌و پاك کردنەوەی نەتەوەی دەکرد لەتوخم‌و کەسانی بێگانەو نارەسەن ـ وەکو یەهودییەکان‌و فریماسۆنەکان ـ و دەستی کرد بەپاکسازی ناو خەڵك‌و دەزگاکانی ناو حکومەت‌و دەرکردن‌و راوەدوونانی ئەو توخمانەی کە بێگانەو ناپاکژن. سەرەڕای ئەمانەش، بەدیاریکردنی پلەی ژیان‌و کاری نزمتر بۆ یەهوودو پاشان دەرکردنیان لەکۆمەڵگاو راگوێزانیان بۆ کامپی ئۆردوگا سەربازییەکان‌و حوکمدانیان

بەمەرگ. ئەم دیدگا نەژادیو دوور لەشارستانیو مۆدێرنە بەهەموو جۆرێك دوورکەوتنەوەی رژێمی فیشییە لەمۆدێرنیتەی سیاسی.

ئەوەی کە مایەی سەرسامیو دڵتەنگییە کە ئەم دیدگاو ئایدۆلۆجییە دژی مرۆڤو نەژادپەرستە تا ئێستا رێبازی سەرەکی بیرکردنەوەی (بەرەی نەتەوەیی)یە. دیدگای ئەم پارتە، نەتەوە بەبەهایەکی باڵاتر لەدەوڵەت دەبینێو پارێزگاری لەسەربەخۆییو ناسنامە دەبێتە گەوهەری تێڕوانینی ناسیۆنالستیان. هەروەها نەتەوە لەتاكو کۆمەڵگای مەدەنیش باڵاترو پیرۆزترەو میراتێکە کە دەبێت وەفادارانە بپارێزرێو بگوێزرێتەوە بۆ دیدگاو کەسایەتی تاکەکانیش واتە دیسان بینینی تاكو مافو بەهاکانی لەڕوانگەی پێداویستی نەتەوە. لەلای بەرەی نەتەوەییو لەتێڕوانینی رابەرانی راستڕەو نەتەوە کۆڵەکەی دەوڵەتە، بەڵام نەتەوە لەدەوڵەت لەپێشترو گرنگترەو دەشتوانێ بەبێ دەوڵەتیش هەبێتو هەربۆیە (برۆنۆ میگرە) سکرتێری گشتی (بەرەی نەتەوەیی) لەمانگی ژانویەی ساڵی ١٩٩٨دا دەڵێت: بەبێ نەتەوە کۆماری فەرەنسا بوونی نابێت، بەڵام نەتەوە دەتوانێ بەبێ کۆمار هەبێت Le Monde, ٢٧ Janiver ١٩٩٨, P١٠ هەروەها دیسان لەو بۆنەیەدا رایگەیاند کە ((بونیادی نەتەوە "خوێن"، "زمان"، "فەرهەنگ"، "ئیمان"، "مێژووە")).

لەیەکێك لەبەرنامەکانی (بەرەی نەتەوەیی) کە بەهۆی کاریگەری دیدگاکانی (مۆریس باریس)ەوە نووسراوە بەم شێوەیە نەتەوە پێناسە دەکات: ((نەتەوە ئەو هەمووستانەیە کە لەسەر بونیادی زمان، بەرژەوەندی، نەژاد، یادەوەریو یادگاریو ئەو فەرهەنگەی کە تێیدا مرۆڤ دەگەشێتەوەو راگوزەری رەگو ریشەی مردووەکان، رابردوو کەلەپورو میراتەکان بەبەهێزی رایدەگرێت)). ئەم پێناسەیە کە بەشێکی ئاشکرایە لەتێگەیشتنی نەژادی ـ فەرهەنگی بۆ نەتەوەو دەبێتە هۆکاری بەهێز بۆ سیاسەتی سەرەکی بەرەی نەتەوەیی کە دەڵێت (دەرکردنی بیانییەکان، مافی پێشکەوتنی نەتەوەییە)و ئەوان بڕوایان وایە کە کۆچبەرانی بێگانە بەهۆی بونیادی نەژادی،





فەرهەنگو ئایینی جیاوازیانەوە ناتوانن پابەندبن بەنەتەوەی فەرەنساو هەربۆیەش نابنە هاووڵاتی. دیدگای نەژادیو کۆنەپارێزی فەرهەنگی لەوڵاتێکی زۆر کۆنی مۆدێرنیتەی سیاسیدا گورزێکی کاریگەرە بەرامبەر بەدەوڵەتی مۆدێرنو تاكو هاووڵاتیو کۆمەڵگای مەدەنی.

## ٢. نەتەوە: مێژوو لەبەرامبەر مۆدێرنیتی[١٧]

پایەگای ناسیۆنالیزم وێناکردنێکە کە پەیوەستە بەبەردەوامی مێژوو. چەند سەدەیەکە مرۆڤەکان لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێنو لەهەوڵی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیاندا تێدەکۆشن. بێگومان کارو ئاراستەی مرۆڤ بۆ ناسینی کەلەپورو میراتی دێرینی بابو باپیرانیو هەروەها ئەفراندنی زاراوەی وەکو سەرهەڵدانو بەرخۆدانی دووبارەو سەرلەنوێ نەژادیو نەتەوەیی پەیوەستە بەم پێکهێنەرانەوە. هەڵوێستی مرۆڤو بزاڤەکانی بۆ یەکلایی کردنەوەی هەلومەرجی واقعیو راستینەی کارو ئامانجەکانی بەرەو ئەو داخوازیانە، یەکێکە لەمەسەلە گرنگەکانی تێگەیشتنی نەتەوەو بەکارهێنانی رابردوو بۆ دروستکردنی ئێستاو ئایندەی دەوڵەتی ـ نەتەوە. زۆربەی نەتەوەکان بۆ سەلماندنی هەلومەرجی نەتەوەییو بەدەست هێنانی هەردوو ئامانجە گرنگو کاریگەرەکەی ناسیۆنالیزم واتە (سەروەریو سەربەخۆیی)و (جووت کردنی هەردوو رەوشی نەژادیو فەرهەنگی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسیو دەسەڵات) پەنا دەبەنە بەر پێکهێنەرە میللیو رابردووەکانی خۆیان (خاك، زمان، فەرهەنگ، ئایین، مێژوو)و رابردوو دەکەنە پێوەر بۆ داخوازیو ئامانجەکانی ئایندە.

لەم نێوانەدا هەقی خۆیەتی کە ئاماژە بەدوو دیدگای دوو بیرمەندی کاریگەر لەبواری کۆمەڵناسیدا بدەین کە ئەوانیش (ئەرنست گلینەر)ی ئینگلیزیو (ئالان تۆرین)ی فەرەنسییە. گیلنەر بڕوای وایەو لەوتاری (نەتەوە چییە؟)[١٨] کە نەتەوە فەرهەنگو ئیرادەیە. فەرهەنگ مێژووی رابردووەو ئیرادەش کارێکە لەئێستاوە بەرەو ئایندە دەڕوات.

واتە بیناکردنی ئایندە لەسەر رابردوو. هەروەها ئالان تورین دەڵێت: ((نەتەوە سازکردنی رابردوو، فەرهەنگ، نەریتو ئابووری کۆنە لەپێناوی خزمەتی ئایندەو هاوچەرخ بووندا. نەتەوایەتی دەرگای فەرهەنگە ناوچەییەکان دەخاتە سەر پشت بۆ باهۆزی مۆدێرنیتیو عەقڵانیەتو پاشان قەوارەیەکی نەتەوەیی هاوچەرخ (نەك نویێ!) پێك دەهێنێ))[١٩]. هەر بۆ ئەم مەبەستە (فرێد هالیدای) هەڵوێستی گشتی لەم زەمینەیەدا بۆ زۆربەی نەتەوەکانی دنیاو بزاڤی ناسیۆنالیستی بەم شێوەیە دەخاتە روو: ((ئەم ئاراستەیە بۆ ناسیۆنالیزم لەتەواوی بزاڤەکانی دنیا بەئاشکرا دەبینرێت وا دەبێتە دیدگای دێرین ناسی بۆ نەتەوایەتی. بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتی بڕوایان وایە کە نەتەوەکان لەلایەك رێکەوتو لەلایەکی دیکە دیاردەی نوێن. ئەم دیاردە نوێیە ناودەنێن ئاراستەی مۆدێرنیتی. مۆدێرنیستەکان بڕوایان وایە کە لەوانەیە نەخشەی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی نەتەوەیی وڵاتەکان زۆر لەیەکترو لەشێوەی ئێستایان جیاوازبنو ئەم نەخشانەش تەنها نیشانەی هەردوو رەوەندی مێژوویيو مۆدێرن دەبن))[٢٠].

ئەو هۆکارانەی کە بوونی نەتەوەیەك دیاری دەکەن هەروەکو گیلنەر، تورینو هالیدای باسیان کرد زۆربەیان دەکەونە رابردوو، بەڵام سەرهەڵدانی نەتەوایەتیو ئاسۆی گۆڕانەکانی تەنها پەیوەست نییە بەهۆکاری ناچارو جەبری مێژووەوە، بەڵکو جێگۆڕکێیە لەنێوان شێوەی بونیادو حکومەتو دەسەڵاتی پێشوو، بەبونیادی حکومەتی مۆدێرنو تاكو کۆمەڵگای مەدەنی. هەرچۆن نەتەوە بەرهەمی رابردووە، بەڵام ئایندەی مۆدێرن سازی نەتەوەو دەسەڵات مەرجی بنەڕەتیە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خودی نەتەوە.

بەبڕوای من دیدگاکانی (نەتەوە: مێژوو لەبەرامبەر مۆدێرنیتی) یەکێکە لەو باسانەی کە زۆر بەئاسانی پەسەند دەکرێتو دیدگای عەقڵانی سیاسیو کۆمەڵناسیش ئەوەیان زۆر بەئاسانی سەلماندووە. بەڵام لەم زەمینەیەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگو چارەنوس ساز هەیەو دەبێ لەڕەوشی نەتەوەکان بەرەو مۆدێرنیتی سیاسی لەبەرچاو





بگیرێتو هەربۆیەش ئەم وتە کاریگەرەی هالیدای بەنموونە دەهێنمەوە: ((نەتەوایەتی هەروەکو چۆن دەوڵەتی مۆدێرن دەبێتە ئامانجە گرنگەکەی، هەروەها لەلایەن خەڵکەوەو بەتایبەتی لەلایەن دانیشتوانی شارە گەورەکان پرسێکی گرنگو چارەنووس ساز دەخاتە ناو فەرهەنگی دەوڵەتو نەتەوەوە. سوود وەرگرتن لەزەمینەو سەرچاوەکانی رابردوو بۆ سازدانەوەی ئایندە، مەسەلەکە زۆر بەسانایی پەسەند دەکرێت، بەڵام دروستکردنی پابەندیو ناسنامەی دروستکراوی نوێو لەکۆمەڵی دروستکراودا یەکێکە لەو خەیاڵانەی کە هەمیشە ناسیۆنالیزم پێویستی پێیەتیو هەمیشە بەرهەمیان دەهێنێ. یەکەمین کەس کە زاراوەی Imagined Communities یان کۆمەڵگای خەیاڵیو دروستکراوی بەکارهێنا (بەندێکت ئەندرسۆن) کە بەهەمان ناونیشان کتێبێکی دەربارەی ناسیۆنالیزم نووسیوە. نەتەوەو کۆمەڵگای دروستکراو دەبێتە رەهەندی سێهەم لەدوای مێژوو، مۆدێرنیتیو لەو رێگایەوە نەتەوە هێماو بەهاو تەنانەت خەیاڵو وەهمەکانی خۆی دەخاتە خزمەتی ناسنامەی کۆنو نوێوەو ئەمجارەیان فەنتازیاو ئەفسانە دەبنە یەکێك لەتوخمەکانی نەتەوەی مۆدێرن، وەکو ئاڵا، رۆژی شەهیدو سەربازی ون.

جۆن ستیوارت میل (١٨٠٦ ـ ١٨٧٣) فەیلەسوفو ئابووری ناسی بەریتانی، نوێنەری بیری لیبرالیزمی رادیکاڵ، نوێنەری پەرلەمان ١٨٥٦ ـ ١٨٦٨، دارێژەری سیستەمی (لەبەشەوە بۆ گشتو لەگشتەوە بۆ بەش)و خاوەنی کتێبی (بنەماکانی ئابووری سیاسی)، بەشێوەیەکی زۆر رۆشنو پەسەند دیدگای نەتەوەی مێژوویی لەبەرامبەر مۆدێرنیتی سیاسیدا دەنەخشێنێ. لەلای ستیوارت میل نەتەوە وەکو (بەرهەمی رابردووی هاوبەشی سیاسی)[٢١] سەیر دەکرێو نەتەوە دەبێتە بەشێك لەهەستی وابەستەیی میللی، کە ئەم هەستە ئەگەرچی بەچەند خاڵی بابەتی وەکو (نەژاد، زمان، دینو مێژوو) بەهێز دەکرێت، بەڵام، بەپلەی یەکەم لەڕێگای رابردووی سیاسی هاوبەشەوەئافەرین دەکرێ. بەو شێوەیە ئەو بەنەتەوەبوونی (بەریتانیای مەزن) سکۆتلاندو چینی خۆشگوزەرانی ئێرلەندەیشی لەگەڵ بێت وەك گەشەی ناسنامەیەکی

هاوبەش بەرجەستە دەكات. بەبڕوای میل پرسی گرنگ بۆ نەتەوە بەشداری سیاسیو مافی بەشداربوونی ئەندامانی نەتەوەیە لەڕەوتی سیاسی کۆمەڵگاداو ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندی سەرەکی هەر نەتەوەیەك.

لەلای جۆن ستیوارت میل کۆمەڵێك لەمرۆڤەکان نەتەوە پێك دەهێننو ئەندامانی ئەو کۆمەڵە لەڕێگای هاوپشتیو هاودەردی نێوانیانەوە پێکەوە پەیوەندییان دەبێت. ئەم هاوپشتیو هاوبەشییە دەیانخاتە سەر ڕێگای ئیرادەی هاوبەش کە بێگومان باشترینو دڵخوازترین ئامانجی دەبێتە دەسەڵاتو حکومەتی هاوبەش. ئەم هەستەو ئیرادەی هاوبەشە دەتوانێ سەرچاوەی جۆراوجۆری هەبێت، جاری وایە نەژادو ڕەگەزی هاوبەش دەبێتە سەرچاوە، هاوبەشی لەزمانو دیندا، بەدڵنیاییەوە ئەم هەستە بەهێز دەكات. بەڵام لەم زەمینەدا ڕابردووی هاوبەشی سیاسی زۆرترین کاریگەری هەیە: بەهرەمەندبوون لەمێژووی نەتەوەییو یادەوەری هاوبەش، هەستی سەرفرازیو سەرشۆڕی هاوبەشو گشتی، هەستی خۆشنوودیو ئازاری هاوبەش کە پەیوەندارن بەمێژووی ڕابردوو، دیارە هیچکام لەو فاکتەرانە مەرجی تەنها پێویستو بەس نییە. دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین ئەگەر هەرکام لەم هۆکارانە نەبن، بەهەمان ڕادە ئاستی هۆشیاریو ئامادەیی نەتەوەیی نزمتر دەبێ. زمانو ئەدەبیاتی هاوبەشو تاڕادەیەکیش نەژادو ڕابردووی مێژوویی دەتوانن هەستی زۆر بەهێزی نەتەوەیی زیندو ڕابگرن، سەرەڕای ئەوەش کە دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنیش نەبێت. بەڵام ئەم هەستە هیچ کات ناگاتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەتو دەسەڵاتی هاوبەش لەو زەمینانەدا بۆ نەتەوەی دروست دەكاتو سەرئەنجام هەستو ڕابردووی سیاسی هاوبەش بەشێوەی کاریگەر لەدەوڵەتدا دەتوانێ نەتەوە بەرزو زیندوو ڕابگرێ.

### ٣. نەتەوە وەك کۆمەڵی هاوچارەنووسان[٢٢]

بەشێکی بەرچاو لەبیریارانو لێکۆڵیارانی ناسیۆنالیزم لەو باوەڕەدان کە مارکسیزمی نەمسایی کە بە (ئەسترۆ مارکسیست) ناسراونو بەتایبەتیش هەردوو





بیرمەندی سۆسیال دیموکرات کارل ڕینەر (١٨٧٠ ـ ١٩٥٠)و ئۆتۆ باوێر (١٨٨١ ـ ١٩٣٨) بەشدارییەکی کاریگەریان لەڕۆشن کردنەوەی چەمکی نەتەوەو بزاڤی ناسیۆنالیزمدا کردووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کارل ڕینەرو ئۆتۆباوەر هەڵوێستو لێکدانەوەی فەرهەنگیو هاوچارەنووسیان لەنەتەوە باسکردو لەم زەمینەیەشدا دیدگای ئەوان بەرچاوو کاریگەرە. ئەم دوو کەسە کە لەڕوخسارە ناسراوەکانی مارکسیزمی نەمسایی ئەژمار دەکرێن، دیدگای خۆیان بەشێوەیەکی نوێو لەپەیوەندی بەڕەوشی تایبەتی ئیمپراتۆریای نەمسا ـ هەنگاریا خستەڕوو، کە لەو قەڵەمڕەوەدا نەتەوەی جیاوازو جۆراوجۆر گردبووبوونەوە.

کارل ڕینەر دوو خاڵی نوێی هێنایە ناو لێکدانەوەی خۆی بۆ نەتەوایەتیو یەکەمیان ئەوەیە کە نەتەوە وەکو ڕەوشێکی مافدانیو بوونی یاسایی تەماشا دەكات. نەتەوە بەتەنها یەکسان نییە بەو سنوورانەی کە هەمووستانێکی گشتی پێك دەهێنن، بەڵکو پرسی مافو نیهادی یاساییش لەم نێوانەدا دەوریان هەیەو هەربۆیە ڕینەر پێی وایە کە نەتەوە ڕەوشو کەسایەتیەکی یاساییە. دووەم، ئەوەی کە نەتەوە پەیوەستە بەبڕیارو هەڵبژاردنی ئازادی تاکەکانو نابێت نەتەوە تەنها بەبۆچوونی بابەتیو پێکهێنەرەکانی ڕابردوو (خاك، نەژاد یان زمان) پێناسە بکرێت. لەڕاستیدا نەتەوە لەسەر بنەمای خواستو ئیرادەی تاکەکان پێکدێتو هەروەکو چۆن ئەوان ئاینی خۆیان هەڵدەبژێرن هەر بەو شێوەیەش، لەمافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەهرەمەندنو ئازادانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی وڵاتەکاندا ئەمە ڕادەگەیەنن. نەتەوە، بەم مانایە، پەیوەندی بەخاكو فەرهەنگو نەژادەوە نییەو تەنانەت دەتوانرێت ئەو کەسانە لەناو نەتەوەیەکی دیکەشدا بەو جۆرە هەڵوێست وەربگرنو بەجۆرە نەتەوە لەهەمووستانێکی ڕابردوو دەبێتە بڕیاری هەمووان لەئایندەدا[٢٣].

ئەگەرچی دیدگاکانی ڕینەر سەبارەت بەلایەنی مافو ڕەوشی یاسایی، یان پرسی هەڵبژاردنی ئازادی تاکەکان بۆ نەتەوە لایەنێکی دیکەی گرنگ بۆ نەتەوایەتی ئاشکرا

دەکات، بەڵام هەروەکو باسمان کرد دیدگای ئەم بیرمەندە سۆسیالیستییە پەیوەستە بەدوو هۆکاری گرنگو کاریگەری ئەو سەردەمە. کارل رینەر کە مارکسیستێکی نەمساییە لەو بڕوایەدابوو کە ئازادبوونی نەتەوەکانی ناو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگ، بەڵام بەمانەوەیان لەناو ئەو فیدراسیۆنە نەتەوایەتیانەدا رێگا خۆشکەر دەبێت بۆ یەکێتیو هاوپشتی چینی کرێکارو سۆسیالیزم. ئەو بەهیچ جۆرێك رێگر نییە لەمافو ئازادی نەتەوەکانو تەنانەت تاکەکانیش بۆ هەڵبژاردنی چارەنووسی نەتەوەییان، بەڵام هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی فیدراسیۆنی نەمسا ـ هەنگاریا بەپێویست دەزانێ یان دەیکاتە سەرەتایەك بۆ هاوپشتی چینی کرێکاری نەتەوەکان بۆ دامەزراندنی ئەنترناسیۆنالی جیهانی. دیدگای رینەر بۆ خواستو هەڵبژاردنی ئازادی تاکەکان بۆ پابەندیو بڕیاری نەتەوەییان، یەکێکە لەو نوێ خوازیو ئازادی خوازییەی کە داهێنانێکی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە گشتیەکانی (دین، نەتەوە، نیشتمانو لایەنی کەسایەتی)و هەرچۆنێك بێت کە ئەم بڕوایە رێگایەکی مرۆڤ دۆستیو ئازادیخوازییە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت فشاری گشتی پابەندی ناسنامەی نەتەوایەتی هەموو جارێك رێگا بەوە نادات‌و یەکێك لەڕەخنەو خەوشەکانی نەتەوایەتی ئەوەیە کە هەمیشە کارکردنە لەسەر دیدگاو ناسنامەی گشتی یان هەروەکو (موریس بارییە) دەڵێت: شێوەیەك لەئەفراندنی هەمووستانێك.

ئەنجامو ئاراستەی رینەر بەجۆرێك دەبێت کە نەتەوەی خاوەن کەسایەتی مافو یاسایی دەتوانێت هەر بەو هۆیەوە سازمانی یاسایی هەبێتو لەمافی خودموختاریو خۆ بەڕێوەبردنی بەهرەمەند بێت. نەتەوە دەتوانێ کارو مەبستەکانی سیاسی بەدەوڵەت بسپێرێ. لەبەرئەوەی کە رینەر مافی سەربەخۆیی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکان بەپێویست نازانێ (بەتایبەتیش لەپەیوەند بەدەوڵەتی نەمسا ـ هەنگاریا) ئەم خودموختارییە تەنها لەزەمینەو بڕیاری (فەرهەنگی)دا قەتیس دەکاتو هەڵوێستی فەرهەنگی لەگەڵ رەوشی یاساییدا بۆ نەتەوە بەچارەسەری دڵخوازو پێویست دەزانێو





نزیك نابێتەوە لەچەمکەکانی (سەربەخۆییو سەروەری) یان (جووت بوونی لایەنی فەرهەنگیو سیاسی) بۆ نەتەوەکانو بەمجۆرەش رەوشو هەڵوێستی رابردوو سەبارەت بەپەسەندنەکردنی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە کاراکتەری سەرەکی لەبیری رینەرو سۆسیالیزمی نەمساییدا.

کارل رینەر نەك تەنها پرسی سەربەخۆیی سیاسیو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکانی دیکە (جگە لەنەمسا!) پەسەند ناکات هەروەها بڕوای وایە کە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو نەتەوە پەیوەندییەکی نامۆدێرنەو پەیوەندی بەرابردوو هەیە، واتا ئەو لەبەرخاتری بۆچوونەکانی (کەسایەتی مافو یاسایی نەتەوەکان) تەنها دەوڵەتەکانی هەتا ئێستا وەکو پاراستنی چوارچێوەو سازمانی یاسایی پەسەند دەکات. لەبەرئەوەی کە دەوڵەت کۆمەڵێك سازمانو ئۆرگانی سیاسیو دەسەڵاتە لەسەر خاکێکی دیاریکراوو نەتەوەش هەمووستانێکی فەرهەنگیو دامەزراوە لەسەر بناغەی کەسایەتی یاسایی، هەربۆیە هەرگیز نەتەوەو دەوڵەت هاوئاهەنگو جووت ناکات. لەبەرئەوەی کە پایەی یەکەمی دەوڵەت خاکەو (پاشان دەسەڵات)و پایەی بڕیاردەریش بۆ نەتەوە هەمووستانێکی فەرهەنگییە، هەربۆیە دەوڵەتو نەتەوە هەرگیز جووت نابنو دەوڵەت لەلای رینەر نابێتە مەرجێکی گرنگی نەتەوەیی بوونو نەتەوەی مۆدێرن. ئەم هەڵوێستە وادەکات کە بنەمای سەرەکی نەتەوە لەلای رینەر (زۆربەی مارکسیەکان) بکەوێتە بەر رەخنەو ئەمەش زۆر بەڕوونیو ئاشکرا بەیان دەکات: ((نەتەوەکان لەبەرئەوەی کە بڕیارێکی گشتین بۆ کەسایەتی مافو یاسایی، نەك وەکو کۆمەڵێکی پشت بەستوو بەوڵاتو خاك، هەربۆیە دەبێت نەتەوەکان وەکو نەژادو میللەت (القوم) ساز بدرێن، نەك وەکو دەسەڵاتو دەوڵەت))(٢٤).

ئەوەی کە رینەر بەدەستێك دەیدا بەنەتەوەکان (واتە کەسایەتی مافو یاساییو هەڵبژاردنی ئازادی هەمووستانی فەرهەنگی) بەڵام بەدەستەکەی دیکە لێیان وەردەگرێتەوە. چونکە لەسەردەمێکدا کە سەردەمی مۆدێرنیتی سیاسییەو دەوڵەتی

نەتەوەیی دەبێتە گرنگترین کارەکتەری بڕیاردەری نەتەوایەتی، بەڵام رینەر ئەمە بەڕەواو پێویست نابینێ‌و دەوڵەت دەکاتە شتێکی نامۆ لەنەتەوەو بەجۆرە نەتەوە تەنها لەڕابردووی پێش مۆدێرنیتیدا دەهێڵێتەوە.

خاڵێکی دیکەی سەرسام لەدیدگای کارل رینەردا ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەمیش وەکو فیختەو هێردەرو ناسیۆنالیستەکانی ئەڵمانی سەرەتای سەدەی نۆزدە رەوشی فەرهەنگی لەدەوڵەتی نەتەوەیی گرنگتر دەزانێ، بەڵام جیاوازی بنەڕەتییان لەوەدایە کە فیختەو هێردەر پێیان وایە کە نەتەوەی فەرهەنگی‌و نەژادی دەتوانێ دەوڵەت‌و زیاتر لەدەوڵەتێك بەخۆوە بگرێت‌و ئەمان بەتەواوی دیدگایەکی پان جەرمانستیان بۆ نەتەوە هەیە. لەکاتێکدا رینەر بڕوای وایە دەوڵەت (واتە ئیمپراتۆری) چەندین نەتەوە لەخۆیدا کۆ دەکاتەوەو لەخزمەتیاندایە. هەڵوێستی نەژادی‌و فەرهەنگی فیختە بۆ نەتەوە ناکۆکە لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی، بەڵام هەڵوێستی رینەر بەرامبەر بەخودی دەوڵەت (پێویست نەبوونی دەوڵەتی مۆدێرن‌و نەتەوەیی) هەڵوێستێکی ناسیاسی‌و نامۆدێرنە. تەنانەت ئەو کاتەی کە لەسەر ئاستی جیهانی بزاڤی کرێکاری‌و سۆسیالیستی پێویستی بەسازمان‌و ئۆرگانی جیهانی هەیە، دیسان ئەمە لەحاڵەتی (نێو نەتەوایەتی) دادەنێت، نەك لەڕەوشی (نێودەوڵەتی)!

ئۆتۆباوێر دەربارەی پەیوەندی نێوان نەتەوەو مۆدێرنیتی سیاسی هەڵوێستی ئاشکراتری لەناکۆکی لەبەرامبەر مۆدێرنیتیدا هەیە. هەرچەندە پێناسەی ئەو بۆ نەتەوە لەسەر بنەمای سروشتی، بابەتی یان فەرهەنگی نییە، و هەرچەندە نەتەوە لەلای ئەو (هاوبەشی سروشتی) یان (هەمووستانێکی فەرهەنگی) نییەو ئەوەی کە بڕیاری سەرەکی بۆ نەتەوە دەدات (بەشداریە لەچارەنووس)دا، بەڵام دیسان هەڵوێستی ئەو نامۆدێرن‌و ناسیاسییە. باوێر بڕوای وایە کە (نەتەوە هەمان ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە لەڕێوانی بەشداری لەچارەنووسدا، بەشێوەی هاوبەشی لەتایبەتمەندییەکاندا پەیوەندارن بەیەکترەوە)و ئەم بەشدارییەش لەچارەنووسدا، وەکو توخمی سەرەکی نەتەوەیی بوون،





لەدوو هۆکارەوە پەیدا دەبێت: یەکەمیان میراتی سروشتی‌و هەڵکەوتنی سیماو لەشی مرۆڤەکان‌و دووەم گواستنەوەی سەروەتی فەرهەنگی‌و بەتایبەتیش زمان کە دەبێتە ئامرازی پەروەردەو فێربوون‌و هەر پەیوەندییەکی دیکە. لەم دیدگایەوە، نەتەوە بریتیە لەو بەشدارییەی چارەنووس کە لەسەر بنەمای سروشتی‌و هاوبەشی فەرهەنگی دادەمەزرێ‌و لەڕاستیدا ئەو بڕیارەی چارەنووس هەردوکیان گەرەنتی دەکات.

هەر لەم روانگەیەوە باوێر پەیوەندی نێوان دەوڵەت‌و نەتەوە بەلاوازی رۆشن دەکات‌و لەم زەمینەیەشدا لەسەرەتاوە بنەمای بابەتی نەتەوەکان دەخاتەوە کەنارەوە. بوونی بابەتی‌و هەتا ئێستای نەتەوەکان وادەکات کە دەوڵەت دروست بکات‌و هەر بەو هۆیەشەوە نەتەوە بەخواست‌و ئیرادەی ژیان لەسیستەمێکی سیاسی هاوبەش‌و سەربەخۆ سەرلەنوێ شێوە ساز دەبێتەوەو هەتا بێت لەگەڵ دەوڵەتدا جووت‌و هاوناسنامە دەبێت‌و سەرئەنجام دەوڵەتی ـ نەتەوەو نەتەوە دەبنە یەك. بەڵام باوێر بڕوای وایە کە هەڵوێستی ئەو لەو دیدگا سەرەکیەی ناسیۆنالیزم‌و دەوڵەت فراوانترەو ئەو دیدگایەکی هەیە بۆ تاك‌و بۆ لایەنی دەروونناسی‌و بڕیاری خودی تاکەکان‌و نەتەوە دەبەستێتەوە بە (هاوبەشی لەچارەنووس)و بەشداری تاك لەو تایبەتمەندییانەی نەتەوە. بڕوای باوێر سەبارەت بەپەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەت بەدوو شێوە دەبێت: یەکەم شێوە لەسەر ئەو بنەمایە پەیدا دەبێت کە نەتەوە بوونێکی ماف‌و یاساییەو تاکەکان ئازادن لەو هەڵبژاردنەشدا، ئەم شێوەیە بەرۆشنی هەمان دیدگای کارل رینەرە. نەتەوە یان چەند نەتەوەیەك لەدوای بڕیاردان لەچارەنووسی هاوبەشدا دەتوانن لەدەوڵەتدا لایەنی ماف‌و یاساییان هەبێت‌و لەم زەمینەیەدا بڕیاری ئازاد بدەن. دەوڵەتیش لەکاروباری ئابووری‌و سیاسی هاوبەشدا خاوەن دەسەڵات‌و هەڵبژاردنەو بەرپرسە لەبەرژەوەندی هاوبەشی ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان دروست کردووە. شێوەی دووەمی پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەوڵەت لەلای ئۆتۆباوێر بەتەواوی پێچەوانەی یەکەمەو، نەتەوە بوونێکی ماف‌و یاسایی سەربەخۆی نییەو پێویست ناکات سازمانی تایبەتی خۆی هەبێت‌و بەم شێوەیە دەیخاتە ناکۆك‌و دژ

لەبەرامبەر دەوڵەت. ئەم دوو دیدگا ناکۆکەش بەم شێوەیە بەیان دەکات کە ((بۆ پەیدابوونی نەتەوە وەکو بوونێکی ماف‌و یاسایی دوو شێوە هەیە: یا بنەمای سەرزەمین (لەسەر ئەم بنەمایە نەتەوە پەیکەر بەندێکی سروشتی‌و خاکییە) یا لەسەر بناغەی کەسایەتی ماف‌و یاسایی (لەم روانگەیەوە نەتەوە ئەو کەسانەن کە نەتەوەبوونی خۆیان رادەگەیەنن) بەڵام بنەمای دووەم گرنگ‌و کاریگەرە نەك یەکەم))[٢٥].

هەڵوێستی ئۆتۆباوێر لەناوخۆیدا دوو بۆچوون‌و مەیلی هەڵگرتووەو ئەم دوو روانگەیە دەبنە ئاستەنگی سەرەکی بیرکردنەوەی ئەو، ئاستەنگی یەکەم ئەوەیە هەرچەندە باوێر گرنگی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکان بەپێویست نازانێ‌و بەتایبەتیش ئەو نەتەوانەی کە لەناو قەڵەمڕەوی نەمسا ـ مەجەردا پاشکۆو دیل کراون. بەڵام بەدیدگای خۆی بۆ مانەوەی دەوڵەتی نەمسا ـ هەنگاریا جۆرێك لەدیدی ناسیۆنالیستی تەسك بینا دەکات. ئاستەنگی دووەم لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە باوێر وەکو رینەرو تەواوی سۆسیالیستەکانی دیکەی ئەو کاتە (بەتایبەتی نەمساییەکان) روانگەی یەکێتی‌و هاوپشتی چینی کرێکاری دەکاتە هەڵوێست بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هەرلێرەشەوە نایەوێ دەوڵەتی چەند نەتەوەیی نەمسا ـ هەنگاریا هەڵوەشێتەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەکانی دیکە، چونکە ئەم زەمینەی پێکەوەبوونە هێزی چینی کرێکار زیاتر دەکات. هەردوو ئاستەنگەکەی بیری باوێر (ئاستەنگی ناسیۆنالیستی نەمسایی‌و ئاستەنگی مارکسیزم‌و بزاڤی سۆسیالیستی) وا دەکات کە لەبەرامبەر بیری نەتەوەی مۆدێرن‌و دەوڵەتی نەتەوەیی هەڵوێستی ناتەبای هەبێت‌و بەردەوام بێت بەدیدگای مانەوەو پاراستنی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگ‌و وابەستەیی‌و کۆیلایەتی نەتەوەکانی دیکەو بەهرەمەند نەبوونیان لەمۆدێرنیتەی سیاسی‌و دەوڵەتی ـ نەتەوە.

## ٤. نەتەوەی سیاسی‌و هێنانەدی مۆدێرنیتی





نەتەوەی سیاسی، بەپێچەوانەی نەتەوەی نەژادی ـ فەرهەنگی کە بونیادەکەی لەسەر توخمەکانی بابەتی (سروشتی یا فەرهەنگی) دامەزراوە، لەسەر پەیمان‌و ئیرادەی سیاسی یان لانیکەم پەسەندکردنی گشتی‌و هەمەکی دەسەڵات‌و بونیادی سیاسی مۆدێرن دامەزراوە. نەتەوەی سیاسی فراوانتر دەڕوات لەپێکهاتە بابەتیەکانی (نەژاد، زمان، خاك یان فەرهەنگ)و دیدگای خودی ئێستای نەتەوەو رابەرانی سیاسی‌و فکری دەکاتە پێوەر بۆ پەڕاندنەوەی نەتەوە لەدەرباری سروشت، فەرهەنگ‌و بابەتی بوون بەرەو کەناری ئارامگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵگای مەدەنی‌و ماف‌و ئازادی‌و هەڵبژاردنەکانی تاك. ئەگەرچی ئامانجی مۆدێرنیتەی سیاسی یان دەوڵەتی نەتەوە بۆ چارەسەری پرس‌و کێشەی نەتەوەکانە، یان هەوڵدانە بۆ هێنانەدی ناوەڕۆك‌و مەبەستی ئەو مۆدێرنیتیە لەزەمینەی نەتەوەیدا، واتە (سەروەری‌و سەربەخۆیی) یان (هاوئاهەنگ کردنی زەمینەکانی نەتەوەیی لەگەڵ دەوڵەت‌و دەسەڵاتی سیاسی)، بەڵام بۆ ئەم چارەسەرەش تەنها لایەنی مۆدێرنیتی بەتەنها ئامادە نییە. ئەگەرچی ئەو مۆدێرنیتیە بڕیاری ئایندەو چارەنووسە سەبارەت بەنەتەوایەتی، بەڵکو توخم‌و پێکهاتەی رابردووی نەتەوەش بەشدارن لەو دامەزراندنەدا. بۆ ئەم مەبەستەش دوو رێگای گرنگ‌و کاریگەر لەمێژوودا هەبووە بۆ بەرپاکردنی ئەو مۆدێرنیتیە. یەکەمیان رێگا چارەی شۆڕشی ئەمریکی ١٧٧٦و شۆڕشی فەرەنسییە ١٧٨٩ بۆ هێنانەدی مۆدێرنیتیەی سیاسی‌و چارەسەری کێشەکانی نەتەوایەتی‌و دیموکراسی‌و ئازادی‌و لەم زەمینەیەشدا (بەیاننامەی سەربەخۆیی تاك‌و نیشتمانی)ی ئەمریکاو بەیاننامەی (مافەکانی مرۆڤ‌و هاوولاتی) فەرەنسایە. یان هەروەکو ئالان تۆرین دەڵێت: ((نەتەوە شێوەی سیاسییە بۆ مۆدێرنیتی، نەتەوە بوارێکی گشتی‌و فەرهەنگی پێکدەهێنێ کە تێکەڵ‌و بنیات نراوە لەسەر یاسای پەیدابوو لەپرانسیپەکانی عەقڵ))[٢٦].هەردوو بەیاننامەی سەربەخۆیی نیشتمان‌و مافەکانی مرۆڤ دیدگاو هەڵوێستی عەقلانیە بۆ چارەسەری نەتەوایەتی‌و هێنانەدی مۆدێرنیتی سیاسی.

ڕێگـای دووەم، دامەزرانـدنو یـەكگرتنی دەوڵـەتی نەتەوەیـە لەئـەڵمانیاو ئیتالیـاو نەتەوایـەتی دەبێتـە زەمینـەو فەرهـەنگی گـشتیو ناسـنامەی دەوڵـەت، ئەگەرچـی ئـەم دیدگاو ڕێگا چارەیەش بەشـێكە لـەمۆدێرنیتی سیاسـی (دەوڵـەتی ـ نەتـەوە)و سیاسـی كردنی نەتەوەیـە، بـەڵام تـوخمو پێكهاتـەكانی ڕابـردوو (نـەژاد، زمـان، فەرهـەنگ) زۆر بەهێزەوە لەم مۆدێرنیتییەدا ئامادەیە. ئەم چارەسەرە بەتەنها مەرجی دەوڵەتی نەتـەوە بـۆ هێنانـەدی مـۆدێرنیتی دەبینێـت، لەكاتێكـدا چارەسـەری یەكـەم دەوڵـەتی هـاووڵاتیو سكولارو فەرهەنگو ناسنامەی مافـەكانی مـرۆڤ دەكاتـە بـەردی بناغـە بـۆ هێنانـەدی مۆدێرنیتی سیاسی، كە بێگومـان چارەسەری پرسەكانی نەتەوایەتیش بەشـێك دەبـن لـەم عەقلانیەتەی مۆدێرنیتی.

مـۆدێرنیتی سیاسـیو نەتـەوەی سیاسـی دامەزرانـدنێكی هۆشـەكیو عەقلانیـە كـە بەیارمەتی مافو ئیرادەی ئەندامەكانی دێتەدیو نەتەوەی سیاسی دەبێتە زەمینەیـەك بـۆ ڕێكەوتنو پەیمانی كۆمەلایەتی بۆ دامەزراندنی گشتێكی دڵخـواز یـان هـەروەكو (جـان جاك ڕۆسۆ) دەڵێت بۆ هێنانەدی هارمۆنیەك لەنێوان تاكو بەشە جیاوازەكاندا لـەگشتی دەوڵەتو نیشتمان. هەربۆیە چاكترین شێواز بۆ هاتنەدی ئەم پەیمانو ڕێكەوتنە ئەوەیە كە سەرەتا بنـەماكانی (پـەیمانی كۆمەلایـەتی) ڕۆسـۆ لـەم زەمینەیـەدا شـارەزابینو پاشـان دیدگاو هەڵوێستەكانی دیكەی بیریاران بۆ نەتەوەی سیاسی مۆدێرن بناسین.

## أ ـ كاریگەری ڕۆسۆ (١٧١٢ ـ ١٧٧٨)

تیۆری (پەیمانی كۆمەلایەتی)ی جان جاك ڕۆسۆ دەبێتە ئاسۆی تێگەیشتنی سیاسـی بۆ نەتەوەو بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنسا. ئەگەرچی ڕۆسۆ بەشێوەی تایبەتی دەربارەی نەتەوە وتارو كتێبی نەنووسیوە، بەڵام لـەو كتێبـەدا بەشـێوەیەكی زۆر نەریتی پێناسەی نەتەوە بەوە دەكات بە (كۆبوونەوەی ئـەو تاكانـەی كـە خـاوەنی مێـژوو، فەرهەنگو نەریتی هاوبەشن). پرسی گرنگ لەلای ڕۆسۆ لەوكاتەدا مەسـەلەی كۆمـەڵو





پێكهاتنی كۆمەڵگایە لەسەر بناغەی پەیمانێكی ئیرادەیی كە لەو ڕێوانەدا تاك بەكۆمـەڵ پەیوەست دەبێ. ئەم پەیمانە (پەیكەری مافو گشتییە) كـە بەهۆیـەوە كەسایەتی خـاوەن ڕەهەندو نیهادی گـشتی پەیـدا دەبێـت كـە لەسـەردەمەكاندا شـێوەو بونیـادی جیـاوازی دەسەڵاتو دەوڵەت بەخۆوە دەگرێ. دەوڵەتی شار، دەوڵەتی ئیمپراتـۆری، میرنـشینەكانو سەرئەنجام كۆماری سیاسی ئەو شێوانەن كە پەیكەری حقوقی لەوڵاتەكاندا دەسازێنن.

ئەم پەیمانە لەسەر ویستو خواستی دوو جەمسەر دامـەزراوە یـەكێكیان (دەوڵـەت)و ئەوی دیكەیان (گەل)ە. پەیكەری سیاسی ئەگەر كارو چالاكیەكان پەسـەند بكـات پێـی دەڵـێن (دەوڵـەت)و ئەگـەر بەتـەنها فـەرمان بـدات بـۆ كـارو چالاكیەكان پێـی دەڵـێن (حوكمڕان). كەسانی ناو پەیمانی كۆمـەلایەتی ئەگەر بەشێوەی گشتی سەیربكرێن پێیـان دەڵـێن (گـەل)و ئەگـەر بەتایبـەتیش چـاویان لـێ بكرێـت بـە (هاووڵاتیـان) یـا (فەرمانبەران) بانگ دەكرێن. ڕۆسۆ پـاش لێكۆڵینـەوەی وردی ئـەم وشـانە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی (ئەم زاراوانە لەیەكتردا ئـاوێزانو زۆرجـار بـەجێگای یـەكتر بـەكاردەهێنرێن)و بەتایبەتی زاراوەكانی دەوڵەتو گەلو حوكم ڕەوا لەزەمینەی عەمەلیـدا هـەمان مانایـان هەیە. بەڵام زاراوەی (نەتەوە) بۆ ڕۆشـنكردنەوەی پەیكـەری گشتی پێكهـاتوو لەپـەیمانی كۆمەلایەتی بەكارنایەت، كە نیشاندەری نـەبوونی چـەمكی سیاسییە بـۆ نەتـەوە لـەلای ڕۆسۆ، هەرچەندە واژەی (نەتـەوە) لـەلای ئـەو مانایـەكی هاوتـای هەیـە بـۆ (گـەل) یـان (دەوڵەت).

چەمكو تێگەیشتنی نەژادی ـ فەرهەنگی بۆ نەتەوە لەلای ڕۆسۆ بەكارنایەت، چونكە پێش هەر شتێك خەریكی ڕۆشنكردنەوەی (گەل) یان (دەوڵەت)ە لەسەر بنەمای پەیمانی كۆمەلایەتی كە تاكەكان لەو ڕێگایەدا بۆ هێنانـەدی كۆمـەڵ یـا هەمووسـتانی سیاسـی دەست دەخەنە ناو دەستی یەكەوە. ئەم كۆمـەڵو هەمووسـتانە سیاسـییە پەیوەنـدار نییـە بـەتوخمو پێكهاتـەی سروشـتیو بابـەتی یـان فەرهـەنگی، بـەڵكو بەشـێكە لەپـەیڕەوی دڵخوازی ئەندامـەكانی. سـەرئەنجام، هەرچـەندە ڕۆسـۆ ئاشـنا نییـە بەچـەمكی سیاسـی

نەتەوە، بەڵام ڕێگاو ئامرازی فکری زۆر پێویستی بۆ سازکردنی ئەم دیدگایە فەراهەم کردووە. لەم بارەوە دیدگای ڕۆسۆ دەربارەی گەل دەبێتە زاراوەی (نەتەوە)[27].

**ب ـ ئیمانوێل جۆزیف سی یس: داهێنەری چەمکی سیاسی نەتەوە**

ئیمانوێل جوزیف سی یس (١٧٤٧ ـ ١٨٣٦) شۆڕشگێڕی فەرەنسی، لەچینی خوارەوەی کۆمەڵگا، لەساڵی ١٧٨٨ نوێنەری ئوسقوف بوو لەشاری شارترە. ١٧٨٨ ـ ١٧٨٩ نووسینی چەند وتارێك دەربارەی نەتەوەی پێکهاتوو لەهاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان لەدژی دەسەڵاتو ئیمتیازە تایبەتیەکانی دوو چینی (پیاوماقوڵانو پیاوانی ئایینی). لەسەر خواستی ئەو نوێنەری چینی سێهەم لە ١٧٨٩دا دامەزراندنی پارلەمانی نەتەوەییان ڕاگەیاند، لەداڕشتنی دەستووری ساڵی ١٧٩١ بەشداربوو، ساڵی ١٧٩٩ ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردنی یەکەمین کۆماری فەرەنسا بوو، هاوکاری لەگەڵ ناپلیۆن، ١٨١٥ ـ ١٨٣٠ لەبروکسل لەتاراوگە بوو[28].

بەبڕوای سی یس نەتەوە ئەو کۆمەڵگایەیە کە لەژێر یاسایەکی هاوبەشدا ژیان دەکاتو تەنیا لەلایەن پارلەمانێکی یاسادانەرەوە نوێنەرایەتی دەکرێ. چینی سێهەم خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە پێی دەوترێ نەتەوەو هەر شتێك کە بەشێك نەبێت لەچینی سێهەم بۆی نییە خۆی بەبەشێك لەنەتەوە بزانێ. کەواتە چینی سێهەم هەموو شتە، نەتەوەیە... بەر لەهەموو شتێك نەتەوە بوونی هەیە، نەتەوە سەرچاوەی هەموو شتەکانە، خواستەکانی هەمیشە یاسایە، نەتەوە خۆی یاساییە، پێش بوونی نەتەوەی سیاسیو هاووڵاتیانی یەکسان تەنیا مافە سروشتیەکان بوونیان هەیە.

بڕواکانی سی یس لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسادا ڕەوتیان گرتو دیدگای نەتەوەی سیاسی بۆ یەکەمین جار لەلای ئەو، و بەهۆی شۆڕشەوە بوونە چەمكو تێگەیشتنی تایبەتی. دیدگای سی یس بۆ وێناکردنی نەتەوەی سیاسی بەجۆرێك فراوان بوو کە تێدەپەڕی لەتوخمو پێکهاتەی بابەتیو نەژادی، بەڵکو ئەو لەپەیمانی کۆمەڵایەتی





(بەپشت بەستن بەڕۆسۆ) نەتەوەی دەسازان. لەلای ئەو نەتەوە (پەیکەرێکی پێکهاتووە لەبەشدارانی) کە لەژێر یاسای گشتیو یەکساندا دەژینو سیستەمی یاسایی دیاریکراو نمایندەیی دەکەن. (ئەم وتارە لەژانویەی ١٧٨٩، واتە شەش مانگ پێش شۆڕشی فەرەنسا چاپکرا)[29]. (موریس بارییە)ی نووسەری (مۆدێرنیتەی سیاسی) کە نووسەرێکی فەرەنسییەو لەساڵی (٢٠٠٠) ئەو کتێبەی نووسیوە، لەو بڕوایەدایە کە ئەم هەڵوێستەی سی یس لەلایەن تیورسازانو لێکۆڵیارانی کۆنو نوێی ناسیۆنالیزم گرنگی پێ نەدراوە، کە بەبڕوای ئەو، سێ تایبەتمەندی دیارو پێویستی هەیە. یەکەم، تێگەیشتن لەنەتەوە وەکو (پەیکەرێك لەبەشداربووان) بەمانای ئەوەی کە نەتەوە لەسەر بنەمای بەشداری یان پەیمانی کۆمەڵایەتی پێکدێتو هەربۆیەش لەناو نەتەوەدا تاکی یەکسان بەبێ هەڵاواردنی نەژادی، زمانی یان ئایینی لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سی یس هەروەکو ڕۆسۆ هەر جۆرێك بەشداری ڕواڵەتیو ساختە ڕەت دەکاتەوەو بەمەترسی دەزانێ بۆ سەر چارەنووسی کۆبوونەوەی سیاسیو یەکسانی نێوان هاووڵاتیان. بڕوای سی یس بۆ مافی یاسایی یەکسان بۆ هەموو تاکەکانی نەتەوە وای لێ دەکات کە هەر کەسێك ئەم بنەمایە پەسەند نەکات، بەشێك نییە لەنەتەوەو هەربۆیەش خانەدانو پیاوانی ئایینی سەر بەئەرستۆکراتی لەناو نەتەوەدا ئەژمار ناکاتو تەنها چینی سێهەم واتە (خەڵك) یان (هاووڵاتیان) بەنەتەوە دادەنێ.

دیدگاو هەڵوێستی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی دەربارەی نەتەوە بەئاشکرا ئەوە دەسەلمێنێ کە بونیادی نەتەوە لەسەر پایەکانی (نەژادی، فەرهەنگی یا دینی) پێك نایەتو سی یس نەتەوە بەپەیمانێکی ئیرادیو پابەندی هۆشەکی دەناسێو وەکو ڕۆسۆ کە چۆن کۆمەڵگا یان دەوڵەت بەپەیکەرێکی سیاسی لەسەر پەیمانی ئەندامەکانی پێکدێت. ئەم مانایەش نەتەوە لەگەڵ دەوڵەت دەبنە کۆمەڵگا یان هەمووستانێکی سیاسی. ئەم خاڵە دووەمین توخمو تایبەتمەندی دیدگای سی یس ئاشکرا دەکات کە ئەویش بوونی (یاسای گشتیو یەکسان)ە. نەتەوەی سیاسی بەهۆی بوونی یاسای گشتیو یەکسان بۆ

هەموو تاکەکان، کە تەنها لەسەر ئاستی تاکێتیو هاوولاتی نەك لەسەر ئاستی زمان، نەژاد یان ئایین، مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا دەکات دەبێتە چوارچێوەیەکی سیاسیو یاسایی وەها کە تیایدا هەمووان لەڕێگای ئەركو مافەکانەوە بەشێك بن لەکۆمەڵگا، نەتەوەو دەوڵەت. ئەمەش ڕێگا چارەیەکی کاریگەرترو گشتی ترە بۆ ڕەخساندنی هەموستانی هاوچەرخو نوێ.

بەڵام روانگەی سێهەمی سی یس واتە نوێنەرایەتی بەشداربووان لە (سیستمێکی یاسامەندی گشتی) دەبێتە هۆکارێك بۆ جیابوونەوەی ئەو لەڕۆسۆ، چونکە ڕۆسۆ بەئاشکرا بڕوای نمایندەیی پەسەند نەدەکردو دەیووت یاسا دەبێت ڕاستەوخۆ بەدەستی گەل بگات، چونکە خەڵك ناتوانێ دەسەلاتی یاساگوزاری خۆی بخاتە دەستی هیچ کەسانی دیکەوە. بەپێچەوانەی ڕۆسۆ، سی یس لەڕوانگەی واقع بینی، لەو باوەڕەدایە کە بەشداربووانی هەموستانی سیاسی ناتوانن خۆیان دەستیان بگاتە سیستەمی یاساییو کارایی یاساو نیازیان بەکەسانی دیکە هەیە کە لەو سیستەمەدا، واتە لەپەرلەمانو حکومەت، نوێنەرایەتییان بکات. تایبەتمەندی سێهەمی روانگەی سیاسی سی یس بۆ نەتەوە دەبێتە زەمینەیەك بۆ پەیدابوونو کاریگەری کۆمەڵگای مەدەنیو جیابوونەوەی لەدەوڵەت. لەدیموکراسی ڕاستەوخۆدا کە تایبەتمەندی دەوڵەتی شاری دێرینو دەوڵەتی نموونەی ڕۆسۆیە، خەڵكو دەوڵەت تیایدا هەریەکن، بەڵام لەدیموکراسی ناڕاستەوخۆ، یان دیموکراسی نوێنەرایەتیو پارلەمانی کە سیەیس زۆر بەتوندی لایەنگری لێدەکاتو لەڕێگای سیستەمی نوێنەرایەتی زەمینەی جیابوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنیو مافو ئازادیو داواکاریەکانی خەڵك لەبەرامبەر دەوڵەتدا لەڕێگای نوێنەرانەوە، دەبێتە یەکێك لەهۆکارو تایبەتیەکانی مۆدێرنیتیەی سیاسیو هەربۆیەش روانگەکانی سی یس بۆ نەتەوەو دەوڵەت هەم نیشانەو هەم ئەنجامن بۆ مۆدێرنیتی سیاسی.

تێگەیشتنی سیاسی بۆ نەتەوە ڕێگا بۆ مۆدێرنیتی سیاسی دەکاتەوە چونکە نەتەوە لەگەڵ هەموستانی هاوولاتیانو لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن بەیەك یەکسان دەکات. لەم





زەمینەیەدا نەتەوە دەوڵەت بەدوو مانا پێکدەهێنێ: لەلایەك دەوڵەتی مۆدێرن پەیدا دەکاتو لەلایەکی دیکەش جووتو هاوئاهەنگ دەبن. نەتەوەی سیاسی لەگەڵ هاوولاتی بەمانای پەیوەندار بوون بەو هەموستانە سیاسیو یاساییە، نەك بەمانای تۆخمو پێکهاتەکانی رابردووی نەژاد، فەرهەنگو ئایین. دەبێت ئەو خاڵە فەرامۆش نەکەین کە ئەگەرچی پێکهاتەکانی کە ناومان بردن لەناو نەتەوەی سیاسیو هاوولاتیدا دەخرێنە کەنارەوە، بەڵام لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا جێگاو ڕێگاو تایبەتمەندییان لەبەرچاو دەگیرێتو دەتوانن ئازادانە گەشە بکەن، بەڵام تواناو کارایی سیاسییان نامێنێ. نەتەوەی سیاسی بەجیاکردنەوەی دەوڵەتو کۆمەڵگای مەدەنی بەڕاستی هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیدابوونی مۆدێرنیتی سیاسی.

## جۆزپە ماتزینی، ناسیۆنالیزمی جیهان دۆست

جۆزپە ماتزینی (١٨٠٥ ـ ١٨٧٢) فەیلەسوفی سیاسی، شۆڕشگێڕی کۆماری خوازی ئیتالیاو پێشڕەوترین بونیادنەرانی ڕێکخراوی نهێنی (ئیتالیای لاو) لەساڵی ١٨٣٢ کە ئامانجیان یەکێتی خاکی ئیتالیاو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. ماتزینی کە باس دەکرێت بەڕۆژنامەوان، شۆڕشگێڕی پەیگیرو سیاسەتمەدار ناودەبرێت، ئەو سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بەسەختی لەهەردوو بواری بیریاریو سیاسەتدا تێکۆشەری ڕێگای دەوڵەتی سیاسی نەتەوەو یەکێتی خاکی ئیتالیا بوو، بەڵام لەوەش زیاتر لایەنگری ئازادیو دیموکراسیو ئاشتیو پێکەوە ژیانی نەتەوەکان بوو[٣٠].

ماتزینی لەسەردەمی دوای نائومێدیو شکستی ناپلیۆن لەلایەن کۆنەپەرستانی ئەورووپاوە،و کاتێك ئەورووپا لەنێوان ئەو هێزانەدا لەئاشتیو ئارامیدا بوو، ئەو بەو ئارامیەی دەووت (ئارامی گۆڕستان) کە لەپەیمانی پیرۆزی مترنیخ (ڕاوێژکاری ئیمپراتۆریای نەمسا ـ هەنگاریا)، تالیرانو سیزاری روسیا ئەلیکساندەر بۆ سەرلەنوێ دابەش کردنی ئەورووپاو دەست نیشانکردنی حکومەتەکانی ئوتۆکراتیو میرنشینەکانی

وابەستە بەخۆیان دەسەڵاتی رەهایان بەسەر ئەوروپادا هەبوو. یەکێك لەو وڵاتانەی دابەشو داگیرکرابوو، ئیتالیای نیشتمانی ماتزینی بوو. ئیتالیا بۆ کۆمەڵێك میرنشینی وابەستە دابەشکرابوو، کە هەریەکەیان لەلایەن میرێك لەخانەوادەی هابسبۆرگو پادشایانی حوکم دەکرا. بەڵام ئیتالیا لەهەوڵی گەڕانەوەی یەکێتیو سەربەخۆیی وڵاتدا بوون، و ماتزینی یەکێك لەو کەسە پێشڕەوانە بوو کە لەسەر ئاستی تیۆریو پراکتیك لەپێناوی رزگاریو سەربەخۆیی ئیتالیا تێکۆشانی دەست پێکرد.

ماتزینی خەباتکارێکی پەیگیرو مرۆڤێکی خۆنەویستو رووناکبیرێکی بەدەربەست بوو بۆ بیروباوەڕەکانی سەروەریو سەربەخۆیی ئیتالیا، دامەزراندنی کۆمارێکی یەکگرتووی دیموکرات، گرتنەبەرو پەرەپێدانی ئازادیو یەکسانی بۆ هەمووانو سەرئەنجام هەرچەندە ئەو زۆر باوەڕی بەخوا بوو، بەڵام یەکێك بوو لەڕەخنەگرانی دەسەڵاتی دینو پیاوانی ئایینی. ئەو لەبەر ئەم بیروباوەڕانە زۆرجار زیندانی کراوەو گەلێك جاریش دوورخراوەتەوەو لەئیتالیا دەرکراوە بۆ مەنفاکانی فەرەنسا، سویسراو بەریتانیا. ئەو لەتەمەنێکی زۆر لاویداو لەسەردەمی زانکۆوە دەستی کرد بەخەباتی نهێنی لەدژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای هابسبۆرگو لەپێناوی رزگاریو ئازادی وڵاتو خەڵکی ئیتالیا، و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ تێکۆشەری مەزنو رابەری شۆڕشو یەکگرتنەوەی ئیتالیا جۆزپە گاریبالدی (١٨٠٧ ـ ١٨٨٢) بزوتنەوەی (ئیتالیای لاو)یان دروست کرد کە ئامانجی ئەو بزاڤە سەربەخۆییو دەوڵەتی نەتەوەییو مۆدێرنو کۆماری ئیتالیا، یەکێتی خاكو نەتەوەو دامەزراندنی ئەوروپای ئاشتیو یەکێتی پێکهاتوو لەوڵاتانی ئازادو یەکسان[٣١] بوو.

یەکێك لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی رێبازو بیروباوەڕی ماتزینیو رێکخراوی (ئیتالیای لاو) خەباتی بێ چەكو توندوتیژی بوو، بۆ ئەم مەبەستەش خودی ماتزینی دەڵێ: ((شۆڕش کاری پرانسیپو بیروباوەڕە، نەك کاری چەكو سەرەنێزە... لەوانەیە هەندێك جار هێزی وەحشیو کوێر سەرکەونو خەڵکیش وەدوویان بکەوێت، بەڵام پیرۆزی





ئەوان هەمیشە بەدیکتاتۆریو چەوسانەوە ئەنجامی دەبێت)).[٣٢] ئەگەرچی دیدگاو ئامانجی ماتزینیو ئیتالیای لاو زۆر گرنگو هەروەها لەو سەردەمەشدا زۆر پێشڕەوو مرۆڤ دۆستانە بوو، بەڵام ماتزینی لەوەش فراوانتر دەڕواو لەلای ئەو ئازادیو یەکسانی نێوان وڵاتو مرۆڤەکان لەئیتالیاو دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتالیاش گرنگترە. هەرچەندە سەروەری، سەربەخۆییو یەکێتی ئیتالیا ئامانجی بەرزی نەتەوەیی ماتزینییە، بەڵام ئەو ئامانجەی بەزۆرداریو لەلایەن دیکتاتۆرییەوە ناهەوێ، دەوڵەتو سەربەخۆیی نەتەوەیی لەلای ئەو تەنها هۆکارێکە بۆ ئازادی، دیموکراسیو ئاشتی. لەمەشدا لەوتە گرنگەکەی رۆسۆ نزیك دەبێتەوە کە دەڵێت نەتەوەیی بوونو هاوولاتی تەنها سەرەتای هەنگاوەکانە بۆ نزیك بوونەوە لەئازادی.

دیدگای ناسیۆنالیستی ماتزینی کە ئامانجێکی جیهانی ئازادو یەکسانی هەیە، نموونەیەکی درەخشانە لەمۆدێرنیتەی سیاسیو بەتایبەتیش لەو رەهەندەوە کە مەسەلەی ئازادی، رەت کردنەوەی توندو تیژیو دەسەڵاتی چەوسێنەر، مافی ئازادو یەکسانی تاکەکان، یەکێتیو یەکبوونی جیهانی لەنەتەوە ئازادو سەربەخۆکان دەبنە دیدگاو هەنگاوە بەهێزو کاریگەرەکان بۆ دامەزراندنی نەتەوەی مۆدێرنو مۆدێرنیتی سیاسیو پێشکەوتووخوازو مرۆڤ دۆست. هەر لەم روانگەیەوە ویلیام لویدگاریسن دەنووسێ: ((رۆحی ئەو لەوپەڕی شکۆدایە، عیشقی ئەو بۆ ئازادی سنوورەکانی نەژاد، وڵاتو خۆپەرستی نەتەوەیی بەزاندووە. تەنها گەردێك لەکورت بینی سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی لەبیروباوەڕی ئەودا نییە، ئەگەر خۆشەویستی نیشتمان ئاگرێکە مۆخی ئێسقانی دەسووتێنێ، بەڵام بەکەم سەیرکردنو رق لەنەتەوەکانی دیکە لەلای ئەو پەستیو بێزارییە)). سەرئەنجام دیدگاکانی ماتزینی پشتیوانی تەواوە لەگۆڕانکاریەکانی مۆدێرنیتی سیاسیو ریفۆرمی دیموکراتیك کە بەپشتیوانی راستەقینەی بەشداری هەموو تاكو چینەکان بەدی دێت.

### د ـ ئەرنست رینان: نەتەوەی سیاسی بەهۆی ویستو دەنگدانی خەڵك

ئێرنست ژۆزیف رینان (١٨٢٣ ـ ١٨٩٢) فەیلەسوف، سیاسەتمەدار، زمانناسو مێژوونووسو مامۆستای ئیلاهیاتو دێرینەناس. ساڵی ١٨٦٢ پرۆفیسۆری زانکۆ، لەساڵی ١٧٨٧ ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا. بەناوبانگترین نووسینی ئەو دەربارەی نەتەوایەتی سیمیناره گرنگەکەی بوو لەزانکۆی سۆربۆن بەناونیشانی (نەتەوە چییە؟) رینان لەم وتارەدا پرسی زۆر گرنگی دەربارەی دەسەڵاتو رەوایی نەتەوە رۆشن کردەوە، کە بۆ لێکۆڵیارانو تیۆرسازانی ناسیۆنالیزم لەسەدەی بیستەمیشدا گرنگی بەرچاوی هەبوو. تا ئێستا لەو دیدگاو رەخنانەی کە بەرامبەر نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوایەتی دەبنەوە، بیروباوەڕی رینان لەم بارەوە جێگای باسو لێکۆڵینەوەیە[٣٣]، لەبەرئەوەی کە دیدگای رینان سەبارەت بەپرسی نەتەوەو نەتەوایەتی، نەتەوەی سیاسیو دەوڵەتی مۆدێرن، ویستو ئیرادەی رۆژانەو بەردەوامی خەڵك بۆ پابەندبوون بەنەتەوایەتیو سەرئەنجام پەیوەندی نێوان نەتەوەی فەرهەنگی ـ مێژوویيو مۆدێرنیتی نەتەوەیی دیدگاو ئاسۆی زۆریان لەبارەوە کراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە ئەو لایەنانەو هەڵوێستی لێکۆڵیارانو تیۆرسازانی دوای خۆی یەك لەدوای یەك باسبکەم:

((نەتەوە رۆحە، بنەمایەکی مەعنەوییە. نەتەوە دوو پێکهێنەرە کە لەڕاستیدا هەر یەکن، ئەم رۆحو بنەمایە دروست دەکەن. یەکێکیان پەیوەندی بەڕابردووەوە هەیە، ئەوی تریشیان پەیوەستە بەئێستاو ئایندەوە. یەکێکیان خاوەندارێتی هاوبەشی میراتێکی پڕ لەبیرەوەرییە، ئەوی تریان سازدانی ئێستا، ئاواتی پێکەوە ژیان، خواستێکە بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەو میراتە. ئەو میراتەی کە هەمووان بەگشتیو دابەشنەکراو وەریان گرتووە... کەواتە نەتەوە کۆمەڵێکی گەورەی بەهرەمەندە لەهاوپشتی، کۆمەڵێك کە بەرهەمی ئەو قوربانیانەیە کە لەڕابردوودا لەپێناویدا گیانیان بەخشیوەو ئامادەی گیانبازین. مەرجەکەی بوونی رابردوویەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەئێستاشدا خۆی لەڕەوشێکی واقعیو ئاشکرادا دۆزیوەتەوە. ئەم راستییە، رەزامەندیو رێکەوتن،





خۆزگەیەکی وتراوە بۆ درێژەی ژیانی هاوبەش. بوونی نەتەوەیەك لەڕاپرسی رۆژانەدا بەرجەستە دەبێت)) (دۆرۆتیا وایدینگەر، چەمکی نەتەوە).

((نەتەوەکان هەتا هەتایی نین، ئەوان جارێك سەریان هەڵداوەو جارێکیش کۆتاییان پێدێت. ئەگەری زۆر هەیە کۆنفیدراسیۆنی ئەوروپا جێگایان بگرێتەوە، بەڵام ئەمە لەیاسای سەدەی ئێمە نییە ـ مەبەستی سەدەی نۆزدەیە ـ ئێستا واباشترە ئەو نەتەوانە بوونی خۆیان بپارێزن، تەنانەت بوونیشیان پێویستە. بوونی ئەوان دەستەبەری ئازادییە (وەکو رۆسۆ). ئەم ئازادییە لەناو دەچوو، ئەگەر لەجیهاندا تەنها یەك یاساو یەك فەرمانڕەوا هەبووایە...

((مرۆڤ نەکۆیلەی نەژادەکەیەتی، نەکۆیلەی زمانو دینو رووبارو زنجیرە شاخەکان، کۆبوونەوەیەکی گەورەی مرۆڤە خاوەن هەستو عەقڵ، جۆرێك هۆشیاریو بەڵێنی ئەخلاقی پێکدێنێ کە پێی دەوترێ نەتەوە. بەهەر رادەیەك ئەم بەڵێنو هۆشیارییە ئەخلاقیە بەهۆی خۆفیداکردنی کەسەکانەوە بۆ کۆمەڵگا بسەلمێنرێ، ئەو نەتەوە مافی مانەوەو ژیان دەستەبەر دەکات)). (دۆرۆتیا وایدینگەر، چەمکی نەتەوەو سەرهەڵدانو گەشەکردنی لەسەدەی ١٨ تا سەدەی ٢٠).

فەرامۆشیو تەنانەت هەڵەی مێژوویی رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لەکاتی پێکهاتنی نەتەوەدا. هەربۆیە گەشەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان زۆرجار بۆ نەتەوەکان مەترسیدارە. پشکنینە مێژووییەکان، بەکردەوە ئەو رووداوە پڕ لەتوندوتیژیانە دەخاتە روو کە لەکاتی پێکهاتنی بونیادە سیاسیەکاندا (تەنانەت ئەو پێکهاتە سیاسیانەش کە دەرەنجامی باشیان هەبووە) روویداوە. یەکگرتن هەمیشە بەشێوەی بێڕەحمانە سەردەگرێ. یەکگرتنی باکورو باشووری فەرەنسا بەرهەمی نزیك بەسەدەیەك شەڕی وێرانکەرو تیرۆر بووە.

((نەتەوەی مۆدێرن بەرهەمی مێژوویی زنجیرەیەك لەڕاستیەکانە کە لەئاراستەیەکدا دەڕۆن. هەر لەدرێژەی ئەم ڕەوتەدا بوو کە لەبەشێکی ئەوروپا، یەکگرتن بوو بەڕاستیەك. لەفەرەنسا بەدەسەڵاتێکی پاشایەتی، لەهۆڵاندو سویسراو بەلژیك لەسەر خواستی

پارێزگاکانو ناوچەکان، لەئیتالیاو ئاڵمان بەهۆی بیروبۆچوونی گشتیو زاڵ دەربارەی پێویستی یەکگرتن... (دۆرۆتیا وایدینگەر، چەمکی نەتەوە....).

لەشەڕی ساڵی ١٧٨١ی نێوان فەرەنساو حکومەتی پرۆسیا، هەردوو ناوچەی ئەلزاسو لۆرین لەلایەن ئەڵمانەوە داگیر دەکرێ. ئەم دوو هەرێمە فەرەنسییە لەساڵی ١٦٤١و بەپێی پەیمانی (ویستفالیا) دەدرێ بەفەرەنسا. ئەوەی کە ئەم دوو هەرێمەی کردە بەشێك لەفەرەنسا تەنیا مێژوو نەبوو، بەڵکو خواستی ئەوان بوو کە لەدوای شۆڕشی ١٧٨٩ زیاتر ببنە بەشێك لەفەرەنسا، واتە ویستو خواستی خەڵکی ئەلزاسو لۆرین بۆئەوەی فەرەنسی بن، لەکاتێکدا زمانەکەیان زیاتر لەئەڵمانی نزیکترە یا فەرەنسی. رینان لەوتاری ناوبراودا دەربارەی ماهیەتی نەتەوە، کە لەدوای یازدە ساڵ لەو رووداوە، هەندێ پرسی گرنگ دەخاتە روو ((کە زیاتر پابەند دەبێت بەبەهاو بیروباوەڕەکانی سەردەمی رۆشنگەریو پێشخستنی ئیرادەو ئازادی، بەبێ ئەوەی خیانەت لەنەتەوەکەی بکات لەسەردەمێکی هەستیارو پڕ ئازاردا. رینان ئەو رێگایە هەڵدەبژێرێ کە دڵنیای دەکاتەوە بۆ نەتەوەیی بوونو ناسنامەی تاكو مرۆڤ لەڕوانگەی ئیرادەی ئازادی خۆیانەوە. لەم روانگەیەوە، تاك دەتوانێ نەتەوەییو مرۆڤ پەروەریش بێت: پەیوەستی نەتەوەیی بەڵگەیە بۆ سەرکەوتنی ئیرادە - هەر لێرەشەوە سەرکەوتنی یەکێتیو ناسنامەی مرۆڤایەتی - بەسەر رێگرەکاندا. لەڕوانگەی رینانەوە دەکرێ چەمکی نەتەوە بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: لەڕوانگەی رەزامەندی من، و لەئارەزووی کە بەئاشکرا بەشێکە لەژیانی هاوبەش. بوونی نەتەوە دەنگدانی رۆژانەو گشتییە))[٣٤]. ئەم بۆچوونەی رینان بەبەردەوامی پابەندی ئەو نیشان دەدا بەڕابەرانو ئایدیۆلۆجیستەکانی شۆڕشی فەرەنساو بەتایبەتیش زۆر نزیکە لەبڕواکەی سی یس کە دەڵێ: نەتەوە کۆمەڵێکی رەواییە، واتە خاوەن خواستو ئازادییە، رەوایش بەبێ پیادەکردنی ئازادانەی خواستو ئیرادە بەدی نایەت. دیدگای رینان لەڕوانگەی رەوایی، ئازادی خواستو پەیوەست بوونو دەنگدانی هەموو رۆژەی خەڵك بۆ نەتەوە، ئاستێکی دیکە بۆ رەوایی نەتەوەی مۆدێرنو بەرئەنجامی





سیاسی نەتەوە کە دەوڵەتە زیاد دەکاتو مۆدێرنیتی سیاسی لەیاسا، حکومەتو دەوڵەت فراوانتر دەکات بۆ بەشداری ئازادانەی تاكو خەڵك.

((رینان لەنێوان نەتەوەو نەژادا، جیاوازییەکی زۆر دەبینێو ئەو لایەنگری لەیەکەمیان دەکاتو بڕوای وایە کە نەتەوە لەسەر بناغەی نەژاد دانامەزرێ (هێشتا دەوڵەتو نەتەوەی فرەنەژاد هەن)، بەڵام رایدەگەیەنێ کە نەتەوە بنەمایەکی رۆحییە)) ئەم بڕوا رۆحیەش لەلای رینان هەرهەمان ویستی ئازادی کەسەکانە، و رەزامەندییانە بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکدا)) (تۆدۆرۆف، ئێمەو ئەوان ١٩٩٨، ل. ٢٥٣).

((پێویستە لەسەر تاك کە بتوانێ ئازادانە وڵاتی خۆی هەڵبژێرێ، نەك ئەمە بەتەنها، بەڵکو خودی نەتەوەش جگە لەم بڕیارە ئازادە شتێکی دیکە نییە، کە ئەویش لەمافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردانی چارەنووس پەیدا دەبێ. لەلای رینان مافی بڕیاردانی چارەنووس لەمافی تاك بۆ ئازادی هەڵبژاردن پەیدا دەبێ)) (تۆدۆرۆف ل. ١٥٣).

لەلای رینان رابردوو (نەتەوەی فەرهەنگیو نەژادیو مێژوویی) حەتمیە، ئایندەش واتە (نەتەوەی سیاسیو مۆدێرنو پێکهاتوو لەسەر هەڵبژاردنی ئازادی تاكو پێکەوە ژیانی رەزامەندانە) ئازادییەو دەبێت یەکێك لەم دوانە سەربکەوێ کە زیندووەکان سەربخات بەسەر مردووەکاندا (بەپێچەوانەی مۆریس باریس)، بەڵام واقعی بوونی رێگای ئەوەی لێدەگرێ کە ئەم دوانە یەك بخات.

بەڵام ئانتۆنی سمیس بڕوای وایە کە ((لەسەدەی نۆزدەهەمو تا سەرەتاکانی دەهەی ١٩٤٠ زۆر لەلێکۆڵیارانو تەنانەت ئەوانەش کە بڕوایان بەشێوەی ئیرادەگەرای ناسیۆنالیزم هەبوو - وەکو رینان - لەگەڵ شێوەیەك لەگەڵ ئەزەلی گەرایی Pernialism رێکەوتن. ئەم بابەتە تا ئەندازەیەك بەهاوئاهەنگی نێوان ((نەژاد))و ((نەتەوە)) رۆشن بوو))[٣٥].

هاوئاهەنگ کردنی هەردوو پێکهێنەرە گرنگەکەی نەتەوە (نەتەوەی نەژادی - فەرهەنگی)و (نەتەوەی سیاسی مۆدێرن) لەلای رینان سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی

١٧٨٠ لەنامەکەی خۆی دەربارەی (رەسەنی نەتەوەکان)و بەمجۆرە بەیانی دەکات کە ((نەتەوە ئەو گروپە سروشتیانەن کە بەهۆی نەژاد، مێژوو وە خواستو ئیرادەی مرۆڤ دیاری دەکرێت)) (نامەی رینان لە ١٣ی سپتامبر ١٨٧٠بۆ دیڤید فریدریك ستراوس)[٣٦]. ئەم پێناسەیە بەئاشکرا هەردوو دیدگاکەی دەربارەی نەتەوە تێدایەو بەبڕوای مۆریس بارییە، بەڵام رینان لەسیمیناریساڵی ١٨٨٢ی زانکۆی سۆربۆن توخمی نەژادو فەرهەنگ دەخاتە کەنارەوەو دوو توخمی ئیرادەی خەڵكو مێژوو بەرجەستە دەکاتو سروشتی نەتەوە شی دەکاتەوە. رینان بەئامادە کردنی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ نەتەوە تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقیو مەعنەویو رۆحانیش تێکەڵ بەچەمکی نەتەوە دەکات، یان هەروەکو خۆی دەڵێت: نەتەوە (خێزانێکی مەینەوی)، (رۆح)و (ویژدانی ئەخلاقی)یە.

رینان زۆر مەبەستیەتی کە پێکهێنەرەکانی رابردوو (نەژاد، فەرهەنگو بابەتی بوون) بخاتە کەنارەوەو زیاتر لەمۆدێرنیتی نزیك بێتەوەو نەتەوە لەلای ئەو دەبێتە راستیەکی مینەویو ئیرادەییو نەتەوە لەمرۆڤ ـ بەمانای خواستو ئازادی ـ پێکدێت بەبێ ئەوەی پابەندی سروشتی یا فەرهەنگی کاریگەرییان هەبێتو ((لەپێکهاتنی نەتەوەدا توخمی هەرە پیرۆز تیایدا مرۆڤە))و ((مرۆڤ پێش ئەوەی خۆی لەناو ئەم یان ئەو زمانو نەژادو فەرهەنگە دابنێ... مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشیارو ئەخلاقییە))[٣٧].

هەرچەندە رینان پەیوەندی نەتەوەی بەدەوڵەتەوە رۆشن نەکردۆتەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەو لەنەتەوە بەرۆشنی بەرووی مۆدێرنیتی دەکرێتەوەو بەتایبەتی لەو روانگەیەوە کە ئازادی ویستو خواستی مرۆڤو تاك دەبێتە هۆکارێکی کاریگەرو پیرۆز لەشیکردنەوەی نەتەوەدا.





## مارکسیزمو ناسیۆنالیزم

روانگەی سیاسی بۆ هەڵوێستی مارکسیزم دەربارەی نەتەوەو نەتەوایەتی ((خستنەرووی چەند لایەنی گرنگی تیۆریو میتۆدییە کە لەمێژووی کلاسیکی مارکسیستیدایە دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی. ئەگەرچی دیدگای مارکسو ئەنگلس لەمبارەوە ناڕۆشنو ناتیۆرییەو لەژیانی خودی خۆشیاندا کاری سیاسیو نەتەوایەتی پێ نەکراوە، بەڵام لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمو سەردەمی دوای ئەو جەنگە بەهێزێکی زۆرەوە بوونە دیدگای رەسمی ئەنترناسیۆنالی دووەمو کە پاشان تیۆری سیاسیو واقعی لینین دەربارەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان دەبێتە ئەنجامی ئەو روانگە مارکسیستییە))[٣٨].

### کارل مارکس (١٨١٨ ـ ١٨٨٣): هاوپەیمانی نەتەوە ستەمدیدەکانو پڕۆلیتاریا لەدژی سەرمایەداری

مارکس دەربارەی نەتەوایەتی تیۆرێکی میتۆدیو سیستەماتیکی باس نەکردووەو پێناسەیەکی وردیشی بۆ (نەتەوە) نەخستۆتە روو، هەروەها ستراتیژی گشتی پڕۆلیتاریاشی لەم زەمینەیەدا شی نەکردۆتەوە. وتارەکانی مارکس لەمبارەوە زیاتر دیدگای چارەسەری تایبەتییە بۆ ئەو کێشە نەتەوەییانەی کە لەژیانی خۆیدا رووبەڕووی بۆتەوە. کاتێك کە مارکس لەبەرلینو بۆن لەزانکۆ فەلسەفەی کلاسیکی دەخوێند، لایەنگری لەدیدگاکانی (فریدریك هیگل)ی ناسیۆنالیستی پروسی دەکرد. هیگل بوو کە تیۆری دیالیکتیکی داهێنا، کە لەو تیۆرەدا مامەڵەی هێزە دژەکانو یەکێتیو دژایەتی نێوانیان فەلسەفەو دنیای بەڕێوە دەبرد. دیدگای هیگل تەنها لەئاستی

یەکێتی‌و دژایەتی نێوان بیروباوەڕەکان بوو، بەڵام مارکس لەدواییدا ئەم چەمکەی بەرەو ململانێی نێوان هێزە ئابوورییەکان‌و بەتایبەتیش چینەکان برد.

زۆری نەخایاند کە پەیامی سەخت‌و توندوتیژی ئەم تیۆرەیە ئاشکرابوو. شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ کە تێکەڵاوبوون لەلایەنی چینایەتی‌و نەتەوایەتی بوونە زەمینەی بیروباوەڕەکانی مارکس‌و (ئەنگلس) دەربارەی پەیوەندی نێوان خەباتی چینایەتی‌و پرسی نەتەوایەتی. بێگومان ناودارترین‌و گرنگترین بەرهەمی مارکس‌و ئەنگلز (کە ئەو کاتە هەردووکیان لەلەندەن دەژیان‌و لەوڵاتی خۆیان دوور خرابوونەوە) (مانیفێستی کومونیست) بوو کە لەوێدا هەندێك بەش‌و خاڵی ناڕۆشن‌و پڕ نهێنی سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەکان تێدایە. لەمانیفێستدا دیدگای سەرەکی بڕیاردەر ئەوەیە کە تەواوی مێژوو جگە لەمێژووی خەباتی چینەکان، شتێکی دیکە نییەو سەرەنجام لەم نێوانەشدا چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) کۆتایی بەم مێژووە دەهێنێ‌و بورژوازی لەسەر دەسەڵات لادەبات‌و کۆمەڵگای سۆسیالیستی‌و پاشان کۆمۆنیستی دەهێنێتەدی، کە کۆمەڵگایەکی یەکسانەو چینەکان لەوێدا نامێنن‌و خودی پرۆلیتاریاش وەك چینێك نامێنێ.

مارکس بڕوای وابوو، تیۆرەکانیشی تاکۆتایی ژیانی وەفاداربوون بەو بڕوایە کە ((لایەنی چینایەتی تاك‌و کەسەکان لەڕەوشی نەتەوەیی ئەوان گرنگترەو خەباتی هاوبەشی کرێکاران لەدژی سەرمایەداران فراوانترە لەسنووری دەوڵەت‌و پرسی نەتەوەکان. مارکس دەیووت کە ناسیۆنالیزم جگە لەهۆکاری دەستی بۆرژواکان بۆ بەڕێوەبردن، چەوسانەوەو زاڵ بوون بەسەر پرۆلیتاریادا شتێکی دیکە نییە. جەنگەکان‌و سیاسەتەکان بەرئەنجامی ڕەوش‌و خەباتی نەتەوەکان نییە، بەڵکو بەشێکە لەهەوڵی بۆرژواکان بۆ پاراستنی دەسەڵات‌و قازانجی ئابووری خۆیان. کاتێك کە سەردەمی کۆمۆنیستی دێتەدی، نەتەوەکانیش لەسەر ئاستی جیهان نامێنن))[٣٩]. تیۆری مارکسیستی دەربارەی ناسیۆنالیزم، بەئاشکرا لەپەیوەندی نێوان پەیدابوون‌و دەسەڵاتی





بۆرژوازی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دڵنیامان دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەر سیستمێکی ئابووری نوێ شێوازی تازەی دەستوورو دەوڵەت‌و یاسای تایبەتی بۆ ناسینی سنوورو پێکهاتەکانی بەرهەم دەهێنێ... لەگەڵ گەشەی شێوەی سەرمایەداری بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی‌و فراوانبوونی فەرهەنگی نەتەوەیی، مەیل‌و پەیوەست بوون بەیەکێتی نەتەوەیی لەسەر بنەماکانی پەروەردەو فێرکردنی نەتەوەیی، و دابڕان لەدەوڵەت‌و دەسەڵاتە کۆنەکانی (ئیمپراتۆریاو میرنشین)و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی نەتەوەیی، یان یەکانگیربوونی ناوچەو دەسەڵاتەکانی نەتەوەیی پەرت‌و دابەشکراو بەرەو ڕووی دەوڵەت‌و مۆدێرنی نەتەوە.

لایەنێکی دیکە لەتیۆری دیدگای مارکسیستی ئەوەیە لەگەڵ گەشەی بۆرژوازی، بازرگانی ئازادو بازاڕی جیهانی‌و لەکاتێکدا کە بۆرژوازی هەر نەتەوەیەك تا ئەوکاتە بەرژەوەندی سیاسی‌و نەتەوەیی تایبەتی‌و جیاواز دەپارێزێ، بەڵام پیشەسازی گەورە چینێك دروست دەکات کە لەهەموو نەتەوەکاندا بەرژەوەندی یەکسانیان هەیە (پرۆلیتاریا)و هەربۆیەش لێرە بەدواوە نەتەوایەتی دەمرێ)) (مارکس، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی).

مارکس لەنووسینەکانی دواتردا (بەتایبەتی سەبارەت بەمەسەلەی ئیرلاند) نیشانی دەدا کە بۆرژوازی بەهاندانی ناکۆکیە نەتەوەییەکان کە لەڕاستیدا خۆی زۆر بڕوای پێیەتی چونکە پێویستە بۆی ١. خەباتی نێوان هێزەکانی سەرمایەداری بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕەکان، پێویستی بەناکۆکی‌و دژایەتی هەیە. ٢. چەوسانەوەی نەتەوەیەك بەدەستی نەتەوەیەکی دیکە، دوژمنایەتی نەتەوەیی پەیدا دەبێت. ٣. شۆفێنیزم دەکاتە یەکێك لەهۆکارە ئیدیۆلۆژیەکانی خۆی کە دەتوانی دەسەڵاتی بەسەر پرۆلیتاریدا بەردەوام بکات[٤٠]. دڵنیایی مارکس دەربارەی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بەرەو نێونەتەوەیی چوونی ئابووری ئەنجامی دەبێت‌و ئەمەش پایەو بنەمایەکی بەهێزی هەیە. پەیدابوونی بازاڕی جیهانی کە بەدروستکردنی وابەستەیی نەتەوەکان بۆ جیهانی

بوون، پایەی نەتەوەیی ئابووریو بازاڕو پیشەسازی نابود دەکات. ئەم بڕوایە مارکس بەرەو ئەوە دەبات کە بەستاندارد کردنی بەرهەم هێنانی پیشەسازیو هەلومەرجی ژیانی وابەستە بەو بەرهەم هێنانە، دەبێتە هۆی نەمانو لەناوچوونی کۆسپو ڕێگرە نەتەوەییو ناکۆکیەکانی نێوان نەتەوەکان، کە هاوئاهەنگ دەبێ لەگەڵ ڕەهەندی ئابووریو بەرهەم هێنان. بەمجۆرە مارکس دەگاتە گرنگترین بەرئەنجامی خۆی سەبارەت بەڕۆڵی جیهانیو نێونەتەوەیی پرۆلیتاریاو دەڵێت کە کرێکاران نیشتمانیان نییە، بۆ نیشاندانی بەرژەوەندی هاوبەشی پرۆلیتاریای تەواوی نەتەوەکانی جیهان. لەلای مارکس نەتەوەو دەوڵەت دەبێتە چوارچێوەی سیاسیو ئامادەکراو بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریا. بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: پرۆلیتاریای هەموو نەتەوەکان دەبێت لەپێشدا خۆیان وەکو چینێکی ڕێکخراو لەحیزبی خۆیاندا سازبدەنو دەسەڵات لەو وڵاتەدا بەدەستەوە بگرن. بەڵام دیدگای جیهانیو ئەنترناسیۆنالیستی مارکسیزمو (شۆڕشی کرێکاران) دەگاتە ئەو ئاکامەی أ) تەواوی جیهان لەدیدگای مرۆڤ باوەڕی پرۆلیتاریادا، گشتێکی مانادار، بەهایەکی باڵاو ئامانجی کۆتاییە، ب) لەڕوانگەی ماتریالیزمی مێژوویی، کومونیزم تەنها لەئاستی جیهانیدا دەتوانێ بەرپابکرێو هەربۆیەش چوارچێوەی تەسكو سنووورداری دەوڵەتی ـ نەتەوە پێش بەم ئامانجە دەگرێ.

بڕواکانی مارکس لەمانیفێستی کومونیستو ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیو نووسینەکانی تریدا بەپلەی یەکەم لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە پایەی ئەنترناسیۆنالیزمی کرێکاری بونیاد بنێت، بەڵام لەپەیوەند بەپرسی نەتەوایەتی ستراتیژێکی تایبەتی لەو بارەوە نەبووە. ئەم ستراتیژە پاشان لەبەرهەمەکانی دیکەی مارکسو بەتایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەندییان بەکێشەی پۆڵەنداو ئیرلانداو (خەبات لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی لیبرال دیموکراتیکی ماتزینیو ئیهلیزمی نەتەوەیی پرۆدۆنییەکان) بەرەو گەشەو تەواوکاری چوو. لەو سەردەمەدا هەمیشە بەشێك لەنەریتی بزاڤی دیموکراتیکی کرێکاری سەدەی نۆزدەهەم پشتیوانی بوو لەخەباتی خەڵکی پۆڵەندا بۆ رزگاری نەتەوەیی. مارکسو ئەنگلزیش هەر





بەم شێوەیە پەیوەست بوون بەم نەریتەو تەنانەت دامەزراندنی نێونەتەوەیی یەکەم لەهۆڵی سانت مارتنیزی لەندەن لەساڵی ١٨٦٤ بەهۆی مارکسو ئەنگلزەوە بوو. لەو ڕۆژەداو لەو هۆڵە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کرێکارانی ئەوروپاو ئەمریکا، سەندیکاکان، خەباتکارانی ڕێگای دیموکراسیو سۆسیالیزمو نوێنەرانی حیزبەکانی سۆسیالیستیو کرێکاری سەر بەهەموو بیروباوەڕەکان کۆنگرەیەکی جیهانیان بەست بۆ پشتیوانی کردن لەخەباتی ڕەوای خەڵکی پۆڵۆنیا بۆ رزگاریو کۆتایی هێنان بەدابەشکردنی وڵاتەکەیان لەسەر دەستی هەردوو ئیمپراتۆریای روسیاو نەمساو دەوڵەتی پروس. لەم کۆنگرەیەدا کە مارکس بەیاننامەی سەرەکی نووسیبوو پشتیوانی تەواوی خەباتی کرێکاران بۆ مەسەلەی ڕەوای سەربەخۆییو رزگاری پۆڵەندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان دەبینراو پاشان هەرخودی مارکس پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەم بۆنەیە بکەنە سەرەتای دامەزراندنی (نێونەتەوەیی کرێکارانی جیهان).

بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستی مارکسو ئەنگلزو پەیڕەوانیان، سەبارەت بەداکۆکی کردن لەسەربەخۆییو سەروەری خەڵکی پۆڵەندا دوو بڕوا هەن، یەکەمیان، بڕوای وایە کە ئەم هەڵوێستە لەپێناوی داکۆکی کردن بووە لەبنەمای دیموکراتیکی ئازادیو سەربەخۆیی نەتەوەکانو خودی ئەنترناسیونالی یەکەمیش هەر بەو شێوەیە هەڵوێستی نواندوە (دیدگای مارکسیستی). دووەمیان، لەو باوەڕەدایە کە بۆیە مارکسو ئەنترناسیۆنالی یەکەم بەو جۆرە هەڵوێستیان نواندوە، چونکە خەباتی سەرەکی پۆڵەندا لەدژی تزاری روسیا بووە، کە ئەو کاتە قەڵای کۆنەپەرستی ئەوروپاو دوژمنی سەرەکی بونیادنەرانی سۆسیالیزمی زانستی (مارکسیزم) بووە. لایەنگرانی بەهانەی دووەم دەڵێن ئەگەر بڕیار وابێت کە داکۆکی لەخەڵکی پۆڵاند تەنها لەبەرئەوە بێت کە خەباتی نەتەوەیی یان لەدژی روسیایە، ئایا مانای ئەمە نابێتە ئەوەی کە سلاڤەکانی دیکە (وەکو چیکەکان) مافی ئازادیو سەربەخۆییان نەبێت؟ ئەو کاتە چیك بەشێك بوون لەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای نەمسا ـ هەنگاریا.

هەڵوێستو تیۆری مارکس دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیو بەتایبەتیش سەبارەت بەپرسی سیاسیو نەتەوەیی ئیرلاند، بەشێك لەپرانسیپی گشتی لەزەمینەی نەتەوە ژێردەستەکاندا زیاتر رۆشن دەکاتەوە. مارکس لەسەرەتاوە لایەنگری لەوە دەکرد کە ئیرلاند بەمانەوەی لەناو چوارچێوەی یەکێتی لەگەڵ بەریتانیاو بەهرەمەندییان لەمافی ئۆتۆنۆمی، دەبێتە هۆیەك بۆ بەهێزبوونی چینی کرێکارانی سەرتاسەری بەریتانیاو سەرکەوتنی ئەو چینە بەسەر بۆرژوازیداو بەم شێوەیە خەڵکی ئیرلاندیش بۆ هەتاهەتایە لەستەمی نەتەوەیی رزگاریان دەبێت. بەڵام لەساڵانی ١٨٦٠ بەدواوە مارکس ئازادی ئیرلاندی بەمەرجێکی سەرەکی دەزانی بۆ ئازادی پرۆلیتاریای ئینگلستان. سەرەتا مارکس پێی وابوو کە ئازادی پرۆلیتاریای سەرتاسەری بەرتانیا دەتوانێ ئازادی نەتەوەی ئیرلاند بەدی بهێنێو پاشان هەڵوێستەکەی ئاڵوگۆڕ کرد. مارکس لەنووسینەکانی ئەم سەردەمەیدا دەربارەی ئێرلاند سێ ئامانجی گرنگی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هێنایە ئاراوە کە لەزەمینەی دیالیکتیکیدا، ئەنترناسیۆنالیزمی کرێکاریو مافی ئۆتۆنۆمیو سەربەخۆیی نەتەوەکانی کردە بەشێك لەتیۆری تەواوی مارکسیزم. ١. تەنها ئازادی نەتەوەی ستەم دیدە سەرچاوەیە بۆ نەهێشتنی ناکۆکیو دژایەتی نەتەوایەتیو بەچینی کرێکاری هەردوو نەتەوەش (ستەمکێشو ستەمگەر) توانای ئەوە دەدات کە لەدژی دوژمنی هاوبەشیان، واتە سەرمایەداری، یەکبگرن. ٢. چەوسانەوەی نەتەوەیەك هۆکارە بۆ بەهێزبوونی هەژموونی ئایدۆلۆژی بۆرژوازی بەسەر کرێکارانی نەتەوەی زاڵ. مارکس وتەنی: هەر نەتەوەیەك کە نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە زنجیری کۆیلایەتی خۆیشی بەهێز دەکات. ٣. رزگاری نەتەوەی ستەم دیدە هۆکارە بۆ لاوازبوونی پایەکانی ئابووری، سیاسی، سەربازیو ئایدۆلۆژیکی چینە باڵادەستەکانی نەتەوەیی ستەمگەرو ئەمەش لەخەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاری ئەو نەتەوەیە یارمەتیدەر دەبێت(٤١).





## فریدریك ئەنگلس (١٨٢٠ ـ ١٨٩٥): ناکۆکی تیۆری دەربارەی مۆدێرنیتیو نەتەوایەتی

هەڵوێستی ئەنگلس دەربارەی هەردوو مەسەلە گرنگەکەی نەتەوایەتی لەئەوروپا (پۆڵاندو ئێرلاند) زۆر نزیکە لەدیدگاکانی مارکس. بەڵام لەبڕواو دیدگای ئەودا دوو هەڵوێستی تیۆریو سیاسی جیاواز سەبارەت بەنەتەوەو مۆدێرنیتی سیاسی نەتەوایەتی دەبینرێت. هەڵەی یەکەمی ئەنگلس، کە نامۆیە لەگەڵ خودی بیروباوەڕی سۆسیالیزمو دیموکراسی شۆڕشگێڕو هەروەها لەبەرامبەر مۆدێرنیتیش ئەوەیە کە ئەو باس لە (نەتەوەکانی بێ مێژوو) دەکات. ئەو لەساڵەکانی (١٨٤٨ ـ ١٨٤٩) شکستی شۆڕشەکانی دیموکراتی ئەوروپای ناوەند بەهەڵوێستی کۆنەپەرستانەی نەتەوەکانی سلاڤی باشوور (چیك، سلۆڤاك، کروات، سرب، رۆمانی، سلۆڤینی، دالماسی، مۆراڤیو خەڵکی روسیای بچووك) دادەنێ کە بەشێوەی جەماوەری بەشێك بوون لەسوپای پادشاکانی نەمساو روسیاو بۆ دژایەتی کردنی شۆڕشە ئازادی بەخشەکانی (هەنگاریا، پۆڵاند، نەمساو ئیتالیا). بەڵام لەڕاستیدا سوپای ئیمپراتۆری نەمسا لەجوتیاران پێکهاتبوو، چ سلاڤ یان ئاڵمانیو نەمسایی. هۆکاری زۆر کاریگەر بۆ سەرکەوتنی بەرەی دژی شۆڕش بەڕابەری دردۆنگو ناپەیگیرو کۆنەپارێزی بۆرژوا ـ لیبراڵ بوو کە لەبەرپاکردنی شۆڕشی نەتەوەییو ریفۆرمی زەویدا ترسنۆكو بێ هێزبوو. ئەم رابەرییە نەیتوانی جەماوەری جوتیارانو نەتەوە ستەمدیدەکان بکاتە هێزی هاوپەیمانی خۆی کە سەرئەنجام ئەوان لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆری روسیاو نەمساوە کرانە هێزی دژی شۆڕش. شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ نموونەی کلاسیکی شۆڕشگێڕانەیە کە نەیانتوانی چارەسەری رادیکالو ئامانجی مۆدێرنیتی سیاسیو نەتەوەیی بهێننەدی، کە ئەویش چارەسەری کێشەی جوتیارانو زەویو سەروەریو سەربەخۆیی نەتەوەکان بوو.

ئەنگلس سەبارەت بەشکستی ئەم شۆڕشانە پەنا دەباتە بەر دیدگاو ئایدۆلۆژیەکی میتافیزیکی کە ئەویش تیۆری دژایەتی کردنی شۆڕشەکانە لەلایەن (نەتەوەکانی بێ

مێژوو)و بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: ((ئەم پاشماوانەی نەتەوە، کە لەسەردەمەکانی مێژوودا شکستیان خواردووەو بوونەتە زبڵدانی نەتەوەو هەمیشە نوێنەری بەبەردبووی دژایەتی شۆڕش بوون. تا ئەو کاتەی بەتەواوی ریشەکێش نەکرێن‌و لایەنی نەتەوایەتیان نەسڕێتەوە، هەرخودی بوونیان دژایەتییە لەگەڵ شۆڕشی مەزنی مێژوویی))[٤٢]. یەکەم کەس کە تیۆری (نەتەوەی بێ مێژوو)ی داهێنا، هیگڵ بوو، دەڵێت: ئەو نەتەوانەی کە ناتوانن دەوڵەتیان هەبێت، یان دەوڵەتەکانیان لەسەردەمەکانی پێشوودا نابوودکراون، نەتەوەی بێ مێژوون‌و مەحکومن بەنابوودی، بۆ نموونەش سلاڤییەکانی باشوور واتە بولگاریا، سرب‌و کروات... ناو دەبات.

ئەنگلس لەبەرامبەر یەك دانانی (ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی مێژووی مەزنی ئەورووپان) (ئیتالیا، پۆلەندا، هەنگاریا، ئاڵمان)و مافی خۆیان بۆ یەکێتی نەتەوەیی‌و سەربەخۆیی هەیە، لەبەرامبەر ئەوانەی کە ناخودانن لە (گرنگێتی ئەورووپایی)و (سەربەخۆیی نەتەوەیی) (رۆمانی، سربستان، کرواتی، چکسلواکی، سلۆڤینیا...) بوونەتە هۆکاری دەستی قەیسەرو ناپلیۆن، دەکاتە دیدگای خۆی. ئەم هەڵوێستە لەلایەك دژایەتیە لەگەڵ نەتەوەی فەرهەنگی ـ نەژادی (چونکە هەموو نەتەوەکان بڕوایان وایە کە ئەو مێژوویانەیان هەیە)و لەلایەکی دیکەش نکوڵی کردنە لەمافی سەربەخۆیی‌و دەوڵەتی نەتەوەیی‌و گەشەکردن بەرەو مۆدێرنیتی.

### چە پی رادیکاڵ: دژایەتی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەی نەتەوەکان

بزاڤی چەپی رادیکاڵ لەناو بزوتنەوەی مارکسیستی کە بەنوێنەرایەتی (روزا لوکسمبۆرگ، پانەکۆك، تروتسکی، وشتراسەر) بەوە دەناسرێتەوە کە لەدژی جیابوونەوەی نەتەوە ستەمدیدەکان‌و سەربەخۆیی ئەوانە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەوان لەپێناوی ئەنترناسیۆنالیزمی پرولیتاریدا ئەم هەڵوێستەیان دەنواند. لایەنی ناکۆکی‌و بەرامبەری





ئەوان لەجولانەوەی سۆسیالیستیدا لینین بوو لەمەسەلەی نەتەوایەتیدا، گەرچی لەپرسی چینایەتی‌و شۆڕشی کرێکاریدا لەو نزیك بوون.

دیدگاکانی چەپی رادیکاڵو (بەتایبەتیش بڕوای تروتسکی‌و لوکسامبورگ) لەبەرامبەر مافی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوەی نەتەوە ستەمدیدەکان، بەبڕوای خۆیان زەمینەو بەهانەی ئابووری‌و مێژوویی وەهای هەبوو، کە نەدەگونجا لەگەڵ کاروانی شۆڕشی کرێکاری‌و زۆرجاریش دەبوونە رێگر لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە گرنگەی مرۆڤایەتی. چاکتر وایە، لایەنی جیاوازی ئەو بیروباوەڕانە بخەمە روو، پاشان ئەو نەیاری‌و رەخنانەی کە بەرەو روویان دەبنەوە باسبکەم‌و هەڵوێستی مافی نەتەوەکان‌و مۆدێرنیتەی سیاسیش لەو رەخنانەدا بەیان بکەم:

١. دیدگای چەپی رادیکاڵ لەم زەمینەیەدا، لەزەمینەی رەهەندی ئیکونومیستی (ئابووری گەرایی) وەرگیراوە. بەبڕوای ئەوان نەتەوە ستەمدیدەکان یان ئەو نەتەوانەی کە تا ئەوکاتە نەگەیشتبوونە مۆدێرنیتی سیاسی‌و دەوڵەتی نەتەوە (بەتایبەتیش مەسەلەی پۆڵاندا لەلای رۆزا لوکسمبورگ، کە بۆ خۆیشی پۆڵۆنی بوو) لەباری ئابوورییەوە لەو دەوڵەتانەی کە داگیر یان وابەستەی کردبوون دواکەوتووتربوون، هەربۆیە نەیاندەتوانی رۆڵی سیاسی پێشکەوتوو بگێڕن. لەم هەڵوێستەدا (واتە ناکۆکی لەبەرامبەر دەوڵەتی نەتەوەیی نەتەوەکانی ناوبراو) باسی تایبەتی‌و تاکێتی رێژەیی هەلومەرجە سیاسییە نەتەوەییەکان نادیدە گیراون. ئەم میتۆدە جەبر باوەڕە ـ ئیکۆنۆمیستییە زۆرجار لەلای بیریاران‌و رابەرانی بزاڤی سۆسیالیستی‌و کرێکاری کراوەتە روانگە بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەی نەتەوەکان‌و یەکەمین کەسیش لەمبارەوە خودی ئەنگلس بوو، کە باسی لەو نەتەوانە دەکرد کە گرنگێتی ئەورووپی‌و شۆڕشگێڕییان نییەو بوونەتە داردەستی کۆنەپەرستی لەئەورووپا.

رۆزا لوکسمبورگ کە بۆ خۆی بەنەژاد پۆڵۆنی بوو، زۆر سەرسەختانە لەدژی جیابوونەوەی پۆڵەندا لەڕوسیا هەڵوێستی دەنواند، لەکاتێکدا لینینی رووسی هەمیشە

داکۆکی لەجیابوونەوەی پۆڵەندا دەکردو هەمان هەڵوێستی مارکسی دەربارەی پۆڵەنداو ئێرلاند دووبارە دەکردەوە. لوکسمبورگ لەبەر دوو هۆکار (بێ گومان بەبڕوای خۆی!) ئەو هەڵوێستەی دەنواند، یەکەمیان چونکە پۆڵاند لەباری ئابوورییەوە لەڕوسیا دواکەوتووتر بوو، بەتایبەتیش لەباری پیشەسازییەوە وابەستەی بازاڕی رووسیا بوو. دووەم، یەکێتی نێوان پرۆلیتاریای روسیاو پۆڵەندا بە (هێزی پۆلاینی پێداویستی مێژوویی!) دەزانی. بەڵام رۆزا لەدوای ساڵی ١٩١٤ لەناو (نامیلکەی جۆنیۆس) وازی لەم هەڵوێستە هێناو دیدگاو میتۆدی لینین (مارکسی) پەسەند کردو تا دەهات لەزەمینەی نەتەوایەتیدا لەبیروباوەڕی جەبریی ئیکۆنۆمیستی رزگاری دەبوو، و هەڵوێستی سیاسیو مۆدێرنیتی کردە باوەڕی خۆی.

٢. بەبڕوای چەپی رادیکاڵ، نەتەوە لەبنەڕەتدا دیاردەیەکی فەرهەنگییەو لەم نێوانەدا رەهەندی سیاسی نەتەوە گرنگی پێ نادرێ، کە رەهەندی سیاسی نەتەوە لەڕەهەندی ئابووریو ئایدۆلۆژی زۆر گرنگترە. چونکە بەپلەی یەکەم، سەربەخۆییو سەروەری نەتەوەکانو دامەزراندنی مۆدێرنیتی، مەسەلەیەکی سیاسییەو پاشان لایەنی ئابووریو فەرهەنگی دێتە گۆڕێ. ئەوان دەیانووت (بەتایبەتی رۆزاو ترۆتسکی) کە نەمانی ستەمی نەتەوایەتیو خواستی (گەشەی ئازادی فەرهەنگی نەتەوەیی) داوایەکی رەوایە، بەڵام جیاخوازیو مافی سەربەخۆیی سیاسیو پێکهێنانی دەوڵەتەکانی نەتەوەییان پشتیوانی نەدەکرد. ئەوان نەیاندەزانی کە رەت کردنەوەی مافی پێکهێنانی دەوڵەتی ـ نەتەوە بەتەواوی یەکێکە لەشێوە سەرەکیەکانی پشتیوانی لەستەمی نەتەوایەتی.

٣. چەپی رادیکاڵ لەبزوتنەوەی نەتەوەکان بۆ سەربەخۆیی، تەنها لایەنە دواکەوتووەکانی گرایشی مێژوویی، وردە بۆرژوازیو کۆنەپەرستی بزاڤەکانی ئازادی بەخشیان دەبینیو توانای ئەوەیان نەبوو کە رەهەندی شۆڕشگێڕی ئەوان لەدژی ئیمپریالیزمو داگیرکردنی دەوڵەتە هاوچەرخەکانی ئەوروپا ببینن. بەوتەیەکی دیکە ئەوان دیالەکتیکی سەختو ئاڵۆزو ناکۆکی ماهیەتی دوو لایەنەی بزاڤەکانی نەتەوەییان هۆش





نەدەکرد. ئەوان لەڕوسیا نەخشی شۆڕشگێڕی غەیرە پڕۆلیتاری چینی کرێکار، واتە جوتیارانو نەتەوە ستەمدیدەکانیان بەکەم دەگرت. بەڵام لینین دەیووت شۆڕشی روسیا راستە بەڕابەری کرێکارانە، بەڵام رۆڵی جوتیارانو نەتەوە ستەمدیدەکان زۆر گرنگە، چونکە ئەو شۆڕشە بەتەواوی کرێکاری پاکژ نییەو لەکاتێکدا ئەوان بەشۆڕشی کرێکاری تەواویان دەناسی.

٤. چەپی رادیکاڵ نەیانتوانی ئەوە بزانن، کە ئازادی نەتەوەی ستەمدیدە نەتەنها خواستی (خەیاڵی)، (کۆنەپەرستانە)و (پێش سەرمایەداری) وردە بۆرژواکانە، بەڵکو گرنگتر لەوە ئەوەیە کە خواستی تەواوی جەماوەرەو لەناویشیاندا پڕۆلیتاریا. ئەوان لەپێناوی هێزی پۆلاینی شۆڕشی مێژوویی کرێکارانو جیانەبوونەوەی کرێکارانی نەتەوەی ستەمدیدەو ستەمگەر، لەهەموو زەمینەکاندا بەهانەیان بۆ جیابوونەوەی ئەو نەتەوانەو دەست نەگەیشتنیان بەمافی سەربەخۆیی پێکهێنانی دەوڵەتی ـ نەتەوە دەهێنایەوە. دیدگای ئەوان لەڕوانگەی هێزێکی مۆدێرنەوە (واتە کرێکاران) دژایەتی بوو لەگەڵ گرنگترین پڕۆسەی مۆدێرنیتی سیاسی ئەو سەردەمە کە پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرنو مۆدێرنیتی نەتەوەکان بوو.

٥. رەوەندی ئابووری ـ مێژوویی سەرمایەداریو جەنگی جیهانی ئەنجامی ناکۆکی گرایشی هێزەکانی بەرهەم هێنانە بۆ ئابووری جیهانی لەبەرامبەر چوارچێوەی تەسکی دەوڵەتی نەتەوە. سەرئەنجام ئەوان (بەتایبەتیش ترۆتسکی) (نابودی دەوڵەتی نەتەوەی وەکو بوونێکی سەربەخۆیی ئابووری) مژدە دەدا. لەلای ئەوان لەبەرئەوەی نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوە لەئایندەدا دیاردەیەکی فەرهەنگی، ئیدلۆژیو سایکۆلۆجییەو هیچ رۆڵێکی ئابووری نابینییێت. چەمکی رادیکاڵ جارێك لەڕوانگەی دواکەوتوویی ئابووریو جارێکی دیکە لەڕوانگەی فەرهەنگی، رۆڵی سیاسی نەتەوەکان نابینينو نەخشی ئەوان لەگۆڕانکاری سیاسیدا بەکەم یان نەبوو دەگرن[٤٣].

پەیوەندی نێوان تەواوی بزاڤی مارکسیستیو مەسەلەی نەتەوەکانو بەتایبەتیش پرسی نەتەوە ستەمدیدەکان، لەسەر بنەمای ئەو دوو هەڵوێستەی مارکس بنیات نرابوو کە ئەوانیش، یەکەم بەرژەوەندی باڵای خەباتی چینایەتیو شۆڕشی کرێکاری دەبێتە پێوەر بۆ هەڵوێست لەبەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتیو هێزی نەتەوەکانو خەباتی ئەوان لەبەرامبەر کۆنەپەرستی ئەوروپایی (روسیا، نەمساو پروسیا)و پاشان لەدژی ئیمپریالیزمو داگیرکردن دەبێتە بەشێك یان هۆکارێك بۆ بزاڤی چینایەتی. دووەم، ئیلهام وەرگرتنە لەقسە ناودارەکەی مارکس سەبارەت بەکێشەی ئێرلاند کە دەڵێ: هەر نەتەوەیەك، نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە زنجیری دیلێتی خۆیشی بەهێزتر دەکات. لەنێو بزاڤی کرێکاریو سۆسیالیستی لینینو پەیڕەوانی لەهەموو کەس زیاتر ئەم هەڵوێستەی دووەمیان دەگرتو هەر ئەمەش وایکرد کە تیۆری مافی بڕیاردانی چارەنووس پەسەند بکرێت، ئەگەرچی زەمینەو بەهانەی ململانێی سیاسی لەگەڵ رۆژاواداو بەتایبەتیش ئەمریکا یەکێك بوو لەو هۆکارە بەهێزانەی کە وای لەلینینو دەوڵەتی سۆسیالیستی سۆڤیەت کردبەو شێوەیە رەفتار بکەن.

رەوتێکی دیکە لەنێو مارکسیزمداو پەیوەندی بەسیاسەتی نەتەوەیی، مارکسیزمی میانڕەوی ئۆتریشی بوو کە بنەمای خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) فەرهەنگیان بۆ نەتەوەکان پەسەند دەکرد. نوێنەرانی سەرەکی ئەم رەوتە دووکەسی زۆر کاریگەرو بەرجەستەی سۆسیالیزمی نەمسایی بوون (کارل رینەرو ئۆتۆباوێر) کە لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسی دیدگاو هەڵوێستی ئەوانمان کردو لێرەدا چەند خاڵێك دووبارە دەکەینەوە. دیدگای ئەوان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە ستەم دیدەکان ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فراوانی چەند نەتەوەییو بەتایبەتیش دەوڵەتی نەمسا ـ هەنگاریا. بەبڕوای ئەوان ئۆتۆنۆمی لەگەڵ رێکخستنی نەتەوە جیاوازەکان لەدەزگایەکی دادوەری گشتیدا کە بەهرەمەندبن لەتەواوی مافەکانی فەرهەنگی بەڕێوەبردنو یاسایی، چارەسەرێکی زۆر گونجاوە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، مۆدێرنیتی سیاسیو خەباتی





چینایەتی کرێکاران. دیدگای ئەوان هەروەکو لێکۆڵیارانی دوای خۆیان باسی دەکەن هەڵوێستی میانڕەوی (سانتریسم) بوو لەنێوان ریفۆرم خوازیو شۆڕش، ناسیۆنالیزمو ئەنترناسیۆنالیزمو نەتەوەی فەرهەنگی ـ نەژادیو مۆدێرنیتی سیاسی کە بەدەوڵەتی نەتەوە یانیشتمان ئەنجامی دەبێت. ئەم رەوتە هەم دەیویست مافی نەتەوەکانو کەمایەتیەکان پەسەند بکاتو هەم پارێزگاریش بکات لەیەکێتی دەوڵەتی نەمسا ـ مەجەر. مارکسیزمی نەمسایش هەروەکو چەپی رادیکاڵ، جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ نەتەوەکان رەت دەکردەوەو دیدگایەکی ناسیۆنالیستیو تارادەیەك نەژادپەرستی نەتەوەی سەردەستیان پیادە دەکرد.

### لینین: داهێنانو نوێ باوەڕی لەنێوان سۆسیالیزمو نەتەوایەتی

ئەگەر زەمینەی کارو تیۆری فلادیمیر لینین (١٨٧٠ ـ ١٩٢٤) دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیو دەوڵەتی ـ نەتەوە، بەرژەوەندی یەکێتی خەباتی چینایەتیو ئەنترناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری بوو، بەڵام ئەو رۆشنترو فراوانتر لەخودی مارکسو هەموو مارکسیستەکانی دیکە دیدگاو هەڵوێستی گرتەبەر. ((لینین پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان ئەنترناسیۆنالیزمو مافی ئۆتۆنۆمیو مافی بڕیاردانی چارەنوسی زۆر بەڕوشنی پەسەند دەکرد، چونکە ئەو دەیزانی کە تەنها مافی جیابوونەوەی ((نەتەوەکان)) دەبێتە زەمینەی یەکێتی، هاوکاریوبەشداری ئازادانەی نەتەوەکانو سەرئەنجام یەکگرتنیان لەدەوڵەتێکدا. بزاڤی کرێکاری نەتەوەی ستەمگەر تەنها بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی ستەمدیدە، دەتوانێ دژایەتیو بەدگومانی نەتەوەی ژێر دەست لەنێو بەرێتو هۆکاری یەکێتی کرێکاری هەردوو نەتەوە لەخەباتی نێونەتەوەیدا بەهێز بکات))[٤٤]

هەروەها لینین لەڕوانگەی بەرژەوەندی هاوبەشی خەباتی دیموکراتیکی نەتەوەکانو شۆڕشی سۆسیالیستی ئەوەی نیشاندا کە جەماوەرێك خەڵك (نەتەنها پرۆلیتاریا، بەڵکو جوتیارانو وردە بۆرژوا)ی نەتەوەی ژێر دەست، هاوپەیمانی پرۆلیتاری هۆشیارن کە ئەرکی رابەرانی ئەوانی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەئەستۆیە. یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی هەڵوێستی لینین بەرامبەر بەمەسەلەی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی سیاسی (لەڕوانگەی دژایەتیو لەناوبردنی کۆنەپەرستی رووسیدا) ناسینی ماهیەتی دیموکراتیکی بزوتنەوەی نەتەوەکانە، کە لەلای ئەو تەنها بەمافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دەتوانن لەهەموو لایەنو رووەکانی ئەو مافە بەهرەمەند بن. بۆ ئەم مەبەستە میشیل لووی لەکتێبی (دەربارەی گۆڕانکاری جیهان، فەلسەفەی سیاسی لەمارکس هەتا والتر بنیامین) بڕوای وایە کە هەڵوێستی لینین بۆ پەسەندکردنی ئەم دیدگا فراوانەو داهێنانەی لەزەمینەیمەسەلەی نەتەوایەتیدا لەدوو هۆکاردا بەیان دەکات. یەکەم، بزوتنەوەی نەتەوەکان بۆ سەربەخۆیی، جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە، بەشێكو هاوپەیمانێکی شۆڕشی کرێکارییە لەبەرامبەر سەرمایەداریو ئیمپریالیزم. دووەم، توانایی لینین بۆ ناسینو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسیو بڕیاردانی سیاسیو تاکتیکی بۆ ستراتیژی مەبەستو پەیگیری ئەو بۆ چارەسەری رادیکاڵو (واقعی) پرسو کێشەکان بوونەتە زەمینەی ئەو بڕیارە سیاسیو مێژووییە گرنگە سەبارەت بەمافی نەتەوەکانو بزوتنەوە نەتەوەییەکانی ناو روسیاو جیهانی سەرمایەداری.

لەکاتێکدا کە زۆربەی رابەرانو تیۆرسازانی مارکسیست تەنها لەڕەهەندی (ئابووری) یان رەهەندی (فەرهەنگی) لەبەرامبەر مەسەلەی نەتەوایەتی هەڵوێستیان دەنواند، بەڵام لینین زۆر بەئاشکرا رایگەیاند کە پرسی مافی بڕیاردانو مافی نەتەوایەتی ((بەتەواویو بەتایبەتی بەشێکە لەدیموکراسی سیاسی)) واتە لەسنووری مافی جیابوونەوەی سیاسیو پێکهێنانی دەوڵەتی ـ نەتەوەی سەربەخۆ. لەمەش فراوانترو لەزەمینەی تیۆریو میتۆدیدا چەندجار ئەوەی بەیانکردووە کە ((نەتەوەی خاوەنی





((ئۆتۆنۆمی)) هەمان مافی نەتەوەی خاوەنی ((سەربەخۆیی)) نییەو هاوڕێیانی ئێمە لەپۆلاندا لەم مەسەلەیە تێ ناگەنو تەنها بەهۆی دیدگای ئیکۆنۆمیستییەوە، لەگرنگی سیاسی نەتەوایەتیو جیابوونەوەی پۆڵەنداو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بێ ئاگان)).

دیدگاو هەڵوێستی لینین لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم دوو ئامانجە، واتە خەباتی دیموکراتیو شۆڕشی کرێکاری، هەمان گرنگی یەکسانیان نییە. بەڵکو خواستە دیموکراتیەکان دەبێت هەمیشە پاشکۆی بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینەکانی کرێکارانی جیهان بێت. واتە ئەگەر بزاڤێکی نەتەوەیی ببێتە هۆی ئەوەی کە کۆنەپەرستی بخاتە سەر دەسەلاتو ببێتە زەمینەی دژایەتی کرێکاران، نابێت مارکسیەکانو خەباتی کرێکاری پشتیوانی لێ بکات. بەڵام ئەگەر هەندێك هەڵاواردنیش هەبێت (بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی)، بنەمای گشتی لەلای لینین پەسەندکردنی مافی دیموکراتیكو مۆدێرنی نەتەوەکانە بۆ سەربەخۆییو سەروەری.

## ستالین: ناکۆکی لەتیۆریو پراکتیکدا سەبارەت بەنەتەوە

((راستیەك هەیە کە لینین ستالینی نارد بۆ ڤیەننا بۆئەوەی وتارە ناودارەکەی خۆی بەناوی (مارکسیزمومەسەلەی نەتەوایەتی) بنووسێو ئەمەشی لەنامەیەکدا بۆ گۆرکی لەساڵی ١٩١٣ ناردووە کە ((ئەو گورجییە مەحشەرەی سەرقاڵی نووسینی وتارێکی مەزنە)). بەڵام کاتێك کە نووسینی وتارەکە تەواوبوو (پێچەوانەی قسەی باوی ئەوسای خەڵك) بەو شێوەیە نەبوو کە لینین چاوەڕێی دەکرد. وتارەکەی ستالین لەچەند خاڵی گرنگدا پێچەوانە بوو لەگەڵ دیدگای لیننو تەنانەت هەندێك جاریش بەتەواوی دژبوو))[٤٥].

یەکەم، تیۆری ستالین بۆ ناساندنی نەتەوەو مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێتە چوارچێوەیەکی جێگیر بۆ زمانی هاوبەش، قەڵەمڕەوی دەسەلات، ژیانی هاوبەشی

ئابووری‌و پێکهاتەی سایکۆلۆجی‌و ئەم چەمکانەش هەرگیز تێگەیشتنی لینین نەبوون. بڕوای لینین بۆ ناساندنی نەتەوەکان بەتەواوی پەیوەندارە بەئیرادەی سیاسی‌و مافی دیموکراتیکی بڕیاردانی چارەنووس‌و سەربەخۆیی، نەك لێکۆڵینەوە لەڕابردووی فەرهەنگی، یان خەسڵەتی نەتەوەیی‌و ئابووری‌و ژیانی هاوبەش. بڕوای لینین پەیوەندارە بەئایندەی دیموکراسی‌و مۆدێرنیتەی سیاسی بۆ خزمەت‌و هاوپەیمانی شۆڕشی کرێکاری‌و سۆسیالیزم. هەڵوێستی ستالین لەدووبارە کردنەوەی ئەم بنەمایانەو کردنیان بەپێوەری ئایندە، هەرهەمان دیدگای تیۆری چەپی رادیکال‌و سۆسیالیزمی نەمساییەو تێ نەگەیشتنە لەخەبات‌و مافی ئایندەی نەتەوەکان.

لەلای ستالین کاتێك کۆمەڵێك یان ئەو کەسانەی کە خۆیان وەکو نەتەوەیەکی تایبەتی دەناسێنن، دەبنە نەتەوە کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێت‌و ئەوکاتە وەکو نەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. واتە حوکمدان بەهۆکارەکانی رابردوو، بابەتی‌و فەرهەنگی‌و فەرامۆش کردنی هۆکارەکانی ماف، ئازادی‌و سەربەخۆیی سیاسی، یان مانەوە لەجەبری نەژادی‌و مێژوویداو پەسەند نەکردنی مۆدێرنیتی سیاسی. (بەبڕوای ستالین گورجستان کە بۆ خۆیشی گورجییە پێش نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە نەتەوە نەبووە، چونکە ژیانی هاوبەشی ئابوورییان نەبووەو بۆیە بوونەتە هەرێم‌و ویلایەتە جیاوازەکان. ئەگەر ئەم دیدگایە راست بێت، ئەڵمان پێش پەیمانی هاوکاری گومرکی نەیدەتوانی کە نەتەوە بێت))[٤٦].

ئەگەر قسەکەی ستالین بکرێتە پێوەر بۆ نەتەوەیی بوون، هێشتا کورد وەکو نەتەوەیەك چاوی لێ ناکرێت. ئەوەی کە لەلای ستالین دەبێتە پێوەری نەتەوەیی بوون، بەهەموو شێوەیەك لەڕابردوودا قەتیسی دەکات‌و ئەو نەیزانی کە مافی گۆڕانکاری دیموکراتیکی سیاسی، هۆکارێکی بەهێزە بۆ یەکانگیر کردنی نەتەوەو ئابووری‌و دەسەڵاتی نەتەوەیی، کە ئەمانیش نەتەوە بەرەو دروست بوون دەبەن.





دووەم، ستالین بەئاشکرا مافی یەکێتی یەکگرتنەوەی ئەو نەتەوانەی کە لەنێوان چەند وڵاتێکدا دابەشکرابوون، پەسەند نەدەکردو دەیووت ((ئایا دەبێت لەچوارچێوەی یەکێتی نەتەوەییدا، ئەو کۆمەڵانە یەکبخرێن کە تائێستا بەجیاواز لەیەك هەبوون‌و گەشەیان کردووە، و بکرێتە یەك نەتەوە؟ چۆن دەکرێت ئەڵمانیەکانی ناوچەی بالتیك‌و ئەڵمانیەکانی پشتی قەوقاز لەیەك نەتەوە کۆبکرێتەوە)) هەڵبەت وەڵامی ستالین ئەوەبوو کە ئەم کارە شایانی کردن نییەو (خەیاڵاوی)یە. لینین بەپێچەوانەوە دەیووت: ((ئازادی کۆمەڵەکان، بۆ هەموو گروپەکانی جیهانەو ئەوانەی خۆیان بەخاوەنی ناسنامەی جیاواز دەزانن‌و لەهەرکوێ‌و لەهەر دەوڵەتێك بن))و بۆ نموونەش ناوی ئەڵمانەکانی بالتیك، قەوقازو دەوروبەری پترۆگرادیش بردووەو لەوەش فراوانتر هەڵوێست دەگرێ‌و دەڵێ. ئازادی گروپە (نەتەوەییەکان) لەهەر جۆرێك بن‌و لەنێوان ئەندامانی هەر نەتەوەیەك‌و لەهەرکوێی جیهان بن، ئەم مەسەلەیە قابیلی باس‌و لێکۆڵینەوە نییەو تەنها دیدگای تەسك‌و بیرۆکراتیك دەتوانێ لەدژیان قسە بکات‌و هەڵوێست وەربگرێ.

سێیەم: ستالین لەنێوان ناسیۆنالیزمی ستەمگەرانەی روسیای قەیسەری‌و ناسیۆنالیزمی نەتەوە ژێر دەستەکان جیاوازی نەدەبینی. لەیەکێك لەبەشەکانی وتارەکەی (مارکسیزم‌و مەسەلەی نەتەوەیی)دا، باس لەوە دەکات کە هاوکات ناسیۆنالیزمی (رەسمی) ترازەکان کە (شەڕخوازو ستەمگەرانەیە)و (شەپۆلی ناسیۆنالیزمی خوارەوە)ی پۆلۆنیەکان، یەهوودی، تاتار، گورجی، ئۆکرانییەکان، بەرەو شۆڤێنیزمی کوێر دەڕۆن. لەمەش زیاتر ئەو توندترین رەخنەی لەسۆسیال دیموکراتەکانی نەتەوە ژێر دەستەکان دەگرت کە (پەیگیرو بەهێز) لەبەرامبەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی ناوەستنەوە. بەڵام لینین هەمیشە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو جۆرە لەناسیۆنالیزم دەبینی‌و هۆشیاری دەدا بەهاوڕێیانی کە تەسلیمی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیزمی روسی نەبن‌و زۆر بەتوندی رەخنەی لەمارکسییەکانی پۆلۆنیا دەگرت کە بۆچی پەیگیرانە خەباتی نەتەوەیی ناکەن‌و داوای جیابوونەوە لەڕوسیا ناکەن‌و لەهەوڵی سەربەخۆیی‌و سەروەری وڵاتەکەیاندا نین. هەر ئەم

هەڵوێستە بوو کە بووە هۆی ناکۆکیەکی زۆر لەنێوان ئەوو ستالین‌و بەتایبەتیش سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەیی گورجستان لەدیسامبری ١٩٢٢، واتە (دواهەمین خەباتی) بەناوبانگی لینین[٤٧].

هەڵوێستی کۆتایی سەبارەت بەپەیوەندی نێوان نەتەوایەتی‌و مارکسیزم پێویستی بەسێ ئاست هەیە بۆ داڕشتنی تیۆری مارکسیستی دەربارەی نەتەوایەتی:

١. تیۆری مارکسیستی دەربارەی ناسیۆنالیزم. ٢. تیۆری مارکسیستی‌و رۆشنکردنەوەی بەرجەستەبوونی چەمکی نەتەوایەتی لەسیاسەت‌و ئایدۆلۆژی. ٣. تیۆری مارکسی لەزەمینەی سیاسەتی گشتی چینی کرێکار دەربارەی ناسیۆنالیزم. هەڵوێستی پێویست لەلای مارکسیزم لەم زەمینەیەدا دەبێتە ئەوەی کە هەم تیۆری نەتەوایەتی‌و هەم تیۆری بەرجەستەبوونی نەتەوایەتی لەسیاسەت‌و ئایدۆلۆژیدا دەخرێتە خزمەتی تیۆری سێهەمەوە کە ئەویش بەرژەوەندی گشتی چینی کرێکارە. لەبەرئەوەی کە مەبەستی سەرەکی لەناسیۆنالیزم سەروەری‌و سەربەخۆییە بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی ـ نەتەوە، لەلای مارکسیزمیش کە کۆمەڵگای یەکسان‌و هەربۆیەش دەوڵەتی نەتەوە، کە ئامرازی سیاسی‌و ئایدۆلۆژی چینی بۆرژوازییە بۆ دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگاو چینی کرێکاراندا. سەرئەنجام لەڕوانگەی بەرژەوەندی کۆتایی کۆمۆنیزم‌و ئەنترناسیۆنالی کۆمۆنیست دەبێت هەموو دەوڵەت‌و چینەکان نەمینن، هەربۆیە مارکسیزم هەمان هەڵوێستی دەبێ لەبەرامبەر ئامانجی کۆتایی نەتەوایەتی کە دەوڵەتی نەتەوەیە[٤٨].





## لیبرالیزم‌و ناسیونالیزم

پرسی سەرەکی لەلیبرالیزمدا چارەسەری ماف‌و ئازادی‌و ئەرکەکانی تاکە، لەمارکسیزمدا چارەنووس‌و دەسەڵاتی چینەکان مێژوو، ئێستاو ئایندە بەڕێوە دەبات کە سەرەنجام بەدەسەڵاتی چینایەتی کرێکاران (سۆسیالیزم)و پاشان کومونیزم ئەنجامی دەبێت. بەڵام پرس‌و بیروباوەڕی نەتەوایەتی ئەوەیە کە (نەتەوە) یان (نیشتمان) دەکرێتە پێگەی سەرەکی بۆ دامەزراندتی دەسەڵات‌و کۆمەڵگای ئایندە، کە لەوێدا هەردوو یەکەی نەتەوایەتی‌و یەکەی سیاسی هاوئاهەنگ دەکرێن. بەمجۆرە بۆمان دەرئەکەوێت کە بڕیاردان بۆ رەوایی دامەزراندنی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و چارەنووسی کۆمەڵگا لەلای لیبرالیزم لەباوەڕەکانی دیکە فراوانترە، چونکە مرۆڤەکان لەهەر کوێ بن لە (تاکێتی)دا بەشدار بن، بەڵام (نەتەوە) و (چین) سنوورەکەی تەسکترە لەبەشدار بوونی مرۆڤەکان تیایاندا. لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازییە بنەڕەتی‌و بڕیاردەرەدا، پەیوەندی نێوان لیبرالیزم‌و ئەو دوو بیروباوەڕەی دیکە بەمجۆرەیە: بەو پێییەی کە یەکێك لەبنەما گرنگەکانی لیبرالیزم (دادپەروەری‌و یەکسانی)ەو کێشەی چینایەتیش پەیوەندی سەرەکی بە نایەکسانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەر بۆیە لیبرالیزم‌و مارکسیزم لەم زەمینەیەدا جۆرێك لەهاوبەشییان هەیە، یان لیبرالیزم دەبێتە زەمینەیەکی گرنگ‌و کاریگەر بۆ خەباتی چینایەتی‌و بەدەستهێنانی ماف‌و ئازادییەکانی چینەکان‌و تایبەتیش زەمینەی دادپەروەری‌و ماف‌و یەکسانی یاسایی. بەڵام پەیوەندی بەهێزی ناسیونالیزم‌و لیبرالیزم لەو جێگایەدایە کە هەردووکیان بیرۆکەی (یەکێتی سیاسی‌و سەربەخۆبوونی) نەتەوەکان پەسەند دەکەن‌و مۆدیرنیتی سیاسی دەکەنە پایەی سەرەکی دامەزراندنی دەوڵەت.

یەکەمین پەیوەندی مێژوویی نێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم دەگەرێتەوە بۆ هەردوو بەیاننامەی (سەربەخۆیی ئەمریکا) ١٧٧٦و بەیاننامەی (مافەکانی مرۆڤو هاوولاتی) فەرەنسی لە ١٧٨٩ کە لەوێدا (نەتەوە) Nation دەبێتە ((سەرچاوەی هەر جۆرە دەسەلاتێك، هیچ کەسێك یان گروپێك لەمرۆڤەکان ناتوانن خاوەن دەسەلات بن کە بەئاشکرا لەنەتەوە سەرچاوەی نەگرتبێ)) (بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤو هاوولاتیان، لەئەنجومەنی دامەزرێنەرانی فەرەنسا لە٢٧ی ئوگۆستی ١٧٨٩)، یان لەیاسای ساڵی ١٧٩٥دا بەم جۆرە باسی نەتەوە یان (گەل) دەکرێت: (هەر گەلێکی سەربەخۆو خاوەنی سەروەری، ژمارەی دانیشتوانو پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، ئەم سەروەرییە شایانی واز لێ هێنان نییە)[٤٩]. هاوکێشەی نەتەوە ـ دەوڵەت ـ گەلو بەتایبەتی گەلی خاوەن سەروەری دەبێتە چەمکی سیاسی ناسیونالیزمو بنەمای سەرەکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتو هێنانەدی مۆدیرینتی سیاسیو لەم مێژووە بەدواوە پەیوەندی بەهێزی نێوان ناسیونالیزمو لیبرالیزم لەم زەمینەیەدا دەست پێدەکات.

بۆ ئەوەی بتوانین چاکتر پەیوەندیو کاریگەری هەردوو بیروباوەڕو دیاردەی لیبرالیزمو ناسیونالیزم چاکتر بناسین وا پێویست دەکات کە لەزەمینە جۆراوجۆرەکاندا ئەو پەیوەندیو کاریگەرییە، یەك بەیەك باسو شرۆڤە بکەین:

### چەمکی نەتەوە لەنێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزمدا

وشەی نەتەوە Nation لەواژەی لاتینی nasci (لەدایك بوون)و natio (وابەستەیی بە بەزادگاو شوێنی ژیان) وشەی هاوشێوەی لەزمانی ئینگلیزیدا بە Natal (زادگا)و nature (سروشت) لەوتاری ناسیونالیستیدا بەکارهاتوون. لێرەدا سروشت Nature هۆکارێکی گرنگە بۆ دروست بوونی نەتەوەکانو لانیکەم لەلای ئەوانەی کە دیدگای (سروشتیو فەرهەنگیو مێژوویی یان) هەیەو بەڵام پاشان لەسەردەمی مۆدیرنیتی بەدواوە ئەم زەمینەیە یان ئەم بنەما رەواییە دەبێتە (یان





لەراستیدا دەکرێتە) بنەمای دەوڵەتو کۆمەڵگا. ئەگەر چی وشەی Nation (نەتەوە) وەکو زاراوەیەك لەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسیدا لەسەدەی چواردەهەم پەیدابووە، بەڵام بەماناو چەمکی سیاسی بۆ دەسەلات، پەیوەندی بەسەردەمی دواترەوە هەیەو بەتایبەتی لەدوای هەردوو شۆڕشی ئەمریکیو فەرەنسی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە.[٤٩]

دیدەگای رەوایی دان بە (نەتەوە)و دەسەلاتی نەتەوە لەلای بیریارانو دەسەلاتدارانی شۆڕشی فەرەنسی بەدەربڕینی لیبرالیو ئازادی خوازی زۆر بەرۆشنی بەیان کراوەو بیروباوەڕەکانی ئەوان وامان لێدەکەن کە نەتەوەو چەمکی نەتەوایەتی، بەمانای تێگەیشتنی ئازادی خوازی سەرچاوەکانی هەموو بنەماو بڕیاردانەکان بناسینو هەربۆیەش (ئابەسی) لەسەرەتای ساڵی ١٧٨٩دا لەنامیلکەی (کام حکومەت؟)دا دەڵێ: "نەتەوە بەسەر هەموو شتەکاندا بەهرەمەندترەو بنەماو سەرچاوەی هەموویانە. داخوازیو ویستی نەتەوە هەمیشە یاساییەو هەر بۆ خۆی یاسایە... نەتەوەکانی سەر زەوی دەبێت وەکو کەسانی دەرەوەی کۆتی کۆمەلایەتیو لەقەڵەمڕەوی سروشتدا چاویان لێ بکرێت. ئەزموونی ئیرادەی ئەوان ئازادو سەربەخۆیە لەتەواوی شێوەکانی شارستانیدا، هەڵبژاردنی ئەوان کە تەنها لەشێوەی سروشتیدا هەیە، بەمەبەستی کاریگەری تەواو دەبێتە خاوەنی تایبەتمەندی سروشتی ئیرادەو هەڵبژاردن. نەتەوەیەك بەهەر جۆرێك کە رەفتار بکات، ئەو رەفتارە، بەتەواوی شێوەو چوارچێوەکانیەوە شایستەیەو ئیرادەکەشی هەمیشە یاساییە" بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو هاوولاتی لەهەمان ساڵدا ئەم بابەتەی بەم شێوەیە بڕیاردا: سەرچاوەی تەواوی دەوڵەتو دەسەلاتەکان بەتەواوی لەنێونەتەوەدایە. هیچ کەس تاك یان کۆمەڵێك ناتوانن دەسەلاتیان هەبێت کە بەئاشکرا ئەو دەسەلاتە لەلایەن نەتەوەوە یاسایی نەکرابێت.[٥٠] پێش ئەم مێژووە، جان جاك رۆسۆ بەشێوەی خۆیو لەدەربڕینی گشتی ترو مرۆڤانەتردا پەیوەندی شوێنی مەبەست بەم جۆرە بەیان دەکات: نەتەوایەتیو هاوولاتی بوون، هەنگاوێکی پێویستە بۆ بەدەست هێنانەوەی مرۆڤایەتیمان. یان دەڵێت، هاوولاتی ئایینی ئازادییە.

پێکەوە بەستنی چەمکەکانی نەتەوە، دەسەڵاتی نەتەوە، سەرچاوەکانی ڕەواییو دەسەڵاتی سیاسی لەزەمینەی هاوولاتی بوونو مرۆڤایەتیدا بۆ بەدەست هێنانی ئازادیو سەروەری تاكو کۆمەڵەکان، ئەو بنەما گرنگانەن کە هەر لەسەرەتاوە شۆڕشەکانی ئینگلیزی (١٦٨٨)، ئەمریکی (١٧٧٦)و فەرەنسی (١٧٨٩) ئەو مەسەلەیە بەرەو لیبرالیزمو بیروباوەری ئازادی خوازی دەبەن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی شارەزایانو بیرمەندانی بواری نەتەوایەتیو بەتایبەتی (هوبزباوم، گیلنەرو ئەنتۆنی سمیس) لەسەر ئەوە هاوڕان کە سەرەتای بزاڤی نەتەوایەتی لەو شۆڕشە کاریگەرانەدا لەسەر دەستی ئازادی خوازانو خاوەن بیروباوەڕی لیبرالیزم بوون. ناسیونالیزمی نوێ یان شێوەی مۆدیرینیتی لەناسیونالیزم (نەك دیدگای مێژوویی ـ فەرهەنگی ـ نەژادی) بە ڕۆشنترین شێوە لەشۆڕشی ئەمریکا کە لەلایەن بیرمەندانەوە بەناونیشانی پێکهێنانی یەکەمین نەتەوەی نوێ First New Nation بۆ خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی، ئازادیو دیموکراسیدا کرایە سەرچاوەی رەواییو دەسەڵاتەکان. و لەشۆڕشی فەرەنسیشدا بەئاشکرا لەپێناوی سازدانی مۆدێلی تازەی سیستەمی سیاسیدا کە بیروباوەڕی (هاوولاتی) و(دەسەڵاتی نیشتمانی)یان هێنایە کایەوە.

لەگشتی ترین شێوەدا لیبرالەکان (ئازادی خوازان) لەو باوەڕەدان کە رەوایی دەوڵەتو ولات لەسەر پایەی ڕێزگرتن لەئازادیو سەربەخۆیی تاکەکاندایە، بەڵام ناسیونالیستەکان، بەپێچەوانەوە، هەڵوێستی ئەوە دەنوێنن کەڕەوایی ولات پێویستی بە هاوئاهەنگیو جووت بوونی رەوشی نەتەوایەتیو رەوشی دەوڵەتییە. ناسیونالیزمو لیبرالیزم ئایدیولوژی سەردەمی مۆدێرننو زۆر بەتوندی پەیوەندارن بە مۆدێرنیتی سیاسییەوە، هەرچەندە دیدگای وا هەیە کە لەو بڕوایەدایە کە ئەم دوو بیروباوەڕە ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دێرینی یۆنان. شێوەسازیو بەهێزبوونی هەردوو (لیبرالیزمو ناسیونالیزم) دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو هەتا گەیشتوونەتە ئێستا گۆرانکارییان بەخۆوە بینیووە. بۆ ئەمەش بیروباوەڕی وا هەیە کە "لەبەر ئەوەی لیبرالیزم





لەگەڵ نوێکردنەوەی دیدگای سیاسیدا هیچ تێبینییەکی نییە، چونکە ئازادی خوازی پەیامی لۆجیکی گەشەکردن، ئازادیو سەروەری عەقڵە لەبەرامبەر دەسەڵاتی خورافەو دینو نەریتو لەئەنجامدا لیبرالیزم گرێ دەدەنەوە بەسەردەمی رۆشنگەری ولایەنگیری لەپەیامو دەرسەکانی ئەو سەردەمە. بەڵام ناسیونالیزم پێی وایە کە نەتەوایەتی ((رووداوێکی سروشتییە) یان دیاردەیەکی فەرهەنگیو نەژادییە)).[٥١] پەیوەندیو جیاوازی نێوان ناسیونالیزمو لیبرالیزم بۆ هەردوو دیاردەی (نەتەوایەتی)و (هاوولاتی) یەکێکە لەچەمکە هاوبەشو جیاوازەکانی نێوان هەردووکیان کەوا دەکات بگەینە سەرەتای ئەو پەیوەندییە بەرەو ئاراستەی کاریگەری لیبرالیزم لەسەر خودی ناسیونالیزمو زیاتر پابەند بوونی نەتەوەکانو نەتەوایەتی بەپرۆسەو تێڕوانینی مۆدێرنیتی سیاسی، بۆ ئەم مەبەستە ئەریك هۆبزباوم دەڵێت: ((هاوکێشەی نێوان نەتەوە ـ دەوڵەت ـ گەل بەسەر هەردوو دیدگای نەتەوایەتیو هاوولاتیدا پیادە دەبێت. لەلای ناسیونالیستەکان ئەفراندنی قەوارەی سیاسی وەها کە بوونو رەوایی خۆی لەمێژوو یان جیاکردنەوەیان لەبێگانەکان وەردەگرێت، بەڵام چەمکی ناوەندی لەدیدگای دیموکراسیو لیبرالیزمدا بریتییە لەهاوولاتی + گەلی سەروەر= دەوڵەت کە دەبێتە پەیوەندی سەرەکی بۆ پێکهێنانی نەتەوە، یان دەبێتە نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەبەرامبەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بەم شێوەیە لەبەرامبەر دەوڵەتدا هاوولاتیانن کە گەل دروست دەکەن، بەڵام سەبارەت بەرەگەزی مرۆڤ ئەوان دەبنە نەتەوە))[٥٢]

بۆ ئەوەی بتوانین لەهەموو دیدگاو ئاستەکاندا پەیوەندیو جیاوازی نێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم چاکتر بناسین، وام پێ باشە کە ئاستەکانی لیبرالیزم یان سەرچاوەی دیدگای لیبرالیزم یەك بەیەك باسبکەمو هەر لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیو جیاوازییەکەی لەگەڵ ناسیونالیزمدا بخەمە روو. بۆیەش بەو جۆرە گرنگیو سەرەتایی دەدەم بە لیبرالیزم چونکە تا ئێستا بەشێوەی فراوان باسی ناسیونالیزمان لەئاستە جیاوازەکاندا شیکردۆتەوە.

### تاك باوەڕی و سەروەری و سەربەخۆیی تاك:

لەلای لیبرالیزم باوەرهێنان بەسەروەری و سەربەخۆیی تاك و ڕێزگرتن لەماف و ئازادییەکانی تاك دەبێتە پرسی سەرەکی بۆ رەوایی دان بەدەوڵەت و کۆمەڵگا و هەر لەم روانگەیەشەوە، واتە تاك باوەڕی، دەبێتە ناوەڕۆکی سەرەکی مۆدیرینتی. بۆ ئەمەش تیۆری ئازادی خوازی (لیبرالیستی) رەوایی خۆی لەهاوهەنگی و مەنتقی بوونی ئەو بەڵگانەوە بەدەست دەهێنێ کە ژێرخانی ئەم دیدگایە بونیاد دەنێ. تاکێکی لیبرال لەو باوەڕەدایە کە بەشێوەی مەنتقی و بەڵگە هێنانەوە، نەك حوکمدان، دەتوانێ هەڵوێست و دیدگای خۆی بۆ کەسانی دیکە رۆشن بکاتەوە. لەبەرامبەردا ناسیونالیزم کە رەوایی خۆی لەسەر پایەی بوونی پێشوەختی نەتەوە بونیات دەنێ، بۆیە پێویستی بەوە نابێت کە ئەمە بسەلێنێ و سەرەنجام ناسیونالیزم بە دەربڕین و حوکمی بەڵگەنەویست خۆی دەسەلێنێ، نەك لەسەر بنەمای گفتوگۆ و هێنانەوەی بەڵگەی مەنتقی. هەر لەروانگەی سەروەری و سەربەخۆیی تاکەوە، لیبرالیزم بڕوای بەوەیە کە ناسنامەو پێگەی تاك دەبێت لەزەمینەی ماف و ئازادییەکانی خودی تاکەکانەوە بەدەست بێت. واتە لیبرالیزم بڕوای بەوەیە کە ناسنامە دروست دەکرێت، لەکاتێکدا کە ناسیونالیزم وا بیر دەکاتەوە کە ناسنامە لەزەمینەی گشتی فەرهەنگی و نەژادی نەتەوەدا دەدرێت بە تاکەکان.

دیدگای ئازادی خوازی بڕوای بەوەیە کە مرۆڤ تەنها دەبێت لەپێناوی خۆیاندا بژین بەڵام نەتەوایەتی هەموو شت دەخاتە خزمەتی نەتەوەو سەوەری و سەربەخۆیی نەتەوەوە. لیبرالەکان پەیڕەوی لەقسە کاریگەرەکەی کانت دەکەن کە دەڵێ (تاك هۆکارێك نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵکو تاك بۆ خۆی ئامانجە"[٥٣] و هەر لەم مەبەستەوە (میشیل فۆکۆ) ئەوە روون دەکاتەوە ((کە ئەو شتەی بەتایبەتی مۆدیرنیتی لەسەردەمی پێش خۆی جیادەکاتەوە (دۆزینەوەی مرۆڤ)ەو (ئەم دۆزینەوەیە) لەلای کانت بەرۆشنترین شێوە باسدەکرێت. مەبەستی فۆکۆ لەم وتەیە ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار مرۆڤ دەبێتە پێوەری رەسەنی واقعیەت و راستی))[٥٤]. ئەو کاتەی کە مرۆڤ دەبێتە ئامانج و





دۆزینەوەی مرۆڤ دەبێتە پێوەری رەسەنی راستی، بۆیە مرۆڤ وەکو کەسانی ئازاد و سەربەخۆ تەنها رێنماییان دەبێتە رۆشنایی عەقڵ، نەك دەسەڵات و مەرجەعیەت.

هەموو سەردەمەکانی پێش مۆدێرنیتی دەسەڵاتەکانی دین، بنەماڵەو پاشاکان و حکومەت دەبنە مەرجەعیەتی بڕیاردان لەچارەنووسی مرۆڤەکان، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنیتیدا بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی ئەدۆزێتەوەو خۆی دەکاتە پێوەری راستیەکان، هەر بۆیە ماف و ئازادی و خۆشبەختی مرۆڤ دەبێتە ناوەرۆکی سەرەکی بۆ ئازادی و ئازادی خوازی. چەمکی ئازادیش وا بەستەیە بەتێڕوانین و بەڵگەکانی عەقڵەوە، بۆ شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئازادی و عەقڵ با وا دابنێین کە ئەو ژیانە یان ئەو کەسەی کە بۆ بەسەر بردنی ئارەزووی چێژو ئیرۆسی تەرخان دەکرێت، لەوەی کە پابەندی عەقڵە ئازادترە. بەڵام لەدیدگای ئیمانۆیل کانت بەو جۆرە نییە، چونکە ئازادی واتە ئازادبوونی مرۆڤ وەکو کەسانی سەربەخۆو سەروەر، کە دەتوانن ژیانی خۆیان بەرێوبەرن فراوانترە لەئازادی ئاژەڵەکان کە هەموو چێژو غەریزەکانیان پیادە دەکەن، بەڵام ناتوانن خۆیان بەرێوەبەرن، چونکە وابەستەن بەسروشت و غەریزەی خۆیان.

### لیبرالیزم رێگای ئازادییە:

بڕوای پەیگیر بەبوونی ئازادی بۆ بەدەستهێنانی هەر ئاواتێك تایبەتمەندی دیارو ئاشکرای لیبرالیزمە لەهەموو سەردەمەکاندا. لەراستیدا نیگەرانی یەکەمی لیبرالیزم بۆ ئازادی تاك کەئیلهام بەخشی رزگاری مرۆڤەکانە لەچنگی هەموو هەژموونەکان، ئەو هەژموونەی کە لەلایەن دەوڵەت، یا دین یان پارتە سیاسیەکانەوە پیادە دەکرێت. بنەمای بونیادین لەلیبرالیزمدا بەهای ئەخلاقی و بەهای رەهاو کەرامەتی خودی کەسایەتی مرۆڤە، هەموو ئەمانەش کاتێك دێنە دی کەئازادی بکرێتە زەمینەی گشتی بڕیاردان، ئەخلاق و بیرکردنەوە لەسەر ئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگا. هەر لەم روانگەی ئازاد بوونەوە، لیبرالیزم بڕوای بە ئازادی و سەربەخۆیی تەواوی کەسەکان، کۆمەڵەکان، نەتەوەکان و

جیهان هەیە. لەسەر بنەمای ئازادی تاك‌و كۆمەڵ‌و نەتەوەكان‌و كاتێك ئازادی دەبێتە ئامانجی باڵای كۆمەڵگاو بەهرەمەندبوونی هەمووان لەئازادی، وا پێویست دەكات كە پێناسەو رادەیەك بۆ ئازادی دابنرێت بەجۆرێك كە هەمووان لێی بەهرەمەندبن‌و باشترین پێناسە هەر لەبەیاننامەی ماف‌و ئازادی مرۆڤ‌و هاووڵاتیانی فەرەنسی دایە كە دەڵێت: "ئازادی دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەر كارێكە كە ئاستەنگ یان زیان بەكەسێكی دیكە نەگەیەنێ... ئەم سنوورەی ئازادی دەبێت یاسا دیاری بكات"[٥٥]

ئەوەی پەیوەندی نزیكی بە ئازادی تاكەوە هەیە، ئازادی سیاسی، بیروباوەڕو رێكخستنە. لیبرالیزم داكۆكی لەمافی دامەزراندنی هەرجۆرێك لەئەنجومەنی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابووری، دینی‌و فەرهەنگی دەكات كە بەرەو پێش بەری بەرژەوەندی ئەندامەكانی بێت. تاك بەبێ ئازادی رێكخستن‌و سەندیكاو رێكخراوی دیموكراتی لەرەخنەو نەیاری خۆی بەرامبەر بەدەسەڵات‌و حكومەتەكان، یان ئەو ئاستەنگانەی كە رژێمی دەسەڵاتداری دەیسەپێنێ، بێ یارو یاوەر دەبێت. هێزو دەسەڵاتی پەیدابوو لەرێكخراو وگروپە جەمعییەكان وا دەكات كە تاك لەچوار چێوەیەك یان ئۆرگانێك بەهرەمەند بێت لەبەرامبەر بێدادی‌و دەسەڵاتی سەرەڕۆدا.

روانگەی ئازادی خوازی وێڕای ئەوەی كە پایەی رەوایی دەوڵەت‌و كۆمەڵگا لەماف‌و ئازادییەكانی تاكدا دەبینێتەوە، وەكو فراوانترین سنوری رەوایی، هەر بەو شێوەیەش ناسنامەی دەوڵەت‌و كۆمەڵگا دەكاتە ناسنامەی (هاووڵاتی) بوون، نەك ناسنامەی دینی، یان نەتەوەیی، یان چینایەتی‌و ئایدیۆلۆژی. یەكێك لەزەمینەكانی جیاوازی پەیگیری نێوان (نەتەوایەتی)و (لیبرالیزم) بۆ تێگەیشتن لەناسنامەی دیموكراسی‌و دەوڵەتی ئازاد مەسەلەی هاووڵاتی بوونە یان نەتەوەیی بوون، بەڵام سەرئەنجام هاووڵاتی بوون سنوورێكی فراوانتری ناسنامەی تاك، نەتەوە، دین‌و بیروباوەڕەكان)نەو هەموومان لەزەمینەی هاووڵاتی بووندا بەهرەمەند دەبین لەناسنامەی مەبەستی خۆمان. بەڵام لەو ناسنامانەی كە ناوم هێنان (نەتەوە، دین، چین‌و بیروباوەرەكان) مەرج نییە هەموو





تاكێك یان هاووڵاتییەك، لەناسنامەی تاكێتی خۆی (بەپێی ماف‌و ئازادییەكان) بەهرەمەند بێت. لەبەر ئەوەی كە ئازادی دەبێت بەپێی یاسا سنووردار بكرێت (واتە ئازادی ناسنامەش دەبێت لەزەمینەی هاووڵاتیدا هەم فراوان‌و هەم سنوردار بكرێت. ئەمەش دەبێتە ئەوەی ئێمە كە ئازادین نەتەوەیی بین، بەڵام ئازاد نین بە نەتەوایەتی دەسەڵات بەرێوەبەرین، ئازادین پەیڕەو لەدین یان بیروباوەرێك بكەین، بەڵام ئازادنین بەو دین‌و بیروباوەڕە حوكم بكەین‌و تەنها ئازادی فراوان (و سنووردار)ی ئێمە بۆ دەسەڵات‌و فەرهەنگ‌و ناسنامەی دەسەڵات پرسی هاووڵاتی بوونە. (هاووڵاتی بوون) ناسنامەیەكی فراوانە یان فراوانترینە چونكە هەمووان هاووڵاتین‌و ناسنامەیەكی سنوورداریشە، چونكە ناهێڵێ هیچ كەس‌و لایەنێ دیدگای فەرهەنگی‌و تایبەتی خۆی گشتی بكات یان بیسەپێنێ.[٥٦]

## دادپەروەری‌و یەكسانی لەمافەكاندا

یەكێكی دیكە لەبنەما بونیادیەكانی بیركردنەوەی لیبرالی مەسەلەی دادپەروەری‌و دەسەڵاتی یاسایە كە لەروانگەی عەقڵی مۆدێرن‌و بەدەست هاتوو لەدەستورەكانی (ئینگلیزی، ئەمریكی‌و فەرەنسی) سەرچاوە دەگرێت. دادپەروەریش پێوەرێكی گرنگی هەیە كە ئەویش یەكسانییە لەمافەكاندا. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت (بەبڕوای لیبرالیزم) كە یەكسانی بەو مانایە نابێت كە هەمووان توانای یەكسان، یان تێگەیشتنی ئەخلاقی یەكسان‌و رەوشی كەسایەتی یەكسانیان هەبێت. بەڵكو مەبەست لەوەیە كە دەبێت هەمووان لەبەرامبەر یاسادا مافی چوون یەكیان هەبێت‌و وە بەهرەمەندبن لەهەلی ژیان‌و ئازادی یەكسان. روانگەی ماركسی بۆ یەكسانی لەچوون یەكی ئابووریدا بە ئەنجام دەگات‌و لەكاتێكدا لەلای ناسیونالیزم هەموومان لەناسنامەی نەتەوەیی‌و پابەندبوونمان بە نەتەوەوە یەكسانین.

لیبرالیزم وا بیردەکاتەوە کە هیچ یاسایەك نابێت ئیمتیازو بالاٌتربوون بدات بەهەندێكو هەندێکیش پەراوێزبکات. یاسا لەهەموو رەوشەکانی یارمەتی دان، پارێزگاری یان سزادەردا دەبێت بۆ هەمووان یەکسان بێتو ئەمەش دەبێتە گرنگترینو کۆمەلاٌیەتی ترین زەمینەی مافو ئازادیو گەشەکردنی تاکەکان. ئیمتیازو هەلاٌواردن لەسەر هەر بنەمایەك بێت (نەژاد، دین، چین، دەسەلاٌت یان بیروباوەڕ) ستەمێکە لەتاك دەکرێتو رێگر دەبێت لەئازادی لەفراوانترین سنوورەکانیدا، کە ئەویش ئازادی تاكو هاوولاٌتیانە. بەیاننامەی (مافەکانی مرۆڤو هاوولاٌتی) لەفەرەنسای ۱۷۸۹و (سەربەخۆیی تاكو ولاٌت) ئەمریکای ۱۷۷٦ پەیوەندی نێوان ئازادی تاكو حالەٌتی نەتەوایەتیو نیشتمانی ئەو سەردەمە لەیەکسانی مافو ئازادییەکاندا دەدۆزێتەوە.

## لیبرالیزمو دەولەٌت

کاریگەری گشتیو سەرەکی لیبرالیزم وەکو بیروباوەڕێکی سیاسی لەدەولەٌتدا بەدی دەکرێت. لەدیدگای لیبرالیدا مەبەستی سەرەکی لەدەولەٌت، پارێزگارییە لەئازادی، یەکسانیو ئاسایشی هەموو هاوولاٌتیان. هەر بۆیە دەولەٌتی لیبرال، چ بەشێوەی پادشایی یان شێوەی کۆماری، لەسەر بنەمای یاساو دەستوور بەرێوە دەچێ، ئەو دەستوورو یاسایەی کە لەلایەن یاسامەندانو پسپۆرانەوە دەنووسرێتو لەدەنگدانی گشتیو سەر تاسەریدا رەوایی پێ دەدرێ. لەلای لیبرالیزم، هیچ دەولەٌتو دەسەلاٌتێك رەواو یاسایی نییە، تەنها ئەوانە نەبێت کە لەسەر بنەمای پەسەندیو خواستی خەلكٌو هاوولاٌتیان دادەمەزرێ.

بەلاٌم پایەی سەرەکی دەسەلاٌتو رەوایی لەناسیونالیزمدا بوونو رەوایی نەتەوەو ناسنامەی نەتەوەییو پارێزگارییە لەحالەٌتی نەتەوایەتی. لیبرالیزم، لەپێناوی پارێزگاری لەمافی تاكو کەمینەکان، گرنگی زۆر بەسنووردارکردنی دەسەلاٌتی دەولەٌت دەداتو لەروانگەی مافو ئازادییەکانەوە دەسەلاٌتو سیستەم کۆنترۆلٌ دەکات. زاراوەکانی





(ئازادی مەدەنی)و (مافی سروشتی)و (مافەکانی مرۆڤ) ئەو پێگانەن کە دەبێت دەولەٌتی مۆدێرن پەیڕەوییان لێ بکاتو بەپێی بەیاننامەی سەربەخۆی ئەمریکا بریتین لە (مافی ژیانو ئازادیو پەیداکردنی خۆشبەختی)و بەپێی دەستووری فەرەنسی مافەکانی مرۆڤ (مافی ئازادی، خاوەنداریێتی، ئاسایشو بەرەنگارییە لەبەرامبەر ستەم)و ئەم مافانەش نابێت بەکەم بگیرێنو یان زەوت بکرێنو سروشتی ئەم مافانەش جیهانیو مرۆڤایەتین، نەك نەتەوەیی یان دینی یان چینایەتی.

دەولەٌتی لیبرال حکومەتی یاسایە، نەك حکومەتی خودا (شەرعیەتی دینی)، یان دەولەٌتی توتالیتاری (نەژاد پەرستی) یان (کۆمۆنیستی) یان (فاشیستی).

## پەیوەندی مێژوویی نێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم

تێگەیشتنو تیۆرسازی دەربارەی ناسیونالیزم کە لەلایەن بیرمەندانی لیبرالەوە داهێنراوەو وەکو چوارچێوەیەك بۆ خەباتی سیاسی بۆرژوازی لەپێناوی دیموکراسی خراوەتە روو، لەلایەن مارکسیەکانیشەوە پەسەند کراوە. تایبەتمەندی سەرەکی ناسیونالیزم لەوکاتەدا زۆر بەتوندی بەپەیدابوونو بەهێزبوونی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییە وەگرێ دراوە کە لەقۆناغی دواتردا بەرەو ئیمپریالیزم دەچوو. "هەندێك لەبیرمەندانی لیبرال زۆر پابەندبوون بەلێکدانەوەی فەلسەفیو فەرهەنگی سەردەمی پیشەسازیو مۆدێرن سازی بۆ رۆشن کردنەوەی ناسیونالیزم. ئەم رەوتە سەرچاوەی سەرەکی نەتەوایەتی ئەوروپایی لەفەلسەفەی کانتو فیختەدا دەبینن کە ئۆتۆنۆمیو سەربەخۆیی سیاسی نەتەوەکان بەباشییەکی رەها دەبینن" بۆ دامەزراندنی دەولەٌتو کۆمەلگٌای ئازادو نوێ[٥٧]

وتاری تیۆری بۆرژوازی لیبرالو رووناکبیرانی سەبارەت بە ناسیونالیزم، هەر لەو روانگەوە دەبێت، کە نەتەوایەتیو کارکردن بەبنەمای نەتەوە بۆ نوێ کردنەوەی دەولەٌت یان دامەزراندنی دەولەٌتی نوێ، زەمینەیەکی زۆر گرنگی گەشەکردنی سەرمایەداریو

بونیادنانی سیستەمە مۆدێرنەکانی دیموکراسییە. ئاستەکانی ئەو وتارە تیۆری یەی نێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم، لەلای بیرمەندێکی وەکو (ئەریك هۆبزباوم) بەم جۆرە دەخرێنە روو:

أ- پەیدابوونی دوو هێزی مەزنی نوێ لەئەوروپا کە لەسەر بنەمای نەتەوایەتی، دەوڵەتی نوێ دروست دەکەن، کە ئەوانیش ئیتالیا (١٨٦١)و ئەڵمانیا (١٨٧١)و دابەشکردنی تەواوی هێزی سێهەم لەسەر هەمان بنەما کە ئیمپراتۆری (نەمسا-مەجەر)ە لەدوای پەیمانی دابەشکردنی ساڵی (١٨٦٧). هەر لەم روانگەو بەرژەوەندییەوە پەسەندکردنی ئەو قەوارە بچووکە سیاسیانەی کە دەبوونە دەوڵەتی سەربەخۆ کە لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دادەمەزران، لەرۆژئاواوە (بەلجیکا) هەتا دەوڵەتە میراتگرەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەباشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا (یۆنان، سربیا، رومانیاو بولگاریا)و بەرپابوونی دوو شۆڕشی گەورەی نەتەوەیی پۆڵەندا بۆ سەر لەنوێ سازدانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دڵخوازی خۆیانو کۆتایی هێنان بەدابەشکردنی پۆڵەندا. ئەم سەردەمە (واڵتەر باگهۆت) ناوی دەنێ سەردەمی (دروست کردنی نەتەوەکان) Nation- Making کە دەبێتە ناوەرۆکی جەوهەری گەشەکردنی سەدەی نۆزدە.[٥٨]

ب - سەردەمی دروستکردنی نەتەوەکان لەئەوروپا هاوکاتە لەگەڵ زەمانی کلاسیکی لیبرالی بازرگانی ئازاد، یان دەوڵەتەکانی نەتەوە دەبوونە زەمینەی گەشەکردنی سەرمایەداری، و بیرمەندانی هاوچەرخی لیبرالی ئەم ئەرکو زەمینەیە چۆن دەبینن؟ رۆڵی دەوڵەتی نەتەوەییو ئابووری نیشتمانی ئەو دەوڵەتانە، پەیوەندی پتەوی نێوان ناسیونالیزمو گەشەکردنی ئابووری لیبرالیزم پێك دەهێنێ. هەر بۆیەش ئابووری سەدەی نۆزدە ئابووری یەکی نیشتمانیو دەوڵەتییە، نەك ئابووری جیهانیو کۆسمۆپۆلیتی. بیرمەندانی ئابووریو ئابووری ناسانی لیبرالی بڕوایان وایە کە «دابەش بوونی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوە سەربەخۆکان، لەگەوهەردا دابەشکردنێکی ئابوورییە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نەتەوە لەسەردەمی دوای شۆڕشو یەکگرتنەوەکانی نەتەوەیی زەمینەی یاساییو ئابووری





لەباری سازان بۆ ئاسایشی خاوەنداریێتیو پەیمانەکانی ئابووری، نەتەوەیەکی خاوەن سامان پێویستی بە دەوڵەتو حکومەتی یاسایی هەیەو هەر بۆ ئەم بەرژەوەندییە عەقلانی کردنی کاروهەنگاوەکانی حکومەت لەرێگای ئابووری لیبرالیو ململانێی ئازادەوە، دەکرێتە بنەماو یاسا»[٥٩] و بەمجۆرە دابەشکردنو جیاکردنەوەی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەکان زۆر بەسوود دەبێ چونکە دەبێتە زەمینەو هۆکاری ململانێی ئازادی ئابووریو گەشەکردنی ئابووری.

ج - پەیدابوونی نەتەوایەتیو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە یان نیشتمان، لەروانگەی گەشەکردنی مێژوویی لیبرالیزمەوە (هەروەکو مارکسیزمو ماتریالیزمی مێژوویی) پەسەند دەکرێت. چونکە گەشەکردنی خێزان بۆ خێڵ، پاشان ناوچەو سەرئەنجام بۆ نەتەوەو لەوێشەوە بۆ حاڵەتی جیهانگیری، یەکێکە لەدیدگا سەرەکیەکانی لیبرالیزم کە باوەڕهێنانە بەگەشەکردنی مێژوویی، ئابووریو سیاسی. لەبەر ئەوە نەتەوە لەروانگەی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیدا قۆناغێکە لەقۆناغەکانی سەرمایەداریو زەمینەی لەبارە بۆ گەشەی ئابووری ئەو سیستەمە. گەشەکردنی ئابووری سەرمایەداریو دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەکان، دەبنە چوارچێوەی ئابووری سیاسی گونجاو بۆ ئازادیو گەشەکردنی بیروباوەڕو ناسنامەکانو تەنانەت هەلومەرجی بڕیاردان بۆ پەیوەست بوون بە نەتەوە یان نا. لەم بوارەدا چوونە ناو نەتەوەکانو خاوەنداریێتی لەناسنامەی نەتەوەکان زۆر ئاسانتر دەبێت لەناسنامەو رەوشی چینایەتی یان ئایینی.

د- پەیوەندی نێوان نەتەوەو دروشمە مەزنەکانی لیبرالیزم (ئازادی، یەکسانیو برایەتی) یان (سەربەخۆیی تاکو نیشتمان) هاوپەیمانییەکی مێژوویی نێوان نەتەوایەتیو لیبرالیزم پێکدەهێنێ، کەوا دەکات چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەو نیشتمان ببنە سنوورە سیاسیەکانی گەشەکردنی ئازادیو ئازادی خوازی (لیبرالیزم). لەبەر ئەم هۆیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، چەمکی نەتەوەو (نەتەوایەتی) هەروەکو لەلوتکەی گەشەکردنی لیبرالیزمی بۆرژوازیدا بەدی دەکرێت، لەسەردەمێکدا دەبێتە پرسێکی

گەورەی سیاسەتی نێو دەوڵەتیو لەپەیمانی ئاشتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم «دیدگاو فۆرمۆلەی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا (ویدرۆ ویلیۆن) کە کۆنترۆڵی پەیمانی ئاشتی کردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە (٢٧) دەوڵەتی دیکە بۆ ئەوروپا زیادبکرێتو ئەم بنەمایەش ببێتە بەهانەی مێژوویيو سیاسی بۆ بەردەوام بوونی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکەی ئەوروپا کە لەوانەیە ژمارەی دەوڵەتەکانی بگاتە ٤٢ دەوڵەت».

بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی پەیوەندیو کاریگەری نێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم، لەدوای سەردەمی مێژوویيو گوڕانکاریەکانی ئابووریو سیاسی لەو سەردەمانەدا، دەبێت لەلای بیرمەندانی ئەو سەردەمانەش، دیدگاو هەڵوێستەکان بزانین بۆ شارەزایی زیاتر لەو گۆڕانکارییانە لەسەر ئاستی تیۆریو رووناکبیری.

## ماتزینی: نەتەوایەتیو خەڵك سالاری

جۆزپەماتزینی (١٨٠٥ـ ١٨٧٢) ناسیونالیستو دیموکرات خوازی ئیتالیایی، ئەو بەیەکێك لەفەیلەسوفانی سیاسیو رابەرانی بزاڤی نەتەوەییو لیبرالی وڵاتی خۆیو ئەوسای ئەوروپا دادەنرێ. ئومێدی ئەو بۆ یەکگرتنەوەی ئیتالیاو دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر پایەی سیستەمی کۆماری خەڵك سالار بونیاد نرابوو. ئەو هەرچەند زۆر پەیگیرانە تێکۆشەرو بیریاری نەتەوەیی بوو، بەڵام بەتەواوی کەسێکی لیبرالو ئازاد بوو. ماتزینی لەپێکهێنانی سازمانەکانی (ئیتالیای لاو)و (ئەوروپای لاو) بنەماکانی ئازادی، یەکسانی، مرۆڤایەتیو سەربەخۆییو یەکێتی دەکردە رێنماو بەرنامەی رێکخراوەکانو شۆڕشی ئیتالیا. هەڵبژاردنی چەند گوشەیەك لەفەلسەفەی نەتەوەیی ماتزینی بۆ ئەم باسەمان بەسوودە:

... وڵات تەنها زەمینو خاك نییە، بوونی نیشتمانێکی تایبەتی بونیادی وڵاتە. وڵات ئەو چەمكو ئەندێشانەیە کە لەسەر ئەوان بونیاد دەنرێت. هەستی خۆشەویستیو سۆزی برایەتی هەموو رۆڵەکانی نیشتمانی بەیەکەوە گرێ دەدات. تا ئەوکاتەی یەکێك





لەبرایانی ئێوە لەگەشەپێدانی ژیانی نەتەوەییدا بەدەنگو بڕوای خۆی ئامادەیی نییە، تا ئەوکاتەی کە یەکێك لەنێوان ئێوەی خوێندەواری رووناکبیراندا، نەخوێندەوارەو تائەو کاتەی کەسێك تواناو ئارەزووی کارکردنی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارەوە لەهەژاریدا بەرەو توانەوە دەڕوات، کەواتە ئێوە وڵاتێکتان بەو شێوەیەی کە دەبێت وابێت، وڵاتی هەمووان بۆ هەمووان، بەدەست نەهێناوە. رێکخستنو پەروەردەو کار سێ پایەی بنەڕەتی نەتەوەنو تا ئەو کاتەی دەستەکانی ئێوە بەهێزو راوەستاو بێ، ئەم سێ بنەمایە نەخەنە ژێر چنگی خۆتانەوە، هەست بەئارامیو دڵنیایی ناکەن.

ئیتالیای لاو، کۆماریو یەکگرتووە:

لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەیەك لەرووی لۆژیكو بەپێی یاسای خواوەندو مرۆڤ، لەچارەی نووسراوە تا کۆمەڵێکی ئازادو یەکسان لەبرایان دروست بکاتو سیستەمی کۆماریش تاکە شێوازێکی حکومەت کردنە کە ئەم ئامانجانە دابین دەکات.

لەبەر ئەوەی هەر دەسەڵاتێکی راستەقینە لەبنەڕەتدا لەنەتەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە تاکە شیکاری پێشکەوتووخوازو هەمیشەیی یاسای باڵای ئەخلاقی هەیە.

بەبێ یەکێتیو یەکگرتن، نەتەوەی راستین بوونی نییە.

بەبێ یەکێتی، دەسەڵاتو توانای راستەقینە بوونی نییە. چوار لای ئیتالیا بەنەتەوە گەلێکی بەدەسەڵاتو بەهێزو یەکگرتوو چاوچنۆك دەورە دراوە، کەواتە پێش هەموو شت، پێویستیمان بەدەسەڵاتو توانست هەیە....

یەکێتی نەتەوەیی، بەو شێوەی کە ئیتالیای لاو تێی گەیشتووە، بەمانای ستەمگەری کەسێك نییە، بەڵکو بەمانای هاوکاریو پێکهێنانی هەموانە. ژیانی ناوخۆییو دەروونی لەهەموو شوێنێکدا پیرۆزە. ئیتالیای لاو رێکخراوێکی راپەراندنی وای دەوێت کە لەسەر پایەی رێزی ئایینی تەواو دامەزرابێتو لەپێناوی ئازادیدا کۆمەڵ بەرنامەرێژی بکات، بەڵام ئەو رێکخراوە سیاسیەی کە بڕیارە نوێنەری ئەم نەتەوەیە بکات لەئەوروپا، یەکگرتوو ناوەندێتی دەبێت.

هەموو خەڵك پەیامی تایبەتیو دیاریکراویان هەیە، کە ئەویش هاوکاریو ڕێگای بەئەنجام گەیاندنی پەیامی گشتی مرۆڤایەتییەو هەمان پەیامی تایبەتە کە ڕەوشی نەتەوایەتییان ئافەرین دەکات، و نەتەوایەتی پیرۆزە...

مرۆڤایەتی تەنها ئەو کاتە بە مانای ڕاستەقینە دروست دەبێت، کە هەموو ئەو خەڵکانەی کە پێکهێنەرین، دەستیان بە بەڕێوەبردنی ئازادانەی خۆیان کردبێو لەکۆنفیدراسیۆنێکی کۆماریدا بەشداربن، کە بەراگەیاندنی بنەماو رابردووی هاوبەش بەرەو ئامانجی هاوبەش ڕێنومایی بکرێن کە ئەمەش مانای دۆزینەوەو کامڵ بوونی یاسای ئەخلاقی گشتیو جیهانییە....(٦٠)

## جۆن ستیوارت میل: لیبرالیزمو مافی دیاریکردنی چارەنووس

فەیلەسوفی لیبرالی بەریتانی، کە لەپارێزەرانی سەرسەختی ناسیونالیزمو مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی بوو. پەیوەندی نێوان ناسیونالیزمو دیموکراسی یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە لەلای ستیوارت دەبێتە چارەنووسی هەردووکیان بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەدا کە زیاتر لەنەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەکی تێدا دەژیو لەم زەمینەیەدا: ((لەوڵاتێك کە لەچەند نەتەوەی جیاواز پێك هاتبێت، بوونی نیهادو دەزگا ئازادەکان تا ڕادەیەك نامومکینە، بۆیە دەبێت. لیبرالو دیموکراتەکان، مەسەلەی نەتەوایەتیو چارەسەری مافی بڕیاردانی نەتەوەکان وەکو هۆکارێکی بەهادار چاولێ بکەن)).(٦١) لەکاتی نەبوونی ئازادیو سەربەخۆیی نەتەوەکاندا، خەڵکانی نەتەوە جیاوازەکان لەهاودەردیو تێگەیشتن لەیەکتر کە لەپێناوی حکومەتی نوێنەراندا بێ بەهرەبن، ئەوان لەجیاتی ئەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵ یان چاودێری بکەن، لەبەرامبەر یەکتردا دەوەستنو بەئاسانی دەبن بە ئامێری دەستی دەوڵەتەکان. پێشکەوتووخوازی میل، کە لەڕوانگەی ئازادی خوازی لیبرالیزمەوەیە، بەو جۆرەیە کە بڵێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی تایبەتمەندی نەتەوە پێشکەوتووەکانە، و باشترین ئارەزووی نەتەوە





دواکەوتووەکان ئەوەیە کە بەو مافە بگەن. ئەمەش یەکێکە لەو داهێنانو نوێ باوەڕیانەی میل کە مەسەلەی نەتەوە دواکەوتووەکان، دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ لەنێوان لیبرالیزمو ناسیونالیزم. ئەو نەتەوانەی کە بێ بەشن لەمافی دیاریکردنی چارەنووسو بەدەست هێنانی سەربەخۆییو سەروەری دەوڵەتی تایبەتی خۆیان، بێگومان بێبەش کراویش دەبن لەمافو ئازادییە گشتییەکان لەزەمینەی مافە سروشتییەکانی تاك، دەسەڵاتی یاسا، ژیانی ئابووری گونجاو، حکومەتی یاساو فەرهەنگو پەروەردەی پێشکەوتوو. هەر بۆیەش ستیوارت میل بڕوای وایە کە دەبێت لیبرالیزمو ناسیونالیزم لەدیموکراسیدا ئاوێتە بکرێن. بڕوای میل بۆ پارێزگاری کردن لەنەتەوە دواکەوتووەکانو بەهرەمەندبوونیان لەمافە نەتەوەییەکان، بەتەواوی پێچەوانەی بیرو باوەڕی مارکسیەکانو بەتایبەتیش دیدگای ئەنگلز، کە ئەم نەتەوانە بە زباڵەی مێژوو یان بەکرێگراوی کۆنەپەرستیلەدژی بزاڤی چینی کرێکار دەزانێ.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، کاریگەری دیدگاو تیۆری جۆن ستیوارت میل لەفشاری ویدرۆویلسۆن لەپێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکانو دابەشکردنی ئیمپراتۆریا کۆنەکان (هابسبۆرگو عوسمانی) بۆ چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی، دەگاتە ئاکامو لوتکە. دیدگای سەرەکی میل، کە بێگومان سەر بە مەکتەبی لیبرالیزمە، دەربارەی ئازادی لەو بەڵگانەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئازادی دیاردەیەکی بەسوودو باشە بۆ هەمووان. بۆ نموونە ئازادی بیروباوەڕ بە کەڵکە، چونکە ئێمە وا لێدەکات باوەڕەکانی خۆمان لەئەزموونەدا تاقی بکەینەوەو ئەوان لەبەرامبەر بیروباوەڕی جیاوازدا لەمحەك بدەین. لەئەنجامدا بیروباوەڕەکانی خۆمان کامڵتر پەیدا دەکەینو، ئەم باوەڕانە بۆ ئێمە مانادارتر دەبن، چونکە نابنە بیرودیدگای سەختو وشك هەڵاتوو. ئەم مەسەلەیەش دەربارەی ئاواتی نەتەوەییو ناسیونالیزمیش هەر ڕاستە. ئەگەر ئێمە نەتەوە پەرستانی نەژاد پەرستو مێشك وشك بین کە لەگوێدان یان مامەڵەکردن لەرەخنەی نەتەوەی خۆمان یان هەستو غەریزەی نیشتمان پەرەستی خۆمان بەدوور بگرین، ئەوا لەخودی

نەتەوەو نیشتمانی خۆشمان تێ ناگەین. ئەم جۆرە نەتەوە پەرەستییە نەگۆڕو دواکەوتووە، هەتادێت کاڵ دەبێتەوەو پەیوەندی خۆی لەگەڵ راستینەی ژیانی ئێمە لەدەست دەدات. و چیدی نامانەوێ بزانین چۆن عەشقمان بۆ نەتەوە ئافەرین بکەین‌و چۆن فیداکاری لەپێناودا بکەین.

## ئایزایا بەرلین: پلورالیزم‌و سەرلەنوێ باسی لیبرالیزم‌و ناسیونالیزم

ئایزایا بەرلین (١٩٠٩ـ ١٩٩٧) یەکێك لەناودارترین فەیلەسوفانی بەریتانیا لەسەدەی بیستەم. ئەو لەساڵی ١٩٠٩ لەخانەوادەیەکی یەهودی رووسی لەشاری ریگا لەدایك بووە، ئەو شارەی کە ئێستا بەشێکە لەلیتوانیا. خێزانی ئەو لەساڵی ١٩١٧ لەپترۆگراد دەژیان‌و بۆیە لەوکاتەدا ئاگاداری تەواوی گۆڕانکارییە گەورەکانی شۆڕشی روسیا بووە. لەساڵی ١٩٢١ بە تەواوی رووسیا بەجێ دەهێڵن‌و دەگەنە ئینگلستان. یادەوەری بەرلین لەشۆڕشی رووسیا کاریگەری گرنگی لەسەر ئەو داناوە، و هەروەها لەناوبردنی بەشێك لەکەسوکاری ئەو لەشاری ریگا بەدەستی نازیەکان هەر بەو شێوەیە کاریگەر بووە، بۆیە بەشێکی زۆر لەنووسینەکانی بۆ ئەوە تەرخان کردووەو لەدژی هەژموونگەرانی تۆتالیتاریزم دیدگاو هەڵوێستی دیارو ئاشکرای هەیە[٦٢]. یەکێك لەروانگە دیارەکانی بەرلین بۆ ناسیونالیزم، بە پەیڕەوی لەلیبرالیزم، ئەوەیە کە لایەنی تۆتالیتاری‌و هەژموونگەرایی ناسیونالیزم پەسەندناکات‌و لەدیدگای ئازادی خوازییەوە، نەتەوایەتی‌و دەوڵەتی نەتەوەکان پەسەند دەکات‌و بەپێویستیان دەزانێت.

یەکێك لەگرنگترین لایەنەکانی مامەڵەی ئایزایا بەرلین لەگەڵ ناسیونالیزمدا، گەڕانەوەی ئەوە بۆ بیروباوەڕێکی کۆنتر، و لەزۆر روانگەوە عاقڵانە تر، کە ئەندێشەی لیبرالیزمە. بیرمەندانی لیبرالیستی ئەوروپای سەدەی نۆزدە، بەپێچەوانەی پێشینانیان لەسەدەی رۆشنگەری‌و هەروەها بەپێچەوانەی میراتگرانی سەدەی بیستەمیشیان، گرنگی دانە بەناسنامەی جەمعی‌و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤەکان ـ ئەو ناسنامەیەی کە جیاوازە





لەپابەندی مرۆڤایەتی‌و تا رادەیەك لایەنی تایبەتی نەتەوەییان هەیە. بیرمەندانی وەکو بنیامین کۆنستان، ئەلکس دووتۆکڤۆیل‌و جۆن سیتوارت میل هەستی نەتەوایەتی بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەزانن بۆ یەکێتی کۆمەڵایەتی‌و جێگیر بوونی سیاسی کۆمەڵگای لیبرال. بەپێچەوانەی لیبرالەکانی سەدەی بیستەم، (وەکو هایك‌و پۆپەر) کە بڕوایان وایە ناسیونالیزم ژیانەوەی خێڵایەتییە لەئاستێکی فراوانتردا، بەڵام بیرمەندانی لیبرالی سەدەی نۆزدەیەم گرنگی ئەندامێتی لەفەرهەنگی هاوبەش بۆ پاراستنی پابەندبوون بۆ سیستەمی لیبرال دەناسن. لەنێوان بیرمەندانی لیبرالی سەدەی بیستەم، جگە لەجۆزیف راز، تەنها ئایزایا بەرلین بوو کە ئەم نەریتە کۆنەی لیبرالیزمی زیندوو کردەوە. نەریتی شوێنی بڕوای بەرلین بریتییە لەنیازی مرۆڤ بۆ فەرهەنگی گشتی‌و بەرجەستە بوونی رەسەنی سیاسی لەبەرامبەر زریانی مۆدێرینتیدا، کە ئەویش دەوڵەتی نەتەوەیە. لەمانەش زیاتر، ئایزایا بەرلین لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمەڵگای مەدەنی‌و لیبرال ناتوانێ تەنها بە بنەما دابڕاوەکان یان رێسا گشتییەکانی لیبرالیزم بەرێوە بچێ، بەڵکو نیازمەندی فەرهەنگی نەتەوەیی دەتوانێ پایەدار بمێنێتەوەو لەنێوان تاکەکاندا هاوکاری‌و پشتیوانی بەدی بهێنێ. لەم بارەوە، بەرلین‌و جۆزیف راز لایەنی بە ناهەق فەرامۆشکراوی لیبرالیزمی (جۆن ستیوارت میل) یان زیندوو کردەوە، کە ئەویش دڵنیابوونەوە بوو بۆ گرنگی‌و پێداویستی نەتەوایەتی لەفەرهەنگی لیبرالیزمدا.[٦٣]

زۆرترین دڵبەندی بەرلین بە سەدەکانی هەژدەو نۆزدە بۆ ئەو بیرمەندانە بووە کە لەدژی باوەڕە سەرەکیەکانی سەردەمی رۆشنگەری بۆ عەقڵ، پێشکەوتن‌و هاوئاهەنگ کردن‌و هارمۆنی، هەڵوێستیان هەبووەو کاردانەوەیان نیشانداوە. بەرلین بڕوای وا بوو کە ئامانج‌و نیەتە باشەکانی ژیانی مرۆڤایەتی فرەن‌و تەنها لەسەرچاوەیەکەوە پەیدا نابن. هەوڵی رۆشنگەرانی سەدەی هەژدە بۆ دۆزینەوەی یەکێتی‌و تەواوێتی (کمال) لەژیانی مرۆڤدا، لەلای بەرلین بەناتەواو دادەنرێ‌و ئەم هەوڵە سەرئەنجام دەبێتە دیکتاتۆری. چونکە هەموو ئەو بیروهەوڵانەی کە بۆ یەکێتی‌و یەکبوون کراون لەرێگای توندوتیژی‌و

سڕینەوەی فرەیی‌و فەرامۆشکردنی ئەوانەوە بوون کە هاوئاهەنگ نین لەگەڵ هارمۆنیەتی عەقڵ‌و پێشکەوتن‌و یەکێتیدا. سەراری ئەوەی کە خۆی وەکو یەکێك لە (بیرمەندانی دژی رۆشنگەری) دەناسێنێ ، بەڵام لەهەوڵی دۆزینەوەی باپیرانی خۆیدایە لەو سەردەمەداو یەکەمین ناسیونالیستەکانی وەکو هێردەر دەکات بەسەرچاوەی دەست پێکردن بۆ فۆرمۆلەکردنی بیروباوەڕەکانی دەربارەی ناسیونالیزم. لەروانگەی لیبرالیزم‌و پێویست بوونی ئازادی‌و فرەیی تا رادەی تاك باوەڕی، بەرلین دەگاتە ناو فەلسەفە سیاسیەکەی خۆی کە ئەویش (پلورالیزمی سیاسی)یەو لیبرالیزم لەم روانگەیەوە دەکاتە سنوورەکانی ئازادی، خوێندنەوەی بەرامبەرو چەمکی لێبوردن‌و مودارات کردنی نێوان ئەو فرەییانە. پەباندبوون‌و سەخت ئەندێشی دەربارەی بیروباوەڕی تاکانەی (ئامانج خوازی) یان بەکارهێنانی هەموو شتەکان بۆ هێنانە دی ئامانجی بەرزو باڵا ، جا ئەو ئامانجە هەرچی بێت، لەلای بەرلین دەبێتە زەمینەو سەرچاوەی بیروباوەڕی توتالیتاری‌و سەرئەنجام داسەپاندنی هەژموون‌و دەسەڵاتی ئەو ئامانجە باڵایە لەرێگای دیکتاتۆری‌و توندوتیژی‌یەوە.(٦٤)

## دیدگای پلورالیستی دەربارەی ناسیونالیزم

دەبێتە زەمینەو سەرچاوەی بیرکردنەوەی ئایزایا بەرلین‌و هەمیشە لیبرال‌و سۆسیالیستەکانی بیری ئەوە هێناوەتەوە کە نەتەوەکان بەشێکی پایدارو هەتا ئێستا ماون لەدنیای واقعی‌و چەند لایەنەدا. واتە سەرەڕای داکۆکی کردن لەبوون‌و سەربەخۆیی‌و بەردەوامی مانەوەی نەتەوەکان، بەڵام لایەنی فرەیی‌و چڵ‌و لقەکانی ناو دنیای نەتەوایەتی لەبیرناچێت. هەندێك بڕوایان بەوەیە کە بیرکردنەوەی فرەیی‌و پلورالیستی ئایزایا بەرلین پەیوەندی نزیکی هەیە بە تێگەیشتنی ئەو بۆ ناسین‌و لێکدانەوەی ناسیونالیزم، یان ناسیونالیزم لەبەر ئەوەی بیروباوەڕو زەمینەیەکی فرەی هەیە، بۆیە دیدگای پلورالیستیش بەهرەمەند دەکات.(٦٥) هەر بۆ وەفادار مانەوە





بەپلورالیزمی سیاسی‌و یان وەکو بەر ئەنجامێکی مەنتقی دیدگای پلورالیستی، ئایزایا بەرلین تەنانەت لەبەرامبەر زۆرێك لەبیریارانی لیبرالی دەوەستێ‌و بەپێچەوانەی ئەوان بڕوای بەوەیە کە هیچ ئەگەرێك بۆ لەناو چوونی ناسیونالیزم یان ئیمتیمازو باڵاتر کردنی نەتەوایەتی نییە، چونکە ناسیونالیزم لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی مرۆڤایەتیدا ئاوێتە بووە. بەڵام لایەنی نێگەتیف‌و توتالیتاری ناسیۆنالیزمی لەبیرناچێت‌و باش تێدەگات کە ناسیونالیزم زۆر بە ئاسانی دەکرێتە زەمینەی هەژموونگەرایی‌و باڵاخوازی‌و زەمینەی یەکێتی‌و یەکبوون، یان پێی دەڵێت ((شتێك کە لەباری بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاوە گرنگ‌و مەترسیدارە)).(٦٦) زەمینەی گشتی‌و جەماوەری نەتەوایەتی کە بە چوارشێوە دەرئەکەوێت، ئەو لایەنە گرنگ‌و مەترسیدارانەن، کە ناسیولیزم دەکەنە هێزی هەژموونگەراو ئامانج خوازو تۆتالیتار، یان دەکرێتە باڵاترین ئامانجی گشتی‌و مەترسیدار، ((بڕوا هێنان بەپێداویستی خەڵك بۆ پابەندبوون بە نەتەوە، بڕوا بە پەیوەندی ئۆرگانێکی هەموو ئەو توخمانەی کە نەتەوە پێکدەهێنن، بڕوا بە بەهای تایبەتی خۆمان‌و نەتەوەی خۆمان، سەرئەنجام لەبەرامبەر نەیاران‌و بێگانەکان هەستی دەسەڵات‌و وەفاداری، بڕواهێنان بەباڵاتر بوونی (نەتەوەی) خۆمان))

سەرەتای ساڵانی دەهەی ١٩٨٠ ، لەلایەن بیریاران‌و فەیلەسوفان‌و کۆمەڵناسانەوە گرنگی زۆردرا بە پرسی (نەتەوەو نەتەوایەتی)و بیرمەندانی وەکو ئەرنست گیلنەر، بەندێکت ئەندرسۆن، ئانتۆنی سمیس، ئەریك هۆبزباوم، ئالان تۆرین، تزفتیان تۆردرۆف‌و ئەنتۆنی گیدنز، ئەو کەسانە بوون کە لەزۆر گۆشەوە دیسان گرنگی زۆریان بە نەتەوایەتی داو جارێکی دیکە نەتەوایەتییان وەکو یەکێك لەپرسە گرنگەکانی مرۆڤایەتی لەهەموو ئاستەکانی فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری‌و کۆمەڵناسیدا شیکردەوە. بەڵام پێش هەموویان بەدەهەیەك‌و لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠دا بەرلین بەرهەمی گرانبەهای خۆی بەناوی (چڵی چەماوە: یادداشتەکان دەربارەی ناسیونالیزم) ١٩٧٢و پاشان وتاری (ناسیونالیزم: فەرامۆشی رابردوو، دەسەڵاتی ئێستا)١٩٧٨ بڵاوکردەوە. ناونیشانی

وتاری یەکەم بەئیلهام وەرگرتن لەو رستە ناودارەی ئیمانۆیل کانت، دانراوە کە دەڵێت: ((لەبەدەنی چەماوەی درەختی مرۆڤایەتی، هیچ چڵێکی راست ناروێت)). لەهەردوو وتارەکەی بەرلیندا ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزمو درەختو لقی چەماوەی نەتەوایەتی خراونەتە بەر رەخنە، بەڵام لەهەمان کاتدا یادەوەریو هوشیاری داوە بەهەمووان کە فەرامۆشکردنی نەتەوایەتی بۆ هەتا هەتا پایەدار نابێتو هێندە نابات سەرهەڵدەداتەوە. بەراستی زیرەکیو پێشبینی ئایزایا بەرلین لەشوێنی خۆیدا بوو، ئەوە بوو کۆتایی ساڵانی هەشتاو لەناو چوونی بەشێك لەرژێمەکانی ئەورووپای ئۆردوگای سۆسیالیستی، بوونە سەرەتاو زەمینەی دیسان سەرهەڵدانەوەی گرنگیو مەترسیدار بوونی نەتەوایەتی تا رادەی نەژادپەرستیو هێرشەکانی کۆکوژی لەنێوان نەتەوەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات.

ئایزایا بەرلین لەتەواوی تەمەنی خۆیدا وەکو زایۆنیست مایەوە، چونکە ئەو بڕوای وابوو کە لەجیهانێکی نێوان نەتەوەکاندا، هەرکەسێك بۆ ئەوەی بەراستی لەئارامیو ئاسایشدا بژی، دەبێت جێگایەك یان نیشتمانێکی هەبێت کە پێی وەفادار بێت. هەرچەندە ئەو پابەندی بە هاووڵاتی بوونی بەریتانیاوە فەرامۆش نەکردبوو، بەڵام هەمیشە لەو باوەڕەدا بوو کە لەبەریتانیا بەناونیشا نی‌یە هوودییەك ئەو جگە لەپەنابەرو بیانی یەك زیاتر شتێکی دیکە نییە، بەرلینو یەهوودییەکانی دیکە بەو مەرجە پەسەند دەکرێن کە رەفتاریان باشبێت، بەڵام خاوەندارێتی لەخاکێکی نەتەوەیی، بەتەواوی بەمانای بوونی زادگایەك دێت کە لەوێدا هەستی پابەندی بێ قەیدو شەرت بەرهەم دێت. هەر بۆیە کە پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئاسایشو چارەنووسی یەهوودی دنیا بەرەو ئارامیو جێگیربوون دەچێت. بەڵام لیبرالیزمو پلورالیستی بیروباوەڕی بەرلین وای لێدەکات کە پشتیوانی لەپرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستینیو ئیسرائیل بکات، و بەتوندی ناکۆك بێت لەگەڵ حکومەتی (حزبی لیکۆد)، کە دیسان ئەمەش وای لێ ناکات بیروباوەڕی خۆی بگۆڕێ دەربارەی پشتیوانی لەئیسرائیلو نیشتمانی یەهوود.





ئاوێتەکردنی بیروباوەڕی ناسیونالیستیو بەتایبەتیش پشتیوانی کردن لەبوونی دەوڵەتی نەتەوە، لەگەڵ لیبرالیزمدا (بەئیلهام وەرگرتن لەجۆن ستیوارت میل) یەکێکە لەداهێنانو نوێ باوەڕیەکانی لیبرالیزم بۆ نەتەوایەتی، کە لەهەمووان زیاترو رۆشنترو فرەیی تر ئایزایا بەرلین پشتیوانی لێدەکات، بەتایبەتی دڵنیابوونەوە لەنیازو پێداویستی دەوڵەتی نەتەوەو پەیوەندی ئەو دەوڵەتە بەچارەنووسو ئاسایشی تاکەوە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەو نەتەوانەی کە تائێستا دەوڵەتیان نییەو هیچ کەس وەکو ئەو بەو پەیگیرییە ئەم باسەی نەوروژاندووە.

تا ئێستا ئاوێتەکردنی لیبرالیزمو ناسیونالیزمو لیکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندیو ئاوێتەیەم لەروانگەی پلورالیزمی سیاسی لەلای ئایزیا بەرلین خستۆتە روو، ئێستا باشترین شت ئەوەیە کە روانگەی پلورالیستی ئەو بۆ شیکردنەوەی خودی ناسیونالیزم باسبکەم، یان ئاستەکانی تێگەیشتنی بەرلین لەناسیونالیزم لەروانگەی پلورالیزمی لیبرالییەوە رۆشن بکەمەوە.

یەکەم، بەرلین هاودەنگە لەگەڵ تەواوی بیرمەندانی لیبرالدا لەدژی هەستی نەخۆشو توندڕەوی ئەو ناسیونالیزمەی کە لەسەدەی بیستەمدا باوبوو. چونکە ئەو هەستە توندڕەوو تاکڕەوە نەتابایە لەگەڵ بەهارەسەنەکانی لیبرالیزمدا وەکو (ئازادی، لێبوردن، خوێندنەوەی بەرامبەرو مودارات کردنی نێوان لایەنە جیاوازو ناکۆکەکان). بەڵام بەرلین نەتەوەیی بوون بە بەیانی تازەی مەیلو هاودڵی گشتیو هەمیشەیی مرۆڤ دەزانێ - مەیل بە بەخشینی ناسنامەی تایبەتیو بەشدار بوون لەشێوەکانی فەرهەنگی هاوبەشو ئەندام بوون لەکۆبوونەوەو دەزگا سەربەخۆو سەروەرەکان یان لانی کەم ئەوانەی خاوەنی شێوەیەك لەئۆتۆنۆمین، کە ئەمەش توخمێکی پێویستە بۆ گەشانەوەی زۆرێك لەتاکەکانی نێو مرۆڤایەتی. ئەو هەرگیز ئەو باوەڕەی نەسەلماند کە لایەنی مرۆڤیو رێزگرتنی خود تەنها پەیوەندیدارە بەبوونی مافو ئازادییەکانی تاکەوە.

ئازادی مرۆڤو ڕێزی تاكو خودەكان هەروەها پەیوەستە بە ئازادیو ڕزگاری كۆمەڵێك یان نەتەوەیەكو پەیوەندیدارە بە ڕزگاربوونی ئەوان لەسەركوتو ستەم. بۆ نموونە لەتەواوی مێژووی ترسناكو درێژخایەنی دژایەتی جولەكە لەلایەن مەسیحییەتەوە، كە یەهوودەكان بەردەوام سەركوتو ئاوارەو ستەم لێكراو بوون، بەڵام ئەم سەركوتە لایەنێكی دیكەش لەخۆیدا هەڵدەگرێ، چونكە ئەو خەڵكە بەناونیشانی یەهوود ناچار دەكرێن ئاینیان بگۆڕنو بكەونە بەرامبەر ئەو هەموو هێرشو كۆكوژییە، بەجۆرێك كە تەنانەت پێش یەهود كوژی نازیەكانی ئاڵمان، ئەوان بەهانەی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی تایبەتییان هەبوو.[٦٧]

بەرلین بەجۆرێكی دیكەش ئەم لایەنە شیدەكاتەوە كە، ئازادی مرۆڤو ڕێزی تاكەكان بۆ زۆرایەتی فراوانی مرۆڤەكان هەر تەنها وابەستە نییە بە بەهرەمەندبوون لەئازادیو مافی ئەو تاكانە بەڵكو پەیوەندیداریشە بەو ژیانو ناوچەیەی كە ئەوانەی تیایدا دەژین تا بتوانن بەهای تایبەتیو شێوەی ژیانی خۆیان هەبێت بۆ ئازادبوون لەناسنامەی گشتیو نەتەوایەتی. لەگەڵ ئەمانەشدا ژیانی ئابووری باشو ئاسایشی تاك جیاناكرێتەوە لەگەشانەوەی فەرهەنگی گشتی كە ئەو تاكانە پێوەی وابەستەن، ئازادی هەڵبژاردنو گەڕان بەشوێن خۆشیو خێری ژیاندا لەگەڵ نیهادو شێوەكانی فەرهەنگی هاوبەشدا پەیدادەبنو ژیانو ئاسایشی ئەو تاكانە لەلایەنی پۆزەتیفو نێگەتیفی زەمینەی گشتی كۆمەڵو نیشتماندا پەیوەندارو كاریگەرن. بۆ ئەم مەسەلەیە ئایزایا بەرلین یەكێك لەگرنگترین لایەنەكانی فەلسەفەی پلورالیستی خۆی دەخاتە ڕوو، ئەگەرچی مافو ئازادی تاكو خودەكان كۆڵەكەی سەرەكییە لەلیبرالیزمداو ئەو مافو ئازادیو خۆشگوزەرانیو ئاسایشەش لەزەمینەی گشتی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگیو كۆمەڵایەتیدا دەرەخسێ، یان مافەكانی تاكو سەروەریو سەربەخۆییان زۆر بەتوندی گرێدراوە بە ئازادیو سەروەریو سەربەخۆیی كۆمەڵگا (بەدەربڕینی ئایزایا بەرلین پەیوەندیو كاریگەری نێوان ئازادی پۆزەتیف (كۆمەڵ)و ئازادی نێگەتیف (تاك))،





بەڵام ئەم دوانە پێكەوە كۆناكرێنەوە واتە (مانعة الجمع)ن. هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نییە كە بەئاسانی لێكیان جیابكەینەوە، چونكە تاكەكان لەو چوارچێوە گشتییەدا بەزۆرشت پابەندنو سەرچاوەی ناسنامەی ئەوان فرەیە. یان ناتوانرێت بەهایەك یان فەرهەنگێك بخرێتە شوێن بەهاو فەرهەنگێكی دیكە، یان شێوە هاوبەشەكانی ژیان پەیوەندی یەكسانو بەرامبەریو دیالەكتیكی لەگەڵ یەكدانییە. كورتەی قسە ئەوەیە كە لەدیدی بەرلیندا ژیانو ئاسایشی تاكەكان هەروەكو چۆن لەزەمینەی گشتیدا پەیدا دەبێت، هەر بەو شێوەیە دەبێت تاكو خودەكان ئازادی هەڵبژاردنی تاكانەی خۆشیان هەبێت، ئەم دوانە نەیەكسانن لەگەڵ یەكو نە دژایەتیشیان لەنێواندایە، بەڵام بەبێ یەك ناتوانرێ هەبنو هەردوكیان لەپەیوەندیو كاریگەریدا دەتوانن مانا بۆ ئەوەی دیكەیان پەیدا بكەن.

دووەم: پەیوەندی نێوان مافو ئازادیو ژیانو ئاسایشی تاكو هەلومەرجی گشتی فەرهەنگی هاوبەش، لەلای لیبرالیزمو بەتایبەتیش لەروانگەی (لیبرالیزمی مەدەنی) باس لەوە دەكات كە گەشانەوەو پێشكەوتنی مرۆڤەكان وا دەخوازێت بەشداری سیاسی بكەنە هۆكاریكی كاریگەر لەپێناوی ئەو ئامانجە باڵایە. ئەم دیدگایە كە ڕەسەنو سەرەچاوەكەی لەتێگەیشتنی ئەرستۆیی دایە، هانا ئارێنت بەناودارترین نوێنەری دادەنرێ، بەلام بەرلین بڕوای بەوەیە كە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان ئازادی گشتی پۆزەتیفو ئازادی نێگەتیفی تاك پەسەند دەكاتو دەڵێت كە هیچ بەشدارییەكی سیاسی یان ناسنامەی سیاسی نابێتە هۆكاری ئازادیو مافەكانی مرۆڤ، بەڵكو (فەردییەتی جەمعی) یان فەرهەنگو نەریتی (تاكێتی هاوچەرخ)ی ئەورووپی دەتوانێ مافەكانی مرۆڤ بهێنێتە دیو پاشان لەلای بەرلین هیچ شتێك نییە كە ناوی ئامانجی باڵا بێت. ئەوەی لای بەرلین پێویستو سەرەكییە ئەندامێتییە لەنەریتی فەرهەنگی هاوبەشدا، نەك بەشداری سیاسی.[٦٨]

لەلای بەرلین، ئەوەی بۆ ئاسایش‌و خۆشگوزەرانی مرۆڤ پێویستە بەشداری نییە لەهیچ یەکەیەکی سیاسی، تەنانەت لەو یەکە سیاسییەی کە بۆ خۆی زۆر داکۆکی لێدەکات کە دەوڵەتی ـ نەتەوەیە، بەڵکو ئەو ئامانجە بە بەشداری لە (فەردییەتی گشتی)دا دێتە دی. بەشداری کردن لەشێوە هاوبەشەکانی ژیانی تاکێتی (ئەوروپا)، کە مێژووی خۆی، نەریت‌و هونەری خۆی‌و فەرهەنگ‌و زاراوەی تایبەتی‌و جیاوازی خۆی بۆ چالاکی‌و بەردەوام بوون هەیە. ئەم شێوانەی ژیانی تاکێتی ناتوانرێ بەئاسانی لەگەڵ ژیانی فەرهەنگی هاوبەشدا تێکەڵاو بکرێن‌و ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە بەرلین جیا دەکاتەوە لەروانگەی (یەکێتی‌و یەکپارچەیی) ناسیونالیزمی سەرانسەری‌و ئۆرگانیێك کە بیرمەندانی وەکو شارل مۆراس بانگەوازی بۆ دەکەن‌و دەیانەوێ فەرهەنگی نەتەوەیی‌و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان بکەنە یەك.

<u>سێیەم:</u> بڕواو تێگەیشتنی بەرلین بۆ ناسیونالیزم، ئەگەرچی زۆر دوورە لەدیدگاو ڕوانگەی تیۆرسازانی رادیکالی وەکو شارل مۆراس،بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆچوونی مرۆڤ شوناسی فەلسەفی سەرهەڵدانی رۆشنگەریش پەسەندناکات. بەبڕوای رۆشنگەرەکان جیاوازی فەرهەنگی بەشێك نییە لەخودی مرۆڤایەتی، بەڵکە شتێکی تێپەڕ، یان لانیکەم بەرەو نەمان دەچێت. قۆناغێکە لەگەشەو گۆڕانکاری مرۆڤ، نەك راستی بەخشی خودی مرۆڤایەتی. ئەم دیدگایە زۆر نزیکە لەروانگەی مارکسیێتی یان لەراستیدا مارکسیزم لەوانی وەرگرتووە. بڕوای بەرلین بەو جۆرەیە کە سەرلەنوێ خۆدروستکردنەوەی تاك لەزەمینەو شێوەکانی فەرهەنگی هاوبەشدا روو دەدات، بەڵام ئەم زەمینەو شێوانە هەمیشە تایبەتین، نەك میراتی گشتی هەموو مرۆڤ. هەروەکو چۆن مێژووی تاکەکان شتێکی تایبەتین، هەروەها شێوە فەرهەنگییەکانیش. بەرلین هاوبەشە لەدیدگای بیرمەندانی لیبرالدا کە دەڵێن پێشمەرجی خۆشنوودی‌و ئاسایشی تاك پێوستی بەشێوەی فەرهەنگی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو هەیە، بەڵام ئەو ژیان‌و ئاسایشی





تاك‌و لایەنی گشتی فەرهەنگی بەیەك چاو سەیرناکات، هەرچەندە ئەو لایەنە فەرهەنگییانە زۆر کاریگەرن لەبڕیاردان‌و چارەنووسی رەهەندی تاکانەی مرۆڤەکان.

بەبڕوای بەرلین ناسیونالیزم لەگەڵ نیازی تایبەتی مرۆڤەکان بۆ ناسنامەی تایبەتییش پەیوەندی هەیە، هەم لەلایەنی داواکردنی ناسنامەو هەم بۆ دووبارە خۆناسین‌و تازەکردنەوەی شوناس کە هیگل زۆر بەدڵنیایی ناوی دەنێت (بەها شوناسی). ناسنامەی ئێمە وەکو تاکەکان تەنها ئەو بووانە نین کە ئازادانە لەسەر پێی خۆیان وەستاون‌و نیازیان بە پشتیوانی جیهان نییە، بەڵکو تارادەك، بەپێچەوانەی ویستی ئێمە، لەئەنجامی هەلومەرجی گشتی‌و دووبارە شوناسایی ئەوانی دیکە پەیدا دەبن. "ئەگەر کەسێك یەهوودی بێت‌و بیەوێت واز لەو ناسنامەیە بهێنێ، ببێتە بەشێك لەو کەسانەی لەناویاندا دەژی. لەوانەیە لەدیدگای خۆیدا خۆی بەسەر کەوتوو بزانێ، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت هەم ناسنامەی دێرینی باب‌و باپیرانی‌و هەم هەڵوێستی کەسانی جیاواز لەیەهوودیەت بڕیار لەسەر ئەو هەڵوێستەی دەدەن. ئەگەر ئەو کەسێکی بەدبەخت بێت‌و لەسەردەمی رووداوی (دریفۆس) یان سەردەمی دەسەڵاتی پۆتین لەفەرەنسا بژی، یان لەکاتی دەسەڵاتی نازیەکان لەئەڵمانیا، یا لەوەختی (سەد رەشەکان)ی روسیا، دیسان یەهوودی بوون دەبێتە بەشێك لەچارەنووس‌و ئەو ناسنامەیەی کە ئەو بانگەوازی بۆ دەکات (واتە یەهوودی نەبوون) فریای ناکەوێت‌و ئەو دەسەڵاتانەی ئەوانی دیکە کە لەدژی یەهوودی بوونن، لێی پەسەندناکەن‌و سەرئەنجام هەروەکو کەسێکی یەهوودی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. لێرەدا سنووردار بوونی ئەو بۆ دووبارە خۆ دروستکردن‌و خۆناسین کە ئەوانی دیکەو ئەگەرەکانی مێژوو دەیسەپێنن بەسەر تاکدا پیادە دەبێت[٦٩]

گرنگی پێداویستی دووبارە خۆناسین لەبەرهەم هێنانی ناسیونالیزمدا نابێت لەنکۆڵی کردنی ناچاری لەناسنامەی مێژوویی خۆمان‌و خۆ هەڵواسین بەناسنامەیەکی دیکە، بناسین. ئەم ناچارییە کە هەلومەرجی مێژوویی ئەمپریالیزمی فەرهەنگی دەیسەپێنێ لەلایەك ناسنامەی نەتەوەییمان دەشێوێنێ‌و لەلایەکی دیکەش ئەو

ناسنامە ئیمپریالیستیەمان پێ رەوا نابینن. لێرەدا بەرلین بەئیلهام وەرگرتن لەوتە بەناوبانگەکەی ئیمانوێل کانت (لەدرەختی چەماوەی مرۆڤایەتی، هیچ چڵێکی راست ناڕوێت) و نامیلکە گرنگەکەی خۆی لەساڵی ١٩٧٨ ناودەنێت (چڵی چەماوە: یادداشتەکان دەربارەی ناسیونالیزم) و تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی بەدەرختی چەماوە دەزانێت و بێگومان ناسیونالیزمو یەهوود پەروەری خۆیشی بەچلی ناڕاستی بەدەنی ئەو درەختە دەزانێ، بەڵام ئێمە ناچارین کە لەگەڵ ئەو چڵە ناراستەدا بڕۆین و دووبارە خۆناسین و شوناس لەو هەولومەرجە گشتییەدا سازبدەینەوە. دیدگای بەرلین سەبارەت بەدرەختی لیبرالیزمو هەلومەرجی جیهانی و سەرلەنوێ سازدانەوەی ناسیۆنالیزم وەکو چڵێك لەو درەختە، دوو روانگەی گرنگ لەخۆ دەگرێت، یەکەم ئەوەیە کە ئەو هەتاسەر وەفادارە بە پلورالیزمی سیاسی و ناسیونالیزم بە بەشێك لەدرەختی جیهانی و لیبرالیزمی جیهانی دەزانێ. و دووەم: ئەو هیچ ئامانجێك بە ئامانجی باڵاو تۆتاڵ نازانێ و هەموویان وەکو بەشێك لەنیازو هەلومەرجەکانی مرۆڤایەتی دەناسێنێ و بۆیە دەڵێت ((ئەوەی کە لێرەدا شاراوەیە ئەوەیە کە والاترین ئامانجەکان کە مرۆڤ بەراستی لەپێناویدا ژیاوەو هەندێکیش گیانیان بۆ بەخت کردوون، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم دوانە لەگەڵ یەك سازگار نەبوون" و سەرئەنجام نەدرەختی ژیان و نە چڵە تایبەتییەکان، هیچیان بەراستی ناڕوێن و هەمیشە چەماوەن، بەڵام دەبێت هەروەکو گۆتە دەڵێت ئەوە بزانین ((کە درەختی ژیان هەمیشە سەوزە)) و بیروباوەڕو سیاسەت و فەلسەفەکان خۆڵەمێشین!

چوارهەم: هەروەکو باسمان کرد ئەو تاکۆتایی ژیانی فەیلەسوفێکی لیبرالی پلورالیست و هەم ناسیونالیستێکی زایۆنی بوو. لێرەدا پێویستە کەسێ خاڵی گرنگی زایۆنیزمی بەرلین باسبکەین.

أ- سازگاری و پێکەوە گونجانی ئاشکرای دیدگای فەلسەفی لیبرالی و بڕوا هێنان بەپێویست بوونی زایۆنیزم لەلای بەرلین هەر لەو چوارچێوەیەدا جێگای دەبێتەوە کە ئەو





لەلایەك لیبرالیستێکی رۆشن و پەیگیرەو لەلایەکی دیکەش بوونی شێوەکانی ژیانی فەرهەنگی هاوبەش دەبنە زەمینەیەك بۆ خۆشنوودی و ئاسایشی تاك و خودەکان. زایونیزمی بەرلین لەوێدا بەرجەستە دەبێت کە ئەو شێوە هاوبەشانەی فەرهەنگی نەتەوەیی تەنها لەدەوڵەتی نەتەوەدا پەیدا دەبێت و بەتایبەتی لەبەستێنی مێژوویی جیهانی مۆدێرندا خەڵك دەتوانن کە بەرهەمی شێوە هاوبەشەکانی فەرهەنگی خۆیان ساڵیانی ساڵ بپارێزن و تاکی یەهوود لەوێدا دەتوانێت لەئازارو ئەشکەنجەو سوکایەتی پارێزراو بێت و هەر لەوێشدا دەتوانێ دەستی بەخۆشنوودی و ئاسایشی مرۆڤانە بگات.

ب ـ ئەو بەهیچ شێوەیەك نکۆڵی لەوە ناکات کە ماف و داخوازییەکانی هاووڵاتیانی فەلەستینی لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیل بە ناهەق بزانێ و لەراستیدا پەیگیرانە پشتیوانی لەبۆچوونی ئەوان دەکات. بەڵام لەلای ئەو دژوارە کە ئەم دوو روانگەیە پێکەوە بگونجێن، زۆر جاریش بە تراژیك دەیناسێ. بەرلین توندڕەوی نەخۆشی ناسیونالیزمی ئیسرائیل بەکارەسات ناو دەبات و لەهەرکوێ بووبێ ئەو بۆچوونە نەخۆشەی مەحکوم کردووە. بڕوای بەرلین لەمبارەوە زۆر نزیکە لەبڕوای بونیادنەرانی بزاڤی زایۆنیزم و تایبەتمەندی مافی چارەنووس و دەوڵەتی یەهوود پشتیوانی دەکات کە ئاوێزان بێت لەگەڵ لیبرالیزم و مافەکانی مرۆڤ و ئەو دەوڵەتە دەبێت پابەندبێت بە ئامانجەکانی سەرهەڵدانی رۆشنگەری.

ج ـ تایبەتمەندی هەمیشەیی یەهوودیەت ئەوەیە کە بەتەواوی یان لانیکەم دەبێت هەردوو لایەنی تایبەتی و رابردووی ئەو نەتەوەیە لەبەرچاوبگیرێت و پابەندبوون بەو لایەن و پێکهاتانە مەرجێکی گرنگی زایۆنیزم بوونەو لەهەمان کاتدا نابێت نکۆڵی لەراستیەکانی دادوەری و ئەخلاقی مرۆڤایەتی بکرێت، واتە دەوڵەتی یەهوود لایەنی گشتی لیبرالیزم و لایەنی تایبەتی یەهوودییەت لەبەرچاوبگرێت. ئەمڕۆش ئەم دوولایەنە گرنگە لەدەوڵەتی ئیسرائیلدا دەبینرێت و دەوڵەت تێدەکۆشێ میراتی گشتی مرۆڤایەتی و میراتی تایبەتی خۆیان پێکەوە سازگارو ئاشتی بژین. ئەم دوالیزمە

لەئەندێشەی بەرلیندا بەئاشکرا دەبینرێت‌و لەهەموو لایەنەکانی پلورالیزمی سیاسی‌و فەلسەفیدا رەنگ دەداتەوەو بەتایبەتی لەهەوڵی ئەوەدایە ئاشتی نێوان ئامانجەکانی هیومانیزمی رۆشنگەری لەگەڵ دیدگای رۆمانتیکەکان بسازێنێ ـ کە لەوێدا هەوڵی ئیرادەگەرایی‌و تایبەتی گەرایی ـ جیلوە دەدەن.[٧٠]





## فاشیزم‌و ناسیۆنالیزم

ئینسیکلۆپیدیای ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە فاشیزم پێناسە دەکات ((شێوەیەك لەناسیۆنالیزمی فراوان خواز یان سەروو ناسیۆنالیستی Ultra Nationalism، کە بۆ سەرلەنوێ ئارایشت دانەوەی نەتەوایەتی تێدەکۆشێ‌و لەسەر بنەمای فەلسەفی ژیانی رابردوو یان سەلماندنی مێژوویی بڕیار دەدات. فاشیزم بەهۆی نوخبەگەرایی توندڕەو، کۆکردنەوەو هاندانی جەماوەرو مەزن کردنی دەوری فۆهرەر (پێشەوای) دروستکراوو سەپێندراو، توندوتیژی دەکاتە هۆکارو ئامانج‌و ئاسایی کردنی جەنگ‌و فەزیلەتەکانی ژیانی سەربازی دەکاتە رەوشی سەرەکی دەوڵەت‌و نەتەوە)) (ستانلی بین ١٩٩٥)[٧١].

فاشیزم بەهەموو پێوەرەکانی (ئامانج‌و هۆکار) ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییە کە ناوەڕۆکی ئەفسانەیی (نەژادی باڵا)و ناسیۆنالیزمی توندڕەو، دژایەتی نەژادەکانی دیکە دەکاتە دیدگاو رێبازی سەرەکی لەدروست بوونیدا. فاشیزم لەپێکهاتەکانیدا بەرۆشنی لایەنی تیۆری‌و پراکتیکی دەرئەکەوێت‌و باشتر دەتوانین لەهەموو لایەنەکانی شارەزا بین.
یەکەم، پێکهاتەکانی وتارو کاری فاشیزم ئەمانەن: ناسیۆنالیزمی توندڕەوی نەژادپەرست، تۆتالیتاریزم، مۆدێرنیزم، سکولاریزم (دەوڵەتی مەدەنی نەك ئایینی)، سوپاسالاری، فراوان خوازی‌و هێرش بردن.

دووەم، هەروەها بەدژایەتی فاشیزم لەبەرامبەر ئەوانی دیکەش دەناسرێتەوە، دژی کۆمۆنیزم، لیبرالیزم‌و کۆنەپارێزی، یان دەتوانین بڵێین کە بزاڤو تیۆرییەکی رادیکاڵە.
سێهەم، بەهۆی شێوازو رەوشی کارو حکومەت کردنیشی دەناسرێتەوە، شێوەی پیاوانە، لاوانەو کۆکردنەوەی لاوانی پڕ حەماس‌و توندڕەو بۆ کاری سەربازی، تۆڵەکردنەوەو تیرۆریزم، ژیانی سەربازی‌و بڕوای میلیتاریستی بۆ چارەسەری زۆربەی شتەکان، خۆنواندن‌و رواڵەت گەری‌و درۆو بەڵێنی بێ ناوەڕۆك. بونیادنانی حیزبی جەماوەری گەل‌و

کۆکردنەوەی رۆڵەکانی گەل لەمیلیشیاو هێزی شێوە سەربازیو پاشان پەنابردنە بەر بڕوای سەرەکی کە دەوری مێژوویيو مەزنایەتی پێشەواو رابەرە بۆ پێشڕەویکردنی نەتەوەو گەل بەرەو ئامانجە مێژوویيو دێرینو چارەنووس سازەکان.

سەرچاوەکانی بیرو سیاسەتو نەژادپەرستی، لەچەند زەمینەی فیکریو فەلسەفی وەها پەیدابوون، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە هەموو شتێك لەلای فاشیزم بەشێوەی توندڕەویو ئەو پەڕگیری دەکرێتە دیدگاو پراکتیك. دیدگای نەریتی ناسیۆنالیستی یان دیدگای (فەرهەنگی ـ نەژادی) هێردەرو فیختە، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر نەخشی هەبووە لەدیاریکردنی بنەمای یەکەمی فاشیزمی ئیتالی کە (فەرهەنگی باڵایە)و بنەمای یەکەمی نازیزمی ئەڵمانی کە (نەژادی باڵاترە). دیدگای هێردەر بۆ ناسینی نەتەوەو بڕیاردان لەسەر نەتەوایەتی مەسەلەی فەرهەنگی تایبەتيو مەزنی نەتەوەی ئەڵمانەو لەلای فیختەش بڕوابوونە بەنەژادی پاكو بێگەردو باڵای ئەڵمان. لەلای نازیزمو هیتلەرو حیزبی ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمان، بنەمای (ئەڵمانیا لەسەرووی هەمووان)و (پاکژیی نەژادی جەرمانی) دەکرێتە ناوەڕۆکی بەهێزو توندڕەوی ناسیۆنالیستی.(٧٢)

بڕوا سەرەکیەکەی هیگل سەبارەت بەدەوری دەوڵەتی نەتەوەیی کە بەرجەستەکردنی رۆحی نەتەوەو کۆکردنەوەی ئیرادەی گەلە لەنمادێکی سیاسيو یاساییدا، دەبێتە یەکێکی دیکە لەبنەما فیکرییەکانی فاشیزمو دەوری ئیرادەگەراییو نوخبەگەرایی فاشیزم لەڕێگای دەوڵەتەوە زۆر بەڕۆشنی لەتیۆریو پراکتیکدا دەبینرێتو مێژووی فاشیزمی ئیتالی، نازیزمی ئەڵمانی، فرانکۆی ئیسپانيو تەواوی بزاڤە فاشیستەکانی دنیاو نیو فاشیزمیش لەم مەسەلەیەدا رۆشنو چەسپاوە.

پرانسیپی ئیرادەو مرۆڤی باڵا (Super man)ی فریدریك نیچە لەهەردوو چەمکی (دۆتشە)ی ئیتاليو (فۆهرەر)ی ئەڵمانی کە دەوری رابەرو پێشەوای کارێزمای





سیاسی، سەربازيو رۆحی دەبینن‌و سەرکردە دەکرێتە ناوەڕۆك یان دیسان بەرجەستەبوونەوەی مرۆڤی باڵا بۆ سەرکردایەتيو رزگارکردنی نەتەوەو نەژادی باڵا.

ئەم توخمو پێکهێنەرە فەلسەفيو سیاسیانە، لەتایبەتمەندییە دیارەکانی ناسیۆنالیزمی فاشیستیدا یان لەکارەکتەری ناسیۆنالیستی فاشیزمدا زۆر بەڕۆشنی دەرئەکەون کە بریتین لە: یەکەم: بڕیاردان لەسەر تاکەکانی مرۆڤ بە ناونیشانی گرنگترین بوونەوەری نەتەوەیی بەهێز. هیچ مرۆڤێك، لەناخی خۆیدا بوونی نییە، مەگەر تەنها بەناونیشانی ئەڵمانی، فەرەنسی یان ئیتالیایی. واتە بڕیاری سەرەکی لەڕووی نەتەوەو نەژادەوەیە، نەك لەڕووی بوونی مرۆڤایەتی ئەو تاکانە. ئەو بڕوایە بەڕۆشنيو بەڕاستی کاردانەوەیەکی ئاشکرایە بەرامبەر بەبنەمای (مرۆڤی جیهانی) سەردەمی رۆشنگەریو پاشان سۆسیال ئەنترناسیۆنالیزمو لیبرالیزم. لەزۆر لایەنەوە بەکارهێنانی ئاراستەی تەسك بینيو نەژادپەرستيو دژایەتی بێگانەکان‌و هەروەها پرانسیپی فراوان خوازو هێرشبردن، تەنانەت توندڕەوتر لەدیدگای ناسیۆنالیزمی سوننەتيو موحافیزکارانە. دووەم، ناسنامەی راستەقینە لەکۆمەڵگادا تەنها نەتەوەیەو نەتەوە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیەو مەزنترو باڵاترە لەمرۆڤو مافو ئازادییەکانی. سێهەم، ناسیۆنالیزمی فاشیستی نەتەوە بۆ گیانبازی، لەخۆبووردن‌و سەرئەنجام بۆ جەنگ ئامادە دەکاتو توندوتیژيو جەنگ دەکاتە هۆکارو ئەنجام بۆ بەدەست هێنانەوەی مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەو نەخشاندنی ئایندەیەکی پڕ شانازیتر بۆ دەوڵەتو گەل. سەرئەنجام، ناسیۆنالیزم دەکرێتە هۆکارێك تەنانەت بۆ رۆشن کردنەوەو هەڵوێستو رەوایی دان بەچەمكو بیرو باوەڕەکانی دیکە. واتە کاتێك ئەو چەمکانە بەهایان هەیە کە لەخزمەتی نەتەوەو نەتەوایەتیدا بن‌و لەنووسینەکانی فاشیزمدا زۆربەی جار زاراوەی (دیموکراسی شەریف تر)و (سۆسیالیزمی شەریف) بەرچاو دەکەون، بەو مانایەی کاتێك سۆسیالیزمو دیموکراسی لەخزمەتی نەتەوەدا هاوئاهەنگ بن، ئەو کاتە باڵاتر دەبن لەدیموکراسی لیبراڵيو سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی(٧٣).

### ماكس هیلدبێرت بوم: گەلی سەربەخۆ ١٩٣٢

ماكس هیلدبێرت بوم (١٨٧٩ ـ ١٩٤٣) نووسەری ئەڵمانی، داڕێژەری بەشی هەرەزۆری بیرۆكەی (گەل)و گەشەپێدەری ئەفسانەكانی سەدەكانی ناوەڕاستو هەتا ساڵی ١٩٣٤ سەرۆكی ئەنستیتۆی لێكۆڵینەوەی ناوخۆییو دەرەكی (خوێندنی باڵای زانستی سیاسی) بوو لەبەرلین. ئەگەرچی ئەو نەیاری ناسیۆنال سۆسیالیزم (نازیزم) بوو، بەڵام بەنوێنەری هێمایی بیری نەژادپەرستی دەناسرێ. ئەو لەدژی چەمكی (نەتەوەی فەرهەنگی) ماینكە وەستاو، مانای نەتەوەی بۆ (نەتەوە لەدەوڵەت) بەرتەسك كردەوە. بۆم، بۆ جیاكردنەوەی چەمكەكانی ((گەل))و ((نەتەوە)) پشتی بەبیرۆكەی هاوپشتی بەست، بەڵام بەپەسەندكردنی بۆچوونی نەتەوەیی ئیتالیاییو بەسوود وەرگرتن لەبیرۆكەی (ئەردەنتا)، واتە رزگاركردنی بەشە دیلەكانی گەل، یان ئەو بەشانەی كە هێشتا بەشێك نین لەدەوڵەتی نەتەوەیی، واتەی نەتەوەی فراوان كرد. تەنها لەو یەكێتیە فراوانەدا (گەل) دەتوانێ پێگەی مێژوویی خۆی بسەلمێنێ. بڕوای ئەو بۆ تێكەڵ بوونەوەی پارچەكانی گەل (تەنانەت بەتوندوتیژی)یش بێت، یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی فاشیزمو (نازیزم)و نیوفاشیزم[٧٤]. ئاماژەدان بەبڕوا سەرەكیەكانی (بۆهم) لایەنە دیارەكانی بیروباوەڕی فاشیزم باشتر دەرئەخات:

((هەر دەوڵەتێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەوارەو یاسا بنچینەییەكانی، بەسەر كۆمەڵێكدا حوكم دەكات، كە جەماوەری سەرەكی چوارچێوەی دەسەڵاتەكەی پێكدەهێننو هاووڵاتین. ئەو دەوڵەتە خوازیاری دەسەڵاتی بەردەوامەو مافی ئەم دەسەڵاتە زۆرجار لەڕابردووی دوورەوە بۆ خۆی دەسەلمێنێ. ئەم پەیوەندییە لەڕوانگەی هاووڵاتیانو هەروەها لەدیدگای مافە نێونەتەوەییەكانەوە شتێكی پەسەندكراوەو بنەمای یاسای هاووڵاتی هەر وڵاتێكە... ئەم هاووڵاتی بوونە كە لەچارەنووسی هاوبەشو یاسای ئەو دەوڵەتەدا بەرجەستە دەبێ، لەزمانی گشتیدا بە (گەل) ناودێر دەكرێ)).





((سەرچاوەی مافی دەسەڵاتی بەردەوامی دەوڵەت)) لەلای بۆهم، لەمۆدێرنیتی سیاسیو شارستانییەوە نییەو پەیوەندی نییە بە (ئەركو مافەكانی) هاووڵاتیان، یان بەپەیمانی كۆمەڵایەتی نێوان دەوڵەتو خەڵك، بەڵكو مافی ئەم دەسەڵاتە لەڕابردووی دوورەوە خۆی دەسەلمێنێ! ئەگەرچی زۆربەی ئەوانەی كە لەسەر فاشیزم نووسیویانە، مۆدێرنیزم بەیەكێك لەلایەنەكانی دەزاننو (منیش ئەوەم دووبارە كردەوە!)، بەڵام ئەم مۆدێرنیزمە، تەنها لەپێداویستی بوونی دەوڵەت بۆ نەتەوەو دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت بەسەر نەتەوەدا، دەسەلمێنێ. جیاوازی سەرەكی نێوان مۆدێرنیتی سیاسیو نەتەوە (بەئیلهام وەرگرتن لەڕۆسۆ) لەگەڵ مۆدێرنیزمی (فاشیزم) لەوەدایە كە (پەیمانی كۆمەڵایەتی) لەفاشیزمدا پەیوەندار نییە بەمافو ئازادییەكانی خەڵك، بەڵكو لەڕەوایی (نەژادی)و (فەرهەنگی)و رابردووی دوورەوە سەرچاوە دەگرێ. هەربۆیەش ماكس هیلدبێرت بۆهم دیسان دەڵێ:

((ئێمە جیاكردنەوەی (نەتەوەی دەوڵەتی)و (نەتەوەی فەرهەنگی) كە بەم دواییانە بۆتە باو، رەت دەكەینەوە. هەر نەتەوەیەك بەپێی سروشتی خۆی، نەتەوەی دەوڵەتییە. ئێمە هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەین كە رواڵەتگەرایی دەوڵەتی لەواتای فەرەنسیو ئەوروپای رۆژئاوا بۆ نەتەوە، بەپەسەند نازانین)).

((مەبەستی ئێمە لەنەتەوە، ئەو گەلەیە كە لەڕەگەزی دەسەڵاتی سیاسیدا بووە بەیەكەیەكی پڕ لەتواناو ئیرادە... هەر بەو مەبەستەوە خۆی دروست كردوە... نەتەوە لەناوكی سەرەكی خۆیدا خولڤاندنی دەوڵەتێكە كە هەیە یان دەبێ... هەروەها ئەو كەسانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین بەبەشێك لەنەتەوە ئەژمار دەكرێن، كە بەبێ وابەستەیی رەسمی بەوڵاتی دایك، لەهەلومەرجی هەستیاری تایبەتیدانو چارەنووسو خواستی ئەو دەوڵەتە بەچارەنووسو خواستی خۆیان دەزانن...)).

ئەم بیروباوەڕانە هەمان ئایدۆلۆژیای میشیل عەفلەقو حیزبی بەعسمان بیر دەهێننەوە، كە سنووری نیشتمانی عەرەبیان لەباكوور هەتا چیاكانی تۆرۆس،

لەرۆژهەلات هەتا زاگرۆس... هتد. یان ئەوەی کە دەیانووت لەهەرکویّ عەرەب هەبیّت بەشیّکن لەنەتەوەی عەرەبو ئەو جیّگایانەی کە عەرەب نشینی دەرەوەی نیشتمانی عەرەبن، بەشیّکن لەخاکی عەرەب (وەکو خوزستانو ئەسکەندەروونە).

## ئارتۆر دوگبینوو هوستون ستیوارت

جیاوازی نێوان فاشیزمی ئیتالیاییو نازیزمی ئەڵمانی یەکێکە لەو مەسەلانەی کە لەلایەن بیرمەندانو تیۆرسازانی ناسیۆنال سۆسیالیزمەوە باسکراوە. لەفاشیزمی ئیتالیاییدا ناسیۆنالیزمی بیروباوەڕو پرانسیپی نیشتمان پەروەریو دژایەتی بێگانەکانە کە نەریتی موحافیزکارانەی نەبووەو هەمیشە رادیکالانە کاری کردووە. لەنازیزمی ئەڵمانیدا، نەتەوە، نەك نیشتمان، نەخشاندنی رۆحی گەلو دەوڵەتو ژێرخانی ئەم ئامۆژگارییەش پاکژبوونی نەژادیو بایۆلۆژیکی جەرمانیەکانە. ئەڵمانی بوون یەکسانە بەبوونی نەژادی تایبەتیو پاکژ. گرنگترین ئەم تیۆریو ئامۆژگاریانە لەبیروباوەڕی دوگوبینوو هیوستون ستیوارتدا دەبینرێت. بنەمای بالاترو رۆمانتیکی ئەڵمانی لەلای ئەمان دەبێتە پێوەری هەموو شتەکان.

هەر بەو شێوەیەی کە مارکسو ئەنگلز هۆکاری بزوێنەری شارستانیو مێژوو بەخەباتی چینایەتی دەزانن، گۆبینۆو ستیوارت چەمبەرلین خەباتی نەژادی بەناوەڕۆکی مێژوو دەناسن. (نامەیەك دەربارەی نایەکسانی نەژادەکانی مرۆڤ) بەرهەمی ئارتۆر دوگبینو لەنێوان سالانی (١٨٥٣ ـ ١٨٥٥)دا هێرش بوو بۆ سەر لیبرالیزمو سۆسیالیزم، بەتایبەتی میراتی رادیکالی فەرەنسا. لەدیدی گۆبینۆ بیروباوەڕی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان پێچەوانەیە لەگەڵ راستینەی زانستیدا. ئەو سێ جۆری سەرەکی لەنەژادی مرۆڤ باس دەکات: سپی پێستەکان، زەردەکانو رەشەکان کە نزمترینیان رەش پێستەکانو بالاترینیان سپییەکانن. لەناو سپییەکاندا گروپێك هەن ـ کە ئارياییەکانن





ـ جۆرێکن لەمرۆڤی بالاترو دەبێت تێکەڵ بەوانی دیکە نەبن، چونکە ئەم تێکەلاوبوونە بەمانای دروستکردنی پەشێویو ئاژاوەیە لەشارستانیدا. گۆبینۆ لەساڵی ١٨٨٢دا مرد.

لەدوای گۆبینۆ هۆستۆن ستیوارت چەمبەرلین کە یەکێکە لەئەندامە بەرجەستەکانی (ئەنجومەنی گۆبینۆ) کە لەساڵی ١٨٩٤دا لەلایەن هاوسەری گۆبینۆو لودفیك شۆمانەوە بنیات نرا. بەرهەمی سەرەکی چەمبەرلین بەناوی (بونیادی سەدەی نۆزدەهەم) لەساڵی ١٨٩٩ بەیاننامەی فکری نەژادی ئەو نیشان دەدات، لەلای ئەو دژایەتی کردنی نەژادی سامی یەکسانە لەگەڵ بالاتربوونی نەژادی ئاریایی. چەمبەرلین پێش مردنی لەساڵی ١٩٢٧ پەیوەست دەبێت بەحیزبی نازیو هیتلەرو ئایدۆلۆژیستی نازی ئالفرد رۆزنبرگ لەستایشکەرانی بەپەرۆشی بەرهەمەکانی چەمبەرلینن[٧٥].

## بنیتۆ مۆسۆلینی: (بنەما تیۆریەکانی فاشیزم ١٩٣٢)

بنیتۆ مۆسۆلینی (١٨٨٣ ـ ١٩٤٥) ساڵی ١٩٠٠ بوو بەئەندامی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا، پەیامنێرو بلاوکەرەوەی چەند رۆژنامە بوو، دواتر بوو بەسەرنووسەری رۆژنامەی (ئاوانتی) بۆ پێشەوەی ئۆرگانی ناوەندی پارتی سۆسیالیست. لەساڵی ١٩١٤ لەبەرئەوەی خوازیارو لایەنگری بەشداری ئیتالیا بوو لەجەنگی یەکەمی جیهانی، لەم حیزبە دەرکرا. لەو ساڵە بەدواوە حیزبێکی دیکەی دامەزراند بەناوی (حیزبی فاشیزمی نەتەوەیی). ساڵی ١٩٢٢ بوو بەسەرۆك وەزیرانی کابینەیەکی ئیئتیلافی، لەئەنجامی یەکگرتن لەگەڵ پیشەسازیە گەورەکانو سەرانی سوپا. لەساڵی ١٩٢٥ دەستی دایە سەقامگیربوونی دیکتاتۆری تاك حیزبیو دەوڵەتی تۆتالیتار کە خۆی وەکو (دۆتشە) پێشەوا لەسەرەوەی جێگیر کرد. پەیمانی (بەرلین ـ رۆما)ی لەگەڵ هیتلەر ئیمزا کردو لەشەڕی دووەمی جیهانیدا هاوپەیمانی ئالمان بوو. ساڵی ١٩٣٤ لەلایەن پاشای ئیتالیاوە گیراو لەسەر کار لابرا، بەلام بەیارمەتی پەرەشووتەکانی ئالمان لەزیندان رزگاری بوو. کۆماری (سالۆ)ی دامەزراندو پاشایەتی هەڵوەشاندەوە. ساڵی

١٩٤٥ لەدوای شکستی لەجەنگی دووەم بەرەو سویسرا رایکرد، بەڵام لەلایەن ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستەوە گیراو هەرلەوێدا کوژرا[٧٦].

ئاماژەپێدانی چەند گۆشەیەك لەبیروباوەڕی مۆسۆلینی دەربارەی تیۆری فاشیزم:

((باڵاترین کەسێتی نەتەوە ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەت یەکبێ. نەتەوە لەسەر بنەمای بیری کۆنی سروشتگەرایی دەوڵەت دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەوڵەتە کە نەتەوە دروست دەکات، دەوڵەت تێگەیشتنی یەکگرتووی ئەخلاقی، تواناو بوونی راستەقینە بەگەل دەبەخشێ.

دەوڵەت بێ پسانەوە خولقێنەری یاسایە، نەتەوە وەك دەوڵەت راستیەکی ئەخلاقییە کە بوونی هەیەو لەژیاندایە، لەجولەکەوتنی بەمانای مەرگیەتی.

هەربۆیە دەوڵەت، تەنیا ئەو دەسەڵاتە نییە کە حکومەت دەکاتو مەیلو خواستی بەشێوەی یاساو لەڕێگای هەڵسەنگاندنی ژیانی مەعنەوی دەبێتە هێزێکی بابەتی، بەڵکو هەروەها ئەو هێزەیە کە خواستی خۆی بۆ دەرەوەش دەسەپێنێ، ئەویش بەو جۆرەی کە دەوڵەتانی دیکە بەڕەسمی بیناسنو ڕێزی لێ بگرن. دەوڵەت لەڕێگای وەدیهێنانی ئاگاییو هۆشیاری گشتی نەتەوەوە، ژیانی تایبەتیو سنوورداری تاکەکانی خۆی کاملتر دەکات...

**نەژادپەرستی نیو فاشیزم (فاشیزمی نوێ)**

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمو پاشان لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی شورەویو نەمانی رژێمە بەناو سۆسیالیستەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات، بزوتنەوەو رژێمی تازەو زیاد بەناوی (نێوفاشیستی) پەیدابوون. ئەم بزاڤانە بەدوو شێوە خۆیان رێکخستو گوزارشتیان لەخۆیان دەکرد، یەکەم فاشیزمی نوێی ئایینیو دووەم، فاشیزمی نوێی سیاسیو بەتایبەتی نەژادپەرستی توندڕەو[٧٧]. هەروەها تەواوی رواڵەتی سیاسیو





کۆمەڵایەتی ئەوان بەئاشکرا نیشانی دەدا کە دژی کۆمۆنیزم، لیبرالیزمو کۆچبەرانو تاڕادەیەکی هەمیشەش لەدژی یەهوودیان تێدەکۆشن.

هەندێك بڕوایان وایە، ئەگەر ئەم زاراوەیە (نیوفاشیزم) بەکاربهێننو زۆرجاریش لەلایەن خودی پەیڕەوی ئەو بزاڤو حکومەتانە بەکاردێت، بەڵام ئەوەی کە تایبەتمەندی سەرەکی بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستی نیوفاشیزم دیاری دەکات، خەسڵەتی بەهێزی نەژادپەرستی ئەوانە. نەژادپەرستی بەهێزترین پێکهێنەری ئەو کەسانەیە کە پەیوەندی بەم بزاڤ، ئەحزاب یان باندە تیرۆریستییانەوە دەکەن، و هەمووشیان بڕوایان بەوەیە کە ئەو کارانە لەخزمەتی نەتەوەکەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن. نەتەوە هۆکاری ئاراستەی کارو ئامانجی دیاریکراوو ئاشکرای رابەرانو ئەندامانی ئەم پەیڕەوە ناسیۆنالیستییەیەو لەم پێناوەشدا پەنا دەبەنە بەر هەموو کارێكو بەتایبەتیش تیرۆرو توندوتیژی. بەڵام تەواوی بزاڤە نیوفاشیستەکانی ئەمریکاو ئەوروپا، وەکو فاشیزمو نازیزمی جەنگی جیهانی دووەم، خاوەنی بەرنامەی گشتیو هەنگاوی سیاسی دیارو ئاشکرانینو زۆرجاریش لەم مەسەلەیەدا ناجێگیرن. نیوفاشیستەکان لەبارەی دیدگای ناسیۆنالیستیو بەرنامەی سیاسیو پەیڕەوی حکومەت کردن زۆر نزیکن لەبیروباوەڕی سیاسەتمەدارانو دەوڵەتدارانی عەرەبو زۆر خاڵی هاوبەش کۆیان دەکەنەوە[٧٨].

تەواوی نیوفاشیستەکانی ئەوروپا دیدگای (ئەوروپایی بوون)ی باڵاو توندڕەویان هەیە، ئەوان نەك تەنها دژایەتی کۆچبەرانو بێگانەکانی جیهانی سێیەم دەکەن، بەڵکو لەبەرامبەر ئەمریکاییەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەیە. یەکێك لەنموونە دیارو ئاشکراکانی بزاڤو حیزبی نیوفاشیستی، (حیزبی ئازادی نەمسا)یە کە سێهەمین پارتی ئەو وڵاتەیەو لەلایەن (یۆرك هایدەر)ەوە رابەری دەکرێت. ئەم حیزبو رابەرە، نەك تەنها دەیانەوێ رێگربن لەکۆچی بێگانەکان بۆ وڵاتی ئەوان، یان دەرکردنیان، بەڵکو خوازیاری ئەوەشن کە ئۆتۆنۆمی فەرهەنگی سلۆڤینیەکانی نەمساش نەهێڵنو بەوپەڕی هێزیانەوە دژایەتی رەگەزی سلاڤی دەکەنو یادەوەری سەردەمی هیتلەرو نازیزم لەم

زەمینەدا دەژێننەوە. لەمەسەلەی یەکێتی نەتەوەیی‌و دووبارە یەکگرتنەوەی نەمساو ئەڵمان، یان وەکو خۆیان دەڵێن (ئانشلۆس Anschluss) وابەستە کردنەوەی نەمسا بەئاڵمان خواستێکی بەهێزی نەتەوەییەو ئەمانەش کۆپی‌و نمایندەیەکی هاوچەرخن لەو نەمساییانەی کە لەکۆتایی دەهەی ١٩٣٠ داواکاری وابەستەبوون لەگەڵ ئاڵمان. ئەم ناسیۆنالیزمە زۆر نزیکە لەبیروباوەڕی نەژادپەرست‌و یەکێتی خوازی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لەعیراق، سوریا، سودان‌و یەمەن.

لەوڵاتە یەکگرتووەکان (ئەمریکا گەرایی) لەلای توندڕەوەکان جێگای ئەوروپایی بوون دەگرێتەوەو ئەمانیش وەکو نیوفاشیستەکانی ئەوروپاو عەرەب خاوەنی بەرنامەو پێناسەیەکی جێگیرو سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نین. ئەمانیش بەقسەی خۆیان ئەو (نیشتمان پەرستانەن) کە دەیانەوێ ئەمریکا لەدەستی بێگانەکان رزگار بکەن‌و جگە لەئەمریکایی بوون شتێکی دیکەیان نییە کە بیکەنە ناوەڕۆکی نەژادپەرستانەیان.

ئەگەرچی لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بزاڤو ئەحزابی راستی توندڕەو زۆرن‌و هەمووشیان دیدگای توندڕەوی ناسیۆنالیستی‌و نەژادپەرستیان هەیەو نزیکن لەنیوفاشیستەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو بەڵام هێشتا ئەوان نەیانتوانیوە دیدگاو پەیڕەوی فاشیزمی ئیتالی‌و نازیزمی ئەڵمانی بەتەواوی دووبارە بکەنەوە. جان فرانکۆفینی رابەری گەورەترین حیزبی نیوفاشیستی ئیتالیا لەساڵی ١٩٩٤دا رایگەیاند کە (فاشیزم دیاردەیەکە دووبارە نابێتەوە). سەرەنجام نیوفاشیزم جگە لەتوندڕەوی، نەژادپەرستی، تیرۆرو توندوتیژی‌و دژایەتی بێگانەکان، لەزەمینەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و فەرهەنگیدا شتێکی دیکەیان بۆ جیهان‌و بۆ نەتەوەکەی خۆشیان پێ نییە.





## سەرچاوەو پەراوێز

١ـ باتامور، جامعە شناسی سیاسی، ترجمە منوچهر کاشانی، انتشارات کیهان، تهران، چاپ اول ١٣٦٦، ل ١٣٣ یان ارنست غیلنر، الامم والقومیە، الانتقال الى عصر القومیة.

٢ـ موریس بارییە، مدرنیتەی سیاسی، ترجمە عبدالوهاب احمدی، نشر آگاه، تهران چاپ اول، ل ٢٣١.

٣ـ باتامور، هـ. س. پ، ل ١٣٤.

٤ـ هەردوو وتەکەی(ئۆتۆ باوەڕ) لە باتامور، هـ. س. پ، ل ١٣٥وەرگیراوە.

٥ـ ایرنست غیلنر، الامم والقومیة. ترجمة. د. مجید الراضي، دار المدى للثقافة والنشر، ٢٠٠٠.

٦ـ باتامور، هـ. س. پ، ل ١٤٠.

٧ـ تا ئێستا زۆر حاڵەتی نەتەوایەتی هەیە کە ئەو نەتەوانە نەیاتوانیوە دەوڵەتی نوێ دروست بکەن‌و تا ئێستا بە شێوەی(گەل) یان(میللەت) ماونەتەوە، وەکو کورد، ئەمازیك، ئەرمەن. یان ئەوەتا زیاتر لەدەوڵەتێکیان هەیەو نەیاتوانیوە یەکێتی نەتەوەیی لەیەك دەوڵەتدا دروست بکەن، وەکو عەرەب، سلاڤ، تورك، چینیەکان، ئەرنست گیلنەر بڕوای وایە کە ئەو جیاوازیانەی لەنێوان زمانە سلاڤی‌یەکاندا هەیە زۆر کەمترە لەجیاوازی نێوان عامیاتی عەرەبی وڵاتەکان، بەڵام عەرەب لەژێر کاریگەری زمانی دینی قورئاندا خۆیان بە نەتەوەیەك حساب دەکەن لەکاتێکدا سلاڤی یەکان بڕوای لەو جۆرەیان نییە.

بڕوانە ارنست غیلنر، هـ. س. پ.

٨ـ اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية، ترجمة عدنان حسين، دار المدى للثقافة والنشر ١٩٩٩.

٩ـ موريس باربييه. هـ. س. پ. ل ٢١٢.

١٠ـ موريس باربييه. هـ. س. پ. ل ٢١٣.

١١ـ هنرى توماس، بزرگان فلسفه. مترجم فريدون بدره‌اى، شركت انتشارات علمى وفرهنگى. تهران، چاپ چهارم ١٣٨٢، ل ٢٩٠.

١٢ـ يوهان گوتليب فيخته، خطابات الى الامة الالمانية، ترجمة د. سامي الجندي، دار الطليعة، بيروت ١٩٧٩.

١٣ـ موريس باربييه . هـ. س .پ. ل ٢١٩.

١٤ـ دۆرۆتیا وایدینگەر، چەمکی نەتەوە(وسەرهەڵدان و گەشە کردنی لەسەدەی ١٨ تا سەدەی ٢٠)، وەرگێڕانی ئاسۆ ئیسلام پەنا، گۆڤاری(سپی تر) ژمارە ٦، بەهاری ٢٠٠٥. ل ١٤.

١٥ـ موريس باربييه، هـ. س. پ. ل ل ٢٢٧ـ ٢٣١.

١٦ـ موريس باربييه، هـ. س. پ. ل ٢٣٠.

١٧ـ ناوی یەکێکە لەوتارەکانی(فريد هاليداى)، کە ئەحمەدی عەلیخانی کردوویەتی بە فارسی لەرۆژنامەی(ئاسۆ) ژمارە ١٧، ٣ خرداد ١٣٨٣ بڵاوکراوەتەوە.

١٨ـ ارنست غيلنر، هـ. س. پ.

١٩ـ آلان تورين، نقد الحداثة. ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٧.

٢٠ـ فريد هاليداى، هـ. س. پ.

٢١ـ دۆرۆتیا وایدینگەر، هـ. س. پ.

٢٢ـ شێوەی بەکارهێنانی(دۆرۆتیا وایندینگەر)ە لەوتاری(چەمکی نەتەوە) بڕوانە گۆڤاری (سپی تر) ژمارە ٦، بەهاری ٢٠٠٥، ل ١٥.

٢٣ـ موريس باربييه. هـ. س. پ. ل٢٢١.





٢٤ـ موريس باربييه. هـ. س. پ. ل٢٢٢.

٢٥ـ موريس باربييه. هـ. س. پ. ل٢٢٦.

٢٦ـ آلان تورين، نقد الحداثة، ترجمة انور مفيث، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٧.

٢٧ـ تەواوی ئەم زانیاریانە دەربارەی رۆسۆ. لەکتێبی(مدرنیتەی سیاسی) موريس باربييه، ل ل ٢٣٢ ـ ٢٣٣ وەرگیراون.

٢٨ـ دۆرۆتیا وایندینگەر، هـ. س. پ. ل١٠.

٢٩ـ موريس باربييه، هـ. س. پ. ل ٢٣٤.

٣٠ـ هنرى توماس، بزرگان فلسفه، ترجمه فريدون بدره‌اى، انتشارات فرهنگى علمى، چاپ اول چهارم. ١٣٨٣، تهران. ص ٣٧٠.

٣١ـ دايرة المعارف ناسيوناليسم، زير نظر الكساندر ماتيل، كتابخانة تخصصى وزارت امور خارجه، جلدسوم، تهران ١٣٨٣. ل ل ١٣٦١ـ ١٣٦٢.

٣٢ـ هنرى توماس. هـ. س. پ.ل ٣٧١.

٣٣ـ دايره المعارف ناسيوناليسم، ل ١١٨٦.

٣٤ـ تودوروڤ، نحن والآخرون، ترجمة د. ربى حمود، دار المدى الطبعة الاولى، ١٩٩٨، دمشق، ل ٢٥٢.

٣٥ـ أنتونى اسميت(پارادايم هاى ناسيوناليسم)، ترجمه بختيار سجادى، مجله نويسا(گاهنامه سياسى، اجتماعى، فرهنگى)، شماره ١، بهار ١٣٨٣، ل ٢٠٢.

٣٦ـ موريس باربييه، هـ. س. پ ل ٢٤٠.

٣٧ـ هـ. س. پ. ل ٢٤٣.

٣٨ـ ميشيل لووى (درباره تغيير جهان) مقالاتى درباره فلسفه سياسى از كارل ماركس تا والتر بنيامين، ترجمة حسن مرتضوى، نشر روشنفكران، تهران ١٣٧٦، ل ٩٦.

٣٩ـ دايره المعارف ناسيوناليسم، ل ١٣٦٤ـ ١٣٦٥

٤٠ـ ميشيل لووى. هـ.س. پ. ل ٩٧.

٤١ـ زانیارییە مێژووییەکان سەبارەت بە ئەنتەرناسیۆلیزمو مەسەلەی نەتەوایەتی ئەو سەردەمە لەسەرچاوەی پێشوو وەرگیراون.

٤٢ـ میشیل لووی، هـ. س. پ. ل ١٠٠.

٤٣ـ ئەم پێنج خاڵە بۆ شیکردنەوەی دیدگاکانی چەپی رادیکاڵی مارکسیستی لە(میشیل لووی). هـ. س. پ، ل ل ١٠١ـ ١٠٧وەرگیراون.

٤٤ـ میشیل لووی. هـ. س. پ. ل ١١٧.

٤٥ـ میشیل لووی. هـ. س. پ. ل ١١٥.

٤٦ـ میشیل لووی. هـ. س. پ. ل ١١٦.

٤٧ـ هـ. س. پ. ل ١١٧.

٤٨ـ دایرة المعارف ناسیونالیسم. ل ٧٣٣. جلد دوم،

٤٩ـ جان سالوین شاپیرو(لیبرالیسم، معناو تاریخ آن)، ترجمەی محمد سعید حنایی کاشانی، نشر مرکز، چاپ اول تهران. ١٣٨، ل ١٦٢. بەڵام ئەریك هوبزباوم بڕوای وایە کە پێش ساڵی ١٧٩٥ لەهیچ کام لەبەیاننامەکانی مافەکانی مرۆڤی فەرەنسیدا بەو شێوەیە باسی نەتەوە نەکراوە، بڕوانە اریك هوبزبام(الامم والنزعه القومیه)، ترجمە عدنان حسین، دار المدی ١٩٩٩. ص ٢٦.

٥٠ـ آندرو وینست، ایدئولوژیهای مدرن سیاسی، ترجمە مرتضی ثاقب فر، انتشارات ققنوس، تهران چاپ اول ١٣٧٨، ل ٣٣١.

٥١ـ آنتونی اسمیت، پارادایم های ناسیونالیسم، ترجمەی بختیار سجادی، گۆڤاری(نویسا)، شماره اول، بهار ١٣٨٣، ل ١٩٥ـ ١٩٦.

٥٢ـ مارك هوگارد(لیبرالیسم)، ترجمە پری آزرم وند. بڕوانە دایره المعارف ناسیونالیسم، جلد دوم، ل ٧٠٧.

٥٣ـ اریك هوبزباوم، هـ. س. پ ٢٩

٥٤ـ دایره المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ل ٧١٥.





٥٥ـ مارك هوگارد. هـ. س. پ. ل ٧١٦

٥٦ـ جان سالوین شاپیرو. هـ. س. پ. ل ٤ .

٥٧ـ آلان تورین(ماهي الدیموقراطیة؟) ترجمة حسن قبیسی، دار الساقی، بیروت ١٩٩٥.

٥٨ـ باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمه منوچهر صبوری کاشانی، انتشارات کیهان، چاپ اول تهران ١٣٦٦. ل ١٣٦.

٥٩ـ ئەریك هوبزباوم، هـ. س. پ. ل٣٠.

٦٠ـ هـ. س. پ. ل٣٤.

٦١ـ جان سالوین شاپیرو، لیبرالیزم(چەمكو مێژوو)، وەرگێڕانی عوسمان حەسەن شاکر، مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی. ن. ك)، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ل ٢٢٥ـ ٢٢٧.

٦٢ـ دایره المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ل ١٣٥٣.

٦٣ـ دایره المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ل ١٢٠٧.

٦٤ـ جان گری(فلسفه سیاسی آیزیا برلین)، ترجمه خشایار دیهیمی، انتشارات طرح نو، چاپ اول، تهران ١٣٧٩، ل ١٣٤.

٦٥ـ دایره المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ل ١٢٠٧.

٦٦ـ من بۆ خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە بەهۆی دیدگا فرەکانی ناو ناسیۆنالیزم بڕوام بە پلورالیزمی سیاسی هێناو لەتاك رەهەندی بیرکردنەوەی مارکسیستی رزگاربووم. مەبەستم ئەوەیە بڵێم یەکەم جار کەمن بە بیرکردنەوەی فرەیی ئاشنا بووم لەزەمینەی خوێندنەوەو نووسینەکانم بوو لەنەتەوایەتیدا، دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم تەنها(نەتەوایەتی) دیدگای فرەییو پلورالیستی تێدایە، چونکە ئەگەر وابێ دیارە هەتاسەر بڕواهێنان بە پلورالیزمو وەفادارمانەوە بۆی دەبێتە شتێکی نامومکین.

٦٧ـ دایرة المعارف ناسیونالیسم، جلدوم، ل ١٢٠٧.

٦٨ـ جان گری(فلسفه سیاسی آیزایا برلین)، ل ١٣٥.

٦٩ـ بە بڕوای من دەبێت هەردوو دیدگای(بەشداری سیاسی) هانا ئارێنتو( ئەندامێتی لەفەرهەنگی هاوبەشی) ئایزایا بەرلین وەکو لایەنەکانی پلورالیزمی فەلسەفیو سیاسی پەسەند بکەینو ڕەت کردنەوەی هەر کامیان نەبوونی وەفادارییە بۆ پلورالیزم. فەرهەنگو نەریتی(فەردییەتی گشتی) کە لەئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەنی مافەکانی مرۆڤ، بەشداری سیاسی، ئازادی فەرهەنگی ... هتد پەیدابووە، بۆخۆی بەرهەمی هەموو لایەنەکانی پلورالیزمی ڕۆژئاواو لیبرالیی.

٧٠ـ جان گری، ه. س. پ. ل ١٤٤.

٧١ـ پیتر سوگر، فاشیسمو ناسیونالیسم، ترجمەی نوراللە مرادی. دایره المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ص ٦٧٨.

٧٢ـ دایرة المعارف ناسیونالیسم، جلددوم، ل ١٢٦٥.

٧٣ـ آندرو وینست(نظریه سیاسی ناسیونالیسم)، ترجمەی پری آزرم وند. دایره المعارف ناسیونالیسم. ص ٨٤١.

٧٤ـ دۆرۆتیا وایندینگەر. ه. س. پ. ل ٢٠.

٧٥ـ آندرو وینست، ه. س. پ. ل ٨٤٢.

٧٦ـ درۆتیا وایندینگەر. ه. س. پ. ل ٢١.

٧٧ـ پیترسوگر. ه. س. پ. ل ٦٨٦.

٧٨ـ ه. س. پ. ل٦٨٧.

## ناسیۆنالیزم وەکو بەشێک لەزانستی مرۆڤایەتی

زۆربەی باسەکانی لێکۆڵینەوەی نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی، یان بەشێك بوون لەچارەسەری کێشەیەك لەکێشەکانی نەتەوایەتی، یان هەوڵێك بوون لەناو بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی بۆ بەشداریکردن لەچارەسەری کێشەی نەتەوایەتی‌و پێکهێنانی مۆدێرنیتی سیاسی‌و سەرئەنجام هەردووکیان شێوەیەك بوون لەبەرنامەو پەیڕەوی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی. هەرچەندە هەندێك لەبیرمەندان‌و لێکۆڵیاران بەشێوەی کاریگەر بەشداربوون لەخستنەڕووی دیدگاکانیان، بەڵام سەرئەنجام ئەوانیش لەکاروانی چارەسەری ئەو کێشەیەدا فۆرمۆلەی بیروباوەڕەکانیان کردووە.

لەدوای شکستی نازیزم‌و فاشیزم، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم‌و زیادبوونی ژمارەیەکی زۆر لەدەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئاسیاو ئەفریقا، واتە تەواوی ساڵانی دەهەی شەست‌و حەفتاو هەشتای سەدەی بیستەم کپ بوونی ناسیۆنالیزم‌و بزاڤی نەتەوەیی لەسەرتاسەری دنیادا دەبینریٚ‌و ئەم دیاردەیە تارادەی نەبوو یان ئەوپەڕی بێ هێزی لەژیانی نەتەوەکاندا دەبینرا. چونکە بەشێکی زۆر لەنەتەوەکانی دنیا بوونە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی‌و بەهرەمەندبوون لەسەربەخۆیی‌و سەروەری، یان هەندێکی کەم لەنەتەوەکانی دیکە (کورد، ئەرمەن، ئەمازیگ‌و فەلەستین) پاشەکشەیەکی بەرچاویان لەبزاڤی نەتەوەیی خۆیان لەئاستی جیهانی‌و هەرێمایەتیدا بەخۆیانەوە بینی. بەڵام لەو کاتانەشدا روخسارو نمادی گرنگی نەخشی ناسیۆنالیزم لەسیاسەتی جیهانیدا بەرچاو





دەکەوت، کە وایدەکرد بیرمەندان‌و لێکۆڵیاران گرنگی بدەن بەمەسەلەی نەتەوەکان‌و نەخشی ناسیۆنالیزم لەهەلومەرجی نێودەوڵەتیدا لەم زەمینانەدا هێشتا هەر بەرچاوە:

یەکەم، نەخشی ناسیۆنالیزم لەسیاسەتی ئێستاشدا هێشتا سەرچاوەی کێشەو ناجێگیری‌و مشتومڕی نێوان هێزو دەوڵەتەکانە. هەندێك بڕوایان وایە کە ناسیۆنالیزم واقعیەتی هەمیشە ئامادەیەو زۆرجاریش توندوتیژی دنیای نوێ لەو سەرچاوەیەوە پەیدا دەبێت. وەڵامی ئەم ئامادەبوونە، لەچەند لایەنەوە جیاواز دێتە بەرچاو. لایەنێك بڕوایان وایە کە دەبێت وەڵامی ئاشکراو پەیگیری ناسیۆنالیزم ئەوەبێت کە دەبێ وەکو ئایدۆلۆژیایەك رەت بکرێتەوە، چونکە زیانمەندو مایەی توندوتیژی‌و نائارامییەو مرۆڤ دەبێت بەرەو رووی هاونیشتمانی‌و هاووڵاتی جیهانی پەنابەرێت. ئەم چەمکە لەبزاڤەکانی سەر بەمافەکانی مرۆڤو رێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. لاوازی سەرەکی ئەم دیدگایە لەوەدایە کە خواستەکانی ناسیۆنالیستی - ئاشتی خوازو توندوتیژ - بەشێوەی نادیار دەبینیٚ‌و بڕوای وایە بزاڤی نەتەوایەتی‌و دەوڵەتی نەتەوایەتی بەرەو پوکانەوە دەچێت، یان دەڵێن لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا نەخش‌و پەسەندکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەو لاوازی دەچێت. هێندەی نەخایاند کە ئەم دیدگایە لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا بەدرۆ کەوتەوەو لەدوای ساڵی ١٩٨٩و شکستی ئۆردوگای سۆسیالیستی سەر بەشورەوی، تەواوی نەتەوەو نەژادەکانی ئەم بەشەی ئەوروپا دەستیان کردەوە بەبەهێزترین بزاڤی نەتەوەیی خۆیان‌و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی چیك، سلۆڤاك، سربیا، کرواتیا، سلۆڤینیا... سەرلەنوێ دامەزرانەوە.

وەڵامی دووەم، بەپێچەوانەی دیدگای یەکەمەو بڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم شێوەی دڵخوازو پەسەندی رێکخستن‌و پەیوەندییە. بەڵام دەبێت لەم زەمینەیەدا تێکۆشانی ئەوە بکرێت کە پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم‌و شێوەی سەرەکی ژیانی دیموکراسی‌و ئازادی خوازی بەرەو کوێ دەچێت. لەم بوارەدا لیبرالیزم لەهەموو بیروباوەڕەکانی دیکە وەڵام‌و هۆکاری رۆشن‌و مرۆڤدۆستی هەیە. بەڵام دیسان ئەم دیدگایەش جۆرێك لەکەمایەتی

تێدایەو وا دەزانێ کە ناسیۆنالیزم توخمە گرنگەکانی ژیانی هاوچەرخی مرۆڤی ئازادو شارستانی تێدا نییە، یان ناسیۆنالیزم بۆ خۆی دیاردەیەکی ناپایەدارو ناجێگیرە.

وەڵامی سێیەم، تێ دەکۆشێ کە هۆکارو مەبەستی وڵاتو نەتەوەکان لەیەکتر جیا بکاتەوەو لەهەوڵی ئەوەدایە وا لەوڵاتەکان بکات کە جیاوازی نەتەوەییو نەژادی، ناوچەییو فەرهەنگی هاوئاهەنگ بکەن لەگەڵ پێوەرو دیدگا جیهانیەکانی مافی مرۆڤو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. ئەگەرچی ئەم ئاراستە ئاڵۆزەی نێوان ڕێگا چارەی نەتەوەییو نیشتمانی لەلایەكو پێوەرە نێونەتەوەییەکان لەلایەکی دیکەوە سەختو ئاڵۆزە، بەڵام تەنها پێوەری مرۆڤدۆستانەو دیدگای جیهانی ئازادی خوازانەی مافەکانی مرۆڤو سەربەخۆییو سەروەری نەتەوەکان دەتوانێت ناسیۆنالیزم لەهەموو ئاستەکاندا جڵەو بکاتو لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی تاکەکاندا هاوئاهەنگی بکات[1].

شکستو هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای سۆڤیەتیو پاشکۆکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩١ بەیەکێك لەگرنگترین سەردەمو وەرچەرخانی جیهانی دادەنرێت لەبواری ناسیۆنالیزمو سەرکەوتنی دیموکراسیو لیبرالیزم وەکو مۆدێلی سەرەکی لەجیهانی نەتەوەکانو مافەکانی مرۆڤو دەوڵەتی مۆدێرندا. لەنێوان ئەم ساڵانەدا بەهێزترین بزاڤی نەتەوەیی لەسەرتاسەری جیهاندا لەسەدەی بیستەمدا بەرپابوو، هەروەها زۆرترین توندوتیژیو مرۆڤکوژی بەکۆمەڵ بەهۆی هۆکارو ئامانجی ناسیۆنالیستییەوە پێشکەش بەمرۆڤایەتی کراو دیاردەی جینۆسایدی نەژادو نەتەوەکان، قڕکردنی بەکۆمەڵی یەهودی لەجەنگی دووەمی جیهانی وە بیر مرۆڤایەتی دەهێنایەوە. لەم نێوان ئەم ساڵانەدا چەند دەوڵەتی نەتەوەیی  دامەزران(چیك، سلۆڤاك، سربیا، کرواتیا، سلۆڤینیا، وڵاتانی ئەوروپاو ئاسیای جیابۆوە لەئیمپراتۆریای سۆڤیەتی)و چەند دەوڵەتی دیکەش لەسۆسیالیزمەوە دیسان وەرچەرخانەوە بۆ نەتەوایەتی(بولگاریا، هەنگاریا، پۆلۆنیا، یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمان)و دەیانەوێ بە کاروانی دیموکراسیو ناسیونالیزمی ئازادی خوازانە(لیبرالیستی) بگەن.





ئەم ڕوداوە گرنگە وایکرد کە ناسیونالیزم زیاتر لەجاران گرنگی پێ بدرێتو ببێتە باسی فکریو فەلسەفیو سیاسیو کۆمەڵناسی بیرمەندانی جیهانو ئێستا لەزۆربەی ناوەندەکانی زانستی دا لەم زەمینەیەدا کاری گرنگو بەرچاو ئەنجام دەدرێت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە گرنگی دان بە مەسەلەی ناسیۆنالیزم وەکو زانستی مرۆڤایەتی، لەسەرەتای حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوو بناغەکەی لەلایەن بیرمەندانو زانستکارانەوە دانراوە لەم نێونەدا ئانتۆنی سمیس ١٩٧١(تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم)، (ئایزایا بەرلین) لەناوەڕاستی حەفتاکانداو( ئەرنست گیلنەر)و(بەندێکت ئەندرسۆن) و(ئەنتۆنی گیدنز) لەسەرەتاو ناوەڕاستی هەشتاکاندا گرنگی زۆر بەرچاویان لەهەمەولایەنەکاندا بۆ ناسیۆنالیزم هێناوەتە ناو کۆڕی زانستی جیهانیەوە. دەستەی دووەم ئەو نووسەرو بیرمەندانەن کە لەدەیەی کۆتایی سەرهەڵدانەوەی سەدەی بیستەمدا، واتە دەهەی هەڵوەشانەوەی بلۆکی سۆڤیەتیو سەرهەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمو پاشەکشەی سۆسیالیزمی جیهانی، گرنگیان دا بە مەسەلەی نەتەوایەتیو لەگەڵ باسەکانی مۆدێرنیتیو پۆست مۆدیرنیتی دا کە ئەوانیش(ئالان تۆرین) ١٩٩٢، ئانتۆنی سمیس( ١٩٩٤، ١٩٩٦، ١٩٩٨)، (ئەریك هۆبزباوم) ١٩٩٠.

دەستە سێهەم ئەو نووسەران کە بەشداربوون لەدانانی(ئەنسکلۆپیدیای ناسیۆنالیزم) کە لەلایەن(ئەکادیمێك پرێس) لەساڵی ٢٠٠١ بەسەرپەرشتی(ئەلکساندر ماتیل) لەزانکۆی راتگەرز، کە فراوانترینو تا ئێستا بە نرخترین کاری گشتییان لەهەموو زەمینەکانی ناسیۆنالیزمدا ئەنجامداوە. ئەم بەرهەمە دەتوانرێ بکرێتە فەرهەنگی گشتی بۆ تێگەیشتن لەهەموو جۆرەکانی ناسیۆنالیزمیزۆر وڵاتانو نەتەوەکان، شارەزاییو ئاگایی باشتر دەربارەی چەمكو بزاڤو کەسایەتییەکانی بەشداربوو لەناسیۆنالیزم لەسەر ئاستی وتاروکردار، وەهەروەها پەیوەندی ناسیۆنالیزم بە دیاردەکانی دیکەی ژیانو جیهانی ئێستا. [2]

**ئەرنست گیلنەر: نەتەوە هاوئاهەنگی و جووت بوونی رەوشی نەتەوەیی یە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی.**

ئەرنست گیلنەر(١٩٢٥ـ ١٩٩٥) مامۆستای فەلسەفە لەکۆلیژی ئابووری لەندەن و بیرمەندێکی ناودارو شارەزای کۆمەڵناسی[٣]، لەزۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی دا گرنگی بەرچاوی بە ناسیۆنالیزم داوە بە تایبەتی هەردوو بەرهەمە ناودارەکانی لەبواری ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیێتی،(بیرکردنەوەو گۆڕان Thought & Change ١٩٦٤)و (نەتەوەو نەتەوایەتی Nation & Nationalism ١٩٨٣). ئەرنست گیلنەر وێرای ئەوەی کە بەشێوەی رۆشن و زانستی و مێژوویی پەیوەندی نێوان نەتەوایەتی و مۆدێرێنی باس و لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام دوو وتە بەناوبانگەکەی، ((نەتەوە ئەو چواچێوەیەیە کە هەردوو یەکەی سیاسی و نەژادی و نەتەوەیی پێکەوە گرێ دەدا))و ((نەتەوە فەرهەنگ و ئیرادەیە)) بوونە پرانسیپ و دیدگای رۆشن بۆ کردنەوەی باسی زانستی و مرۆڤایەتی بۆ ناسین و فراوانترکردنی شارەزاییمان دەربارەی ناسیۆنالیزم. زۆربەی بیرمەندان و گرنگی پێدەرانی بواری ناسیۆنالیزم ئەو دوو وتە گرنگەی ئەرنست گیلنەر یان کردۆتە میتۆدی تێگەیشتنی نێوان نەتەوایەتی و مۆدێرنیتی. بۆ ئەم مەبەستە ئەریك هۆبزباوم، مێژووناس و لێکۆڵیاری ئابوری و نەتەوایەتی نزیك لەمارکسیزم، بەهەمان شێوەی گیلنەر دەڵێت: ((من زاراوەی(نەتەوایەتی) بەو مانایە بەکاردەهێنم کە ئەرنست گیلنەر پێناسەی کردووەو دەبێتە ئەو پرانسیپەی کە هەردوو یەکەی سیاسی و نەتەوایەتی جووت و هاوئاهەنگ دەکات. ئەم مانایە نەتەوایەتی مۆدێرن لەشێوەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوەیی و نەژادی جیادەکاتەوە)).[٤] هەروەها رستەی((نەتەوایەتی فەرهەنگ و ئیرادەیە)) کە پرانسیپی سەرەکی یە لەوتاری (نەتەوە چییە؟) دەبێتە ئەو میتۆدە فراوانەی رابردووی نەتەوە(فەرهەنگ) بە ئێستاو داهاتووی(ئیرادە) گرێدەدات و هەردوو دیدگای مێژوویی و فەرهەنگی لەگەڵ سیاسی و مۆدێرنیتی لەنەتەوەدا کۆدەکاتەوە، بەمەش هەردوو لایەنە گرنگ و هەستیارەکەی نەتەوایەتی لەو چەمکەدا کۆدەکاتەوە.





ئەرنست گیلنەر لەنووسەران و بیریارانی پێش و دوای خۆی زیاتر پابەندە بە ناسین و لێکۆڵینەوەی نەتەوەی مۆدێرن و دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەو سەردەمی سەرمایەداری پیشەسازی و بڕوای ئەویش لەم زەمینەدا لەم خاڵانەدا باس و شیکردنەوە دەکەین:

١ـ لەدوای سەرمایەداری و شۆرشی پیشەسازی، مرۆڤایەتی زۆر بە توندی پابەندبووە بە کۆمەڵگای پیشەسازی، هەروەها وابەستە بووە بە سیستەمێکی بەرهەم هێنان کە لەسەر پایەی زانست و تەکنۆلۆژیادا دامەزرابێت. لەوانەیە ئێمە هەموو ئەگەرو دەسەتەڵاتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی نەناسین بەڵام دەبێت هەندێك لەدەرئەنجام و هاوئاهەنگی یەکانی تێبگەین و بە تایبەتیش هاوئاهەنگی کەلتوری کە دەبێتە سەرخانی نەتەوایەتی و کۆمەڵگای مۆدێرن. رەوشی سەرەکی ناسنامەو فەرهەنگ لەم سەردەمە مۆدێرنەدا هاوئاهەنگییەکی بابەتی و پێویستی وادەسەپێنێ کە سەرەنجام وەکو نەتەوایەتی دەرئەکەوێ.

٢ــ رێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی، کۆك و تەبانییە لەگەڵ بیروباوەڕی نەتەوایەتی، بۆ نزیك بونەوەی یەکە سیاسی و فەرهەنگییەکان. بەڵام سەردەمی گواستنەوە بۆ پیشەسازی و سەرمایەداری مەحکومە بەوەی کە سەردەمی نەتەوایەتی و نزیك خستنەوەی یەکە سیاسی و فەرهەنگییەکان بێت. گۆڕانکاری لەسنووری سیاسی و یەکبونی ناوچەو یەکە فەرهەنگییەکان یان جیابونەوەو دابەش بوونی ئیمپراتۆری سەروو نەتەوەیەکان ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و فەرهەنگییە پێویستانەن کە سەردەمی پیشەسازی و سەرمایەداری و دەوڵەتی مۆدێرن دەیسەلێنێ بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوە یا نیشتمان.

٣ـ کلیلی تێگەیشتن لەنەتەوایەتی دەبێتە زەمینەی لاوازی و بەوڕادەی کە سەرچاوەی هێزەکەیەتی. نەتەوایەتی وا پێناسەکراوە کە فەرهەنگ و نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتدا جووت بکات. ئەم چەمکەش، بۆچونێکی گومڕاکەرە، بەبێ ئەوەی بە مەبەست وابکات. لەوانەیە زمان ببێتە پێوەری نەتەوەو فەرهەنگ. ئەگەر وابێت بابزانین رەوشی زمان و نەتەوایەتی

لەم دوو حاڵەتدا چۆن دەبێت: زمانە سلاڤییەکان زۆر لەزمانەکانی عامیاتی عەرەبی لەیەکتر نزیکترن، بەڵام سلاڤییەکان خۆیان بە نەتەوەی جیاواز لەیەك دەناسێنن، لەکاتێکدا عەرەبەکان خۆیان بە یەك زمانو یەك نەتەوە دەزانن لێرەدا، فەرهەنگ یان زمان چۆن دەتوانێت ببێتە پێوەری دروست کردن یان جووت بوون لەگەڵ یەکەی سیاسی(دەوڵەت)دا.

ژمارەی ولاتانی جیهان ئێستا(٢٠٠) رژێمی سیاسییە، کە دەتوانین تەواوی بزووتنەوە رزگاری خوازەکانی نیشتمانیو نەتەوەییو یەکێتی خواز بۆ ئەم ژمارەیە زیاد بکەین، کە تائێستا نەبونەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان(لەوانەشە هەرگیز نەتوانن)، لەم کاتەدا ئەو پێناسە گشتییەی نەتەوایەتی بەرەو کوێ دەچێت کە بزانین ئێستا لەدنیادا هەشت هەزار زمانی ئاخاوتن هەیە.[٥]

سەرنجام ئەوەی کە تائێستا ڕوویداوە، ئەوە نییە کە نەتەوایەتی چوون یەکیو هاوئاهەنگی فەرهەنگیو سیاسی بەرهەم دەهێنێ، بەڵکو دەوڵەت دەتوانێ نەتەوایەتیو نزیك بوونەوەی فەرهەنگیو یەکێتی سیاسیش بسەپێنێ. هەروەکو کلونال بیلسودسکی سەرۆکی یەکەمین دەوڵەتی سەربەخۆی پۆڵۆنیا لە ساڵی ١٩١٨ دەڵێ: ((دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە)).[٦]

٤ـ دەوڵەتی مۆدێرنی سیاسیو سەرمایەداری، دەبێت لەرێگای پرۆسەیەکی یەکێتیو یەکگرتنی ناوچەیی، فەرهەنگیو سیاسی هێزێکی کۆمەلایەتیو جەماوەری وەها دروست بکات کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ پێداویستییە ئابوریو سیاسیەکانی. ئەویش بەوەی کە جەماوەری بزێو، خوێندەوارو خاوەنی فەرهەنگی بالاتری وا بەرهەم بهێنێو دەوڵەت دەتوانێ سەرلەنوێ خەڵكو نەتەوە دروست بکاتەوە. ماسیمو تاپاریلی ئادزلیو، یەکێك لەرابەرانی دەوڵەتی مۆدێرنو یەکێتی ئیتالیا لەدوای یەکگرتنەوەی ولات لەساڵی ١٨٦١ دەڵێت: (( ئیتالیامان دروست کرد، ئێستا نۆبەی دروست کردنی ئیتالیاییەکانە)) لەرێگای قوتابخانەو خوێندنو خزمەتی سەربازییەوە. تا پەیدابوونی





تەلەفزیۆن هیچ هۆکارێکی فەرهەنگیو فێربوون بە رادەی قوتابخانەکان لەزەمینەی دروست کردنی یەکێتی نێوان نەتەوەو هاوئاهەنگ کردنی فەرهەنگیدا، کاریگەر نەبووە.[٧]

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێ‌کە نەتەوایەتیو سەرهەڵدانو بێداربوونەوەی هێزێکی کۆنو مێژوویی نییە، هەرچەندە تەواوی نەتەوە پەرستەکانو نەتەوایەتی بەو جۆرە خۆیان دەخەنەڕوو. بەڵکو لەراستیدا ئەنجامی شێوەیەکی نوێیە بۆ رێکخستنی کۆمەلایەتی، کە بەهۆی خوێندن، خزمەتی سەربازی، کاروباری سیاسیو ئیداری، رەوشی ئابوریو پیشەسازیو بازرگانی نوێی دامەزراو لەسەر یاسای ئابوری نیشتمانیو یەکگرتوو، کە لەگەڵ زەمینەی فەرهەنگیو نەتەوەیی کۆن دا کاریگەرو یەکانگیر دەکرێن، بەهۆی ئیرادەی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی نەتەوایەتی مۆدێرنەوە کە دەوڵەتە.

٥ـ نەتەوایەتی خۆی وەکو رێکخستنێکی سروشتیو گشتی بۆ ژیانی مرۆڤایەتیو سیاسی دەناسێنێ، بەڵام کاتێك ئەمە بە ئامانج دەگات کە خاوەنی ئیرادەی سیاسیو دەسەلاتی سەروەرو سەربەخۆ بێت. هەروەکو هیگل دەڵێت: لەوانەیە هەندێك لەنەتەوەکان خاوەنی مێژووی درێژی خۆیان بن پێش ئەوەی بگەن بە مەبەستی خۆیان کە ئەویش دووبارە سازدانەوەیانە لەدەوڵەتداو هەربۆیەش دەڵێت: سەردەمی پێش دەوڵەتی نەتەوە دەکەوێتە پێش مێژووی ئەو نەتەوەیەو بەم جۆرەو بە پێی ئەم بڕوایە مێژووی راستەقینەی نەتەوەیەك کاتێك دەست پێدەکات کە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت.

٦ـ فەرهەنگی خۆرسكو فەرهەنگی باخچە دەستکاری کراوەکان:

فەرهەنگی مێژوویيو رابردووی ولاتو نەتەوەکان وەکو ڕووەکەکان وانو دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ هەردوو خۆرسكو روێنراو. جۆری خۆرسك بە شێوەی سروشتیو لەدەشتو چیاکاندا دەڕوێنو لەناویش دەچنو سەر لەنوێ دەژێنەوە. ئەگەرچی سروشتو فەرهەنگی خەڵكو ناوچەکان زۆر لەڕووەکەکان دەچنو بەردەوام لەدووبارەو ژیانەوەدانو

خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، بەڵام بە بێ پێوەرو بڕیاری پێشوەختو هۆشیار، یان بەبێ چاودێریو هەوڵی گەشەسەندن.

بەڵام فەرهەنگی دەستکاری کراوو رێكو پێك کراو، هەروەکو رووەكو گوڵی باخچەکان وان، ئەگەرچی ئەوانیش لەرووەكو گژوگیای خۆرسکی دەشتو دەر پەیدابوون، بەڵام دەسکاریو چاك کراون. فەرهەنگی نەتەوەی خاوەن دەسەڵاتو سەروەری هەروەکو باخچە رازاوەو دەسکاری کراوەکان لەرێگای خوێندنو فێربوون، ئەدەبو هونەر، زمانی پسپۆریو زانکۆکانو فەرهەنگی سیاسیو بەرێوەبردنو پاشان چاپی کتێبو رۆژنامەو تەلەفزیۆن دەبێتە فەرهەنگی هاوئاهەنگو جووت لەگەڵ پێداویستی نەتەوەی خاوەن سەروەریو سەربەخۆیی. (٨)

٧ـ پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتی سیاسی(دەوڵەتی نەتەوە)و ئابوری وڵات، وەکو جۆرێك لەعەقلانیەتی ئابوری ئەو مۆدێرنیتییە سیاسیە لەم رێگاو ئامانجانەوە، مەبەستی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی خۆی بەرهەم دەهێنێ. دیاری کردنی سنوری جوگرافیو سەپاندنی بەهۆی یاساوە. نەهێشتنو شاردنەوەی جیاوازییە فەرهەنگیو ئابوریو سیاسیەکان لەرەوشی کۆمەڵایەتیو جەماوەری نەتەوەدا. دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها پارێزەری فەرهەنگی نەتەوەیی نییە، بەڵکو دارێژەرو پارێزەری ئابوری مۆدێرنیشە. سەرئەنجام گرنگی پێدانی دەوڵەت بە هاوسەنگو هاوئاهەنگ کردنی فەرهەنگو سیاسەتی نەتەوە، هاوکات دەبێت لەگەڵ گەشەو پەرەپێدانی ئابوریو بەرەوپێش بردنیو هەدووکیان دەبنە دوو ئەركو ئامانجی گرنگی دەوڵەتی نەتەوە. (٩)

### بەندێکت ئاندرسۆن: نەتەوە کۆمەڵگای وێناکراوە

بەندێکت ئاندرسۆن لەدایك بووی ١٩٣٦ لەکۆمینگ لەوڵاتی چین، لێکۆڵیارو پرۆفیسۆر لەبواری سیستەمە حکومەتیەکانو بەرپرسی بەرنامەی(باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا) لەزانکۆی کۆرنیڵ لەنیۆریۆك. کتێبە ناودارەکەی سەبارەت بە نەتەوایەتیو





بەناوی(کۆمەڵگا خەیاڵییەکان ١٩٨٣ Imagined communities) یەکێکە لەو سەرچاوە ناودارانەی کە زانستی مرۆڤایەتیو ئەکادیمی ئەم بیست ساڵەی دوایی زۆر پشتی پێ دەبەستن. بڕواکانی ئاندرسۆن لەو سەرچاوەیەداو لەوتارەکانی دیکەی پاش ئەو کتێبە لەم بەشانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو.

١ـ نەتەوە کۆمەڵێکی سیاسی هێماکراوە ـ ئەویش وەکو کۆمەڵێکی سیاسی سنوردارو سەربەخۆ. نەتەوە لەبەرئەوەی وێنایەکی زەینییەو هێمای ئەو کۆمەڵە لەزەینی هەموو ئەندامەکانیدایە، کۆمەڵگاکان نابێت لەرەوشی بابەتیو رەسەنیەتیدا لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە هێما دەکرێن.....

نەتەوە لەبەرئەوەی وەك(کۆمەڵێکی سیاسی) سنوردار هێما دەکرێت، کە تەنانەت گەورەترینیشیان(بۆ وێنە نەتەوەیەکی سەروو یەك ملیار کەس) لەسنوری دیاریکراودا دەژین. هیچ نەتەوەیەك خۆی لەگەڵ گشت مرۆڤایەتیدا بە یەکسان نازانێ، تەنانەت توندڕەوترین ناسیۆنالیستەکانیش خەون بەو رۆژەوە نابینن کەهەموو ئەندامانی مرۆڤ، ئەندامی نەتەوەکەی ئەوان بن ـ بۆ نموونە بەو شێوەیەی کە لەرابردوودا بۆ مەسیحیەکان دەکرا خەون بە زەوییەکی تەنیا مەسیحی بینن، یان ئیسلامیەکانی ئێستا کەخەون بە جیهانێکی باڵادەستی ئیسلامیو شەریعەتی خۆیانەوە دەبینن.

نەتەوە بۆیە بە(کۆمەڵێکی سیاسی) سەربەخۆ هێما دەکرێ، چونکە چەمکی نەتەوە لەسەردەمێکدا هاتەبوون کە رۆشنگەریو شۆڕش، ڕەوایی ئیمپراتۆریا هەڕەمیو پاشایەتییەکانی بردە ژێر پرسیارەوەکە خۆیان بە حکومەتی خودا دەزانی.... هەر بۆیە نەتەوە جگە لە ئازادی خەیاڵێکی دیکەیان لەسەردانییە، ئەویش ئازدای تەواو بێ ئەملاولا..... پێوەرو هێمای ئەو ئازداییە دەوڵەتی سەربەخۆیە. ئەوەی کە نەتەوە، وەك کۆمەڵگایەك لەزەیندا هێمادەکرێ، لەبەرئەوەی جیا لەنایەکسانی کۆمەڵایەتیو چەوسانەوەی ناوخۆی لەزەیندا دەنوێنێو تێگەیشتنی بۆ دەکرێ.... (١٠)

٢ـ هیچ رەمزێك لەناو هێماكانی مۆدێرنی نەتەوایەتیدا وەكو گۆڕ یان ئارامگای سەربازی ون سەرسامو وروژێنەر نییە. ناوەڕۆكو هێمای كلتوری ئەم رەمزە كاتێك رۆشن دەبێتەوە كە خەیاڵی ئەوە بكەین بۆ نموونە(گۆڕی ماركسی ون) یان (ئارامگای شەهیدی لیبرالی) هەبێت، ئایا خۆمان گاڵتەمان بەمانە نایەت؟ هۆكاری ئەمانەش لەبەر ئەوەیە كە نەماركسیزمو نەلیبرالیزم زۆر گرنگی نادەن بەمردنو نەمری. بەڵام خەیاڵدانی نەتەوەیی(لەنموونەی گۆڕی سەرباز یان شەهیدی نەتەوەیی)، دا مەسەلەی(مەرگو نەمری)دەكاتە بەشێك لەپابەندی نەتەوەییو خەیاڵی نەتەوەیی بوون. تەنها هێماو خەیاڵی نەتەوەییو خەیاڵە دینیەكان گرنگی یان بەو دوو چەمكە داوە، لەبەرئەوەی كە ئەم نزیكیو پەیوەندییەش بەرێكەوت نەبووە، بۆیە دەبێت رەگو ڕیشەی فەرهەنگی مەرگو نەمری بناسینو بزانین جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە هێماو خەیاڵدانە(دینیو نەتەوەییە) لە چیدایە.

تازە بیروباوەڕی ئایینی بە زۆر شێوە باس لەناوەڕۆكی نادیارو شێواوی نەمری دەكات، بەوەی كە مەرگ دەكات شێوەیەكی گشتیو بەردەوام بۆ نەمری (چاكە، یان خراپە)(ئیمان یان كفر). بەم شێوەیە دین لەنێوان مردووەكانو ئەوانەی كە هێشتا لەدایك نەبوون لەرێگای دوانەی(مەرگو نەمری) ناسنامەو دینی هەموو ئەوانە دیاری دەكات كە هێشتا هۆشیاری هەڵبژاردنو بەردەوام بوونیان لەو سنوورو چوارچێوەیەدا نییە، واتە رێكەوتی لەدایك بوونی مناڵەكان دەكاتە پێویستیو حەتمیەتی ئیمانداریو پەیڕەوی لەو دینە نەمرە.

لەكۆتاییەكانی سەدەی هەژدەداو بەتایبەتی لەئەوروپای رۆژئاوا، كە دەبێتە سەردەمی هەڵهاتنی خۆری نەتەوایەتیو ئاوابوونی شێوەكانی بیروباوەڕی ئایینی. سەدەی رۆشنگەری، عەقلانیەتو عەلمانیەت، كە بوونە كشانەوەی بیروباوەڕی ئایینی، بەڵام گومانو ئازارەكانی مەرگو نەمری لەگەڵ خۆی راپێچ نەكردوو ئەم پارادۆكسە دینیە بە شوێن دیاردەیەك یان سنورێكدا دەگەڕا كە بەردەوامی خۆی زەمانەت بكاتو شێوەیەك





لەتاریكی مۆدێرنو چواچێوەیەكی عەلمانی بۆ بەردەوامی مەرگو نەمری پەیدابكات، كە ئەویش نەتەوەیە.

ئەم بیروباوەڕە هەرەمەكیو بەردەوامە لەناو نەتەوەدا باشترین چوارچێوەی مۆدێرنو عەلمانی(نادینی) بۆ خۆی دۆزییەوە. چونكە دەوڵەتی ـ نەتەوە ئەگەر لەسەر هەردوو ئاستی(مۆدێرن)و(مێژوویی)دا تەماشا بكەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەیكە راستە ئەم دەوڵەتە نەتەوەییە، بە تەواوی تازەو مۆدێرنەو جیاوازە لەدەسەڵاتو دەوڵەتەكانی بنەماڵە، ئیمپراتۆریاو میرنشینەكان بە پشتیوانی ڕەوایی ئایینی، بەڵام رەگو ریشەی، سنورەكەی، فەرهەنگو مێژووەكەی هێندە كۆنە كە پەنا دەباتە بەر نەمری كە لەوپەری رابردووی نادیارەوە بەرەو ئەوسەری ئایندەی ناكۆتا خۆی دەنوێنێ یان دەیەوێ ڕەوایی نەمریو مێژوویی بە خۆی بدات. ئەمەش دەبێتە جادووی نەتەوایەتیو تریاكەكەی كە ئەویش ئەوەیە رێكەوت دەكاتە چارەنووسو قەدەرو هیچ كەس هێندەی ریجیس دۆبریە جوان ئەمەیو وێنا نەكردووە كە دەڵێت: ((بەڵێ، ئەو پەری رێكەوتە كە من بە فەرەنسی لەدایك بووم، بەڵام سەرەڕای هەمووشت، فەرەنسا نەمرە)).[11]

٣ـ هەوڵی مۆدێرنیتیو دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەشە پێدانو زاڵ كردنی زمانی نەتەوە، لەرێگای سێ هۆكاری دیكەوە، بە شێوەی راستەوخۆ زەمینەكانی هۆشیاری نەتەوەییان فەراهەم كرد.

أـ لێك ترازانی زمانە پیرۆزەكانی ئایین(لاتینی، ئیسلامی...) بۆ زمانە ناوچەییو نەتەوەییەكان یان زمانی نیشتمانی.

ب ـ كاریگەری ریفۆرمی دینیو دوورخستنەوەی ئایین لەدەوڵەت.

ج ـ بڵاوبونەوەو گەشەی زمانە نەتەوەییەكان بەرەو زمانی ئیدارە، خوێندنو ئەدەبو هونەرو لەهەمووشیان كاریگەرتر بڵاوبونەوەی دیاردەی(بازرگانی چاپ) یان(سەرمایەداری چاپكردنی كتێبو رۆژنامەو گۆڤارەكان) نەخشێكی زۆر كاریگەریان

بینی لەبڵاوکردنەوەو زاڵکردنی زمانی نەتەوە، فەرهەنگ‌و یادەوەرەی‌و مێژووی نەتەوەکان وەکو سەرچاوە بەهێزەکانی هۆشیاری‌و دروست کردنی خەیاڵدانێکی فراوانی نەتەوەیی.

یەکگرتنی سەرمایەداری‌و تەکنۆلۆژیای چاپ، بنەماکانی هۆشیاری نەتەوەیی لەم ڕێگایانەوە بەهێزو فراوان کرد، ئەم زمانە نەتەوەیی‌و چاپکراوانە زەمینەو مەودای ئاڵوگۆڕو پەیوەندی ڕەسمی‌و حکومی‌و نیشتمانی ڕەخساند کە هاووڵاتیان‌و خاوەن بەرژەوەندییەکان لەهەموو ئاستەکانی ئابوری، سیاسەت، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی دا سوودمەندو بەهرەمەند دەبوون. پیشەسازی چاپ‌و بازرگانی چاپ لایەنێکی بەردەوامی‌و جێگیری‌دا بە زمانە نەتەوەییەکان، کە بەو هۆیەوە بژارکردنی فەرهەنگ(گیلنەر)و دووبارە نووسینەوەی مێژوو، چاپکردنەوەی بەرنامەو کتێبەکانی خوێندن‌و داستان‌و ئەفسانە نەتەوەیی یەکانیش بەرگێکی مۆدێرن‌و شارستانی یان کرایە بەرو بەو چاپکردنە ڕازێنرانەوە. زمانی چاپکراو، شێوەیەکی تایبەتی لەزمانی دەسەڵات‌و ئیدارەی وای دروست کرد، کە لەمەودوا زمانی دەسەڵاتەکان پێویستی بە زمانی پیرۆزی ئایینی سەردەمە کۆنەکان نابێت‌و لەرێگای دەسەڵاتەوە زۆرێك هەوڵدرا بۆ گۆڕینی هەموو زمان‌و فەرهەنگ‌و مێژووەکان لەبەرژەوەندی خۆیان.[١٢]

سەرنجام زمانی نەتەوەیی، بازرگانی‌و سەرمایەداری چاپ، هۆشیاری نەتەوەیی‌و پابەندبوون بە شێوازو بەرژەوەندی ئەو زمان‌و هۆشیارییە جۆرێك لەوێناکردن یان هێماکردنی نەتەوەی خستە ناو فەرهەنگی نەتەوەکانەوە، مەگەر تەنها خەیاڵی دروستکەرانی نەتەوە بتوانن یان بزانن چۆنیان دروست کردوون. هەموو شت سەر لەنوێ سازونوێ دەکرێتەوەو هەموو شت لەنەتەوەکاندا بەرگی مۆدێرنێتی‌و خەیاڵی کۆمەڵگای نوێی بۆ ساز دەکرێ.





## ئەنتۆنی گیدنز،
## کۆمەڵناسیی سیاسی ناسیونالیزم

ئەنتۆنی گیدنز(١٩٣٨ - ) لەماوەی سێ دەهەی رابردوو لەکاریگەرترین تیۆرسازانی کۆمەلایەتی بووەو کتێبەکانی ئەو کە خاوەنی سی‌و شەش ناونیشانن‌و بۆ سی‌وپێنج زمان وەرگێڕاون، وکاریگەری گیدنز لەکۆمەڵناسیدا بە کاریگەری پارسۆنز، فۆکۆو هابرماس بەراورد دەکرێ. بڕواکانی ئەو دەربارەی کۆمەڵناسی‌و تیۆری کۆمەڵایەتی، سیاسەت‌و مۆدێرنیتی کاریگەری زۆریان هەبووە بۆ تێپەڕبوون لەکۆمەڵناسی کلاسیك. ژمارەی ئەو نووسین‌و رەخنانەی لەکارەکانی ئەو بڵاوکراونەتەوە قەوارەی زۆر گەورەیان هەیەو لەزۆربەی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی تیۆرو باسی کۆمەڵناسیدا هەمیشە ئامادەیەو بە وتەی رۆژنامەی(گاردیان): هیچ کەس لەکۆمەڵناسی هاوچەرخ بە ئەندازەی ئەو نەکراوەتە سەرچاوە، ئەمەش بۆ بەیانکردنی گرنگی‌و کاریگەری گیدنز ئاماژەیەکی گەورەیە.[١٣]

بڕواکانی ئانتۆنی گیدنز سەبارەت بە پرسی(نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی) لەچەند باس‌و سەرچاوەی گرنگدا پەیدادەبێ. ئەم سەرچاوانە بە دیدگاو روانگە گرنگ‌و کاریگەرەکانی ئەو ئەژمار دەکرێ لەم زەمینەیەدا کە لەروانگەی گشتی‌و سیاسیشدا گۆڕانکاری بەرچاوی بەدیهێناوە. سەرەتای گرنگیدانی گیدنز بە مەسەلەی نەتەوایەتی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥و کتێبەکەی بە ناونیشانی ((دەوڵەتی ــ نەتەوەو توندوتیژی Nation-state& Violence ))، پاشان کتێبە فراوان‌و زۆر بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی(کۆمەڵناسی) لەساڵی ١٩٨٩و ئەو بەشەی کە بەناوی(نەتەوایەتی‌و نەژاد). لەدوای ئەمساڵە چەندین وتارو سیمینارو نووسین دەربارەی نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی‌و

کۆمەڵگای پەیوەندیو راگەیاندن نووسیوە، بەڵام بە بڕوای من گرنگترین نووسینو روانگەی ئەو دەربارەی نەتەوایەتیو، دروست دەربارەی دەوڵەتی ـ نەتەوە سیمیناری ئەوبوو لە(زانکۆی ئابوری لەندن) LSE بەهاوکاری(دایڤید هێلد). من سەرەتا دیدگاو بۆچوونەکانی گیدنز دەربارەی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی لەو سیمینارەوە دەخەمەڕوو، کە لەکتێبی (ئایندەی جیهان) وەرم گرتووە، کە پێنج سیمینارە لەساڵانی ٢٠٠١ـ ٢٠٠٢ لەزانکۆی ناوبراوە.

یەکەم، گیدنز بڕوای وایە بۆ تێگەیشتنی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی دەبێت سێ پێکهاتەی گرنگی ئەم دیاردەیە بناسینو لێکیان جیابکەینەوە، کە ئەوانیش: دەوڵەتی ـ نەتەوە، نەتەوەو ناسۆنالیزم یان(نەتەوەخوازییە). دەوڵەتی ـ نەتەوە پێش هەرشتێك بونیادو ئارایشێکی سیاسییە، یان پێکهاتەو هەوڵی ئاڵۆگۆڕو ئارایشدانی سیاسیە. دەوڵەتی نەتەوە شێوەیەکە لەسیستەمی سیاسی کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەراستیدا ئەم زاراوەیە ناوە بۆ رژێمێکی سیاسی دیاریکراو کە بەسەر قەڵەمڕەوی تایبەتیو سنووری نیشتیمانیدا دەسەڵاتی هەیە. دەوڵەتی نەتەوە بەشێوەی نەریتی کۆنتڕۆڵ کردنی دامودەزگای یاساییو رێکخستنی هێزی سەربازی لەدەستدایەو نوێنەری ژیانی سیاسییە لەمۆدێرنیتی دا، هەربۆیە ئارایشو پێکهاتەی سیاسییە.

((نەتەوە)) کۆمەڵو کۆمەڵگایەکی نمادینو نموونەییە کە لەدەوڵەتی نەتەوەییدا پێکدێتو شێوە سازدەکرێت، کە هیچ کەس هێندەی(بەندێکت ئاندرسۆن)، یەکێك لەتیۆرسازانی بەناوبانگی نەتەوایەتی، جوان نەیتوانیوە گوزارشی لێ بکاتو کە دەڵێت: نەتەوە کۆمەڵگایەکی خەیاڵیو هێماکراوە(Imagined community). کۆمەڵگای وێناکراو، کۆبونەوەیەکی نموونەیییە لەخەیاڵی خۆماندا کە پابەندین پێوەی. هەرکەس لەئێمە ئەگەر هاووڵاتی دەوڵەتێکی نەتەوەبین، بەلایەنی کەمەوە هەستی ناسنامەمان پێ دەبەخشێو پابەندیی مێژووییمان بەرقەرار دەکات. بەڵام بەو شێوەی کە ئاندرسۆن باسی دەکات بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی نموونەیی کارێکی زۆر دژوارەو کاتی





زۆری دەوێت، چونکە یان ئەوەتا ئەو نەتەوانەی کە لەدەوڵەتی خۆیاندا دەژین، ئەگەری ئەوە هەیە کە نەژادو نەتەوەی دیکەو دەستێوەردانی دەرەکی ئەم خەیاڵە نەتەوەیییە بشێوێنێ. یان هەندێك لەنەتەوەکان دەوڵەتیان نییەولەدەوڵەتی نەتەوەیەکی دیکەدا ژێردەستەن، هەربۆیە ناتوانین وێناکردنی کۆمەڵگای خەیاڵی مەبەستی خۆمان وێنا بکەین.

هەردوو(دەوڵەتی نەتەوە)و(نەتەوە) دەبێت لەنەتەوەخوازی یان ناسیۆنالیزم جیابکەینەوە، ناسۆنالیزم بە دیدگای من(گیدنز)دیاردەیەکی سایکۆلۆژییەو هەمان هەستی پابەندبوونە بە نەتەوە. ناسیۆنالیزم وزەیەکی دەروونییە وەکو سووتەمەنی داینەمۆیەك کە کۆمەڵگای وێناکراوی نەتەوەو شێوەی هەستی پابەندبوونمان، بەشداری، سەر سپاردنو پەیمانی سۆزداری سەبارەت بەنەتەوە، ئافەرینو بەردەوام دەکات. دەبێت ئەم سێ چەمکە لەیەکدی جیابکەینەوە، چونکە بەلایەنی کەمەوە یەکێك یان دووان لەوان دەتوانێ بەجیا لەوانی دیکە بوونی خۆی هەبێت، بۆ نموونە(نەتەوەیەك) دەتوانێ بەبێ دەوڵەتی نەتەوەی خۆی بوونی هەبێت. لەهەلومەرجێکدا کە(نەتەوەیەك) خۆی بەناونیشانی(کۆمەڵگای وێناکراو)دەناسێنێ، بەڵام دەوڵەتی نییە، ناسیۆنالیزم ئەو داینەمۆیەیە کە خواستی پەیداکردنی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگای خەیاڵی یان نمادین دەسازێنێ. بۆ ئەمەش نموونەی زۆر هەیە لەجیهاندا، وەك سکۆتلاند ووێلز لەبریتانیا، یان کوردەکانو زۆرێك لەو گروپانەی کە چوونەیەکی خۆیان(یان ئاوێتە بوونی خۆیان ـ ئانتۆنی سمیس) بە نەتەوە دەزانن، یان لانی کەم زۆربەیان ئەو هەستو سۆزەیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەوڵەتیان نییە.

زەمینەیەکی دیکەی جیاوازی نێوان ئەم سێ چەمكو دیاردەیە ئەوەیە کە(دەوڵەت)، (نەتەوە)و(ناسیۆنالیزم)هەرسێکیان پێش هەبوونی دەوڵەتی نەتەوە لەمێژوودا هەبوون، بەڵام بۆ یەکەمجار دەوڵەتی نەتەوەبوو کە هەرسێکیان کرد بە یەك دیاردەو چەمکی مۆدێرن. گرنگترین خاڵی شایانی سەرنج ئەوەیە کە پێشینەو مێژووی دەوڵەتی نەتەوە

زۆر کەمترە لەوەی کە زۆرێك لەخەڵكو هەندێك لەبیرمەندان وێنای دەکەن. دەوڵەتی نەتەوە ئارایشێکی مێژوویی تا رادەیەك تازەیەو بە شێوەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەو دروست بوونی وڵاتانی وەکو ئەمریکا، ئوسترالیاو نیوزیلاند کە ئەوروپی‌یەکان لەوێدا نیشتەجێ بوون.

دووەم، ئەگەرچی، مۆدێرنیتی‌و شارستانی مۆدێرن لەدەروازەی گۆڕانکاری ئابوری‌و شۆڕشی پیشەسازی‌و سەرهەڵدانی تەکنیکی پیشەسازیدا ڕوویاندا، بەڵام دەوڵەتی نەتەوەش بەرادەی بەرهەم هێنانی پیشەسازی‌و مۆدێرن گرنگ‌و کاریگەرو بەشێکە لەمۆدێرنیتی. لەم زەمینەدا هەندێك لەبیرمەندانی نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی بڕوایان بەمە هەبووەو باسیان کردووە، بەڵام لەراستیدا تێگەیشتنی ئەم دوو سەدەیەی دوایی زۆر بە توندی گرێدراوەتەوە بە نەخشی دەوڵەتی نەتەوەو پەیوەندی بە مۆدێرنیتی‌یەوە. خەڵكی ناو ئەم دەوڵەتانە هاووڵاتین، لەبەرئەوەی کە ئەوان نەخشی گرنگیان لەدەوڵەتدا هەیەو هەروەها سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە هاوکاتە لەگەڵ جێگیربوونی دەزگای سیاسی ناوەندی‌و خاوەن دەسەڵات کە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا توانیوەیەتی هەموو ناوچەکانی نەتەوە بخاتە ژێردەسەلاتی خۆیەوە.

دەوڵەتە نەریتی‌یەکانی پێش دەوڵەتی ـ نەتەوە(مۆدێرن)لێکدابڕاوبوون‌و دوور لەیەك دەسەڵاتیان هەبوو. هەندێك لەم دەوڵەتانەوەکو دەوڵەتی(چینی کۆن) کە تاسەرەتای سەدەی بیستەم دەوامیان کرد، یان ئیمپراتۆری هابسبۆرگ کە لەساڵی ١٩١٨ کۆتایی هات، دەوڵەتی بنەماڵە یان ناوچەو میرنشینەکان بوون. کارل مارکس ئەم دەوڵەتە نەریتی‌یانە بە شێوەی(سێوی ژێرزەوی)وێناکردووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی سیاسی ناوەندی لەو دەوڵەتانەدا یان لەناوچەکانی ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە.

نەبوونی پەیوەندی‌و یەکپارچەیی ئابوری‌و سیاسی، هۆکاری ئەوەبووە کە بەدەست هێنانی دەسەڵاتی دەوڵەت لەژیانی رۆژانەو ناوچەیی خەڵکدا هەتا بڵێی گران بووەو زۆرجاریش ئەستەم بووە. بەڵام دەوڵەتی نەتەوە لەرێگای دەزگای ئابوری ـ سیاسی ـ





فەرهەنگی یەکگرتوو توانیویەتی کاریگەر بێت لەسەر هاووڵاتیانی دوورترین شوێنی وڵاتەکەی‌و سەرەنجام یەکەمین جار کە دەوڵەتی ناوەندی‌و یەکگرتوو پەیدابوو بەهۆی دەوڵەتی نەتەوەوە بوو.

سێیەم، دەوڵەتە کۆن‌و نەریتی‌یەکانی پێش نەتەوە خاوەن یەك ناسنامەی گشتی‌و فەرهەنگی نەبوون(هەرچەندە هەندێك حاڵەتی هەڵاواردەش هەن). ناسنامەی فەرهەنگی‌و چەمکی نەتەوە تارادەیەکی زۆر فراوان بە یەکەوە بەستراون. لەشارستانی دێرین‌و سوننەتی دا خەڵك کە لەناوچەو گوندەکانی خۆیان دەژیان، بە زمانی جیاواز دواون‌و پەیوەندییان لەگەڵ چینی دەسەڵاتداردا لەرێگای زمانە ناوچەیی‌یەکاندا بووە، یان زۆرجار پەیوەندی فەرهەنگی‌و ناسنامەیی لەنێوان دەسەڵات‌و ناوچەکاندا نەبووە یان بێگانە بوون لەیەکتر. هەربۆیەش زۆر کەس لەشارەزایان‌و مێژوونووسان دەڵێن کە دەوڵەتە کۆنەکان لەراستیدا جۆرێك بوون لەدەزگای زۆرداری‌و چەوسانەوە. رابەرایەتی سیاسی ئەو دەوڵەت‌و دەسەڵاتانە تەنها دووکاریان لەپەیوەند لەگەڵ خەڵکدا هەبووە. سەرانەو باجیان لەخەڵك ستاندووە، دووەم کاتێك کە پێویستیان بە سەرباز هەبووە بۆ جەنگ‌و هێرشەکانیان، لاوان‌و پیاوانیان بە زۆر بردووە بۆ ئەو جەنگانە. هەموو ئەم هۆکارانە وایکردووە کە دەوڵەتە کۆنەکان نەتوانن کۆمەڵگایەکی هاوئاهەنگ‌و یەکگرتووی فەرهەنگی یان نەتەوەیی دروست بکەن.

بەڵام دەوڵەتی نەتەوە یەکێك لەئامانجە گرنگەکانی بە دەست هێنانی کۆمەڵگایەکی چوونیەکی فەرهەنگی‌و نەتەوەیی‌یە کە خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی‌و زمانی خۆیان بن، چونکە چەمکی نەتەوە زۆر بە توندی گرێدراوە بە فەرهەنگ‌و زمانی هاوبەش. ئەم پرسە لەو شوێنەشدا زۆر گرنگە چونکە زۆرێك لەو نەتەوانەی کە دەیانەوێ ببنە دەوڵەت، خۆیان بەم شێوە تایبەتی‌یەی فەرهەنگی هاوبەش دەناسێنن. سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە لەکۆتایی‌یەکانی سەدەی هەژدە بە دواوە لەژێر کاریگەری سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بەرەو چوون یەك کردنی فەرهەنگی وێناکراوی کۆمەڵگای خۆیان، یان لەپێناوی

دروستکردنی کۆمەڵگای ئایدیالّی نەتەوەیی دا هێندەی دەزگای سیاسیو دەسەڵاتداری دەوڵەت گرنگیان داوە بە دامودەزگای پەروەردەو فەرهەنگ. یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کە زۆر گرنگی داوە بە کاریگەری فەرهەنگو سیستەمی پەروەردەو فێردکردن بۆ دروستکردنی نەتەوە، ئارنست گیلنەرە، کە ئەویش یەکێکە لەمامۆستایانی پسپۆر لەزانکۆی ئابووری لەندن.

چوارەم، دەوڵەتە کۆنو نەریتییەکان هیچکات نەیاتوانیوە دامودەزگای توندوتیژی یەکگرتوویان هەبێت. ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەوڵەتە کۆنەکان توندوتیژو خوێناوی نەبوون، بەڵکو بەو جۆرەیە کە خاوەنی یەك نیهادی وانەبوون کە کۆنترۆڵی سیاسیو ئاسایشی هەموو ناوچەکان بکات، چونکە خودی دەوڵەتو دامودەزگا دەسەڵاتدارەکەی لەگەڵ ناوچەکانو هەرێمەکانی دەسەڵاتداریلێکدابڕاوبوون. دەسەلاتی سیاسی، ئابووریو ئاسایشی ناوچەکان لەژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی خودی ئەو ناوچانەدابوون، ئەو دەسەڵاتدارانەش لەبەر نەبوونی پەیوەندیو دامودەزگای توندوتۆڵو یەکپارچە نەیاتوانیوە بە سازماندراو بەردەوام کاروباری پەیوەندی بە ئەنجام بگەیەنن. بەڵام مەسەلەی کۆنترۆڵی ئامرازی دەسەلاتی سەربازیو توندوتیژی ناوەندیو یەکگرتوو یەکێکە لەلایەنە گرنگو چارەنووس سازەکانی دەوڵەتی نەتەوە، کە دەبێتە یەکێکیش لەهۆکارە کاریگەرەکانی دەسەڵاتی یەکگرتووی ئەو دەوڵەتە. کۆنترۆڵ کردنی سنورەکان، پاراستنی ئاسایشی ناوەندو ناوچەکانو سازماندانی هێزی چەکدارو پارێزەری ئاسایشو ئارامی یەکێکە لەکارەکانی دەوڵەتی ناوەندیو بەم شێوەیە تاکە هۆکارو ئامرازی چەکداریو توندوتیژی هەم یەکگرتوو دەکرێتو هەم دەخرێتە ژێردەستی دەسەڵاتی ناوەندی. لەدەوڵەتە کۆنەکان، لەبەر نەبوونی ئاسایشو سەختی پەیوەندی ناوەندی حوکمڕانو ناوچەکان، سەفەرکردنو دەرچوون لەناوچەو هەرێمی تایبەتی کارێکی زۆر گران بوو، بەڵام لەدەوڵەتی نەتەوەو بەتایبەتیش لەئەمریکاو ئەوروپا پاراستنی ئاسایشی هاتوچۆو گواستنەوە نەك تەنها دابینکراوە، بەڵکو یەکێکە لەمافە رەسەنو سروشتییەکانی مرۆڤ.





یەکێك لەو دیاردە سەرنج راکێشانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویداو لەسەر دەستی تۆڕی جیهانی تیرۆریستی ئیسلامی پەیدا بوو، ئەوەبوو کە بەشێوەی ترسناكو بەردەوام هەڕەشە کردنە لەسەفەرو تێکدانی ئاسایشو ئارامی ئەوانەی کە کۆچ دەکەن یان سەفەر دەکەن. لەدوای یازدەی سپتامبەر زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکەن کە ئایا دەتوانن بە ئارامیو دڵنیایی سەفەر بکەین. ئەمەش لەکاتێکدایە کەئازادیو ئاسایشی سەفەرو هاتوچۆ یەکێك بووە لەسیما دیارەکانی دەوڵەتو کۆمەڵگای مۆدێرن، کە لەسەردەمی پێش مۆدێرنیتی دا نەبوون.

پێنجەم، بەو شێوەیەی کە جوگرافیاناسان دەڵێن، دەوڵەتە کۆنەکان تخوبیان هەبووە نەك سنوور.(تخوب کە وشەیەکی یەهودییەو عەرەبیش بەکاری دەهێننو فارسەکان پێی دەڵێن "سرحد" Frontierئەو سنورە سروشتییانەن وەکو ـ زنجیرە شاخ، رووبار، دەریاو دەریاچە یان بیابان ـ کە بەشێوەی ناچاری سروشتی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکان لەیەك جیادەکاتەوە)، بەلام سنور Border هێڵێکی سیاسیو نێودەوڵەتی رەسمی نێوان وڵاتانە. هێزی سنوور لەهێزی سروشتی جیاکەرەوە کاریگەرترە، چونکە دەسەڵاتی یاساییو نێودەوڵەتیو سەربازی لەنێوان وڵاتان هێزی پێدراوەو رەسمی کردووە. دەوڵەتی مۆدێرن لەهەرچوارلاوە بە سنووری رەسمی دەورە دراوەو ئەم سنوورە لەیاسای نێو دەوڵەتیو بە پشتیوانی هێزی سەربازیو ئابووریو سیاسی ئەو ولاتانە دیاریکراون. ئەم هێڵە وەهمی یە کەناونراوە سنوور، یەکێکە لەلایەنە دیارو ئاشکراکانی دەوڵەتی مۆدێرن کە لەسەر رووی نەخشەکێشراوەو لەسەر زەوی ئەو شوێنەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەتێك کۆتایی دێتو هەژموونی دەوڵەتێکی دیکە دەست پێدەکات. سنوربەندی(مرزبندی) رەوەندێکی زۆر دژوارو دوورو درێژی لەمێژوودا هەبووە. تەنها کاتێك ئەتوانین بلێین کە دەوڵەتێکی خودموختارو سەر بەخۆمان هەیە کە(سنوور)مان هەبێت، چونکە دەزگای سیاسی نەتەوە لەگەڵ سنوورەکاندا جووت ئەبێت.

ئەم سنووره رەسمیانە دەبنە چوارچێوەیەکی یاسایی‌و نێودەوڵەتی پارێزراو(ئەگەرچی لەسەردەمی جەنگەکانداسنوورەکان دەبەزێنرێن‌و هەندێك ناوچە داگیردەکرێن، بەڵام دوای جەنگ دەوڵەتەکان دەگەرێنەوە شوێنی جارانی خۆیان) بۆ سیستەمێکی سیاسی‌و نەتەوەیی وا کە لەوێدا دەوڵەتی نەتەوە بەشێکە لەسیستەمی سیاسی نەك لەدەرەوەی، کە لەسەردەمە کۆنەکاندا دەسەڵات یان میرنشینی ناوچەکان‌و نەتەوەکان پەراوێزی ئەم دەوڵەتانە بوون(نموونەی هەرێمەکانی ئاڵمان، یان هەرێمەکانی ئیتاڵیای پێش دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتوو). دەوڵەتی نەتەوەو سنورەکانی رژێمی سیاسی‌و دەسەڵات‌و فەرهەنگ، هاوولاتی بوون‌و تەواوی ژیانی رۆژانەی خەڵك دەکاتە بەشێك لەدەوڵەتی مۆدێرن.[١٤]

دەوڵەتەنەریتی‌و کۆنەکان لەدەروونی سیستەمی ناو دەوڵەتدا نەبوون. دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە زۆرترین مێژووی مرۆڤ یان شەش هەزار ساڵ لەمەوبەر هەتا سەدەی بیستەم، ئەو دەوڵەتە کۆنانە لەناوچەیەکدا دەسەڵاتدار بوون‌و لەلایەن چەند کۆمەڵێك لەناوچە باج دەرەکان دەورەدراون‌و سەرانەیان داوە بەو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەی کە ئەمان وابەستەی بوون‌و تەنها لەماڵیات‌و سەربازگیری دا بەشێك بوون لەو دەوڵەتە. ئەو گروپ‌و ناوچانە خەڵکی نەتەوەکانی دیکە بوون کەپاشکۆی ئیمپراتۆری یان پادشایی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار بوون. بەڵام دەوڵەتی ـ نەتەوە هەر لەسەرەتای پەیدابوونی‌یەوە بەشێك بووە لەخودی سیستەمی سیاسی‌و دەبێت لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە لەسەر مەسەلەی سنوور بەرێکەوتن بگەن. لەسەدەی هەژدەوەو تەنانەت پێشتریش لەئەوروپا جۆرێك لەرێکەوتنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سنوور هەبووە، ئەم سنوورو دەوڵەتی نێوان سنوورەکان سەرەتا لەئەوروپای رۆژئاوا پەیدابووەو پاشان هەموو ولاتانی جیهانی گرتۆتەوە.





## سێ پێکهاتەو سێ شێوازی نەتەوەیی بوون

دیدگاو بڕوای گرنگی گیدنز بۆ شێوازو پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە دۆزینەوەیەکی کاریگەری ئەوە بۆ زیاتر ناسین‌و شارەزایی ناسیۆنالیزم‌و پەیوەندی بە مۆدێرنیتییەوە. ئەو دەڵێت: ئەمڕۆ سێ جۆرو پێکهاتە لەدەوڵەتی نەتەوەو نەتەوەخوازی لەجیهاندا هەیە. شێوەی یەکەم، هەمان ئەو پێکهاتەیە کە بە(دەوڵەتی ـ نەتەوە)ی کلاسیك ناسراوە. دەوڵەتی نەتەوە بە شێوە کلاسیکیەکەی سەرەتا لەئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکا پەیدابوون‌و پاشان بە بەشەکانی دیکەی دنیادا بلاوبوەوە. بەڵام ئەمە لەتەواوی دنیادا ڕووی نەداو لەئەنجامدا بەرهەمی دووەمی ئەو ئارایشە سیاسی یە پەیدابوو کە ئێستا بە(نەتەوەی دەوڵەت)ناودەبرێ.

(نەتەوەی دەوڵەت) بەو دەوڵەتانە دەڵێن کە پێش ئەوەی کۆمەڵگای دڵخوازو وێنا کراوی نەتەوە پەیدابێت، یان هێشتا نەیانتوانیوە دەستیان بگاتە کۆمەڵگای نمادینی نەتەوە، بەڵام بە هەر هۆیەك بێت دەوڵەتیان هەیە. نەتەوەی دەوڵەت زیاتر لەو ولاتانەدا پەیدابوون کەلەلایەن ئیمپریالیزمی ئەوروپییەوە کرانە دەوڵەت‌و بەرێوەدەبران. لەم ولاتانەدا ئەو سنوورانەی کە بەشێوەی دەستکرد دیاریکراون(عێراق، سوریا، ئوردۆن، فەلەستین، سعودیەو زۆربەی ولاتانی ئەفریقیا) لەگەڵ راستینەی مێژوویی‌و رەوشی نەتەوەیی‌و نەژادی ئەو ولاتانەدا نەدەگونجان‌و هەر لەبەرئەمە ئەم دەوڵەتانە تا ئێستاش کێشەی بەدیهێنانی کۆمەڵگای دڵخوازی نەتەوەیی یان هەرماوە. هەندێك لەدەوڵەتە مێژووییەکان، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە لەمێژووی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەوە هەبوون(نموونەی روسیا، ئێران‌و تورکیا) ئەوانیش تا ئێستاش لەهەوڵی دروست کردن‌و داتاشینی نەتەوەن بۆ ئەو دەوڵەتانە.

نەتەوەی دەوڵەت لەدەوڵەتی نەتەوە نا پایەدارترو ناجێگرترن، لەبەرئەوەی پەیوەندی نێوان دەسەلاتی سیاسی‌و بەشداری خەڵك زۆر لاوازە. ئەم دەوڵەتانە دەیانەوێ سەرپۆش بەسەر جیاوازی‌و ناکۆکی نەتەوەیی نێوان خەڵکی‌و ولاتەکەیان بدەن، یان دەیانەوێ

لەرێگای توانەوەی نەتەوەیی National Asmillation نەتەوە ژێردەستەکان لەناو نەتەوەی دەسەڵاتداردا، نەتەوە یان گەلی دڵخوازی خۆیان دروست بکەن. مێژووی مۆدێرن لەوڵاتانی عێراق، ئێرانو تورکیاو زۆرێك لەوڵاتانی ئەفریقیا، بە شێوەی سەرەکی لەدەوری ئەم پرۆسەیە دەسوڕێنەوە. یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی ئەم دەوڵەتانە ئەوەیە کە دابەشکردنی نەتەوەیی لەگەڵ سنوورەکانیشدا (لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات) ناکۆكو ناتەبایە.

سێیەمین شێوازو پێکهاتە(نەتەوە بێ دەوڵەتەکان)ن. لەجیهانی ئێستادا نەتەوەی بێ دەوڵەت یەکێکە لەکێشە دیارەکانی دنیای مۆدێرنو لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا بەردەوام بووە. نەتەوەی بێ دەوڵەت ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە خۆیان بە کۆمەڵگەیەکی تایبەتی وێناکراو دەناسێننو وابەستەن بەو نەتەوە دڵخوازە. یان تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نەتەوە(خاك، زمانی هاوبەش، فەرهەنگو مێژووی تایبەتی، تا رادەیەکیش بونیادی هاوبەش) پایەگرنگەکانی ئەو دڵخوازیەی وێنای نەتەوەن. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەو لەئەنجامی وابەستە بوون پێیانەوە توانیویانە، نەتەوەخوازی(ناسیۆنالیزم)شیان هەبێت، چونکە خاوەنی جۆرێکن لەوێناکردنو ناسنامەی تایبەتی. نموونەی زۆر بەرچاو لەم دەستەیە لەجیهاندا هەنو دەتوانین ئاماژەیان پێ بدەینو((نەتەوەی کورد یەکێکە لەوانو لەچەند وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا دابەشکراون. ئەوان دەیانەوێ کوردستان دەوڵەتی سەبەرخۆی هەبێت، بەڵام تا ئێستا نیانە، بۆیە بەردەوام دەرگیرن لەجەنگو توندوتیژی. هەڵبەت نەتەوەی بێ دەوڵەت یەکێکە لەسەرچاوەکانی نا ئارامیو جەنگ. لەئەورووپاش نموونەی جیاواز لەم دەستەیە هەن. چارەنووسی سکۆتلاند، کاتالۆنیاو باسك چۆن دەبێ؟ ئایا سویسرا تاکەی دەتوانێ یەکگرتووو بمێنێتەوە؟ بۆچی چیکۆسلۆفاکیا دابەش بوو، ئایا بەلژیك دابەش دەبێ)) (١٥)





## ناسیۆنالیزمو توندوتیژی

هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگای خەیاڵیو دڵخواز یەکێکە لەو ئەرکە سەرەکیانەی کەنەتەوە پەرستان دەیانەوێ لەو رێگایەوە ناسنامەو پابەندی یان نەتەوەیی بوون بکەنە بناغەو شێوەی سەرەکی ناسنامەی هەموو خەڵکی وڵات. لەم زەمینەیەدا گیدنز ئاماژە بۆ لایەنە سایکۆلۆژیەکەی ناسیۆنالیزم دەکاتو دەڵێ: ((وابەستەکردنی تاك بە زنجیرەیەك بەهاو باوەڕ بە پشت بەستن بە هەماهەنگیو چوون یەك کردنی سیستەمی سیاسیو ناسنامەی فەرهەنگی))[١٦]. لەتەواوی سەردەمی سەرهەڵدانو بەهێزبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا، هێزی دەوڵەت نەخشی بنەڕەتی دەبینێو بەهۆی هێزی دەوڵەتەوە سەر زەمینەکان لەرێگای داگیرکردن، رزگارکردن یان وابەستەکردن یەکدەخرێن. هێزی دەوڵەت بۆ پێناسەکردنی هەلومەرجی سیاسیو فەرهەنگی لەسەر بنەمای سنوری ئاشکرای ئەو دەوڵەتە زۆر کاریگەرە، ئەمەش وێرای توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەو سنوورانە بەهۆی بەدەستهێنانو پاوان کردنی هێزەکانی چەکداریو ئاسایش. ئەم هێزانە کە چەکدارو خاوەن هۆکاری توندوتیژین، نەك تەنها بەشێوەی سوننەتی لەناو سنووری دەوڵەتی نەتەوەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو وەکو ئامرازی بەرگریو جەنگ بۆ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بەرامبەر بەهێزو دەوڵەتەکانی تریش بەکاردێت.

هێزی دەوڵەت لەبەرامبەر هاووڵاتیانی خۆی لەرێگای جیاجیاوە بەکاردێت: ((یەکەم، لەرێگای دانانو کۆکردنەوەی باجەوە، کە یەکێکە لەتایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی دەوڵەتی مۆدێرنو ژیانی هاووڵاتیان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. دووەم، دەوڵەت لەمەسەلەی دانانی مافو ئەرکی هاووڵاتیان بەرامبەر بەخودی دەوڵەتو هاووڵاتیانی تردا، هاوکات هەم دەسەڵاتیان دەداتێو هەم سنوورداریان دەکات. سێهەم، دەوڵەتی مۆدێرن قەرزاری پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیایە، چونکە تواناکانی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵ کردنی هاووڵاتیان دەستەبەرو فراوان دەکات))[١٧]

هەروەها دەوڵەتی مۆدێرن توانای کۆنترۆڵ کردنی دوو توخمی زۆر گرنگ و چارەنووس سازی هەیە لەژیانی وڵات و هاووڵاتیاندا، ئەو دوو توخمەش فەرهەنگ و پەیوەندییەکانە کە بایەخی زۆریان هەیە لەبەگشتی کردن و چوون یەك کردنی دانیشتوانی وڵاتدا. لەم زەمینەیەدا ئەرنست گیلنەر جەخت لەسەر گرنگی بێ وێنەی کۆنتاکت و کەلەپور دەکات، ودەبنە دوو خەسڵەتی میتۆدی بۆ تیۆری گیلنەر سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و دەڵێ: (ئێستا فەرهەنگ هۆکارێکی پێویست و هاوبەش و مایەی ژیانە،کە رەنگە پێچەوانەش بێ. بەلایەنی کەمەوە ئەو فەزا(کەشە) هاوبەشەیە کە لەدەروونی تاك تاکی ئەندامانی کۆمەڵدایە، کە هەناسە دەدەن و درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و زاوزێ دەکەن)). بەڵام فەرهەنگ لەلای گیدنز بەبێ سەرپۆشی سیاسی، واتە بەبێ دەوڵەت ناتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات، ئەو بڕوای وایە کە((خودی دەوڵەت مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی پیشەسازی ئەم سەردەمە، واتە بەرهەم هێنانی مرۆڤی کاراو خۆبژێوی لەئەستۆ گرتووە)).

گیدنز لەکتێبی(دەوڵەتی ـ نەتەوەو توندوتیژی)لەساڵی ١٩٨٥باس لەدوو لایەنی گرنگ و وابەستەی مۆدێرنیتی دەکات کە لەبیرمەندانی کلاسیك وەریان دەگرێ و دڵنیامان دەکاتەوە کە: ((رەوشی چاودێری فراوانتری دەوڵەت لەسەر دنیای مۆدێرن، کاریگەریتوندوتیژی، جەنگ و دەوڵەتی ـ نەتەوە لەسەردنیای هاوچەرخ کۆششی گیدنز بۆ نیشاندانی ئەم دوولایەنەی دەوڵەتی ـ نەتەوە وا دەکات کە هۆکارێکی دیکەو بەهێزی مۆدێرنیتی بناسین کە ئەویش دیاردەی زانیاری و گەیاندنە Information & communicationو گیدنز ئەم سەردەمە ناو دەبێت(مۆدێرنیتی باڵا) High Modernity .[١٨]

هەرسێ هۆکارو دیاردەی(سازمانی چاودێری، هێزی چەکداری و توندوتیژی دەوڵەت، وزانیاری و گەیاندن) ئەو زەمینانەن کە دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانێ لەژیان و چارەنووسی هەموو تاکەکاندا دەخالەت بکات، بە بەهانەی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی و





زۆرجاریش پەیگیرانە دەسکاری ژیانی هەموان دەکات. سیستەمی مۆدێرن بەهۆی هەردوو پایەو بکەرە بەهێزەکانیەوە(دەسەڵات) بە پشتیوانی نەتەوەو نیشتمان،(ئابووری)لەرێگای بازاڕی ئازادو ئابووری ئازادەوە بە تەواوی دەست دەگرن بەسەر ژیانی هەموان دا. لەدنیای رۆژئاوا(ئەمریکاو ئەوروپا) لەبەرئەوەی بکەرەکانی دیکەی ناو مۆدێرنیتی، واتە ماف و ئازادییەکان و خودە جیاوازەکان تا ئەندازەیەك توانیویانە بوون و خودێتی خۆیان بپارێزن و هەر لەورێگایەشەوە توانیویانە دەسەڵاتی(دەوڵەت و ئابووری) سنوودار بکەن. بەڵام لەرۆژهەڵات و وڵاتانی تازە دیموکراسی و تازە پەرەئەستێنێ، تا ئێستا بکەری سەرەکی و بڕیاردەر هەر دەوڵەت و ئابووری وابەستە بەو دەوڵەتەیە، کە بە ئارەزووی خۆیان دەست نیشانی ناسنامەو چارەنووسی هەموان دەکەن.

هەژموونی دەوڵەتی مۆدێرن و سیستەمی چاودێری و زانیاری و گەیاندن لەرۆژگاری ئێستادا بەشێوەیەکی فراوانترو سازمان دراوتر لەژیانی هەموو تاکەکاندا رەنگ دەدەنەوە. ئەم مەسەلەیە لەلای بیرمەندان و نووسەران بە شێوەی جیاواز بۆ هەمان ناوەڕك خراوەتە ڕوو. لەلای تیودۆر ئادۆرنۆ بە(کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کراو)، میشیل فۆکۆ بە(تۆرێك لەشێوەی زیندان)و لەلای ماکس وێبەر بە دنیای بیرۆکراتیك(دیوان سالاری)ناودەبرێ. [١٩]

ئانتۆنی گیدنز باس لەپەیوەندی نێوان دەوڵەتی ـ نەتەوە لەلایەك و چاودێری و کۆنترۆڵ کردن یان توندوتیژی لەلایەکی دیکەوە، لەچەند ئاستدا دیدگای خۆی لەمبارەوە بەیان دەکات:

یەکەم، مەبەست لە(نەتەوە)و(کۆمەڵگا) لەم سەردەمەدا بەهەمان مانای(دەوڵەتی نەتەوە)دەبێت، نەك تەنها لای ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایانەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەیە، بەڵکو لەلای ئەوانەش کە دەوڵەتیان نییە، چونکە ئەوانیش ناچارن لەسایەی دەوڵەتی نەتەوەیەکی دیکە دابژین. هەموو وڵاتانی دنیا ئێستا یان دەوڵەتی نەتەوەن یان

نەتەوەی دەوڵەتن‌و دەوڵەتیش لەرێگای هێزو هەژموونی خۆیەوە کۆنترۆڵی هەموو سەرچاوەو بوارەکانی ژیانی هەمووانی کردووە. هەرچەندە لەزانستی سیاسی‌و کۆمەڵناسی باودا چەمکی کۆمەڵگاو دەوڵەتی نەتەوە بۆ هەمان ماناو مەبەست بەکاردێت، بەڵام ئەم دوو دیاردەیە بە تەواوی لەگەڵ یەك یەکسان نین. ئێستا کۆمەڵگای بەرێوەبراو لەلایەن دەوڵەتی نەتەوە بووەتە دیاردەیەکی جیهانی‌و ناچاری(وزۆر جاریش سەپێندراو)، کەشێوەیەکە لەکۆمەڵگای تایبەتی کە لەمێژوودا تازەترین‌و تا ئێستا کەم خایەنترین جۆری دەوڵەت‌و کۆمەڵە. زۆر لەبیرمەندان بەداهێنان‌و ئەفراندن یان دروست کردن لەبالاوە (لەلایەن دەوڵەتەوە) ناوی دەبەن(هۆبز باوم، گیلنەر، ئاندرسۆن، ئالان تۆرین، کریستیان دیلا کامپانی‌و گیدنز)کە خودی هەمان کۆمەڵگا نییە، بەڵکو شێوەیەکە لەسازماندان‌و ئارایشت دانی تایبەتی بۆ کۆمەڵگا.

گیدنز باسی ئەوە دەکات کە لەسەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەکان، وەکو دەسەڵات‌و هێزی سیاسی بەسەر خاك‌و نیشتمانێکی دیاری کراو، دەبێت ئەو دەوڵەتە بەسەر دوو سەرچاوەدا زاڵ بێت، سەرچاوە تایبەتی کراوەکان(بەرنامەرێژی، ئیدارەی کاورباری گشتی)و سەرچاوە دەسەڵاتی‌یەکان(حکومەت‌و کۆنترۆڵ)و لەدەوڵەتی نوێدا لەبەرئەوەی ئەم دوانە هەمیشە پێکەوەن، بۆیە مەرجی سەرەکی‌و زۆر پێویست بۆ هەردوکیان دەبێتە چاودێری‌و سازمانی موراقەبەت‌و لەمبارەوە دەڵێت: ((کۆمەڵگا تازەکان هەر لەسەرەتای دروست بوونیانەوە(کۆمەڵگای زانیاری‌و راگەیاندن) بوون. ناسینی ئەم راستی‌یە لەو جێگایەدا زۆر پێویستە چونکە بەرهەم هێنانی دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتەوەو بۆ دەوڵەت لەرێگای پەیامی خەڵك کۆکردنەوە، پاسەوانی‌و کۆنترۆڵی زانیاری‌یە کە بە ئاراستەی ئامانجی رابەرایەتی کۆمەڵگا بە ئەنجام دەگات. بەڵام لەدەوڵەتی نەتەوەدا ئەمانە بە یەکگرتووی زۆر زیاترەوە، هاوکات دەبێت لەگەڵ جێگیرکردنی دەسەڵات‌و هەژموونێك کە تائێستا لەرابردوودا وێنەیان نەبووە)). [٢٠]





پەیامی دنیای مۆدێرن لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەکانەوە رادەگەیەنرێ، کەئەمەش بەو مانایە نییە کە دیاردەو دەسەڵاتی جیهانگیری لەیاد بکەین. تا ئێستاش لەسەردەمی جیهانگیری دابەش بوون‌و پاراستنی دەوڵەتەکان بەشێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هێزی خۆی لەدەست نەداوەو ئەم کێشەیە تا ئێستا لەزەمینەی سەروەری‌و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتانەدا هەر بە هەستیارو پیرۆز تەماشا دەکرێت. تا ئێستاش دەوڵەتی ـ نەتەوە بۆ زۆرترین کەسانی دنیا ناسنامەی سەرەکین، پابەندبوونی نەتەوەیی لەژیانی زۆربەی مرۆڤەکاندا توخمی سەرەکی‌یە. ناسنامەی نەتەوەیی کە ئالۆزو هەستیار دێتە بەرچاو ناوەرۆکی سەرەکی زۆربەی بزاڤە سیاسیەکانی پێکدەهێنێ، هەربۆیەش بەشێکی زۆری بیرمەندان‌و زانایان لەسالانی دواییدا بایەخی بەرچاویان پێداوە.

دووەم، زۆربەی دەوڵەتەکانی نەتەوە لەهەلومەرجی جەنگدا پەیدابوون، یان لەرێگای خۆ سازدان‌و ئامادەکردنی چەکداری‌و جەنگی‌یەوە توانیویانە بوون‌و بەردەوامی بپارێزن. جەنگ لەپێناسە سەرەکیەکانی دەوڵەتی نەتەوە ئەوەیە کە دەوڵەتێکە خاوەنی دەسەڵاتە بەسەر خاك‌و نیشتمانی دیاریکراو، بەشی هەرە زۆری بەرپرسیاری ئەو دەوڵەتانە پاراستنی سنوورەکان‌و یەکێتی خاکی وڵات‌و فەرهەنگ‌و ناسنامەی گشتی‌یە لەسایەی ئالای تایبەتیدا. زۆربەی دەسەڵاتەکان بۆ ئەم ئامانجە هەوڵی بەهێزو بەردەوام ئەدەن کە وڵاتەکەیان بەهۆی پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ دەوڵەتە بەهێزەکان دا نەخش‌و جێگاو رێگای تایبەتی‌یان هەبێت‌و بتوانن لەبەرامبەر ئەرکی پەلامارەکاندا بەهێزو راوەستاوبن. ئامادەبوون بۆ جەنگ‌و سازماندانی هێزی چەکداری ناوخۆو دەرەکی پێشمەرجی گرنگە بۆ مانەوەی دەوڵەتەکان، ئەمە بووەتە بنەمایەك کە لەدەوڵەتی مۆدێرن جیا ناکرێتەوە.

سێهەم، روخساری سێیەمی توندوتیژی دەوڵەتی مۆدێرن بەلایەنی دووەمەوە گرێدراوە، واتە بە جەنگ ـ بەرگری مۆدێرن کە لەئاستی فراوانترو گشتی ناو خەڵکا رەنگ دەداتەوە. مێژووی ناسیۆنالیزم تەنها ئەوە نەبووە کە دەزگای سەربازی دەوڵەتێك لەدژی دەزگای نیزامی نەتەوەیەکی دیکە ئامانج‌و کارەکانی خۆی بەدی بهێنێ، بەڵکو

بەردەوام ئەم پرسە توندوتیژە پەڕیوەتەوە ناو خەڵك و جەماوەری بێ چەك و بێ دیفاع بوونەتە سووتەمەنی ئەو جەنگانە. تەواوی هێرش و پەلاماری کۆمەڵ کوژو جینۆساید(جینۆسایدی ئەرمەن، هولوکۆستی یەهوودو ئەنفالی کورد) هەر لەڕوانگەو بەرژەوەندی نەتەوەیی و نەژادیدا بووە. جەنگی نەتەوەیی و نەژادی ئەم دوو سەدەیەی دوایی(بە تایبەتی سەدەی بیستەم) جێگای جەنگ و کوشتاری بە کۆمەڵی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستی گرتۆتەوە. لەجەنگی جیهانی دووەم زیاتر لە٤٥ملیۆن کەس کوژران کە زۆرترینیان خەڵکی مەدەنی و بێ چەك بوون و لەسەدا دەی دانیشتوانی روسیا، پۆڵەندا، یوگوسلافیاو ئەڵمان یان پێکدەهێنا.

جەنگی نێوان وڵاتان(لەراستیدا نێوان دەوڵەتەکان!)نەك تەنها لەروانگەی ترس و تۆقاندن و وەحشەتی نێوان خەڵك کاریگەری هەیە، بەڵکو لەسەر ئاستی تێڕوانین و دیدگای گشتی دا نەخشی دەبێت و تەواوی کۆمەڵگا سازو ئامادە دەکرێت بۆ پشتیوانی لەجەنگی پیرۆزو دروشمی((هەمووان لەپێناوی سەرکەوتن))کراوەتە دروشم و ئامانجی زۆربەی وڵاتان و بزاڤە ناسیۆنالیستەکان. لەکاتی جەنگەکانیشدا هێزی کاری ژنان و منالان دەخرێتە جێگای کاری پیاوان و لاوان وەکو جۆرێك لەبەشداری جەنگی و ئەرکی پیرۆزی نیشتمانی چاوی لێدەکرێت.

ئەگەر یەکێك لەئەنجامەکانی شۆرشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەو مۆدێرن بێت، بەڵام روانگەی نەتەوەیی و پاراستنی نیشتمان، پیشەسازی و بەتایبەتیش(پیشەسازی چەك و سەربازی) دەخاتە دەستی دەوڵەتی نەتەوەو ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانەی جەنگی یان بەهێزبێت، بەسەر دوژمناندا سەردەکەون. تەنانەت دەوڵەتە تازە پەرەئەستێنەکانی(عێراق، ئێران، پاکستان میسرو هتد) کە لەبواری پیشەسازیدا کەمدەست و سنوردارن، بەڵام لەپیشەسازی جەنگ و چەکداریدا توانای سەیریان لەخۆیان نیشانداوەو هەرئەوان بوون باسی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی دەکەن یان وەکو گیدنز دەڵێت: ((یەکپارچەیی تەکنۆلۆژی و زانست لەپێوەری





فراوان دا وەکو ناونیشانی سەرەکی پێشکەوتنی سەربازی و پیشەسازی باس دەکرێت)).[٢١]

### ئالان تۆرین: رەخنە لەمۆدێرنیتی و دەوڵەتی نەتەوە

ئالان تۆرین(١٩٢٩ ـ ) بیرمەندو کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی، کە هەندێك بە یەکێك لەپۆست مارکسیستەکان (ئادۆرنۆ، هانا ئارێنت، ئەرنستۆ لاکلۆ، هابرماس) ناوی دەبەن[٢٢]، چەند جارێك سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتی، دەوڵەتی نەتەوەو نیشتمان، دیموکراسی و ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان کتێب و لێکۆڵینەوەی نووسیوە کە لەنێوانیاندا ناودارترینیان(رەخنە لەمۆدێرنیتی) ١٩٩٢و(دیموکراسی چییە؟) ١٩٩٤. ئالان تۆرین هەروەکو هابرماس بڕوای وایە کە دەبێت داکۆکی لەمۆدێرنیتی بکەین و تەنانەت هەوڵی گەشەو فراوانکردنیشی بدەین، بەڵام ئەم گەشەو فراوانییە دەبێت لەزەمینەی خودی کێشەکانی ناو مۆدێرنیتی دەست پێ بکەین.

پێش دروست بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی بیرۆکەی مۆدێرنیتی زاڵ نەبوبوبەسەر بیروباوەڕەکاندا، چونکە دژایەتی کردنی کۆن، سیستەمی رابردووی ئایین سالاری لەلایەن بڕوای رەها بە عەقلانیەت دەبێتە وێنای سەرەکی کۆمەڵگای مۆدێرن و تادێت دەسەڵاتی عەقڵ و رەهەندەکانی(پیشەسازی، سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، دەسەڵات و فەرهەنگی نیشتمان و نەتەوە، پاشان ماف و ئازادییەکان و دیموکراسی) هێزو توانا پەیدا دەکەن و سەرئەنجام ئەزموون جێگای هیوا دەگرێتەوە. مێژووی مۆدێرنیتی، مێژووی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی بکەرو لایەنەکانی ئەو سەردەم و دیاردەیەیە کە هەموو خێروخۆشی لەوێدا بەدی دەکات. دەسەڵاتی عەقڵ و هەوڵدان بۆ بنیات نانی سیستەمی مۆدێرنی سیاسی و ئابووری بە پشتیوانی بازاڕی ئازاد، دەیانەوێ لەرێگای بانگەشەی ئازادی یاسایی و ناسنامەی گشتی(نەتەوەو نیشتمان) کایەیەکی سیاسی و یاسایی وا پەیدا دەکەن، کە هەژموونی خۆیان بەسەر لایەنەکانی دیکەی مۆدێرنیتیدا زاڵ بکەن.

واتا ئەوان دەیانەوێ هەرچی زۆرتر دەستەمۆی خودە جیاوازەکانو مافو ئازادییەکانی تاكو هاوولاتیان لەرێگای ئەو کایەو زەمینە فەرهەنگیو ناسنامەییەوە بکەن کەناسنامەی(نەتەوە یا نیشتمان)و (هاوولاتی بوون)ە. کاردانەوە بەرامبەر بەم سیستەمە گشتیو عەقلانییە، بۆ یەکەم جار لەلایەن بیرمەندانو روونا کبیرانی وەکو مارکس، نیچەو فرۆیدەوە بوو کە کۆی بیروباوەڕەکانیان لەفەلسەفەی رەخنەیی Negativisimی قوتابخانەی فرانکفۆرت وەکو نەفی کردنەوەی مۆدێرنیتی کە لەلای بیرمەندانی پۆست مۆدیرنیزم دەبێتە رێبازی بیرکردنەوە بۆ دەرباز بوون لەناکۆکییەکانی سیستەمی مۆدێرن.

هاوکات لەگەڵ هەوڵی عەقلانیەتی مۆدێرنو رەخنەگرانی، نەتەوەکانو هیوای ئەوان بۆ سەروەریو سەربەخۆیی لەرێگای پابەندبوون بە ناسنامەو مێژوویان، گرنگی زیاترو تەوژمی زیاتر پەیدادەکەن بە جۆرێك کە سەدەی بیستەم دەبێتە سەدەی نەتەوەکان، هەروەکو چۆن سەدەی نۆزدە سەدەی خەباتی چینایەتیو بوو، لانیکەم لەولاتانی مۆدێرنی ئەوروپاو ئەمریکا.

هێزی سێهەم، سەرهەڵدانو هەژموونی کۆمپانیا گەورەکانی ئابووریو پیشەسازییە سەرەتا لەئەمریکاو پاشان لەژاپۆنو ئەووروپا دەبنە ئەو هێزە کاریگەرانەی کە زۆرجار سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەییو دەسەلاتی عەقلانی گشتی دەبەزێننو هێزو بەرژەوەندیان دەبێتە شایستەیی پلە یەكو بڕیار بە دەست نەك تەنها یەکێك لەلایەنە کاریگەرەکان.

لەکۆتاییدا مافو ئازادییەکانی خەڵكو هێزی بەکاربردنی جەماوەری لەولاتانی مۆدێرندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبێتە یەکێك لەبکەرە بەهێزەکانی مۆدێرنیتیو لەرێگای گەیاندنو پەیوەندییەکانەوە هێزی جەماوەر لەژیانی گشتی دا، کەشێکی پڕ لەئارەزوو خەیاڵ دروست دەکات، کە بەئاسانی جیهانی جەستە ـ کە پێشتر لەلایەن عەقلانیەتەوە رەفزکراوبوو- ئازادو بەرەلا دەکات [٢٣].





کۆمەڵگای مۆدێرن بەهۆی کاریگەری سیستەمی بەرهەم هێنان(ئابووریو بازاڕی ئازاد)، پەیداکردنی چوارچێوەیەك بۆ ڕەواییو دەسەڵات کە(فەرهەنگو ناسنامەی نیشتمانو نەتەوەیە)، لەپاڵ داواکارییە بەردەوامەکانی خەڵك بۆ(مافو ئازدابیەکان)و (بەکارهێنانو بەهرەمەندبوون) لەو کەلوپەلانەی کە خودی سیستەمی بەرهەم هێنان دروستیان دەکەن، ڕووبەڕووی رەوشو هەلومەرجێك دەبێتەوە کە بەردەوامدەبێت لەپەیوەندیو ناکۆکی. بۆ باشتر بەیانکردنی دەوری ئەم بکەرانەو پەیوەندیو کاریگەرییان لەگەڵ یەك، ئالان تۆرین دەڵێت: پێشکەوتن، دیموکراسیو نەتەوایەتی کە بەهۆی دەسەلاتی عەقڵەوە پێکەوە گرێدراون، لەخەباتی هاوبەشیاندا لەدژی رابردووو دەسەلاتی سەپێندراوی پێش مۆدێرنیتی یەکدەگرنەوە، واتە پەیوەندیو یەکێتییان پەیوەندییەکی نێگەتیڤە(چونکە دژی لایەنێکی دیکەن)، نەك یەکێتییەکی پۆزەتیڤ(واتە بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانیو کاری هاوبەش)[٢٤].

سیستەمی بەهەم هێنانو ئابوریو بازاڕی ئازاد، بە رادەیەك لەهەوڵی قازانجو پەیداکردنی هێزدایەو هەر بەو ئەندازەیەش دەیەوێت دەسەلاتی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەڵدا فراوان بکاتو لەرێگای رێکخستنی عەقلانی بەرهەم هێنانەوە مۆرکی خۆی دەدات لەسەرتاپای ژیانی خەڵك. خەڵکیش لەماوەی بەکارهێنانی کالاکانی سیستەمی بەرهەم هێنانو داواکاری بەردەوامیان، دێنە ناوبواری کاریگەریو لەهەوڵی ئەوەدان، ئەوەندەی کە بۆیان دەکرێت، مۆرکی کەسایەتی خۆیانو کاریگەریو بەرژەوەندی ژیانو گوزەرانیان بدەن لەکۆمەڵو لەو چوارچێوە گشتی، یاساییو سنوورداەی کە کۆمەڵگاو(دەسەلاتی)مۆدێرن بۆی داناون دەربازبن. کۆمەڵو دەسەلاتی مۆدێرن، هەندێك جار بە شێوەی لیبرالی(کاتێك کە بانگەوازی ئازادی خودەکان دەکات)و زۆرجاریش بە شێوەی سەپاندنو ناچاری(کە پەنا دەبەنە بەر سیستەمی هاوولاتی، نەتەوایەتیو رێکخستنی عەقلانی ژیانو بەرهەم هێنان)دەسەلاتی خۆی پیادە دەکاتو دەیەوێت کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بخاتە ژێر دەسەلاتو هەژموونی بەناو بەرژەوندی

گشتییەوە. جا ئەو بەرژەوەندیو سیستەمە گشتییە نەتەوە، سیستەمی بەرهەم هێنان یان دەسەڵاتی گشتیو عەقڵ بێت.

بەڵام کۆمەڵگای مۆدێرن بەهەموو سیفەتو بکەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پردێكو هەنگاوێکە بۆ رزگاربوونو ئازادکردنی مرۆڤ بەرەو ژیانێکی ئازادترو بەرهەرەمەندتر، ئەگەر سەبارەت بە کۆمەڵگای کۆنو دەسەڵاتی پێش نەتەوایەتیو هاوولاتی بوون مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بۆ ئەم پرسە جان جاك رۆسۆ دەڵێت: ((ئێمە ناتوانین سەرەتای بە مرۆڤ بوونمان دەست پێ بکەین تەنها کاتێك نەبێت کە تیایدا دەبینە هاوولاتی)).[٢٥] پاشان ناکۆکیو ململانێی نێوان کۆمەڵگای مۆدێرنو مرۆڤەکان(هاوولاتیان) دەردەکەوێتو خودی مۆدێرنیتی دەکەوێتە حاڵەتی ناعەقلانیو کەرت بوونی نێوان بەرژەوەندیو ئیرادەی گشتی (دامەزراو لەسەر بناغەی نەتەوایەتی، هاوولاتی بوونو سیستەمی بەرهەم هێنان) و مافو ئازادییەکانی مرۆڤ. هەر بۆیەش خودی رۆسۆ لەیەك کاتدا بە دوو دەرئەنجامی گرنگو ناکۆك لەگەڵ یەکدا گەیشت. یەکەمیان، بیرۆکەی دەسەڵاتی میللی(نەتەوەییو نیشتمانی)کەبووە بناغە بۆزۆربەی سیستەمە دیموکراسیو تەنانەت دیکتاتۆریەکانیش. دووەم، بیرۆکەی تاكو سەروەری خود وەکو نموونەیەکی سروشت لەبەرامبەر دەسەڵات(دەوڵەتو سیستەم).

کێشەی نێوان دەسەڵاتی گشتی(نەتەوەو نیشتمان) و سەروەری تاكو خود، زۆرجار لەلایەن نەتەوەو پەیڕەوانی نەتەوەوە دادەپۆشرێت بەوەی کە تێگەیشتنی نەتەوە بە لێکدانەوەیەکی جیاواز لەدەسەڵات یان دەوڵەت دەزانن، یان پێناسەکردنی رەوشی فەرهەنگیو نەتەوەیی بە ئیرادەی گشتیو میللیو بەیانکردنی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری وەکو نوێنەری بەرژەوەندی گشتی(دەوڵەتو کۆمەڵگا). هەرچەندە ئەم بۆچوونە هەندێك راستی تێدایە، بەڵام بەشی دووەمی راستییەکە ئەوەیە کە، داواکاریو سەروەریو هیواکانی مرۆڤ، لەم سەردەمە بە دواوە چیدیکە لەو چوارچێوە گشتییەی نەتەوە، گەلو سیستەمی عەقلانیدا جێگای نابێتەوە. مافو ئازادیو هیواکانی مرۆڤ





لایەنی گشتیو جیهانی بەخۆوە دەگرێت، تا رادەیەك فەیلەسوفانی وەکو رۆسۆ، کانتو مارکس لەجیهانی بوونی مرۆڤدا راست دەکەن.

لێرە بە دواوە، توندڕەویو ناکارایی بیرۆکەی کلاسیکی مۆدێرنیتیو ئایدیۆلۆجیای رۆشنگەریو پێشکەوتن ئاشکرا دەبێت، ئەویش بەهۆی گومانو پرسیاری بکەرەکانی لەسەر خودی مۆدێرنیتی. سیستەمی بەرهەم هێنان دەیەوێت لەو سنوورانەی کە دەسەڵاتی عەقڵ ـ سیستەمی نوێنەرایەتیو نەتەوەیی ـ دیاریکردوون دەرباز ببێتو هەتا بتوانێت بەهێزتر بێتو بازاڕی زیاتر تێ بپەرێنێت. واتە رازی نییە بەو رووبەرو پانتاییە تەسكو سنوردارەی کە نەتەوایەتی(یەکێك لەبکەرەکانی مۆدێرن) بۆی دیاریکردووەو لێرەوە لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتیو نیشتمانیو فەرهەنگیدا دەکەوێتە کێشەو ناکۆکییەوە. لایەنی ئابووری یان دەسەڵاتی ئابووریو بازاڕی ئازاد، دەیەوێت کە خودی سیستەمی ناوبراو تا ئەو رادەیە بە رەسمی بناسێنێ کە دەبێتە هۆیەك بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری پێشوو کە دەربەگایەتیو ناوچەیییە، بەڵام لەو جێگایەی کە پێویستی بە گەشەو فراوان بوونە ئەو سنوورانە دەبەزێنێ کە خودی سیستەمی مۆدێرن بۆی دیاری کردووە، یان روونتر بڵێین کە لەلایەن بەشێك یان بکەرێکی مۆدێرنیتییەوە دیاریکراوە، کە ئەو بکەرەش نەتەوەیە. بەم شێوەیە دوو پێکهێنەرو بکەری گرنگی مۆدێرن، نەتەوەو ئابووری، دەکەونە ململانێو ناکۆکییەوەو سەرئەنجام سیستەمی دروستکراوی مۆدێرن دەکەوێتە بەر گورزی کاریگەری هەردووکیان. ئەگەر ئەوە بزانین کە نەتەوەکان ئەوەندەی بەهۆی فەرهەنگەوە دیاریو سنوودار دەکرێن، هێندە بەهۆی ئابوورییەوە دیاری ناکرێن. هەرچینەتەوایەتییە لەرێگای فەرهەنگو دەسەڵاتی نیشتمانیو گشتییەوە دەیەوێ ئابووری دەستەمۆ بکاتو بیکاتە رۆڵەیەکی گوێڕایەڵی خۆیو، ئابووریو بازاڕیش رازی نابن بەو دیاری کردنانە کە ئەم سیستەمە سیاسیو نەتەوەیییە پێی ڕەوا دەبینێ.

پێداویستی خەڵك بۆ بەرهەمو کاڵای باشو (زۆرجاریش نا نیشتمانی)و لەدەرەوە هێنراو، یەکێکە لەو گومانە گەورانەی کە بکەرێکی گرنگی مۆدێرن (پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك) دەیوروژێنێت سەبارەت بە لایەنی ئابووریو نەتەوایەتی مۆدێرن. هێزو داوای خەڵك سەبارەت بە کاڵاکانی سیستەمی بەرهەم هێنانی نیشتمانی دوو ڕەوش بەخۆوە دەبینێ، هەندێك جار، هێزو توانای خەڵك لەئاستی ئەو کاڵایانەدا نییە کە سیستەمی بەرهەم هێنانی ناوخۆ دروستیان دەکاتو هەندێك خەڵکیش ڕازی نینو بەو کەلوپەلانەی کە سیستەمی نیشتمانی بەرهەمی هێناون. بۆیە لەم زەمینەیەشدا، بەردەوامو هەموو ڕۆژ، یەخەی سیستەمی مۆدێرن دەگرێتو پرسیارو گومانی گرنگ بەرەو ڕووی سیستەمی بەرهەم هێنانی نیشتمانیو نەتەوایەتی دەبێتەوە.

((کۆمەڵگای مۆدێرنو دیموکراسی، سێ ڕەهەندو سێ بکەری گەورە دیاری دەکەنو لەو سنوورانەدا کارو ڕەوایی خۆی پیادە دەکات. یەکەم، ڕەهەندو دەسەڵاتی عەقڵە کە خۆی لەسیستەمی نوێنەرایەتی گشتیو دیموکراسیدا دەبینێ. دووەم، ڕەهەندو سنورری فەرهەنگو ناسنامەیە کە دەیەوێ حاڵەتێکی گشتی بە ناوی هاوولاتیو هاونیشتمانیو دەوڵەتی ـ نەتەوەوە پێك بهێنێتو سێهەم، ڕەهەندی ئازادیو مافو داواکارییەکانی خەڵکە.[٢٦]

گومانو پرسیاری گرنگی ڕەهەندی سێهەم ئەوەیە، کە ئایا پێداویستییەکانی خەڵكو مافەکانی مرۆڤ لەو سنوورانەی کە دەسەڵاتی عەقڵ (سیستەمی نوێنەرایەتیو سیستەمی بەرهەم هێنان)و دەسەڵاتی فەرهەنگ(نەتەوایەتیو هاوولاتی)دایاننناونو دیاریان کردوون، جێگایان دەبێتەوە؟ ئایا مافەکانی مرۆڤ وەکو مافی سروشتیو جیهانی(ڕۆسۆو کانت) لەچوارچێوەی تەسكو دیاریکراوی دەسەڵاتی عەقڵو نەتەوەدا، بچووك ناکرێتەوە؟

پرسیارو گومانەکانی مارکس، نیچەو فرۆید ئەو هەوڵو کەلێنانەن کە خودی ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتیو عەقلانیەتی ڕۆشنگەری ڕووبەڕوویان دەبنەوەو گرفتو





سنووری گەورە لەبیرو ئەندێشەدا دەکەوێتە سیستەمی بیرو ئایدیۆلۆژیای مۆدێرنیتی. لێرەوە کێشەی نێوان تیۆریو پراتیك دێتە ناو ئاستەنگی ڕووناکبیری گشتییەوە، کە یەکێکە لەلایەنەکانی قەیرانی مۆدێرنیتی. تیۆریو کۆمەڵناسی کلاسیکیو بەجێ ماوی(ئۆگست کۆنت)و(ئەمیل دۆرکهایم) کە لەسەر سێ پرانسیپی گرنگو پێکەوە بەستراو دامەزراوە:

١ـ پێکەوە گرێدانی شێوەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگا لەگەڵ((ئاراستەی مێژوودا کە لەبیرۆکەی کۆمەڵگای مۆدێرندا بەیانکراوە)).

٢ـ جووت بوونو هەماهەنگی کۆمەڵایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیی کە دەبێتە جیگایەکی ناوەندی بۆ بیرۆکەی"سیستەم".

٣ـ لەجێگای بەشداری کۆمەڵایەتی(بە جیاوازیو بەشدارییەوە) سیستەمی ڕێکخراوو گشتیو جێگاگرتنەوەی لۆجیکی ناوەکی کارایی سیستەمی مۆدێرن، لەجیاتی دەوری بکەرە کۆمەڵایەتییەکان. مۆدێرنیتی دەکەنە(وا لەقەڵەم دەدەن) سیستەمێکی ئەندامەوار (ئۆرگانێك)و ڕێکخراوو هیچ جیاوازیو کەلێنێك لەنێوان بەشەکانو بکەرەکانی ئەو ڕژێمەدا نابینێت.[٢٧]

بەڵام نەتەوایەتی، قازانج، پێداویستییەکانی ژیانی خەڵكو سێکسو لایەنی ئیرۆسی(خۆشی)، ئەو هێزانەن کە پەیوەندییان، هاوکارییانو تەنانەت جیاوازیو ناکۆکیشیان گۆشتو خوێنی بەدەنی کۆمەڵی پیشەسازیو مۆدێرن پێکدەهێنن. ئەم هێزانە بە شێوەیەك کاردەکەن، کە دەتوانن ئەو دیدگایە بە تەواوی بگۆڕن کە سەرکەوتنی عەقلانیەتی ئامێریو عەقڵی ئاراستەکراوو ئۆرگانێك، لەبیرێکی گشتیو کاریگەرەوە بکەنە هۆکارێکی بێ هێزو هەژار لەبەرامبەر ئەو پرسو کێشانەی کە بکەرە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتی لەنێوان خۆیاندا هەیانە. دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پەیدابوونی مۆدێرنیتی بە هەموو پێکهێنەرەکانیەوە وەکو سەرکەوتنی عەقڵو ڕاستی نابێت ئاماژەی پێ بدرێت، بەڵکو دەبێت بەو رادەیە بەرەو ڕووی بچینو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە

بکەین، کە چۆن پێکهێنەرەکانی مۆدێرنیتی کاردەکەنو جیاوازیو ڕێکەوتنی ئەم بکەرانە چی بەسەر یەکترو نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی دا دەهێنن.

ئایا بکەرەکانی ژیانی کۆمەلایەتی پەیامهێنەرو هەڵگری مۆدێرنەن، یان ئەوان دوای لۆجیکی دیکەی چالاکی کەوتون؟ تیۆرەکانی مۆدێرنیستی کلاسیکی هێز لەوەلامی یەکەم وەردەگرن. بڕوای ئالان تۆرین کە هەوڵدانە بۆ زیاتر شیکردنەوەی پەیوەندیو کاریگەریو جیاوازی نێوان بکەرەکانی مۆدێرنیتیو هەوڵدانە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پێشکەوتن، دیموکراسیو نەتەوایەتیو کاریگەرییان لەسەر مافو ئازادی هاوولاتیان، بە دوای ئەوەیە کە مەنتقێکی بەڵگەدارو رەخنەگر، نەك حوکم دەرو بڕیاردەر، بۆ شیکردنەوەی مۆدێرنیتیو نەتەوایەتی مۆدێرن بدۆزێتەوە. لەلای ئەو نەتەوە شێوەی سیاسییە بۆ مۆدێرنیتی، نەتەوایەتی لەجێگای فۆلکلۆرو دابو نەریتو ئیمتیازەکانی میرو دەربەگەکان، بوارێکی گشتیو فەرهەنگی بە پشتیوانی مێژوو پێکدەهێنێ کە تێکەڵو بنیات نراوە لەسەر یاسای پەیدابوو لەپرانسیپەکانی عەقڵ. لەهەمان ڕێگاوە سیستەمی بەرهەم هێنانیش دەبێتە بکەرێکی عەقلانی کەبەو هۆیەوە جیهان دەکاتە تەکنیك بوونی بەرهەم. بازاڕ دەبێتە پێوەر بۆ حوکمدان بەسەر ئەنجامی چاودێری ئەم سیستەمە. بکەرێکی دیکەی مۆدێرنیتی کە بەکارهێنانە (الاستهلاك) ئەمەیان هەتا بۆی بکرێت خۆی ئازاد دەکات لەکاریگەری هێزەکانی فەرهەنگ و مێژوو یان دەسەلاتو سیستەمی سیاسی. سەرچاوەی ئەم بکەرە بۆ هەڵبژاردنی عەقلانی لەنێوان تێربوونی دیاریکراو بە پێوەرە گشتییەکانو نرخی کالاو خزمەت گوزاریەکانە... تێزی مۆدێرنیتی بەو پەڕی تواناوە لەنمادی دەسەلاتو سیستەمی سیاسیو فەرهەنگی نەتەوەدا، خۆی بەیان دەکاتو هەر لەو چوارچێوەیەشدا توندترین رەخنەو بەرەنگاری بەرەو ڕووی دەبێتەوە. ئەم تێزە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لەفەرەنسا بنیات نراوە، کە کاتێك لویس دۆمۆن دەنووسێ: ((نەتەوە کۆمەڵێکی گشتی پێکهاتووە لەو خەڵکانەی کە خۆیان وەکو تاك دەناسێنن)).





بەڵام نووسەری ئینگلیزی ئێرنست گیلنەر بوو کە فۆرمۆلەیەکی گونجاوتری دا بەم پێناسەیە، ووتی:

((نەتەوە پەیوەندییەکە لەنێوان یەکەی سیاسیو یەکەی فەرهەنگی دیاریکراودا))و پاشان ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە، کە چۆن کۆمەڵگای مۆدێرنو پیشەسازی پێویستیان بە فەرهەنگی نەتەوایەتی هەیە، واتە فەرهەنگ لەپێناوی نەتەوەو بەهۆی نەتەوەوە بەدی هێنراو تا بتوانێت لەکەلەپوری ناوچەیی تێ بپەڕێت کە بەرنگاری گۆرانکاریەکان دەکەن. بە بڕوای تۆرین، گیلنەر لەجیاتی ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بوونی فەرهەنگی نەتەوەیی دەتوانێت نەتەوەو نەتەوایەتی دابمەرزێنێت، پێچەوانەکەی بە ڕاست دەزانێت: دەوڵەتی نەتەوەیی دەتوانێت بەهۆی پەروەردەو فێرکردنەوە، فەرهەنگی نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت.

دەوڵەت، فەرهەنگ بڵاودەکاتەوەو دەیسەپێنی، فەرهەنگێك کە لەلایەن دەسەڵاتەوە فۆمۆلەو بژارکراوەو بەتایبەتی زمان کە دەکرێتە زمانی نەتەوەیی بەهۆی قوتابخانە، ئیدارەی گشتیو سوپاکانەوە. ئەم چەمکە عەقلانیو مۆدێرنە، ئامانجی ئەوەیە کە بەرەنگاری هەموو مەیلە نەتەوەییو میللییەکان ببێتەوە کە بانگەوازی ئەوە دەکەن کە سیاسەت بخرێتە خزمەتی نەتەوەو گەلەوە، مەیلێك کە پێی وایە پێش پەیدابوونو دەست تێوەردانی دەوڵەتیش، نەتەوە هەر هەبووە. گیلنەر لەم دیدگایەدا زۆر نزیکە لەمیراتی فەرەنسی کە دەوڵەت توانیویەتی نەتەوەو فەرەنسا دروست بکات، هەر لەزەمانی پاشاکانەوە هەتا شۆڕشو کۆمارەکانی دوایی. گیلنەر، تێزەکەی بەسەر نەتەوە تازەکانیشدا (ئەوانەی کە دروست بوونیان تازەیە) دەسەپێنێو وەکو رەخنەیەك لەپرسی سەرەکیان کە سەرهەڵدانی نەتەوەییانە، چونکە ئەم پرسە لەلای ئەوان پەیوەندی بە لەدایك بوونیانەوە هەیە نەك گەشەکردن. بەلام ئەم تیۆرەیە ڕووبەڕووی زۆر ناکۆکیو نارەزایی دەبێتەوە، چونکە مۆدێرنیزمی بازرگانیو پیشەسازی بانگەوازی بیروباوەڕی جیهانی دەکەن بۆ بەرهەم هێنانو چاودێری بازاڕ، نەك بانگەواز بۆ چەمکی نەتەوە.

گەلێك لەنوخبە دەسەڵاتدارەکان زۆر دەربەستی ئەوەن کە وڵاتەکانیان بخەنە ناو ئاڵۆگۆڕی نێودەوڵەتییەوە، ئەگەرچی ئەمەش دژوەستانەوەی شێوە نەتەوەییەکانی ئابوریو فەرهەنگ بێت. گەلێك جار بەرهەم هێنەرانی زانستو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەپێناوی بەرژەوەندی خودی دەسەڵاتەکاندا لەدژی نەتەوایەتی خۆیان هەڵوێستیان نواندوە.

هەتا لەجێگا ناوەندییەکانی گەشەکردنی ئابوری دووربکەوینەوە زیاتر مۆدێرنیتی دابەش دەبێتو کۆمەڵگاو دەوڵەت کەلێنی گەورەیان دەکەوێتە نێوانەوە. چونکە دەوڵەت ئەبێتە دروست کەری مۆدێرنیتی نەك نوێنەری. دەوڵەت بە مانای سەربەخۆیی نەتەوە لەدژی دوژمنە بێگانەکان دەجەنگیو هەڵدەستێت بە نوێکردنەوەو هاوچەرخ سازی ئابوریو کۆمەڵگا. ئەرنست گیلنەر زۆر لەسەر هەقە کاتێك کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە نەتەوایەتی کارێکە لەسەرەوە لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرێت، بەڵام زۆر هەڵەیە کە نابینێ ئەم دەوڵەتە دەبێت پشت ببەستێ بە مێژوو، تایبەتمەندییە میراتییەکان بۆ سازکردنی هێزەکانی بەرگری لەدژی هەژموونی دەسەڵاتە مۆدێرنە گەورەکان. نەتەوایەتی سازکردنی فەرهەنگ، مێژوو، نەریتو ئابوری کۆنە لەپێناوی خزمەتی ئایندەو هاوچەرخ بووندا. نەتەوایەتی دەرگای فەرهەنگە ناوچەییەکان دەخاتە سەر پشت بۆ بای مۆدێرنیتیو عەقڵانیەتو پاشان قەوارەیەکی نەتەوەیی هاوچەرخ(نەك نوێ) پێکدەهێنێت. هەرچەندە پەیوەندی وڵاتێك بە بونیادو کەلەپوری خۆیەوە بەهێزبێت، هێندە لەناوەندەکانی مۆدێرنیتی دوور دەکەوێتەوەو زیاتر هەست دەکات کە لەلایەن ئیمپریالیزمی بێگانەوە دەکەوێتە بەر مەترسی. نەتەوە شێوەی سیاسی مۆدێرنیتی نییە، بەڵکو بکەری سەرەکیە، کە ئەمەش ئەوەیە کە بکەرێکی کۆنو ناهاوچەرخ مۆدێرنە دروست دەکاتو هەوڵ ئەدات بۆ بەدەستەوەگرتنو کۆنترۆل کردنی، کەچی لەهەمان کاتدا قبوڵی ئەوەش دەکات کە وردە وردە لەدەستی بدات لەپێناوی بەرژەوەندی بەرهەم





هێنانو بەکارهێناندا(کە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتو خەڵکیشەوە بە ئەنجام دەبێ)، کە بێگومان شێوازو مۆدیلێکی جیهانی(یان سەروو نەتەوەیی) بەخۆوە دەگرێت.

کرانەوەی نەتەوەکان بەڕووی مۆدێرنەداو لەناوچوونی دابو نەریتو ڕێگرە فەرهەنگییەکانی کۆن لەسەردەمێکی زۆر تایبەتی دابوو، کە سەردەمی نەتەوە پێشڕەوەکانی بەریتانیاو فەرەنساو دوای ئەوانیش ئەمریکا بوو. هاوپەیمانی نێوان نەتەوەو مۆدێرنیتی هەتابێت ئاڵۆز دەبێتو لەهەموو شوێنێك مۆدێرنیتی واز لەلیبرالیزم دەهێنێو دەبێتە کارێکی ئیرادیو نەتەوە زۆر بە پەرۆشەوە دەکەوێتە خۆی بۆ سازدانی کۆن لەپێناوی بونیات نانی داهاتوودا، لەجیاتی ئەوەی کرانەوە بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا بکات. لەئەنجامدا هۆشیاری نەتەوایەتی بەسەر مۆدێرنیتیدا هەڵدەگەڕێتەوەو لەبونیادگەرایی(الاصولیه) نزیك دەبێتەوەو هەموو ئەو تۆخمو پێکهێنەرانە دوور دەخاتەوە کە بانگەوازی فەرهەنگی نەتەوەییو تایبەتمەندی نەژادی ناکەنو لێرە بە دواوە ئەوان وەکو بە کرێ گیراوانو هێزە شەیتانییەکان حسابیان بۆ دەکرێت.

مێژووی نەتەوایەتیو مۆدێرنیتی هەڵەی ئەوانەی سەلماندووە کە باوەڕیان وابوو، جیهانی بوونی عەقڵ هێواش هێواش جێگای تایبەتمەندییە کۆمەلایەتیو فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە. دروست کەرانی مێژوو تەنها نوێنەرانی مۆدێرنە نین، بیرو دیدگای مۆدێرنیستەکان کە بڕوایان وابوو سیستەمەکان لەگەڵ بکەرەکاندا خۆیان دەگونجێنن، بەو هۆیەی کە بکەرەکان دەبنە گوێ لەمستی یاساکانی کۆمەڵگا، بەرەو پووکانەوە دەچێتو لەلایەن راستینەی واقیعیو مێژوویی دا جێ دەمێنێت، ئەو واقیعەی کە تیایدا پیرەکان هێزە تازەکان دروست دەکەن. بیروباوەڕی مۆدێرنیزم، بە هەردوو بەشی لیبرالیو شۆڕگێڕەوە، لەهەوڵی ئەوەدایە وا نیشان بدات کە: یەکەم، ئیرادەی رزگارکردنی هێزە مۆدێرنەکانە، دووەم، خەبات لەدژی هێزە کۆنەکانو سەرکەوتنی عەقڵانیەتەو سێیەم، دڵنیابوونە لەئیرادەی نیشتمانی(لەلای مارکسیزم چینایەتی)واتە دڵنیابوونە

لەئیرادەی گشتی، مۆدێرن‌و بە سیستەم کراو، کە ئەمانیش لەرێکەوتن‌و یەکێتی دان بۆ سازکردنەوەو ئارایش دانی کۆمەڵی تازە دامەزراوی مۆدێرن. [٢٨] هەر بەو پێیەش بیروباوەڕی مێژوویی دامەزراو لەسەر بناغەی پێشکەوتنی مێژوویی(واتا هەتا لەمێژوودا بەرەو پێش بڕۆین پێشکەوتن‌و پەرەپێدان‌و دەسەڵاتی ڕێکخراوی سیستەم بەرەو چەسپاندن دەچێت) تووشی هەمان ـ ڕەخنەو ناسازگاری دەبێتەوە. بیروباوەڕی مێژوویی بانگەوازی سازکردنی جەماوەرو خەڵك بەناوی نەتەوەو پێشکەوتنەوە دەکاتە دروشم‌و ئامانجی خۆی. ئەم بیروباوەڕە، لەگەڵ ڕێبازەکانی دیکەی مۆدێرنیتیدا (لیبرالی‌و مارکسی) ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە هەر لەگەڵ پەیدابوونی سیستەمی مۆدێرن دا، هەموو پێکهێنەرو بکەرەکانی لەپێناوی بەرژەوەندی‌و دەسەڵاتی خۆیاندا لەبەرامبەر خودی مۆدێرنیتی‌و لەگەڵ یەکتریشدا دەکەونە ناکۆکی‌و دژایەتی‌و سەرئەنجام ئەوەی کە گورزی کاریگەری بەردەکەوێت، خودی سیستەمی مۆدێرنەیەو سەرەرای ئەوەش کە بکەرەکانیش لەم مەیدانەدا زیانمەند دەبن.

لەدوای ئاشنابوونمان بە بیروباوەڕەکانی نیچەو فرۆید، مرۆڤ یان(تاك) لەوە زیاتر هەوڵدەدات کە کرێکار(هەروەك لەسیستەمی مارکسیزم)یان بەکاربەر(هەروەك دیدگای لیبرالیستی) یان هاوولاتی(بە پەیڕەو لەنەتەوایەتی) هەولی بۆ دەدات، یان بە شێوەیەکی گشتی بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی بێت. لێکدانەوەی تاك‌و خودێتی مرۆڤەکان دەبێت لەو سنورانە تێ بپەڕێت کە ئەم بیروباوەڕانە یان سیستەمانە بە بالای تاکیاندا بڕیوەو لەمەودوا کەلێن‌و ناکۆکی نێوان سیستەم‌و تاك، گشت‌و بەش بەرەو زیادبوون دەچێت، هەروەکو چۆن لێکدابڕانی نێوان تیۆرو پراکتیك بەرەو گەورەبوون دەچێت. دیسان لەدوای مارکس، نیچەو فرۆیدو بیرمەندانی دوای ئەوان ناتوانین واتێ بگەین کە بکەری کۆمەلایەتی، تەنها وەکو ئەو کارانە سەیر بکەین کە لەناو سیستەمی گشتی دا بەرێوەی دەبەن. هەروەکو ناتوانین کە کۆمەڵگاو ڕەوەندەکانی بهێنینە خوارەوە بۆ ئاستی لێکدانەوەی مێژوویی کە فەیلەسوفەکان یان ئابوری ناسان‌و هەروەها نەتەوە پەروەرانیش





دەیانەوێ ئاراستەکەی دیاری بکەن. لەم دابڕانەدا کە هەندێك جار گشتی‌و هەندێك جار تایبەتی‌یە، لەنێوان مۆدێرنیتی‌و بکەرەکانی نێوکۆمەڵدا، دەبێت چاوەڕوانی ئایدیۆلۆژیای کلاسیکی بکەین کە دەربارەی مۆدێرنیتی بیریان کردۆتەوەو، کە بێگومان وەکو یەکەیەکی پێکەوە بەستراوی نێوان مۆدێرنەو بکەرەکانی تیوری یان سەرئەنجام ئالان تۆرین دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئایا نەتەوایەتی دیاردەیەکی ترسناك‌و تایبەتی نەبوو، کاتێك لەخزمەتی دەوڵەتی مۆدێرن‌و بە دەسەلات‌و نەتەوەیی دابوو، کە دەیویست بەهەر جۆرێك بێت بیرۆکەی دروست کراوی گەل یان نەتەوە بنیات بنێ، کە لەباشترین ڕەوشیدا دەوڵەتی نەتەوەیی پێکدەهێنێ‌و لەخراپترین حاڵەتیشدا دەسەلاتێکی خۆسەپێنەر بە ناوی گەل یان نەتەوە یان سەرکردەوە دروست بکات؟ ئایا هەموو ناسازگاری‌و لێکدابڕانەکانی نێوان مۆدێرنیتی(وەکو سیستەمی گشتی)، نەتەوایەتی(بکەرێکی ئەو سیستەمە)، ماف‌و ئازادییەکانی خەڵك‌و مۆدێرنیزمی ئابوری نابێتە بەیانکردنی خودی ئەو پەیوەندییە دڕدۆنگەی کە مۆدێرنیزم لەگەڵ خۆیدا بە دیاری بۆ دنیاو بۆ بکەرەکانی هێناوە. خودی ئەمە لەپەیوەندی نێوان مۆدێرنیتی‌و نەتەوایەتی دڵنیامان ناکاتەوە؟

## ئانتۆنی دی سمیس:
## تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمو تیۆرەی ئەو

ئانتۆنی دایفید سمیس، یەکێك لەمامۆستا ناسراوەکانی زانکۆی ئابووری لەندەن LSE و خاوەنی چەند وتارو بەرهەمی گرنگ دەربارەی نەتەوەو نەتەوایەتی. ئەو لەچەند دەهەی یەك لەدوای یەکدا چەند بەرهەمی ناوداری هێناوەتە ناو باسو خواسی نەتەوایەتی، کە یەکەمیان(تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم) لەساڵی ١٩٧١،پاشان(سەرچاوەی نەژادیی نەتەوەکان) لەساڵی ١٩٨٦ The Ethnic Origins of nations و سەرئەنجام کتێبە بەناوبانگەی بەناوی(نەتەوەخوازەی) Nationalism لەساڵی ١٩٩٢[٢٩]. ئانتۆنی سمیس سەرەڕای باسەکانی تیۆری، ئایدیۆلۆجیو مێژووی نەتەوەکانو خستنە ڕووی تیۆریو پارادیمە جیاوازەکانی نەتەوایەتیو پێکهاتنی مێژوویی ئەو دیاردەو تیۆرییانە لەمێژووی زانستی لێکۆڵینەوەدا، بەڵام بۆخۆی خاوەنی دیدگای تایبەتیو میتودێکی ڕۆشنە بۆ لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەپێکهاتنی ئەو دیاردە فراوانو کاریگەرە لەمێژووی جیهانو نەتەوەکاندا.

بەرهەمەکانی ئانتۆنی سمیس گرنگی دەدات بەسێ لایەن لەجیهانی نەتەوەییدا، وتیۆریو پارادیمەکانی نەتەوایەتی لایەنی یەکەمو دڵنیابوونەوە لەپەیوەندی نێوان نەتەوایەتیو مۆدێرن سازیو سەرئەنجام فۆرمۆلەکردنی دیدگاو تیۆری تایبەتی خۆی دەربارەی نەتەوەکان کە دەیکاتە سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوە لەدوولایەنەکەی دیکەی نەتەوایەتی(تیۆرەکانو مۆدێرنیتی نەتەوەکان)، هەربۆیەش چاکتر وایە لەمیتۆدو تیۆری تایبەتی ئەو بۆ نەتەوایەتی دەست پێ بکەین:





ئەو بۆخۆی دەڵێ: ئەو تیۆرەیەی کەمن دەمەوێ بیخەمەڕوو، گەشەکردنە مێژووییەکان کە گەوهەرو خودێتی بە نەتەوایەتی دەبەخشن لەوانەیە هەمان تیۆری مۆدێرنیزم بێت. شێوەکانی مۆدێرنیزم بۆ نەتەوایەتی دوو شێوەیە: مێژووییو ڕەهەندی کۆمەڵناسە. یەکەمیان، ئەوە دەسەلمێنێ کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیو بزاڤێکی نمادگەرایی تا ڕادەیەك تازەیەو دووەم، باس لەوەدەکات کە ناسیۆنالیزم لەبارەی چۆنایەتییەوە دیاردەیەکی تازەیە. لەدووەمدا ناسیۆنالیزم شێوەیەکە لەداهێنانی نوێ کە تەنها کۆپییەکی ئەمڕۆیی دیاردەیەکی کۆن نییە. لەپێشدا شتێکی دیکەی وەکو نەتەوایەتی بوونی نەبووە، بەڵام ئەم پرسە ناشبێتە بزاڤێکی کۆتایی مێژوو، بەڵکو دیاردەیەکە لەلایەن هەلومەرجو پێداویستی نوێوە داهێنراوەو یەك سەردەمی بە تەواوی نوێی مێژوویشی بەرهەم هێناوە.بە شێوەیەکی کورت، ناسیۆنالیزم یەکێکە لەپەیامو بەرهەمەکانی مۆدێرنیتیو دیاردەیەکە کە بەراستی مۆدێرنیزم نیشان دەدات.[٣٠]

بۆ زیاتر ڕۆشن کردنەوەی شێوەی یەکەمی نەتەوایەتی کە ڕەهەندی(مێژووییە) چاکترین شت ئەوەیە کە دیدگای خودی سمیس سەبارەت بەو مێژوویی بوونە بخەینە ڕوو: ((ئەوەی کە بۆرژواکانی فەرەنسا جەژنیان بۆ دەگرت بە تەواوی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات بوو لەلایەن خۆیانەوەو کۆتایی هێنان بوو بە سەردەمی بەهرەمەندیو دەسەڵاتی تاکڕەوی ڕۆحانیو ئەرستۆکراتەکان. ئەم هەلومەرجە هیچی کەمتر نەبوو لەبەدیهێنانی نەتەوەو دەوڵەتی نوێی فەرەنسا لەشێوەو سیمای(کۆماری فەرەنسا)دا. یەکێك لەکارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیو نوێنەرانی پارلەمان داهێنانو دروستکردنی نەتەوەیەکی نوێ بوو لەرێگای ئاڵوگۆڕی یاسای بنەڕەتی(دەستور) و گەشەکردنی بێ نموونەی یاساو نەخشەکانی عەقڵانیەتی زانایانو فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەرەو گەشەو پێشڕەوایەتی. ئەم تیۆریو نەخشەی نەتەوەسازییە ئاراستەیەکی مۆدێرنی وەها بوو کە هەتا پێش شۆڕشی فەرەنسا لەساڵی ١٧٨٩ نموونەو دیاردەی واپەیدا نەببوو.))

هەر سەبارەت بەم ڕەهەندو شێوە مێژووییەی ناسیۆنالیزم دیسان سمیس لەمبارەوە قسە دەکاتو دیدگایەگی مێژوویی لەیەکێك لەکۆمەڵناسانی فەرەنسا وەردەگرێتو دەڵێ: ((بە پێی تیۆری ئەمیل دۆرکهایم دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا، لەراستیدا لەم دەورەیەدا شتێکی بە تەواوی سکۆلار لەسروشتو لەژێر کاریگەری هەستیاری گشتی دا، دەست کرا بە گۆڕانی لایەنە پیرۆزکراوە دینییەکانی ناو کۆمەڵگا. نیشتمان، ئازادیو عەقڵ جێگای پیرۆزیەکانی ئایین، عەقیدەو میحرابو جەژنەکانی گرتەوە. ناسیۆنالیزمو ئامانجەکانی سەربەخۆیی نیشتمانی، یەکێتیو ناسنامەی نەتەوەیان کردە یەك پرۆسەی(نەتەوەسازی) و وەکو ئایدیۆلۆژیو بزاڤێکی تایبەتی بوونە (یان کرانە) ئەو دیاردە مۆدێرنانەی کە لەناوەندی مەیدانی سیاسەتی نەتەوەیی یەکتا، یەکگرتووو ڕەها وێنادەکرانو بەرجەستەبوونیان لەمێشکی خەڵکی دنیادا دەنەخشاند))[31].

ئەم لایەنە مێژوویییەو پرۆسەی مۆدێرنسازیو مێژوویی هاوکات دەبێت لەگەل یەکێکی دیکە لەرەهەندەکانی ناسیۆنالیزم کە ئەویش بە پیرۆزگرتنو ئایدیالی کردنی ئەو گۆڕانکاریو پرۆسە مێژووییییە کە بە نەتەوەخوازی دەناسرێت، وەهەربۆیە سمیس کە بۆ خۆی یەکێکە لەو کەسانەی لایەنی ئایدیۆلۆجیو پیرۆز راگرتنی نەتەوایەتی لەناوباسو تیورەکەیدا جێگا کردۆتەوە کە ئەو بۆخۆی ناوی دەنێ تیۆری(ئیسنۆ ـ سیمبۆلیك) یان(نمادگەرایی نەتەوایەتی) بۆ نەتەوەکانو لەمبارەشەوە لەکتێبەکەی دەربارەی ناسیۆنالیزم(١٩٩٢)دا دەڵێت: ئامانجم لەسەرەتاوە تا کۆتایی دوو لایەنە: بەپلەی یەکەم بریتییە لەدەست نیشانکردنی گفتوگۆ سەرەکیەکان دەربارەی نەتەوایەتیو دووەمیش، خستنە ڕووی بۆچوونی ئیسنۆ ـ سیمبۆلیکی خۆمە دەربارەی نەتەوەکان.[32]

بەپێی ئەم روانگەیە نەتەوەخوازی دەبێتە بزوتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی کە هەوڵی بە دەست هێنان یان هێشتنەوەی سەربەخۆییو یەکێتیو ناسنامەی کۆمەڵە مرۆڤێك دەدات، کە بەشێك لەو کۆمەڵە مرۆڤە نەتەوەی تەواو پێکدەهێنێ، یان لەرێگای بوونە نەتەوەدان. بۆ زیاتر سەلماندنی هەردوو لایەنی مێژووییو ئایدیۆلۆجی نەتەوەکان،





سیمیس نموونەیەکی زۆر سیمبۆلیكو بەرجەستە لە دیدگایەکی ئیدیۆلۆژیکەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسا باس دەکاتو دەڵێ: لەسەرەتای ١٧٨٩(ئابەسی) لەنامیلکەیەك بە ناوی(کام حکومەت؟) دەنووسێ: نەتەوە بوون پێش هەموو شتێکی ترەو بنچینەی هەموو بوونەکانە. ئیرادەی نەتەوە هەمیشە ڕەوایەو خودی یاساکانە... پێویستە نەتەوەکان، لەدەرەوەی کۆتو بەندە کۆمەڵایەتیەکان لەدایك بن، یان وەك دەڵێن لەباوەشی سروشتدا دروست بن. دەربڕینی ئیرادەیان ئازادو سەربەخۆیە لەهەموو شێوازەکانی دیکەی شارستانی، هەروەك بوونیان لەسیستەمە سروشتی یەکدا. بۆ ئەوەی ئیرادە یان کاریگەری تەواوی هەبێ، پێویستە تەنها کارێکتەرە سروشتییەکانی ئیرادەیان هەبێ. ویستی نەتەوە هەر شێوازێك بەخۆوە بگرێ گرنگ نییە، هێندە بەسە کە ئیرادەی هەیە، هەموو شێوازەکانی ئەو ئیرادەیەکی پەسەندو ئیرادەش بالاترین یاساکانە.[33] راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤو هاوولاتیان ئەم بابەتەی لەهەمان ساڵدا کردە ئاراستەی خۆی: سەرچاوەی هەموو دەسەلاتو حکومەتەکان لەنەتەوەدا پەیدادەبێ. هیچ مرۆڤێكو هیچ کەسێك ناتوانێ دەسەلاتێك پیادە بکات کە راستەوخۆ لەنەتەوەوە پەیدا نەبووبێ.

## نمادگەرایی نەژادی Ethno- Symbolism

بە بڕوای ئەو نمادگەرایی نەژادی یان وێناکردنی تایبەتو دڵخواز بۆ نەتەوەو نەژاد جۆرێکە لەرێبازی شیکردنەوە کە لەجێگای شیکردنەوەی فەرهەنگی یان مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی بەکاردێت، کە بەرهەمی پارادایمی نمادگەرایی یان وێناکردنی نەتەوەیە. بە پێچەوانەی پارادایمەکانی دیکە بۆ لێکۆڵینەوەو پەیدابوونی نەتەوایەتی: واتە شێوازەکانی خودگەرا Subjective ، ئەزەلی گەرا Perenialismو مۆدێرنیست بۆ نەتەوەو نەتەوایەتی، نمادگەرایی ـ نەژدایو مێژوویی پشت بە توخمە هۆشیاریو ئایدیالییەکان دەبەستێ لەپێکهاتنی نەتەوەکانو کاریگەری ناسیۆنالیزمدا. ئەم شێوەیە لەوێناکردنی

نەتەوە یان ڕێبازێك بۆ پێكهاتنی نەتەوە لەلای ئەنتۆنی سمیس هەر تایبەت نییە بە سەردەمی نەتەوایەتی مۆدێرنیتی، بەڵكو ئەو بەكاری دەهێنێ بۆ شیكردنەوەی ڕەوشی وڵاتو نەژادەكانی پێش سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەو مۆدێرنو دەڵێ: ((كۆمەڵی نەژادی نەك نەتەوە، خزمایەتی نەژادی نەك نەتەوە، نەژادگەرایی نەك ناسیۆنالیزم پەرەی بە ژیانی كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی سەردەمی كۆنو سەرەتای سەدەكانی ناوەراستی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی نزیك داوە)) [٣٤] پارادیمێكی دیكە كە ئەگەری ئەوەی هەیە كە لەشیكردنەوەو پێكهاتنی نەتەوەكاندا بەكاربێت پۆست مۆدێرنیزمە كە لەوانی تر لاوازترو لەیەك دابڕاوترەو زۆر سەختە وەكو پارادایم یان تیۆری یەك بۆ نەتەوەو نەتەوایەتی بناسرێت.[٣٥]

گەشەكردنە مێژوویەكان، گەوهەرو خودێتی نەتەوە بەرەو رووی مۆدێرنیزم واتە ئاوێتەكردنی هەردوو ڕەهەندی بابەتی Objectiveو مێژوویی لەگەل ڕەهەندی خودێتی Subjectiveو پابەندبوون بە وێناكردنی گەوهەرێكی دیاریكراو بۆ پەیداكردنو بەرهەم هێنانی بیروباوەڕو بزوتنەوەیەكی نەتەوەیی پشت بەستوو بەئایدیۆلۆژیاو هیوا گرنگەكانی نەتەوە لەسەربەخۆییو سەروەری، یەكێتی نەتەوایەتیو پابەندبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو توخمو ڕەهەندانەن كە لەتیۆرەی تایبەتی ئانتۆنی سمیس دا بەناوی نمادگەرایی نەتەوایەتی ڕەنگ دەدەنەوە. دیدگاوتیۆری سیمبۆلیزمی ـ نەژادی كە پارادایمێكی گشتگیرو فراوانی وەهایە كەلەلایەك هەموو توخمو ئاستەكانی نەتەوایەتی تێدایەو لەلایەكی دیكەش پەیوەندی نێوان رابردوو، ئێستاو ئایندەی نەتەوەكان بە یەكەوە دەبەستێ.

هەروەكو باسمان كرد ئانتۆنی سمیس دیدگاو تیۆری خۆی دەكاتە سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنو ناساندنی نەتەوایەتیو تیۆریو پارادایمەكانی دیكەی ناسیۆنالیزمو بە پێچەوانەی ئەوان(واتە پارادایمەكانی خودگەرایی، ئەزەلی گەرا، مۆدێرنیست)نمادگەرایی نەژادی ــ مێژوویی گرنگی زیاتر دەدا بە توخمە زهنییەكانی پێكهاتنی نەتەوەكانو





كاریگەری نەتەوەخوازی لەسەریان.ئەمەش بەو مانایە نییە كە پێوەرەكانی بابەتی وەكو بەڵگەنەویست تەماشا بكات یان لەئاراستەی شیكردنەوەی دووریان بخاتەوە، بەڵكو بۆ توخمە زهنیو خودییەكانی وەكو یادەوەرەی، بەها، هەستو سۆز، ئەفسانەو نمادەكان بەهای زیاتر دادەنێو هەر بەو هۆیەشەوە دەیەوێ ئەو ڕێگایانە بدۆزێتەوە كە جیهانی ناسیۆنالیزمو نەژاد دەناسێو تێیان دەگات.

ئانتۆنی سیمس بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم پارادایمو جیاكردنەوەی لەوانی دیكە باس لەنیگەرانیەكانی نمادگەرایی نەژادی لەئایندەدا دەكاتو لە سێ خاڵدا ئەو نیگەرانیانە باسدەكات كە دەبنە لایەنەكانی شیكردنەوەی خۆی بۆ ئەم تیۆرییە:

**یەكەم:** دووركەوتنەوە لەشیكردنەوەی نوخبەیی تیۆری مۆدێرنیستی، بە پێچەوانەی ئەوان نمادگەرایانی نەژادی دەیانەوێ پەیوەندی نێوان نوخبەكاریگەرەكانو توێژەكانی خوارەوەی خەڵك بەدی بهێنن، كە بێگومان ئەم پەیوەندییە تاك لایەن نییە. بە پێی ئەم تیۆرییە خەڵك دەتوانن لەڕێگای داب‌ونەریتی فەرهەنگی خۆیانەوە، یان بەهۆی وابەستەیی بە زمانی دایكەوە كاریگەرییان لەسەر ڕووناكبیرانو سەركردە سیاسیەكانو بۆرژواكان هەبێت. لەلایەكی دیكەشەوە دەتوانن لەڕێگای ڕێكخستنو دامەزراوەی خۆماڵییەوە پەیوەندداربن لەگەڵ دنیای نەتەوەو نەتەوایەتی. واتە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ئیلیتی كاریگەرو بڕیاردەر بۆ نەتەوایەتی لەو ڕێگایانەوە دەبێت كە بەشێكن لەدنیای نەژادو فەرهەنگو مێژووی هەتا ئێستایان. ئەم تیۆریو دیدگایە كە زەمینەی فراوانی جەماوەریو توانای بوونە پارادایمێكی فراوانی هەیە، دەتوانێ كاریگەربێت لەفەرهەنگی هێمادارو دیاریكراوی نەتەوە. یان دەتوانێ كاریگەربێت لەناوەرۆكی دەروونیو مایەی پرۆژەكانی فەرهەنگیو سیاسی ئیلیت.

**دووەم:** پەیوەندی بە شیكردنەوەی درێژخایەنەوە هەیە كە بریتییە لەلێكۆڵینەوەی ئاكارە فەرهەنگیو كۆمەڵایەتییەكان لەسەردەمێكی درێژدا. تەنیا بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكان لەماوەی تەمەنی چەند وەچەیەكدا یان سەدەیەكدا باسكاران دەتوانن پەی

بەپەیوەندی ئاڵۆزی رابردوو، ئێستاو ئایندەو پێگای کۆمەڵگا نەژادیو نەتەوەییەکان بەرن. ئەمەش وامان لێدەکات، لەلایەکەوە خۆمان بە دوور بگرین لەهەڵەو گومانەکانی مێژوویی شێوەیەك یان مۆدیلێك لەناسیۆنالیزمو لەقۆناغێکی دیاریکراو، فراوانتر بیر بکەینەوە لەسیاسەتو ئامانجی تیۆرێك یان پارادایمێك بۆ نەتەوایەتی. لەلایەکی دیکە هەق بدەین بە شێوەی جیاوازی ناسنامەی کەلتوری کە لەسەردەمەکانی پێشودا هەبوون. لەهەمووشی گرنگتر، بۆچوونی نمادگەرایی نەژادی سەرنجمان بەرەو ئەو رێگایانە رادەکێشێ کە رەنگە بەهۆیانەوە شێوازە کۆنەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی کاربکەنە سەر سەرهەڵدانی نەتەوەکانو لەهەمان کاتیشدا دابڕانو بەردەوام نەبوونی تۆمارە مێژووییەکان لەبەرچاو دەگرێ.

**سێهەم:** ئەوە دەگەیەنێ کە شیکردنەوەی سەرهەڵدانی نەتەوەکانو نەتەوەخوازی دەخرێتە سنووری ناسنامە فەرهەنگییە کۆمەڵایەتییەکانی رابردوو، بەتایبەتی ناسنامەی فەرهەنگی کۆمەڵگای نەژادی. بەهەرحاڵ، پەیوەندی نەتەوەکان بە کۆمەڵگا نەژادییەکانەوە، پەیوەندییەکی ئاڵۆزەو لەنێوانیاندا هێڵێکی راستی بەردەوام نییە. لەلایەکەوە، دەکرێت نەتەوەکان وەك شێوازێکی (جەماوەری، سیاسیو پابەندی خاكو فەرهەنگو مێژوو)ی تایبەتی کۆمەڵگای نەژادی سەیر بکرێن، ولەلایەکی ترەوە نەتەوەکانو کۆمەڵگای نەژادی هەردوکیان شێوازی ناسنامەی فەرهەنگی بە کۆمەڵن، کە لەوانەیە پێکەوە بژین یان ناکۆكو دژایەتی یان هەبێت، بە تایبەتی ئەگەر چەند کۆمەڵگای نەژادی پێکەوە لەچوارچێوەی سنووری کۆمەڵگای سیاسی نەتەوەیەکدا بژین. نەتەوەکانو ناسیۆنالیزم لەم پارادایمەدا دوورن لەوەی کە تەنها بە مۆدێرنیتییەوە ببەسترێن، بەڵکو بەشێکن لەناسنامەو خواستە کۆمەڵایەتی یەکانی خێزانێکی گەورەتری نەژادیو فەرهەنگی. ئەمەش رەنگە بتوانێ شرۆڤەی ئەوە بکات بۆچی زۆرجار ناسیۆنالیستەکان هەوڵی سەرلەنوێ دۆزینەوەو پەنا بردنە بەر میراتە فەرهەنگیو





سیمبۆلیەکەی ناو دانیشتوانە کۆنەکان دەدەن، ئەوانەی بەردەوام بوونی قوڵی فەرهەنگی پێکیانەوە دەبەستێ.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم دیدگایە بریتییە لەخۆشەویستیو سۆزی پابەندبوون بە کۆمەڵ. لەکاتێکدا مۆدێرنەکان ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکەن، یان ئەگەر بیشیکەن ئەوا بەشێوەیەکی گشتی باسیدەکەن. لەلای پارادایمی ئەزەلی گەرا کە پێیان وایە(نەتەوەکان بە رادەی کۆنی مێژوو کۆنن ـ والتەر باگهۆت) وەك مەسەلەیەکی گرنگ سەیر ناکەن، چونکە ئەوان وادادەنێن نەتەوەکان لەهەموو جێگایەکدا هەنو بەردەوامن. لەلای نمادگەرایی نەژادی، ئەمە پرسی سەرەکییە بۆ تێگەیشتنی نەژادیو نەتەوەخوازیو پەنادەبەنە بەر شیکردنەوەی مێژووییو کۆمەڵناسی کەباسی هۆکارەکانی پابەندبوونی بەردەوامو پڕسۆزی ئەم هەموو خەڵکە دەکات بەرامبەر کۆمەڵگای نەژادیو نەتەوەییانو ئامادەبوونیان بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیو تیرۆریزمو قوربانیدان لەپێناویاندا. [٣٦]

ناونانی ئەم پارادایمە بە سیمبۆلیزمی(نەژادی!) هەندێك نارۆشنیو گیروگرفت دروست دەکات لەگەیاندنی مانای مەبەست. چونکە، لەلایەك دەیەوێ باس لەپابەندی نێوان خەڵكو نوخبەی سیاسیو فەرهەنگی بکات بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەك کە فراونترە لەپابەندبوونی(نەژادی)، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ داهێنانی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە لەرێگای نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیزم). بۆیە دەبوایە ئەم تیۆرییە بەناوی سیمبۆلیزمی نەتەوایەتی(نمادگەرایی نەتەوەیی) ناو بنرێت نەك(نەژادی !). لەلایەکی دیکە. هەروەکو خودی(ئانتۆنی سیمس) دەڵێت پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان نەژادو نەتەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئەم تیۆرییەی پەیداکردووە، بەڵام دەبوایە تایبەتمەندییەکانی نەژاد(Ethnic)، پاشان میللەت (القوم)و دواجار نەتەوەی بەیان بکردایە لەو تیۆرییەدا، سەرئەنجام دەگەیشتە ئەو باوەڕەی کە ناوی بنایە(سیمبۆلیزمی نەتەوەیی)،

چونکە ئامانج لەوەیە کە تێپەڕبێت لەو دوو سەردەمە نەژادیو کۆمەڵایەتییە، بەرەو سەردەمی سێهەم کە مۆدێرنیزمی نەتەوەیی‌یە.

## ناسیۆنالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیا

ناساندنی نەتەوەخوازی وەکو ئایدیۆلۆژیا لەدوو هەڵوێستا کورت دەکرێتەوە، یەکەمیان بڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم یەکێکە لەئایدیۆلۆجیا سەرەکیەکان کە لەهەردوو سەدەی نۆزدەو بیست کاریگەری لەسەر کۆمەڵو نەتەوەکانی دنیا هەبووە، ئەنتۆنی سیمس لەم گروپەیەو پێی وایە کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجیایە. گروپی دووەم بڕوایان وایە کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجیا نییەو بەوە ناسراوە کە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئایدلۆجیاکانی دیکەدا، بە (هەژاری فەلسەفیو یەکنەگرتوویی)دەناسرێ، کە بەندێکت ئاندرسۆن ناسراوترین کەسی ناو ئەم گروپەیە.(مارك هاگوبیان)یەکێك لەنووسەرانی(ئینساکلۆپیدیای ناسیۆنالیزم) ئەویش بڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجیا نییە، لەبەر دووهۆکار، کە یەکەمیان ئەوەیە ناسیۆنالیزم خاوەنی میتۆدو دیدگاکانی فەلسەفی دیاریکراو نییە بەڵکو لەهەموو فەلسەفەکان سوود وەردەگرێو دووەم، لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزم لەسیاسەتو پەیڕەویشدا هەر بەو جۆرەیەو نزیکایەتی لەگەڵ هەموو پەیڕەوەکاندا هەیەو لەو پەڕی راستەوە تا ناوەندو لیبراڵو هەتا ئەو پەڕی چەپگەراکان پەیوەندیو کاریگەرییان لەگەڵ ناسیۆنالیزم هەیە.(٣٧)

سەرەتا چاکتر وایە کە دیدگاکانی سمیس سەبارەت بە ئایدیۆلۆجیا بوونی ناسیۆنالیزم بەیان بکەینو پاشان دیدگای ئەوانەی کە بڕوایان وایە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجیا نییەو بەهانەکانیشیان دەخەینە ڕوو. بەو بۆنەیەوە ئانتۆنی سمیس دەڵێت:

((زۆرجار دەوترێ نەتەوەخوازی نەك تەنها خاوەنی باوەڕێك نییە، بەڵکو خاوەنی ئایدیۆلۆژیەکی وانییە کە شایانی باس بێتو تەنیا بریتییە لەکۆمەڵێك بەهای سەرەتاییو بە شێوەیەکی بریسکەدار بانگەوازی بۆ دەکرێ. لەلایەکی ترەوە پێمان دەڵێن





شێوەکانی ناسیۆنالیزم هێندە زۆرن کە ناکرێ ئایدیۆلۆجیەکی یەکگرتووی گشتی لەو هەموو شێوانەی نەتەوایەتی دروست بکرێت. ئەم قسانە بە لایەنی کەمەوە نیوە راستن. رەنگە نەتەوەخوازی بە هەژاریو یەکنەگرتوویی فەلسەفی بناسرێ، بەڵام نەتەوەخوازی لەوە زیاترە کە تەنها بریتی بێت لەبەهاو بانگەشە)) (٣٨)

ئایدۆلۆجی‌یە نەتەوەخوازەکان(نەك تەنها یەك جۆرو مۆدیلی دیاریکراو)خاوەنی ئامانجی دیاریکراوی حوکمی خۆکردنی بە کۆمەڵو یەك خستنەوەی خاكو ناسنامەی فەرهەنگیو زۆرجاریش بەرنامەی رۆشنی سیاسیو کلتورین بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە. لەکاتێکدا زۆر شێوەو جۆری جیاوازی ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی لەلای نەتەوەکان پەیدابوون، وەکو: ئایین، علمانی، کۆنە پارێز، رادیکالو سۆسیالیستی، لیبراڵ، ئیمپریالیو سەربەخۆییو جوداخواز، بەڵام هەموویان لەتوخمە سەرەکیەکاندا هاوبەشنو بە نیشانەیەکی چوون یەك مۆرکراون، کە ئەویش هەوڵدانە لەپێناوی نەتەوەدا. توخمە هاوبەشەکانی، کە نەتەوەخوازی لەبزوتنەوەو ئایدیۆلۆجیەکانی دیکە جیادەکاتەوە، هەرچەندە کەمن، بەڵام یەکجار زۆر کاریگەرنو دەشێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١ـ جیهان بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بووە کە هەریەکەیان خاوەنی کەسایەتیو چارەنووسو مێژووی خۆیەتی.

٢ـ نەتەوە تەنها سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسییە.

٣ـ دڵسۆزی نەتەوە لەسەروو هەموو دڵسۆزیەکی دیکەوەیە.

٤ـ بۆ ئەوەی سەربەستو سەربەخۆبن، هەموو کەسێك دەبێ سەر بە نەتەوەیەك بێت.

٥ـ هەموو نەتەوەیەك پێویستە خاوەنی مافی بڕیاردانی چارەنووسو سەربەخۆیی بێت.

٦ـ ئاشتیو دادپەروەری جیهانی، خوازیاری هەبوونی سیستەمێکە کە تیایدا نەتەوەکان سەبەرست بن. (٣٩)

کۆمەڵەی دووەم کە ناسیۆنالیزم بە ئایدیۆلۆژیا نازانن، لەوتارەکەی مارك هاگوبیان سەبارەت بە(ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیسم) بیروبڕواکانیان زۆر بە ڕۆشنی دەرئەخەن، کە من هێڵە سەرەکیەکانی ئەم هەڵوێستە وەکو خۆی دەخەمەڕوو:

یەکەم، دوو پرسی سەرەکی پەیوەندییان بە ئایدیۆلۆژیاوە هەیە: ١ـ توخمە پێکهێنەرەکانی ئایدیۆلۆژیا کامانەنو ٢ـ ئایدۆلۆژی چ نەخشێکی لەسیاسەتو مێژوودا دیاریکردووە؟ لێکۆڵینەوە لەم دوو پرسە پێشەکییەکی پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجییە یان نا. ئەگەر ئەوە بزانین کە ئایدیۆلۆجی سیستەمێکە لەهەندێك بیروباوەڕی سیاسی کە پەیوەندارە بە هەندێك پرانسیپی فەلسەفی دیاریکراو، نیازمەندی ئامانجو بەرنامەی تایبەتە بۆ ئایندەی سیاسیو سەرئەنجام بەهرەدارە لەهونەری راگەیاندنو پرۆپاگەندی تایبەت بۆ هاندانو بزاڤی مەبەست بۆ هێنانەدی بەرنامەو ئامانجەکان.

لایەنگرانی ئەم دیدگایە تەنها لەو خاڵەدا راست دەکەن کە ئایدیۆلۆجیا نەبوونی ناسیۆنالیزم دەسەلێنێ ئەویش ئەوەیە، کە ناسیۆنالیزم بەهرەمەند نییە لەپرانسیپی فەلسەفی دیاریکراو، بەڵکو سوود لەهەموو فەلسەفەو بیرو باوەڕەکان وەردەگرێت. بەڵام هەردوو بەهانەی دووەمو سێیەم، واتە ئامانجو بەرنامەی سیاسی تایبەت بۆ ئایندەو هۆکارو هونەری راگەیاندنو پرۆپاگەندە، کە ناسیۆنالیزم هەم بەهرەمەندو هەم تایبەتکارە تیایدا بەڵگەی بەهێزی ئەوەیە کەناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆجیایە. هەرچۆنێك بێت ئەو بەڵگەیە زۆر بەهێزە بۆ ئایدیۆلۆجیا نەبوونی ناسیۆنالیزم، کە نەتەوایەتی خاوەنی دیدگاو پرانسیپی تایبەتی ئایدیۆلۆجیا نییە، ئایدیۆلۆجیا سیاسییەکان پرانسیپی گشتی فەلسەفی تایبەتیان هەیەو ئەو پرانسیپانە لەواندا جێگیرو نەمرن، ئەگەرچی هەندێك جار بە ئاشکراو هەندێك جار بە نارۆشنی پابەندن بەوانەوە. ئەگەر هەردوو ئایدیۆلۆجیای لیبرالیزمو مارکسیزم لەو سەرەتا فەلسەفیانەدا بخەینەڕوو، پاش رۆشنکردنەوەیان بە راستی بۆمان دەرئەکەوێت کە لەو زەمینەیەدا ناسیۆنالیزم





ئایدیۆلۆجیا نییە، چونکە وەکو هیچیان بەهرەمەندو جێگیر نییە لەسەر ئەو میتۆدە فەلسەفیانە. لیبرالیزم لەماوەی سێ سەدەی تەمەنی خۆیدا پرانسیپو بیروباوەڕە سەرەکیەکانی تا ئێستاش وەکو خۆیان ماوەتەوە ئەگەرچی چەند رەوتی جیاواز لەو فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیایەدا هەبوون. تاکباوەڕی، دەوڵەتی سنووردارو هەڵبژێردراو، گەشەی مێژوویيو ریفۆرم، جیایی دین لەدەوڵەتو یەکسانی هەلی کارو ژیانو دەسەڵاتی دەستوورو یاسا، کە لەبنەما فەلسەفیەکانی عەقڵانیەتی کلاسیك، ئەزموونگەرایی(پراگماتیزم) جۆن لۆكوهۆبز، گومان باوەڕی هیۆم، ئایدیالیزمی هیگلی یان کانتی، داروینیزمو هەڵبژاردنی سروشتی، رەسەنایەتی کارو پۆزەتیفیزمی مەنتقیو فەلسەفی زمانی ئاسایی، وەرگیراونو لەوانەوە ئیلهام وەردەگرن.

بەڵام مارکسیزمی کلاسیك لەسەر پایەکانی ماتریالیزم، کفرو ئیلحاد، ئەزموون گەرایی، جەبرگەراییو حەتمیەت، گشتی ڕوانین، گەشە بەرەو پێش و دیالەتێك دامەزراوەو تائێستاش هەر بەو جۆرەن. لەدوای ناسینی ئەم پەیڕەوو بنەما فەلسەفیانە لەلای ئایدیۆلۆژیاکانو بەهرەمەند نەبوونو پابەند نەبوونی بەردەوامی ناسیۆنالیزم بە هیچ کام لەوانەوە، بەڵگەی بەهێزە بۆ دووریی نێوان ئایدیۆلۆجیاو ناسیۆنالیزم، کە بێگومان ئەمە بەو مانایە نابێت کە ناسیۆنالیزم هیچ پەیوەندیو نزیکایەتی لەگەڵ ئەو بنەما فەلسەفیانەدا نییە، بەڵام سەرەڕای سوود وەرگرتنی لەو بنەمایانە تاسەر بە هیچیانەوە پابەند نییە. ناسیۆنالیزم لەهەموو یان زیاتر لەپراگماتیزم نزیکترە.

<u>دووەم</u>، ناسیۆنالیزم لەتەواوی جیهانو بزاڤە سیاسیەکاندا هەڵوێستی سیاسیو فەلسەفیو چینایەتی تایبەتی نەبووە، بەڵکو نەتەوەخوازەکان لەناو هەموو بزووتنەوەکانی راستو چەپو میانڕەودا هەبوون، یان بزاڤە نەتەوایەتییەکان شێوەکانی راستو چەپو میانڕەویان بەخۆوەگرتووە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ناسیۆنالیزم شتێکی گشتی ترو نارۆشن ترە لەئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی. بە دەربڕینێکی رۆشنتر ناسیۆنالیزم سەرهەڵدانی ئەندێشەو کارەکە دەخوازێ هەستو ویستی خەڵکی

لەواقیعیەتی نەتەوەبووندا بسازێنێ، ئەو هەستەی کە پێی دەوترێ نەتەوە پەرستی یان نەتەوەیی بوون. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیستی ئامانجی دڵخوازی(نەتەوەسازی)لەسەرشانە، کە ئەم کارە پێویستی بەهێنانەدی هەستی گشتی نەتەوەیی بوونە لەنێوان گروپەکانی میللەت، خێڵ، ئایینو ناوچەو زمانەکاندا کە تا ئەوکاتە نەیانتوانیوە ناسنامەو یەکێتی نەتەوەیی بە دەست بهێنن.

سێیەم، کاریگەری تەواوی ئایدیۆلۆجیاکانی(لیبرالیزم، مارکسیزم، کۆنەپارێز، ئایین، عیلمانی)، نەك تەنها یەك ئایدیۆلۆجیای دیاریکراو یەکێکە لەبەڵگە بەهێزەکانی لایەنگرانی ئەم دیدگایە، کە ناسیۆنالیزم هیچ هەڵوێستێکی دیاریکراوی تایبەتو پەیگیری نییە سەبارەت بە ئایدیۆلۆجیاکان. پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو ئایدیۆلۆجیا سیاسیە ناسراوەکانی دنیا، نە یەکێتیەو نەدژایەتی، بەڵکو لەگەڵ هەموویانو لەڕوانگەی سوودو رەوشو هەلومەرجی تایبەتی خۆیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات لەسنوری چەمکی(پەیوەندیو کاریگەری) نەك(یەکێتی یان دژایەتی). بۆ ئەم مەبەستە( ئەریك هۆبزباوم) لەکتێبە ناودارەکەیدا بەناوی(نەتەوەو نەتەوایەتی) لەساڵی ١٩٩٠دا دەڵێت. ((نەتەوەخوازی لەزۆربەی تەمەنی سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ بزاڤە رادیکالو لیبرالەکاندا کە بەرهەمی شۆڕشی فەرەنسا بوون وەکو یەك تەماشا دەکران. بەڵام لەهەموو جێگاو وڵاتاندا هەمان رەنگی سیاسی نەبووە، لەنێوان ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان نەبووە، هەندێك پەیوەندی بە باڵی راستو هەندێکی دیکە بەباڵی چەپو هەندێکی سێهەمیش گرنگیان بەچەپ بوونو راست بوون نەداوەو لەسەر پایەی نەتەوەیی بوون خۆیان سازداوە. ئەگەرچی نەتەوەخوازی ئامانجی سیاسیو تایبەتی خۆی هەیەو بەشێکە لەسیاسەتی جیهانی، بەڵام نابێت وا بڕوانین کەنەتەوەخوازەکان هاوئاهەنگیو گرنگی بە ئامانجو سیاسەتەکانی دیکە نادەن)) [٤٠]

چوارەم، کاریگەری ناسیۆنالیزم لەسەر تەواوی سیاسەتو ئایدیۆلۆجیا سیاسیەکانی دیکە، نەك تەنها لەوتارو پەیڕەوی سیاسیدا بەڵکو لەدیاریکردنی چارەنووسو





وەرچەرخانی سیاسیدا لەو بزاڤو ئایدیۆلۆجیانەدا پەیوەندارو کاریگەر بووە. لەهەمووشیان کاریگەرتر ئەوەیە، کە پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو ئەنترناسیۆنالیزمی مارکسیتیە کە بۆخۆی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیایەکی نا نەتەوەییەو لەهەندێك کاتدا تەواو دژی نەتەوەخوازیش بووە،وەکو هەڵوێستی(ئەنگلز، روزالوکسمبۆگ، ترۆتسکی). بەلام هەموو بزاڤەکانی سۆسیالیستی لەو پەڕی رۆژهەڵات(چین) تا ئەو پەڕی رۆژئاوای ئەوروپا کاریگەری ناسیۆنالیستیو چارەنووسی نەتەوەیی بوونیان لەسەرە، ئەم بەڵگەیە زۆر بەهێزە لەسەر پابەند نەبوونی ناسیۆنالیزم بە نزیکایەتی توندڕەو یان دژایەتی پەیگیر لەگەڵ هیچکام لەو ئایدیۆلۆجیانە، کە لەهەمان کاتدا بەڵگەیە بۆ کرانەوەی ناسیۆنالیزم بە ڕووی هەموو ئەوانی دیکەدا.[٤١]

### ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیتی لەلای سمیس

لایەنێکی دیکەی گرنگی دانی سمیس بە پرسی نەتەوایەتیو وێناکردنی شێوەیەك بۆ زیاتر تێگەیشتن لەرەوەندی پەیدابوونی ئەم دیاردە جیهانیو مرۆڤایەتییە، گرنگی دانە بە تیۆرو پارادایمەکانی ناسیۆنالیزم، کە ئەویش نەك تەنها وەکو پیشاندانی ئەو میتۆدو تیۆری یانە بۆ بەیانکردنی ڕوانگە مێژووییو فکریو فەلسەفییەکان، بەڵکو خستنە ڕوویان بەو شێوەیەی کە ئەم میتۆدانە دەبنە تیۆریو پاشان دەبنە پارادایمێکی فراوانتر بۆ نەتەوایەتی ئەوە نیشان دەدەن کە زەمینەی بابەتیو گشتی یان هەیە لەرەوتی پەیدابوونو گۆڕانکاریو بەردەوامی ئەو دیاردەیەی کە بە ناسیۆنالیزم ناسراوە. بەڵام سەرەتا ئەو بە ماناکانی نەتەوەخوازی دەست پێدەکات، کە دیسان ئەو مانایانەش دەبنە پەیوەندییەك لەنێوان تیۆرەکانو ڕووداوەو گۆڕانکارییە راستەقینەکانی ناو دنیای ناسیۆنالیزمو هەربۆیە دەڵێت: لەراستیدا تەنها لەماوەی سەدەی رابردوودا ناسیۆنالیزم ئەو کۆمەڵە مانایانەیوەرگرت کە ئێمە ئەمڕۆ دەیانزانین، گرنگترین ئەو مانایانەش ئەمانەن:

١ـ پرۆسەی پێکهاتن یان گەشەکردنی نەتەوە.

٢ـ بەها، یان هۆشیاری سەر بە نەتەوەبوون.

٣ـ زمانو سیمبۆلیزمی نەتەوە

٤ـ بزوتنەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەبری نەتەوە

٥ـ باوەڕ یان ئایدیۆلۆجی نەتەوە لەهەردوو باری گشتیو تایبەتیدا.

خاڵی دەست پێکردنی سمیس بۆ گرنگی دان بە تیۆریو پارادایمەکانی نەتەوایەتی هەر هەمان ئەو مۆدێرنیزمەیە، کە زۆربەی بیریارانو لێکۆڵیاران گرنگی یان پێداوە، کە لەلای سمیس دەبێتە لایەنی سێهەم بۆ تەواوکردنی روانگەی خۆی بۆ ناسیۆنالیزمو دەڵێ: ئەمڕۆ مۆدێرنیزم گەشەی دەسەڵاتداری ناو زانینو لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزم نیشان دەدات. لەلای زۆربەی بیریاران مۆدێرن بوونی نەتەوەکان، دەوڵەتی نەتەوەو ناسیۆنالیزم بە ئاسانی پەسەند دەکرێت. بەڵام تیۆریو دیدگای ئەو پەیوەندییەکە لەنێوان مۆدێرنیتیو پارادایمەکانی ناو مۆدێرنیتی لەلایەکەوە لەگەڵ پارادایمەکانی دیکەی پێش مۆدێرنیتی لەلایەکی دیکەوەو بە پارادایمی (نمادگەرایی نەتەوەیی) دەیناسێنێ. ئەم هەڵوێستەش دژایەتیو ناکۆکی نییە لەگەڵ مۆدێرن سازی نەتەوەکاندا، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنی فراوانتر بۆ نەتەوایەتیو هەربۆیەش دەڵێ: نەتەوە نە دەوڵەتە بە تەنهاو نە کۆمەڵگای نەژادییە، بڕوای ئەو دەبێتە پەیوەندی نێوان هەردوو رەوشی مۆدێرنیتی نەتەوە (دەوڵەت)و هەلومەرجی پێش مۆدێرنیتی (نەژادو فەرهەنگ)و ئەم روانگەیە یان لەراستیدا پارادایمە بەشێکی زۆر لەراستی تێدایە.

بۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی دیدگاو پارادایمی مۆدێرنیتی بۆ نەتەوەکان، سمیس ئەم دوو پرسیارە دەخاتەڕوو، تایبەتمەندییە پێویستو سەپێنراوەکانی مۆدێرن بوونی دیاردەی نەتەوایەتی کامانەن؟ گرنگترین هەلومەرجەکان کە سەرهەڵدانی نەتەوەکان، دەوڵەتی نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی رەخساند کامانەن؟ لەوەڵامە جیاوازەکانی ئەم پرسیارانەدا،





شێوە جیاوازەکانی مۆدێرنیزم سەرهەڵدەدەنو من بە کورتی ئەوان لەپارادایمی گشتی مۆدێرنیزمی نەتەواییدا دەخەمەڕوو.

تەنها ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن نین، بەڵکو نەتەوەکان، ناسنامەکانی نەتەوەییو تەواوی کۆمەڵگای جیهانی مۆدێرنن. تەواوی ئەمانەو لەناویشیاندا مۆدێرنیزم نەك تەنها لەبارەی سەردەمو مێژوودا بەڵکو لەباری چۆنیایەتیشدا هەم تازەو هەم داهێنراون. شۆڕشی فەرەنسانەتەنها ئایدیۆلۆژییەکی نوێ، بەڵکو شێوەی تازەی لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ناسنامەی گشتی، شێوەی تازەی حکومەت داریو سەرئەنجام شێوەی نوێی لەسیستەمی دەروونی وڵاتەکانیشدا هێنایە ئاراو لەپەیوەست بوونو پەیوەندی ناوخۆیی نێوان ئەم دیاردانەدا توانی سیستەمو رێکخستنی جیهانیو داهێنراوی مۆدێرنیتی بکاتە رەوشی گشتی. بۆیە بەخۆڕایی نییە کە دەوترێ ئەم دیاردانە بەهەمان ئەندازە هەلومەرجو تایبەتمەندییەکی مۆدێرنیتی لەخۆیاندا رەنگ دەدەنەوە.

شێوەکانی ناو پارادایمی مۆدێرنیتی بۆ شیکردنەوەی ناسیۆنالیزم ئەمانەی خوارەوەن، کە بێگومان ئەو شێوازانە لەمۆدێرنیتی هەموو ئەو لایانانە باسدەکەن، یان هەریەك لەوان بەتواناى خۆی لایەنێك یان چەند لایەنێکی مۆدێرنیتی لەخۆیاندا هەڵدەگرن:

١ـ کۆمەڵناسی ـ ئابووری: لەم پارادایمەدا، ناسیۆنالیزمو نەتەوە لەهۆکاری کۆمەڵایەتیو ئابووری نوێی وەکو بنەماکانی سەرمایەداری پیشەسازی، نا یەکسانی نێوان ناوچەکانو ناکۆکی چینایەتی پەیدا دەبن. بە پێی تیۆرەکانی (تۆم نارینو مایکل هشتر) بیروباوەڕو هەستە نەتەوایەتیەکان بە تایبەتی لەمەحروم بوونی رێژەیی نێوان ناوچەکانی ناو دەوڵەتی مۆدێرن یان لەنێوان چینەکاندا پەیدا دەبن، یان لەنێوان ناوچەکانی تازە پەرەئەستێنێ کەنارو پەراوێزەکان لەگەڵ ناوەندی پێشکەوتوو، یان لەنێوان دەسەڵاتەکانو خەڵکانی بیدەسەڵاتدا.

٢ـ فەرهەنگی - کۆمەڵایەتی: بە پێی تیۆری ئەرنست گیلنەر، ناسیۆنالیزمو نەتەوەکان لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو دیاردە پێویستانەن کە لەسەردەمی پیشەسازیو مۆدێرندا لەدایك دەبنو لەقۆناغی بەرەو مۆدێرنیزاسیۆندا سەر هەڵدەدەن. نەتەوەکان، ئەو زاراوە گشتیو پەیوەندارانەن بە(فەرهەنگی باڵا) یان فەرهەنگی دڵخوازی چینی خوێندەوارو پێگەیشتوو کە لەلایەن پسپۆڕانو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی گشتی، بە زۆر وستانداردەوە پشتیوانی لێدەکرێت. لەگەڵ پەروەردەو فێرکردنی هێزی کاری گشتیو ئامادەکراو. نەتەوەکان لەلایەن خۆیانەوە پشتیوانی لە(پیشەسازی کردن) دەکەنو دەسەڵاتی ئابوریو پیشەسازیش نەتەوە بەهێزو دەسەڵاتدار دەکات.

٣ـ پارادایمی سیاسی: لەم چەمکەدا، نەتەوەکانو ناسیۆنالیزم لەدەرونی - یان لە رێگای - دەوڵەتی جێگیری مۆدێرن بە شێوەی راستەوخۆ یان لەنەیاریو دژایەتی دەوڵەتە ئیمپریالییەکاندا سەرهەڵدەن. لەروانگەی تیۆرسازانی وەکو(جان برویلی، ئەنتۆنی گیدنزو مایکل مان) دەوڵەتی مۆدێرن نەك تەنها باشترین ئایندەو دوورنمای ناسیۆنالیزمە، بەڵکو پەیوەندی بە کۆمەڵگاشەوە ئەوە دەرئەخات کە ناسیۆنالیزمی تێکۆشەر بۆ سەربەخۆییو سەروەری هەر ئەو دەوڵەتەیە.

٤ـ ئایدیۆلۆژیك: لەم چەمکەدا، ئاراستەو گرنگی دان بەرەو ئەوروپا دەبێت کە سەرچاوەی جۆرێکە لەئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی کە دەسەڵاتەکەی شێوەیەکە لەئایینو توانی رۆڵی بەرجەستە ببینێ لەنەمانو هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریاکانو سەرهەڵدانی نەتەوەکان. (ئیلی کدۆری) ئایدیۆلۆجیە ناسیۆنالیستییەکان بە کاریگەری سەردەمی رۆشنگەریو بیروڕای کانت سەبارەت بە حوکمی خۆکردنو ئامۆژگاری مەسیحی سەدەکانی ناوەراستو کاریگەری بەسەر نەتەوەکاندا باسدەکات. ئەمەش ئەو کاتە روو دەدات کە رووناکبیرێکی نارازی ئەم بیروباوڕانە لەگەڵ نەریتو فەرهەنگو مێژووی خۆیدا دەسازێنێ.





بەڵام ئانتۆنی سمیس تا رادەیەکی زۆر رۆشنتر دیگای ئایدیۆلۆژیکی نەتەوەخوازی باسدەکات کە دەڵێ: ناسیۆنالیزم بزاڤێکی ئایدیۆلۆژیە کە هەوڵ بۆ بەدەست هێنانو هێشتنەوەی حوکمی خۆکردنو ناسنامەی نەتەوەییو یەکێتی نەتەوەیی دەدات، کە ئەندامەکانی لەنەتەوەی راستەقینەی تەواو پێکدەهێنێ یان لەرێگای نەتەوەیی بووندان.

٥ـ بونیادگەرایی: ئەم پارادایمە تا رادەیەك شێوەیەکی جیاوازە لەمۆدێرنیزم کە بە بڕوای ئەوان نەتەوەکانو ناسیۆنالیزم بە تەواوی بە دیاردەیەکی مۆدێرن دەزانن، بەڵام گرنگیو دڵنیایی دەدەن بە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵایەتی. بە پێی تیۆری(ئەریك هۆبزباوم) نەتەوەکان قەرزاری ئەو نەریتە داهێنراوانەن کە بەرهەمی رێگا چارەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی یەکانن کە لەپێناوی هێنانەدی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا لەرێگای کەنالیزەکردنی وزەی جەماوەری ئازادی خەڵکانەوە پەیدادەکرێت. لەلایەکی دیکەش(بەندێکت ئاندرسۆن) نەتەوە بە کۆمەڵگایەکی سیاسیو وێناکراو دەزانێ کە بەهۆی سەرهەڵدانی ئایینی مەدەنیو دەسەڵات خوازان هەلومەرجی چەمکەکانی سەردەمو سەرمایەداری دەکەنە زەمینەیەك بۆ گەشەی نەتەوەکان لەسەردەمێکی دیاریکراودا.

سەرەڕای جیاوازیەکان کە لەنێوان شێوە جیاوازەکانی پارادایمەکانی مۆدێرنیتی دا هەیە، هەموویان بە کورتی لەشتێکدا هاوبەشن، کە ئەویش ئەوەیە کە بتوانین بە مۆدێرنیزمی بونیادی ناوی بنێن. مۆدێرنیزم تەنها روانگەی سادەی پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیتی نییە، بەڵکو باوەڕێکی میراتیو نەتەوەییە سەبارەت بە سروشتی مۆدێرنیتەو جگە لەمەش شتێکی دیکە نییە. ئەم دیدگایە مۆدێرنیتی بە چوارچێوەی نەتەوەکانو بزاڤو ئایدیۆلۆجیە ناسیۆنالیستی یەکان لەخۆی دەگرێ[٤٢].

### ئەریك هۆبسباوم: مێژوونووس و تیۆرسازی نەتەوایەتی

ئەریك هۆبسباوم(١٩١٧ ــ ) ئەندامی ئەکادیمیای زانستی بەریتانیاو خاوەنی چەند دکتۆرای شەرەف لەزانکۆ شایستەکانی جیهانو مامۆستای New School for Research لەنیۆیۆرك، لەپێشەکی کتێبی سەردەمی ئیمپیراتۆریدا، کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی ئەم باسە، دەڵێت: هەرچەندە ئەم کتێبە لەلایەن مێژوونووسەوە نوسراوە، بەڵام تەنها بۆ کەسانی پسپۆرو خوێندکارانی زانکۆ نەنووسراوە، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەش نووسراوە کە دەیانەوێ جیهان بناسنو بڕوایان بەوەیە کە مێژوو دەتوانێ ئەم ڕێگایە بەوان نیشان بدات. دروست ئەم دیدگایە، هەمان دیدگای خۆشیەتی بۆ ناسینو تێگەیشتنی جیهان لەرێگای مێژووی رابردوو. هۆبساوم کە مێژووناسو بیریارێکی دیارو بەرجەستەیە لەجیهان، خاوەنی چەند کتێبی شایستەیە لەو بوارەدا کە ئەمانەن،(سەردەمی شۆڕش ١٧٨٩ــ ١٨٤٨)، (سەردەمی سەرمایە ١٨٤٨ــ ١٨٧٥)، (سەردەمی ئیمپراتۆری ١٨٧٥ــ ١٩١٤)، (سەردەمی توندڕەوی (١٩١٤ــ ١٩٩١)و(نەتەوەو نەتەوایەتی)، کە ئەم دواهەمین کتێبە دەبێتە میتۆدو دیدگای تیۆریو مێژوویی ئەو سەبارەت بەناسیۆنالیزم.

بۆ ئەوەی باشتر بتوانم دیدگای مێژووییو میتۆدی تیۆری هۆبسباوم سەبارەت بە نەتەوەو نەتەوایەتی بخەمەڕوو، دەبێت ئەو تێ ڕوانینانە بە خاڵ بەیان بکەم، کە سەرەتا لەروانگەی مێژوویی ئەو بۆناسیۆنالیزم دەست پێدەکەم.

### روانگەی مێژوویی بۆ ناسیۆنالیزم

ناسینو تێگەیشتنی ئەم دوو سەدەیەی دوایی(نۆزدەو بیست) لەمێژووی مرۆڤایەتیدانیشتوانی جیهان، کارێکی ئاسان نییە بەبێ تێگەیشتن لەزاراوەی(نەتەوایەتی)و گۆڕانکارییەکانی ئەو دیاردەیە. ئەم زاراوەو دیاردەیە بایەخو گرنگی وەهای هەیە کە کاریگەری فراوانی لەکاروباری مرۆڤایەتیدا داناوە. بەم چەند





دێرە هۆبسباوم سەرەتای کتێبی(نەتەوەو نەتەوایەتی، لەندەن ١٩٩٠) دەست پێدەکاتو ئەم دیدگایە دەکاتە سەرەتایەك بۆ بایەخو گرنگی نەتەوایەتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، کەمن دەمەوێ ئەو دیدگاو کارگەرییە مێژووییەیە لەم خاڵانەدا رۆشنتر بخەمە ڕوو:

١ـ پەیدابوونو گەشەکردنی دیاردەی نەتەوایەتی، وەکو پێکهێنانی پارتەکانی چینی کرێکار یەکێکە لەپەیامەکانی(خەڵك سالاری ژیانی سیاسی). ئەم دیاردەیە هەرچەندە زۆر تازە نییە، بەڵام ئاراستەیەکی بەرچاوی هەیەو ناوەرۆکی سیاسیو ئایدیۆلۆژی ئەم سیاسەتو ئایدیۆلۆژیایە ئاڵۆگۆڕی قووڵی پەیداکردووە. ئاڵۆگۆڕی زاراوەکانی نەتەوەو نەتەوایەتی بە تەنها ئەوە نیشان دەدەن کە بایەخی ئەم ئاڵۆگۆڕە چەند گرنگو کاریگەرە. زاراوەی(نەتەوایەتی) لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ ناونانی گروپو کۆمەڵە ئایدیۆلۆژیەکانی باڵی راست لەفەرەنساو ئیتالیا بەکار دەهات، ئەو گروپانەی کە دەیانویست ئاڵای نەتەوایەتی لەدژی بێگانەکانو لیبرالو سۆسیالیستەکان بڵند بکەن کە پاشان سیاسەتی هێرشبەرانەی پاوان خوازیو فراوان خوازیان کردە تایبەتمەندی سەرەکی خۆیان. لەم سەردەمەدا بوو کە لەئاڵمان سرودی(ئاڵمان بالاتر لەهەموان) جێگای سروودەکانی دیکەی ئەڵمانیای گرتەوە.

هەربەم بۆنەیەوە(ئالفردو رۆکۆ) لەساڵی ١٩١٤دا دەڵێت: ناسیۆنالیزم .... هێرش بۆ دیموکراسی دەبات، ناکۆکی لەگەڵ رۆحانیەکاندا تێدەشکێنێ، لەگەڵ سۆسیالیزمدا دەجەنگێو شمشێری خۆی لەبەرامبەر ئاشتی خوازی، مرۆڤدۆستیو نێونەتەوایەتیدا پیشان دەداتو بانگەوازی کۆتایی لیبرالیزم رادەگەیەنێ. [٤٣]

نەتەوایەتی لەبەشێك لەسەدەی نۆزدە لەگەڵ بزاڤەکانی رادیکالو لیبرالی سەر بە شۆڕشی فەرانسە بە یەك دادەنران. بەڵام وێرای ئەمانەش ناسیۆنالیزم لەهەموو جێگایەك رەنگی سیاسی تایبەتی نەبوو. لەناو ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت نەبوون، هەندێك سەر بە باڵی راستو هەندێکی دیکە پەیڕەوی باڵی چەپ بوون. هەندێکی دیکە هیچ گرنگی یان بەم دابەش بوونە سیاسیە نەدەداو لەسەرپایەی نەتەوەیی بوون سازماندەیی

یان کردبوو. بزوتنەوەکانی نەتەوایەتی لەهەموو جێگایەك ئاواتی رزگاربوونی نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی یان هەبوو، واتە ئەوان پەیوەنداربوون بە ئامانج‌و ئاراستەکانی دیکەی سیاسەت‌و کۆمەڵایەتی جگە لەنەتەوایەتی.

بەم شێوەیە، نەتەوایەتی لەهەموو ناوچەو وڵاتان دەبوونە هێزی سیاسی دیارو بەرچاو، ولەزەمینەی سیاسەتدا کاریان دەکرد. ئەم دیاردەیە، کە بووە دیاردەیەکی گرنگ‌و کاریگەری مۆدێرنیتی لایەنی نەتەوەپەرستی‌و نیشتمان پەروەری بەخۆوە دەبینی‌و خواستەکانی نەتەوەو نەتەوایەتی کردبووە یەکێك لەو دروشمە کاریگەرانەی کە هەتا دەهات هێزی سیاسی‌و جەماوەری‌و ئیدیۆلۆژیکی فراوانی پەیدا دەکرد. بەڵام لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە نەتەوایەتی وەکو هێزێکی سیاسی هەڵگری کۆمەڵێك ئاڵۆگۆڕی قووڵ بوو کە پەیامەکانی لەسەدەی بیستەمدا دەرکەوتن.

٢ـ ئاڵوگۆڕەکانی نەتەوایەتی‌و کاریگەری ئەم دیاردەیە لەسەدەی بیستەمدا گەیشتە لووتکەو لەلایەن هەموو بیروباوەڕەکانی(لیبرالیزم، سۆسیالیزم، راستڕەوی، نەژادپەرستی) کرایە زەمینەیەك بۆ سیاسەتی دەوڵەت‌و دامەزراندن‌و گەشەپێدانی دەوڵەتی مۆدێرن. توندڕەوترین رەوتی دەوڵەتی دیاردەی نەتەوایەتی‌و هێرشی دەوڵەتان بەهۆی نەتەوایەتیەوە، لەئیمپریالیزمی سەدەی بیستەم‌و فاشیزمی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بەرچاو دەکەوێ. پەیوەندی نەتەوایەتی بەسیاسەت‌و رەوشی دەوڵەتانەوە، هەر سنووردار نەبوو بەو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەت بوون، بەڵکو لەنەتەوەکانی بێ دەوڵەتدا کرایە ئامانجی سەرەکی. هەربۆیە ئەریك هۆبسباوم بەشی تایبەت بە نەتەوایەتی لەکتێبی(سەردەمی ئیمپراتۆریا ١٨٧٥ـ ١٩١٤) ناو دەنێت: مەرگ لەپێناوی نیشتماندا. ناوەڕۆکی سیاسەت‌و پەیڕەوی نەتەوایەتی لەم سەردەمەدا(سەدەی بیستەم)، لەلای هۆبسباوم لەم لایەنانەی خوارەوە دا کورت‌و کۆدەبێتەوە.

ئەلف ـ بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان‌و پێکهێنانی دەوڵەتی سەروەرو سەربەخۆ، تەنها بۆ ئەو نەتەوانە راست نەبوو کە توانا‌و شایستەیی ئابووری،





سیاسی‌و فەرهەنگی خۆیان سەلماندووە، بەڵکو دەربارەی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەش راست بوو کە خۆیان وەکو(نەتەوە) دەناساند.

ب ـ خواست‌و پەیڕەوی هەرچی زیاتر بەرەو ئەو بیروباوەڕە بوو کە هیچ شێوەیەك لەسەربەخۆیی ناتوانێت هیوای(رزگاری نەتەوەیی) بەدی بهێنێ، جگە لەدەوڵەتی تەواو سەربەخۆ.

ج ـ سەرئەنجام ئەوەی کە زۆر سەرنج راکێش‌و نوێ دەهاتە بەرچاولەم سەردەمەدا، ئەوەبوو کە نەتەوایەتی‌و نەتەوە رۆژ بەرۆژ زیاتر وەکو حاڵەتی نەژادو هاوبەش بوونی فەرهەنگ‌و بەتایبەتی(زمان)دەناسێنراو ئەوەیان فەرامۆش دەکرد کە ئەم بۆچوونە پەیوەست بوو بە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، هەروەکو لەبەشێك لەم باسەدا ئاماژەمان پێداوە.

د ـ چوون یەك ناسین‌و زانینی نەتەوە لەگەڵ خاڵێکی دیاریکراو، یەکێکە لەدیاردەو ئاماژەکانی نەتەوایەتی لەم سەردەمەدا. بە پێی ئەم پێناسەیە تەنها ئەو پارچە زەوییەی کە دانیشتوانی پێکهێنەری نەتەوە لەسەری نیشتەجێن، وەکو نەتەوە ناناسرێ، بەڵکو تەواوی ئەو کەسانەش کە خۆیان بە تاکی ئەو نەتەوەیە دەزانن، کە لەهەر جێگایەك دەژین، بە بەشێك لەنەتەوە ئەژمار دەکرێن. بەم شێوەیە پارێزەرانی هەردوو دیدگای جوگرافیایی‌و دیموگرافی(یان مرۆڤایەتی) بوونە قسەکەرو نوێنەرانی نەتەوایەتی، کە کاریگەری نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤیان لەسەر نەتەوایەتی‌و ئەو کۆمەڵگایانە هەبوو کەتیایاندا مەسەلەی نەتەوەو نەتەوایەتی بەهێزبوون.

٣ـ نەتەوایەتی‌و دەوڵەتەکان، چەمکەکانی هاوخوێنی، چارەنووسی هاوبەش‌و نیشتمانی هاوبەشیان کردە ئاراستەکانی خۆیان وەکو جۆرێك لەڕەوایی دەوڵەت‌و دەسەڵات، یان ڕەوایی بەرپاکردنی بزوتنەوە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکان. لەم سەردەمەدا زەمینەی نەتەوەو وابەستەبوون بە فەرهەنگی نەتەوایەتی دەکرێتە ناسنامەی فەرهەنگی دەوڵەت‌و بزاڤە نەتەوەییەکان‌و چوارچێوەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەریتییەکانی لادێ

نشین، پەیوەندی خزمایەتی‌و خێڵایەتی، دەسەڵاتی میرنشن‌و ناوچەیی هەتادێت بەرەو پاشەکشە دەچێت‌و لەمەو دوا ئەم ڕەواییانە، یان ڕەوشانەی ناسنامەو فەرهەنگی نەریتی دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەی نەتەوایەتی‌و کۆسپ لەبەرامبەر پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن یان دەوڵەتی نەتەوە. کۆمەڵگاو ناوچەکان هەتادێت بەرەو ئاراستەی نەتەوەیی بوون دەڕۆن. ئەم کۆمەڵگا وێناکراوەی نەتەوە(ئاندرسۆن) لەگەڵ دیاردەی تایبەتی سیاسی‌و نێودەوڵەتی سەدەی نۆزدە، واتە دەوڵەتی نەتەوە، دەبنە نیازو پێویستی بۆ یەکتر. لەراستیدا سەرۆك بیلسۆدیسکی، یەکەمین سەرۆکی پۆڵۆنیای سەربەخۆ لەدوای ساڵی ١٩١٨ زۆری ڕاستی وتووە، بۆ بەیانکردنی حاڵەتی نەتەوەیی‌و پەیوەندی بە دەوڵەتەوە، کە دەوڵەت، نەتەوە دروست دەکات، نەك بە پێچەوانەوە، یان دەڵێت: دەوڵەت نەك تەنها نەتەوە دروست دەکات، بەڵکو پێویستی پێیەتی.[٤٤]

دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت بۆ هاوڕێیەتی‌و هاوئاهەنگی خۆی لەگەڵ گەشەکردنەکانی دیموکراسی، نەیدەتوانی بەهۆی ناسنامەو پابەندییە کۆنەکانی بنەماڵە، میرنشین، ناوچەو حاڵەتی نەریتی کۆن بەردەوامی بەخۆی بدات، بەڵکو پێویستی بە هێنانە مەیدانی فراوانی هێزی کۆمەڵایەتی هەموو ناوچەو بنەماڵەو حاڵەتە کۆنەکان هەبوو لەچواچێوەیەکی نوێدا، تا بتوانێت پەیوەندی‌و پابەندی دانیشتوان مەیسەر بکات لەو چوارچێوە نوێیەی دەوڵەتی تازەدا، کە بێگومان ئەو ناسنامەو ڕەواییە لەوسەردەمەدا تەنها نەتەوایەتی یان نیشتمانی بوون بوو. لەم سەردەمەدا(نەتەوە) دەبێتە ئایینی تازەی دەوڵەتەکان، چوارچێوەیەك بوو کە هەموو دانیشتوان یان هاووڵاتیان پەیوەست دەبن بە وڵات‌و دەوڵەتی خۆیان. نەتەوایەتی هۆکاری نزیك خستنەوەی دەوڵەتی مۆدێرنە لەگەڵ هەموو هاووڵاتیانداو ڕێگایەکە کە یارمەتیدەری هەموو دانیشتوانە بۆوەفادارییان بەرامبەر بە دەوڵەت، لەجێگای ناسنامەو وەفادارییان بۆ جەمسەرەکانی ئایین، بنەماڵە، خێڵ یان ناسنامەی نەژادی‌و چینایەتی. لەو وڵاتانەی کە خاوەنی دەسەڵاتی دەستووری‌و یاسایین، هەرچەندە جەماوەر بە شێوەی کاریگەر بەشداربن





لەکارەکانی دەوڵەت‌و بڕیاردانـدا(نموونەی هەڵبژاردن)، زیاتر دەتوانن لەبەرامبەر ناسنامەکانی دیکەی جگە لەناسنامەی نەتەوایەتی، پایەدارو ڕاوەستاوبن.

هەروەکو چۆن دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، هەر بەو شێوەیەش دەوڵەت پێویستی بە نەتەوەیە(بیلسودیسکی)، لەم سەردەمەدا لەئەنجامی ئەو نیازو پێداویستییەدا نەتەوایەتی دەبێتە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت. دەوڵەت بۆ مەبەستی پێشکەوتنی ئابووری‌و پیشەسازی، گەشەی خزمەت گوزاری‌و سازماندانی بەڕێوەبردن پێویستی بەو ژنان‌و پیاوانە هەیە کە تارادەیەك خوێندەوارییان هەیە. سەدەی نۆزدە دەبێتە سەدەی کۆتایی بۆ پایانی پەیوەندی شفاهی، لەدیدگای دەوڵەتدا مەسەلەی چاپ‌و خوێندەواری، کردنەوەی خوێندنگاکان لەهەموو شوێنەکانی وڵات دەبێتە یەکێك لەپێداویستی‌و بەهرەمەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە، چونکە قوتابخانە مناڵان فێری خوێندەواری دەکات‌و ڕێگای چاك‌و نیشتمانی پەروەری‌و ناسنامەی گشتی‌و ماف‌و ئازادییەکانیان فێر دەکات. تا داهێنانی تەلەفزیۆن، هیچ هۆکارێکی ڕاگەیاندن‌و پەیوەندی هێندەی قوتابخانە لەزەمینەی نەتەوایەتیدا گرنگ‌و کاریگەر نەبووە. لەم زەمینەیەدا هیچ کەس هێندەی ماسیمو تاپارلی ئادزلیۆ، یەکێك لەرابەرانی بزاڤی نەتەوەیی‌و دەوڵەتی ئیتالیا ڕاستی نەوتووە، کە دەڵێت: لەدوای(بەدیهێنانی) ئیتالیای یەکگرتوو ودەوڵەتی ئیتالیا، دەبێت دەست بکەین بە(بەدیهێنانی) ئیتالییەکان لەڕێگای خوێندن‌و خزمەتی سەربازییەوە.

لەراستیدا، نەتەوایەتی دەوڵەتی، کە یەکێکە لەدیاردەو ڕوانگە سیاسی‌و مێژووییەکانی ناو فەرهەنگی نەتەوایەتی، چەکێکی دوو ئاراستە بوو، ئەگەر بەشێك لەخەڵك بە شێوەی کاریگەر هان دەدات‌و کۆدەکاتەوە، لەوانەیە ببێتە مایەی ئازاری کەسانێکی دیکە کە چوون یەك یان هاوجووت نین لەدەوڵەتدا یان ئارەزووی ئەوەناکەن بەشێك بن لەدەوڵەت‌و فەرهەنگی دەوڵەت کە ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی دەوڵەتییە. بەڵام سەرئەنجام وادەبێت کە نەتەوایەتی دەبێتە هۆکارێك بۆ هەموو ئەو کەسانە یان ناوچانەی

که پابەندنین بە فەرهەنگو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی نەتەوەی زاڵ، خۆیان لەبەرامبەر ئەو نەتەوەو دەوڵەتە دەسەڵاتدارە پێناسە بکەن، یان بە رێگای چینایەتی یان بەرێگای جۆرێکی دیکە لەنەتەوایەتی نەتەوەیەکی دیکە.

٤ـ تایبەتمەندی سەرەکی نەتەوە مۆدێرنەکانو هەموو ئەو شتانەی کەسەر بە نەتەوەن، مۆدێرن بوونیانە یان هەوڵیانە بۆ بەدەست هێنانی رەوشی مۆدێرنیتی بۆ نەتەوەکەیان، کە ئەویش دەوڵەتی نەتەوەیە. ئەگەرچی هەندێك دیدگاو روانگەی تیۆریو سیاسی وەها هەیە کە نەتەوەیی بوون بە جۆرێك لەناسنامەی فەرهەنگیو نەژادی دادەنێن، یان بەو چوارچێوەو رێکخستنە مێژوویییە دێرینەی دەزانن کە زۆر کۆنترە لەنەتەوایەتی سەردەمی مۆدێرن، بەڵام کلیلی ناسینو تێگەیشتی نەتەوە لەسەردەمی مۆدێرن بە دواوە، پەیوەندییەتی بە مۆدێرنیتیو ئاکامەکانی. بۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی دیدگای مۆدێرنیتی نەتەوە هۆبسباوم لەسەرەتاکانی کتێبی(نەتەوەو نەتەوایەتی، لەندەن ١٩٩٠) چەند نموونەیەك لەو دیدگا مۆدێرنانە باسدەکات، کە ئەمانەن، لەفەرهەنگی New English Dictionary لەساڵی ١٩٠٨ بەکارهێنانی مۆدێرنی وشەی(Nation)نەتەوە بۆ مانای(یەکێتی سیاسیو سەربەخۆیی) بەکارهاتووە. پێش سەردەمی مۆدێرنیتیو دەوڵەتی نەتەوە، Nation یان Nacion بە مانای ناوچە یان رەسەن یان شوێنی لەدایك بوون بەکارهاتووە، کە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ چەمکی نەژادیو فەرهەنگیو مێژوویی نەتەوە، نەك چەمکی سیاسیو سەربەخۆیی بۆ دەوڵەتی نەتەوە.

جۆن ستیوارت میل لەکتێبی(تیۆری سوومەندی، ئازادیو دەسەڵاتی نوێنەرایەتی)دا نەتەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: نەتەوە بە تەنها سۆزی نەتەوەیی بوون نییە، بەڵکو ئەوەیە کە تاکەکانی ئەو نەتەوەیە هیوای ئەوە دەخوازن کە لەسایەی یەك حکومەتی یەکگرتوودا بژین، یان خۆیان راستەوخۆ ئەو حکومەتە دروست بکەن).





هاوکێشەی نەتەوەو دەوڵەتو گەل، وەکو یەك تەماشا دەکرێنو هەموو ئەمانە لەسەردەمی مۆدێرنیتیدا بە یەکەوە گرێدراونو پێکەوە مانای مۆدێرنیتی بۆ نەتەوە دروست دەکەن.

دابەشبوونی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوە سەربەخۆکان لەجەوهەردا دابەشبونێکی ئابوورییە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ـ نەتەوەیی لەسەردەمی دوای شۆڕشەکانی(ئینگلیزی، ئەمریکیو فەرەنسی) لەدوای دامەزراندنی چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەستیان کرد بە سیاسەتو رێکخستنی ئابووریو سازماندانی هەلومەرجی بازارو خاوەندارێتیو مەسەلەی سنوورو گومرگ، یان یەکخستنی بازاری نیشتمانی، هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت ئاستێکی گونجاو لەگەشەی ئابوری بە دەست بهێنێ، بەبێ ئەوەی خاوەنی دەسەڵاتێکی یاسایی بێت. تەنانەت عەقلانی کردنی سیاسەتو کاروبارەکانی حکومەتیش لەرێگای رێکخستنی ئابوری لیبرالیەوە بە پێوەری ململانێی ئازاد دەبێت.(مۆلیناری).

پێکەوە بەستنی نەتەوەو دەوڵەت وەکو بەهانەو هۆکارێك بۆ بوونو مانەوەی حکومەتی نەتەوەیی بەهێزو کاروکردەوەکانی: دامەزراندنی بانکی ناوەندی دەوڵەت، بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لەبەرامبەر قەرزەکانی دەوڵەت، دانی قەرزی نیشتمانی بە هاوولاتیان، پاراستنی پیشەسازی نیشتمانی بە تەعریفاتی گومرگی بەهێزو باجی ئیلزامی لەسەر هەمووان. (ئەلکساندەر هاملیتۆن)

سەرئەنجام نەتەوەی مۆدێرن دەبێتە(یان دەکرێتە!) بەشێك لەئایدیۆلۆژیای لیبرالی. نەتەوایەتی بەسترایەوە بە زۆربەی دروشمو هیوا گەورەکانی لیبرالی لەرێگای هاوڕێیەتیو هاوکاری نێوانیان، نەك لەرێگای پێداویستی مەنتقی هاوبەشیان، هەروەکو چۆن ئازادیو یەکسانی گرێدرانەوە بە(برایەتی). ئەم سێ دروشمە گەورەیەی شۆڕشی فەرەنساو لیبرالیزم لەزەمینەی نەتەوایەتیدا دەردەکەوێ کە(ئازادی)و ( یەکسانی)لەگەڵ دروشمەکەی دیکەدا کە (برایەتی)یە لایەنی نەتەوایەتی یەکەی ئاشکرا دەبێت، یان پەیوەندی نێوان دوو دروشمە مەزنەکەی لیبرالیزم، لەگەڵ دروشمی سەرەکی

نەتەوایەتی(برایەتی) کەئاماژەیە بۆ لایەنی نەژادو نەتەوایەتی، زیاتر دەخاتە ڕوو. بەجۆرە چەمکی(نەتەوە)و(نەتەوایەتی) هەروەکو چۆن بیرمەندە لیبرالیەکان لەلوتکەی لیبرالیزمی بۆرژاوزییدا دەیانبینی، بۆ یەکەم جار کرا بە پرسێکی گەورەی سیاسەتی نێودەوڵەتی. (٤٥)

## نەتەوە چییە؟ ولێکۆڵینەوەی بیروباوەڕەکان

یەکێك لەکارە گرنگەکانی هۆبزباوم لەکتێبی(نەتەوەو نەتەوایەتی) هەوڵدانێکی بە پەرۆشە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری نەتەوە چییە؟ وخۆیشی دەڵێت زۆربەی ئەو کەسانەی کەلەمبارەوە هەڵوێستیان نواندووە، لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا تا رادەیەك کۆمەکیان کردووە. ئەو کەسانی وەکو رۆش میرۆسلاڤ لەکتێبی(مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوەی نەتەوەیی لەئەوروپا، کامبردج ١٩٨٥)، بەندیکت ئاندرسۆن(کۆمەڵگا خەیاڵییەکان، لەندەن ١٩٨٣)، ج، ئارمسترۆنگ(نەتەوەکان پێش سەردەمی نەتەوایەتی، چاپل هیل ١٩٨٢)، ج. برۆیلی( نەتەوایەتیو دەوڵەت، مانچستەر ١٩٨٢)، ئەرنست گیلنەر(نەتەوەو نەتەوایەتی، ئۆکسفۆرد ١٩٨٣)و ئانتۆنی سمیس(تیۆرەکانی نەتەوایەتی، لەندەن ١٩٨٣) دەکاتە سەرچاوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە چارەنووس سازەو سەرئەنجام هەڵوێستی خۆی لەم خاڵانەدا، بۆ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکان لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو:

١ـ تایبەتمەندی دیارو سەرەکی بۆ پۆلێن کردنی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەکان لەبارەی کۆمەڵایەتیو نەژادیدا یەکێکە لەمەرجە سەرەتاییو پێویستەکان بۆ بوونی کۆمەڵایەتی، یان بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کەسایەتی تاکەکانیش. بەڵام زۆر سەختە بتوانین هۆکارو تایبەتمەندییەکانی ئەم پۆلێن کردنە بۆ نەتەوەکان بە شێوەیەك دیاری بکەین، کە هەموو نەتەوەکان یان هەموو ئەو بیروباوەڕانە رازی بکەین کە لەو بارەیەوە هەڵوێستیان نواندووە. ئەم دیدگایەی منیش شتێکی کتوپڕو نامۆیی نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر وا تەماشای(نەتەوە)بکەین کە دیاردەیەکی مۆدێرنە لەمێژوودا و





بەرهەمی هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی ناوچەکانو وڵاتەکانە، ئەوسا لەوە تێدەگەین کە ژمارەیەکی کەم لەوڵاتان یان ناوچەکان توانیویانە بگەنە ئەم ئاستە مۆدێرنو رەوشە مێژووییەیە، کە بەنەتەوە دەناسرێ. ئەگەرچی سیاسەتیجیهانیو بەرژەوەندی ئیمپریالیزم لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەولاوە وایدەخواست کە وڵاتانی کۆلۆنیالی کراو، بە شێوەی دەستکرد بکەنە دەسەڵاتو دەوڵەتی بەناو نەتەوە، یان بە شێوە راستەکەی هەروەکو ئانتۆنی گیدنز باسی دەکات ئەو وڵاتانەیان کردە نەتەوەی ـ دەوڵەت. لەپێشدا دەوڵەتێکی دەسکردیان لەژێر ماندێتی کۆلۆنیالی خۆیاندا دامەزراندو پاشان ئەو دەوڵەتە بەزۆر هەوڵی دەدا نەتەوە بۆ قەوارەکەی دروست بکات کە زۆربەی زۆریان تا ئێستاش نویانتوانیوە ئەو مەبەستە بەدی بهێنن، کە دیارترینیان نموونەی(عێراق، سوریا، ئێران، تورکیا، وزۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا).

کێشەی گەورە لەم زەمینەیەدا، واتە زەمینەی ناساندنی نەتەوە، ئەوەیە چۆن بتوانین کەسانی چاودێر(نەك نەتەوەپەرستان!) رازی بکەین کە چ پێوەرێك هەیە بۆ جیاکردنەوەی نەتەوە لەقەوارەکانی دیکە، هەروەکو چۆن باڵندەکان لەشێوەدەرو خشۆکەکان جیادەکرێنەوە. چاودێری کردنی نەتەوەکان ئاسان دەبوو، ئەگەر وەکو چاودێری کردنی باڵندەکان بێت.

٢ـ هەندێك لەبیروباوەڕەکان هەوڵیان داوە کە هۆکارە بابەتیو مێژووییەکان بکەنە زەمینەی پرۆسەی نەتەوەیی بوون Nation hood ، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بۆچی هەندێك لەکۆمەڵگاکان بوونەتە نەتەوەو هەندێکی تریان نا. هۆکارە بابەتیو مێژووییەکان وەکو زمان یان نەژاد، کە بەهۆی خاکی هاوبەشو مێژووی هاوبەشو تایبەتمەندی فەرهەنگی هاوبەشەوە دەپارێزرێن، لەلای لایەنگرانی دیدگای بابەتیو مێژوویی کراوەتە مەرجە بنەڕەتیەکان بۆ بوونی نەتەوە. لەم نێوانەدا پێناسەکەی ستالین لەهەموویان بەناوبانگ ترە، بەڵام بە تەنها پێناسەش نابێت سەیر بکرێت.

((نەتەوە بریتییە لەیەکێتیو چوارچێوەیەکی جێگیر کە لەمێژوودا گەشەی کردووەو پەیدابوە بەهۆی زمان، خاك، ژیانی ئابووریو پێکهاتەی سایکۆلۆی کە لەیەکێتی فەرهەنگی دا خۆی دەنوێنێ)). ستالین، مارکسیزمو مەسەلەی نەتەوایەتیو کۆلۆنیالیزم ١٩١٢.[٤٦]

ئەگەرچی دیدگای بابەتی - مێژوویی بۆ پرۆسەی نەتەوەیی بوون هەندێك لایەنی راستی تێدایەو بە تایبەتیش لەو زەمینەیەی کە پێویستە کۆمەڵگایەك بە شێوەی بەڵگەدار بیسەلمێنێ کە نەتەوەیەکی جیاوازە لەکۆمەڵگاکانی دیکە، بەڵام هەموو جارێك ئەم پێناسە بابەتی یانە ناتوانێت راستینەی نەتەوەیی بوون بیسەلمێنێ. لەبەرئەوەی ئەم پێوەرە لەمێژوودا تەنها قەوارە مەزنو دەسەڵاتدارەکانی کۆن توانیویانە بە دەستی بهێنن یان بیپارێزنو قەوارە بچووکەکان زۆربەی کات لەمێژووی دوورو درێژی پێش نەتەوەیی بووندا لەنێو ئەو دەسەڵاتو قەوارە گەورانەدا تواونەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر خودی ئەو پێوەرە بابەتیو مێژووییانە(زمان، خاك، نەژادو فەرهەنگ) لەمێژوودا زۆر گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. یان زمانو نەژادەکانی کە لەنزیك یەکدەژین زۆر تێکەڵاو ولەیەك چوون، وەکو(کوردو فارس، نەتەوە سلاڤیەکان، نەتەوە تۆرانییەکان، وڵاتو قەوارەکانی هیندی چینی)و هەربۆیە زۆربەی جار پشت بەستن بە زمانو نەژادو خاكو مێژوو دەبنە بەڵگەی تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان نەك جیاوازییان لەیەکتر.

٣- بۆ دەربازبوون لەم سنووردارییەی دیدگای بابەتی - مێژوویی، هەندێك هەوڵی دیکە بەرچاو دەکەوێ کە دەیانەوێ لەڕوانگەی خودێتی نەتەوە یان هەوڵی کۆمەڵگاکان بۆ سەلماندنی خودێتی خۆیان وەکو نەتەوەیەك دەکرێتە پێوەر بۆ سەلماندنی نەتەوەیی بوونو بەمجۆرە:

(نەتەوە دەنگدانێکی گشتیو رۆژانەیە، ئێرنست رینان)

(نەتەوە فەرهەنگو ئیرادەیە، ئێرنست گیلنەر)

(نەتەوە یەکێتی نێوان یەکەی فەرهەنگیو یەکەی سیاسیە، گیلنەر)





(نەتەوەیی بوون پەیوەندی بە رەوشو بەرژەوەندی کەسەکانەوە هەیە کە پێکەوە دەژین، کارل رینەرو ئۆتۆ باوەر)

ئەگەر نموونەی یەهوود بکەینە یەکێك لەپێوەرەکانی نەتەوەیی بوونو بزانین کە ئەوان خۆیان بە نەتەوەیەکی جیا لەوانی دیکە دەزانن لەکاتێکدا زۆربەیان بەشدارو هاوبەش نەبوون لەمێژوودا لەزەمینەی زمان، خاك، مێژوو، کەلەپوورو چارەنووسی هاوبەش کە ئەمانە پێوەری بابەتین، یان هەندێك کەس هەن خۆشیان بە یەهوود دەزاننو بەڵام هەمان هەڵوێستی زایۆنیزمان بەرامبەر بە دەوڵەتی یەهوودی نییە(واتە پێوەری خودێتی نەتەوە). سەرئەنجام دەگەینە ئەو بڕوایەی ناتوانین کە نەتەوە بەو رادەیە بێهێنینە خوارەوە بۆ ئاستی پێوەری بابەتی - مێژوویی یان پێوەری سەلماندنی خودێتی، یان هەردووکیان پێکەوە کێشەی هەردوو دیدگای بابەتی - مێژووییو خودێتی نەتەوە لەوەدایە کە یەکەمیان لەزەمینەی مێژووییدا نەتەوە وەکو کۆمەڵگایەکی وەستاو لەمێژوودا سەیردەکاتو کاریگەری جیهانی مۆدێرنو نەتەوەکانی دیکەو بەرژەوەندی جیهانی لەسەر ئەو کۆمەڵگایە نابینێو دووهەمیان لەبەرهەمەکانی نەتەوەوە دەست پێدەکەن کە نەتەوایەتییە. ئەگەرچی سەرهەڵدانی دەوڵەتو کۆمەڵەکان کە بەناوی نەتەوایەتی قسە دەکەن کارێکی کەم بایەخ نییە، بەڵام ئەمڕۆ وشەی(نەتەوە) بە شێوەیەکی وا بەر فراوانو فرە مانا بەکاردێت، کەزۆر زەحمەتە ئەم پێوەرە بابەتیو خودییانە بتوانن بە تەواوی رۆشنی بکەنەوە. خاڵی دەست پێکردن بۆ ناسینو چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی، یەکێکە لەو کارە گرنگو چارونووس سازانەی کە دەتوانێت کۆمەك بکات بە رۆشن کردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی. هەندێك کەس لەنەتەوایەتی(بەرهەمی نەتەوە) دەست پێدەکەنو حاڵەتی نەتەوایەتیو پێکهێنەرەکانی دەکەنە پێوەر بۆ نەتەوەیی بوون. ئەوانی دیکەش دەیانەوێ هەلومەرجی راستەقینەی نەتەوە بسەلمێنن وەکو مەسەلەیەکی بەڵگدار، ئەمان دەڵێن(نەتەوە) واقعیەتێکی راستەقینەو سەپێنراوە، بەڵام نەتەوایەتی وتارو دیدگای سیاسیو فەلسەفییەو دەڵێن چەمکەکانی بەشێك نییە لەو دیدگا سیاسیو

فەلسەفییە، بەڵکو لەمێژوودا رەگی داکوتاوەو تایبەتمەندی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەژادی سەلێنراوی هەیە بۆیە دەبێت بە زمانی راستی‌یەکان، نەك بە زمانی فەلسەفی بسەلێنرێت. سەرئەنجام هۆبزباوم دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ئەم دیدگایانە کەمایەتی‌و نەزانینیان تێدایە، هەربۆیە لەسەرەتای کتێبی(نەتەوەو نەتەوایەتی، ١٩٩٠) میتۆدی تیۆری خۆی سەبارەت بە نەتەوایەتی بەیان دەکات. (٤٧)

## رێبازی تیۆری دەربارەی نەتەوەو نەتەوایەتی

١ـ هۆبزباوم لەرۆشن کردنەوەی میتۆدی خۆی بۆ نەتەوایەتی‌و بە یارمەتی دیدگاکانی دیکە بۆ تێگەیشتن لەنەتەوەو نەتەوایەتی بەمجۆرە دەست پێدەکات:(من سەرەتا لەنەتەوەوە دەست پێناکەم‌و لەنەتەوایەتی دەدوێم ئەم زاراوەیە بەو مانایە بەکار دەهێنم کە ئێرنست گیلنەر بەکاری هێناوە کە بریتییە((لەو بیروباوەڕی کە دەیەوێ هاوئاهەنگی‌و جووت بوونی یەکەی فەرهەنگی‌و یەکەی سیاسی بەدی بهێنێ)). ئەم مانایە نەتەوەی مۆدێرن لەشێوەکانی دیکەی کۆمەڵگاکانی پێش نەتەوایەتی جیادەکاتەوە). واتا هەڵوێستی هۆبزباوم دەست پێکردنە لەلایەنی مۆدێرنیتی نەتەوە.

٢ـ وەکو زۆربەی دیدگاو بیروباوەڕە جدی‌و پەیگیرەکان بۆ نەتەوایەتی، هۆبزباوم(نەتەوە) تەنها بە قەوارەو دەسەڵاتی سیاسی‌و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی نەگۆڕ ناناسێ، بەڵکو دروست ئەو پێی وایە کە(نەتەوە سەر بەسەردەمێکی دیاریکراوەو کەلەبارەی مێژوویی‌یەوە بە مۆدێرن دەناسرێ)و شێوەیەکە لە سیستەمی سیاسی‌و دەوڵەتداری کە بە دەوڵەتی هەرێمایەتی مۆدێرن دەناسرێ کە(دەوڵەتی ـ نەتەوە)یە. دەوڵەتی نەتەوە پێکدێت لەیەك نەتەوە نەك چەند نەتەوەیەك‌و چاکتر وایە گفتوگۆی نێوان(نەتەوە)و(نەتەوایەتی)لەو ڕوانگەیەوەبێت کە سوودی هەردوولای تێدابێت، نەك دژی یەك بن، وەکو نموونەی نەتەوەی ـ دەوڵەت کە بەزۆر دەوڵەت دەیەوێ لەچەند نەژادو





نەتەوەی جیاواز، نەتەوەیەکی دەسکرد بۆ دەوڵەتەکەی دروست بکات(عێراق، سوریا، ئێران، تورکیا).

خاڵێکی دیکەی گرنگی میتۆدی هۆبزباوم، کە دیدگای مۆدێرنیتی ئەو بەیان دەکات، ئەوەیە کە دەڵێت: لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، کەمنیش وەکو گیلنەر ئەوە دووپات دەکەمەوە کە لایەنی دروست کراوartefact و داهێنراوی invention و ئەندازەی کۆمەڵایەتی بەشدارن لەدروستکردنی نەتەوەکاندا. روانگەی ئەوەی کە نەتەوەیی بوون رێگایەکی سروشتی‌یە خوا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە، وەکو چارەنووسی سیاسی لەپێشەوە دیاریکراو ... ئەفسانەیە.

نەتەوایەتی توانیویەتی‌و دەتوانێ هەندێك جار نەژادو فەرهەنگەکان تێکەڵاوبکات‌و بیانکات بە یەك نەتەوە(نموونەی ئەمریکاو بەریتانیا)وهەندێك جاری دیکەش نەتەوە سەرلەنوێ دابهێنێ‌و نەژادو فەرهەنگی رابردوو لەبەرچاو نەگرێ یان لەناوی بەرێ، ئەمەیە رەوشی راستەقینەی نەتەوایەتی. سەرئەنجام بۆ بەیانکردنی دیدگای شیکردنەوەو بەیانکردنی هەلومەرجی راستەقینەی نەتەوەکان‌و نەتەوایەتی دەبێت بلێین، کە نەتەوایەتی گرنگترە لەنەتەوە، چونکە نەتەوەکان نین کە دەوڵەتەکان‌و نەتەوایەتی دروست دەکەن، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە.

دیدگای هۆبزباوم هەمان دیدگای مۆدێرنیستەکانی دیکەیەو ئەویش بڕوای وایە کە دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانێ، نەتەوە دروست بکات یان سەرلەنوێ دایبهێنێ، ئەوەی لەبیرچووە کەخودی خۆی دەڵێت: نەتەوە رەوشێکی بەڵگەداری مێژوویی یە، بەڵام نەتەوایەتی حاڵەتی دەربڕینە لەو رەوشە بەڵگەدارە. بۆ وەڵامی ئەم نارۆشنییە دەبێت دیدگای پۆست مۆدێرنەکان سەبارەت بە نەتەوایەتی بناسین، کە ئەم نووسینە دەخەینە بەشی دواتری ئەم باسانەی نەتەوەو نەتەوایەتی.

٣ـ ((پرسی نەتەوایەتی)) هەروەکو نەوەی یەکەمی مارکسیزم بۆیان دەڕوانی، دەکەوێتە خاڵی بە یەك گەیشتنی سیاسەت‌و تەکنولۆجیاو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی،

نەتەوەکان تەنها پاشکۆی جۆرێکی دیاریکراو نین لەدەوڵەتی مۆدێرن یان هەوڵێك بن بۆ دامەزراندنی ئەم مۆدێلە لەدەوڵەت(کە مانا فراوانەکەی هاوولاتی بوونی شۆڕشی فەرەنسییە)، بەڵکو بەشێکە لەقۆناغی دیاریکراوی گەشەی تەکنولۆجی‌و ئابووری. زۆربەی لێکۆڵیاران لەسەر ئەوە هاوڕان کە زمانە نەتەوەیی‌و رەسمی‌و نووسراوەکانی ئەم سەردەمە پەیدانەدەبوو، ئەگەر چاپ‌و نەهێشتنی نەخوێندەواری جەماوەری‌و خوێندن‌و تەلەفزیۆن بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتەکانەوە نەبوایە. نەتەوەکان‌و دیاردەکانی سەر بە نەتەوایەتی دەبێت لەبەر رۆشنایی‌و پێداویستی‌یە سیاسی‌و تەکنیکی‌و ئابووری‌یەکان سەیربکرێت، نەك تەنها لەزەمینەکانی سروشتی‌و مێژوویدا.

٤ـ لێرە بەدواوە، نەتەوەو نەتەوایەتی دیاردەی دوولایەنەیە کەلە بالاوە بەهۆی سیاسەت‌و تەکنۆلۆجیاو سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی‌یەوە پێکدێن، بەلام ناتوانین بە تەواوی رۆشنی بکەینەوە ئەگەر زمان‌و هیواو پێداویستی‌و بەرژەوەندییەکانی‌کەسانی ئاسایی ناو نەتەوەکان لەبەرچاو نەگرین. کە ئەم شتانە هیچیان بەشێك نین لەنەتەوایەتی، بەڵکو ماف‌و ئازادی‌و بەرژەوەندی تاك‌و هاوولاتیان کە فراونترە لەنەتەوایەتی‌و هەندێکیش بە تایبەتی نەتەوەپەرستان بە کەمتر لەنەتەوایەتی چاوی لێدەکەن. رەخنەی هۆبزباوم لەگیلنەر لێرەدا رۆشن دەبێت، کە گیلنەر بەزۆری گرنگی دەدات بەڕوانگەی دیارو بالای نەتەوایەتی(کە روانگەی دەوڵەتە)و دیدگاو بەرژەوەندی خوارەوە(خەڵك) بەهەند ناگرێ.

دیدگای خەڵك لەخوارەوە بۆ نەتەوایەتی تا رادەیەك ئاسان نییە، چونکە نەتەوە هەرئەوە نییە کە حکوومەت‌و بزاڤە نەتەوەیی یەکان دەیبینن، بەڵکو دەبێت دیدگای تاك‌و هاوولاتیانیش لەبەرچاو بگیرێ، کە خۆشبەختانە زۆربەی لێکۆڵیاران‌و بیریاران گرنگیان بەم لایەنە داوە.

هۆکارەکانی ئەم جیاکارییەو ئاسان نەبوونی لەم خالانەدا بەیان دەکات:





ئەلف ـ ئایدیۆلۆجیا رەسمیەکانی دەوڵەت‌و بزاڤە نەتەوەییەکان بەڵگەی ئەوە نادەن بەدەستەوە کە خەڵك چۆن بیردەکەنەوە سەبارەت بە لایەنگیری‌و نەیاری نەتەوایەتی.

ب ـ پێوەرەکانی نەتەوایەتی(بابەتی‌و خودی) ناتوانێت بۆ زۆربەی خەڵك بەیانکەری رەوشی مرۆڤایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌یان بێت، ئەگەرچی هەندێك جار وادێتە بەرچاو کە ناسنامەی نەتەوایەتی بالاترە لەو نیازو پێداویستی‌یانە.

ج ـ پێوەرو سنوورەکانی ناسنامەی نەتەوەیی‌و پێکهێنەرەکانی لەگەڵ گۆڕانی کاتدا گۆڕانکاری یان بەسەردێت‌و تەنانەت لەسەردەمە کەمخایەنیشەکاندا، بە تایبەتی لەدوای دامەزراندنی دەسەلات‌و دەوڵەتی نەتەوەیی‌و سەرهەڵدانی خواست‌و ئامانجەکانی تاك‌و هاوولاتیان.

٥ـ پێویستە توێژینەوەی قۆناغەکانی گەشەی بزاڤی نەتەوایەتی‌و دەوڵەتەکان بکەینە وێستگەو پێوەر بۆ بەدەست هێنانی هەڵوێستی بێلایەن سەبارەت بە نەتەوایەتی‌و سەلماندنی قسەکەی ئێرنست رنیان: دەسکاری‌و تەحریف کردنی نەتەوە بۆ مێژووەکەی بەشێکە لەنەتەوە بوونی. وئێمەش وەکو لێکۆڵیاران‌و مێژوونووسان دەبێت وەکو بەشێك لەپابەندیمان بە دڵسۆزی بەکارەکەمان، نابێت ئەو مێژووە دەسکاری‌و تەحریف بکەین، بەڵکو دەبێت وەکو خۆی باسی بکەین! (٤٨)

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١ آندرو وینسنت، (نظریة سیاسي ناسیونالیسم)، دائرة المعارف ناسیونالیسم، ص ٨٥٣

٢ـ دایرة المعارف ناسیونالیسم، ٣ جلد، زیزنظر الکساندر ماتیل، کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه، تهران، زمستان ١٣٨٣.

ناوی ئەو نووسەرانەی کە ئەم بەرهەمە مەزنەیان نووسیوە(٤٦) ناوەو خوێنەر دەتوانێ لەفەهرەستی بەشی یەکەمدا ناوەکانیان و بەرهەمەکانیان بزانێ و لەبەشەکانی دیکەشدا هەموو بەرهەمەکانی تێدایە.

٣ـ برایان مگی، مردان اندیشه، ترجمه عزت الله فولادوند، انتشارات طرح نو، تهران. چاپ سوم ١٣٨٢.

٤ـ اریك هوبزباوم.(الامم والنزعه القومیه)، ترجمه عدنان حسین، دار المدی ١٩٩٩، دمشق ـ بیروت.

٥ـ ارنست غیلنر، (الامم والقومیة)، ترجمة د. مجید الراضی، دار المدی للثقافة والنشر، سنة ٢٠٠٠م. ص ٣٩.

٦ـ اریك هابسبام(عصر امپراتوری)، ترجمەی ناهید فروغان، نشر تهران، چاپ اول، تهران ١٣٨٢. ص ١٩٦.

٧ـ اریك هابسباوم، هـ. س. پ. ل ل ١٩٨ـ ١٩٩.

٨ـ هەر شەش خاڵەکەی میتۆدو دیدگای گیلنەر بۆ نەتەوایەتی مۆدێرن، لەکتێبی(الامم والقومیه) هـ. س. پ وەرگیراوە ل ل ٣٣ـ ٤٥.

٩ـ القومیة مرض العصر ام خلاصه، (مجموعة من الباحثین)، اعده للنشر فالح عبدالجبار، دار الساقی، الطبعة الاولی ١٩٩٥، ص ٦٣.





١٠ـ درۆتیا وایدینگەر(چەمکی نەتەوە)، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ئاسۆ ئیسلام پەنا، گۆڤاری سپی تر(٦)، ل ٢٤.

١١ـ بندکت آندرسۆن(الجذور الثقافیة للقومیة). سەرچاوەی القومیه مرض العصر أم خلاصه. ل ١٠٤.

١٢ـ بندکت آندرسۆن(منابع الوعی القومی)، هـ. س. پ. ل ل ٢٥ـ ٣٢ .

١٣ـ آنتونی گیدنز، (چشم اندازهای جهانی)، ترجمه محمد رضا جلائی پور، انتشارات طرح نو. چاپ اول، تهران ١٣٨٤، مقدمه ل ١٤.

١٤ـ آنتونی گیدنز، هـ. س. پ.ل ل ٨٠ـ ٨٦.

١٥ـ آنتونی گیدنز، هـ. س. پ. ل ل ٨٧ـ ٨٨.

١٦ـ A. Giddens, Nation- state and Violence. P. ١١٦

وەرگیراوە لە: مۆنتسرات گیبرنا(نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی کەمال رەشید شەریف، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی. ن. ك). سلێمانی ٢٠٠٣. ل ١٠.

١٧ـ هـ. س. پ. ل ٣٨.

١٨ـ فرانك وبستر، نظریەهای جامعه اطلاعاتی، ترجمه اسماعیل قدیمی، چاپ دووەم، قصیده سرا، تهران ١٣٨٣. ص ١١٢.

١٩ـ هـ. س. پ. ل ١١٦.

٢٠ـ گیدنز، دەوڵەتی نەتەوەو توندوتیژی(١٩٨٥). وەرگیراو لەسەرچاوەی پێشوو. ل ١٢٥.

٢١ـ فرانك وبستر، هـ. س. پ. ل ١٣١.

٢٢ـ جان لچت، پنجاه متفکر بزرگ معاصر(ازساختارگرایی تا پسا مدرنیته)، ترجمەی محسن حکیمی، انتشارات خجسته، چاپ اول، تهران ١٣٧٧. ل ٢٧٦.

٢٣ـ آلان تورین، في الحداثة ومابعدها(مصائر الحداثة)، من الانترنیت.

٢٤ـ آلان تورین، نقد الحداثة، ترجمه انور مغیث، المجلس الاعلی للثقافة ١٩٩٧، ل ٢٠.

٢٥ـ آلان تورین. هـ. س. پ. ل ٤٣.

٢٦ـ آلان تورین(ماهي الديموقراطية)، ترجمة حسين قبيسي، دار الساقي، الطبعة الثانية، بيروت ٢٠٠١.

٢٧ـ آلان تورین(نقد الحداثة) ل، ٩.

٢٨ـ آلان تورین، هـ. س. پ. ل ٩٨.

٢٩ـ ئەم کتێبە بەناوی(نەتەوەخوازی) تیۆری‌و ئایدیۆلۆجی‌و مێژوو، لەوەرگێڕانی هۆشیار عەبدەڕەحمان سیوەیلی، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٤. بە کوردی چاپ کراوە.

٣٠ـ آنتونی اسمیت(پارادایم هـای ناسیۆنالیزم)، ترجمەی بختیار سجادی، مجلەی نویسا(گاهنامەی سیاسی، اجتماعی، فرهنگی) شماره اول، بهار ١٣٨٣. ل ١٩٩.

٣١ـ هـ. س. پ. ل ١٩٨.

٣٢ـ ئەنتۆنی دی سمیس(نەتەوەخوازی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی، هۆشیار سیوەیلی. دەزگای ئاراس، کوردستان ٢٠٠٤، ل ١٢.

٣٣ـ هـ. س. پ. ل ٥٨.

٣٤ـ مۆنسرات گیبرنا(نەتەوایەتی‌و دەوڵەتی نەتەوەیی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی، کەمال ڕەشید شەریف، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ی. ن. ك. ل ١٧.

٣٥ـ آنتونی اسمیت(پارادیم های ناسیونالیسم)، هـ. س. پ. ل ل ٢١٠ـ ٢١١.

٣٦ـ ئەنتۆنی دی سمیس(نەتەوەخوازی)، هـ.س. پ. ل ل ٧٤، ٧٥، ٧٦.

٣٧ـ مارك هاگوبیان(ایدئولۆژی ناسیونالیسم)، ترجمەی احد علیقیان، دایره المعارف ناسیونالیسم، جلد اول، کتاب خانه تخصص وزارت امور خارج ل ٢٢٣.

٣٨ـ ئەنتۆنی دی سمیس(نەتەوەخوازی)، ل ٣٢.





٣٩ـ هـ. س. پ. ل ٣٣.

٤٠ـ اریك هابسباوم(عصر امپراتوری)، ترجمەی ناهید فرۆغان، نشراختران، تهران، چاپ اول ١٣٨٢، ص ١٩٠.

٤١ـ دایره المعارف ناسیونالیسم، جلد اول، ل ل ٢٢٤ـ ٢٣١.

٤٢ـ هەر پێنج شێوەکەی پارادایمی مۆدێرنیتی لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە: أنتونی اسمیت(پارادایمهای ناسیونالیسم)، ل ل ٢٠٠ـ ٢١٠.

٤٣ـ اریك هابسباوم(عصر امپراتوری)، ترجمەی ناهید فرۆغان، نشراختران، تهران چاپ اول ١٣٨٢، ص ١٨٩.

٤٤ـ هـ. س. پ. ل ل ١٩٢ـ ١٩٧.

٤٥ـ اريك هوبزباوم، الامم والنزعه القوميه، ترجمه عدنان حسين، دار المدى، ١٩٩٩، ص ٢٥ـ ٤٦.

٤٦ـ لەسەرەتای بەشی نەتەوایەتی‌و مۆدێرنیتی‌و لە(دیدگای نەژادی‌و فەرهەنگی) تا ڕادەیەکی دیار ئەو بیروباوەڕانەم خستۆتە ڕوو کە هۆکاری بابەتی‌و مێژوویی دەکەنە مەرجی سەرەکی بۆ نەتەوەیی بوون‌و پێویست ناکات لەم بەشەدا دووبارەیان بکەمەوە.

٤٧ـ هـ. س. پ. ل ل ١٢ـ ١٦.

٤٨ـ هـ. س. پ. ل ل ١٦ـ ١٩.

## نەتەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزم

بیروباوەڕی پۆست مۆدێرنیزم دەربارەی پرسی نەتەوایەتی، بەوێناودیدگای جیاواز لە مۆدێرنیزم گرنگی بە نەتەوایەتی دەدات.بەبڕوای ئەنتۆنی سمیس پۆست مۆدێرنیزم ناتوانێت پارادایمێك بێت بۆ باسو ناسینی نەتەوایەتیو ئەو پێی وایە کە هێشتا پۆست مۆدێرنیزم نەیتوانیوە بڕواو تێگەیشتنی روونو تەواوی دەربارەی نەتەوایەتی هەبێت. بەڵام بڕوای دیکەی واش هەیە کە چیدی پۆست مۆدێرنیزم بەباسو لێکۆڵینەوەی رۆژ نازانێتو بەڵکو وەکو پارادایمێکی فەرهەنگی چاوی لێدەکات کە شایستەی خوێندنەوەو گرنگی پێدانە. بڕوای سیاسیو کۆمەڵناسانەی پۆست مۆدێرنیزم بەهیچ جۆرێك رێوانێکی ئەدەبی نییەو بەڵکو قەوارەو یەکێتییەکە کە لەسەر سێ گریمانەی هاوتاو پەیوەندیدار دامەزراوە:

١. گریمانەی گۆڕانی فەرهەنگی: مۆدێرنیزمو مۆدێرنسازی رەهەندی هەڵکەوتنو ئیمتیازی فەرهەنگی دەکاتە بیرکردنەوەی خۆی، بەڵام پۆست مۆدێرنیزم بڕوای بەگۆڕانی بەردەوامی رەوشی فەرهەنگی هەیە. ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەنەتەوایەتیو فەرهەنگو پۆست مۆدێرنیزمەوە، ئەوەیە کە بەردەوام پۆست مۆدێرنیزم بەچاوی گۆڕانو فرەییو جیاوازی تەماشای فەرهەنگو نەتەوەکان دەکات، نەك بەروانگەی بالاّتربوون یان ئیمتیازو هەڵکەوتنی فەرهەنگی نەتەوەیەك لەبەرامبەر ئەوانی دیکە.

٢. گریمانەی جۆری فەرهەنگی: مۆدێرنیزم لەپێکهاتنو شێوەسازبوونی فەرهەنگیدا لایەنی (گوتاری) بەخۆەو دەگرێ، لەکاتێکدا پۆست مۆدێرنیزم فەرهەنگی (وێناکردن) دەکاتە بڕواو میتۆد. شێوەی فەرهەنگو پێکهاتنی رەوشی نەتەوەیی لەلای مۆدێرنیزم دەکرێتە گوتارو بیروباوەڕو هەڵدەدرێت کە ئەو گوتارو رێبازە بکرێتە دیدگای رەسمی نەتەوە یان فەرهەنگێکی دیاریکراو، پاشان هەوڵدان بۆ بالاّتر ناساندنی ئەو فەرهەنگە





لەبەرامبەر فەرهەنگێکی دیکە. بەڵام پۆست مۆدێرنیزم، هیچ فەرهەنگێکی دیاریکراو ناکاتە گوتارو دیدگای رەسمیو نارەسمی خۆی، بەڵکو رێگای وێناکردنو فرەیی وێناکردن لەناو فەرهەنگەکاندا پەسەند دەکات. لەم نێوانەدا دیدگای(بەندێکت ئاندرسۆن) لەکۆمەڵگای وێناکراودا بە یەکەمین هەوڵ دەبینرێتو بڕواکانی ئەو بۆ خەیاڵدانی نەتەوەکان لەم زەمینەیەدا پێشڕەوو شایستەیە.

٣. گریمانەی توێژبەندی فەرهەنگی: واتە بەرهەم هێنەرانوگفتوگۆدارانی فەرهەنگی مۆدێرنو پۆست مۆدێرن لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیو دەستەو توێژەکاندا لەڕەوشی سەرهەڵدانو ئاوابووندا دەبینرێنو دەناسرێن. هیچ کام لەو فەرهەنگە چینایەتیو (نەتەوایەتیانە) نابنە رەوشی جێگیرو نەگۆڕ، بەڵکو گۆڕانو هەڵبژاردنو ناجێگیربوون بەشێکە لەڕەوشی فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگاو وڵاتەکان.

بەم شێوەیە، و بەیارمەتی ئەم دیدگاو گریمانانە پۆست مۆدێرنیزم لەڕاستیدا دەبێتە جۆرێك لەپارادایمی فەرهەنگی (بەپێچەوانەی دیدگای ئانتۆنی سمیس)، کە وەکو پارادایمەکانی زانستی، دیدگاو سازمانێکی شوێنو کاتییە. هەر پارادایمێکی فەرهەنگی چوار پێکهێنەری هەیە، کە ئەو پێکهێنەرانە دەبنە بناغەی دروست بوونو بەرهەم هێنەری دیدگا بیریاریو فەرهەنگییەکانی، کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتووە:

١. پەیوەندی نێوان شێوەو بەشەکانی فەرهەنگی بەرهەم هێنراو، واتە پەیوەندی نێوان لایەنی جوانی ناسی، تیۆری، ئەخلاقیو هتد.

٢. پەیوەندی نێوان لایەنی فەرهەنگیو رەوشی کۆمەڵایەتی.

٣. ((ئابووری فەرهەنگی)) ئەو پارادایمە، کە توخمەکانی بریتین لەهەلومەرجی بەرهەم هێنانو بەکارهێنان، نیهادو دامەزراوە فەرهەنگیەکان، شێوەی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری خودی بەرهەمو کالاّی فەرهەنگی.

٤. شێوەی دەلالەتو بەیانکردن: واتە پەیوەندی نێوان دالو مەدلولو سەرچاوەی بەیانکردنی ئەو پەیوەندییە.

مۆدێرن سازی لەهەموو ئەم زەمینانەدا، یان لەم پێکهێنەرانەدا رەوشی بالاّتربوونو ئیمتیازداری دەکاتە دیدگاو گوتاری خۆی، بەڵام پۆست مۆدێرنیزم دەیەوێت کە رەوشی بالاّتربوونو ئیمتیازداری لەنێوبەرێتو فرەیی‌و وێناکردنو گۆڕانکاری لەزەمینەی ئەم پێکهێنەرانەدا بکات، کە زەمینەی خودی پێکهاتنی پۆست مۆدێرنیزمیش وەکو پارادایمێك.

١. اسكات لش (جامعە شناسی پست مدرنیسم)، ترجمەی حسن چاوشیان، نشر مركز، چاپ دوم ١٣٨٤، تهران، ل ١ ـ٢٠.

بۆ ئەوەی بتوانین لەم پرسەدا بەشداریەکی باشتر بکەین ولە روانگەی پۆست مۆدێرنیزمەوە زیاتر لە راستینەی نەتەوایەتی و ناسنامەکان بگەین، پێویستیمان دەبێت کە زانین و لێکۆلینەوەی نوێ و هاوچەرخ بۆ هەردوو دیاردەکە بکەین، کە ئەوانیش دیاردەی نەتەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزمە. دەمەوێت وەبیرهێنانەوەیەك بۆ ئەو بیر، ئاست و لێکدانەوانە بەیان بکەم کە تا ئێستا دەربارەی نەتەوایەتی من بۆ خۆم پێیان گەیشتوومو باسی ئەوەش ناکەم کە ئەم شیکردنەوەیە، تاکە شیکردنەوەی راست و گونجاوە، بەڵکو دەتوانین بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، بۆ نمونە نەتەوایەتی، بیرو لێکدانەوەی جیاواز و جۆراوجۆرمان هەبێت و سەرەنجام لە گفتوگۆی نێوان ئەو پێناسە و لێکۆلینەوانە، بۆ هەمان دیاردە، بتوانین لە راستی نزیك ببینەوە.

یەکەمین ئاست و ئاسۆی تێگەیشتن لە پرسی نەتەوایەتی ئەوەیە کە، نەتەوەکان وەکو دەرکەوتەیەك یان دیاردەیەکی مێژوویی، سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتی دەناسرێن، واتە نەتەوە دیاردەیەکە کە هەموو ئەو رەوشانەی کە ناوم هێنان کاریگەرییان هەیە لەسەر دەرکەوتنی و پێشکەوتنی نەتەوەش پەیوەندی و کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە. مەبەست لە باسکردنی ئەم ئاستە(ئاسۆیە) بۆ ناساندنی نەتەوە ئەوەیە کە نەتەوایەتی تەنها لێکدانەوەیەکی فەرهەنگی یان (زمانی) بۆ ناکرێت، ئەگەرچی هێندێك بیروباوەڕ هەیە کە نەتەوایەتی بە زمان یان فەرهەنگ یان وەکو رێبازی ئەڵمانی





نەتەوە بە پەروەردە دادەنێن. قوتابخانەی ئەڵمانی لەسەر دەستی (فیختە ١ ) نەتەوە و نەتەوایەتی وەکو دیاردەیەکی نەژادی و فەرهەنگی دەناسێنن. ئەم بیروباوەڕە یەکێك بوو لەو هۆیانەی بە داخەوە لە ئەنجامدا نازیزم و فاشیزمی لێپەیدا بوو، سەرەئەنجام گەیشتنە ئەو رادەیەی کە ئەڵمانیا و ئارییەکان بەرتر(امتیاز)یان هەیە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا. لێکدانەوەی ستالین و مارکسیستەکان لە نەتەوە، وەکو دیاردەیەکی ئابوری و بە تایبەتیش ئابوری سەرمایەداری دەزانن و ئەگەر نەتەوەیەکیش (وەکو کورد یان ئەرمەن یان یەهودی پێش ١٩٤٨) بێبەش بووبێت لە ئابوری هاوبەش، بەپێی لێکدانەوە تاك رەهەند و تاك ئاسۆکەی ئەوان (لێکدانەوەی ئیکۆنۆمیستی)، ئەوا لە نەتەوەیی بوون دەکەوێت و پێکهاتەکانی دیکەی نەتەوە فریای ناکەون. لێکدانەوەی تاك ئاستی، یان تاك بیروباوەڕی کە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی شیکردنەوەی مۆدێرنێتی بەهەموو بیروباوەڕەکانییەوە، کە بەپێی مەبەست و بەرژەوەندیەکی دیاریکراو نەتەوەیان تا رادەی ئەو تاك رەهەندییەی خۆیان هێناوەتە خوارەوە و ئەمەش وێرای ئەنجامی جەنگ و توندوتیژی وەکو بەرئەنجامێکی مەنتقی ئەو بیروباوەڕانە و بەگژاچوونی بیروباوەڕەکانی دیکە.

ئەو بیرانە، ئاستانە، سیاسەتانە لەوە بێئاگان (یان نەیاندەویست کە بزانن!)نەتەوەکان دیاردەیەکی مێژووین و هەموو رەوشەکانی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلاّیەتی کاری تێدەکەن و هەموو بیروباوەڕەکانیش بەدەوری خۆیان کاریگەری و بەشدارییان لە نەتەوایەتیدا هەیەو نەتەوایەتیش جێگادەستی تائێستا بەوان و بە مێژوو، ئابووری ، فەرهەنگ و سیاسەتی جیهانیەوە دیار و ئاشکرایە. رەخنەی نوێ و پۆست مۆدێرنیزم لە بۆچوونی زمانەوانی و فەرهەنگی وامان لێدەکات کە تەماشای نەتەوەکان بکەین و ببینین، کە بەشی زۆری ئەمریکای لاتین بە ئیسپانی دەدوێن و زمانی ئیسپانی زمانی رەسمیانە و بەلاّم (ئیسپانی) نین. چەندین نەتەوە و ولاّت بە فارسی دەدوێن و فارس یان (ئێرانی) نین. چەند ولاّت و نەتەوە بە تورکی دەدوێن و تورك و (تورکیا) نین. بەشێکی

زۆری ئەفریقا بە فەرەنسی و ئینگلیزی دەدوێن و لە راستیدا ئینگلیز و فەرەنسی نین و لەمانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو وڵات و نەتەوانەی بە ئینگلیزی دەدوێن (جگە لە ئینگلاند) هیچیان ئینگلیز نین و بۆمان دەردەکەوێت بەشی زۆری جیهان بە زمانی نەژادی و فەرهەنگی خۆیان نادوێن و بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها شیکردنەوەی زمانیی و فەرهەنگی بۆ نەتەوەکان بەتەنها نابنە ئاست و ئاسۆیەکی گونجا و بۆ ناسین و دیاریکردنی چەمکی نەتەوە . ئەوەی کە پۆست مۆدێرنیزم فێرمان دەکات، ئەوەیە کە هەمیشە لەچەند ئاست، ئاسۆ، بیر و بەرژەوەندیدا دیاردەکان بناسین و لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان ئەو بیرانەدا دەتوانین زیاتر لە راستی نزیك ببینەوە. لێرەوە دوو رەوش و میتۆدی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت" یەکەم، ئەوەیە ئێمە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا تەنها دەتوانین لە راستی وبەرژەوەندی و بەهرەمەندی و ئازادی زیاتر نزیك ببینەوە، واتە زانستی کۆمەڵایەتی وەکو زانستی ئەزموونی یان زانستی ئەبستراکت (ماتماتیك، فیزیك، بایۆلۆجی) نیە کە بتوانین بە ئەنجامی تەواو و راست بگەین، بەڵکو ئەوەیە کە لە زانستی کۆمەڵایەتی یان دیاردەکان (وەکو نەتەوایەتی) هەموو هەوڵەکان، بیرەکان، ئاسۆکان، بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە راستی و دووەم، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە لە نێوان گفتوگۆی ئەو بیرانە، ئاستانە و بەرژەوەندیانە دەتوانین لە راستی زیاتر نزیك بینەوە[٢].

کاتێك کە باسی ئەوە دەکەین نەتەوایەتی دیاردەیەکی فرەیە و هەموو رەوشەکانی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی، و کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن، و تەنانەت سیاسەتی نێودەوڵەتیش کاریگەری هەیە لەسەر دیفاکتۆی نەتەوەکان، ئەگەر تەماشای ئەوروپا بکەین کە کێشەی نەتەوایەتی لەو کیشوەرە زیاتر لە هەموو شوێنێك چارەسەر کراوە، بەڵام هێشتا کەم وڵات هەیە لە ئەوروپا کە تاك نەتەوە بێت، کارل پۆپەر دەڵێت تاکە وڵاتێك تاك نەتەوە بێت تەنها ئەڵمانیایە [٣]. ئەمە پەیوەندی بەو دیفاکتۆیە هەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە دوای ساڵی ١٨١٥ تا رادەیەك توانی جێگیریەکی سیاسی بۆ





ئەوروپا لەسەر بناغەی بەناو (دەوڵەتی نەتەوە) یان (دەوڵەتی نیشتمان) پەیدا بکات و ویرای ئەوەش تا ئێستا کێشە و پرسی نەتەوایەتی ماوە و لە ساڵانی نەوەدەکاندا گەلێك کێشەی لەو جۆرەمان لە خودی ئەوروپاشدا بینی، ئەمە سەرەڕای بوونی پرس و کێشەی نەتەوایەتی لە وڵاتانی دیکەی دنیا بوونی وڵاتانی چەند نەتەوە لە ئەوروپایەکی چارەسەرکراوی کێشەی نەتەوایەتی بە تەواوی، لێکدانەوەی نەژادی یان زمانی بۆ نەتەوەکان پەسەند ناکات.

دووهەمین ئاستی ناسین و لێکدانەوەی نەتەوە و نەتەوایەتی، ئەوەیە کە نەتەوەکان خاوەنی چەند پێکهێنەرێکی میللین و ئەو پێکهێنەرانە هەموویان کاریگەریان هەیە لەسەر پرسی نەتەوایەتی، واتە نەتەوە چوارچێوەیەکی گشتیە کە خاوەنی چەند تایبەتمەندی هاوبەشە لە زمان، خاك، فەرهەنگ، ئابوری، باری سایکۆلۆژی و دەسەڵات[٤]. لێکدانەوەی پێشو کە لێکۆلینەوەکەی ستالینە بۆ پێکهێنەرەکانی نەتەوە تا ئێستا باشترینە لەو مەیدانەدا، بەڵام خراپی دیدی ستالین ئەوەیە کە ئەگەر یەکێك لەم پێکهێنەرانە لەنەتەوەدا نەبوو، ئەوا ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە حالەتی نەتەوەیی دەکەون و بە تایبەتیش ستالین سەبارەت بە پابەند بوونی بۆ شیکردنەوەی ئابوریانەی مارکسیزم مەرجی ئابوری هاوبەش لەوانی دیکە بە گرنگتر دەزانێت و دەڵێت ئەوکۆمەلانەی خاوەنی ئابووری هاوبەش نین نابنە نەتەوە. ئەگەر تەماشای نەتەوەکانی " سیرب، کروات، و بۆسنە بکەین دەرئەکەوێت کە هەرسێکیان سرب و سلاڤن، بەڵام پێکهێنەری دینی ئەوانی بەم جۆرە لێك جیا و جیاواز کردووە، سیربی ئەرسەدۆکس، کرواتی کاسۆلیك و بۆسنەی ئیسلام بوونەتە سێ نەتەوەی جیاواز لەیەك و گەلێك توندوتیژی و دوژمنکارییان لە دژی یەکتری نواندووە. جیابوونەوەی پاکستان و بەنگلادیشی ئیسلام لە هیندستانی هیندۆس، جیابوونەوەی ئەو ئۆردوو نەژادانە بەهۆی دەسەڵاتی بەریتانیا و دینی ئیسلامەوە بۆ نەتەوەی جیاواز. لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئاست یان پێکهێنەری دینی کاریگەری گەورەی لەسەر نەتەوەکان هەیە، جیابوونەوەی ئیرلەندای کاسۆلیك لە

بەریتانیا و ئێرلەندای پرۆتستانت و جیابوونەوەی کورد و فارسی (ئاری نەژاد) لەسەر بناغەی شیعە و سوونەبوون ئەو دیاردە و دیفاکتۆیانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوشی نەتەوەیی و نەتەوەکان.

بەم جۆرە دەرئەکەوێت کە تەنانەت ئەم ئاستەش بۆ خۆی فرە پێکهێنەر و فرە ڕەهەندە و هەموو تایبەتمەندی و پێکهێنەرەکان کاریگەرن لەسەر ڕەوشی نەتەوایەتی و مەرجیش نییە نەتەوەیەك بە شێوەیەکی ستاندار و گشتی لە هەموو ئەم مەیدانانەدا کارا بێت و بەڵکو بەو جۆرەیە کە باری مێژوویی، سیاسی، ئابوری و فەرهەنگی ئەو نەتەوە چۆنی بۆ دەست بدات بەو پێیە دەتوانێت لەم مەیدانانەدا یان هەندێك لەم مەیدانانەدا، کاریگەری و دەسەلاتی نەتەوەیی خۆی پیادە بکات و دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دیسان لێکدانەوەی تاك ئاست و تاك پێکهێنەر، دەبێتە میتۆدێکی میتافیزیکی و لێکدابڕاو، هەرچەندە هەندێك لە بیروباوەڕەکان بەو جۆرە هەڵوێستیان نواندووە.

ئەم دوو ئاست و ئاسۆیە بۆ ناسین و شیکردنەوەی نەتەوە و نەتەوایەتی، دەبنە دوو ئاستی بابەتی بۆ نەتەوەکان بۆ زیاتر شارەزابوون لە نەتەوایەتی پێویست دەبێت بچینە سەر ئاستی خۆیی بوون (زاتی).

سێهەمین ئاست و ئاسۆی نەتەوە، ئەوەیە کە دەبێت نەتەوەکان لەواری تایبەتی و خودییدا توانایەك بنوێنن بۆ ئەوەی خۆیان بسەلمێنن و نەتەوایەتی خۆیان پیادەبکەن و بۆ زیاتر شیکردنەوەش پەنا دەبەینە بە بڕوای زانا و فەیلەسوفی سەدەی نۆزدەی فەرەنسی (ئێرنست رینان) کە دەڵێت" نەتەوە دەنگدانێکی بەردەوام و ڕۆژانەیە [٥]. یەکێك لەو نەتەوانەی کە بەردەوام دەنگی بەخۆی داوە، ریفراندۆمی بۆخۆی کردووە، خۆی سەلماندووە نەتەوەی کوردە، واتە ئەگەر نەتەوەیەك نەتوانێ خۆی بسەلمێنێ لەوانەیە لە نەتەوایەتی بکەوێ و یان ببێتە نەتەوەیەکی دیکە. ئازەرییەکان لە ئێران، هەرچەندە لە کورد زۆرترن، بەڵام بەرەو ئەوە دەڕۆن کە زیاتر ببنە فارس و ئێرانی، چونکە نەیاتوانیوە یان نەیانویستووە بە ئازەری‌وتورك بمێننەوە. (ئێرنست گیلنەر)ی بەریتانی دەڵێت" نەتەوە





فەرهەنگ و ئیرادەیە، واتە نەتەوە و فەرهەنگەکەی بە ئیرادە و کار دەچنە حاڵەتی کردەیی و پیادەکردنەوە. یان هەر خۆی دەڵێت کە : نەتەوایەتی نەتەوە دروست دەکات [٦] . مەبەست لەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت یان بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەتوانێت نەتەوە دروست بکات. ئەگەر چی ئەم پێناسەیە بۆ نەتەوە تاك ئاراستەیە، بەڵام هێشتا بەشێك لە راستی تێدایە و خۆیی بوون و سەلماندنی نەتەوەکان یەکێکن لە ئاستە گرنگ و چارەنوس سازەکانی نەتەوایەتی. قوتابخانەیەکی دیکە، کە بە پەیڕەوی سۆسیال دیموکراتی نەمسا(ئۆتریش) ناسراوەو لەسەر زمانی ئۆتۆباوەڕی ڕابەریان : نەتەوە بەرەنگدانەوە و بەجێهێنانی پێداویستییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابوریەکانی ئەو خەڵکانە دەزانن کە ئەو نەتەوەیەی لێ پێکهاتووە [٧]. ئەم لێکدانەوە چەپە، شیکردنەوەیەکی رادیکال لەبەرژەوەندی خەڵك و بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە نەتەوە بەیان دەکات.

تێکەڵاوکردنی هەردوو باری بابەتی(خاڵەکانی ١ و ٢) و خودی (ئاستی سێهەم) ئاستی چوارەم پەیدا دەکات، کە ئەویش ڕەوشی نەتەوەیی بوونە بەهەردوو ئاستەکانی بابەتی و خودی. لێکۆڵیاران و زاناکان دەڵێن باشترین جۆری نەتەوەیی بوون، هۆشیاریە دەربارەی خۆ و ئاگایی ئەو نەتەوەیە کە دەتوانێت چۆن و لەکام ڕێگا و بەهۆی کام لەپێکهێنەرەکانەوە (کە ئەو کاتە ئەو نەتەوەیە تیایدا بەهێزە) دەتوانێت هۆشیاری و نەتەوەیی بوونی خۆی پیادە و بەرجەست بکات. ئاگایی و هۆشیاری ئەمریکا وای کرد کە وڵات و نیشتمانی ئەمریکا لەسەر بناغەی هاوڵاتی یان هاونیشتمانی بنیات بنێن، نەك لەسەر بناغەی نەژاد و فەرهەنگ _نمونەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا_ چونکە سیاسەتی نەژادی و زمانی و فەرهەنگی دەرۆستی فرەیی‌و جیاوازی نەژادی ئەمریکا نەدەهات و بۆیە سەرەنجام لەسەر بناغەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون، ڕەوایی و فەرهەنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان وەك نیشتمانێك پێکهێنا.. هەر بەو بۆنەوە، ئەلبانیەکان وێرای جیاوازبوونیان لە بواری دینیدا و دابەشبوونیان بەسەر ئایینەکانی

ئەرسەدۆکس، کاسۆلیك، ئیسلام و تەسەوف، پەنایان بردە بەر ڕەهەند و ئاستی زمانی وەکو تاکە پێکهێنەری هاوبەش بۆ بنیاتنانەوەی نەتەوایەتی ئەلبانی، چونکە دەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە ئەلبانەکان بەسەر چەند ولات و دەوڵەتێکدا دابەش کرابوون و خاکی هاوبەشیان لێزەوت کرابوو.

ئاگایی و هوشیاری دەربارەی خۆ، وای کرد کە یەهود پاراستنی ناسنامە و نەتەوەیی بوونی خۆیان لە بواری دەسەڵاتی ماڵی و پشتبەستن بە هێزە گەورەکانی دنیا و فشار بۆهێنانیان (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و سۆڤێت) بکەنە مەیدانی سەرەکی بۆ دەنگدان بە خۆو سەلماندن و هێزپەیداکردنی نەتەوایەتی و سەرەنجام بەهۆی هەردوو پایەی دەسەڵاتی ماڵی و پشتیوانی نێودەوڵەتی توانیان لە کۆنگرەکانی زایۆنیزمدا (لە ساڵی ١٨٩٦ بەدواوە) و لەبەر ڕۆشنایی ناسیونالیزمی ئەوروپی دووبارە نەتەوەیی بوون و ناسنامەی خۆیان پەیدابکەنەوە، سەرەڕای لەدەستچوونی خاکی هاوبەش و نیشتمان، ئابوری هاوباش، فەرهەنگ و تەنانەت زمان و دینی هاوبەشیش ، گەڕانەوە بۆ خاکی باپیران و دەستیان کرد بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و دینی.. ئەوەی وا دەکات کە ڕابەران و هۆشیارانی نەتەوە هەوڵ بدەن و بزانن چۆن و لەکام ڕێگا و بەهۆی کام پێکهێنەر و ئاست وئاسۆوە دەتوانن هێز و نەتەوەیی بوونی خۆیان پیادە و بەهێز بکەن، زانستکاران و بیریارانی بواری نەتەوایەتی ناویان ناوە هۆشیاری دەربارەی خۆ، کە هۆیەکی زۆر کاریگەرە بۆ بنیاتنانی ناسنامە و نەتەوەیی بوون.

ئاستی پێنجەم و زۆر گرنگ و کاریگەرە بۆ باشترناسین و تێگەیشتنی نەتەوە و ناسنامە، ئاستی دەسەڵات یان دەوڵەتە، ئەگەر چی نەتەوە سەرچاوەیە بۆ پەیداکردنی دەسەڵات و دەوڵەت، هەر بەو ڕادەیەش دەوڵەت دیسان و سەرلەنوێ نەتەوە دروست دەکاتەوە [٨] . ڕەخنەی نوێ و پۆست مۆدێرنیزم لە هاوکێشە بەناوبانگەکەی (ئێرنست گیلنەر) کە دەڵێت: نەتەوە لەلایەن دەوڵەت یان نەتەوایەتیەوە پێکدەهێنرێت، نەك بەپێچەوانەوە ، بەو شێوەیەی خوارەوە : باشە دەوڵەت یان نەتەوایەتی لە کوێ پەیدا





دەبێت و سەرچاوەکەی کامەیە، ئایا لە وڵاتێکی دیکە و شوێنێکی دیکەوە پەیدای دەکات یان لەناو خودی نەتەوە و بە پشتیوانی ڕەهەند و ئاست و پێکهێنەرەکانەوە، دەوڵەت یان دەسەڵات پێکدێت. کەواتە سەرچاوەی دەوڵەت و دەسەڵات خودی نەتەوەیە و بەڵام دەسەڵات و دەوڵەت ئاست و ڕەهەندێکی گرنگ و کاریگەر دەبێت لە ئایندەی نەتەوەدا و سەرلەنوێ ئەو نەتەوە دروست دەکاتەوە. بیروباوەڕی مۆدێرنیزم پێی وایە کە نەتەوە یان دەوڵەتی نەتەوە بکەرێکی کۆنە لەسەردەمێکی مۆدێرندا، چونکە تەواوی پێکهێنەرەکانی ئەو بکەرە هی کۆن و پێش سەردەمی مۆدێرنن و بە پشتیوانی ئەو ئاست و ڕەهەندانەی پێش مۆدێرنیزم ئەم بکەرە پێدەخاتە سەردەمی مۆدێرنەوە. هەرچۆنێك بێت ئاست و پێکهێنەری دەسەڵات (دەوڵەت) ئاستێکی گرنگ و کاریگەری نەتەوەیە.

ئەم لێکدانەوەیەش یەکێکە لە هاوکێشە گرنگەکانی پۆست مۆدێرنیزم دەربارەی بکەرێتی (Subjectivity) و بەرکارێتی یان بابەتی بوون (Objectivity) و، بکەر و بەرکار جێگاکانیان دەگۆڕن و هەردوکیان هەم بکەرن و هەم بەرکارن و لەسەر یەك کاریگەرن [٩] .

ئاست و ئاسۆی شەشەم بۆ شارەزابوون دەربارەی ناسنامە و نەتەوەکان ئەوەیە کە زۆربەی کۆمەڵەکان لە حاڵەتی نەژادیدا ناناسرێن و کەم کۆمەڵ هەیە (مەگەر کۆمەڵە داخراوەکان و ناوچە دوورە دەست و گۆشەگیرەکان) لەحاڵەتی نەژادیدا مابێتەوە. سەردەمێکی زۆر و لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەی قوتابخانەی ئەڵمانی تێزی (دەوڵەت - نەتەوە) کرابۆوە بناغەی ڕەوایی بۆ دەسەڵاتی سیاسی و هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر کەم لە وڵاتانی گرتەوە بەڵام لەبەر دوو هۆ بوبونە مۆدێلێك بۆ ڕەوایی دان بەدەسەڵاتی دەوڵەتەکان ، یەکەم ئەوەبوو کە ئیمپریالیزمی ئەوروپی (فەرەنسی و بەریتانی) دەیویست وڵاتانی ژێردەستی خۆی وەکو (عێراق، ئێران، سوریا، ئەردەن، فەلەستین، میسر، ئەفغانستان، پاکستان... هتد)، وەکو دەوڵەتی نەتەوە بناسێنێت، هەرچەندە

هیچیان نەگەیشتنە ئاستی نەتەوەیی بوون سەبارەت بەوەی فرەنەژاد بوون و لەهەمان کاتدا هیچ مافێکی مەدەنی و شارستانیش کاری پێنەدەکرا بۆ دروستبوونی دەوڵەتی هاولاتی (کە مەبەستی ئێمە لە ئاستی شەشەمدا). دووەم هۆ ئەوە بوو، کە دەسەڵاتداران و ناسیونالیستەکانی جیهانی سێهەم (بە تایبەتی ناسیونالیزمی فارسی، تورکی، عەرەبی، ..هتد) لەژێر کاریگەری تێزی دەوڵەتی نەتەوەیی و نەژادیدا لە هەوڵی ئەوەدابوون تیۆرێك یان چەند تیۆرێك بۆ ناسیونالیزمی خۆیان پەیدابکەن و ئەم تیۆرە بووە پەتایەك و بەشی هەرە زۆری جیهانی سێ ی گرتەوە. بەڵام ئەم تێز و تیۆرەیە زۆر زوو شکستی هێنا و سەرەڕای ئەنجامی کارەساتبار و توندوتیژی لە مەیدان کرایە دەرەوە و لەلایەن تیۆر و چارەسەری ئەمریکی و فەرەنسی بۆ دەوڵەت هاوڵاتی بوون لەسەر بناغەی رەوایی مافەکان و بە پێی (راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی)پاراستنی ناسنامەجیاوازەکان دەوڵەتی هاوچەرخ پێکهات و ئاسۆیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی ناسنامە و نەتەوایەتی هاتە مەیدان و چارەسەرێکی باشتر، گونجاوتر و مرۆڤانەتر بۆ کێشەی ناسنامە لە ئاسۆدا دەرکەوت. تێزی دەوڵەتی نەتەوە، کە رەوایی دەدا بە ڕەوشی نەتەوەیی و باڵادەست کردنی فەرهەنگ و دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست (چونکە کەمترین دەوڵەتی دنیا جووتە لەگەڵ حاڵەتی نەژادی و فەرهەنگیدا) و زۆربەی وڵاتەکان فرەنەتەوەن، گەلێك کارەسات و توندوتیژی و جەنگی نایەوە و گەلێك نەتەوەی وەکو کورد، ئەرمەن، ئەمازیگ، تبت و ... هتد بەو هۆیەوە کەوتنە ژێر باری چەوسانەوەی نەتەوایەتی و فەرهەنگیەوە ..

تیۆر و تێزی هاوڵاتی دەتوانێت رێگایەکی چاکتر و گونجاوتر بێت بۆ چارەسەری کێشەی ناسنامە و مافەکان و رەواییەکی فراوانتریش بۆ دەسەڵات پێکدەهێنێت و بەم جۆرە رەوایی ئەم سەردەمە لە بیری پۆست مۆدێرنیزمدا رەوایی هاوڵاتی بوون و مافەکانی مرۆڤە و لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤدا مافی فەرهەنگی و نەتەوەیی هەموانیش بە سروشتی و پیرۆز و بەرهەق ناسراوە و ئەگەرچی ئەو فەرهەنگ و نەتەوانە





بچوکیش بن. مەرج نیە رێزگرتن لە رەوشی فەرهەنگی و نەتەوەیی هەر بە دەوڵەتی نەتەوە بێتە دی، پرۆژەی هاولاتی و مافەکان دەتوانێت باشتر و گونجاوتر کێشەی ناسنامە و نەتەوەکان چارەسەر بکات. هەرچەندە تێزی دەوڵەتی نەتەوە، تێزێکی ئایدیال (مثالی) و سەیردێتە بەرچاو ، بەڵام ئەگەری جێبەجێ بوونی لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا نایەتە دی و بەناوی دەوڵەتی نەتەوەشەوە گەلێك چەوسانەوە و کارەسات لە دژی زۆربەی نەتەوەکانی دنیا پیادەکراوە. پۆست مۆدێرنیزم، بەدوای چارەسەری مومکین و شایانی جێبەجێکردنەوەیە و پێی وایە کە پرۆژە و تێزی ئایدیال نایەتەدی و ئەگەری هاتنەدی زۆر کەمە و بەوناوەشەوە زۆر زوڵم و چەوسانەوە پەیدابووە، بەڵام دەکرێت پرۆژەی مومکین و نزیك لەبەرژەوەندی زۆرایەتی بێتە دی. تێزی هاوڵاتی، تیۆرێکی نزیکە لەبەرژەوەندی زۆرایەتی و بەدیهاتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ناسنامەکان. خاڵێکی دیکەی گرنگی پۆست مۆدێرنیزم ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوە، بەڕاستیەك (حەقیقەت) نازانێت و بەڵکو هەوڵێکە لە هەوڵەکان. تیۆری مۆدێرن و دەوڵەتی نەتەوە، وەکو راستیەك خۆی پێشان داوە، پۆست مۆدێرنێتە پێی وایە کە راستی شتێکی سروشتی نیە و بەڵکو راستی یان واقع دروست دەکرێت و زۆربەی جار دەسەپێت. بۆ رزگار بوون لەم کێشەیە، چارەسەری گونجاو و فرە و بۆ هەر کێشەیەك یان چەند کێشەیەك دەکرێت جۆرێك رێگاچارە پەیدابکەین. وێڵ بوون بەدوای چارەسەری گشتی و ئیدەئاڵ کارێکە هەرگیز ناکرێت و تەنها بانگەوازێکی بەتاڵە و لە رێگای زۆر و سەپاندنەوە نەبێت نابێتە گشتی و پیادەناکرێت .

فەرهەنگ، رەوایی و ناسنامەی سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم لە رێگای رەوایی و پیرۆزی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون وپاراستنیناسنامە جیاوازەکان پەیدادەبێت و هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێك ئەگەر مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی نەکاتە بناغە و فەرهەنگی رەوایی بوونی، لەم سەردەمەدا گومانی لێدەکرێت و ناتوانێت دیموکراسی بەرێوەبەرێت..

ئاست و بۆچوونی حەوتەم و لەسەر پرسی ناسنامە و نەتەوەکان، دەچێتە ئاستی جیهانگیری، و لەسەردەمی جیهانگیریدا دوو هەڵوێستی دژ بەیەك دەبینین، هەندێك پێیان وایە جیهانگیری نکۆڵی لە بوونی ناسنامە و نەتەوەکان دەکات و لایەنەکەی دیکەش لە هەڵوێستی نەتەوەیی و نەژادیانەوە لە دژی جیهانگیری دەجەنگن. جان جاك رۆسۆی فەیلەسوف و بیرمەند، لە زۆر کۆنەوە پێی وایە کە مرۆڤ دوو رەهەندی جیهانی و نیشتمانی هەیە و هیچ کامیان دژی ئەوی دیکەیان نیە [١٠]. لەم سەردەمەشدا جاك درێدا پێی وایە کە پێویستمان بە جیهانیبوون و نێونەتەوەییەك هەیە کە بەبێ ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندی بەرتەسك، ناسنامە و نەتەوەکان و بەرژەوەندییەکان کۆبکاتەوە و جیهانگیری بەوشێوەیەی دریدا دەبێتە ئامانجێك و ناسنامە و نەتەوەکانیش دەتوانن لەوێدا زیاتر بەهرەمەندبن [١١].

تا ئێستا توانیمان بە پێی لێکۆڵینەوە نزیکەکان لە میتۆد و بیروباوەڕی پۆست مۆدێرنیزم، مێژوو، گەشەکردن و ئاستەکانی نەتەوایەتی و ناسنامەکان باس بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین رۆشنتر باسەکەمان فۆرمۆلە بکەین پێویستمان دەبێت لەچەند خاڵێکدا کورتەی میتۆد و روانگەکان باس بکەین و ئەوجا باشتر تێدەگەین کە بیری پۆست مۆدێرنیزم بە چ شێوەیەك لە دیاردەی ناسنامە و نەتەوەکان نێدەگات"

١) پۆست مۆدێرنیزم بە پێچەوانەی مۆدێرنێتی، پێی وانیە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بتوانین راستی تەواو بەدەست بهێنین، بەڵکو هەوڵەکان و بیرەکان و روانەگەکان دەتوانن لە راستی نزیکمان بکاتەوە . هەر لەم روانگەوە، وا دەڕوانرێت کە ئەو بیر و روانگانەی کە تا ئێستا لەسەر ناسنامە و نەتەوەکان دواون نەیانتوانیوە راستی رەها بەدەست بهێنن، بەو پێیەی کە گەیشتوونەتە هەندێك راستیبەلاّم هەندێك هەڵە و کەم و کورِیشیان هەیە.

٢) نزیك بوونەوە لەراستی، پێویستی بە بیر و روانگەی جیاواز هەیە، واتە دەبێت بڕوامان وابێت لە ئەنجامی گفتوگۆ و کاریگەری نێوان روانگە و بەرژەوەندییەکان





دەتوانین لە راستینەی ناسنامە و نەتەوەکان نزیك ببینەوە. بیر و روانگەی مارکسیزم، کە ئابووری بە پێکهێنەری گرنگ و کاریگەر دادەنێت بۆ نەتەوە راستە، بەڵام ئەوەی ناراستە ئەوەیە کە مارکسیزم پێی وایە بەبێ ئابووری هاوبەش ، نەتەوەکان حاڵەتی نەتەوەییان لەدەست دەدەن. واتە روانگەی نزیك لە راستی ئەوەیە کە ئابووری پایە و پێکهێنەری گرنگی نەتەوەیە (هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوە لە راستی)، بەڵام هەموو رەوشەکە بەهۆی ئەو پایەوە پێکنایەت و نەتەوەکان لە پێکهێنەرەکانی دیکەدا دەتوانن کاریگەری و رەوشی نەتەوەییان پیادەبکەن. روانگەی نەتەوەیی یان (نەژادی)، یان ئەوەی پێی دەڵێن قوتابخانەی ئەڵمانی و ئیتالی بۆ نەتەوە پێی وایە حاڵەتی زمانی یان نەژادی دیاریکەری نەتەوەیە، ئەگەر چی ئەم رستەیە هەندێك راستی تێدایە، بەڵام راستی تەواو تیایدا بەدی ناکرێت، چونکە هەندێك نەتەوە بەزمانی نەژادی و فەرهەنگی خۆشیان قسان ناکەن و بەڵام نەتەوەیی بوون یان ناسنامەی خۆشیان پاراستووە. قوتابخانەی ئەمریکی بۆ چارەسەری کێشەی ناسنامە و نەتەوەکان لە رێگای رەوشتی (هاولاّتی)یەوە، دەتوانێت رێگا و چارەسەرێکی گونجاو بێت، نەك راستی تەواو لە رێگای بەهرەمەندبوونی ناسنامەکان. بەم جۆرە تێدەگەین کە هەموو باوەڕەکان بۆ چارەسەری ناسنامە و نەتەوەیی بوون، دەتوانن بە دەوری خۆیان بەشداری بکەن و بەڵام پەیڤین و کاریگەری نێوان ئەو باوەڕ و قوتابخانانە دەتوانێت زیاتر لە راستی نزیکمان بکاتەوە.

٣) تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی دیاردەکان، دەبێت لە چەند ئاست و ئاسۆدا تێی بگەین و ئاستەکانی بابەتی ، خودی و کاریگەرییان لەسەر یەکتر لەبەرچاو بگرین و بەو شێوەیە دەتوانین باشتر لە راستینەی دیاردەکان تێبگەین و مێژووش یەکێکە لەو رەهەندە گرنگ و کاریگەرەی کە ئەم رەوشەی تیادێتە دی.

٤) سەردەمی هاولاتی بوون و جیهانگیری نکۆڵی ناکات لە ناسنامە و نەتەوەکان، بەڵکو دەتوانێت رەوش و چوارچێوەیەکی فراوانتر بێت لە نەتەوایەتی. نەتەوایەتیش بەدەوری خۆی دەتوانێت پەیوەندی و کاریگەری خۆی لەسەر ئەو دوو دیاردە فراوانترە

(هاولاتی و جیهانگیری) هەبێت، ئێمە دەتوانین بەم نەخشە ئەو سێ دیاردەیە باشتر ڕۆشن بکەینەوە.




٥) لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەڵام هێشتا ڕێگا و ئاسۆ کراوەیە بۆ چارەسەر و ئاڵوگۆڕی کێشەی ناسنامە و نەتەوەو دەوڵەتەکان و ئاینده دەتوانێت وەڵامی بداتەوە کە ئێمە تا ئێستا لەبیر و خەیاڵماندا نیە.

پاش ئەوەی توانیمان، هەندێك زانیاری دەربارەی ناسنامە و نەتەوە و ولاتەکان لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزمەوە شارەزابین چاکتر وایە، وردتر ورۆشنتر سەبارەت بە پۆست مۆدێرنیزم و سەردەمی پۆست مۆدێرن لێکۆڵینەوە بەردەوام بکەین و بتوانین ئەو ئاسۆیە ڕووناکتر بناسین.

پۆست مۆدێرنیزم، پۆست مۆدێرن، پۆست مۆدێرنێتی:

ئەم سێ زاراوەیە لەسەرچاوەکاندا بەکارهاتووە، یەکەمیان، پۆست مۆدێرنیزم مەبەست لە بیر و باوەڕ و ڕوانگەکەیەتی و پۆست مۆدێرن ئاوەڵناو یان (سیفەتە) و پۆست مۆدێرنێتی مەبەست لە ڕەوش و هەلومەرجێکە کە لە دوای مۆدێرنێتیەوە پەیدا بووە. هەوڵدەدەین سیفاتە ئاشکرا و کاریگەرەکانی پۆست مۆدێرنیزم یەك لە دوای بناسین.





یەکەم" پێناسەیەکی گشتی بۆ پۆست مۆدێرنیزم لە ئارادانیە، بەڵکو خواست و هیوایەکە بۆ پرسیار، پرسیارێك کە لە نێو هەر وەڵامێکی گونجاودا پرسیارێکی دیکە بەرهەم دێت. ئەمە وتەی ڕوناکبیر و فەیلەسوفی فەرەنسی (جیل دیلۆز) [١٢]. ئەم ڕستەیە دوو حاڵەتی تێدا پەیدا دەبێت :

١/ ئەوەی کە لێکدانەوەیەك یان پێناسەیەکی گشتی بۆ پۆست مۆدێرنیزم نیە، هەروەکو چۆن پێناسەیەکی گشتی بۆ نەتەوایەتی، دیموکراسی، و سۆسیالیزمیش لە ئارادانیە و چەند بیر و باوەڕ و ڕوانگە لەسەر ئەو دیاردانە هەوڵ و بیریان کردۆتەوە و هەریەکەیان لە ڕوانگە و بەرژەوەندی خۆیان ئەو دیاردانەیان پێناسە کردووە. ئێمە باسی قوتابخانەی ئەڵمانی و فیختەمان کرد بۆ لێکدانەوەی نەتەوەکان، بە تەنها حاڵەتی نەژادی و فەرهەنگی کە لە زماندا بەیان کراوە، ئەگەر بێت و ئێمە نەتەوایەتی بۆ نموونە (هی کورد) لەو پێناس و تیۆرە گشتیەدا بەیان بکەین، دەبینین زۆر غەدرمان لە کورد کردوە، چونکە نەتەوایەتی کورد سەرەڕای پاراستنی زمان و فەرهەنگ تەماشادەکەین خاکی پاراستوە، کوردبوون لە ئاستەکانی بابەتی و خودیدا ماوەتەوە و بگرە زۆر جاریش گەشەی کردووە، لە مێژوودا ماوەتەوە و لە ئاستەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریشدا توانیویەتی نەتەوەیی بوون یان ناسنامەی خۆی بپارێزێت، بۆیە ئێستا تێدەگەین لێکدانەوەی پۆست مۆدێرنیزم لێکدانەوەیەکی تاك تیۆری' یان تاك میتۆدی نیەو تێگەیشتنە لە ژیان و فرەبوونی ئاست و ئاسۆکانی و بۆیەش تیۆرێك یان پێناسەیەکی گشتی یان تاك پەسەند ناکات، بەڵکو چەند ئاست و چەند بیر و ڕوانگە و چەند ئاراستە پەسەند دەکات.

خاڵی ٢/ ئەوەیە کە خواستێکە بۆ پرسیار و ئەمەش یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی پۆست مۆدێرنیزم. ئەگەر تەماشای مارکسیزم بکەین، مارکس پێمان دەڵێت: مارکسیزم زانستی تەواوە و لەچەند سەرچاوەی مارکس و مارکسیزمدا ئەمە دووبارە کراوەتەوە. باشە با پرسیار بکەین و بزانین زانستی تەواو یان Pure پاك و بێگەرد هەیە. تا ئێستا

چەند جارێك بیرو باوەڕی زانستی بە درۆ خراوەتەوە و زانستی دیکە جێگای ئەو زانستە کۆنە (بەناو راستەیان) گرتوە. ئەگەر زانستی وەکو (ماتماتیك، فیزیك، کیمیا و بایۆلۆجی) شایەنی راست کردنەوە بێت، ئەی بۆچی هەقمان نیە کە زانستی کۆمەڵایەتی چاکتر بکەین و بە پێی پرسیارە نوێکانی ژیان و سەردەم و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ئەو بیر و روانگانە بگۆڕین و پرسیارەکان دیدگا و بیرمان بەرەو چاکتر و رۆشنتر بەرین.

سەرەنجام پۆست مۆدێرنیزم و پرسیارەکانی پێمان دەڵێت: بوون کۆی تاکەکانە، و لێکدانەوەی تاك ئەندێشی یان تاك ناوەند، یان لێکدانەوەی دیاریکراو و گشتی کراو و بێپرسیار و بێگومان لە راستیدا بوونی نیە، لە هەموو ئاستەکان، ئاسۆکان، و بیرەکاندا پرسیار دوای پرسیار پەیدا دەبێت و هەقی خۆیەتی کە لەوەڵامی پرسیارەکانیش گومان بکەین. یەکێك لە قسە سەرنج راکێشەکانی فریدریك نیچە ئەوەیە کە، جیهانی پیاو جیهانی بەناو (راستییە)لە کاتێکدا جیهانی ئافرەتان، جیهانی گومانە[١٣]. بۆچی دەڵێت جیهانی پیاو حەقیقەتە، چونکە جیهانێکی بە دەسەلات و سەپێنراوە و سەرەنجام بەراستی ناسراوە. بەڵام ئافرەتان هەقیان هەیە گومان لەو بەناو راستیە بکەن و بڵێن ئەی ئێمە لەم جیهانە سەپێندراوەدا لەکوێداین. سەرەڕای گومان و جیاوازی ئافرەتان، بەڵام هەمیشە هەوڵ بۆ دەسەڵات و خۆسەلماندن لەلایەن ژنانەوە هەیە و لەبەر ئەوەی کە مرۆڤایەتی ئێستا، میتافیزیکی ئێستا و نەتوانینی ئێستا نەیتوانیوە ئافرەتانیش وەکو پیاو بەدەسەڵات بکات، بۆیە تەماشا دەکەیت کە گومان لەو وەڵام و راستیانەی پیاو، هەر بەردەوامە. هێندەی لە لاوازەکان، ستەم لێکراوەکانو پەراوێزکراوان نزیك بکەوینەوە، هێندە لە باڵا دەستەکان و بەرترەکان نزیك نین، چونکە بەردەوام لاوازەکان و ستەم لێکراواکان لە دنیای گومانا دەژین و ئەو دنیایەی کە ستەمکاران کردویانە بە هەقیقەت. بۆیە تەماشا دەکەین، کە : راستی یان هەقیقەت یان واقیع هەمیشە سەپێندراوە، ئێمە دەبێ لە دنیای گوماندا بەردەوام پرسیار بکەین و پرسیار بۆ وەڵامەو





وەڵامیش بۆ پرسیاری دیکەیە، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە هەقی خۆمانە گومان لەو راستی و واقیعە سەپێندراوانە بکەین[١٤].

دووەم" ئاستێکی تر لە ئاستەکانی پۆست مۆدێرنیزم، بۆچوونی فەلسەفی پێشمەرجی رەخنەگرتنە لە عەقڵ باوەڕی و هیومانیزمی رۆشنگەری مۆدێرنە. یەکێك لە کارە بەرچاو و دیارەکانی مۆدێرن ئەوەیە عەقلانیەتی کردۆتە دروشمی خۆی و لەم کاروانەشداگەلێك دەسکەوتی گرنگی بەدەستهێناوە، بەڵام بەبێ هەڵە ناساندنی عەقلانیەت یان ئەوەی پێیان وایە کە عەقڵەکەی خۆی پڕپڕە لە عەقلانیەت و ڕێبازەکەی خۆیان دەرۆستی هەموو شتێك دێت و چارەسەری هەموو کێشەکانی تیاپەیدادەبێت. هەڵوێستی پۆست مۆدێرن بەرامبەر بەم شیکردنەوەیە، بەم جۆرەیە" بەدەستهێنانی عەقڵ و عەقلانیەت یەکێکە لە دەسکەوتە گرنگ و کاریگەرەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام خودی ئەم دەسکەوتەش بێ عەیب و بێ هەڵەنیە و ئەمیش وەکو هەر دەسکەوتێکی دیکە شایەنی رەخنەلێگرتنە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عەقلانیەت و هیومانیزم و نەتەوایەتی و جەختی مۆدێرنیزم لەسەر ئەوەی کە نەتەوە و رەوایی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت، وەکو کارێکی عەقلانی و بێ کەموکوڕی دەناسێنێت، شایەنی هەڵەیەو بۆ ئەوە دەبێت رەخنەی لێبگیرێت. هەڵوێستی پۆست مۆدێرن، وێرای ئەوەی کە نەتەوە و ناسنامەکان دەخوێنێتەوە و بەرەسمی دەیان ناسێت، بەڵام لە هەمان کاتدا رەخنەی خۆیشی ناشارێتەوە و پێیان وایە کە ئەم چوارچێوە و رەواییە نەتەوەییەش بێ هەڵە و کەموکوڕی نیە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی کەموکوڕیەکان، کە یەکێکە لە کارەکانی مۆدێرن و نەتەوایەتی، شایانی پەسەند کردن نیە و پۆست مۆدێرنیزم بەردەوام ئەم کارانە رەخنە دەگرێت و پرسیار و گومانی خۆی ئاراستەیان دەکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەی نوێ و چوارچێوەی نوێ و گونجاوتردایە و پێی وایە کە ئەم ناسنامە و رەوایی و فەرهەنگە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە، لاوازن و مرۆڤ دەتوانێت ئاسۆیەکی نوێتر بۆ ناسنامەو

فەرهەنگی خۆی پەیدا بکات، ئەگەر چی ئەو ڕێگا و ناسنامە نوێیەش، حاڵەتی پێشو ڕەتناکاتەوە، ئەوەندە هەیە کە ناسنامەی دوایی فراوانتر و گەشەکردوو ترە.

هەوڵەکان و ئاسۆکانی پۆست مۆدێرنیزم سەرەڕای پێشڕەوی و گەشە و فراوانی، بەلام هەر پێی وایە کە هێشتا کەلێنێك بۆ نەزانین و نەتوانین هەیە، کە ئەم کەلێنە نابێتە مایەی گرفت، بەڵکو دەبێتە ئاسۆیەکی نوێ بۆ کرانەوە و گەشەکردن[١٥].

<u>سێیەم</u>“ ئاسۆ و ئاستێکی گرنگی پۆست مۆدێرنیزم، بوون کۆی تاکەکانە، ئەم وتە گرنگەی پارامێندس، فەیلەسوفی یۆنانی پێش سوکرات و ئەفلاتون، رستەیەکی گونجاو و نزیك لە راستیە، بۆ وەسف کردنی بوون و مەعریفەی مرۆڤایەتی و هەڵوێستی پۆست مۆدێرن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دەبێ لایەنگری لەوە بکەین کە (ئەفلاتون) توانیویەتی لەدژ و بەرامبەری ئەفسانەکان دەسکەوتی لۆگۆس یان (عەقڵ) بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوەی کە لۆگۆس دەکاتە ناوەند بۆ بوون یان بۆ فەلسەفە پەسەندنەکەین و لۆگۆس یەکێکە لە ئاستەکانی بوون و توانین و زانین و هەروەکو (فالۆس)یش واتە (جیهانی هەستەوەری) دەتوانێت ئاستێك بێت لەو ئاستانە. واتە بەدەستهێنان و ناسینی لۆگۆس دەسکەوتێکەی گرنگە، بەڵام لۆگۆس نەکەین بە گژ فالۆسدا، بەڵکو بتوانین ئاسۆ و ئاستێکی فراوانتر و گەشەکردووتر بێت لەو، بەبێ ئەوەی کە دژی بێت و رەتی بکاتەوە، ئێمە بە یارمەتی ئەفسانە، داب و نەریت، فالۆس و لۆگۆس دەتوانین زیاتر لە راستی نزیك ببینەوە، ئەگەر چی لەهەریەك لەوانەدا کەلێنی نەزاین و نەتوانین هەیە، کە بەهۆی ئەو کەلێنەوەزیاتر لەگەشەو فراوانی و راستی نزیك دەبینەوە.

دوای یۆنان و لۆگۆسی ئەفلاتون، رێبازی رۆشنگەری و بە وتە بەناوبانگەکەی دێکارت "من بیر دەکەمەوە، بۆیە هەم" دەست پێدەکات، بیرکردنەوە، یەکێکە لەدەسکەوتە گرنگ و مەزنەکانی دێکارت و رۆشنگەری و مرۆڤایەتی، بەڵام هەموو (بوون) لە بیرکردنەوەدا پەیدانابێت. بیرکردنەوە دەتوانێت لە بێ بیری (ئەگەر هەبێت!) و





داستان و ئەفسانە و دواکەوتوویی رزگارمان بکات، بەڵام ئەم بیرکردنەوە و رۆشنگەری و گەشەیە کە ئاسۆ و بوونێکی نوێیە، ناتوانێت ببێت بە بێ ئەوەی درێژە و فراوانی بوونەکەی پێش خۆی بێت. بیرکردنەوە ئاست و ئاسۆیەکی نوێیە لە دوای ترادیسیۆن و جەزمگەرایی و تەسکگەرایی، بەڵام هێشتا هەموو بوون لەوەدا کۆنابێتەوە، ئەوەی کە نزیکە لە راستیەوە ئەوەیە کە بیرکردنەوە بەشێکە لەبوون، بیرکردنەوە یەکێکە یان ئاستێکە لە ئاستەکانی بوون و ژیان.

بیروباوەڕی گومانخوازی فەیلەسوفی ئەڵمانی بەناوبانگ (ئیمانۆئیل کانت) کە کۆڵەکەی سەرەکی، گومانە یان (دوالیزمە) وا دەکات کە گومانخواز و گومانپەرست بێت. گومان و پرسیار، ئاسۆو ئاستێکی گرنگ و کاریگەری بوون، زانین و توانینن، بەڵام نابێت بیانکەینە ناوەند و کۆڵەکەی زانین و بوون، بەڵکو دەبێت وەکو توخمێك یان ئاست و ئاسۆیەك بیناسین، کە بێگومان گرنگ و کاریگەرن، کورتەی قسە ئەوەیە ناسین و ناساندنی گومان ئاسۆیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ زانین و بوون، بەڵام نە تاکە ئاستە و نە سەرکردەو رابەری ئاستەکانی دیکەشەو هەر بەپێی مەنتقی (بوون کۆی تاکەکانە)، دەبێت دەور و گرنگی ببینن. بەم جۆرە دەگەینە ئەو رادەیەی کە هەرچەندە دەسکەوتەکە گرنگ بێت، بەلام نابێت وابڕوانین کە ئەوانی دیکە نکۆڵی دەکات و سەرکردە و رابەری ئەوانی دیکەیە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئاسۆ نوێیەی کە هەموو ئاستەکانی ئەفسانە، دین، داب و نەریت، لۆگۆس، فالۆس، بیرکردنەوە یـدیکارت و گومانەکەی کانت پێکەوە دەتوانن بوون، زانین و توانین پەیدابکەن و لەکۆی هەموان بەگەشە و فراوانی نوێ ئاشنادەبین.

بیروباوەڕی پۆزەتیفیزم، لەلای هیگڵ و مارکس بەوجۆریە کە هیگڵ دەڵێت عەقڵی خودئاگا یان راناوی خۆهوشیار لە کاروانی مرۆڤایەتیدا خۆی ئەدۆزێتەوە و لە دەوڵەتی نەتەوەیی و جەرمانیدا بە پلەی رەهای خۆی دەگات. لای مارکس، ئاگایی چینی کرێکار یان هۆشیاری کرێکاری پێشڕەو و سەنعەتی کە بەپلەی رێکخراوی و حیزبی خۆی دەگات

و لە ڕێگەی حکومەتی کرێکاری و سۆسیالیستیەوە بە کۆمۆنیزمێکی تەواو یەکسان و بێ دەرد و بەڵا دەگات. ئەم کاروانە پۆزێتیفستانە هەردوکیان، کە کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر گومانخوازی و گومانپەرستی کانت، دەسکەوتێکی گرنگی بەدەستهێنا کە عەقڵی خود ئاگاو تێکۆشەرە، بەڵام بەدڵنیایی یەوە ئەم عەقڵە هۆشیار و خەباتکارە بێ هەڵە و کەموکوڕی نیە، ئاستەکانی دیکە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەری هەڵە و کەموکوڕیەکان، کە بێگومان یەکێك لەو ئاستانە، ئاستی گومانەکەی کانتە، واتە ئەوەی کە خۆیان ڕەتیان دەکردەوە. ئەگەر تەماشابکەین کاروانەکە بەم شێوەیە دەرئەکەوێت:

لەلای ئەفلاتون لۆگۆس دەکرێت بەگژی فالۆس کە هێمای ئەفسانە، هەست و دابونەریتەکانە. لەلای دێکارت" من بیردەکەمەوە بۆیە هەم، بیرکردنەوە دەکرێتە بەردی بناغەی بوون. لەلای کانت گومان دەکرێت بەگژ بیرکردنەوە و بووندا و گومانپەرستی دەکرێتە ڕێباز و پیرۆز دەکرێت. لەلای هیگڵ و مارکس پۆزەتیفیزم لەدژی گومانخوازیەکەی کانت دەبێتە ڕێبازی پەیداکردنی بوون، زانین و توانین و قوتابخانەی فرانکفۆرتیش بەهۆی ڕێبازی ڕەخنەیی و نێگەتیفیزم دەست دەکەن بە ڕەخنەگرتنی پۆزەتیفیزمی هیگڵ و مارکس و دەگەنە ئەو ڕادەیەی کە گشتی بوون نیە و ئەوەی کە ڕەسەنە تەنها ئازادی فەردی و ناوەکی مرۆڤە و فەلسەفەی ڕەخنەیی دەکەنە ناوەند و سەرکردەی ئەوانی دیکە.

دەرکەوتنی قوتابخانەو فەلسەفەکانی بونیادگەرایی، فۆرمالیستی روسی، نیشانەگەرایی یان نیشانەناسی و دیاردەناسی و دوایی دەرکەوتنی هەموو پۆستەکانی بونیادگەرایی، پیشەسازی، مارکسیزم، و دیاردەناسی و ...هتد. دەرکەوتنی هەریەك لەم فەلسەفە و ڕێبازانە بۆ خۆی دەسکەوتێکی گرنگی بوون، زانین و توانینە و هەریەکێکیان ئاست و ئاسۆیەکی نوێتر و فراوانتری بۆ کەشە و ڕزگاری و ئازادی مرۆڤایەتی پەیداکردووە. بەڵام ئەوەی جێگای ڕەخنەیە و بۆ پەسەندکردن نابێت ئەوەیە،





کە هەریەك لەمانە ئەوەی پێش خۆی ڕەد دەکاتەوەو نووکی ڕەخنە و تەنانەت دوژمنایەتیشی کردۆتە ڕێبازەکەی پێش خۆی، کە زۆربەی جار مامۆستایانی پێشو پەروەردەکاری ئەوانەی دوایی بوون.

هەڵوێستی دروست، کراوە و فراوانی پۆست مۆدێرنیزم و بە پێی بنەمای (بوون کۆی تاکەکانە)، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بوون، زانین و توانینی مرۆڤایەتی لە ڕێگای ئاست و ئاسۆ و بیرەکانی" ئەفسانە، دابونەریت، هەستەکان، بونیاد، بیرکردنەوە، عەقڵ، زانست، دیاردەکان، نیشانەکان، فۆرمالیزم، گومان، پۆزەتیفیزم، فەلسەفەی ڕەخنەیی(نێگەتیفیزم) و شتی دیکەش پەیدا دەبێت و هەموو ئەمانەش بەشێوەی ئاسۆیی نەك ستوونی بەشداردەبن لە بنیاتنانی بوون، زانین و ژیاندا و بەڵام هێشتاش کەلێنێك بۆ نەزانین و نەتوانین هەیە کە نابێتە مایەی گرفت و داخستن، بەڵکو دەبێتە هۆیەك بۆ کرانەوە و زانین و توانینی زیاتر و فراوانتر، کەواتە سەرباری هەموو ئەو توخم و ئاست و ئاسۆیانە دەبێت نەزانین و نەتوانین زیادبکەین و بەم شێوەیە زیاتر دەتوانین لەوە نزیك ببینەوە کە (بوون کۆی تاکەکانە)[١٦].

بە بڕوای من ڕوانگەی فکری (بوون کۆی تاکەکانە)، سەبارەت بەمەسەلەی ناسنامە و نەتەوەکان بەجۆرێك دەبێت کە ڕەوشی هاوڵاتی کاتێك سەرچاوەی ڕەوایی و فەرهەنگ دەکاتە مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی و بەهرەمەندبوون لە مافی ناسنامە جیاوازەکانی وڵاتێك لەو ڕوانگەوە دەبێت کە بوونی وڵاتێك لە ئەنجامی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافی تاکەکان، مافی هاوڵاتی بوون و پاراستنی ناسنامەکان دەتوانێت کۆی تاکەکان بەدی بهێنێت. جیهانگیریش ئەگەر بەشێوەی کۆی ناسنامە جیاوازەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بێتە دی، بێگومان هەمان ڕوانگە پەیدا دەبێت.

ئاست و ئاسۆی چوارەمی پۆست مۆدێرنیزم، ئەوەیە کە بزوتنەوە و هەلومەرجی ژیانی گۆڕاوە، چەند شێوە و بێناوەند. هیچ دەقێکی تایبەتی یان کۆمەڵە دەقێك ناتوانن

بن بە قسەکەر و ئالاَ هەڵگری راستینە و هەموو دەق، هەوڵ و پرۆژەو بیروباوەڕەکان دەتوانن لەراستی نزیك ببنەوە، بەڵام هیچیان تاك نوێنەری راستی پاك و پوخت نین، "ئەگەر چی خودی ئەو باوەڕانە بەو شێوەیە خۆیان ناساندوە" . بزوتنەوە و هەلومەرج و دیاردە کۆمەلاّیەتیەکان راستیەکی سروشتی و بێ هەڵە و کەموکوڕی نین و بەڵکو هەردیاردەیەك یان راستیەك دروستکراوە و بۆ ماوەیەك دەتوانێت بسەپێت یان ببێتە واقیع.

بیرو لێکدانەوەی تا ئێستا دەربارەی هەردیاردەیەك یان بزوتنەوەیەك و لەناویاندا نەتەوایەتی، تەنها ئەوە نین کە بەیانێك بێت لە دید و بەرژەوەندی نووسەرەکان و نوێنەرەکانیان، بەڵکو دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو بیر و باوەڕانە تا ڕادەیەك توانیویانە و دەتوانن رەهەندێك یان ئاراستەیەك بن لە راستی، نەك هەموو راستی. ئێمە بۆیە لێکۆلینەوە و وتارەکان دەخوێنین، بۆ ئەوەی نزیك بینەوە لە راستی، هەرچەندە ئەو گەیشتنە بە ڕێگایەکی راستەوخۆش نەبێت. بیرو روانگەکانیش بەدەوری خۆیان دەتوانن بزوێنەر و هەژێنەری مێژووبن و هەربە تەنها بەرئەنجامی گۆڕان و دیاردەکان نین. ئەبێ ئەوە بزانین کە هەموو شت یان هیچ شت لەو وتارانەدا پەیدادەبن یان نابن، بیرێکی هەڵەیە. هێزە کۆمەلاّیەتیەکان، بیرەکان و گەلێك هۆکاری دیکە مێژوو دروست دەکەن. بەڵام وتارەکان وادەکەن کە کارەکان گونجاوبن و پاشان هەرئەوانیش هەوڵ دەدەن کە لەلایەن خەڵکەوە قبوڵ بکرێن.

هەر لەم روانگەیەوە، نەتەوایەتی یان هاولاّتیبوون تەنها دەتوانێت کارایيەکی کاتی بێت و بەهاکەی نرخێکی رێژەیی و مێژووییە. نەتەوایەتی کاتێك کە لە خزمەتی ئازادیدا بێت زۆر باشە و خراپیشە کە کاتێك دەکەوێتە خزمەتی زۆرداری و هەلاّواردنەوە. ئەوانەی کە بەشێوەیەکی رەها دەکەونە ژێر کاریگەر و بانگەوازی نەتەوایەتی یان هەردیاردە و دیدگایەکی دیکە، هزر و ئاسۆیان دادەخرێت، چونکە خزمەتی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکان ئامانجن، نەك دیاردە و دیدگاکانی ئەو کاروانە.





پێنجەم" رەنگدانەوەی دروست یان راستینە (حقیقی) ئەو چەمکە میتافیزیکە کۆنانەن کە لەلایەن رەخنەگرانی پۆست مۆدێرنەوە خراونەتە بەر رەخنە. راست بوون و واقعی بوونی هەر شتێك یان دیاردەیەك پەیوەندی بە رەوایی بوونەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە هێز و ئیرادەی هێزدارەوە هەیە. دامەزراندنی راستی یان هەق لە واقعدا پەیوەندی بە پێویستی دامەزراندنیەوەیە لەلایەن هێزەوەهەیە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بخەینە نێو دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) دەبێت بەهێزبین. سەپاندنی یان راست بوونی نەتەوایەتی، سۆسیالیزم، لیبرالیزم و ئايین هەموویان بەو شێوەیە بوون، نەك بەهۆی ئەوەی کە نوێنەری هەق یان باشترین نوێنەری هەقن، ئەوان بەهۆی هێزەوە خۆیان کردۆتە نوێنەری هەق و زۆر جاریش لە هەولّی ئەوەدا بوون وەکو باشترین نوێنەری هەق و رەوایی بناسرێن.

زانا و فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی "فۆنتین" دەڵێت" "راستی مامۆستایەکی توند و تیژ و سەرکوتگەری هەیە کە ئەویش دابونەریتەکانە. ئەوەی لەناوماندا وردە وردە و بە ئەسپایی هێزی خۆی بلاّودەکاتەوە، بەڵام هەر بەهۆی ئەم سەرەتا نەرم و نیانەوە، پاش ئەوەی کە چنگی گیرکرد و بە یارمەتی کات، ئنجا رووە توند و تیژەکەی خۆی دەرئەخات و نایەڵێت تەنانەت لەبەرامبەریدا چاویش بلّند بکەین"[١٧]. (تۆدۆرۆف) زانا و فەیلەسوفی بولگاری، فەرەنسی زمان دەڵێت" "هەر بەو شێوەیە گەڕانەوە بۆ راستی (نەتەوایەتی وەك راستیەکی پێشوەخت —ئە. م-) و عەقڵ گرفتێکی زۆرمان بۆ دروست دەکات. ئەی چۆن دەتوانین ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لە راستی داسەپێنراو بدۆزینەوە. بێگومان لە ڕێگەی ئازادی، نەك لە ڕێگەی لێکدانەوەی راستیەکانی پێش وەخت. ئەوەی وا دەکات مرۆڤ بتوانێت هەموو ناوەڕۆکەکان (ئازادی، نەتەوایەتی، یەکسانی، مرۆڤایەتی، سێکس و ئايین) لە خۆیدا پەیدا بکات، ئازادی هزر و ئەندێشەیە، نەك تەنها خودی عەقڵ و بیرکردنەوە. هەر ئەمەشە وا دەکات کە سروشتی مرۆڤانە و گشتی بوونی مرۆڤ بتوانێت دەستی بەهەموو لایەك رابگات"[١٨].

شەشەم“ فرەیی بوونی جیهان، ئاشوبێکە کە دەبێتە مایەی رزگاربوون و ئازادی زیاتر، ئەم وتە گرنگە هی (جیانی فاتیمۆ)یە [۱۹]. یان (ئێرنست رینان) دەڵێت“ دابەشبوون مەرجی ئازادییە(۲۰). بیروباوەڕەکانی عەقڵانیەت، سۆسیالیزم، نەتەوایەتی و ئایینی و هەندێك جاریش لیبراڵەکانی نزیك لەبەرژەوەندی سەرمایەداری، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە چەمکی یەکێتی و میتافیزیکی یەکبوون، بکەنە راستیەکی سەپێندراو و لەم رێگایەشدا بەشی هەرە زۆری بیر و فەلسەفەی دنیا وایان پێشان داوە کە بەردەوام ئامانجیان یەکێتی و یەکبوون بووە و بێگومان هیچ کەمتەرخەمی و کەموکوڕیەکیان بۆ بەڕاست پێشاندانی نەنواندووە. یەکێك لەو دیاردەو چەمك و فەلسەفانەی کە بەناوی یەکێتیەوە دەدوێن، دیاردە و دیدگای نەتەوایەتیەو دەیەوێت بەهۆی هاوزمانی، هاونەژادی، هاونیشتمانی، هاودەسەڵاتی و هەندێك جاریش هاوئاینیەوە، بەرژەوەندی دەسەڵات و چینی دەسەڵاتدار بکاتە روانگەیەك بۆ یەکێتی و هەر لەو رێگایەشەوە بوارنەدان بەداوا و بەرژەوەندی و ئازادییەکانی دیکەی بەدەر لەم بەناو یەکێتیە.

تەنانەت رەهەندی عەقڵانی لیبرالی و دیموکراسیش دەیەوێت سیستەمی نوێنەرایەتی وەکو تاکە نوێنەری یەکێتی و هاوبەرژەوەندی بناسێنێت و بەیارمەتی رەهەندی ناسنامە (نەتەوایەتی یان هاوڵاتی)، خۆی وەکو نوێنەر و بەرجەستەکەری یەکێتی نەتەوەو وڵات دەناسێنێت و بێگومان ئەمەش بەراستی لەقەڵەم دەدات و هەرچیشی بۆ بکرێت لەم پێناوەدا درێغی ناکات. ئەوەی کەوادەکات ئەم درۆ و میتافیزیکەی یەکێتی و یەکبوون و هاوبەرژەوەندی سەرنەگرێت، رەهەند و دەسەڵاتی ئازادیە کە توانیویەتی مافەکانی مرۆڤ، مافی تاك و هاوڵاتی بوون وەکو بناغەیەك بۆ فرەیی و کۆدەنگی و کۆبەرژەوەندی رێگربێت لە پێشێل کردنی مافەکان بە ناوی یەکێتی و هاوبەرژەوەندی، چونکە یەکێتی و هاوبەرژەوەندییە تەنها دیدگا و بەرژەوەندی دەسەڵات و نوێنەرەکانیەتی و لەبەر ئەوەی کە هەرگیز بەرژەوەندی تاکەکان وەکو یەك نین، بەڵام دەکرێت رەوش و حاڵەتێکی





کۆدەنگی و کۆبەرژەوەندی و کۆبیری بکرێتە چوارچێوەیەك بۆ ناسین و پێدانی ماف و پاراستنی ناسنامەکان.

وێرای جیاوازی و فرەیی مرۆڤایەتی و ناسنامەکان، دەتوانین لە رێگای دیموکراسی و ئازادییەوە، رەوش و بارێکی کۆدەنگی و کۆبەرژەوەندی بەدەستبهێنین و ئەگەر چی ئەو هەلومەرجەش کاتی بێت، چونکە هەرگیز چارەسەری ئەبەدی و نەگۆڕ نیە و کات بەردەوامە و گۆڕان هەموو کات و هەموو رۆژەیە. کات مانا و راستی تازە و نوێ بەرهەم دەهێنێت، مانای نەگۆڕ و تاك مانا وەهمێکی ئاشکرایە، دیسان راستی کۆمەڵایەتی شتێك نیە کە خۆی هەبێت و کەشف بکرێت، بەڵکو راستی یان کۆبەرژەوەندی (سەردەمی دیموکراسی) شتێکە کە لەکات و سەردەمی جیاوازدا بەردەوام دروست دەکرێت[۲۱].

فرەیی بوونی جیهان وامان لێدەکات کە باوەڕ بەو حیکایەتە گەورانە نەهێنین کە دەڵێت“ چارەسەری هەموو دەردێکمان پێیە و هەوڵی شکاندنی کۆڵەکە و ناوەندەکانی دنیا و بیرکردنەوە و بوونی تا ئێستا بدەین و هەڵوەشانەوە و بنیاتناتی سەرلەنوێ ( De construction) بکەینە رێبازی کار و رەخنەی ئایندەمان بۆ گومان لە جەوهەر، پیرۆز و راستی نەگۆڕ و باوەڕنەبوون بە چەمکە پێشوەختەکان و هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەرکەوتنی مانا و بوونی تازە و فەرامۆشکراو. سەرەنجام یەکێك لە ئاسۆ و ئاستەکانی بیر و رەخنەی ئایندەمان دەبێتە گومان و رەخنە و پرسیار لە وتاری باڵا دەست (Transdental) و بەڵگەنەویست و هیچ کام لەم تاکانە ناوەند و باڵادەست و بەڵگەنەویست نین. ئاسۆی پۆست مۆدێرن دەربازبوونە لە جیهانی تاك مانا و تاك تیۆر و تاك میتۆد، یان هەروەکو جاك دریدا دەڵێت“ "لەکاتی نائامادەیی مانا، چۆن دەتوانرێت لەیەك (تیۆری) یان تەنانەت یەك (چەمك)دا چەق ببەستین.".

ئاست و ئاسۆی حەوتەم“ خەباتی پۆست مۆدێرنە بۆ ئازادی زیاتر و فراوان بوون. ئەم خەباتە بەهەمان شێوە دژی سەرمایەداران، سەرکوتگەرانی نەتەوەیی و دینی، پیاوانی

چەوسێنەرانی ئافرەتانە . خەباتی پۆست مۆدێرنیزم لەدوو بەرەدایە، لەلایەك دژی خۆفریودانی مۆدێرن (بە ناوی عەقڵ باوەڕی و خودئاگاییەوە) و لەلایەکی دیکە لە دژی جەزم گەرایی و راوەستاوی پێش مۆدێرن .بۆ تێگەیشتن لە کێشەی (نەتەوایەتی و مرۆڤ) و (نەتەوایەتی و ئازادی)، وامان لێدەکات لە گشتەوە دەستپێبکەین، هەرچەندە لەوانەیە بەو گشتی بوونەی مرۆڤ نەگەین، بەڵام ئازادی مرۆڤ و مانای مرۆڤ و تێگەیشتن و بینینی پێویستە بۆ لێکدانەوەی مافەکان و تایبەتمەندییەکانی ناسنامەکان، پاشانیش دەبێت ئەوە بزانین کە مرۆڤایەتیش لەکۆی نەتەوە و ناسنامەکان پەیدادەبێت. سەرەنجام ئازادی و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی وامان لێدەکات کە مافەکانی گشت مرۆڤ و تاکەکان بکەینە سەرچاوە بۆ فەرهەنگ و رەوایی و تەنانەت (ناسنامەش)، بەڵام هەر لە روانگەی ئازادییەوە دەبێت هەلومەرج و تایبەتمەندی ناسنامە جیاوازەکانیش لەبەرچاوبگرین.

(تزفتیان تۆدورۆف) لە کتێبە گرنگەکەیدا (ئێمە و ئەوان)، کە بەشێکی گرنگی بۆ ئازادی و ئاسۆی رزگاربوون لە بێ مافی و ناسنامە تاك رەهەند و نەگۆڕەکان داناوە، لەسەر زمانی مۆنتسکیۆ و رۆسۆ ستایشی ئازادی بەم جۆرە دەکات" "ئاژەڵەکان بەتەواوی ملکەچی یاساکانی سروشتن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت یاساکان بگۆڕێت و چارەنووسی خۆشی باشتر بکات و ببێتە بکەرێکی ئازاد. ئەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەك جیادەکاتەوە (عەقڵ) نیە، بەڵکو ئازادییە. مرۆڤ ئامادە نیە کە حەتمیەتی سروشت و کۆمەڵایەتی کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن، پەسەند بکات. لە کاتێکدا ئاژەڵەکان لەژێر بەزەیی سروشتدا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن".

## بیروباوەڕەکانی ( ئالان تۆرین ) سەبارەت بە نەتەوایەتی :-

فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسیئالان تۆرین، کە هەندێك کەس بە پۆست مارکسیست دەیناسێنن، هەندێك بیروباوەڕی سەبارەت بە نەتەوایەتی هەیە و رەخنەکانی ئەو لە پەیوەندی نێوان مۆدێرن و نەتەوایەتی بە ئاشکرایە و هەرچەندە ئەو لەو کەسانەیە





کە پێی وایە سەردەمی مۆدێرن کۆتایی نەهاتوە و ئەویش وەکو یۆرگن هابرماس بڕوای بەوەیە کە دەبێت ریفۆرم لەناو مۆدێرندا دەست پێبکەین. بەهەر حاڵ کورتەی باوەڕەکانی ئەو سەبارەت بە نەتەوایەتی بەم جۆرەیە:

١) فرەیی نێوان نەتەوەکان و مرۆڤایەتی پەسەند دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا دیاری کردنی ناسنامەی مرۆڤ بەهۆی نەتەوایەتی بەشتێکی کەموکورت و هی رابردوو دەزانێت، چونکە مرۆڤی ئەم سەردەمە مرۆڤێکی فرەرەهەند و فرەناسنامەیە. تۆرین پێی وایە کە رەهەندی ناسنامەیی دەوڵەتەکان و دیموکراسی دەبێت لە نەتەوایەتی دەربازی بێت و بەرەو فەرهەنگی هاوولاتی هەنگاو بنێت[٢٣].

٢) تیۆری و پراکتیکی مۆدێرن لەهەمان کاتدا کە دەیانەوێت بەیان و رەوایی بدەن بە کۆمەڵی نەتەوایەتی، دەبنە دەرخەری ئاستەنگی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خودی مۆدێرنێتی. سێکس، نەتەوایەتی، قازانج و پێداویستیەکانی بەکاربردن (الاستهلاك)" ئەو هێزانەن کە دەبنە هۆی پەیدابوون و پەیوەندی نێوان رەهەندەکانی مرۆڤ و رەوایی و فەرهەنگ و پاشان هەرخۆشیان دەبنە هۆی ناکۆکی نێوان کۆمەڵگەی مۆدێرن و پیشەسازی.

٣) نەتەوە ئەو شێوە سیاسیە تازەیە کە لە جێگای کەلەپورو دابونەریت و امتیازاتی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، بوارێکی نەتەوەیی (یان نیشتمانی) دەسەپێنێت کە بەرئەنجامی یاسای هەڵێنجراوە لە بنەماکانی عەقڵ. هەر بەو شێوەیەش دامەزراوەی بەرهەمهێنان و یاساکانی بازار دەبنە پایەیەکی دیکەی گرنگی مۆدێرنیزم. بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ بەکاربردن و بەکارهێنان (الاستهلاك) هەتا دەتوانێت لە چوارچێوەی پێشوەخت دانراوی بەها رەمزییەکانی فەرهەنگ و خاوەنداری، خۆیدەرباز دەکات و دەبێتە کەلێنێك بۆ ئازادبوون لە دەسەڵاتی نەتەوە ، فەرهەنگ ، دامەزراوەی بەرهەمهێنان و تەنانەت زۆر جاریش دەربازبوون لە دەسەڵاتی سێکس و فەرزکردنی سێکس[٢٤].

٤) نەتەوە شکڵی سیاسی مۆدێرن نیە، بەڵکو بکەری سەرەکی مۆدێرن کردنە بەو مانایەی خۆی بکەرێکی مۆدێرن نیە، کە مۆدێرنە پێك دەهێنێت و لەهەمانکاتدا دەیەوێت دەسەڵاتی خۆشی بسەپێنێت بەسەر پێکهێنەرەکانی دیکەی مۆدێرنەدا.تەواوی پێکهێنەرەکانی نەتەوە" (زمان، خاك، فەرهەنگ، دابونەریت، دەسەڵات و ئابووری) هی سەردەمی پێش مۆدێرنن و لە ئەنجامی کار و هاوبەش بوونی ئەو رەهەندانەوە، رەوشێك پێکدێت کە بەنەتەوایەتی دەناسرێت. بۆیە هەقی خۆیەتی کە بڵێین بەردەوام بوونی سەردەمی پێش مۆدێرن و سەردەمی مۆدێرنە[٢٤]. کاتێك کە رەخنە لە ئێرنیست گیلنەر و ئەریك هۆبزباوم دەگرێت، هەر بەو بۆنەوە دەڵێت" گیلنەر و هۆبزباوم لەسەر هەق بوون کاتێك کە دەڵێن نەتەوایەتی کارێکە لەسەرەوە دەکرێت و بەهۆی دەسەڵات و دەوڵەتەوە، بەڵام لەوەدا هەڵەن کە نابینن خودی دەسەڵات و دەوڵەتیش لەسەر بناغەی مێژوو و تایبەتمەندیەکانی پێشو بۆ پێکەوەنانی هێز لە پێناوی دروستکردنی رەوشێکی نوێ کە ناوی نەتەوایەتیە، دروستبوون.

### لێکچوون و جیاوازی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە دیدگای تۆدۆرۆف

بیرمەند و کۆمەڵناسی فەرەنسی ترفتیان تۆدۆرۆف چەند ئاستێك بۆ چوونیەکی و فرەیی نێوان مرۆڤایەتی و پەیوەندی بە پرسی ناسنامەوە، بەم شێوەیە باس دەکات:

ا/ بوونی نەژادەکان: لەدایکبوونی مرۆڤەکان هەرچەندە لەناو نەژادێکی دیاریکراودایە، بەڵام هەموو کەس بەتەنها بە مرۆڤی لەدایك دەبێت، واتە ساتی لەدایکبوون کەس کورد یان فارس یان ئنگلیز نیە، مەبەست لە دایکبوونی بایۆلۆجییە.

ب/ پەیوەندی نێوان بایۆلۆجی و فەرهەنگی و ئاکاری: هەرچەندە ناسنامەکان بناغەیەکی نەژادی و بایۆلۆجی هەیە، بەڵام ناتوانرێت ناسنامەکان بە شێوەیەکی نەژادی لێك بدرێتەوە، یان تا ئێستا نەتوانراوە پەیوەندی نێوان بایۆلۆجی و فەرهەنگی





بسەلێنرێت. سەرەنجام ناساندنی ناسنامەکان ئاسۆی فەرهەنگی بۆ دەکرێتەوە، واتە ناسنامە نە بایۆلۆجییە و نە نەژادییە، بەڵکو رەوشێکی فەرهەنگیە.

پ/ کاریگەری کۆمەڵ و فەرهەنگ لەسەر تاك (خود): دیاریکردنی هەڵسوکەوتی تاك لەلایەن چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دیاریکراوە، کە حاڵەتی نەتەوایەتی دەتوانێت کاریگەربێت لەسەرتاکەکان.

ت/ ریزکردنی تاکانەی بەهاکان: ناسنامە و نەتەوەکان بەهاکانی خۆشیان لەبەهاکانی ئەوانی دیکە بە باشتر دەزانن واتە ریزکردنێکی تایبەتی بۆ بەهاکان دادەنێن کە بێگومان بەهاو ناسنامە و نەریتەکانی خۆیان لەهی ئەوانی دیکە بە باشتر دەزانن، ئەگەر بە باشترینی نەزانن.

ج/ ناسنامە و نەتەوایەتی سیاسەتێکی پشت بەستووە بە بیرو ئایدیۆلۆجیا : لە ا — ت ئەو خاڵانەن کە نەتەوە و ناسنامەکان پشتی پێدەبەستن بۆ بوونی یان سەلماندنی راستی و واقیعی بوونی خۆیان. بەڵام خاڵی پێنجەم (ج) دەیەوێت سیاسەتێك پەیرەوبکرێت کە ژیان واپێشان بدات کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەو خاڵانەدا، واتە بوونی فیکر و مەعریفەیەکی دیاریکراو کە دەبێتە نەتەوایەتی[٢٥].

**جان فرانسوالیوتار** (١٩٢٦ ـ ١٩٩٥) مامۆستای فەلسەفە، بەناوبانگترین شێوەو دیدگای فەلسەفی دەربارەی پۆست مۆدێرنیزم لەساڵی **١٩٧٩** لەکتێبی (هەلومەرجی پۆست مۆدێرن: راپۆرتێك دەربارەی زانست) خستەڕوو. ئەو نامیلکەیە راپۆرتێك بوو بۆ شورای زانکۆکانی هەرێمی کیوبك (کانادا) کە لەوێدا پۆست مۆدێرنیزم وەکو بێ باوەڕی بەرامبەر بە (حیکایەتە گەورەکان) دەناسێنێ. ئەو حیکایەتە گەورانەی کە تا ئێستا دیدگای زاڵو رەسمیە دەربارەی جیهانو هەر لەو رێگایەشەوە جیهانو وڵاتانیان کۆنترۆڵ کردووەو بوونەتە گوتاری رەسمی وڵات، نەتەوەو چینەکان. لیوتار باس لەوە دەکات کە (یاری زمانەوانی) ـ زاراوەیەك کە لە فیتگنشتاینی وەرگرتووە ـ کۆمەڵایەتی ئێمە چیدیکە نیازی بەو حیکایەتە گەورانە نییە بۆ ئاڕاستەکردنی بیروڕاکانمان. یان

بەزمانێکی سادە، فەرهەنگی پۆست مۆدێرن بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەڕەوایی لەدەرەوەی بەرژەوەندی یان ئامانج نییە. لیوتار زانینو بیر بەهۆی زانستو گوتاری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ناپەیوەستی، فرەییو جیاوازیو هەڵە (ئەو ئەنجامانەی کە لەلایەن مەنتقەوە بەناڕاستو نائاڕاستە وەسف دەکرێن) شیدەکاتەوە. چەمکەکانی مۆدێرنیستی حەقانیەت ، ڕەوایی، سیستەم، ڕێنما، و یەکێتی زانستو بیریاری چیدیکە لەلای ئەو شایستەو پیرۆزنین[٢٦].

نەتەوایەتیو دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە یان نیشتمان، یەکێکن لەو حیکایەتە گەورەو جیهانیو زاڵانەی کە هەموو وڵاتو دەوڵەتەکان لەسەر ئەو بنەمایە یان ئەو حیکایەتە دامەزراون، کە جۆرێك لەئەبەدییەت بۆ بەردەوامیو وێناکردنی خۆیان بەیان دەکەن. فەرهەنگو زاراوەو دیدگاو خەیاڵەکانی ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی نەتەوە، بەیارمەتی زمانو ستاندارد کردنی زمانو بژارکردنی فەرهەنگو زاڵکردنی ئەو فەرهەنگە بەناوی نیشتمانو هاووڵاتی، ئەو یارییە زمانەوانیانەن، کە ناسیۆنالیزمو دەوڵەتی ناسیۆنالیستی دەیانکاتە شێوەیەکی باڵاترو خاوەن ئیمتیاز لەبەرامبەر فەرهەنگەکانی دیکە (لیبرالیزم، سۆسیالیزم، ئایین) یان لەبەرامبەر فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە. فەرهەنگو بیری پۆست مۆدێرن، بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەڕەوایی نەتەوەکانو دەوڵەتەکانیان نییە، وەکو ڕەوایی گشتیو بەرژەوەندی گشتی، بەڵکو ئەم ڕەواییە جۆرێکە لەبەرژەوەندی چینایەتیو شێوەیەکە لەبەرهەم هێنانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگی. سەنگەری لیوتار یان پۆست مۆدێرنیزم لەبەرامبەر حەقیقەتو ڕەوایی، زانستو دیدگای ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی خەڵکە کە پەیوەست نییە یان (مانعة الجمع)ن لەگەڵ ڕەوایی نەتەوەییو سیاسەتو فەرهەنگی دەوڵەتی نەتەوە، کە لەوێداو لەلایەن تاکەکانەوە فرەیی، جیاوازیو تەنانەت هەڵەکانیشیان لەبەرچاو دەگرێتو تاك مافی خۆیەتی، یان دەتوانێت بەو جۆرە وێنای مافی خۆی بکات کە فرەو جیاواز بێت لەفەرهەنگو دیدگای ڕەسمی نەتەوە. چەمکەکانی مۆدێرنیتی (حەقانیەت،





ڕەوایی، سیستەم، ڕێنما، و یەکێتی زانستو بیر) کە بێگومانو بەتەواوی هەمان دیدگاو چەمکی ڕەسمی نەتەوایەتین، لەهەلومەرجی پۆست مۆدێرنیزمدا لەمەودوا شایستەو پیرۆز نین، بەڵکو هەقی خۆمانە گومانو پرسیار لەماهیەتی ڕاستەقینەو بەرژەوەندخوازی ئەوان بکەینو ئێمەش لەبەرژەوەندیو ئامانجی خۆمانەوە ئەو دیاردەو چەمکانە مامەڵە بکەین. ((بەدبینیو گومانی لیوتار بەرامبەر مەعریفەو شوناسی دامەزراو یان نیهاد کراو، چاودێریو کۆنترۆڵی بیروکراتیکی ئەو مەعریفەو شوناسە بەسەر هەلومەرجی بیرکردنەوەو تێڕاماندا لەڕەخنەکانی ئەو سەبارەت بە (پاشکۆیەتی ناچاری ناوەڕۆکی فەرهەنگو پەیوەندی پەروەردەو فێرکردن بۆ چەمکە ئابوورییەکانی بەرهەم هێنانو بەکاربردن) دەبینرێتو پۆست مۆدێرنیزم دیدگاو فەلسەفەیەکە، کە کەلێنی نێوان وەسفی ئەزموونکاری کۆمەڵناسیو شیکردنەوەی فەلسەفی فراوانتر دەکات))[٢٧].

مۆدێرنیزم بناغەی بابەتی بوون بۆ زانستو عەقڵانیەتی ڕەوایی بەخش بەپێویستو ناچاری دەزانێ. و لەواری مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیشدا دیدگا مۆدێرنەکانی هەقو ڕەوایی باس لەبناغەی بابەتی بوونو ڕاستەقینەبوونی ئەو بنەما بابەتیانە دەکەن. تەواوی بیروڕاو ڕێبازەکانی مۆدێرنیستیو پێش مۆدێرن بۆ باسو ڕەوایی نەتەوایەتی بناغەی بابەتیو مێژووییو فەرهەنگی دەکەنە سەرچاوەی ڕەواییو هەقیانەتی پەیدابوونی دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوە. ڕەنگدانەوەی سیاسی، دەوڵەتی نەتەوەو ناسیۆنالیزم بەنیازو بەرئەنجامێکی گرنگو ناچاری ئەو بابەتی بوونو مێژوویی بوونە دەزانن وەکو ئەنجامێکی حەتمیو لەڕاوەستان نەهاتووی ئەم کاروانە مۆدێرنسازییە. بەڵام پۆست مۆدێرنیزمو زۆربەی بیریارو ڕێبازەکانی بڕوایان وایە کە هەموو نمادو ڕەنگدانەوەو پێکهاتە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، لایەنی دروستکراوو هەوڵ بۆ دراو تیایاندا زاڵەو بەبێ هەوڵو دروستکردنی مرۆڤەکانو کارو بەرژەوەندی ئەوان لەو پرۆسەیەدا، بابەتی بوونو هەقانیەت بەهیچ جیگایەك ناگات. نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەو فەرهەنگی

نەتەوەیی دەبێت لەلایەن کەسانو هێزەکانەوە دروست بکرێت کە نیازو ئامانجیان لەو دروستکردنەدا دەبێتە (لەڕاستیدا دەکەنە!) حەقیقەتو رەوایی. سەرئەنجام هەموو راستیەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە یان بەهۆی دەسەڵاتێکەوە دروست دەکرێت (میشیل فوکۆ) یان هەموو راستیەکان دروست کراون، نەك پەیدابوو (ریچارد رۆرتی).

لیوتار رەخنە لەدوو ئەفسانەی گرنگو بەهێزی مۆدێرن دەگرێت، کە هەریەکەیان توانیویەتی شێوەو ئەنجامی فرە بۆ کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی پەیدا بکات: یەکەمیان ئەفسانەی زانست وەکو رزگاری بەخشی مرۆڤایەتیو دووەم، ئەفسانەی هیگڵی زانستو بیریاری وەکو سیستەمێکی گشتی مەعریفەو زانین. یان عەقڵی خود ئاگا کە لەپڕۆسەی مێژوویيو پێشکەوتندا خۆی ئەدۆزێتەوەو ئامانجە گرنگەکانی مرۆڤایەتی لەئازادی، یەکسانی، دادپەروەریو خۆشبەختیدا پەیدا دەکات. ئەی ئەم بانگەوازو ئامانجانە هەمان بیرکردنەوەی گوتاریو رەسمی دەوڵەتی مۆدێرنیش نین، کە بەپشتیوانی هەلومەرجی بابەتیو کاروانی پێشکەوتنو عەقڵانیەتی رۆشنگەری، دەوڵەتو سازمانی مۆدێرنو پێشکەوتوو دائەمەزرێنی. کام لەرەوتو دەوڵەتەکانی نەتەوە بەم شێوەیە رەواییو هەقانیەتی خۆیان بەیان ناکەن.

هەلومەرجی پۆست مۆدێرن (بەبڕوای لیوتار) لەو باوەڕەدایە، کە ئەم ئەفسانانە لەکۆمەڵگای ئێستاو هاوچەرخدا کاریگەری، شایستەییو بەهای خۆیان لەدەستداوە، بەشێوەیەك کە ((زانست))یش ((رەوایی)) خۆی لەدەست دەدات وەکو رزگاری بەخشی مرۆڤ. هەر بۆیەش سەرئەنجام مۆدێرنیزم بەپشتیوانی ئەوەی کە بیرکردنەوەی زانستی، رەواو هەقیقەتە، شایستەییو بەهای خۆی لەدەستداوە. لەمەودوا ئەم هەقایەتو داستانانە ناتوانێت ئاراستەی گشتی خەڵك بکاتو چیدیکە زانست کە لەباری گشتیو بابەتییەوە بەڕاستی ناسراوە، ناتوانێت رێنمایەك بێتو هیچ شتێك (تەنانەت زانستیش) خاڵی نییە لەبەرژەوەندیو بەزۆر دروستکردن.





مۆدێرنیتی قەرزاری ئەو دەستەیەیە لەو (حیکایەتە گەورانەیە) کە بەیانگەری جۆرێکن لەمامەڵەو هەڵوێستی پێشکەوتنی گشتیو مێژوویی، حەتمیو ناچارین لەمێژووی مرۆڤایەتی بەرەو مەبەستی گشتیو پێشکەوتن، کە لەفەلسەفەی هیگڵدا بەئاکام گەیشتنی تەواوی (رۆحی) خود ئاگایە، لەمارکسیزمدا رزگاری گشتی مرۆڤەو لەنەتەوایەتیدا پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەئامانجی سەروەریو سەربەخۆیی هەموان. هەلومەرجی پۆست مۆدێرن بەشکستو پاشەکشەی ئەم حیکایەتە گەورانە یا بەدبینی فراوانو جەماوەری بەرامبەریان دێتە مەیدانی جیهانو مرۆڤایەتی. لیۆتار لەجێگای تاکە روایەتو داستانێك دەربارەی ئاشکراکردنی گەوهەری مرۆڤایەتی، زۆر شێوەی فرەو جیاواز چیرۆكو حەکایەتی تاك، ناوچەییو لێکدابڕاو پێشنیاز دەکات کە هەلو توانای کۆکردنەوە، پوختە کردن یان هاوتاکردنی ئەوان لەیەك داستانو گێڕانەوەی گشتیو سەراپاگیردا پەیدا نابێت. هونەرو فەرهەنگی پۆست مۆدێرنیست لەبەرەنگاری بەرامبەر هەر چوارچێوە رێژیو گوێڕایەڵیو هەوڵی یەکێتی کردنی فرەیی، ناکۆکیو ئاڵۆزی لەرادەبەدەری جیهانو کۆمەڵگاکانی خەبات دەکاتو هاوکارە لەگەڵ رەوەندی فرەییو جیاوازی ناسنامەو شێوەکانی هەڵوێستو مامەڵەکردن

## رەوایی لەدیدگای لیۆتاردا

((دەبێت دوو کۆپی سەرەکی لەحەکایەتی رەواییدا شی بکەینەوە، کە یەکەمیان سیاسییەو ئەوی دیکەشیان فەلسەفی ترە. هەردووکیان گرنگی فراوانو بەرچاویان لەمێژووی نوێدا هەیە، بەتایبەتی مێژووی زانستو دەزگاو نیهادەکانی.

بکەری یەکەم، یان لایەنی سیاسی، مرۆڤ وەکو قارەمانی ئازادی دەناسێنێ. هەرچەندە هەموو خەڵك مافی خۆیانە کە بەهرەمەند بن لەزانست، بەڵام بکەری کۆمەڵایەتی تائێستا بکەری شوناسی زانستی نییە، چونکە کەشیشانو زەوت کەرانی دەسەڵات ئەوەیان لێ زەوت کردوون. مافی خەڵك بۆ زانستو فێربوون دەبێت دیسان بەدەست

بێتەوە. هەڵبەت ئەوە زۆر ڕۆشنە کە ئەم ڕوایەتە زیاتر پەیوەندارە بەسیاسەتەکانی پەروەردەو فێرکردنی سەرەتایی، تا ئامادەییو زانکۆکان. سیاسەتی پەروەردەی کۆماری سێهەمی فەرەنسا (١٨٧١ ـ ١٩٤٠) زۆر بەهێز ئەم لایەنە ڕۆشن دەکاتەوە)) (لیوتار، هەلومەرجی پۆست مۆدێرن، ١٩٧٩).

دەوڵەتی مۆدێرنو نەتەوە هەر لەساتی دروست بوونییەوە لەهەوڵی ئەوەدایە کە سیاسەتی فەرهەنگیو سیاسەتی زانستی (پەروەردەو فێرکردن) لەخزمەتی ئامانجو بەرژەوەندییەکانیدا بژار بکاتو سیاسەتی ئایدۆلۆجی (نەتەوە پەرستی) لەڕەوشی فەرهەنگیدا پەیڕەو دەکاتو لەهەلومەرجی زانستیو فێرکردنیشدا هەوڵدانە بۆ ((پەیداکردنی تواناو تەکنیکی ئیداریو پیشەیی بۆ جێگیرکردنو گەشەی دەوڵەت. ئەم دیدگایە کە وەکو پێکهاتەو نمادی ئازادی بەیان دەکرێت، دەوڵەت ڕەوایی خۆی نەك لەخۆیدا، بەڵکو لەناو خەڵکا بەدەست دەهێنێ... هەر لەبەر ئەم هۆیەش نەتەوە وەکو گشتێك، ئازادی خۆی لەڕێگای فراوان بوونو گەشەی مەیدانە تازەکانی زانستو پەروەردە لەڕێگای جەماوەرەوە بەدەست دەهێنێ. دەوڵەتێك ئاستو ڕەهەندێك لەڕێگای دەزگاو کارەکانەوە پەیدا دەکات کە کارگوزاران ئیشەکانی خۆیان تیایدا ئەنجام دەدەن، کە ئەم هەمان بەڵگەو سەرچاوەی دامەزراندنی مەڵبەندەکانی زانستیشە. هەرکاتێك کە دەوڵەت چاودێری ڕاستەوخۆی بەسەر پەروەردەو فێرکردنی (خەڵك) بەناوی (نەتەوە) گرتە ئەستۆی خۆی، ئەم بەکاروانی پێشکەوتنو ئازادی دەناسێنێ...

لەگەڵ ڕوایەتی دووەم بۆ ڕەوایی دان بەپەیوەندی نێوان زانست، نەتەوەو دەوڵەت گۆڕانکاری زۆر دێتە گۆڕێ. ئەم گۆڕانە یان ئەم گێڕانەوەیەی ڕەوایی یەکەم جار لەکاتی دامەزراندنی زانکۆی بەرلین لەساڵانی ١٨٠٧ ـ ١٨١٠ هاتەکایەوە، کە کاریگەری زۆری لەسەر پلانی ڕێکخستنی خوێندنی باڵا دانا لەوڵاتانی تازە دروستکراوی جیهان لەسەدەی نۆزدەو بیست.





بۆ دامەزراندنی ئەم زانکۆیە، دەوڵەتی پروس بەرنامەی فیختەو پێشنیازی نەیاری ئەو بەرنامەیە لەلایەن شلایرماخر لەپێش خۆی داناو ویلهم فۆن هۆمبۆلت کە بۆ ئەم مەسەلەیە بڕیاردەر بوو، بڕیاری دا کە بەرنامەی (ئازادی خوازانەتر)ی شلایر ماخر هەڵبژێرێ. بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی هۆمبۆڵت سەبارەت بەو بڕیاردانە، مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە تەواوی دیدگاو ئاڕاستەی ئەو سەبارەت بەسیاسەتی زانکۆییو زانستی لەدەوری دروشمی (زانست تەنها بۆ خۆی) نەك بۆ ئامانجی دیکە، بنیات نراوە. بەڵام ئەمە بەمانای گومانو بەدبینی سەبارەت بەئامانجی کۆتایی سیاسەتی بڕیاردانی ئەو دێت. ئامانجێك کە لەگەڵ بنەمای ڕەوایی ڕێنمایی دەکرێو نزیکترە لەگەڵ بۆچوونە گشتییەکانی شلایر ماخر.

لەڕاستیدا هۆمبۆڵت دەیگوت کە زانست پەیڕەوی لەیاساکانی خۆی دەکاتو دەزگای زانستی بەبێ هیچ ئامانجێکی ئیلزامی یان دیاریکراو، دەژیو هەمیشە خەریکی گەشەو نوێکردنەوەی خۆیەتی. بەڵام ئەوەشی ڕاگەیاند کە زانکۆ دەبێت توخمی سازێنەری خۆی، کە زانستە، بەئامانجی ((پەروەردەی مەینەویو ئەخلاقی نەتەوە))بەڕێوەبەرێ. بەڵام ئەوەی کە لەهەمووی ڕاسترە ئەوەیە، کە ئەم ئەنجامە پەروەردەییە چۆن دەتوانێ ڕەوشی بێ مەبەستی زانست بەدەست بهێنێ؟ ئایا دەوڵەت، نەتەوەو هەموو مرۆڤایەتیش دەستەوستان دەبن بەرامبەر بەدروشمی (زانست تەنها بۆ زانست)و ئەو ناوەڕۆکە پەسەند دەکەن؟ بەهەمان شێوەی کە هۆمبۆڵت ڕایگەیاند، ئەوەی کە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دیاری ئەکات، یادەوەریو زانین نییە، بەڵکو ((کەسایەتیو کارە)).

بەم شێوەیە ڕاوێژکاری وەزیر (هۆمبۆڵت) لەگەڵ ناکۆکیو نەیاری سەرەکی ڕووبەڕوو دەبێتو لەزۆر لایەنەوە یادەوەری ئەو کەلێنەیە کە بەهۆی ڕەخنەی کانتییەوە لەنێوان زانینو ئیرادە پەیدا دەبێت: ئەمە ناکۆکی نێوان یارییەکی زمانەوانییە لەو دەلالەتانەی کە تەنها لەگەڵ پێوەری حەقیقەتدا (زانست) گونجاوەو یارییەکی دیکەی دەسەڵاتدار بەهۆی زەمینەی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتیو سیاسی کە بەناچاری پێویستی بەبڕیاردانو

پابەندی هەیە. و بەشێوەیەکی دیکە، ئەم بڕیارو پابەندبوونە ئەو قسانەیە کە وا چاوەڕوان دەکرێت، یان وا دەناسرێنرێت دادپەروەرانە بێت تا حەقیقەتو شیکردنەوەی کۆتایی دەچێتە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ناسینی زانستی.

لەگەڵ ئەمانەشدا، یەکگرتنی نێوان ئەم دوو شێوەیە لەگوتار (زانستیو سیاسی) لەئامانجی پەروەردەی هۆمبۆڵتدا ناچاریو پێویستە، کە تەنها چوارچێوەیەك نییە بۆ بەرهەم هێنانی زانین لەلایەن تاکەوە، بەڵکو پەروەردەو فێرکردنی کاراو ڕەوای شوناسو کۆمەڵگاشە. سەرئەنجام هۆمبۆڵت پەنای بردە بەر ئەو ڕۆحەی (کە فیختە بەژیان ناوی دەبات) کە سێ ئامانج یان هیوایەکی سێ لایەنە لەخۆ دەگرێت: ((وەرگرتنی شتێك لەپرانسیپی سەرەکی)) کە جووت بێت لەگەڵ کارایی زانستی، ((پێکەوە بەستنی ئەو شتە بەئامانجێکی دڵخوازو تەواو)) کە دەسەڵاتدارە بەسەر کاری ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو ((یەکێتی نێوان ئەم پرانسیپو ئامانجەو ئەم بڕوا دڵخوازە لەیەك بیروڕادا)) کە گەرەنتی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکات بۆ بەدەستهێنانی هۆکاری ڕاستەقینە لەگەڵ پەیگیری مەبەستی دادپەروەری لەژیانی ئەخلاقیو سیاسیدا. ئەم پێکهاتەیە، بکەری ڕەوا (یان زانستی ڕەوایی) پێکدەهێنێ.

هۆمبۆڵت لەکۆتاییدا باسی ئەوە دەکات کە ئەم هیواو ئامانجە سێ لایەنە لەخۆیدا بەشێکە ((لەسروشتی ئەندێشەی نەتەوەی ئاڵمان))، کە ئەمە لەخۆیدا بەخشینی باڵاتر بوونو سەروەریو ئیمتیازی پەنهانە بۆ ڕوایەتێکی دیکە، کە خەڵك وەکو بکەری ناسراو دەناسێ. (لیوتار، هەلومەرجی پۆست مۆدێرن، ١٩٧٩)[٢٨]





## میشیل فۆکۆ ( ١٩٢٦ ـ ١٩٨٤ )

لەگەڵ جاك دریدا، بەناوبانگترین بیرمەندانی پۆست مۆدێرنە. بەڵام بەرهەمەکانی ئەو، بەپێچەوانەی جاك دریدا، بەئاشکرا بەرهەمی کۆمەڵناسی، سیاسیو مێژوویین. زیاتر نووسینەکانی گرنگی دەدات بەشیکردنەوەی مێژوویی کە ((کردارەکانی گوتاری)) ژیانی کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژی پێکدەهێنێو بەتایبەتیش پرسی پاراستنی ژیان بەناوی لایەنی کۆمەڵایەتی لەڕێگوزەری کۆنترۆڵو پەراوێزکردنی هەندێك لەگروپەکان یان ئەوانەی کە خاوەنی تایبەتمەندی زیندانین (شێتەکان، تاوانباران، لادەرانی سێکسی). فۆکۆ بەشێوەی نیچەیی ئەوە پەسەند دەکات کە تەواوی ژیان مەسەلەی دەسەڵاتو هەژموونە، ئەو لەجیاتی شاردنەوەی لایەنی سەرکوتی دەسەڵات، لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەشێوەیەکی هاوتا ئەو شێوازانە کەمتر جێگیرو ناوەندی بوونی کەمتری ئەوان نیشان بدات. فوکۆ لەباسی (حەقیقەتو دەسەڵات)دا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە بەهیچ شێوەیەك ڕاستی بەبێ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو سیاسی، نییەو ئێمە بەبێ ئەوان ناتوانین حەقیقەت بناسین.[٢٩]

## ڕاستیو دەسەڵات

((بەباوەڕی من، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حەقیقەت لەدەرەوەی دەسەڵات، یان بەبێ دەسەڵات نییە. ڕاستی، سەرەڕای ئەفسانەو کاریگەرییەکانی مێژوو، دەبێت سەرلەنوێ پیابچینەوەو باشتری بناسین، کە نەپاداشتی خەڵکی ئازادەو نەڕۆڵەی گۆشەگیری درێژخایەنە، و نە ئیمتیازی ئەو کەسانەیە کە گوایە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن. حەقیقەت، شتێکە لەم جیهانەداو دەبێت بەهۆی ئەم جیهانەوە بیناسین، کە بەهۆی شێوە جیاوازەکانی ناچارییەوە بەرهەم هێنراوە، و کاریگەری ڕێسامەندی دەسەڵاتی پاراستووە. هەر کۆمەڵگایەك سیستەمی حەقیقەتو ((سیاسەتی گشتی)) خۆیان دەربارەی حەقیقەت هەیە: مانای شێوەکانی ئەو گوتارەی کە ئەم کۆمەڵگایە پەسەند دەکاتو

لەخانەی حەقیقەتدا دایناوە، سازو کارەکان (میکانیزم)و ئەو سەرچاوانەی کە هەلی جیاکردنەوەی گوتاری دروستو نادروست فەراهەم دەکاتو شێوەیەك کە بەهۆیەوە ئەم یان ئەو وتارە بەڕاست دەزانێ، تەکنیكو ڕەوشەکانی کە بۆ بەدەست هێنانی حەقیقەت بەهایان هەیە، جێگاو نەخشی ئەو کەسانەی کە پێویستە لەسەریان کە بڵێن چ شتێك لەپایەی حەقیقەتدا کار دەکات)). (حەقیقەتو دەسەڵات)

ئایا نەتەوایەتیو تەواوی ڕەوتو ئایدۆلۆجییە مۆدێرنەکان، خۆیان بەحەقیقەتی پوختو باڵاتر لەقەڵەمڕەوی دەسەڵات نازانن؟ یان خۆیان بەبەشێك لەڕاستەقینەی مێژوویيو کاریگەری بابەتی گۆڕانکارییەکان ناو نابەن، کە لەوێدا ئازادیو دادپەروەریو یەکسانی وەکو لایەنەکانی ئەو حەقیقەتە، خۆیان دەنەخشێنن. یان هەموو کۆمەڵگاکان خۆیان بەخاوەنی ڕژێمو سیستەمی حەقیقەت دەزانن‌و سیاسەتی گشتی ئەو کۆمەڵگایانەش (لەڕاستیدا ئەو دەوڵەتانە!) بەرئەنجامی ئەو حەقیقەتە تایبەتییانەیە، کە بەشێوەی (نەتەوە)، (نەتەوایەتی)و (دەوڵەتی نەتەوە) دەرئەکەون، لەڕاستیدا دروست ئەکرێن. دیدگای میشیل فوکۆو پۆست مۆدێرنیستەکانی دیکە لەوەدا کورتو کۆدەبێتەوە کە هیچ ڕاستیەکی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی بەبێ هێزو دەسەڵات نایەتەدیو خودی دەوڵەتی مۆدێرن، دیموکراسیو نەتەوایەتیش بەرهەمی مێژوویيەکی دیاریکراوە لەدەسەڵاتو هێز نواندن.

لەکۆمەڵگاکان، وەکو کۆمەڵی ئێمە، ((ئابووری سیاسی)) حەقیقەت لەگەڵ پێنج تایبەتمەندی، کە لەباری مێژوویيیەوە گرنگن، دیاری دەکرێت: حەقیقەت لەشێوەی گوتاری زانستیو ئەو دەزگایانەی کە ئەم وتارە بەرهەم دەهێنن، بەشێوەی ناوەندی دەرئەکەون، ڕاستی وابەستەیە بەسەرچاوەو هۆکاری جێگیری ئابووریو سیاسی (پێویستیو نیاز بۆ حەقیقەت، بەهەمان ئەندازەی بەرهەم هێنانی ئابووری کە بۆ دەسەڵاتن پێویستە، بۆ کۆمەڵگاو دەوڵەتەکانیش گرنگە)، حەقیقەت، بەشێوەی جۆراوجۆر، مەسەلەی دابەشکردن‌و بەکارهێنانی مەزنە (حەقیقەت لەدەزگای پەروەردەو





ڕاگەیاندندا کە فراوانییەکەی لەپەیکەری کۆمەڵدایە، سەرەڕای هەندێ سنووری سفتو سەخت، لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەفراوانی بەڕێوە دەچێ، حەقیقەت لەژێر کۆنترۆڵی مۆنۆپۆڵ کراوی هەندێ دەزگای گەورەی سیاسیو ئابووری (زانکۆ، سوپا، گوتار، نیهادەکان) بەرهەم دێتو بۆ کۆمەڵگا دەگوێزرێتەوە، و سەرئەنجام ئەوەی کە حەقیقەت بابەتی گفتوگۆو باسی تەواوی سیاسیو ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵایەتیو(خەباتی ئایدۆلۆژی)ە.

سەرئەنجام فوکۆ دەگاتە داڕشتنی کۆمەڵێك بیروباوەڕ دەربارەی حەقیقەت:

١. (حەقیقەت) دەبێت وەکو کۆمەڵێك ڕەوشی خاوەن ڕێسا بۆ بەرهەم هێنان، یاسا، دابەشکردن‌و بڵاوکردنەوەی کاریگەری ئەو نیهادانە، تەماشا بکەین.

٢. (حەقیقەت)و ڕژێمەکانی دەسەڵات کە ڕاستی بەرهەم دەهێنێو پارێزگاری لێدەکات، و هەروەها لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی دەسەڵات کە حەقیقەت رادەگەیەنن‌و ئەوانیش بەردەوامی بەو ڕاستیە دەدەن، لەپەیوەندییەکی دەوری دایە. واتە حەقیقەت خاوەنی ڕژێمو سیستەمی خۆیەتی.

٣. ئەم ڕژێمە بەتەواوی ئایدۆلۆژیك یان سەرخانی نییە، بەڵکو مەرجی پێکهاتن‌و گەشەی سەرمایەدارییە. هەمان ڕژێم لەگەڵ کەمێك گۆڕانکاری کەم، لەزۆربەی وڵاتانی سۆسیالیستیشدا کاردەکات (من لێرەدا مەسەلەی چین باس ناکەم، کە زۆر کەم لەبارەیەوە شارەزام).

٤. پرسی سیاسی سەرەکی لەلای ڕووناکبیر ڕەخنە نییە لەناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی کە پەیوەندی بەزانستی ڕەسمییەوە هەیە، یان کارکردن نییە بەشێوەیەك کە ڕەوشی زانستی هاوڕێ بێت لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکی ڕاستا، بەڵکو مەسەلەی ئاگاداربوونە لەو خاڵەی کە ئایا پێکهاتەی سیاسی نوێ دەربارەی حەقیقەت گونجاوە یان نا. مەسەلەی گۆڕانی هۆشیاری یان بڕواکانی خەڵك نییە، بەڵکو (گۆڕینی) سیستەمی سیاسی، ئابووریو دامەزراوەی بەرهەم هێنانی حەقیقەت گرنگە.

٥. پرسی مەبەست، دەربارەی ئازادکردنی حەقیقەت نییە لەهەر رژێمێکی دەسەڵات، کە خەیاڵێکی پووچە، چونکە حەقیقەت خۆیشی دەسەڵاتە، بەڵکو مەبەست بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتی حەقیقەتە لەشێوەکانی هەژموونی کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی کە تائێستا حەقیقەت لەدەروونی ئەواندا کار دەکات.

کورتەی مەسەلەی سیاسی هەڵە، تەوەهوم، ئاگایی لەخۆ بێگانە یان ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو خودی حەقیقەتە. و گرنگی نیچەش لەهەمان مەسەلەدایە)).

نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەکان، کە خۆیان وەکو حەقیقەتی مێژوویيو مرۆڤایەتی دەناسێنین بەهۆی کۆمەڵێك رەوشی یاسامەند یان رێسامەندکراوەوە زەمینەی بەرهەم هێنان، فەرهەنگ، دەسەڵاتی یاساییو پەخش کردنی کاریگەری ئەو نیهادانە دروست دەکات. بێگومان یەکێك لەو راستیو بیروباوەڕانەی کە زۆر بەتوندی بەسیاسەتو دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێدراوە، مەسەلەی نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوەیە کە خاوەنی رژێمو سیستەمی خۆیەتی. نەتەوایەتی یان لەڕێگای هاونیشتمانیو هاوولاتییەوە خۆی وەکو سەرخانێکی ئایدیۆلۆژی ناناسێنێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە مەرجی پێکهاتنو گەشەی سەرمایەدارییە یان وەکو دیدگای مارکسیو لیبراڵی بڕوای وەهایە کە نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوە چوراچێوەو پێکهاتەی گونجاوی پیشەسازیو سەرمایەدارییە. هەڵوێستی رووناکبیر ناکۆکیو دژایەتی نییە لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە، یان نەیاری بێت لەگەڵ حاڵەتی ئایدیۆلۆژی ئەو دەوڵەتە، بەڵکو مەسەلەی ئاگاداربوونە لەوەی کە ئایا ئەم پێکهاتە سیاسیە مۆدێرنەیەی نەتەوایەتی دەربارەی حەقیقەتی مافو ئازادیو گەشەی مرۆڤ (جۆرێکی دیکە لەراستی) گونجاوە یان نا. ئەم هەڵوێستەی فۆکۆ، هەڵوێستی کۆنو دێرینی (جان جاك رۆسۆ)مان بیردەهێنێتەوە کە نەتەوایەتیو هاونیشتمانی هەنگاوێکە بەرەو ئازادیو بەدەست هێنانەوەی مرۆڤایەتی. هەڵوێستی رووناکبیر مەسەلەی هەوڵدان نییە بۆ گۆڕینی هۆشیاریو بڕواکانی خەڵك دەربارەی نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسیو کرانەوەی ئەو رژێمە سیاسی، ئابووریو





فەرهەنگییە بەرامبەر بە حەقیقەتی مافو ئازادیو خۆشبەختی مرۆڤەکان. سەرئەنجام رەخنەی فۆکۆ یان داوەری لایەنی بیریاریو رووناکبیری سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەکان، ئازادکردنی حەقیقەت یان (حەقیقەتەکان!) نییە لەرژێمە سیاسیو بەڵکو دەسەڵاتی ئەو راستییانەیە بۆ خودی تاكو کەسەکانو بەهرەمەندبوونی تەواو ئازادی ئەوانە لەو حەقیقەتانە.

ناکۆکیو نەیاری رووناکبیر بەرامبەر بەئایدیۆلوژیاو سیستەمەکانی دەسەڵاتو حەقیقەت ناگاتە مەبەست بە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەزەمینەی گشتیو فەرهەنگیدا تاكو کەسەکان خودان بن لەرەهەندەکانی ئازادیو مافو بیرکردنەوەو رزگار بن لەهەژموونی پێشوەختو کۆنترۆڵ کراوی دەسەڵات، ئایدۆلۆجیا، دینو نەریتەکان!

**جاك دریدا** (١٩٣٠ـ ٢٠٠٤) فەیلەسوفی فەرەنسی بەرەسەن جەزایری ـ یەهودی، کە یەکێکە لەو دوو فەیلەسوفەی کە لەهەموو هاوچەرخانی خۆی پێشڕوترو ناودارترە (ئەوی دیکەیان میشیل فۆکۆیە). جاك دریدا بەشێوەی رۆشنتر کە پێی دەڵێن پاش بونیاد گەرایی خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی وەهایە کە بەهۆی وردەکاری، دیدگای رەخنەیی تازەو شێوەی ئاڵۆزو سەنگینییان ئەویان بەرجەستە کردووەو بەتایبەتی لەدوای تەمەنی سی ساڵییەوە، واتە لەدوای ساڵانی ١٩٦٠. کاری دریدا بەشیکردنەوەی دیاردە ناسی هۆسرێل دەستی پێکرد، کە لەوێدا شیکردنەوەی قوڵو چەندین پرسی چارەسەر نەکراوی خستە روو کە جیاوازیان دەکات لەدیدگای هۆسرێل. بەڵام گرنگی ئەم کارە لەدیاردەناسی فراوانتر دەڕوات. یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانی دیدگاو بەرهەمی نووسینی دریدا مەسەلەی کرانەوەی بونیادەکانو گەڕان بە دوای میتافیزیکی ئامادەبوون presention لەرەنگدانەوەی Representation پرسەکاندا، واتە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی شوێنی بەدەست نەهاتوونی مانا لەنەریتی فەلسەفی هەتا ئێستا. (لارنس کهون، ازمدرنیسم تاپست مدرنیسم، ل ٣٤٦)

پۆست مۆدیرنیتی ڕەوتێکی فەلسەفیو کۆمەڵایەتییە کە لەدڵی مۆدیرنیتیدا پەیدابووەو هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی ئاستەنگەکانی مۆدێرنیتیو دەرباز بوون لەو بن بەستانە. هەندێك وا بیردەکەنەوە کە نابێت وا بزانین کە دابڕانە لەمۆدیرنیتیو هەندێکی دیکە بەرەوتو بزاڤێکی سەربەخۆو جیاواز (و هەندێك جاریش دژ) لەمۆدیرنیزم دەیناسێنن. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگەو مەبەستی پۆست مۆدیرنیزم بەیان دەکات وەڵامدانەوەیە بەو قەیرانو ئاستەنگانەی کە بوونو گەشەو گۆڕانەکانی مۆدێرن سازی دروستی کردوون، وەکو ئاستەنگەکانی **ڕەنگدانەوەی سیاسیو فەلسەفیو لەدەست دانی ناوەندێتی.** هەوڵی پۆست مۆدیرنیزم بۆ ئەوەیە کە چارەسەری پەیگیر (لەلای هەندێك مومکین) بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە کە ئامانجی ڕزگار بوون لەو کێشانە دەبێتە مەبەست بۆ دەرباز بوون لەدەسەڵاتی ڕەهای **ناوەندەکانو ڕەنگدانەوە سیاسییەکان یان ڕەنگدانەوەی ڕاستییە هەژموون کراوەکان.** پڕۆژەو دیدگای پۆست مۆدێرنیتی نکۆڵی کردنە لەهەموو ناوەندەکانو نەفی کردنەوەی ناوەندێکی گشتیو جیهانی هەژموونکراوی فراوانو جێگاگرتنەوەی ئەو ناوەندو هەژموونانە بۆ پەیداکردنی ناوەندەفرەکان، چەند لایەنەو نوێنەری بەشو تاکەکان.

هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دیدگاو بیروڕای تیۆریو پەیڕەوی تازەو کرانەوەی بونیادو شکاندنی کۆڵەکەکانی (ڕەنگدانەوە سیاسییەکان)و ڕەخنەگرتن لەهەلومەرجی ڕاستینەو ریالیزمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو ئابووری بەشێکن لەدیدگاو هەوڵەکانی جاك دریدا بۆ ڕەخنە گرتن لەهەلومەرجی مۆدێرنیتی. **ڕەنگدانەوەی سیاسی** لەدیدگاو گوزارەشی پۆست مۆدیرنیتیدا ئەو چەمکەیەکە لەجێگای خۆیدا بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی مۆدێرن لەزۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتووە دوای پێشەسازییەکاندا خاوەنی نەخشی سەرەکیو تەوەرییە. بۆیە پۆست مۆدیرنیزم دەیەوێت کە توخمو پێکهێنەرە گشتییەکانی چەمکی ڕەنگدانەوەی سیاسیو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان مەیدانی تیۆریو مەیدانەکانی کاری سیاسەت بخاتەڕوو. یەکێك لەو کەسانەی بەهۆی کردنەوەی





بونیادەکانو شکاندنی کۆڵەکانو نویێ سازییەوە توانی بە ناو ریالیزمی ڕەنگدانەوەی سیاسی ئاشکراو ڕووت بکاتەوە، لەسەرەتاوە جاك دریدابوو کە ئێستا ئەو میتۆدەو چەمکانە بەشێکن لەدیدگا سەرەکییەکانی پۆست مۆدیرنیزم.

نەتەوایەتیو دەوڵەتی نەتەوە زۆر بەتوندی گرێدراون بە مەسەلەی ڕەنگدانەوەی سیاسیو بەریالیست ناسینی ئەو ڕەنگدانەوە سیاسییە، کە لەسەر کۆڵەکە تایبەتییەکانی سیاسەتو فەرهەنگی نەتەوەیی دامەزراوە. دیدگای پۆست مۆدیرنیتیو لەپێشەوەیان جاك دریدا ئەو ڕەنگدانەوە سیاسییە، بە حەقیقەتو ریالیزم ناناسێ بە جۆرێك لەیاری ئاڵوگۆڕو بەجۆرێك لەدروست کردنی خاوەن بەرژەوەندی حەقیقەت تەماشای دەکات. نەك وەکو حەقیقەتێکی گشتی، ناوەندیو ڕاستەقینە، هەروەکو چۆن نەتەوایەتیو ڕەوتەکانی دیکە (لیبرالیزم، مارکسیزمو دیموکراسی) خۆیان بەو شێوەیە لەحەقیقەت دەناسێنن. لەو حەقیقەتە بەناو گشتی، ناوەندیو ڕاستە قینەیەدا چەندین حەقیقەتی دیکەی شاراوە، پەراوێزکراو فرەو جیاواز هەن کە دەبێت زانستو بیریاری سەردەمی پۆست مۆدێرن ئاشکرایان بکاتو نەخشی ئەوان دیاری بکاتو ڕێنماییان بێت.

یەکێکی دیکە لەداهێنانو نویێ باوەڕی جاك دریدا، پرسی بێ پایانی شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیە بۆ هەموو دەقو دیاردەیەك. دیاردەکانو دەقەکان وا رادەگەیەنن، کە دەیانەوێ ماناو مەبەستو ئامانجی دڵخواز بەرهەم بهێنن، یان ئەوانەی ڕەنگدانەوەی ئەو ماناو ئامانجە دڵخوازانەن. پۆست مۆدیرنیزمو جاك دریدا بڕوایان بەوە هەیە، هەروەکو چۆن خوێنەری دەقەکان دەتوانێ بەشدار بێت لەدروستکردنی ماناو شیکردنەوەکاندا، هەر بەو شێوەیەش بینەر یان تەواو کەسانی ئاسایی بۆیان هەیەو دەتوانن، کە ماناو ئامانجی مەبەست لەدیاردەو ڕاستییە مرۆڤایەتییەکاندا پەیدا بکەن. ماناکانی خەڵك، یان شیکردنەوەی تازەی ئەوان ئاسۆیەکی بەردەوامەو بەشێوەی ناکۆتا هەتا بێت

دریـژەیان هەیـەو خـەڵك لـەو ڕێگایانـەوە دەتـوانن بەشـداری، ڕاوێـژکاری یـان هـەڵی ئازادبوون‌و بەهرەمەندبوونیان لەو مانا ڕەسمی‌و ستاندارد‌و پێش وەختانە بەدەست بهێنن.

ڕۆلان بارت، یەکێك لەنووسەرو ڕەخنە کارە پۆست مۆدیرنەکان، بڕوای بەوەیە کە دەق لەحاڵەتی وەستاو لەلایەن خوێنەرەوە دەکرێتە دەقێکی جوڵاو خوێنەر بە ئەندازەی نووسەر یان بەرهەم هێنەر دەتوانێ ڕێگای نوێ، مانای دیکەو شیکردنەوەی دووبارەو چەند بارە بۆ ئەو دەقانە پەیدا بکەن. هەر بەو شێوەیە بینەر یان هاووڵاتی، دانیشتوان‌و تەنانەت کەسانی سادەو پەراوێزیش بەشدارن‌و زۆر جار کاران لەدووبارە شیکردنەوەو سەر لەنوێ مانادان‌و پەیداکردنی ئامانج‌و مەبەستی جیاواز لەڕاستی‌و دیاردەکان. ئەم بڕوایە پەیوەندی بەتینی پۆست مۆدیرنیزم لەگەڵ هێرمۆنتیکی (گادامێر)پەیدا دەکات کە بەجۆرێك هاوئاراستەیی دریداو هێرمۆنتیکی مانایی‌و دەقی گادامێر بەیان دەکات. واتە مرۆڤ دەبێت، یان خوێنەر دەتوانێت لەمانای ئاشکراو پێشوەختی دەق یان دیاردە، فراوانتر بڕوانێ‌و ببێتە ڕێوانی کاروانی دۆزینەوەی ڕازو نهێنییەکانی ناو دەقی ئاشکراو دیاردەی دەسەڵاتدار. بەوبۆنەیەوە گادامێر بڕوای وایە کە لەشیکردنەوەی هێرمۆنتیکی دەق یان بەرهەم (لەلای ئێمە دیاردەش)، کە هەر کاتێك لەدیدگای هێرمۆنتیکی یان تەئویلی دەقەکاندا بخوازین تەماشای ئەو دەق‌و بەرهەمانە بکەین، لەوێدا دەبینین کە هیچ دەقێك یان بەرهەمێك نییە کە دروستکەر، یان نووسەرێکی تاکانەی هەبێت، بەڵکو هەر بەرهەم (ودیاردەیەك) چەندین دروستکەرو نووسەری هەیە: خوێنەر، بینەرو ڕەخنەکارو... هەر کامیان بەهۆی دیدگاو مەبەست‌و دەربڕینی خۆیان ئەو دەقەو بەرهەمە لێکدەدەنەوە، کە جیاوازو فرەیە لەماناو لێکدانەوەی ڕەسمی یان لەپێشەوە وتراو.[٣٠]

ڕەوش‌و میتۆدی هەڵوەشانەوە یان کردنەوەی بونیادەکان Deconstruction کە یەکێکی دیکەیە لەستراتیژی دریدا بۆ تێگەیشتن لەدەق‌و دیاردەو ڕاستییەکان کە بەهۆیەوە دەیەوێت ڕاستییەکان نەك تەنها یەك ڕاستی، مانا جیاوازەکان، نەك مانای





زاڵ‌و ڕەسمی‌و ڕێگاو هەوڵە بەردەوامەکانی خەڵك لەدەروون‌و دڵی ئەو ڕاستی‌و دیاردەو دەقە ڕەسمی‌و بەدەسەڵاتانە دەربهێنێ‌و ئاشکرایان بکات. ستراتیژی گشتی هەڵوەشانەوە یان کرانەوەی بونیادەکان لەلای دریدا لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دامەزراوە:

١ـ دەبێت خۆمان بپارێزین لەوەی کە بکەوینە داوی دوالیزمی هەتا ئێستای متیافیزیکای ڕۆژئاوایی بۆ دابەشکردنی دنیا بەسەر: سەرەوەـ خوارەوە، ڕۆژئاواـ ڕۆژهەڵات، پیاوـ ژن، خێرـ شەڕ، هۆشیارـ هەستیار، نەتەوایەتی ـ جیهانگیری، ناسنامەـ بێ ناسنامەیی یان فرە ناسنامەیی.

٢ـ دەبێت لەو ئاسۆ داخراوەی هەتا ئێستا کە ئەم دوالیزمە سەپاندوویەتی، هەوڵی نوێ، مانای نوێ‌و ڕزگاری نوێ لەم خۆ دابەشکردنە بدۆزینەوەو لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەو دوالیزمە بە زۆر دابەشکراوە بهێنین، یان ئەو ڕاستییەی کە بەهۆی دەسەڵاتەوە سەپێندراوە کۆتایی بهێنین.

٣ـ بیرکردنەوەی دریدا لەقۆناغبەندیدایەو داوای ئەوە دەکات ناچارین بۆ ماوەیەك لەناو هەمان ئاسۆی میتافیزیکی دەسەڵاتداری هەتا ئێستادا بمێنینەوە، بەڵام کار بکەین بۆ هەڵگێڕانەوەی ئەو دۆخە سەپێندراوەو سەرئەنجام دەبێت خوارەوە جیگای سەرەوە، یان پەراوێز جیگای ناوەند بگرێتەوە.

٤ـ پاشان کاری ئایندە پەیدا دەبێ (یان دەبێت بکرێت) کە خۆی لەکاری مەیدانی، لەناو هەمان کیانی کە دەبێت بکرێتەوە یان هەڵوەشێتەوە، بۆ ئاشکرارکردنی بێ توانایی‌و ناسازگاری‌و ناکۆکییەکانی‌و بەمەبەستی پەیداکردنی ئەڵتەرناتیفی ئەوان یان پەیداکردنی زیاتر لەبەدیلێك.

٥ـ بەم شێوەیە، بونیادە کۆن‌و بیرۆکراتیەکان‌و بە زۆر سەپێندراوەکان لەناو دەچن‌و زەمینەی هاتنی «چەمکی» نوێ‌و «مانا»و «هەوڵ»ی تازە فەراهەم دەکرێت، کە ئەمانیش بەبێ قەوارەو تێگەیشتنی کۆن، شایانی تێگەیشتن نین.[٣١]

دیدگاو نوێ باوەڕیو داهێنانەکانی دریدا کە بریتین لە (جیاوازی، کرانەوەو هەڵوەشانەوەی بونیادەکان، رەخنە لەلایەنی حەقیقەتی رەنگدانەوەی سیاسی، هێرمۆنتیکاو چەند مانایيو چەند ئاوازيو سەرئەنجام میتافیزیکای ئامادە بوونو پەیدانەبوونی مانای مەبەست لەدەقو دیاردەکان بۆ گەیشتن بە ئاشکراکردنی نەزانینو نەتوانین لەهەموو بیرو فەلسەفەو بونیادو ژیانەکان) ئەو میتۆدو ستراتیژە گرنگانەن کە دەیەوێ بەهۆیانەوە ژیان، راستی، بونیاد، بیرو ماناکانی هەتا ئێستا شی بکاتەوەو لەو دۆخە میتافیزیکییەدا، یان بەراستی ناسێنراوەدا، لەهەوڵی دۆزینەوەی مانای تازە، رەوایی نوێوئازادیو بوونی دیکەدایە.

سەرئەنجام شیکردنەوەی دریدا یان رەخنەی ئەو لەبونیادو بیروباوەڕەکانی هەتا ئێستا، دەق بن یان دیاردەو راستيو دەسەڵات، بەمجۆرەی لێدێت،.

١ـ هەموو ئەو بیروباوەڕەو بونیادو راستییانە، دەبێت لەئاستی هاوتاییو چوون یەکیدا بەرەو ئاستی فرەییو جیاوازيو چەند لانەیی، بکرێنەوەو ئەوان دەبێ خوێندنەوەو رەواییو کاریگەری بوونو خودەکانی دیکە لەخۆیاندا پەسەند بکەن. نەتەوایەتی زۆر بە پەرۆشو پەیگیر باس لەیەکسانيو چوون یەکيو هاوتاییو هاودەنگی دەکات، کە ئەمانە رێگرن لەبەردەم دەرکەوتنو کاریگەری لایەنی جیاوازيو فرەیی خودو راستییەکانی دیکەی دەرەوە، یان ناوەوەی ئەو بیرو سیستەمە.

٢ـ دریدا نەتەوایەتيو دەوڵەتو دیاردەکانی، یان هەموو سیستەمو بیرو باوەڕەکان هەڵدەوەشێنێتەوە یان بونیادیان دەکاتەوە بۆ دەرکەوتنی، لایەنی شاراوە یان پەراوێز یان بێ هێزی ناو ئەو دیاردەو بیرانە، کە بێگومان لەئەنجامی هێزو هەژموونی دەسەڵاتدارەکان ئەوان شاراوەن یان بێ هێزو پەراوێزکراون.

٣ـ هەروەکو باسم کرد، زۆربەی بیروباوەڕو ئایدیۆلوجیاو دەسەڵاتەکان (و لەناویشیاندا نەتەوایەتی) زۆر بەباوەڕو متمانەوە باس لەوە دەکەن، کە ئەوان رەنگدانەوەی حەقیقەتی مرۆڤایەتی یان مێژوویی یان حەتمین لەمەیدانی سیاسەت،





ئابوری، کۆمەڵایەتيو فەرهەنگیدا. رەخنەی پۆست مۆدیرنیزمو جاك دریدا لەوەدایە: هەروەکو چۆت لەنووسینو دەقەکاندا مانای مەبەست یان مانای پاکژ، یان ئامانجی پوخت پەیدا نابێتو هیچ شتێك نییە کە بوونو کاریگەری شتەکانی دیکەی تیانەبێت (واتە پاکژو پوخت نییە)، هەر بەو شێوەیە لەو سیستەمو بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیانەشدا مانای دڵخوازو ئامانجی ئایدیاڵ پەیدا نابێت.

هیچ شتێك نییە نەزانینو نەتوانینی تیادا نەبێت، هیچ بونیادو ئامانجێك ناتوانێ تەواوی مەبەستەکانی بەدەست بهێنێو نەتەوایەتی هەر بەو جۆرەیە، کە ئامانجە لەپێشەوە بڕیاردراوو دانراوەکانی بەتەواوی ناهێنێتە دی، واتە ئامانجەکانی (سەروەریو سەربەخۆیی)، (جووت بوونی رەوشی نەتەوەییو لایەنی سیاسی)، (ئازادی، برایەتی، یەکسانی)و (فەرهەنگی مەبەستو دڵخواز) نایەتە دیو ئەگەر پەیداش ببێت هەموو ئامانجو ئاواتەکانی، هەموو خەڵکیان تیا نایەتەدی.

٤ـ متیافیزیکای ئامادەبوون (متیافیزیك حضور) یەکێکە لەو میتۆدو ستراتیژانەی کە جاك دریدا بەهۆیەوە رەخنە لەلایەنی بوغراییو متمانەی بیرو سیستەمەکان دەگرێتو ئەوان بەو هۆیانەی سەرەوە، بە لاواز، یان نەزانو نەتوانا دەناسێنێ، یان لەباشترین حاڵەتیاندا بێ بەری نین لەو لاوازيو نەزانيو نەتوانینە.

(محمد ضمیران، جاك دریداو متیافیزیك حضور، انتشارات هرمس، تهران ١٣٧٩)

**فریدریك جیمسۆن** (١٩٣٤ـ ) مامۆستای ئەدەبیاتی کردەییو لەزەمینەکانی ئەدەب، هونەرو فەرهەنگی هاوچەرخ خاوەنی دیدگاو نووسینە. گوتارە بە ناوبانگەکەی ئەو بەناوی (پۆست مۆدیرنیزم، مەنتقی فەرهەنگی سەرمایەداری ئێستا) کە یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٤دا چاپکرا لەروانگەی شیکردنەوەی مارکسیستی بۆپۆست مۆدیرنیزم، وەکو بەیاننامەی رەوشی ئێستا، یان سەرمایەداری ئەم سەردەمە، باسو لیکۆڵینەوە دەکات. جیمسۆن ئەو دیاردانەی کە بەگوزارشی پۆست مۆدیرنیزم نیشانەن بۆ دابڕانو

جیابوونەوە لەمۆدیرنیتی، بەپێچەوانەوە وەکو نیشانە واقعییەکانی ژێرخانی سیاسی ـ ئابوری دەزانێ کە بەردەوامی قۆناغەکانی پێشووە بۆ سەرمایەداری ئێستا. ئەو نەك تەنها دیاردە فەرهەنگییەکان بەشیوەی غەیرە ئابووری پۆست مۆدیرنیزم ناناسێو شی ناکاتەوە. بەڵکو بڕوای وایە کە تایبەتمەندی پۆست مۆدێرن، راکێشانی فەرهەنگە یان هاندانی فەرهەنگی سەرمایەداری چەند نەتەوەییە کە نیشانەی زاڵ بوونی کۆتاییەی بەسەر سەربەخۆیی رێژەیی هونەرو تیۆریدا کە سەرەنجام دەبنە کۆپیو شێوەکانی سەرمایەداری، یان سەرمایەداری رێگایان پێ دەدا. جیمسۆن رەخنەی توند لەوە دەگرێ کە تیۆری پۆست مۆدێرن لەجیاتی نەیاری بەرامبەر بەم هەلومەرجە بەرەو پێشوازییان دەڕوات. (٣٢)

یەکێك لەدیدگا زۆر کاریگەرو رۆشنەکانی جیمسۆن لەنامیلکەی مەنتقی فەرهەنگی سەرمایەداری سەردەم ئەوەیە کە دەڵێت: "ئێمە دەبێت هۆشی خۆمان تا ئەو رادەیە بەرەو پێشەوە بەرین، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە سەرمایەداری لەهەمان کاتدا باشترینو بەدترین دیاردەیە کە هەتا ئێستا بۆ مرۆڤایەتی رویداوە".

ئەم دیدگایە بە ئاشکرا کاریگەری وتەکەی مارکسو ئەنگلزی لەمانفێستی کومونیستدا پێوە دیارە، کە بێگومان جیمسۆن مەبەستی خۆیەتی کە بەو شێوەیە مارکسییە بیر بکاتەوە. وتەکەی مانیفیستی کومونیست دەڵێت: دەبێت ئەوە بزانین کە بۆرژوازی دەورێکی لەرادەبەدەر شۆڕشگێرو پێشکەوتووی لەمێژوودا بینیووە. هەرچەندە خودی مارکسو ئەنگلز مەبەستی سەرەکییان لەمانیفێست، بە یانکردنی شۆڕشی چینایەتی پرۆلیتاریا بۆ لەناو بردنی خودی ئەو بۆرژوازییە. بەڵام لایەنی گرنگو رۆشن بەراستی ئەوەیە کە جیمسۆن میتۆدو دیدگایەکمان فێردەکات کە بتوانین لەهەمان کاتداو لەخودی دیاردەیەکدا لایەنی باشترینو بەدترین بدۆزینەوە. ئەم بۆچوونە وێنای تایبەتی جیمسۆنە (بەئیلهام لەمارکسیزم) بۆ هاو دەنگی (لەراستیدا کۆ دەنگی) ئەو لەگەڵ پۆست مۆدێرنەکانی دیکە لەبەرامبەر سیستەمو ژیانی ئێستا.





لەلای دریدا ئەم مەبەستە بەناوی (متیافیزیکای ئامادەبوون) یان پەیدانەبوونی مانای دڵخوز، بەیانکراوە. یان بەرەخنەگرتن لەحەقیقەتو ریالیزم. لەلای فۆکۆ بەستنەوەی حەقیقەتە بە خودی دەسەڵاتەوە، یان ئەوەی کە دەڵێت حەقیقەت بەبێ دەسەڵات نابێت. لەلای لیۆتار بە رەخنە لەحیکایەتە گەورەکان هەمان مەبەست خراونەتە ڕوو. هەموو ئەم بیروباوەڕانە مەبەستیان لەوەیە لەپاڵ ناساندنی لایەنی ئازادی، بەهرەمەندی، عەقلانیو فەرهەنگی سیستەمو ژیانی ئێستا، بەڵام دەبێت ڕووەکەی دیکەی ئەو سەردەمە لەبیرنەکەین کە چەوسانەوە، جەنگ، داگیرکردنو خراپەکارییەکانی دیکەی خودی ئەو دەسەڵاتو سیستەمەیە، کە ئێستا بە دیموکراتیو ئازادی ناسراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەسەر بناغەی سەرمایە، قازانجو سوود پەرستی درێژە بەژیانی خۆی دەدات. حیکمەتی جیمسۆنو پۆست مۆدیرنسیتەکان (هەرچەندە جیمسۆن خۆی بە پۆست مۆدیرنیستی نازانێ!) لەوەدایە کە هەردوو لایەنەکەی دیاردەی روشنگەریو عەقلانیو دیموکراسیو ئازادیمان پیشان دەدەن. یان لەلای دریدا بە تەواوی دەربازبوونە لەم دوالیزمەی باشو بەد، لەهەوڵی ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەو پەراوێزو سەرکوت کراوەکانی دیکەشدایە.

ئەم دیدگایە (پەیدابوونی باشترینو بەدترین لەخودی یەك دیاردەدا) بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێت بەمجورە شی بکەینەوە. هەرچەندە نەتەوایەتیو هاوولاتی رێگایەکە بۆ بەدەستهێنانەوەی مرۆڤایەتیمان (رۆسۆ) بەڵام لەهەمان کاتدا مرۆڤ بوونەوەرێکی جیهانییە (کانتو مارکس).ئاواتی نەتەوایەتی بەتەواوی دروستە بۆ بەدەستهێنانی سەروەریو سەربەخۆیی (مافەکانی مرۆڤ لەدەستووری ئەمریکاو فەرەنسا)، بەڵام ئەم سەروەریو سەربەخۆییە زۆربەی جار بەجەنگو توندوتیژی بەدەست دێت (گیدنز)و لەهەمان کاتدا سەروەریو سەربەخۆیی دەوڵەتی نەتەوە، بەمانای سەروەریو سەربەخۆیی تاك نابێت (لیبرالیزم). ئەگەرچی زۆربەی نەتەوەکان دەیانەوێت کە پێکەوەژیانی یەکەی نەتەوەییو رەوشی سیاسیو دەسەڵاتداری لەیەك قەوارەدا بێت، بەڵام لایەنی جیهانگیریو

کاریگەری جیهانی لەلایەك‌و نیازو پێداویستی تاك بۆ دەرباز بوون لەو سنوورە تەسکە نەتەوەییە لەلایەکی دیکە، بەیانکەری باشترین‌و بەدترین ئەم سیاسەت‌و پەیڕەوە ئاشکرا دەکات. زۆربەی جار نەتەوەکان‌و دەوڵەتی مۆدێرنی ئەوان باس لەئازادی‌و رزگار بوون دەکەن لەدەسەڵات‌و سەروەری نەتەوەدا، بەڵام ئەم ئازادییە لەسەر حسابی بەرژەوەندی تاك‌و سنووردارکردنی تاکە کە لەر ێگای دەسەڵاتی دامەزراو، ناوەندی‌و بیروکراتیکی ناسیونالیستییەوە ئەوان لەو سنوورانەدا رێکدەخات یان کۆنترۆڵیان دەکات. سەرئەنجام ئەم دیدگایە، هەرچەندە بە ناوی مارکسیزمی ئەم سەردەمەوە بەیانکراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر نزیکە لەو دیدگایانەی کە لەناو پۆست مۆدیرنیزمدا بۆ هەمان مەبەستی رەخنە لەسەردەمی مۆدێرن‌و دەوڵەتی مۆدێرن، بەرهەم هاتوون.

یەکێکی دیکە لەدیدگاو رەخنەکانی جیمسۆن لەپۆست مۆدێرنیزم لەم زەمینەیەدا باس لەم ئاستانە دەکەن، [1]ئاستەنگی مێژوویی بوون‌و پەسەند نەکردنی رەوتی مێژوویی گۆڕان‌و گەشەکردنەکان بەرەو پێشکەوتن‌و حەتمیەتی گۆڕان‌و بەرەوپێش چوون. جۆرێك رەخنە لەمارکسیزم‌و هیگڵ. [2] گەڕانەوەو رەخنەگرتن لەپرسی سازماندان‌و رێکخستن مەداری زەمانی، واتە کات‌و مێژوو بەشێوەی رێکخراو دێنە ناو کایەی مرۆڤایەتییەوە. [3] گەڕانەوە بۆ مەسەلەی رەنگدانەوەی وێنایی‌و فەنتازی، نەك رەنگدانەوەی حەقیقی‌و راستەقینە. یان وەکو دریدا دەڵێت: "فەلسەفە، مافەکان‌و زانستی سیاسیش وەکو شیعرو ئەدەبیات پڕن لەمەجاز، استعارەو ئیهام‌و بڕواکانی ئەوان نابێت بێ‌قەیدوشەرت وەکو حەقیقەت تەماشا بکەین". [4] زەمان‌و مێژوو، یان مێژوویی بوون‌و هاونشینی فەرهەنگ لەو زەمینە زەمانی‌و مێژووییانەدا لەژێر دەسەڵاتی فەزاو مەنتقی ئەو سەردەم‌و هەلومەرجە. واتە فەرهەنگ بەناچاری سەرخان‌و بەرهەم هێنراوی کەش‌و لۆجیکی سەرمایەداری‌و سیستەمی مۆدێرنە، یان لەلایەن ئەو سیستەمەوە کۆنترۆڵ‌و دەستەمۆ دەکرێت. [5] پەیداکردنی جێگایەك بۆ خود یان بۆ خودە جیاوازەکان‌و سەرئەنجام [6] لەدەستدانی توانا‌و هەلومەرجی کارایی خودەکان.





نەتەوایەتی‌و رەوتەکانی دیکەی مۆدیرنیزم (عەقلانیەت، مارکسیزم، لیرالیزم‌و دیموکراسی) هەموویان لەوەدا بەشدارن کە بەشێوەی تایبەتی هەر یەکەیان بڕوای بە مێژوویی بوون‌و حەقیقەت‌و گۆڕانی ئەو مێژووە هەیە بەرەو پێشکەوتن‌و پەیداکردنی مانای دڵخواز. نەتەوایەتی‌و شیکردنەوەی ناسیونالیستی بە مەبەستی هێنانەدی سەروەری‌و سەربەخۆیی لەدەوڵەتی نەتەوەدا، ئەو ئامانجە بەجۆرێك لەمێژوویی بوون دەزانی‌و بڕواشی بەوەیە کە ئەو رەوتە کاتمەندییە دەبێت سازماندراو رێکخراوبێت. رەنگدانەوەی ئاواتەکانی نەتەوایەتی، لەلای هەموو رەوتە مۆدێرنەکان بەرەنگدانەوەی راستەقینەو ئاواتە خواز دەزانن، نەك بە وێناکردن‌و مەجازو استعارەو ئیهام‌و هەموویان بێ قەیدوشەرت دیدگای هەقانیەتیان بۆ خۆیان پەسەندە. هەموو ئەمانەش وەکو جۆرێك لەفەرهەنگ یان ناسنامە دەناسێنن‌و ئەو فەرهەنگ‌و ناسنامەیە بەسەرخانی ناچاری‌و پێویستی سیستەم‌و کۆمەڵگا لەقەڵەم دەدەن.

لەبەرامبەر ئەم دیدگا مێژوویی‌و حەتمیەتی مێژوودا، کە فەرهەنگ بەر ئەنجامی ئەو هەلومەرجەیە (بەڵام فریدریك جیمسۆن، پۆست مۆدیرنیزم وەکو مەنتقی فەرهەنگی سەرمایەداری ئەم سەردەمە باس دەکات)، دوو روانگە بۆ پەیدا بوونی خودو کارایی خودەکات پەیدا دەبێت. روانگەی مۆدیرنیستی‌و رەوتەکانی مۆدێرن، بڕوای وایە کە مەسەلەی خودێتی Subjectivity بەر ئەنجامی هەلومەرجی بایەتی‌و ئابووری‌و مێژووییە کە لەکاروانی مێژوودا خۆی ئەدۆزێتەوەو بە ئامانجی مەبەست دەکات. لەلای نەتەوایەتی، کەسی نەتەوە پەرست، لەلای مارکیسزم کرێکارو لەلای دیموکراسی هاوولاتی، کە بەشێوەی یاسایی سازماندراو ئەو خودانە رێکدەخرێن‌و رێنمایی دەکرێن.

بەڵام لەبڕوای پۆست مۆدێرنیتیدا، بەو شێوەیەیە کە بەرهەمەکانی فەرهەنگی خودو بکەرێکی وەها ئافەرین دەکەن کە جگە لە (جەماوەری پەراکەندە)و کارو چالاکی ناهاوتاو لێك نەچوو رێکەوت، شتێکی دیکە نییە. بێگومان بڕوای فریدریك جیمسۆن

(بەوەفاداری بۆ مارکسیزم) ڕەخنەو پەسەند نەکردنی ئەم دیدگایەی پۆست مۆدێرنیزمە، کە بەشێوەی ئاستەنگی مێژوویی بەیانی کردووە.[٣٣]

**سەرئەنجام:**

یەکەی ناسنامەی کردەیی و یاسایی گروپێکی مرۆڤایەتی، بەپێی پێوەرەکانی نێودەوڵەتی، فکری و مرۆڤایەتی "نەتەوە" بەمانی نەژادپەرستی نیە، بەڵکو "هاوولاتی" بوونی کۆمەڵەکانە. ئەگەر لە جیاتی کۆمەڵێك یان ولاتێکی دیاریکراو بمانەوێت تەنها لەنەتەوە بدوێین و ئەو پەیوەندییە تەنها لە "نەژاد" و "زمان" دا بەرتەسك بکەینەوە، ملیۆنەها کەس لە دانیشتوانی ئەو ولاتە لەبەرچاو نەگرین، زوڵمێکی زۆرمان لەو خەڵکانە کردووە، لەبەر ئەوەی هاوولاتی بوونمان تارادەی نەژادێکی دیاریکراو کەمکردۆتەوە. لە کۆدا، دەبێت بە تەواوی کۆمەڵە پێکهێنەرەکانی ولاتێك، کۆمەڵگایەك یان نیشتیمانێك ئاماژە پێبدەن، ئەو کۆمەلانەی کە هەریەکەیان جێگای خۆیان هەیە و نەخشی خۆیان دەبینن. کۆمەڵی مرۆڤایەتی گشت و تەواوکارییەکی مێژوویی ئالۆزە، سەبارەت بەم دینامیزمە کۆمەڵایەتی و ئەوەی کە ئێمە لەسەردەمێکی مێژوویدا "ئەوەین" کە "پەیدابووین"، ناتوانین لە ناسینی کۆمەڵایەتیدا خۆمان بە "بەرجەستەبوون" یان "ناوەڕۆك" بزانین، بەڵکو هەموو گروپ و کۆمەڵە پەیدابووەکان کە هەن لەگەڵ ئێمەدا گشێك پێکدەهێنن، کە لەکاروانی مێژوودا کارونەخشیان کردووە و دەیکەن. بۆئەوەی بتوانین چۆنیەتی بەدیهاتن و بەرجەستەبوونی ناسنامەکاان باشتربناسین، پێویستمان دەبێت پێگەکانی ئەو پەیدابوونە، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بزانین و لەهەریەکەیان بکۆڵینەوە.

هاوڵاتی بوون، نەك نەتەوەپەرستی:

قۆناغەکانی گەشەی ناسنامە تا ئێستا بەم جۆرەیە" خێڵ، میللەت، نەتەوە و هاوڵاتی. کاتێك کە سەرچاوەی بیروچوارچێوەی وێناکردنی کۆمەڵناسی دەبێتە چەمك و





زاراوەی وەکو کۆمەڵ، گروپ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جێگاوڕێگا، نەخش، توێژبەندی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ و نەتەوە لەلای ئەو زانستە گرنگی پەیدادەکەن. زاراوەی دوایی واتە (نەتەوە) لە مانای نەتەوەپەرستی یان میللەتگەرایی زیاتر لایەنی سیاسی و و باوەڕی و سۆزداری (یان ئایدیۆلۆژی) هەیە و بەهرەمەنددەبێت لە فرەیی و لێکۆلینەوەی زیاتری دەوێت. سەرەڕای قەوارە و پێکهاتنەکەی، کە بێگومان دەکرێت چەند گروپی میللی یان "نامیللی" تێدابێت، واتا ئەو گروپانە سەربەهەمان نەتەوەن یان نا. کەم ولات هەیە لە دنیادا تاکە نەژاد و نەتەوە و میللەتێك بە تەنها بژین و زۆربەی ولاتەکان لەو زەمینەیەدا فرەن. یەکسانی و هاوتایی نەتەوەیەك _ئەگەر چەند سەدهەزارێکیش بن _کارێکی ڕێژەیی و کاتییە، کە زۆربەی کات شایانی باوەڕکردن نیە.

سەرکەوتن یان دەسەلاتی سیاسی – سەربازی و دیموگرافی کۆمەڵێکی دیاریکراو _بە ناونیشانی نەتەوەیەك_ بەسەر "هاوولاتیان"، "هاونیشتمانان" یا "داگیرکراوان" هەرگیز نەفی بوونی ڕاستینەی کۆمەڵناسی و یاسایی ئەوانی دیکە ناکات و ناشبێت کە وابێت. لێرەوە جیاوازی نێوان (لێکۆڵیار) و نەتەوە یان نەتەوەپەرست دەردەکەوێت، وتن و سەلماندنی (ڕەسەنایەتی) تاکە یەك گروپی میللی لە ولاتێکدا نەفی یاسای سروشتی – کۆمەڵایەتی پەیوەندی و تێکەلاوی بەناچاری کۆمەڵەکانی مرۆڤ دەکات لەگەشەی مێژوو، هاوگەرایی و پێکەوەژیانی ئەوانە لە پانتایی جوگرافیادا.

ئەگەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرنج بدەین، یەکەم شت بۆمان دەرئەکەوێت ئەوەیە کە ئەم ولاتە لەم زەمینەیدا (زەمینەی ناسنامە) ولاتێکی کراوەیە، ئەو زاراوانەی بەکاردێت چ لە ئاستی زانستی و تەنانەت سیاسیدا وێنای ئەو ڕەوشە کراوەیە دەکەن و (خەڵکی ئەمریکا – American People) و (کۆمەڵگای ئەمریکا – American Society) بەکاردێت نەك میلەت یان نەتەوەی ئەمریکا، ئەوش لەوە پەیدابووە کە لەو ولاتەدا چەند میللەت و ناسنامە و گروپی تێدایە، یەکتریان قبوڵ

کردوه و وابەستەبوون بە میللەت یان نەتەوە هەتا دێت لەو ولاتەدا کەم دەبێتەوە و ناسنامەی ئەمریکی (هاوولاتی بوون) جێگای هەموو ناسنامەکانی دیکەی گرتۆتەوە. بێگومان هەموو ئەمانە بەهۆی کرانەوە، شارستانی بوون و یەکسانی ماف و ئەرکەکانی هاوولاتیانە، وێرای ئازادبوونی پاراستنی خودی ئەو ناسنامە جیاوازانەش. ناسنامەی ئەمریکی سەبارەت بەو گەشەکردنانە لە ئاستەکانی کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و بەهاکاندا، زیاتر بەمانای "نیشتمانپەروەری - Patriotism" و "وەفاداری" دێت بۆ دەستور و تەنانەت نەك بۆ "ئالا" و دامەزراوە یاسایی و حکومەیەکانی کۆمەل بەرجەستە دەبێت.

لە راستیدا پێوەری ناساندن و پابەندبوونی کردەیی و یاسایی کۆمەلێکی دیاریکراو لە زەمینەی نێودەولەتیدا، ناسنامەی ئەو خەلکەیە بۆ ولاتێکی دیاریکراو، بەلام بە پێی پێوەرەکانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مافی ناسنامەکان، نەك ولاتانی بەزۆر دروستکراو و سەپێنراوی وەك عێراق یان تورکیا یان زۆربەی ولاتانی جیهانی سێ کە لە هەردوو زەمینەی ناسنامەیی و دیموکراتیدا، هیچ مافێکیان بە گروپ و میللەتە جیاوازەکان و تاکەکان نەداوە.

ئەگەر گرنگی بدەین بە حالەتی میللەتی و نەژادی و لە نێوان گروپ و میللەتەکانی ولاتێکدا (کە کەم ولات هەیە لە رەوشی فرەیی گروپەکان بەدەربێت) و لە جیاتی (هاوولاتی بوون) یان (هاونیشتمانی بوون) بە کاریان بهێنین، ئەو کاتە رێگا دەدەین کە ئاستەنگی ناسنامە و دژایەتی نێوان ناسنامەکان فراوانتر بکەین. لەسەردەمێکدا کە خودی ناسنامەی نەژادی و میللی و (تەنانەت نەتەوایەتیش) لە رەوشێکی دژواردا بەسەردەبەن. گرنگی دانی تایبەتی بە یەکێك لەو ئاستانەی ناسنامە لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتی و هاوولاتی بوون هەلومەرجەکە دژوارتر دەکات و سەرەنجام زەمینەیەکی رەسمی و سیاسی و (زۆر جاریش سەربازی) بۆ هەلاواردنی ناسنامەیی





فەراهەم دەبێت. زۆرن ئەو ولاتانەی کە دەمێك سالە بەو شێوەیە سیاسەتی ناسنامەیان پیادەکردووە.

* ناسنامەی کۆمەلّ و ناسنامەی تاك:

سەبارەت بە دیاریکردنی چەمکی ناسنامە لە ئاستی فراواندا و بە پێی پێوەرەکانی سەردەم، ناساندنی ئەم زاراوەیە بە (هاوولاتی) و (مافەکانی مرۆڤ) و (مافی تاکەکان) و (هاونیشتمانی)بوون ، دەگەینە ئەو ئاستەی کە ناسنامەی گروپی مرۆڤایەتی لەگەلّ ناسنامەی (تاك) و (خود)دا دەبێتە (فرەیی) لەبەرامبەر (یەکێتی) یان (تاکگەرایی)، چونکە لە فرەیی و پەیوەندیدا هەردوو ئاستەکانی یەك بوون (چاکتر وایە پەیوەندی و کۆدەنگی بەکاربێت) و تاکگەرایش پەیدا دەبێت و لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەمە راست نیە.

ئازادی و داواکارییەکانی مرۆڤایەتی لە هەردوو ئاستی (گشت) و (بەش) یان (کۆمەلّ) و (خود)دا توانیویەتی ستاندار یان پێوەرێکی جیهانی بۆ پاراستنی مافەکان و ناسنامەکان بەدەست بهێنێ. جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، کە مافی تاکەکان و مافی پاراستنی ناسنامەکانیشی تێدایە (بەناسنامەی تاك و کۆمەلّ) زەمینە و چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی بتوانین لە واری ناسنامەدا بگەینە ئەو ئاستەی کە ناسنامە هەردوو ئاراستەی کۆمەلّ و تاك لە خۆیدا فەراهەم دەکات. ناسنامەی تاك ئەوەنیە، کە ئەو کەسە کێیە؟، بەلّکو ئەوەیە کە ئەو گروپەی کە ئەوی تێدایە (لە خێزانەوە تا چینی کۆمەلایەتی، میللەت، نەتەوە، پارت، هاودینان و ....) خود کام ناسنامەی هەیە و چۆن ئەو ناسنامەیەی بۆ دەگوێزرێتەوە. هەلّبەتە کە تاك لە ڕوانگەی دەروونناسی تاك و تایبەتمەندییەکانی، لایەنی کەسایەتی و هەمیشە سەربەخۆییەکی رێژەیی خۆی هەیە، ئەویش بەوەی کە چۆن لەگەلّ ناسنامەی گروپ یان کۆمەلّدا بیر و کرداری خۆی بەورجەستەدەکات. تاك لەوانەیە مل نەدا بە کردار و بەهاکانی کۆمەلّ و هەلّگەڕێتەوە و "لابدات". بەلاّم بە دلّنیایی دەبێت بلّێین کە ئەم هەلومەرجە یان

(لادانە) هەرگیز هەمیشە نێگەتیف و خراپەکار نیە، بەڵکو لە هەندێك کاتدا پۆزەتیف و بنیاتنەریشە، چەنکە خود پەیوەندی بە جوڵە و دینامیزمی کۆمەڵەوە هەیە و بەدیهێنانی ئەو دینامیزمە، ئەو خودە سازدەکات.

دەبێت ئەوە بڵێین کە زاراوەی "ئاستەنگی ناسنامە – Identity Crisis" لەلای (ئەریك ئەریکسۆن) (١٩٠٢ - ١٩٩٤) دەروون ناسی ئەمریکی، لەو کاتەدا بەردەهێنێ کە مرۆڤ دەگاتە قۆناغی نەوجەوان و لاوێتی، ئاستەنگی ناوبراوی تاك و دەروونی پەیوەندی و کاریگەری لەسەر سەردەمێکی تایبەتی تەمەنی ژیانەوە هەیە، کە بێگومان قۆناغێکی تێپەڕ و بەسەرچوو دەبێت. ئەو ئاستەنگە، گروپی و کۆمەڵایەتیە و کەم و زۆر ، هەمیشە لە نێوان کۆمەڵێك لە نەوجوانان و لاوان و لە کاتی تایبەتیدا پەیدا دەبێت. لەهەمان کاتدا، خودی ئاستەنگی ناسنامە خۆیشی (چۆن دەوڵەتێکی سەردەمی تێپەڕبوون)کاردەکات، واتە نە ئێرانی (پەهلەوی) و نەئێرانی (کۆماری ئیسلامی) دورگەیەکی ئارامی ئەبەدی نیە، چونکە لایەنی کەم شەپۆلەکانی دەوروبەری کەنارەکانی هەمان دورگە بە شێوەیەك لە شێوەکان و چۆن بۆیانکرێت، کاریگەری لەسەر دورگەکە دەکەن.

بەم جۆرە، لەهەر ئاستێك کە ئاستەنگی ناسنامە دەرئەکەوێت، هەرچی زیاتر و باشتر رەگو ڕیشەکانی بناسین، چاکتر و کاریگەرتر چارەسەری دەکەین. ئاستەنگی ناسنامەی کۆمەڵایەتی یەك (کێشەی کۆمەڵایەتیە) و دەبێت وەك هەر پرسێکی کۆمەڵایەتی دیکە بیناسین، پشتگوێی نەخەین، هەروەکو مەولانای رۆمی دەڵێت :

دەردێك نییە، خراپتر لە نەزانی تۆ،بە هاوڕێی نەزانی عیشقت لەدەست چوو

❊ ناسنامەی پەیوەندیدار

**ئەگەر لە جیاتی (کۆمەڵی) ئێران و (وڵاتی) ئێران بمانەوێت تەنها باسی (نەتەوەی) ئێران بکەین و تەنها ئەو پەیوەندیە لە (نەژادی ئاری) و (زمانی فارسی) و (مێژووی کۆن) ی ئێراندا بناسین و میللەت و نەتەوەکانی دیکە نەناسین و حسابیان بۆ نەکەین،**





**گروپە میللیەکانی ئازەری، بلوج، تورکمان، کورد و عەرەب و گروپە دینیەکان لەبەرچاو نەگرین، بێگومان هەریەك لەمانە کە هەستدەکات ئێرانی بوون قەیران و ئاستەنگ و چەوسانەوەیە بۆ ئەو، کاردانەوەی دەبێت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت لەو چوارچێوە چەوسێنەر و ئاستەنگە رزگاری بێت و چوارچێوەو ناسنامەیەکی دیکە پەیدا بکات. بەڵام کاتێك ناسنامەیەکی دیاریکراو دەیەوێت زیاتر خۆی بنیادبنێت و گەشە بکات، بەمەرجێ ئەوانەی دیکە لەبەر چاو بگیرێت و بیان خوێنێتەوە. دوو کاری سەرەکی و گرنگ بۆ خۆی و بۆ ئەوەانی دیکە پەیدادەکات، بەکەم" ئەوەیە بەبێ کێشە و دوژمنایەتی ناسنامەی خۆی پەرە پێدەدات و دووەم" هەلی یارمەتیدانی ئەوانی دیکە بۆ ناسنامەکەی خۆیشی پەیدا دەکات.**

ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە هەموو ئەوانەی پێکەوە دەژین دەتوانن کاریگەری و هاوکاری لە زەمینەی ناسنامەدا بۆ یەکتری بنوێنن، چونکە هەروەکو چۆن تاکەکان لە بونیاد و کرداردا لەگەڵ یەك پەیوەندیدارن (هابرماس، دریدا) هەربەوجۆرە ناسنامەکانیش لە بونیاد و چالاکیاندا پەیوەندی و کاریگەرییان هەیە. باشترین ڕێگای کۆمەڵناسی بۆ ناسنامە، گەشانەوەی ناسنامەی پەیوەندیدارە، نەك نکۆڵیکەر و هێرشبەر و سەرەنجام لەسەردەم و سیستەمی دیموکراسیدا، رەوشی سەرەکی ناسنامە دەبێتە رەوشێکی داکۆکیکەر، نەك هێرشبەر.

شێوەی هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ ناسنامەکاندا دەبێت شێوەی کۆمەڵناسی (Sociologic)، نەك ئایدیۆلۆژیك بێت. ئەگەر وانە بێت دەستدەکەین بە نکۆڵی و لەناوبردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە، لە کاتێکدا لەوانەیە خودی ئەوانی دیکە یارمەتیدەری ئێمەبن بۆ بونیادنانی ناسنامەکەملن. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ناسنامەکان هەمیشە و لە ئایندەشدا لەگەڵ یەك پەیوەندیدارن.

❊ تایبەتی بوون و گشتی بوونی ناسنامەکان:

ناساندنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی کارێکی ڕێژەییە و وەکو هەموو پێناسەکانی دیکەی زانستی سروشتی و کۆمەڵایەتی شێوەیەکی "ڕێکەوتن" و "شایستەیی" هەیە، مانای کە هەمیشە لە هەلومەرجی گەڕان و لێکۆڵینەوە و چاککردن و گەشەکردن و تەنانەت کەمکردن و لێ لابردندا دەجولێتەوە و بەردەوام دەبێت. لە هەمانکاتدا لە هەندێك باری تایبەتیدا (نەك گشتی) ڕەوشی تایبەتیش بەخۆوە دەگرێت، واتە ناسنامە سەرەڕای ئەو ڕەوشە بەردەوامەی گەشەکردن، لایەنی زۆر تایبەت بەخۆشی هەیە، کە لەوانیە ناسنامەکانی دیکە خاوەنی نەبن. ئەم پێناسەیە پەیوەندی هەیە بە کاریگەری (خودی) ئەو ڕەهەندە مێژووییەی کە تیایدا ئەلگۆیەکی "نمونەیەکی" دیاریکراوی کۆمەڵناسی کاردەکاتە سەر هەر کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی (نمونەی شیعەی ئێرانی) یان (کاکەیی و ئێزیدی کورد)، کە خۆیان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ خۆیان و بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەناسێنین. ئەم هەڵوێستە یان "ناسینە" بۆ ناسنامە دەمانباتی ئاستێکی دیکەی شیکردنەوە، ئەویش ئاستی فەرهەنگە.

*فەرهەنگ، نەك نەژاد:

دەربارەی باسی (نەژاد) و (فەرهەنگ) و کەسی زانستکار چەمکی (نەژاد) دووردەخاتەوە، بەو پێیەی کە ئەم زاراوەیە هەرگیز زانستی نیە. و کاریگەری ترسناك و دژایەتی نێوان ناسنامەکان پەیدادەکات. کاتێك باسی ڕەسەنایەتی کۆمەڵێك خەڵك دەکەین وەکو گروپی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ، زمان و مێژوو یان سایکۆلۆژی و بەهاکانیان گرنگی پێدەدەین، بەڵام دەبێت دوور بێت لە ڕەگەزپەرستی . ئەگەر دەربارەی پەیدابوونی ناسنامەکان، وەکو دیاردەیەکی مێژوویی بدوێین بۆمان دەرئەکەوێت پەیدابوون و دەرکەوتنی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە دوای پەیدابوونی (شار) نەك (لادێ) دەتوانرێت باسی لێبکرێت، هەرلەبەر ئەوەی کە یەکەم" دیاردەی شار، دیاردەیەکی نوێیە و زۆربەی دانیشتوانی جاران لە لادێکاندا دەژیان و پاشان چوونەتە شارەکانەوە، بۆیە تەماشا دەکەین کە شار لە لادێ زیاتر هەمەڕەنگە و چەند جۆر ڕەسەن و خێزان و





بنەماڵەی تیادەژی، واتە دروستبوونی هەلومەرجێك کە تیایدا ڕەسەن یان سەرەتا دەورێك نابینێت بۆ پێکهێنانی ئەو چوارچێوە یان ناسنامە کۆمەڵایەتیە. دووەم" لەبەر ئەوەی شار زیاتر ل لادێ ڕەوشی جێگیر بە خۆوە دەگرێت و ئەو شێوە ژیانەی شار، ئەو داب و نەریت و هەلومەرجی ڕوناکبیری و خوێندەوارییەی شار دەتوانێت بناغەیەکی باشتر و بەردەوامتر و فراوانتر بۆ ناسنامە بەدی بهێنێت، کە کۆی ئەمانە بەناوی فەرهەنگەوە دەناسرێت. هەر لەبەر ئەمانەیە کە زانایانی نەتەوایەتی، یەکێك لە مەیدانەکانی پەیدابوونی ناسنامە بەو شێوە ژیانەی دوای شار کە دەبێتە فەرهەنگ ، دەکەنە بناغە و گرنگی بە نەژاد یان سەرەتا و بنەماڵە و خێڵەکان نادەن، چونکە هەموو ئەمانە کاتێك دەتوانن ببنە یان بچنە ئاستێکی فەرهەنگی و ناسنامەیی کە بگەنە قۆناغی شار و نەتەوە. ڕەوشی شار و نەتەوە دەتوانێت و شارنشین و هاوولاتی بە تەواوی دەتاونێت ڕەسەنتر بوونی نەژادێك، بنەماڵەیەك یان خێلێك پاشەکشە پێبکات و ڕەوشێکی فەرهەنگی فراوانتر بکاتە ڕەهەندێکی ناسنامە..[٣٤]

## سەرچاوەكان:


١. ی. فیختة، خطابات الى الامة الالمانية، ترجمة : د. سامی الجندی. دار الطليعة، بيروت ١٩٧٩.

٢. رابرت هولاب، يورگن هابرماس و نقد در حوزەء عمومی . ترجمة د. حسين بشيرية، نشر نی، تهران ١٣٧٨.

٣. كارل پۆپەر، وانەی ئەم سەدەیە، وەرگێڕانی. شۆڕش جوانڕۆیی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠١

٤. اريك هوبزباوم، الامم والنزعة القومية. ترجمة ، عدنان حسن. دار المدى ١٩٩٩

٥. تزفتيان تودوروف، نحن و الآخرون ، ترجمة د. ربى حمود . دار المدى ١٩٩٨

٦. ارنست گيلنەر، الامم و القومية ، ترجمة: د. مجيد الراضی . دارالمدى ١٩٩٩

٧. اريك هوبزباوم، هەمان سەرچاوە.

٨. هەمان سەرچاوە.

٩. جان لچت، پنجاه متفكر بزرگ معاصر (از ساختارگرايی تا پسامدرنيته)، ترجمە: محسن حكيمی. تهران، انتشارات خجسته. ١٣٧٧.

١٠. تزفتيان تودوروف، نحن و الآخرون ، ترجمة د. ربى حمود . دار المدى ١٩٩٨

١١. محمد ضميران، جاك دريدا و ميتافزيك حضور، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٧٩

١٢. سرگشتگی نشانها (نمونەهای از نقد پسامدرن)، نشر مركز، تهران ١٣٧٩

١٣. محمد ضميران، جاك دريدا و ميتافزيك حضور، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٧٩

١٤. سرگشتگی نشانها (نمونەهای از نقد پسامدرن)، نشر مركز، تهران ١٣٧٩







١٥. ئەم وتەیە هی جاك دریدایە، كتێبی اطياف ماركس، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ١٤

١٦. تەواوی زانیاریەكانی خاڵی سێ لە (پۆست مۆدێرنیزم) لە كتێبی : محمد ضميران، جاك دريدا و ميتافزيك حضور، وەرگیراوە.

١٧. تۆدۆرۆف، هەمان سەرچاوە.

١٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٩. سرگشتگی نشانها (نمونەهای از نقد پسامدرن)، نشر مركز، تهران ١٣٧٩

٢٠. تۆدۆرۆف، هەمان سەرچاوە.

٢١. سرگشتگی نشانها (نمونەهای از نقد پسامدرن)، نشر مركز، تهران ١٣٧٩

٢٢. جان لچت، پنجاه متفكر بزرگ معاصر (از ساختارگرايی تا پسامدرنيته)، ترجمە: محسن حكيمی. تهران، انتشارات خجسته. ١٣٧٧.

٢٣. آلان تورين، ماهی الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسی، دار الساقی، بيروت، ١٩٩٥.

٢٤. آلان تورين، نقد الحداثة، ترجمة انور مغيث، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٧.

٢٥. تزفتيان تودوروف، نحن و الآخرون ، ترجمة د. ربى حمود . دار المدى ١٩٩٨

٢٦. لارنس كهون (مدرنيسم تاپست مدرنيسم)، ويرا ستار فارسی عبدالكريم رشيديان، نشرنی، تهران، چاپ چهارم ١٣٨٤، ل ٤٩٣.

٢٧. پست مدرنيته وپست مدرنيسم (تعاريف، نظريەها وكاربست ها)، ترجمە وتدوين حسين علی نوذری، أنتشارات نقش جهان، تهران چاپ أول ١٣٧٩، ل ١٥٥.

٢٨. لارنس كهون، از مدرنيسم تاپست مدرنيسم، ويرا ستار فارسی عبدالكريم رشيديان، نشرنی، تهران، چاپ چهارم ١٣٨٤، ص ص ٤٩٥ ـ ٤٩٧.

٢٩. لارنس كهون، از مدرنيسم تاپست مدرنيسم، ل ٣٧٣.

٣٠. پست مدرنية وپست مدرنيسم (تعاريف، نظريە ها وكاربستها)، ترجمة وتدوين حسين علی نوذری، أنتشارات نقش جهان، تهران، چاپ اول ١٣٧٩، ل ٢٣.

٣١. (جاك دريدا، الكتابة والاختلاف، ترجمه كاظم جهاد، دارتوبقال للنشر بيروت، باريس، الطبعة الاولى ١٩٨٨، ص ٢٨ـ ٢٩)

٣٢. لارنس كهون ازمدرنيسم تاپست مدرنيسم، ل ٥٧٢

٣٣. (فريدريك جيمسۆن، پست مدرنيسم (منطق فرهنگى سرمايه‌دارى متأخر)، ترجمەی مجيد محمدى، فرهنگو رجايىو فاطمه گيوه‌چيان، انتشارات هرمس، تهران ١٣٧٩.)

٣٤. بەشی زۆری زانیارییەكانی بەشی (سەرەنجام) لە وتارێكی د. عەلی ئەلتالی بەڕێوەبەری بەشی زانستی كۆمەڵایەتی زانكۆی شاو _ كارۆلینای باكور، وەرگیراوە. بڕوانە " د. على الطايى" تبلور هويت گروهى در بينش جامعه شناختى. مجله (كتاب ماه، علوم اجتماعى) شماره ٤٣ – ٤٤ سال چهارم ١٣٨٠ .